# کێشەی سنووریی سینۆ - سۆڤیەتی
# (١٩٦٣ – ١٩٧٠)

ماستەرنامەی (هۆمەری شێخموس)، لە بەشی زانستە سیاسییەکانی زانکۆی ستۆکهۆڵم حوزەیرانی (١٩٧٢)

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: ڕزگار عومەر عەلی
چاپی یەکەم (٢٠١١)
چاپی دوەم (٢٠٢١)

ناوی کتێب: کێشەی سنووریی سینۆ – سۆڤیەتی (١٩٦٣-١٩٧٠)
نووسەر: هۆمەری شێخموس
وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: ڕزگار عومەر عەلی
بابەت: سیاسی
ژمارەی سپاردن: (١٦٤٥) ساڵی (٢٠١١)

ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە بە ئینگلیزی:

The Sino-Soviet Border Dispute (1963-1970)
"An Analysis"

M.A. Thesis

By: Omar Sheikhmous
Dept. of Political Science
University of Stockholm
June, 1972

## پێڕست

پێشەکی ..................................................................................

ناساندن ...................................................................................

چاپتەری یەکەم: چاوخشاندنێک بە پێشینە، بەڵگەنامەکانی سۆڤیەت و چین، وتار و چەندوچوونەکانی تایبەت بە ناوچە جێناکۆکەکان ..................

پەراوێزەکانی چاپتەری یەکەم ......................................................

چاپتەری دوەم: ناوچە جێناکۆکەکان ..........................................

بەشی یەکەم: سروشتی ناوچەکان ..............................................

پەراوێزی چاپتەری دوەم/ بەشی یەکەم ..................................

بەشی دوەم: مێژووی هەرێمەکان ..............................................

پەراوێزەکانی چاپتەری دوەم/ بەشی دوەم ..................................

بەشی سێیەم: پەیمان و ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکانی ڕێکخەری پێوەندییە سنوورییەکان ..................................

پەراوێزی چاپتەری دوەم/ بەشی سێیەم .................................

چاپتەری سێیەم: لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکاریی لە سەر پێگەی چینو سۆڤیەت ..........................................................................

پەراوێزەکانی چاپتەری سێیەم .................................

چاپتەری چوارەم: سەرئەنجام/ کاریگەرییەکان لە سەر داهاتوو .................................

پەراوێزەکانی چاپتەری چوارەم ..........................................

دۆکیومێنتەکان .................................................................

سەرچاوەکان ......................................................

# پێشەکی

هەر لە دەستپێکی سەدەی ڕابردووەوە، لەو کاتەی کە کۆمۆنیزم وەک ڕێبازێکی سیاسی سەری هەڵدا، بەردەوام لە هەوڵی تەشەنەسەندن و فراوانبووندا بوو، بە تایبەتیش لە خۆرهەڵاتدا. لە سەرەتادا، بە هۆی دروشمە گەورە و بریقەدارەکانییەوە خەڵکانێکی زۆر کەوتنە دوای، لایەنگرێکی بێشوماری (دڵسۆزی) لە هەموو جیهاندا بۆ خۆی پەیدا کرد. هەموو شۆڕشەکانی جیهان، ئەگەر بە کۆمۆنیزمیش دەستییان پێنەکردایە، کۆمۆنیزمی جیهانییان بە پشت و پەنای خۆیان دەزانی. بە کورتی کۆمۆنیزم ببوە سەرچاوەیەکی ئیلهامبەخش بۆ شۆڕشگێرانی دنیا. خەڵکی پێیان وابوو کۆمۆنیزم لە هەر شوێنێکی دنیادابێت، هەمووی هەر یەک شتە، یەک ڕێبازی هەیە، بۆ هیواو ئامانجێک هەوڵ دەدات، کە ئەویش خۆشگوزەرانی میللەت، پشتگیریی چینی چەوساوە، فەراهەمکردنی مافەکانی چینی کارکەر بەکورتی، گێڕانەوەی مافە زەوتکراوەکانە بۆ چەوساوەکان.

ئەوەی کە خەڵک بە خەیاڵیدا نەدەهات، بوونی فرەجۆری، فرە ڕێبازیی بوو لە ناو کۆمۆنیزم خۆیدا، بەڵام لە واقیعدا، نەک هەر ڕێبازی جیاواز هەبوو لە ناو کۆمۆنیزمدا، بەڵکو کێشە و ناکۆکی هێندە گەورە و مەترسیداریش لە نێوانیاندا هەبوە، کە زۆر جار مەترسی جەنگێکی گەورەی لێ کراوە.

ئەو کێشەو ناکۆکیانەی لە نێوان هەر دوو گەورە جەمسەری کۆمۆنیزمی جیهانی، یەکێتی سۆڤیەت و کۆماری چینی میللیدا، هەبوە، بە نهێنیترین و مەترسیدارترین کێشە جیهانییەکان لە قەڵەم دەدرێت. هەندێک جار، کێشەی نێوان ئەم دوو جەمسەرەی کۆمۆنیزم، زۆر لە کێشەکانیان لەگەڵ جیهانی سەرمایەداری و

ئیمپریالیزمی جیهانی (گەورە دوژمنی هاوبەشیيان) گەورەتر و مەترسیدارتر بوە.

ئەم کێشە و ناکۆکییانە، ئەگەرچی هەر لە سەرەتای دروستبوونی ئەم دوو جەمسەرەی کۆمۆنیزمەوە دەستی پێ کردوە، وەک ژیلەمۆی بن خۆڵەمێش، هەر هەبوە، بەڵام لەبەر ئەوەی (ناحەزانییان) پێخۆش نەبێت، بە نهێنی هێڵراوەتەوە، تا سەرەتای شەستەکانی سەدەی ڕابردوو، کە بە هۆی هەندێک کێشەی سنووریی لاوەکییەوە، بە تەواوی بۆ جیهان ئاشکرا بوو.

ئەم کێشە سنوورییانە، ئەگەرچی لە سەرەتاوە وەک شتێکی لاوەکی و ناگرینگ لێی دەڕوانرا، چونکە چاودێران پێیان وانەبوو لە کێشە و ناکۆکییە ئایدیۆلۆجی و فکرییەکانی نێوانیان مەترسیدارتر بن، بەڵام ئەمانە هەر کە سەریانهەڵدا، وەک ئەوەی دێوەکەت لە قۆرییەکە هێنابێتەدەر، بوە گەورەترین کێشەی نێوان ئەو دوو وڵاتەی کۆمۆنیزمی جیهانی و هەموو جیهان، تەنانەت لە سەردەمانێکدا خەریکبوو ببێتە مایەی جەنگێکی ئەتۆمیش.

ئالێرەوەیە کە ئەم لێکۆڵینەوەیە گرینگی خۆی بەدەستدێنێت، بە تایبەتیش لای خوێنەری کورد، کە زۆر کەم زانیاری لەبەر دەست بوە، لە ڕابردوو و ئێستاشدا، لە سەر ئەم کێشە شاردراوە و نهێنییە.

هیوادارم ئەم وەرگێڕانە کەلێنێکی بچووکی کتێبخانەی کوردیی پڕبکاتەوە، سوودێکی (هەر چەند کەمیش بێت) گەیاندبێت بە خوێنەر و لێکۆڵەری کورد. لەگەڵ پێشەکی داوای لێبووردن لە هەر کەموکوڕییەک کە ڕەنگە لە وەرگێڕانەکەیدا بەدی بکرێت، چونکە وەک هەموو دەزانین، هیچ کارێکی مرۆڤ بێ کەم و کورتی نییە.

**ڕزگاری عومەر عەلی ٢٠١١/٤/٢٣**

هەواڵنامەی کتێب

# ناساندن

سروشـــت، ئاســـت و بەردەوامیـــی، ئەو نـــاکۆکییەی لە نێـــوان یەکێتیی سۆڤیەت و کۆماری میللی چیندا هەیە، بەردەوام جێگەی گرینگی زانایانی سیاسی و شارەزایانی بوارەکە بوە. ناکۆکییە سیاسی و ئایدۆلۆجییەکانی نێوانیان بە وردی تاوتوێ کراون، بەڵام ناکۆکییە سنوورییەکانیان، تەنها بە شێوەیەکی ساکار هەڵسەنگاندنی بۆ کراوە. بەردەوام گرژییەکی شاراوە لە سەر سنوورەکانی سینۆ – سۆڤیەتی هەبوە، بەڵام تا ناکۆکییە ئایدیۆلۆجی و سیاسییەکانی نێوانیان لە ساڵی (١٩٦٣)دا، نەچوە ئاستێکی فەرمییەوە، واتا ئاشکرانەبوو بۆ جیهان، تەشەنەی نەکرد.

دیارە پێوەندییە سنوورییەکانیش، شان بە شانی پێوەندییە گشتییەکانی دیکەی سینۆ – سۆڤیەتی، دەڕوات. بۆیە، زیاتر لە دە ساڵی دوای دامەزراندنی کۆماری میللی چینەوە، ڕووداوەکانی سەر سنوور سەریانهەڵداو زیادیانکرد. سەرەتا لە ساڵی (١٩٦٣) دا، بە یەکتری تاوانبارکردن بە بەزاندنی سنوورەکان، دەستیپێکرد.

ناکۆکییە سنوورییەکان، وەک بەشێک لە ناکۆکییە گشتییەکان دەرکەوتن، بەڵام هەر کە دەستی پێ کرد، بوو بە بابەتێکی سەربەخۆ، دەتوانین بڵێین، کە لە دوای (١٩٦٣)ەوە، گرژی سەر سنوورەکان بوون بە نیشانەیەک بۆ کێشەکە، تا ڕادەیەک، بوون بە فاکتەرێکی گرینگیش لە داڕشتنی شێوەی پێوەندییەکانی سینۆ – سۆڤیەتی بە گشتی. لە (١٩٦٤)دا، هەر دوولا لە دانوستانێکی نهێنیدا هەوڵێکی سەرنەکەوتوویان دا بۆ چارەسەرکردنی کێشە سنوورییەکان، بەڵام کێشە سنوورییەکان درێژەیانکێشا، لە کاتی شۆڕشی ڕۆشنبیریدا زیاتر تەشەنەی سەند، بوە مایەی گرژییەکی

هەولێرنامەی کتێب

بەردەوام لە پێوەندیەکانیاندا. گرژیەکانی ساڵی (١٩٦٨) بوونە مایەی پێکدادانە چەکدارییەکانی ساڵی (١٩٦٩). دانوستانەکان لە مانگی ئۆکتۆبەری (١٩٦٩)ەوە دەستی پێ کرد، بێ دەرئەنجامێکی بەرچاو، بۆ زیاتر لە دوو ساڵ و نیو بەردەوام بوو. هەموو نیشانەکانیش بێهودەیی دانوستانەکانی نیشاندەدا.

**ئامانج:**

ئامانجی ئەم لێکۆڵینەوەیە دەرخستنی هۆکاری کێشە سنوورییەکەیە، ئەو پێشینانە چیبوون، کە ئەم کێشەیەیان دروست کرد؟ سەرکردە چینی و سۆڤیەتییەکان چۆن لەم ناوچانە دەڕوانن؟ چۆن بەدەستهێنانی سروشتی، مێژوویی و یاسایی ئەم ناوچانە، کاریگەریی دروستدەکەن لە سەر پێگەی مەزهەبی هەر یەک لەم دوو وڵاتە؟ چۆن و بۆچی ئەم کێشە سنووریانە دەستی پێ کرد؟ بۆچوونی هەر یەکەیان بەرامبەر بە هۆکاری بەرامبەرەکەی چییە، لە کردنی کێشە سنوورییەکان بە بەشێک لە ناکۆکییە گشتییەکانیان؟ بە لای هەر دوو لاوە هۆکاری کێشەکە چییە؟ ئەمە چۆن کار دەکاتە سەر پێوەندییەکانی داهاتوویان؟ بۆچی دانوستانەکانی ساڵی (١٩٦٤) شکستیهێنا؟ ئایا ئەم کێشە سنوورییانە، بەجەنگێکی بەرفراوانی نێوان ئەم دوو جەمسەرە کۆمۆنیستییە کۆتایی دێت؟ ئایا مافی هەر یەکەیان لەم پرسەدا چییە؟ ئایا دەتوانین بنەڕەتی کێشەکە دەستنیشان بکەین؟ لەم لێکۆڵینەوەیەدا ئەم پرسیارانە، ئەگەر وەڵامی تەواویش نەدرێنەوە، دەوروژێنرێن و باسییان دەکرێت.

**میتۆدۆلۆجی:**

بۆیە ئەم کێشە سنوورریانەی ناو ناکۆکییەکانی سینۆ - سۆڤیەتی هەڵبژێردراوە بۆ لێکۆڵینەوە، چونکە گەیشتە ئاستی

پێکـــدادانی ســـەربازیی، بە پـــێچەوانەی بۆچوونەکـــانی هەر دوو وڵاتەوە، کە گوایە "لەم جەنگی وشەیەدا کەس نامرێت"، پێچەوانەی نـــاکۆکییە ئایـــدیۆلۆجی و سیاســـییەکانیش کەوتەوە. ســـەبارەت بە پرســـە ســـنوورییەکان، بە پـــێچەوانەی ســـاڵانی نێـــوان (١٩٤٩ – ١٩٦٣)ەوە، ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٦٣ – ١٩٧٠) بەکێشمەکێش و ناکۆکی زۆر ناسراوە. ئەم ماوەیەش بۆخۆی، هەندێک کات لەبەر چەنـد هۆکارێـک دابەش دەکرێـت بە دوو بەشـەوە، مـاوەی پـێش (١٩٦٩)، مـــاوەی (١٩٦٩) و بەرەودوا. درێژایـــی ئەم مـــاوانەش دیـــاریکراون، بـــۆ ئەوەی کـــاریگەری لێـــدوانو ڕووداوە هەرەمەکییەکان کەم بکرێتەوە، ماوەی پێویست بدرێت بە ڕووداوە تۆمارکراوەکان.

ســـەرچاوەی زانیارییەکانمـــان بـــریتییە لە لێکۆڵینەوەکـــانی پێشـــووتری تـــایبەت بەم بـــابەتە، لەگەڵ لێـــدوانی چینـــی و سۆڤیەتییەکانی تـایبەت بە پرسە سنوورییەکان، هەروەهـا وتـارە جەماوەرییەکـانی ســـەرکردە چینـی و ســـۆڤیەتییەکان، لێـدوان و چاوپێکەوتنەکانیان لەگەڵ ڕۆژنـامەو بـڵاوکراوە بیانییەکاندا، سەر وتـار و نووسـینەکانی گۆڤـار و ڕۆژنـامە حیـزبییە سـەرەکییەکان، وتـاری ڕادیـۆیی، کتێـب و نووســـینەکانی خەڵکـی ئەکـادیمیی و ناسراوی هەر دوو وڵات.

لە کۆکردنەوەی ئەم داتایانەدا، پشتمبەستوە بە لێکۆڵینەوەکانی پێشـووتر لە سـەر کێشـەکە، هەروەهـا بە بـڵاو کـراوە حیزبییەکـانی وەک، پیکینـگ ڕیڤیـو و چاپکراوەکـانی دیکە، هەروەهـا بـڵاو کـراوە سۆڤیەتییەکانی وەک: کاروبـاری دەرەوە (International Affairs)و نیو تایمز، هەروەهـا بـڵاو کـراوەکـانی دەزگـای چاپەمەنی نۆڤۆسـتی (Novosty Press Agency)، هەروەهـا چەنـدین بـابەتی تایبەتمەنـدی

هەواڵنامەی کتێب

دیـــکەی بـــوارەکە، لەوانە، کەرێنـــت دایجێســـتی چاپەمەنییەکـــانی سۆڤیەت (Current Digest of Soviet Press – CDSP)، هەروەها چاپەمەنییەکانی کونسوڵخانەی گشتی ئەمەریکا لە هۆنگ کۆنـگ، لەوانە: کەرێنـت باکگراونـد (Current Background)، هەروەهـــا هەڵبـــژاردەیەک لە بـــڵاو کـــراوە ســـەرەکییەکانی چـــین (Selection from the Chines Mainland Press – SCMP)، هەروەهـــا ڕاپـۆرتە لێکۆڵینەوەییەکـــانی کیسـینگیز ســـاڵی (١٩٧٠)ی تـــایبەت بە کێشـــەی ســـینۆ – ســـۆڤیەتی ( Keesings 1970 Research Report on the Sino – Soviet Dispute)، هەروەهـــا بـــڵاو کـــراوە وەرزییەکـــانی وەک: ســـێرڤای (Survey)و ۆرلد پۆلیتیکس (World Politics)و ۆرلد تودەی (World Today)و ئینتەرناشـــناڵ ئەفێـــرزی لەنـــدەنی (International Affairs, London)و فـــۆرین ئەفێـــرز (Forign Affairs)و فـــار ئیســـترن ئیکۆنۆمیک ڕیڤیو (Far Eastren Economic Review)و نیو ڕیپەبلێک (The New Republic) و ڕامپارتز (Ramparts) و ئاسیان ئەناڵیست (Asian Analyst) و سەرڤایڤەڵا (Survival) و چاینا کوارتەرلی (The China Quariterly)، ۆرلد مارکسیست ڕیڤیـــو (World Marxist Review) و لێکـــۆڵینەوە لە ســـەر کۆمۆنیزمی بەراوردکاریی (Studies in Comperative Communism) سڤینسـک تیدسکریفت (Svensk Tidskrift)و کەرێنـت هیسـتۆری (Current History) و میلیتەری ڕیڤیـو (Military Review) و کێشـــەکانی کۆمـــۆنیزم (Problems of Communism) و (Krigsvetenskapsakademiens Handlingar Och Tidskrift)و زە ئینتەرپریتەر (The Interpreter) و Fevue Sud – est Asiatique et de LExtreme Orient (du) و

پۆلیتیش ستودیێن (Politische Studien) و یو - ئێس نیوز ئەند ۆرلد ڕیپۆرت (U.S. News & World Report)و هەواڵەکانی پەیمانگای دیراساتی ڕووسی Bulletin of the Institute for) the Study of USSR)و ئۆربیس (Orbis)و فریمتیدن (Fremtiden)و تێبینییە هەنوکەییەکان سەبارەت بە کاروباری نێودەوڵەتی ( Current Notes on International Affairs).

لەو ڕۆژنامانەش کە سودم لێبینیون: نیویۆرک تایمز ( The New York Times)، لەندەن تایمز (The London Times)، هەروەها ڕۆژنامە سویدییەکانی وەک: داگنز نیهتەر Dagens Nyheter) و سڤینسکا داگبلادت (Svenska Dagbladet).

لەنێو ئەو هەموو داتاو دۆکیومێنتە کۆکراوانەدا، تەنها لەوانە کۆڵراوەتەوە کە پێوەندییان بە کێشە سنوورییەکانەوە هەبوو، بە تایبەتی لە چاپتەری سێدا. لە سەرەتاوە بە تەمابووین، کە ڕادەی گرژییەکە بەراورد بکەین بەدرێژیی سنوورەکە و پێوەندییان بە ناکۆکییە گشتییەکەی نێوان هەر دوولا، ئەمەش بە بەکارهێنانی پێوەرەکانی بازرگانی، ڕادەی بڵاوکردنەوەی هێزی سەربازی بەدرێژایی سنوورەکان، بە شێوەیەک کە شیکردنەوەیەکی باش لە خۆ بگرێت بۆ ئەو دۆکیومێنتانەی کە لە سەردەمێکی دیاریکراودا کۆ کراونەتەوە، بەڵام دواتر ئەو پرۆژەیە سەری نەگرت، لەبەر نەبوونی داتای تەواو سەبارەت بە بنکە سەربازییەکان، نەبوونی دۆکیۆمێنتی پێویست سەبارەت بە کێشە سنوورییەکان. زیاتریش لەبەر ئەو کات و ماندووبوونەی، کە دەکەوێتە سەرشانی لێکۆڵەر لە بابەتێکی ئاوەهادا، لە سەروو هەموو ئەمانەشەوە، لەبەر نەبوونی توانایەکی تیۆری گونجاو لە لایەن خۆمەوە.

ئەم لێکۆڵینەوەیە کراوە بە چوار چاپتەرەوە. چاپتەری یەکەم، تایبەتە بە باسێکی گشتی، باکگراوندی پرسەکان، باسکردنی ئەو پەرەسەندنانەی کە بە سەر پێوەندییە سنوورییەکاندا هاتوە تا ساڵی (١٩٧٠)، لەگەڵ هەندێک لە دوایین پەرەسەندنەکان لە دانوستانەکانی تایبەت بە سنوورەکاندا. چاپتەری دوەم، تایبەتە بە لێکۆڵینەوەیەکی جیۆپۆلیتیکیانەی ناوچە جێناکۆکەکان، لە سەرەتادا باسی سروشتی جوگرافی ناوچەکان، پێگە و پێکهاتەی دیمۆگرافی ئەو ناوچانە، پاشان باسێکی مێژووییان، لە کۆتاییشدا باسی ئەو ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییانەی، کە بە هۆیانەوە سنوورەکان کێشراون (یان نەکێشراون)، چۆن ئەم فاکتەرانە کاریگەرییان هەبوە لە سەر پێگەی چین و سۆڤیەت. چاپتەری سێیەمیش، باس لە هەڵوێستی جیاجیای سەرکردەکانی هەر دوو وڵات دەکات، چۆن ئەم ناوچانە و پاڵنەرەکانی یەکتری هەڵ دەسەنگێنن، لەوبارەیەوە چ ڕێبازێک پەیڕەودەکەن. چاپتەری چوارەم، هەوڵێکە بۆ پێشبینیکردنی ئەو ئەگەرانەی، کە کێشە سنوورییەکان هەیانە لە سەر پێوەندییەکانی هەر دوو وڵات لەگەڵ یەکتری.

ئایا چارەسەر هەیە؟ ئایا جەنگی لێ دەکەوێتەوە؟ یاخود هەر لە بازنەیەکی داخراوی دانوستان و گفتوگۆی ماراسۆنی بێئەنجامدا دەمێنێتەوە؟... هتد.

# چاپتەری یەکەم

## چاوخشاندنێک بە پێشینە، ئەو بەڵگەنامە سۆڤیەتی و چینیانەدا کە لە بەردەستدان، بەو وتار و چەندوچوونانەدا، کە تایبەتن بە ناوچە جێناکۆکەکان.

یەکەم لێدوان لە بارەی ناوچە سنوورییەکان ئەوە بوو، کە حکوومەتی سۆڤیەتی تازە درووستبووی ڕووسیا، ساڵی (١٩١٧)، لە شێوەی ڕاگەیەنراوێک و مانیفیستۆیەکدا (manifesto)، لە سەر زاری جێگری ئەوسای کۆمیسیاری کاروبارەکانی دەرەوە، ل. م. کاراخان (L. M. Karakhan) بڵاوی کردەوە.

لە ڕاگەیاندنەکەی (٢٥)ی تەمموزی ساڵی (١٩١٩)شدا، هەموو ئەو ڕێککەوتننامە نابەرابەرانەی (unequal treaties) ڕەتکردەوە، کە لە نێوان حکوومەتی قەیسەری (Czarist Government) و چیندا ئیمزا کرابوون، بە هەموو ئەو دەستکەوتانەشەوە، کە ڕووسیا لە ناو چین، مەنگۆلیا و مەنشوریادا بەدەستیهێنابوون. لە مانیفیستۆ بەناوبانگەکەی (٢٧)ی سێپتەمبەری ساڵی (١٩٢٠)یشدا هاتوە کە: "حکوومەتی فیدراڵی کۆمارە سۆسیالیستییەکانی ڕووسیای سۆڤیەتی (Russian Socialist Federated Soviet Republics) ڕای دەگەیەنێت، کە هەموو ئەو ڕێککەوتنامانەی لە نێوان حکوومەتی پێشووی ڕووسیا و حکوومەتی چیندا ئیمزاکراون، هەمووی بەتاڵن، هەروەها

عەبدولڕەحمان زەبیحی

ئەم حکوومەتە هەموو ئەو ناوچانە دەگەڕێنێتەوە بۆ چین، کە دەستی بەسەردا گرتوون، دەستبەرداری هەموو ئەو مافانەشی دەبێت، کە لە چیندا هەیەتی، هەر هەمووی بێبەرامبەر و بۆ هەتا هەتایە دەگێڕێتەوە بۆ چین، لەگەڵ هەر مافێکی دیکەیاندا، کە لە لایەن حکوومەتی قەیسەری و بۆرژواکانی ڕووسیاوە لێیان زەوت کراوە"[١]، بەڵام دوایی نوێنەرەکانی حکوومەتی سۆڤیەتی ڕایانگەیاند، کە ئەم ڕاگەیاندنانەی کاراخان، وەک بنەما، لە بەرنامەدان، لە داهاتوودا دەکرێنە بنچینە بۆ گفتوگۆکانمان، نەک لیستێک بن بۆ ئەو کارانەی، کە حکوومەتی سۆڤیەتی بەنیازە بیانکات. لە ڕێککەوتننامەی بنەما سەرەکیەکانی ساڵی (١٩٢٤)یشدا (the Agreement on General Principles)، یەکێتی سۆڤیەت دەستبەرداری هەموو ئەو ناوچانە بوو، کە دەستی بەسەردا گرتبوون، دەستی لەو مافە ناوچەییە زیادانەش هەڵ گرت، کە هەیبوو، لەگەڵ هەر دەسەڵاتێکی دیکەشدا کە لە چیندا هەیبوو. هەروەها دانیانایەوە بە دەسەڵاتی چیندا بە سەر ناوچەکانی مەنگۆلیادا، داواشی کرد لیژنەیەک پێکبهێنرێت بۆ دیاریکردنەوەی سنوورەکان، بەڵام دوایی هیچ ناوچەیەکی نەگێڕایەوە بۆ چین.[٢]

ئەگەرچی مەنگۆلیای دوور، یاخود مەنگۆلیای دەرەوە ( Outer Mongolia)، هەر لە سەرەتای بیستەکانەوە (سەربەخۆیی)ی خۆی بەدەستهێنابوو، بەڵام لە ساڵی (١٩٣٦)دا، ماو تسی - تونگ (Mao Tse-tung) لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ ئێدگار سنۆ ( Edgar Snow)، گوتی: لە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی کۆمۆنیستی لە چیندا، مەنگۆلیا هەر خۆی، "ئۆتۆماتیکی"، بوو بە بەشێک لە چین، ئەگەرچی لە کۆتاییدا دەستەواژەی "ئەگەر خۆیان ئارەزوو بکەن"ی زیاد کرد بۆ وتەکانی.[٣]

هیچ بەڵگەنامەیەکی ئەوتۆ لە بەردەستدا نییە، باس لەوە بکات، کە دوای ئەوەی شۆڕشی کۆمۆنیستی لە ساڵی (١٩٤٩)دا کۆماری میللی چینی دروستکرد، کێشە ناوچەییەکان لەگەڵ ستالیندا تاوتوێ کرابن. نە سۆڤیەت و نە چینیش، ڕازینین هیچ باسی ئەو سەردەمە بکەن،[٤] بەڵام ڕێککەوتننامەکەی (دۆستایەتی، هاوپەیمانی و هاریکاری یەکتری)ی ساڵی (١٩٥٠) ( Treaty of Friendship, Alliance, and Mutual Assistance)، دانی بە سەربەخۆیی مەنگۆلیای دووردا ناوە.[٥]

لە ساڵی (١٩٥٤)دا، چینییەکان نەخشەیەکیان چاپ کرد، تێیدا ناوچەیەکی فراوانی یەکێتی سۆڤیەتییان، وەک مافی چین نیشان دابوو.[٦] ئەگەرچی چین دانی بەو نەخشانەدا نەنا، بەڵام وتەبێژەکانی حکوومەتی سۆڤیەتی، لە سەرەتای شەستەکاندا هەر باسیان دەکرد، بەڵام هێشتا چین لە نەخشەکانیاندا کۆمەڵێک سنووری نادیار و دەستنیشاننەکراویان، لە باکووری خۆرهەڵات و باکووری خۆرئاواوە، لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەتدا هەر ماوە.[٧]

لە ساڵی (١٩٥٤)دا، ماو تسی - تونگ هەوڵیدا پرسی مەنگۆلیای دوور لەگەڵ خروشۆڤدا (Khrushchev) تاوتوێ بکات، بەڵام بە وتەی سەرۆک، "ئەوان ڕازینەبوون لەوبارەیەوە قسەمان لەگەڵدا بکەن".[٨] لە مانگی کانوونی دووەمی ساڵی (١٩٥٧)دا، چۆ ئین - لای(*)

(*) چو ئن - لای: کە لای خۆمان بە (شوان لای) ناسراوە. (وەرگێڕ).

(Chou In-Lai) سەرکەوتوونەبوو لە وتووێژەکانیدا لەگەڵ خروشۆڤ، سەبارەت بە پرسە ناوچەییەکان، لە سەر ئاستێکی فراوان. ئەگەرچی لە مانگی حوزەیرانی (١٩٦٤)دا، (چۆ لە

چاوپێکەوتنێکدا وتی: "بۆیە ئەو پرسە بە نهێنی هێڵراوەتەوە، چونکە لەو سەردەمەدا، کێشە سنوورییەکانی سینۆ - سۆڤیەتی، بە ئاشکرا نەبوون".[٩]

لە دواییشدا، لە ساڵی (١٩٥٧)دا، لە سەردەمی هەڵمەتی (سەد گوڵەکە - Hundred Flower)دا،(*)

(*) هەڵمەتی، یاخود ڕاستتر، بزووتنەوەی سەد گوڵەکە، ئەو هەڵمەتە بوو کە ماو تسی - تونگ لە (١٩٥٦)دا بەرپای کرد، بە مەبەستی زیاتر دەوڵەمەندکردن و فراوانکردنی تیۆری سۆسیالیستی، لە ڕێگەی سوودوەرگرتن لە بیروڕای خەڵکانی ڕۆشنبیر و تێگەیشتووی ناو میللەتەکەیەوە، بەڵام پاش ساڵێک ڕا کۆکردنەوە و گوێگرتن بۆ خەڵکی، بۆیان ڕوون بۆوە مەسەلەکە بێ سوودە: بۆیە لە (١٩٥٧)دا، ماو هەڵمەتەکەی ڕاگرت. وەرگێڕ.

چەندین کاربەدەستی باڵای چینی پێیان وابوو، کە هیچ جیاوازییەک لە نێوان حکوومەتەکەی قەیسەر و ئیمپریالیزمی سۆڤیەتیدا نییە، بەڵام پارتی کۆمۆنیستی چینی، هەر زوو ئەو دەنگانەی خەفە کرد. لە وتەکەی (١)ی نیسانی ساڵی (١٩٦٩)دا، مارشاڵ لین پیاو (Marshal Lin Piao) ڕایگەیاند، کە چین لە (٢٢)ی ئۆگەستی ساڵی (١٩٦٠)دا پێشنیاری کردوە بۆ یەکێتی سۆڤیەت، کە پێویستە دانوستانێک بکرێت بۆ یەکلاییکردنەوەی کێشە سنوورییەکان، بەڵام کروچنین (Kruchinin) و ئۆلگین (Olgin)، بەوە وەڵامییاندایەوە، کە گوایە "یەکێتی سۆڤیەت - لە سەردەمانێکی نێوان ساڵانی (١٩٥٦) بۆ (١٩٥٩)دا - داوای کرد، سەبارەت بە ڕێکخستنی هێڵە سنوورییەکان، یەکلاییکردنەوەی کێشە سنوورییەکان لە ڕێگەی ڕێککەوتننامە دوو قۆڵییەکانەوە،

مەکتەبەی کتێب

ڕێککەوتننامەیەک ئیمزا بکرێت، لەگەڵ (PRC) (**)

(**) (PRC): کۆماری چینی میللی.

و دەوڵەتانی دیکەی دراوسێدا، بەڵام لایەنی چینی خۆی لە پرسەکە دزییەوە". لەوەش زیاتر، وتیان کە گوایە لەساڵی (١٩٦٠)دا، لە دوای ڕووداوی سنووربەزاندنەکەی شوانە چینییەکان "لە میانەی گفتوگۆ دیپلۆماسییەکانی، کە لەو پرسە کەوتنەوە، حکوومەتی چین وای نیشاندا، کە گوایە موڵکایەتی ئەو ناوچانە هێشتا جێگەی مشتومڕە، وا باشترە لیژنەیەکی شارەزا، هێڵە سنوورییەکانی ناوچەی بوز ئایگیر (Buz Aigyr)، کە دەکاتە ناوچە شاخاوییەکانی تیان شان (Tien Shan Mountains)، یەکلایی بکاتەوە. ئەگەرچی لایەنی سۆڤیەتی بەو پێشنیارەش قایل بوو، کەچی ئەمان خۆیان لە پێکهێنانی ئەو لیژنەیەش دزییەوە". هەروەها وتیشییان کە "لە دوای هاوینی (١٩٦٢)ەوە، بەزاندنی سنوورەکانی سۆڤیەت لە لایەن چینییەکانەوە، بوو بە شتێکی بەردەوام و داڕێژراو. بە تایبەتیش، سنووربەزاندنێکی بە لێشاو هەبوو، لە کەناری ڕووبارەکانی ئارگون (Argun) و ئامور (Amur) و ئوسوری (Ussuri)"، بەڵام تا سەرەتاکانی ساڵی (١٩٦٣)یش، هیچ کام لەو کێشە سنوورییانە بە ئاشکرا باس نەدەکران، نە ئاشکراکانیان و نە شاردراوەکانیشیان.

ئەگەرچی لە ژێرەوە گرژی هەر بەردەوام بوو، بەڵام کێشەی سنوورەکانی سینۆ - سۆڤیەتی، لە چاو ڕەخنەکانی چین لە سۆڤیەت، لە سەر چۆنێتی ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانە موشەکییەکەی کوبای مانگی کانوونی دووەمی (١٩٦٢)، بوو بە پرسەکی لاوەکی. چین لە دوو ڕووەوە ڕەخنەی لە یەکێتی سۆڤیەت گرت:

١. جێگیرکردنی موشەکەکان لەو شوێنە (کە بە سەرکەشی – Adventurism) لە قەڵەمیدا.

٢. لابردنەوەی موشەکەکان، لە ترسی ئەوەی، کە توشی ڕووبەڕووبوونەوەیەکی ناوەکی نەبێت لەگەڵ ئەمریکادا، (کە بە هەڵاتن – Capitulationism) لەقەڵەمی دەدا.

لە (١٢ی دیسەمبەری ١٩٦٢)دا، خروشۆڤ لە ڕاپۆرتێکیدا بۆ سۆڤیەتی باڵا (Supreme Soviet)، وەڵامی ئەو تۆمەتانەی دایەوە، سەرئەنجام، ڕاپۆرتەکە بوو بە بەڵگە لە سەر کردەوەیەکی پراگماتیکی، وەک لە هی ڕەفتارێک، کە ئایدیۆلۆجیا زاڵبووبێت بە سەریدا. ئەو دەڵێت: چین بۆ خۆی تا ئێستا نەیتوانیوە هۆنگ کۆنگ، مەکاو (Macao) "ئازاد" بکات، ئەمەیان بەلای چینەوە "هەڵاتن" نییە، بەڵکوو شتێکی ئاساییە، کەواتە پرسەکەی کوباش هەر شتێکی ئاسایی بوو. دیاربوو کە وتەکانی خروشۆڤ گاڵتەجاڕییەکی ژێربەژێرانەی تێدابوو.[١٥]

هێندەی نەبرد، پارتی کۆمۆنیستی ئەمریکاش، (CPUSA)، لە نامەیەکی کراوەدا بۆ پارتی کۆمۆنیستی چینی، کەوتە هەڵسەنگاندنی پرسی هەڵوێستی چین سەبارەت بە قەیرانەکەی کوبا، دەڵێت: "هاوڕێ چینییەکانمان... تا ئەمڕۆش، ئەو سیاسەتی سەرکەشییەیان بە شێوەیەکی دروست بە کار نەهێناوە لەگەڵ تایوان، هۆنگ کۆنگ و مەکاودا، کە بانگەشەی بۆ دەکەن بۆ خەڵکانی تر. ئەم دووفاقییە لە پای چی".[١٦]

پارتەکەی چین زۆر بە توندی وەڵامی ئەو هەموو دژە ڕایانەی دایەوە، لە سەرەتای مانگی مارتی (١٩٦٣)شدا، وەڵامی وتەکانی پارتی کۆمۆنیستی ئەمریکای (CPUSA)دایەوە. هەر لەو سەروبەندەشدا چینییەکان پرسی ڕێککەوتننامە نابەرابەرە

کۆنەکانیان وروژاندەوە، ناوی نۆیانی بڵاو کردەوە، کە سیانیان هی سەردەمی قەیسەر بوون، سەرەڕای بانگەشەکانی کاراخان،[(١٧)] بەڵام هێشتا هەر لە کاردا بوون.

لە (١٧ی مایسی ١٩٦٣)دا، حکوومەتی سۆڤیەتی ئاماژەیەکیدا بە حکوومەتی چین، تێیدا ئامادەیی خۆی دەربڕی بۆ پێکهێنانی لیژنەیەک، بۆ دیاریکردنی سنوورەکانی هەندێک ناوچە، بە شێوەیەکی وردتر و ڕوونتر، "لە پێناو بەرگرتن لە تەشەنەسەندنی ئەو گرژییەی کە لە ئارادایە، نەهێشتنی مەترسییەکانی".[(١٨)]

لە مانگەکانی حوزەیران، تەممووز و ئابی (١٩٦٣)دا، ناکۆکییەکانی سینۆ- سۆڤیەتی زیاتر خۆی لە بواری ئایدیۆلۆجی، کێشەی سەربازییدا بینییەوە، کە ڕێککەوتننامەکەی (قەدەغەکردنی بەشێک لە تاقیکردنەوە ئەتۆمییەکان - The Partial - Nuclear - Test - ban Treaty) خوولقاندی، بەڵام لە دوای مانگی سێپتەمبەرەوە، کێشە سنوورییەکان دووبارە سەریانهەڵدایەوە، ئەم جارەیان چینییەکان داوا کۆنەکانیان لە دژی ڕووسیا دووبارە نەکردەوە، بەڵکوو سکاڵایان لەو وێرانکارییانە هەبوو، کە ڕووسیا لە ناوچەی سینکیانگ (Sinkiang) ئەنجامی دابوون.[(١٩)] ڕووسیا دەمودەست وەڵامی ئەو تۆمەتانەی نەدایەوە، بەڵکوو پاش دوو هەفتە، لە میانەی وتارێکدا، کە لە بنەڕەتدا بۆ وەڵامدانەوەی ڕەخنەکانی چین سەبارەت بە ڕێککەوتننامەی قەدەغەکردنی تاقیکردنەوە ئەتۆمییەکان نووسرابوو، ڕووسیا ئاماژەیەکیشی بە ڕووداوە سنوورییەکانی نێوان سینۆ - هندی (Sino - Indian) کرد، چینی بەوە تاوانبار کرد کە "چالاکی و جموجوڵ لە سەر سنوورەکانی وڵاتانی هاوسێی ئەنجام دەدات" و "لە خۆڕا دەیەوێت سەرنجی خەڵکی بە لای کێشە سنوورییەکاندا ڕابکێشێت"و "بە

ئەنقەست ئاگری نەتەوەپەرستی، دژایەتیکردنی میللەتانی دیکە خۆش دەکات". پاشان لە درێژەی وتارەکەدا، سۆڤیەت ئاماژەیەکیش بە کێشە سنوورییەکانی سینۆ ـ سۆڤیەتیش دەکات.(٢٠)

لە مانگی سێپتەمبەری (١٩٦٣)دا، پاش تۆمەتگۆڕینەوەیەکی توندو تیژ، پێدەچوو سەرانی سۆڤیەت بڕیاریاندابێت بارودۆخەکە هێمن بکەنەوە. ئەوەبوو لە نامەیەکیدا بۆ ماو (Mao)، کە بەرواری (٢٩ی نۆڤەمبەری ١٩٦٣)ی لە سەرە، (پەکین لە ٨ی مەی ١٩٦٤دا بڵاوی کردەوە)، خروشۆڤ پێشنیاری دانوستان دەکات، بۆ تاوتوێکردنی کێشە سنوورییەکان، بەڵام نامەکە تەنها پێشنیاری ئەوەی دەکرد، کە لیژنەیەک پێک بهێنرێت بۆ دیاریکردنی سنوورەکان، ئەوەی ڕەت دەکردەوە کە ئەو ڕێککەوتننامانەی کە لە ئارادان، (نایەکسان) بن، ئەوەشی ڕەت کردەوە کە دووبارە گفتوگۆ و دانوستان، لە سەر تەواوی سنوورەکان ئەنجام بدرێت. یەکێتی سۆڤیەت ئامادەبوو تەنها دانوستان لە سەر ئەو بەشە سنوورییانە بکات، کە جێی ناکۆکین.(٢١) لە (٣١ی دیسەمبەری ١٩٦٣)شدا، خروشۆڤ نامەیەکی ئاراستەی سەرانی هەموو دەوڵەتانی دنیا کرد، تێیدا پێشنیار دەکات ڕێککەوتننامەیەکی نێودەوڵەتی ئیمزا بکرێت، لە سەر پەنانەبردنە بەر هێز، لە یەکلاییکردنەوەی کێشە ناوچەیی و سنوورییەکاندا.(٢٢)

ڕۆژنامە چینییەکان هیچ کام لەو پێشنیارانەی خروشۆڤیان بڵاو نەکردەوە. تەنها ئاماژەیان بەوە کرد، کە یەکێتیی سۆڤیەت، بەم دواییانە بەڵگەی زیاتری داوە بەدەستەوە، لە سەر نیازی ئەو بۆ هاوئاهەنگیکردن لەگەڵ خۆرئاوادا. دواتریش شو ئین - لای، ئەمەی ناو نا (فێڵێکی نوێ – (New Fraud) ).[23]

سوسلۆڤ (Suslov)، کە سەرۆکی وەفدی سۆڤیەتی بوو، لە دانیشتنە نیوەناچڵەکانی سینۆ – سۆڤیەتی مانگی (جولای ١٩٦٣)دا، لە وتە نهێنییەکەیدا لە بەردەم کۆمیتەی ناوەندیی پارتی کۆمۆنیستی یەکێتیی سۆڤیەتدا (Central Committee of CPSU)، کە لە (١٤ی فەبریوەری ١٩٦٤)دا پێشکەشی کرد، (لە ٣ی ئەپرەڵدا بڵاو کرایەوە)، وتی:

"…. هەروەها بە پێویستیشی دەزانین، کە ئەندامانی ئەم کۆبوونەوەیە ئاگاداربکەینەوە، لەو پێشێلکارییانەی کە لە سەر سنوورەکانی چین – سۆڤیەت ڕوویانداوە، بە هۆی هەڵەی (چین)ەوە بووە. پێشتریش ئەمە لە دۆکیۆمێنتەکانی (CPSU)، حکوومەتی سۆڤیەتیدا هاتوە و باس کراوە.

بەزاندنی سنوورەکانی سۆڤیەت، لە ساڵەکانی (١٩٦٢ – ١٩٦٣)دا، ببوە کارێکی ڕۆژانە و بەردەوام. هەندێک جار دەچوە قاڵبی شەڕەنگێزیشەوە (Provocations).

حکوومەتی سۆڤیەتی دەستپێشخەری کردوە بۆ دروستکردنی لیژنەیەکی پسپۆڕ، بۆ دیاریکردنی سنوورەکانی نێوان (USSR) و (CPR)، بۆ ئەوەی لە لای خۆیەوە لە پرسەکە دڵنیابێتەوە. ئەمەش لەوباوەڕەوە دەکەین، کە بەڕاستی هیچ جۆرە کێشەیەکی سنووری و ناوچەیی، لە نێوان (USSR) و (CPR)دا، نییە، لەو سۆنگەیەوە کە سنوورەکانی نێوان سۆڤیەت و چین، بەدرێژایی مێژوو لە گۆڕاندا بوە، ڕەنگە لە هەندێک شوێندا بووبێتە جێگەی پرسیار، پێویستی بە ڕوونکردنەوە و یەکلاییکردنەوە هەبێت".[٢٤] ئەم پرسی سنوور دیاریکردنەی نێوان سۆڤیەت و چین، تەنها بە مانای چەسپاندن و دیاریکردنی ئەو سنوورانە دێت، کە خۆیان هەن، بە هیچ شێوەیەک مانای دانوستان و گفتوگۆکردن نییە، بۆ گۆڕینی

ئەو سـنوورانە. ئەو پرسـەش خروشـۆڤ لە کۆتـایی مـانگی (فەبریوەری ١٩٦٤)دا، جەختی زیاتری لە سەر کردەوە.[٢٥]

لە (٢٣ی جەنیـوەری ١٩٦٤)دا، چـو ئـین - لای، لە چاوپێکەوتنێکدا لە کۆنـاکری، گینیـا (Conakry, Guinea)، بە ئێـدگار سـنۆی وت: "لەگەڵ یەکێتـی سـۆڤیەتدا لە سـەر ئەوە ڕێککەوتـووین، کە سـەبارەت بە کێشـە سـنوورییەکانی سـینۆ - سۆڤیەتی دانوستان بکەین".[٢٦]

ئەوە بـوو دانوسـتانەکان لە (٢٥ی فەبریـوەری ١٩٦٤)دا، لە پەکین (Peking)، دەستی پـێ کـرد، بەڵام لە مـانگی مەی هەمـان سـاڵدا وەسـتێنرا، بێـئەوەی هـیچ پێشـکەوتنێک لە پرسـەکەدا بەدەستبهێنرێت. بە وتەی لایەنی سۆڤیەتی بێت، وەفدی سۆڤیەتی چەنـدین پێشـنیاری پێشـکەش کـردوە بـۆ "یەکلاکـردنەوەی چەنـد بەشێکی دیاریکراو لە سنوورەکە، بەڵام وەفدی چینی داوای زیاتر لە ملیـۆن و نیوێـک کیلـۆمەتری چوارگۆشـە لەخـاکی سـۆڤیەت دەکەن". لەگەڵ ئەوەشـدا چین ئامادەنییە ئەو داوایـانەی بە ئاشـکرا ڕابگەیەنێت.

تەنـانەت وەفـدی چینـی وتووشـیەتی، ئەگەر یەکێتـی سـۆڤیەت دەسـتبەرداری ئەو ناوچـانە نەبێـت، حکـوومەتی چـین "ڕەنـگە چارەسەری دیکە بگرێتەبەر بۆ یەکلاکردنەوەی ئەم کێشەیە".[٢٧]

بە وتەی لایەنی چینیش بێت، وەفدی چینی، لەگەڵ ئەوەشدا کە ڕێککەوتننامەکانی ئایگون (Aigun)ی سـاڵی (١٨٥٨)، پەکینی سـاڵی (١٨٦٠)، بە "ڕێککەوتننامەی نـابەرابەر - Unequal Treaties" لە قەڵەم دەدات، بەڵام پێشـنیاری کـردوە، کە ئەم ڕێککەوتننامـانە بکرێنە بنەما، بۆ دیاریکردن و کێشانی تەواوی هێڵە سنوورییەکان، "لەگەڵ دەستکاریی پێویسـتی هەندێک شـوێنی دیـاریکراو، لە لایەن

هەواڵنامەی کتێب

هەر دووولاوە"، بەڵام وەفدی سۆڤیەتی بەم پێشنیارە ڕازینەبوە.[٢٨]

شەش ڕۆژ دوای گەیشتنی شارەزاکانی سنوور، کۆمیتەی ناوەندیی پارتی کۆمۆنیستی چین (CCCCP)، نامەیەکی نارد بۆ هاوتا سۆڤیەتییەکەی، تێیدا گلەیی و گازندەی "ئەو هەموو پێشێلکاریانەی سنوورەکان (Status quo)ی لێ دەکات"، هەروەها داگیرکردنی ناوچە چینییەکان، "ئەو هەموو کارە تێکدەرانانەی کە بە شێوەیەکی فراوان لە ناوچە سنوورییەکانی چیندا پیادە دەکرێن". جگە لەمە، نامەکەی چین سەرکردەکانی سۆڤیەت دەخاتە ڕیزی "نەتەوەپەرستە کۆنەپەرستەکانی هیندەوە، کە هەر لەخۆڕا کێشەیەکی سنوورییان ناوەتەوە لەگەڵ چیندا".[٢٩] دوای چەند مانگێک، حکوومەتی سۆڤیەتی وەڵامێکی هاوشێوەی دایەوە، وتەبێژێک بە ناوی حکوومەتی سۆڤیەتییەوە، بەگلەییەوە ئاماژەی کرد بۆ ئەو پێشێلکاری و شەڕفرۆشتنانەی، کە چین لە سەر سنوورەکان دەی کرد،[٣٠] تۆمەتە سنووریەکانی چینی ڕەتدەکردەوە.[٣١] بۆ جارێکی تریش، چین سۆڤیەتی بەوە تاوانبارکرد، کە کاری تێکدەرانە لە ناوچەی سینکیانگ (Sinkiang) ئەنجامدەدات.[٣٢] لە بەرامبەریشدا، ڕاگەیاندنەکانی سۆڤیەت چینیان بەوە تاوانبار دەکرد، کە لە هۆنگ کۆنگ، دەستی لەگەڵ بەریتانیا و ئەمریکای سەرمایەداریدا، تێکەڵاو کردوە، ئەو سێ دەوڵەتە پێکەوە "خەڵکە ڕەشوڕووتەکەی ئەوێ دەچەوسێننەوە".[٣٣] بەردەوامبوونی ئەو تۆمەت گۆڕینەوانە، بوە مایەی زیاتر دارمانی ئەو پێوەندییە لە نێوان ئەو دوو وڵاتەدا، کە خۆی لە خۆیدا خراپ بوو.

لە دوای هەڵپەساردنی گفتوگۆ سنوورییەکانی سینۆ - سۆڤیەتی، لە مانگی مەی (١٩٦٤)دا، وەک بنەمایەک، ڕازیبوون لە

هەواڵنامەی کتێب

سەر ئەوەی، کە لە مانگی ئۆکتۆبەری (١٩٦٤)دا، گفتوگۆکان لە مۆسکۆ دەست پێ بکەنەوە،[٣٤] بەڵام ئەوان جاریکیتر پێکەوە کۆنەبوونەوە، سەرەڕای داواکاریی بەردەوامی یەکێتی سۆڤیەت لەوبارەیەوە، لە کاتی خۆی و لە ساڵەکانی داهاتوشدا.[٣٥] تا ئەو کاتەی کە مۆسکۆ، لە مانگی ئەپرەلی (١٩٦٩)دا، پاش پێکدادانە سەربازییەکەی نێوانیان، پێشنیاری دەستپێکردنەوەی دانوستانەکانی کرد. ئەوەبوو دوایی پەکینیش بەوە ڕازیبوو، دانوستانەکان لەمانگی ئۆکتۆبەری (١٩٦٩)دا، (ئەم جارەش لە پەکین، نەک لە مۆسکۆ) دەستی پێ کردەوە. ئەو دانوستانانە تا ئێستاش (تا نووسینی ئەم لێکۆڵینەوەیە) هەر بەردەوامە.[٣٦]

لە مانگی جولای (١٩٦٤)دا، چین ئیمزاکردنی پرۆتۆکۆلێکی لەگەڵ (مەنگۆلیای دوور – Outer Mongolia)دا ڕاگەیاند. بە شێوەی ڕێککەوتننامە سنوورییەکەی سینۆ – مەنگۆلی مانگی دیسەمبەری (١٩٦٢) بوو، ئەمیش وردەکارییەکی کەمی لێ بلاو کرایەوە.[٣٧] ئەم ڕێککەوتنامانە، بە ڕووکەش سنوورەکانی نێوان سینۆ – مەنگۆلیایان دیاری دەکرد. حکوومەتی مەنگۆلیای دوور وەها چەواشە کرابوو، کە هێندەی نەبرد فەرمانی دەرکرد هەرچی ڕاوێژکار و تەکنیکی چین هەیە، لەو وڵاتە بکرێنەدەرەوە.[٣٨]

لە (١٠ی جولای ١٩٦٤)دا، ماو تسی – تۆنگ، لە کۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ وەفدی پارتی سۆسیالیستی یابانی، لە ڕەفتارێکی چاوەڕواننەکراودا، هێرشی کردە سەر یەکێتی سۆڤیەت، لەبەر "ئەو ئارەزوە فراوانخوازییانەی کە هەیەتی" بەرەو ئاسیا و ئەورووپا. ئەوەشی ئاشکرا کرد، کە (CCP) ئامادەیە، دەشتوانێت "خەرجی ئەو جەنگە – واتا جەنگی وشە – لە دژی (CPSU)، هەتا بیستوپێنج ساڵی دیکە درێژە پێ بدات". ئینجا زۆر ڕاشکاوانە

هەواڵنامەی کتێب

پشتگیریی لە داواکانی پارتی سۆسیالیستی یابانی کرد، بەوەی کە (USSR) دوورگەکانی کوریل (Kurile Islands) بگەڕێنێتەوە بۆ یابان. لە پاشانیشدا وتی:

"سەد ساڵێک لەمەوبەر، ئەو ناوچانەی، کە دەکەونە خۆرهەڵاتی دەریاچەی بایکاڵەوە (Lake Baikal)، کران بە هی ڕووسیا. هەر لەو کاتەشەوە، ناوچەکانی ڤلادیڤۆستۆک (Vladivostok) و خەبەرۆڤیسک (Khabarovsk) و کامچاتکا (Kamchatka) و شوێنەکانی دیکەی ئەو ناوچەیە، بوون بە موڵکی سۆڤیەت. ئەگەرچی لەوبارەیەوە تا ئێستا لیستێکمان ئامادە نەکردوە".[٣٩]

لەگەڵ ئەوەشدا، کە بڵاوکراوەکانی چین هەواڵ و باسی ئەو چاوپێکەوتن و کۆبوونەوەیەیان بڵاونەکردەوە، بەڵام ڕۆژنامە یابانیەکان زۆر بە دووردرێژی ڕووماڵیان کرد، وتەیەکی (چو ئین - لای)شیان لەگەڵدا بڵاوکردەوە، کە تێیدا پشتگیری لە هەڵوێستەکەی ماو دەکات، ئەوەش دەردەخات، کە لە مانگی جەنیوەری (١٩٥٧)دا، دانوستانی نهێنی هەبوە سەبارەت بە کێشە ناوچەییەکان.[٤٠]

لە (٢)ی سێپتەمبەر، پراڤدا (Pravda) لە سەر وتارێکیدا، بە دووردرێژی بۆچوونەکانی ماوی تاوتوێ کرد، وتەکانی ماوی سەبارەت بە "نابەرابەری لە دابەشکردنی ناوچەکاندا" وەها هەڵسەنگاند، کە لە ڤێرژنێکی نوێی تیۆری لێبنسراوم(*) (Lebensraum Theory)

(*) تیۆری لێبنسرۆم (Lebensraum Theory): واتا تیۆری شوێنی ژیان ( living space)، کە زانای ئەڵمانی (فریدریک ڕاتزێل) (Friedrich Ratzel) لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەمدا، هێنایە ئاراوە، نازییەکان لە جەنگی جیهانی دوەمدا وەکوو پاساو بەکارییان هێنا، بۆ داگیرکردنی وڵاتانی دراوسێیان لە ئەورووپای ڕۆژئاوا، لکاندنی بە ئەڵمانیاوە، بەو بیانوەی

کە ئەڵمانیا لە (١٩٣٠) کانەوە ڕێژەی دانیشتوانەکەی زۆر زیادی کردوە، پێویستی بە زەوی زیاترە بۆ گوزەران.(وەرگێڕ)
زیاتر، هیچی دیکە نییە. سەر کردە کۆمۆنیستییەکەی چینیشی وەک شوێنکەوتوویەکی درەنگکەوتووی هیتلەر و تۆجۆ (Tojo) (**)،
(**) Hideki Tojo: سەرۆک وەزیرانی یابان لە کاتی جەنگی جیهانی دووەمدا.(وەرگێڕ)

هەمـــــوو ئەوانەی دیـــــکە وەســـــفکرد، لە شـــــوێنکەوتوان و بانگەشـەکارانی "بەرنـامەی فراوانخـوازیی بـێ سـنوور، کە تەمـاحی ئەوەیـــان هەیە بـــگەنە ئەوپەڕی."(٤١) بەدەر لەوەش، وتەبێژەکـــانی سـۆڤیەت هەر بەردەوامبـوون لە ڕەخنەگـرتن لە چـین لە سـەر ئەو نەخشـەیەی، کە سـاڵی (١٩٥٤) دەری کردبـوو، ئەگەرچـی پەکـین لە سـاڵی (١٩٦٣)دا نکوڵی لەو نەخشـەیە کرد. هەروەهـا بـاس لەوەش دەکـــرا، کە چـــین، لە پێشـــانگا بازرگـــانییەکەی ســـاڵی (١٩٦٤)ی مەکسیکۆ سیتی (Mexico City)دا، نامیلکەیەکی بڵاو کـردوەتەوە، نەخشـــەیەکی تێـدا بـوە وای نیشـــان دەدا، کە نـاوچەی ماریتـایم (Maritime)ی سۆڤیەتی بەشێک بێت لە چین.(٤٢)

خروشـــــۆڤ بۆخـــــۆی لە (١٥ی ســـــێپتەمبەری ١٩٦٤)دا، لە کۆبوونەوەیەکیدا لەگەڵ وەفدی پەرلەمـانی یابـانی، داواکارییەکـانی چینی ڕەت کردەوە، ماویشی بە هیتلەر شـوبهاند، مـافی چینیشـی لە ســـەر کۆمەڵێـــک نـــاوچەی داگیرکـــراو خســـتە ژێـــر پرســـیارەوە ئاگاداریشی کردەوە، کە "دەستهەڵگرێت لەو چەکە نوێیە کۆکوژانە، چـــونکە لەم کـــاتەدا ئەوە شـــتێکی ترســـناکە... تاوانیشـــە شـــوێن لێبنســـراوم (Lebensraum) بکەوێـــت، لە پێنـــاو بەدەســـتهێنانی داهات و سەروەتدا." هەر لەو دانیشتنەدا، خروشـۆڤ پێشـنیارەکەی دووپـات کـردەوە، بـۆ بەسـتنی ڕێککەوتننـامەیەکی نێودەوڵەتی بـۆ قەدەغەکردن و بە تاوانکردنی بەکارهێنانی هێز لە یەکلاییکردنەوەی

کێشــــه ســـنووری و ناوچەییەکانــدا.[٤٣] هەر دوا بە دوای ئەمەش، وەزیری دەرەوەی سۆڤیەت، ئاندرێ گرۆمیکۆ (Andrei Gromyko)، نامەیەکی نارد بۆ یو تانت (U Thant)ی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەککگرتوەکـانی ئەوسـا، تێیدا داوادەکـات کە ئەو پـرۆژە بڕیـارەی سۆڤیەت "سـەبارەت بە بەکارنەهێنانی هێز لە لایەن وڵاتانەوە، بۆ یەکلاییکـردنەوەی کێشــه ســنووری و ناوچەییەکانیـان"، بخـرێتە ئەجێنــدای دانیشـــتنی نــۆزدەیەمین کۆبـــوونەوەی گشـــتی ڕێکخراوەکەوە.[٤٤]

چـین زۆر تووڕەبـوو لەوەی، کە خروشـۆڤ وەهـا ئامـاژەی کردوە گوایە، مەنگۆلیا، تبت و سینکیانگ، هی چین نین. ئەوەبوو لە (١ی ئۆکتـۆبەری ١٩٦٤)دا، لە یەکێـک لە تونـدترین لێـدوانەکانی تـایبەت بە کێشــەی سـینۆ – سـۆڤیەتی (تـا ئەو کـاتە)، سـەیفەدین (Saifudin)ی ئەنـدامی یەدەکــی کــۆمیتەی ناوەنــدی (CCP)و ســەرۆکی هەرێمـی ئۆتۆنـۆمی سـینکیانگ ویغـور ( Sinkiang Uighur Autonomous Region)، وەڵامی خروشۆڤ دەداتەوە و دەڵێـت: "ئەگەر سەرلێشـێواوەکانی خروشـۆڤ توانـای ئەوەیـان هەبـوو دەستە چەپەڵەکانیـان درێـژکەنە سـەر ناوچەکـانی ئێمە و داگیـری بـکەن، بەدڵنیـاییەوە بەرەنگاریـان دەبینـەوە و... دەسـتی چەپەڵیـان دەبـڕین، هـیچ ڕەحمێکیـان پێنـاکەین، هەر وەک چـۆن دەستی هیندییە کۆنەپەرستەکانمان بڕی، کە ویستیان هێرش بکەنە ســەر چـین."[٤٥] لە درێـژەی ئەو بڕیـارەدا کە دانیشـتنی دوەمـی کـۆنگرەی میللیـی سـێیەم (Third Peoples Congress)ی هەرێمی ئۆتۆنۆمی سینکیانگ ویغور دەریکرد، هاتوە، کە سینکیانگ "بە شـێکی دانەبـڕاوە لە چـین" و "هەر کەسـێکیش هەوڵ بـدات ئەم یەکێتییە نەتەوەییە مەزنە لەگەڵ چین لەق بکـات، یـاخود بیەوێت

سینکیانگ بە زۆر داگیربکات، بە دڵنیاییەوە شکستدەهێنێت".[٤٦]

لە هەمانکاتدا مێژوونووسەکانی سۆڤیەت، شارەزاکانی بواری یاسا نێودەوڵەتییەکان، سەرقاڵی ئامادەکردنی چەند وتارو لێکۆڵینەوەیەک بوون، بۆ ڕەتدانەوەی ئەو بانگەشانەی چین، بێ بنەماکردنی لە ڕووی یاسا نێودەوڵەتییەکان بە ناواقیعیکردنی لەو ڕووەوە، کە هەر لە کۆنەوە، ئەو ناوچە جێناکۆکانە، خەڵکی ڕووسی لێ نیشتەجێ بوە. یەکێک لەو وتارانە، کە گرینگییەکی تایبەتی هەبوو، وتارەکەی ڤ. م. خرۆستۆڤ (V. M. Khrostov)ە، کە کەسێکی ئەکادیمی بوو، لە مانگی ئۆکتۆبەری (١٩٦٤)دا بڵاوی کردەوە، دەڵێت: "هەموو ئەو زەوییانەی کە لە (١٦٨٩)دا لە دەستدران، لە ١٨٦٠دا بەدەستنەهێنرانەوە، کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا ئەوە دەگەیەنێت، کە ڕەنگە سۆڤیەت، لە مافی هەموو ئەو ناوچانەیدا، کە دەکەونە باشووری ڕووباری ئامور (Amur River)ەوە، ڕۆژێک لە ڕۆژان وەسڵێک بۆ چین بنێرێت".[٤٧]

لەوکاتەشدا هەندێک دانوستان لە ئارادابوو، لە سەر ناوچە سنوورییە پێوەندیدارەکان. دیارە ئەو لیژنە هاوبەشەی سینۆ – سۆڤیەتی، کە تایبەت بوو بە دیاریکردنی هێڵی دەریاوانی لە ڕووبارە سنوورییەکانی نێوانیاندا، لە زنجیرە کۆبوونەوەکانی خۆی هەر بەردەوام بوو ، تا ساڵی (١٩٦٧)، ئەوکاتەی سۆڤیەت بانگەشەی ئەوەی کرد، کە گوایە چین چواردەیەمین کۆبوونەوەی هەڵوەشاندوەتەوە.[٤٨]

ساڵی (١٩٦٨)، کۆمسیۆنەکە هیچ کۆبوونەوەیەکی ئەنجام نەدا. (هەر لایەکیش ئەوی دیکەی بە بەرپرس دادەنێت). لە (١٨ی جونی ١٩٦٩)دا، کۆبوونەوەی پانزەیەمین لە خەبەرۆڤیسک (Khabarovsk) (ئەو شوێنەی چین – بە مەبەست – ناوی نابوو

هەواڵنامەی کتێب

(پـۆلی - Poli) ، دەسـتی پـێ کـردەوە، بەڵام لە (٩ ی جـوڵای ١٩٦٩)دا، کۆبوونەوەکان بە هۆی ڕووداوێکی سنووریی نوێوە، کە لە دوورگەی گۆڵدنسکی (Goldinsky Island)ی سەر ڕووباری ئـامور ڕوویـدا، دیسـانەوە شکسـتی هێنـایەوە.[٤٩] لە مانگەکـانی سێپتەمبەر و ئۆکتۆبەری (١٩٦٤)دا، ئەم لیژنە سنوورییەی سینۆ - سۆڤیەتی، لە خەبەرۆڤیسک خەریکی تاوتوێکردنی پرسی هێڵی ئاسن بوون.[٥٠]

لە مـانگی ئۆکتـۆبەری (١٩٦٤)دا، لەگەڵ لابردنـی خروشـۆف لە پۆسـتی سـەرۆک وەزیـری، گفتوگـۆ کراوەکـانیش بـۆ مـاوەیەک وەستان، کە ڕەنگە لەبەر ئەوە بووبێت، کە چین چاوەڕێی باشتری لە بریجنێـڤ (Brezhnev) و کۆسـیگین (Cosygin) کردبێـت، بەڵام چینییەکـان هەر زوو تێگەیشـتن کە ئەم کێشـە سـنووریانە، یەکێـک بـوە لە هۆکـارە سـەرەکییەکانی لە سـەر کـار لابردنـی خروشـۆف. ڕۆژنـامەی هۆنـگ چـی (واتـا - ئـاڵای سـوور)، کە زمانحاڵی کۆمیتەی ناوەندیی (CCP) بـوو، نوسـیبووی "هـەر خـۆی داڕێـژەر و هۆکـاری ئەو نـاکۆکییە سـنوورییانە بـوو، کە لە نێـوان چـین و یەکێتـی سـۆڤیەتدا سـەری هەڵـدا، تەنـانەت چەنـدین کـاری تێکدەرانەشـی لە سـینکیانگ بە ئەنجـام گەیانـدبوو. پشتگیریشـی لە کۆنەپەرستەکانی هیند دەکرد، لە هێرشە چەکدارییەکانیاندا بۆ سـەر چینی سۆسیالیستی، پێکەوە، لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتوەکاندا، هـان و یارمەتیشـیان دەدان، کە چـالاکی چەکـدارانە لە دژی چـین ئەنجـام بدەن، بەوەی کە یارمەتی سەربازییان پێشکەشدەکردن."[٥١]

لە ژمارەی مانگی نۆڤەمبەری (١٩٦٤)دا، ڕۆژنامەی (کێشـەکانی ئاشـتی و سۆسـیالیزم - Problems of Peace and Socialism)، کە پراڤدا (Pravda) چـاپی دەکـرد، لە لایەن چەنـد

ئەنـدامێکی کـۆمیتەی ناوەنـدیی (CPSU)ەوە دەردەکـرا، چەنـدین وتاری تێدابوو، کە ڕەخنەیان لە سیاسەتەکانی پارتی کۆمۆنیستی چینـــی دەگــرت. ئەو ژمـــارەیە، کە لە (١٤)ی نـــۆڤەمبەردا کەوتە بـازاڕەوە، هـی هەمـان ئەو ڕۆژەیە کە چـو ئـین - لای لە مۆسـکۆ گەڕایەوە بۆ پەکین، کە لەوێ زنجیـرەیەک گفتوگۆی ئەنجامـدابوو لەگەڵ سەرکردە سۆڤیەتیەکاندا.[٥٢]

لە دوای لە کار لادانەکەی خروشۆڤ، پێوەندیی نێوان چین و (USSR) پێشکەوتنێکی کـاتیی بەخۆیەوە بینـی، هەر دوولا شـەڕە وتاریان ڕاگرت، تـا (١ی مـارتی ١٩٦٥)، ئەو کـاتەی پەکین دەسـتی کردەوە بە هێرشکردنە سەر سەرکردایەتییە نوێیەکە. پرسـی کێشـە سـنوورییەکان تـا بکـرایە بە شـاردراوەیی دەهێڵـرانەوە، مەگەر بە ڕێکەوت لە وتارێکدا باس بکرایە. بۆ نموونە، چین یی (Chen Yi) وەزیـــــری دەرەوە، لە کۆبوونەوەیەکـــــدا لەگەڵ ئوتســــــونۆمییا (Utsunomiya)ی ســــەر کـــردەی (کۆنســـێرڤاتیف)ی لیبــراڵ - دیمـوکراتی یابـانی، لە (١٧ی جەنیـوەری ١٩٦٥)دا، ڕووسـەکانی بە دز و جەردە لە قەڵەم دابـــوو، چـــونکە نـــزیکەی (١.٥) ملیـــۆن کیلۆمەتری چوارگۆشە زەوی چینیان زەوت کردوە، بە شـێوەیەکی نایاسـایی دەسـتیان گرتـوە بە سـەر ئەو ناوچـانەدا، بەڵام دیـاری نەکـرد ناوچەکـان کامـانەن، ئینجـا دەڵێـت: "ئەگەرچـی، چـین داوای گەڕانەوەی ئەو ناوچـــانە ناکـــاتەوە، بەڵام ئەو داگیرکردنـــانەش بە ڕەوا نازانێت".[٥٣]

نازانرێت، ئایا لە کاتی سەردانەکەی چو ئین - لای بۆ مۆسکۆ، لە مـــانگی نـــۆڤەمبەری (١٩٦٤)دا، یـــاخود لە کـــاتی وتووێژەکـــانی کۆسیگین لە پەکین، لە مـانگی فەبریـوەری (١٩٦٥)دا، باسـی کێشـە سـنوورییەکان لە نێـوان ئەو دوو سـەرکردەیەدا کـرابن یـان نـا،

چونکه هیچ لایەکیان لێدوانیان لەوبارەیەوە نەداوە. ئیتر لە دوای مانگی مارتی (١٩٦٥)ەوە، تا کۆتایی ئەو ساڵە، شەڕە وتارەکان، توندوتیژییەکی بەرچاویان بەخۆوە بینی، لە سەر شەڕی ڤێتنام. لە مانگی جولای (١٩٦٥)دا، چین داوایەکی سۆڤیەتی ڕەت کردەوە "سەبارەت بە بەکارهێنانی دوو فڕۆکەخانە، لە خوارووی خۆرئاوای چین، (٥٠٠) سەربازی سۆڤیەتی تێدا جێگیرکردن تا بتوانێت لەوێوە ڕاڕەوێکی ئاسمانی بە سەر چیندا دروست بکات"، تا بە هۆیەوە بتوانێت "بەرگری لە ئاسمانی ڤێتنام بکات"، بەڵام چینییەکان وەڵامیاندانەوە، پێیان وتن: "ئێمە هیچ متمانەیەکمان بە ئێوە نییە. ئێمەو وڵاتە براکانی دیکەشمان، لە ڕابردوودا دەرسێکی زۆر قورسمان وەرگرت – بە ناوی هاریکارییەوە. چین نە یەکێکە لە ناوچەکانی ئێوە. نە بە ژێردەستەشتان ڕازی دەبێت، نە یارمەتیشتان دەدەین لە داگیرکردنی میللەتانی دیکەدا."[٥٤]

بە پێی قسەی کروچنین (Kruchinin) و ئۆڵگین (Olgin) بێت، "سنوور بەزاندنەکانی چین، بە تایبەتی لە کۆتاییەکانی (١٩٦٥)دا، تەواو زیادی کردبوو، ئەو ناڕەزاییانەش، کە سۆڤیەت لەوبارەیەوە دەیدا بە چین، یان پشتگوێ دەخران، یاخود ڕەت دەکرانەوە. ڕازیش نەدەبوون لێکۆڵینەوەیەکی دوو قۆڵی لەوبارەیەوە بکرێت".[٥٥]

لە کۆتایی مانگی سێپتەمبەری (١٩٦٥)دا، وەفدێکی باڵای حەفتا کەسی، بە سەرۆکایەتی سەرۆک وەزیران، مارشاڵ هۆ لونگ ( Ho Lung)، گەیشتنە ئورومچی (Urumchi)، بۆ بەشدارییکردن لە ئاهەنگی یادی دە ساڵەی دامەزراندنی ناوچەی ئۆتۆنۆمی سینکیانگ – ویغوردا. ئەمەش بۆنەیەکی باشبوو بۆ هێرشکردنە سەر یەکێتی سۆڤیەت، بەرگریکردن لە سیاسەتەکانی چین، بەوەی

کە "نە داگیرکـارە، نە چەواشـەکارە و نە ڕەگەزپەرسـتە". هەروەهـا بۆ خۆهەڵکێشان بە باڵادەستی حیزبەوە لەم ناوچەیەدا.[٥٦]

سـۆڤیەتییەکانیش لە لای خۆیـانەوە خەریکـی ئامـادەکردنی خەڵکەکەیان بوون. ڕاپۆرتێکی ئاسۆشیێتد پرێس (Associated Press)، کە لە مۆسکۆوە ئامـادەکرابوو، بـاس لە بەرنـامەیەکی تەلەڤزیـۆنی دەکـات، تێیـدا سـەربازێکی سـۆڤیەتی نیشـاندراوە، ڕووی قەمەی چەکەکەی کردوەتە خۆرهەڵات، بەرەو کەسێک، کە بەئاشکرا دیارە، کەسێکی ئاسیاییە، قژی لە دواوە تۆپەڵ کردوە، سەربازەکە بەرەو ئاسۆ دەڕوانێت.[٥٧]

پێوەنـدییەکانی سـەر سـنوور ئەو کـاتە خراپتـر بـوو، کە حکـوومەتی چـین لە لای خـۆیەوە کۆمەڵێک ڕێنمـایی دەرکـرد، بە بیـانوی "پاراستنی دەسـەڵات، ئاسایشـی نەتەوەیی کۆمـاری میللیی چـین"ەوە بڵاویکـردنەوە. ئەو ڕێنماییـانە باسـیان لە: پشـکنینی کەشتییە هاتوو، ڕۆیشتوەکان دەکرد، (ئۆکتۆبەری ١٩٦١). هەروەها پشـکنینی سـنوورەکان، (ئەپرەڵـی ١٩٦٥). هەروەهـا کـۆنترۆڵکردنی ئەو کەشـتییە بیانیـانەی کە بەنـاو ڕووبـارە سـنوورییەکاندا هاموشۆدەکەن، (ئەپرەڵی ١٩٦٦).[٥٨] هەندێک بەندی ئەو ڕێنماییـانە تەنها بۆ ئاژاوەنانەوە دانرابوون، لەوانە، بۆ نموونە، بەندی (٦)ی ڕێنماییەکـانی (١٩٦٦) دەڵێت: "پێویسـتە ئـاڵای چینیش هەڵ بکەن"، هەنـدێکی دیکەشـیان دەکـرا کێشـەی گەورەی بخوڵقانـدایە، ئەگەر بەوردی جێبەجـێ بکرانـایە، بـۆ نمـوونە: "بە بیـانووی شـکاندنی یاسـاکانی سـەلامەتی کەشـتیرانییەوە، سەرپەرشـتیاری بەنـدەرەکان بۆیان هەیە ڕێبگرن لە هەر کەشتییەکی بیانی کە میناکەیان بە جێ بهێڵێت". هەروەها تاقمی کەشتییەکان و سەرنشینەکانیان نەک تەنها لە وێنەگرتن، دروسـتکردنی نەخشـە، دەنـگ تۆمـارکردن، قەدەغەن،

بەڵکوو لە مەلەکردن، ماسی گرتن، هەرجۆرە ڕاوێکی دیکەش". لەو شتانەش کە (ڕێنماییەکانی ساڵی ١٩٦٥) قەدەغەیان کردبوو، ئەوەیە کە دەڵێت: "نابێت کەشتی، فڕۆکە و شەمەندەفەرەکان، خەڵکی، یان کەلوپەل، لە ڕێگە دابگرن."[٥٩]

لە قۆناغە سەرەتاییەکانی شۆڕشە ڕۆشنبیرییەکەدا، گرژیی سەر سنوورەکان تەواو تەشەنەی سەند. یەکێتی سۆڤیەت، لە مانگی فەبریوەری (١٩٦٦)دا، (ئەو ڕۆژەی کە کۆنگرەی بیستوسێیەمینی پارتی سۆڤیەتی دەگیرا)، نامەیەکی نهێنی نارد بۆ پارتە کۆمۆنیستەکانی ئەورووپای خۆرهەڵات، تێیدا چین بەوە تاوانبار دەکات، کە ڕازینییە دانوستانەکانی تایبەت بە دیاریکردنی سنوورەکانی سینۆ - سۆڤیەتی دەست پێ بکاتەوە، گوایە هەڕەشەی ئەوەش دەکات کە "چارەسەری دیکە" دەگرێتەبەر بۆ یەکلاییکردنەوەی کێشەکان. تەنانەت بەوەش کە چین میللەتەکەی ئامادەدەکات بۆ پێکدادانێکی چاوەڕوانکراو لەگەڵ سۆڤیەتدا.[٦٠] پارتی کۆمۆنیستی چینی، لە نامەیەکیدا بۆ پارتەکەی سۆڤیەت، لە بەرواری (٢٢ی مارتی ١٩٦٦)، ئەو داوەتنامەیەی ڕەت کردەوە، کە ئامادە بێت لە کۆنگرەی بیستوسێیەمینی پارتی سۆڤیەتیدا. یەکێک لە بیانوەکانیان ئەوەبوو کە (CPSU) خەریکی "بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندەی ئەوەیە، کە گوایە چین سنوورەکانی سۆڤیەتی بەزاندوە".[٦١]

لە مانگی مەی (١٩٦٦)دا، بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پڕوپاگەندانەی مانگی فەبریوەری، مارشاڵ چین یی (Ch'en Yi)، لە وتەیەکدا لە بەردەم کۆمەڵێک ڕۆژنامەنووسی وڵاتانی ئەسکەندەناڤیدا، یەکێتی سۆڤیەتی بەوە تاوانبارکرد، کە لە نێوان ساڵانی (١٩٦٠) تا کۆتایی (١٩٦٥)دا، (٥٠٠٠) ڕووداو و کێشەی ناوەتەوە، چەندین کردەوەی

توندوتیژی و تێکدەرانەی لە ناو سنوورەکانی چیندا، ئەنجامداوە. هەروەها وتی "ئەمانە سوپاکەشیان لە سەر سنوورەکانی سینۆ - سۆڤیەتی بەکاردەهێنن، بەردەوام مانۆڕی سەربازی لەو ناوچانەدا ئەنجامدەدەن، تێیدا چین وەک دوژمنێکی چاوەڕوانکراو هەستپێدەکرێت". هەروەها باسی لەوە کرد، سەرەڕای ئەو ملیۆن و نیو کیلۆمەتر چوارگۆشەیەی، کە ڕووسیای تزاری ( Tsarist Russia)، لە ڕێگەی "رێککەوتننامە نابەرابەرەکانەوە" دەستی بە سەردا گرتبوو، کەچی ئێستا یەکێتی سۆڤیەتیش، "وەک پێشێلکارییەک بۆ ئەو ڕێککەوتنامانە"، چەندین ناوچەی دیکەشی داگیر کردوە.(٦٢)

لە (٢ی ئۆکتۆبەری ١٩٦٦)دا، مۆسکۆ ڕایگەیاند کە نزیکەی (٢) ملیۆن چینی خۆپیشاندانێکیان لە سەر سنوورەکانی سۆڤیەت، وەک پشتگیرییەک بۆ داوا ناوچەییەکانی چین، ڕێکخستوە، بە تایبەتیش لە سەر سنوورەکانی نێوان مەنشوریا و خۆرهەلاتی دووری سۆڤیەتی. گوایە هێزەکانی چین چەند جارێک تەقەیان لەو کەشتییە سۆڤیەتیانەش کردوە، کە بەردەوام لە ڕووباری ئاموردا دێن و دەچن.(٦٣)

لە مانگی نۆڤەمبەری (١٩٦٦)دا، توان لۆ- فو (Tuan Lo-Fu)ی جێگری وەزیری فێرکردن، لەو ڕێپێوانەدا، کە سازکرابوو بۆ پێشوازییکردن لەو خوێندکارە چینیانەی یەکێتی سۆڤیەت ناردبوونییەوە، لە وتەیەکدا وتی: "سەرۆک ماو وەها فێریکردووین، کە ئێمەی گەلی چینی، تادوا دڵۆپی خوێنمان ڕووبەڕووی دوژمنەکانمان ببینەوە. هەر ئەوەشە وامان لێ دەکات، کە سووربین لە سەر بەدەستهێنانەوەی ناوچە لە دەستچووەکانمان، بە هێز و بازووی خۆمان".(٦٤)

هەر مانگێـــک دوای دەرچـــوونی ڕێنمـــاییە یەکلایەنیـــیەکەی (ئەپرەڵی ١٩٦٦) چین، لە سـەر چۆنێتی کۆنترۆڵکردنی هاموشۆی کەشـتییەکان لە نـاو ڕووبـارە سـنوورییەکاندا، ئەوانەشـی کە لە مـانگی مەیدا دەرچـوون، لە مـانگی جونـدا، برێجنێڤ و پۆدگۆرنی (Podgorny) (*)

(*) نیکۆلای پۆدگۆرنی – Podgorny: سەرۆکی یەکێتی سۆڤییەت لە ساڵانی (١٩٦٥-١٩٧٧)دا. وەرگێڕ

سەردانی ناوچەکانی خۆرهەڵاتی دووریان (Far East) کرد، بـۆ چەسـپاندنی فەرمانەکـانی لینـین، سـەبارەت بە ناوچەکـانی خەبەرۆڤیسـک و ماریتـایم. لەو سـەردانەدا، چەنـد وتارێکیـان پێشکەش کرد، تێیدا، ڕاشکاوانە جەختییان لە سەر ئەوە کردەوە، کە پێویسـتە خەڵکـی ئەو نـاوچەیە چـاو کـراوەبن، بەردەوام لە ئامادەباشیدا بن.(٦٥)

لە بەر ڕۆشـنایی ئەو بـارە گـرژەدا، کـردنەوەی چەنـدین قوتابخـانەی مەشـقی سـەربازی، لە (٧ی دیسـەمبەری ١٩٦٦)دا ڕاگەیەنرا، بە مەبەستی مەشقپێکردنی خەڵکانی سیڤیلی کۆمارەکانی کازاخستان، تاجیکستان و قیرغیزستانی ناو یەکێتی سۆڤیەت.(٦٦) لەو کـاتەدا (چین یـی – Chen Yi) ڕایگەیانـد، کە ڕووسـیا (١٣) یەکەی سـەربازی گواسـتوەتەوە بـۆ سـەر سـنوورەکانی لەگەڵ چینـدا.(٦٧) وا مەزەنـدە دەکرێـت، کە سـەرکردایەتی سـۆڤیەتی، لە پلینیـۆمی کـۆمیتەی ناوەنـدیی حیزبـدا، لە مـانگی دیسـەمبەری (١٩٦٦)دا، گرینگیی تایبەتی دابێت بە ئەگەری جۆرێک لە جۆرەکانی دەستێوەردانی سەربازی لە چیندا.(٦٨)

لە مـانگی جەنیـوەری (١٩٦٧)دا، ڕاپـۆرتە ڕۆژنامەوانییەکـان باسـیان لەوە دەکـرد، کە لە چەنـد مـانگی ڕابـردوودا، چەنـد سـەد

هەزار کەسێک لە ویغور (Uighurs) و کازاخییەکان (Kazakhs)، لە سنووری ناوچەی سینکیانگەوە هاتوون بە م دیودا، داوای پەنابەریتییان لە یەکێتی سۆڤیەت کردوە. ئەم کۆڕەوەش، دەگەڕێتەوە بۆ ترس لەو شۆڕشە کەلتووری و ڕۆشنبیرییەی لە ئارادابوو، کە لەگەڵ خۆیشیدا، ڕاوەدوونان و قەڵاچۆکردنی هەوادارانی سۆڤیەتیشی هێنابوو. هەروەها نیشتەجێکردنی بەلێشاوی چینییەکان لە سینکیانگ، ئەو چەوساندنەوەیەی، کە گوایە، دژ بە کەمایەتییە نەتەوەییەکانی دیکە ئەنجام دەدرا.[٦٩]

بە گلدانەوەی کەشتی سۆڤیەتی (زاگۆرسک - Zagorsk) لە مینای (دایرین - Dairen)، لە (٨ بۆ ٢٨ی دیسەمبەری ١٩٦٦)، بە بیانووی ئەوەی کە گوایە (زاگۆرسک) "یاساکانی بەندەرەکە"و "سەروەری چینی" پێشێلکردوە، پێوەندییەکانی سۆڤیەت - چین زیاتر شێوا. ئەمە وایکرد کە وەزیری بازرگانی دەریایی سۆڤیەتی، نارەزایی دەربڕێت.[٧٠]

لە (٢٩)ی مانگی جەنیوەریدا، ئاژانسی دەنگوباسی چینی نوێ (NCNA)، لە هەواڵێکیدا دەڵێت، خۆپیشاندەران لە ئوروومچی (Urumchi)ی پایتەختی سینکیانگ "بڕیاریانداوە، کە سینکیانگ بکەنە بەربەستێکی بەهێز، لە جەنگی دژ بە ڕیڤیژنیزمە(*)

(*) ڕیڤیرنیزم (Revisionism): لە ڕێی لادەر، لە ڕێباز دەرچوو، گومڕا. بەو کەسانە دەگوترێت کە دەستکاری ڕێبازێک دەکەن و گۆڕانکاریی تێدا دەکەن، بە تایبەتی بەوانە دەگوترێت کە گۆڕانکارییان لە ڕێبازی مارکسیدا کردوە. (وەرگێڕ).

نوێیەکانی سۆڤیەتدا. بارودۆخەکە ئەو کاتە زیاتر گرژی لێکەوتەوە، کە لە مانگی فەبریوەری (١٩٦٧)دا، باڵیۆزخانەی سۆڤیەت لە پەکین گەمارۆدرا. لە (٢)ی فەبریوەریدا، ڕادیۆی پەکین ڕایگەیاند، کە گوایە ئەو پیلانەی کە لە لایەن دەوڵەتە ئیمپریالیستییەکانی "ڕیڤیژنیستەکانی سۆڤیەت، ئەمریکاو یابانەوە"

له ئارادابوو، بۆ هێرشکردنه سەر چین، له ناوچەی هێیلۆنگکیانگ، (Heilungkiang)، واتا (مەنشوریا)وه، پوچەڵکرایەوه.[٧١] له (٥)ی فەبریوەریدا، ڕۆژنامەی ڕێد گارد وۆڵ (Red Guard Wall)، له سەر زاری (چین یی) بڵاوی کردەوه: "ڕەنگە لێکترازانێک ڕوو بدات له پێوەندییەکانماندا لەگەڵ (USSR)دا، ئەگەری جەنگیش له ئارادایه".[٧٢]

له (١١)ی فەبریوەریدا، هەموو هێزەکانی چین له سەر سنوور خرانه ئامادەباشییەوه، هەر له ڕۆژی دوای ئەوەشدا، ڕۆژنامەی واڵ (Wall) له پەکین، نوسیویێتی که گوایه سریەیەکی سوپای چینی، له نزیک ڤلادیڤۆستۆک (Vladivostok)، بەم دواییانه، بەرپەرچی هێرشی بەتالیۆنێکی سوپای سۆڤیەتی داوەتەوه، ژمارەیەکیشی لێ به دیل گرتوون. ئەو هەواڵه هیچ سەرچاوەیەکی دیکه باسی نەکردو نەیسەلماند.[٧٣] ئەم جارەشیان ماوتسی – تونگ، یەکێتی سۆڤیەتی بەوه تاوانبار کرد، که به درێژایی سنوورەکان، جموجۆڵی سەربازی هەبوه.[٧٤]

له (١٦)ی فەبریوەریدا، پراڤدا (Pravda) له سەر وتارێکیدا، پاشانیش ئیزڤێستیا (Izvestia) له مانگی ئەپرەڵدا، هێرشیان کرده سەر سیاسەتەکانی چین، سەبارەت به کێشەی نەتەوەکانی، بەوه تاوانباریکرد، که به زۆر هەوڵی تواندنەوەیان دەدات.

له (١٢)ی جولایدا، چین له ڕێگەی وتارێکەوه له ڕۆژنامەی (جین – مین جی - پاو) (Jen – Min Jih – Pao)، واتا (ڕۆژنامەی گەل)، وەڵامی ئەو تاوانبارکردنانەی دایەوه، وتی: هەموو نەتەوەکانی ناو چین یەکسانن، له کەشوهەوایەکی کۆمەڵایەتی دیموکراتیانەدا دەژین، به پێچەوانەی ئەو سیاسەته ئیمپریالیستیانەی، که (USSR) بەرامبەر به نەتەوەکانی ناوخۆی

پیادەی دەکـات.[٧٥] ئیتـر لە ناوەڕاسـتی مـانگی مارتیشـدا، هەواڵـی جموجـۆڵی زیـاتری (گـاردی سـوور) لە سـەر سـنوورەکان بـڵاو کرایەوە.[٧٦]

پەیـامنێرێکی پراڤـدا، بە نـاوی سـیمۆنۆڤ (Simonov)، لەو تێبینیانەیـدا کە سـەبارەت بە گەشـتەکەی نوسـیبوونی، پراڤـدا لە (١٩ی جولای ١٩٦٧)دا بۆی بڵاو کردوەتەوە، باسی پێکدادانی نوێ دەکـات، لە سـەر سـنوورەکانی بەشـی خـۆرهەڵاتی دوور. باسـی ئەوەش دەکـات، کە چـۆن گـاردی سـوور (Red Guards)، بارهەڵگرەکانیان بە سەر سەهۆڵی ڕووبارە بەستوەکەدا لێخوڕیوە، تەقەیان لە پاسەوانە سنوورییەکانی سۆڤیەت کردوە.[٧٧] لە (٢٨)ی مەیـدا (کۆسـیگین)ی سـەرۆک وەزیـران، خـۆرهەڵاتی دووری سـۆڤیەتی بە "شـورا پـۆڵاییینەکە" وەسـفکرد. مارشـاڵ یاکوبۆسـکی (Yakubousky)ی جێگری یەکەمی وەزیری بەرگریش، لە مـانگی ئۆگەسـتدا سـەردانی نـاوچە سـەربازیەکانی خـۆرهەڵاتی دووری سـۆڤیەتی کـرد.[٧٨] بـڵاو کراوەکـانی گـاردی سـوور، کە لەمـانگی ئۆگەستی (١٩٦٧)دا کەوتنە بەرچاو، بانگەشەی ئەوەیان دەکرد، کە گوایە، هێزەکانی چین، یەکەیەکی سوارەی سۆڤیەتییان تەفروتوونا کردوە، لەو کاتەدا کە هێرشیان هێناوەتە سەر نـاوچەی ئیلی (Ili)ی سینکیانگ.[٧٩]

گفتوگۆکـانی تـایبەت بە پرسـی کەشـتیڕانیکردن لە ئـاوە سـنوورییەکانی نێـوان هەر دوولا، لە مـانگی جـولای (١٩٦٧)دا گەیشتە بنبەست، لەبەر ئەوەی چین پێی لە سەر ئەوە دا دەگرت، کە دەبێت باسی کێشە سنوورییەکانیش بکرێت. هەر لەو کاتەشدا بوو، کەشتییەکی دیکەی سۆڤیەتی، سڤیرسک (Svirsk)، لە مـانگی ئۆگەستی (١٩٦٧)دا، لە بەندەری دایریندا دەستی بە سەردا گیرا. لە

(١١)ی ئۆگەست و (٣١)ی ئۆگەستدا، وەزیری دەرەوەی سۆڤیەتی بە فەرمی نارەزایی خۆی دەربڕی، چینی بەوە تاوانبار کرد، کە بەرپرس بوە لە شکستهێنانی دانوستانەکانی تایبەت بە سنووری ساڵی (١٩٦٤)، ئەوانەی تایبەت بە کەشتیرانی ساڵی (١٩٦٧)یش.[٨٠]

لە (١٨ی ئۆگەستی ١٩٦٧)دا، بەرپرسێکی وەزارەتی دەرەوەی چین، بە باڵیۆزی مەنگۆلیا بۆ پکینی وت:

"لەمێژە ئەم دەستەوتاقمە ڕێڤیژنیستەی کە حوکمی سۆڤیەت دەکەن، لە ڕێگەی کۆمەڵێک ڕێڤیژنیستی مەنگۆلییەوە، کە سەرکردەکەیان تسیدینباڵ (Tsedenbal)ە، دەستیانگرتوە بە سەر شادەماری ئابووریی مەنگۆلیادا، دەیان هەزار سەربازیان ناردوە بۆ ئەوەی مەنگۆلیا داگیربکەن".[٨١]

چین زۆر ترسی لەو سوپا کۆکردنەوەیە هەبوو لە سەر سنوورەکانی، بە تایبەتیش ئەوەی مەنگۆلیای دوور (Outer Mongolia)، چونکە بنکە ئەتۆمیەکانی لەوێ بنیادنابوو.[٨٢] هەر دوو ڕۆژنامەی پیپڵس دەیلی (Peoples Daily) و لیبرەیشن ئارمی (Liberation Army)، لە (٢ی نۆڤەمبەری ١٩٦٧)دا، لە سەر وتارێکی یەکگرتوودا، پیرۆزبایی لە دروستبوونی کۆمیتەی شۆڕشگێڕانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی مەنگۆلیای ناوەوە ( Inner Mangolian Autonomus Region Revolutionary Committee) دەکەن و دەڵێن: "ئەمە گورزێکی باشی وەشاندە ئەو پیلانە تێکدەرانەیەی، کە ئیمپریالیزم، ڕێڤیژنیزمە نوێیەکانی سۆڤیەت، ڕێڤیژنیزمە نوێیەکانی مەنگۆلیا، دایانڕشتبوو. ئەمە زۆر گرینگە بۆ پتەوکردن و بەهێزکردنی سنوورەکانی چین".[٨٣]

لە (١٩٦٧)دا، چین هەر بەردەوام بوو لە ناردنی خەڵک بە لێشاو، بۆ ناوچە سنوورییەکان، لەگەڵیشیاندا هێزەکانی سوپا،

خەڵکانی سەربازی. سۆڤیەتییەکانیش لە لای خۆیانەوە، هەر خەریکی زیادکردنی خەڵکی ناوچەکانی دیوی خۆیان بوون. ک. أ. نۆڤیکۆڤ (K. A. Novikov)، سەرۆکی کۆمیتەی حکومیی بەگەڕخستنی هێزی کار، لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ ڕۆژنامەی ئیکۆنۆمیک گازێت (Economic Gazette)دا، باسی لە بەرنامەیەک کردوە، بۆ پەرەپێدانێکی چڕوپڕی پیشەسازی و گەشتیاری، لە ناوچەکانی خۆرهەڵاتی دوور و چیتا (Chita)دا. هەروەها وتویەتی، لە ساڵانی داهاتووی نێوان (١٩٦٧ بۆ ١٩٧٥) دا، ژمارەیەک خێزانی زۆر لە کێڵگە هاوبەش و حکومییەکانی خەبەرۆڤسک، ئەوانەی ناوچەکانی مارتایم، ناوچەکانی ئامور و چیتا، نیشتەجێدەکرێن.[٨٤]

ساڵی (١٩٦٨)، چەندین ڕووداوی بچووک و لابەلا، لە سەر سنوورەکان ڕوویانداوە، بەڵام هیچ لایەکیان باسیان نەکرد. سۆڤیەتییەکان هەر بەردەوام بوون لە بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندە لە ناوچە سنوورییەکاندا، بە تایبەتیش لە ڕێگەی ڕادیۆی تاشقەند (Radio Tashkent)ەوە، کە پەخشەکەی فراوانکرابوو تا بگاتە سینکیانگ. لە ڕۆژی (٢٥ی ئەپرەڵی ١٩٦٨)دا، ئەم ڕادیۆیە لە وتارێکیدا بەراوردێکی کرد لە نێوان سیاسەتەکانی ماودا سەبارەت بە "بەزۆر تواندنەوەی کەمایەتییە نەتەوەییەکان"، لەگەڵ ئەو بنەمایانەدا کە لینین بانگەشەی بۆ کردوون، گوایە حکوومەتی سۆڤیەتیش پەیڕەوییان دەکات. هەندێک دەنگیش لێرەو لەوێ، باسی دروستبوونی "ڕژێمێکی دیکتاتۆری"یان دەکرد لە سینکیانگ.[٨٥] سەرۆکی دەستەی باڵای بەڕێوەبردنی هێزەکانی (KGB) لە بەرەکاندا، کۆلۆنێل پ. ڕ. زیریانۆڤ (P. R. Zyrianov) لە (٢٩ی مەی ١٩٦٨)دا، بە یەکێک لە پەیامنێرەکانی

ڕۆژنامەی (لیتێراتۆرنایا گازێتا – Literaturnaya Gazetta)ی ڕاگەیاند، کە پێکدادانی سەربازی لە سەر سنوورەکانی سۆڤیەت هێشتا هەر ماوە، "بەڵام بە شێوەیەکی بڵاو نییە". بەڕوونیش وتبووی کە هۆکارەکەی چینییەکانن، وتبووی: "تا ئێستاش خەڵکانێک هەن، بێمانایانە داوای بەشێک لە وڵاتەکەی ئێمە دەکەن، ئەمەش بە پشتبەستن بەهێزی قورگ و دەنگییان. ئەمجۆرە خەڵکانە هیچ بەهایەک بۆ ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتێکان دانانێن، سەبارەت بەو ناوچە سنوورییانەی، کە لە سەدان ساڵ لەمەوبەرەوە سنوورەکانیان دیاریکراون و چەسپێنراون، یاخود بۆ هیچ کام لە یاسا سنوورییەکان".(٨٦)

لە مانگی ئۆگەستی (١٩٦٨)دا، کە سۆڤیەت چیکۆسلۆڤاکیای داگیر کرد، چین ترسی لێنیشت، بە تایبەتیش لە ناڕوونی و نا ئاشکرایی لێدوانەکانی سۆڤیەت سەبارەت بە ئەگەری پیادەکردنی (مەزهەبەکەی بریجنێڤ – Brezhnev doctrine)، کە بەو پێیە، ئەگەری ئەوە هەبوو ئەم کێشەیە ڕووبکاتە چینیش، وەک قوربانیی داهاتووی پەلامارە داگیرکارییەکانی سۆڤیەت. سۆڤیەت لەوکاتەدا بۆیە پەلاماری چیکۆسلۆڤاکیایدا، تاڕێگە لەوە بگرێت کە تەنها پارتێک دەستبگرێت بە سەر کۆنگرێسدا، کە ئەمەش حکوومەتەکەی دوبجەک (Dubcek)ی بەهێز دەکرد. تۆبڵێی سۆڤیەت، پێش بەستنی کۆنگرەی نۆیەمی، هەمانشت لەگەڵ چینیشدا دووبارە بکاتەوە؟

لە (١٦ی سێپتەمبەری ١٩٦٨)دا، چینییەکان ناڕەزایینامەیەکیان ئاڕاستەی یەکێتی سۆڤیەت کرد، کە گوایە فڕۆکە جەنگییەکانی سۆڤیەت لە (٩ی ئۆگەستەوە بۆ ٢٩ی ئۆگەست)، (٢٩) جار سنووری ئاسمانیی چینییان، لە ناوچەی هێلۆنکیانگ

(Heilungkiang) بەزاندوە.[٨٧] (چو ئین - لای) یش لە وتەیەکیدا، لە (٢٩ی سێپتەمبەری ١٩٦٨)دا، هەمان تاوانبارکردنی دووبارە کردەوە، بگرە زیاتریش، ئەو یەکێتی سۆڤیەتی بەوە تاوانبار کرد، کە "خەریکی شەڕەنگێزی سەربازییە"و "پاڵ بە چینەوە دەنێت لە دژی بجەنگێت".[٨٨]

لە مانگی دیسەمبەری (١٩٦٨)دا، دەستپێکردنی مانۆڕێکی سەربازیی فراوان، لە سەر سنوورەکانی سینۆ - سۆڤیەتی، لە لایەن فەرماندەی هێزەکانی سۆڤیەتی ناوچەکانی خۆرهەڵاتی دوورەوە، ڕاگەیەنرا.[٨٩]

ئیتر شەڕی پڕوپاگەندە، سەبارەت بە سنوورەکان، تەواو سارد بوەتەوە، تا لەمانگی مارتی (١٩٦٩)دا، بەتوندی سەری هەڵدایەوە، ئەوکاتەی کە پاسەوانە سنوورییەکانی هەر دوولا، لە سەر ڕووباری ئوسوری، لە (٢ی مارتەوە تا ١٥ی مارت)، کەوتنە تەقەکردن لە یەکتری. شوێنی شەڕەکە دوورگەییەکی چۆڵی بچووک بوو، کە درێژییەکەی میلونیوێکو پانییەکەی نیو میل دەبێت. ڕووسەکان پێی دەڵێن دوورگەی دامانسکی ( Damansky Island)، بەڵام چینییەکان ناویان ناوە دوورگەی چێن پاو ( Chen Pao Island). پێگەی ئەم دوورگەیە لە ڕێککەوتننامەکانی ئایگون و پەکین (Aigun and Peking)دا گفتوگۆی لە سەر کراوە.

لە (٢)ی مارتدا، هەر دوو حکوومەتەکە نارەزایی توندیان ئاراستەی یەکتری کرد. سۆڤیەتییەکان داوای لێکۆڵینەوەی دەست و برد و سزادانی بەرپرسانی ڕووداوەکەیان دەکرد، هەروەها داوایان دەکرد هەنگاوی بە پەلە بنرێت بۆ بەرگرتن لەهەر توندوتیژییەکی دیکە لە سەر سنوورەکان، ڕایانگەیاند کە "هەر کارێکی ئیستیفزازی و نابەرپرسانەی دەسەڵاتدارانی چین"، لە

لایەن ئێمەوە "زۆر بە توندی بەرپەرچدەدرێتەوە".[٩٠] چینییەکانیش بە هەمان شێوە، داوای قەرەبوویان کرد، ڕایانگەیاند کە ئەگەر حکوومەتی سۆڤیەتی هەر بەردەوام بێت لە "بەرپاکردنی کێشەی چەکدارییی"، ئەوا "بە توندی بەرپەرچیدەدرێتەوە".[٩١]

ڕۆژی (٣)ی مارت، خۆپیشاندانێکی گەورەی نارەزایی لە دەرەوەی باڵیۆزخانەی سۆڤیەتی لە پەکین، بەرپا کراو، بۆ ماوەی چوار ڕۆژ باڵیۆزخانەکە گەمارۆدرا. دوای چەند ڕۆژێک، چەندین خۆپیشاندانی هاوشێوە لە سەرانسەری چیندا بەرپاکران.[٩٢]

لە ڕۆژی (٤)ی مارتدا، هەر دوو ڕۆژنامەی جین - مین جی پاو (Jin-Min Jih Pao)، (واتا، ڕۆژنامەی گەل)، چی - فانگ چین پاو (Chien-Fang Chin-Pao)، واتا (ڕۆژنامەی سوپای ڕزگاریی)، لە سەر وتارێکی هاوبەشدا سۆڤیەتییان بەوە تاوانبارکرد، کە بە دەستی ئەنقەست پشێووی دەنێتەوە، سەرزەنشتی ئەو پڕوپاگەندانەشیان کرد، کە گوایە چین پاو (Chen Pao) ناوچەیەکی سۆڤیەتییە. لە کۆتاییشدا سۆڤیەتییان لەوە ئاگادارکردەوە، کە واباشترە دەست لەم کارانە هەڵگرێت.[٩٣] حکوومەتی سۆڤیەتیش لە لای خۆیەوە، لە (٦)ی مارتدا نارەزایینامەیەکی توندی نارد لە دژی ئەو خۆپیشاندانە (دژە-سۆڤیەتی)یانەی پەکین.[٩٤]

لە بەری ڕووسیاشەوە، ئەگەرچی هەندێک خۆپیشاندان، لە خەبەرۆڤسک و ڤلادیڤۆستۆک (Vladivostok)، لە (٣و ٤)ی مارتدا ڕوویاندا،[٩٥] بەڵام تا (٧)ی مارت هیچ خۆپیشاندانێک لە مۆسکۆ ڕووینەدا.[٩٦]

لە (٧)ی مارتدا، سەرۆکی بەشی ڕۆژنامەوانی لە وەزارەتی دەرەوە، ل. زامیاتین (L. Zamyatin)، لە کۆنفرانسێکی

ڕۆژنامەوانیدا، پاش ئەوەی کە بۆ یەکەم جار بەدرێژی باسی ڕووداوەکانی کرد، ئینجا وتی کە گوایە چینییەکان بریندارەکانیان گوللەباران کردوە و بەنێزە کوشتوویانن، تەنانەت هەندێک لە کوژراوەکان "دەموچاویان وەها شێوێنرابوون، کە نەدەناسرانەوە".[٩٧] لە (٨)ی مارتدا خۆپیشاندانێکی گەورەتر لەوەی ڕۆژی پێشووتر، لە بەردەم باڵیۆزخانەی چین لە مۆسکۆ، بەرپا کرا. لە شارەکانی دیکەی سۆڤیەتیش، لە (٨ و ٩)ی مارتدا، چەندین خۆپیشاندان بەرپاکران.[٩٨]

لە (١١)ی مارتدا، خۆپیشاندانێک لە بەردەم باڵیۆزخانەی سۆڤیەتی لە پەکین، بەرپابوو، لە دژی بەردبارانکردنی باڵیۆزخانەی چین لە مۆسکۆ، ئەم خۆپیشاندانە سێ ڕۆژ درێژەی کێشا.[٩٩] هەر لە (١١و ١٢)ی مارتدا، باڵیۆزخانەی چینیش دوو نارەزایی فەرمی پێشکەش بە وەزارەتەکەی سۆڤیەت کرد، لەدژی خۆپیشاندانەکانی مۆسکۆ، ئەو زەرەر و زیانانەی کە بە خەڵکەکەی ناو باڵیۆزخانەکە و بیناکەی گەیەنراون، باسکرابوو.[١٠٠]

لە وتارێکی ڕادیۆییدا بەناونیشانی (با ئەقڵ زاڵ بێت بە سەر سۆزماندا)، کە لە ڕادیۆی (ئاشتی و پێشکەوتن)ی ماندارین (Mandarin)ەوە بڵاو کرایەوە، کە ڕادیۆیەکی ڕووسی بوو، ئاڕاستەی چین کرابوو، مۆسکۆ پەیامێکی ئاڕاستەی خەڵکی چین کرد، تێیدا سۆڤیەت، گروپە ماویستەکانی (Maoist Group) بە ئاژاوە و پشێوینانەوە لە سەر سنوورەکان تاوانبارکرد و داوایکرد، کە گیانی برایەتی و تەبایی نێوان هەر دوو میللەت بپارێزرێت، بە بیسەرانیشی ڕاگەیاند، کە "دەستەوتاقمی ماویەکان" بە مەبەست ئەم ئاژاوە و دووبەرەکییە دەنێنەوە، تا خەڵکی نەپرژێتە سەر ئەوەی بیر لە دەرئەنجامە خراپەکان، وێرانکارییەکانی شۆڕشە

ڕۆشنبیرییەکە (Cultural Revolution) بکەنەوە.[١٠١]

لە (١٣)ی مارتــدا، وەزارەتـــی دەرەوەی چـــین نووســـراوێکی ئاڕاســتەی باڵیۆزخـانەی سـۆڤیەت کـرد، سـەفارەت ڕازینەبـوو لێـی وەربگرێت، تێیدا بانگەشەی ئەوە دەکات، کە لە ماوەی نێوان (٤ بۆ ١٢)ی مارتدا، زرێپۆشەکانی سۆڤیەت "لە نـاوچەی (دوورگەی چێن پـاو - Chen Pao Island)، شـەش جـار هـاتوونەتە ناوخـاکی چینەوە" و هێلیکۆپتەرەکـانی سـۆڤیەتیش، لەو مـاوەیەدا، دووجـار بە سەر ناوچەکەدا فڕیون.[١٠٢]

دوای ئەوە، حکوومەتی سـۆڤیەتی بەیـانێکی دەرکـرد، کە گـوایە کۆمەڵێک سەربازی چینی، لە (١٤)ی مارتـدا ویسـتوویانە دوورگەی دامانسکی (Damansky Island) داگیربکەن، بەڵام تێکشکێنراون.[١٠٣]

لە (١٠)ی مارتـــــدا، وەزارەتـــــی دەرەوەی چـــــین بەیـــــانێکی دوورودرێـژی سـەبارەت بە کێشـە سـنوورییەکان، بـڵاو کـردەوە، لەوبـارەیەوە ڕای خـۆی بە ئاشـکرا دەربـڕی. هەر لەو بەیانەشـدا باس لە مێژووی پێوەندییە سنوورییەکان کراوە، گێڕاویەتییەوە بۆ ساڵانی(١٦٨٩).[١٠٤]

ڕۆژنامەی ئاڵای سـوور (Red Flag)یش، لە ژمـارەی (١٤)ی مارتـدا، لە نووسـینێکیدا دەڵێت، ئەگەر سـەرانی سـۆڤیەت جەنگیـان دەوێـت "بـا تەفروتونایـانکەین". ئینجـا دەڵێـت: ڕیڤیژنیسـتەکانی سـۆڤیەت تیـۆریی (باڵادەسـتی سـنووردار، یـاخود دەسـەڵاتی پـاوەنکراو - Limited Sovereignty) یـان هێنـاوەتە ئـاراوە، تـا پاساو بهێننەوە بۆ پێشڕەویکردنی هێزەکانیان بۆ ناو وڵاتانی دیکە. ئەمەش بۆمـــانی ڕوون دەکـــاتەوە، کە ئەو شـــەڕەنگێزییە چەکداریانەی ئەم دواییەیان چیتر بە ڕێکەوت نەبوە.[١٠٥]

لە (١٥)ی مارتیشـدا، دیسـان پێکدادانێکی دیکە ڕوودا، ئەمەیـان

لەوەی (٢)ی مـــارت فراوانتـــر بـــوو. بە پەلە، هەر دوولا کەوتـــنە نـارەزایی دەربڕینـی دیبلۆمـاتی، یەکتریـان بەو کـارە شـەڕەنگێزییە نـــوێیە تاوانبـــارکرد.[١٠٦] ئیتـــر کەوتـــنە قســـە وتـــن بە وڵات و سەرکردەکانی یەکتری.[١٠٧] هەر دوولا یەکترییان بەوە تاوانبارکرد، کە لە ژێـرەوە لەگەڵ خۆرئـاوادا، بە تـایبەتی ئەڵمانیـای خۆرئـاوا، دەستییان تێکەڵ کردوە و پیلاندەگێڕن لە دژی ئەوی دی.[١٠٨]

لە (٢١)ی مارتدا، کۆسیگین داوایکرد، کە بە تەلەفۆن پێوەندی لەگەڵ سـەرکردە چینییەکاندا بکات، بەڵام حکوومەتی چین، ڕۆژی دواتـر بە نووسـراوێکی فەرمـی وەڵامیـدایەوە و وتـی: "لە ڕوانـگەی ئەو پێوەندییەوە، کە ئێستا لە نێوان چین و یەکێتـی سۆڤیەتدا هەیە، بە شـیاوی نـازانین لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە پێوەنـدی بە یەکتـرییەوە بکەیـــن، ئەگەر حکـــوومەتی ســـۆڤیەتی هەر شـــتێکی هەیە، بـــا بە شێوەی فەرمی، لە ڕێگەی کەناڵە دیپلۆماسییەکانەوە، بیگەیەنێت بە حکـوومەتی چـین".[١٠٩] لە وەڵامـدا، حکـوومەتی سـۆڤیەتی، لە (٢٩ی مارتی ١٩٦٩)دا، لە سەروبەندی بەستنی کۆنگرەی نۆیەمی حیزبی شیوعیی چیندا، تێبینییەکی نووسـراوی بۆیـان نـارد، کە تێیدا، پاش دووبارە باسکردنەوەی بۆچوونەکانی سۆڤیەت سـەبارەت بەو دوو پێکدادانەی ئەم دواییانەی ناوچەی ئوسـووری (Ussuri)، باسـی لە پرســـی ئەو ڕێککەوتننامـــانەش کـــردوە کە بـــوونەتە بنەمـــا بـــۆ داڕشـتنەوەی سنوورەکانی سینۆ - سۆڤیەتی، تێیدا دەڵێت کە ئەم ڕێککەوتننامانە تا ئێستاش هەر بەکارن، ئەوەشی ڕەت کـردەوە، کە هـیچ جـۆرە (نایەکسـانی و نـابەرابەری) یەکیـان تێدابێت. هەروەهـا ئەوەشـی تێـدا ڕوونکـراوەتەوە کە یەکێتـی سـۆڤیەت، داکـۆکی لەو ناوچانە دەکات، کە بە هۆی ئەو ڕێککەوتننامانەوە بە دەسـتیهێناون، هەر چـــی هێـــزی هەیە لەو پێنـــاوەدا دەیخاتەکـــار. لە کۆتاییشـــدا

پێشنیاری ئەوە دەکات، کە هەرچی زوە، دانوستانە سنوورییەکانی سینۆ- سۆڤیەتی دەست پێ بکاتەوە، کە لە (١٩٦٤)ەوە وەستێنراون.(١١٠)

لە (١ی ئەپرەڵی ١٩٦٩)دا، لین پیاو (Lin Piao)، لە ڕاپۆرتە سیاسییەکەیدا بۆ کۆنگرەی نۆیەم، باس لە کێشە سنوورییەکان دەکات، تاوانی پێکدادانە چەکدارییەکان دەخاتە ئەستۆی یەکێتی سۆڤیەت، دەڵێت کە حکوومەتی چینی بەردەوام لەگەڵ دانوستاندا بوە "بۆ گەیشتن بە چارەسەرێکی عادیلانەی بەرپرسانە". پاشان دەڵێت: "پێویستە چارەسەرێک بگیرێتەبەر، ئارامی سنوورەکان بپارێزرێت، بۆ ئەوەی پێکدادان دروستنەبێت". ئینجا باسی ڕێککەوتننامە کۆنەکان دەکات و دەڵێت: "ئەمانە ڕێککەوتننامەیەکی نابەرابەرن، کاتی خۆی تزارەکان بەزۆر سەپاندویانە بە سەر میللەتی چینیدا، بەڵام لەبەر پاراستنی ئەو دۆستایەتییە شۆڕشگێڕانەیەی کە لە نێوان چین و گەلی سۆڤیەتیدا هەیە، ئێمە ڕازیبووین کە ئەو ڕێککەوتننامانە بکرێن بە بنەماو سەرچاوە لە چارەسەرکردنی کێشە سنوورییەکاندا"، بەڵام "ریڤیژنیستە"کانی سۆڤیەت، ئەمە ڕەت دەکەنەوە، سورن لە سەر باڵادەستییان بە سەر ناوچە چینییەکانەوە. پاشان باس لە وتارەکەی (٢٩)ی مارتی سۆڤیەتییەکان دەکات و دەڵێت: "حکوومەتی چینی خەریکی ئامادەکردنی وەڵامێکی گونجاوە بۆی".(١١١)

ئەگەرچی لەبەر بەڕێوەچوونی کۆنگرەی نۆیەم، هیچ وەڵامێک چاوەڕێنەدەکرا بۆ تێبینییەکانیان، بەڵام وەزارەتی دەرەوەی سۆڤیەتی بە دوای تێبینییەکانی (٢٩)ی مارتدا، لە (١١)ی ئەپرەڵیشدا دانەیەکی دیکەی بۆ ناردن، داوایلێکردن کە لە (١٥)ی ئەپرەڵدا گفتوگۆکان لە مۆسکۆ دەستپێبکەنەوە، یاخود "لە

هەر بەروارێکـــی دیـــکەی نزیکـــدا، کە چینییەکـــان بەگونجـــاوی دەزانن".[١١٢]

لە ٢٣ی ئەپرەڵـدا، هەر دوو ئاژانسـی دەنگوباسـی، چینی نـوێ (NCNA)و پراڤــدا، شــەڕە وتــار و هێرشــکردنە ســەر وڵاتــی بەرامبەریـان لە نوسـینەکانیاندا دەسـتی پـێ کـردەوە، لە سـەر بڵاوکــردنەوەی فیلمێکــی دۆکیومێنتــاری چینــی، ســەبارەت بە ڕووداوەکانی سەر سنوور.[١١٣]

لە (٢٦)ی ئەپرەڵـدا، سـەرۆکی لایەنـی سـۆڤیەتی، لە لیـژنە دوو قۆڵیەکەی سینۆ – سۆڤیەتی، تایبەت بە دەریـاوانی لە ڕووبارەکـانی خۆرهەڵاتی دوور دا، کە لە (١٩٥١)دا دامەزرێنرابوو، لە نامەیەکیدا بـۆ هاوکـارە چینـییەکەی، پێشـنیاری کـردوە، کە لیـژنەکە لە مـانگی مەیدا، لە خەبەرۆڤیسک کۆببێتەوە. تـاس (Tass)یش لە هەواڵێکیدا لە (٢)ی مەیـــدا، ڕایگەیانـــد کە چینییەکـــان (خۆدەپـــارێزن) لە بەشـداریکردن لەو کۆبـوونەوەیەدا، کە لایەنـی سـۆڤیەتی لە سـاڵی (١٩٦٨)دا پێشنیاریکرد بۆ لیژنەکە.[١١٤]

لە (١١)ی مەیـدا، سـەرۆکی لایەنـی چینـی لیـژنەکە، ڕازیبـوو بەشـداری کۆبـوونەوەیەکی لیـژنەکە بکـات، کە ئەو پێشـنیاریکرد لە (١٨)ی جونـدا بگیرێـت، بانگەشـەکانی لایەنـی سۆڤیەتیشـی ڕەت کردەوە، سەبارەت بە کۆبوونەوەکەی ساڵی (١٩٦٨)، وتی کە گوایە ئەو کۆبوونەوەیە، سۆڤیەتییەکان بۆ خۆیـان "هەڵیانوەشاندەوە".[١١٥] لیـژنەکە لە (١٨)ی جونـدا، لە خەبەرۆڤیسـک کۆبـوەوە. ئیتـر پـاش چەنـد گۆڕانکـارییەک، لیـژنەکە بە سـەرکەوتوویی لە سـەرەتای ئۆگەستی (١٩٦٩)دا کۆتایی بە کارەکانی هێنا.[١١٦]

سـەرەتای مـانگی مەی بە کۆمەڵێـک وتـاری ڕۆژنـامەوانی، لە چاپەمەنیەکـانی سـۆڤیەتدا دەسـتی پـێ کـرد، کە لە دژی چـین

بڵاوکرانەوە، هێرشیان دەکردە سەر کەسێتی ماوتسی – تۆنگ و لین پیاو، بەرپرسیارێتی پێکدادانە سنوورییەکانیانی دەخستە ئەستۆی ئەوان.(١١٧)

لە (٢٤)ی مەیدا، چین وەڵامێکی دوورودرێژی نارد بۆ تێبینییەکانی (٢٩)ی مارتی سۆڤیەت، تێیدا پێشنیاریکرد، کە هەر ئێستاو دەمودەست، دانوستان بکرێت. جەختیشی لە سەر ئەوە کردەوە، کە سیاسەتی پەکین خۆپاراستن و خۆلادانە لە کێشەو پێکدادانی سنووری، چارەسەری ئەم کێشانەی لە ڕێگەی دانوستان و گفتوگۆی دیپلۆماسییەوە دەوێت. هەر لەو میانەشدا، بەرپرسیارێتی پێکدادانەکانی مانگی مارتی (چین پاو/ دامانسکی)و چەند ڕووداوێکی دیکەی سنووریی، خستە ئەستۆی یەکێتیی سۆڤیەت، جەختی لە سەر ئەوە کردەوە، کە (چین پاو) هەر ناوچەیەکی چینی بوە، تەنانەت بە پێی ڕێککەوتننامە (نابەرابەر)ەکانیش، وتی کە گوایە یەکێتی سۆڤیەت، بە شێوەیەکی نایاساییانە هەندێک ناوچەی داگیرکردوە، کە لە ناو ئەو ڕێککەوتننامانەدا پێینەدراون، چین ناچار بوە، بە پێی ڕێککەوتننامەکانی سەدەی نۆزدەیەم، دەستبەرداریان ببێت، نەک هەر تەنها لە ناوچەی (ئامور – ئوسوری)، بەڵکوو لە پامیرس (Pamirs)یش، لە سەر سنووری خۆرئاوای ناوچەی سینکیانگ. هەروەها لە درێژەی نوسراوەکەدا چین پێشنیاری ئاگربەستێک دەکات، بە درێژایی ئەو هێڵە سنوورییەی "کە بە ڕاستی لە ژێر دەسەڵاتی دایە" لە ناوچەی ئامور - ئوسوری، هەروەها، وەک سەرەتایەک بۆ ڕێککەوتنو چارەسەرێکی سەرتاسەری کێشە سنوورییەکان، داوای هەڵوەشاندنەوەی ئەو ڕێککەوتننامە (نابەرابەر)انەی کرد، بەڵام، لە هەمانکاتیشدا ڕازیبوو، کە ئەو

ڕێککەوتننامـانە ببنە بنەمـایەک بـۆ بـابەتی ئەو ڕێککەوتنـانەی کە "پێویسـتیان بە دەسـتکاری هەیە لە هەنـدێک جـێگەی تایبەتـدا". لە کۆتاییشـــدا نوســـراوە کە ئەو بەروارەی (١٥)ی ئەپرەڵـــی ڕەت کـردەوە (کە هەر بەســەریش چووبــوو)، کە لە لایەن مۆسـکۆوە پێشنیارکرابوو بۆ دەستپێکردنی "دانوستانێکی گشتیو هەمەلایەن" سـەبارەت بە سـنوورەکان، پێشـنیاریکرد کە هەر دوولا لە ڕێـگەی کەناڵە دیپلۆماسییەکانەوە، لە سەر بەروارێکی دیکە ڕێکبکەون.[١١٨]

لە دوای ئەم نوسراوەشـەوە هێرشـی ڕادیـۆ و چاپەمەنییەکـانی چـین هەر بەردەوام بـوو لە دژی "تزارە نوێیەکـان"و ئەو نووسـەرە سۆڤیەتیانەی کە هێرشیانکردبوە سەر چین.[١١٩]

لە (٦ی جــونی ١٩٦٩)دا، لە ناڕەزاییەکیــدا بــۆ باڵیۆزخــانەی ســۆڤیەتی، حکــوومەتی چینــی نــاڕەزایی دەربــڕی لە دژی ئەو ڕووداوانەی کە هێـزە سـۆڤیەتییەکان لە مـانگی مـارت و مەیـدا، بە ئەنقەست خولْقاندوویانە، تێیدا تەقەیان لە ناوچە چینییەکـان کردوە. هەر لەو ناڕەزایینامەیەدا هـاتوە، کە هێـزە سـۆڤیەتییەکان سـێ جـار سـنووریان بەزانـدوە، لە (١٦، ١٧و ٢٥)ی مـانگی ئەپرەڵدا، تەنـانەت هێزێکـی گەورەی سـۆڤیەتی، بەپاڵپشـتی سـەدان تانـک، زرێپـۆش و ئۆتــۆمبیلی ســەربازی، لە (٢)ی مــانگی مەیــدا، حەوت کیلــۆمەتر پێشـــڕەوییان کـــردوەتە نـــاو نـــاوچە شـــاخاوێکانی بـــارلوک (Barluk)ەوە، داویانە بە سەر شوان و گاوانەکانی ئەو نـاوچەیەدا، ماڵاتەکانیـان پەرشــوبڵاوکردوونەتەوە، هەڕەشــەیان لە پاسـەوانە سنووریەکانی چین کردوە.[١٢٠]

پێش ئەو بەروارەش، لە (٢٥)ی ئەپرەڵ و (٤)ی مەیدا، یەکێتـی سۆڤیەت چەند ناڕەزایینامەیەکی ناردبوو بۆ حکوومەتی چین، بەڵام مۆسکۆ بڵاوینەکردبوونەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا، لە (١٣)ی مەیدا

چەند سەرچاوەیەکی نافەرمی باسیان لەوە کردوە، کە چەند ڕووداوێک لە سەر سنوورەکانی سینکیانگ لە مانگی ئەپرەڵ و (٢)ی مەیدا، ڕوویانداوە، تەنانەت لە (١٣)ی مەیدا، نزیکەی هەزار سەربازی چینی پێشڕەوییان کردوەتە ناو ناوچەکانی سۆڤیەتەوە.[١٢١]

لە (١١)ی جوندا، چین لە نوسراوێکی دیکەیدا باس لەوە دەکات، کە سەر لە ئێوارەی ڕۆژی پێشوتر، "دەیان" سەربازی سۆڤیەتی، لە هەمان شوێنی ڕووداوەکەی (٢)ی مەیەوە، سنووریان بەزاندوە و شوانێکیان ڕفاندوە و تەقەشیان لەو پاسەوانی سنوورە چینییانەش کردوە، کە ویستوویانە ناڕەزایی دەربڕن، لەو نێوەندەدا ژنێک کوژراوە. هەر پاش ئەوە، ژمارەیەکی زۆر تانک و زرێپۆش سنوورەکەیان بەزاندوە و هاتوونەتە ناوچەکەوە، بەمەش ڕووداوەکە پەرەیسەند و گەورەبوو.[١٢٢]

هەر هەمان ڕۆژ، (NCAC) لە هەواڵێکیدا شێوەی فەرمیی ڕووداوەکەی بڵاو کردەوە. ئەوەبوو، سۆڤیەت لە (١١)ی جوندا، بە نووسراوێک ناڕەزایی لە سەر ئەوە دەربڕی کە گوایە هێزەکانی چین سنوورەکانی سۆڤیەتیان بەزاندوە و تەقەیانکردوە لە پاسەوانە سنوورییەکانی سۆڤیەت، دوای ئەوەی کە ئەمانیش وەڵامیانداونەتەوە، پاشەکشەیانکردوەتەوە بۆ شوێنەکانی خۆیان.[١٢٣]

لە (١٣)ی جوندا، یەکێتی سۆڤیەت وەڵامی وتەکانی (٢٤ی مەی) چینی دایەوە، تێیدا جەختیکردەوە لە سەر کارایی ئەو ڕێککەوتننامانەی کە چین حەزدەکات کۆتاییان پێ بهێنێت. خاوەندارێتی سۆڤیەتیشی بۆ دوورگەی دامانسکی (Damansky) دووپات کردەوە، بۆ جارێکی دیکەش، بەرپرسیارێتی هەموو

ڕووداوەکانی سەر سنووری خستەوە ئەستۆی چینییەکان، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، خۆشحاڵی خۆی دەربڕی سەبارەت بە ڕازیبوونی مەبدەئیانەی پەکین، لە سەر گفتوگۆکردن سەبارەت بە سنوورەکان، پێشنیاری ئەوەی کرد کە لە ماوەی دوو سێ مانگی داهاتوودا، لە مۆسکۆ دەست پێ بکاتەوە. لە کۆتاییدا، وەڵامەکە، شێوازێکی لوتبەرزانەو فەرماندەرانەی وەرگرت، کە زیاتر لە (دوایین ئاگادارکردنەوە، یاخود ئاگادارینامەی کۆتایی – Ultimatum) دەچوو، کە دەڵێت: "حکوومەتی سۆڤیەتی وەها لە حکوومەتی چینی چاوەڕوان دەکات، کە لە نزیکترین کاتدا وەڵامی بداتەوە، کە ئایا ئەو کات و شوێنە، پێشنیارکراوەی سەرەوەی بەلاوە دروستە، بۆ دووبارە دەستپێکردنەوە بە لیژنە ڕاوێژکارییەکان، یان نا!"(١٢٤)

وەک تێبینی دەکرێت، هەر لە سەرەتاوە ئەم دوانە ڕەزامەندییان پیشانداوە لە سەر دانوستان و ئاگربەست، بەڵام پێدەچێت هەر دوولا بیانەوێت ڕووداوەکانی مانگی جون بە کار بهێنن بۆ سەرنجڕاکێشانو لە بەستنی کۆنفرانسی هەر دوو پارتی کۆمۆنیست و کرێکاران سوودوەربگرن، کە لە هەمانکاتدا لە مۆسکۆ دەبەستران.(١٢٥)

لە سەرەتای مانگی جوندا باس کرا، کە دیپلۆماتە سۆڤیەتییەکان، خەریکن دەمی پایتەختە خۆرئاواییەکان تاقیدەکەنەوە، تا بزانن کاردانەوەیان چی دەبێت، ئەگەر جەنگێکی سینۆ – سۆڤیەتی ڕوویدات، ڕەنگە هەر دوولا پەنابەرن بۆ چەکی ئەتۆمی.(١٢٦)

لە (٢٤)ی جوندا، چینییەکان ڕەخنەیان لە سیاسەتەکانی یەکێتیی سۆڤیەت گرت، سەبارەت بە کەمایەتی و نەتەوەکانی دیکە،

بانگەشەی ئەوەیان کرد، کە گوایە، چەندین نەتەوەی جیاواز هەن، لە ژێر حوکمی ئیمپریالیستی کۆمۆنیستیدا دەچەوسێنرێنەوە، باسی ڕاپەڕینە چەکدارییەکەی ئۆکرانیا و ئۆزبەکستانیشیان کرد. ئەم وتارەش وەک وەڵامێک وابوو، بۆ هێرشەکانی سۆڤیەت بۆ سەر سەرکردەکانی چین "لە سەر پرسی نەتەوەیی".[١٢٧]

لە (٨)ی جولایدا، ڕووداوێکی مەترسیدارتر، لە سەر دوورگەیەکی ناو ڕووباری (ئامور) ڕوویدا، کە لە باکوورەوە (٧٠) میل لە خەبەرۆڤیسکەوە دوورە، ئەو دوورگەیە ڕووسەکان پێی دەڵێن دوورگەی گۆڵدنسکی (Goldinsky Island)، چینییەکانیش پێی دەڵێن دوورگەی پاچ (Pach Island). لە مەشیاندا، هەر دوولا یەکتریان بە هەڵگیرساندنی شەڕەکە تاوانبارکرد.

لە (٨)ی جولایدا، چین لە نارەزاییینامەیەکدا، بانگەشەی ئەوەی کرد، کە هێزە سنوورییەکانی سۆڤیەت، بە سواری دوو کەشتی هاتوونەتە ناو "ناوچەکانی چینەوە و... بێ هیچ پێشەکییەک دەستیان کردوە بە تەقەکردن لە خەڵک و پاسەوانە مەدەنییەکان.....".[١٢٨] هەر لە هەمان ڕۆژدا، سۆڤیەتیش لە نارەزاییینامەیەکدا بانگەشەی ئەوەی کرد، کە گوایە "کۆمەڵێک چەکداری چینی، سنوورەکانی سۆڤیەتیان بەزاندوە، لە بەشە سۆڤیەتییەکەی دوورگەی گۆڵدنیسکیدا خۆیان حەشارداوەو کەوتوونەتە تەقەکردن".[١٢٩] هەر لە دوای ئەوە، ڕۆژنامەی ڕێد ستار (Star Red) (ئەستێرەی سوور)ی، زمانحاڵی وەزارەتی بەرگری سۆڤیەتی، بڵاوی کردەوە کە ئەم ماوەیە، بەلەمە گەڕۆکەکان (زوارق الدوریە)ی ئستولی سۆڤیەتی ناو ئۆقیانووسی ئارام (Soviet Pacific Fleet)، خەریکی مەشق و ڕاهێنانی چەک و تەقەکردنی شەوانەن، لە ناوچەی ئاموردا.[١٣٠]

لەو بڵاوکراوانەیـدا کە ئاڕاسـتەی چـین و خـوارووی ئاسـیا کرابـوون، یەکێتیـی سـۆڤیەت دەیـوت، گـوایە پەکـین بە ئەنقەسـت بارودۆخی سنوورەکان ئاڵۆز دەکات، تا کاری لیژنەی تایبەت بە دەریـاوانی لە ڕووبارەکانـدا هەڵبوەشـێنێتەوە. هەروەهـا هەڕەشـەی ئەوەشـی دەکـرد، کە "پێویسـتە ئەم گێرەشـێوێنانەی پەکـین ئەوە بـخەنە پێشـچاوی خۆیـان، کە هەر هێرشـێکی چەکداری بـۆ سـەر یەکێتی سۆڤیەت، زۆر بە توندی وەڵام دەدرێتەوە".[١٣١]

لە (١٩)ی ئۆگەسـتدا چـین ڕایگەیانـد، گـوایە لە مـانگی جـون و جوڵایدا، هێزەکانی سـۆڤیەتی "بە بەردەوامـی" تەقەیـان لە دوورگەی چین پاو (Chen Pao Island) کردوە، بە شـێوەیەکی "ڕۆژانەش" لە دوورگەی وپـولاو (Wupulao Island). هەروەهـا لە (٢٢)تـا (٣١)ی جـــوڵای، ڕۆژانە، دەســـترێژییان لە دوورگەی چیلیچـــین (Chilichin Island) کردوە، لە (٢٦)ی جوڵایشدا، بە تۆپی قورس. هەروەهـا لە ڕاگەیانـدنەکەدا هـاتوە، کە هەر لە ڕووداوەکەی (٨)ی جـــوڵای دوورگەی پاچـــا (Pacha Island)وە، بەرپرســـانی ســـەربازیی سـۆڤیەت "بە بەردەوامـی" کەشـتی جەنگـی و فـڕۆکە دەنێرن بۆ ئەو نـاوچەیە، تـا "چـالاکی دوژمنکـارانە و ئاژاوەگێڕییـانە تێیدا ئەنجام بدەن"، کەشـتییە جەنگییەکانیـان دەنێرن بۆ ڕێگرتن لە کەشـــتیوانی مەدەنـــی چینـــی، ســـەلامەتی دەریـــاوانی ئاســـایی لە ڕووبارەکـانی هێیلۆنـگ (Heilung)، (ئـامورە)، وسـولی (Wusuli)، (ئوسوری)، دەخەنە مەترسییەکی گەورەوە.[١٣٢]

بەڵام بە پێی وتەکانی (١٠) سێپتەمبەری لایەنی سـۆڤیەتی بێت، ئەوە چین بـوە، کە لە (٢٠)ی جوڵایـدا هێرشـی چەکداری کـردوەتە سەر دوورگەی کیرکیانسکی (Kirkiansky Island)، لە ئوسوری.[١٣٣]

لە (١٠)ی جوڵایـــدا، گرۆمیکـــۆی (Gromyko) وەزیـــری

دەرەوەی سۆڤیەت، لەو ڕاپۆرتەیدا کە ناردبووی بۆ ئەنجومەنی باڵای سۆڤیەت، زۆر بە توندی و بەدووورودرێژی هێرشدەکاتە سەر پەکین، لە سەر چەندین پرس، کە پرسی سنووریی یەکێک بوو لەوانە. لە درێژەی ڕاپۆرتەکەدا هاتوە: "تەنانەت سەرسەختترین دوژمنەکانمان، ڕۆژێک لە ڕۆژان، پەنایان نەبردوەتە بەر شێوازی هێندە سووک و بێمانا، وەک ئەوەی کە سەرکردە چینییەکان دەیکەن بۆ تانەدان و سووککردنی چالاکییەکانی یەکێتی سۆڤیەت...".(١٣٤)

لە وتارێکدا، کە (تاس) لە (١٣)ی جولایدا بڵاوی کردوەتەوە، بانگەشەی ئەوە کراوە، کە وەفدی چینی لە دانوستانەکانی خەبەرۆڤیسکدا، هەوڵیداوە پرسیاری پەیوەست بە هێڵە سنوورییەکانی تایبەت بە ڕووبارە سنوورییەکان بووروژێنێت، لە (١٢)ی جولایدا ڕازینەبوە درێژە بە کۆبوونەوەکان بدات، بەڵام لە وتارێکی دیکەدا، کە دواتر هەر لە هەمان ڕۆژدا دەرچوە، هاتوە، کە چین داوای کردوە گفتوگۆکان دەست پێ بکەنەوە.(١٣٥)

ئەو پەرەسەندنانەی کە چینی هەراسانکردبوو، بەهێزکردن‌و ڕێکخستنەوەی بەردەوامی ئەو هێزانەی سۆڤیەت بوو، کە لە خۆرهەڵاتی دوور بڵاو کرابوونەوە (Far East). لە سەرەتای مانگی ئۆگەستی (١٩٦٩)دا، مۆسکۆ دانانی سەرکردەیەکی نوێی بۆ هێزە سەربازییەکانی ناوچەکانی خۆرهەڵاتی دوور ڕاگەیاند، کە کۆڵۆنێل جەنەراڵ. ف. تۆڵوبکۆ (Col. General V. F. Tolubko) بوو، کە پلەیەکی بەرزی هەبوو لە هێزی موشەکیی سوپای سۆڤیەتیدا. هەر پاش ماوەیەکی کەم، لە یادی چل ساڵەی هەڵگیرسانی جەنگی بڵاونەکراوەی، ساڵی (١٩٢٩)ی نێوان یەکێتی سۆڤیەت و چیندا، کە لە سەر خاوەنداریێتی هێڵە ئاسنینەکانی

خــۆرهەڵاتی چـــین لە مەنشـــوریا (Manchuria) هەڵگیرســـا، بە سەرکەوتنی سۆڤیەت کۆتایی هات، جەنڕاڵ تۆڵوبکۆ، بە مەبەست، باســـی لەوە کـــرد، کە "پـــاش تـــاقیکردنەوەی هەمـــوو هەوڵ و تەقەلایەک، بـــۆ یەکلاییکـــردنەوەی ئەو کێشـــەیە بە چارەســـەری ئاشتییانە، سۆڤیەت گورزێکی لە ناکاو و جەرگبڕی لێوەشاند".(١٣٦)

گەورەتـــرین و مەترســـیدارترین ڕووداوی ســـنووری، دوای پێکـدادانەکانی مـانگی مـارت لە ئوسـوری ئەوەبـوو، کە لە (١٣)ی ئۆگەستدا لە سەر سنووری سینکیانگ ڕوویدا، کە چەندین کوژراو و برینـداری، لە هەر دوولا، لـێکەوتەوە. هەر دوولا بە دەســتوری جاران، لە ناڕەزاییینامەکانیاندا، کە هەر لە هەمـان ڕۆژدا دەرچوون، گێـڕانەوەی جیاوازییـان هەبـوو بـۆ ڕووداوەکە.(١٣٧) ســـەرچاوە فەرمییەکـانی چـین بڵاویـان کـردەوە، کە بـۆ نـاڕەزایی دەربـڕین لە سەر ئەو ڕووداوە، "سەدان ملیۆن سەرباز و مەدەنی" بەشدارییان لەو خۆپیشـــاندانانەدا کـــرد، کە لە (١٤ و ١٦)ی ئۆگەســـتدا، لە سەرانسەری چیندا بەرپاکران. لە نـاو کارگەکانیشـدا، کۆبـوونەوەی نـــاڕەزایی بەســـتراوە، بەڵام هـــیچ پشـــێوییەک لە دەرەوەی باڵیۆزخانەی سۆڤیەتی، وەک ئەوەی جاری پێشوو، ڕووینەدا.(١٣٨)

لە دوای ئەو ڕووداوەی (١٣)ی ئۆگەســـتی ســـەر ســـنووری سـینکیانگ، گـرژی نێـوان ئەو دوو وڵاتە هێنـدە تەشـەنەیسـەند، کـار گەیشتە ئەوەی کە ئەگەری هێرشی سۆڤیەت بۆ سـەر چین، خرایە بەر بـاس و خواسـەوە. لێـدوانەکانی چینـیش بـۆنی پەلە پەلو خـۆ کۆکردنەوەی لـێ دەهـات، بۆ یەکەم جـاریش، لەو کـاتەوەی کە ئەم کێشـــە ســـنووریانە ســـەریانهەڵداوە، هەواڵەکـــان باســـیان لە گواسـتنەوەی ڕێژەیەکـی زۆری هێـزی سـەربازیی چینـی دەکـرد، لە باشوورەوە بەرەو باکوور.(١٣٩) پێشتریش هەواڵەکان باسییان لەوە

کردبـوو، کە لە مـانگی مـارت و ئەپرەڵـی هەمـان سـاڵدا، یەکێتـی سۆڤیەت هەوڵی بەدەستهێنانی بەڵێنی پشتگیریی وڵاتانی پەیمانی وارشـۆ (Warso Pact)ی دابـوو، ئەگەر کەوتە جەنـگەوە لەگەڵ چیـندا. لە (١٥)ی ئەپرەڵـدا، سـەرچاوەی هەواڵەکـانی یۆگوسـلاڤیا بڵاویـان کـردەوە، کە لەو کۆبـوونەوەیەی کـۆمیتەی ڕاوێژکـاریی سیاسی ڕێکخراوی پەیمانی وارشۆدا، کە لە (١٧)ی مارتدا بەسترا، یەکێتـی سـۆڤیەت پێشـنیاری ئەوەی کـرد، کە مەنگۆلیا بخـرێتە نـاو هاوپەیمـانێتێکەوە، تـا بەو هـۆیەوە ڕێـگە بە هێزەکـانی ئەنـدامانی هاوپەیمـانێتییەکە بدات، لەوێوە بگەنە سـەر سـنوورەکانی سـینۆ – مەنگـۆلی، بەڵام دواتـر لەو پێشـنیارەی پاشـگەز بـوەتەوە، دوای ئەوەی کە ڕۆمانیـــــا و چیکۆســـــلۆڤاکیا بە تونـــــدی لە دژی وەستاونەتەوە.

چەند ڕۆژنامەیەکی ڤییەناش، لە (١٠)ی ئەپرەڵدا، ئەوەیـان بـڵاو کردەوە، کە ئیڤان باشێڤ (Ivan Bashev)، وەزیری بوڵـگاریا، بە ڕۆژنـامەوانە نەمسـاوییەکانی ڕاگەیاندوە، ئەگەر هەر ڕووداوێک لە سـنوورەکانی سـینۆ- سـۆڤیەتییەوە "هەڕەشـە لە ئاسایشـی کـامپی سۆسیالیسـتی بکـات"، ئەوا تێـوەگلانی وڵاتـانی پەیمـانی وارشـۆ، "چـاوەڕوان کـراوە". هەر لە هەمـان ڕۆژدا، وتەبێـژی حکـوومەتی ڕۆمانی ڕایگەیاند، کە مەرج نییە ئەم پابەندی ئەو قسـەیەی مسـتەر باشـێڤ بێـت، "هەمـوو کارێـک و وتـارێکی ڕەت کـردەوە، کە سروشـتێکی سـەربازییانەی هەبێت". ئەوەبـوو لە (١١)ی ئەپرەڵـدا، حکـوومەتی بوڵـگاریا نکـوڵی لەوە کـرد، کە ئەو وتـانە هـی مسـتەر باشێڤ بن.(١٤٠)

لە (١٥)ی ئۆگەســتدا، ئاژانســی دەنگوباســی چینــی نــوێ، نوسراوێکی بڵاو کردەوە، بە ناونیشانی: (بنیادنـانی سـەربازگەیەکی

دژە چینــی)، کە تێیــدا ئاگــاداری دەدات، ســەبارەت بە "سیاســەتە دوژمنکارییەکـــانی ئیمپریالیســـتی سۆسیالیســـتی"و "تـــاقمی ڕێڤیژنیستەکانی سۆڤیەت" کە "بە تەواوی دەستیان لەگەڵ ئەمریکا تێکەڵ کردوە، بۆ خۆئامادەکردن بۆ بەرپاکردنی جەنگێکی گەورە دژ بە چــین، توانــا ســەربازییە دژە چینییەکەشــی زیــاد کــردوە، هەڕەشەکانی بۆ سەر چین، توندتر کردوە". "بریجنێڤ و سەرکردە سەربازییەکانی دیکەشیان، هێندە هاواری جەنگ دەکەن، تا دەنگیان نوســا". پاشــان زیــاتر لە ســەر وتەیەکــی بریجنێــڤ دەڕوات، کە وتــوویەتی، یەکێتــی ســۆڤیەت توانــا "بەرگرییەکــانی" خــۆی "تــا ئەوپەڕی" دەخـــــاتەگەڕ. هەروەهـــا گریچکـــۆ (Gretchko)و یاکوبوســکی (Yakubousky) "بە شــێوازێکی هیســتریانە خــۆ بادەدەن" بە "باڵادەستی سوپاکەیانەوە، بە ئاشکرا هەڕەشەی ئەوە دەکەن، کە جەنگێکــی ئەتــۆمی بەرپــادەکەن". هەروەهــا نووســینەکە باس لەوەش دەکات، کە لەم دواییانەدا "سەرکردە سەربازییەکانی دیکەش" چەنــدین نووســینیان لە چاپەمەنییەکانــدا بــڵاو کــردوەتەوە، تێیدا زۆر درندانە باس لە هێرشی "لە ناکاو" و "چاوەڕوان نەکراو" دەکەن. پاشــان نووســینەکە لە درێژەی بابەتەکەیدا دەڵێت، یەکێتــی سۆڤیەت، لەم دواییانەدا هێزێکی زۆری پشتیوانی ناردوە بۆ ســەر ســنوورەکانی ســینۆ – ســۆڤیەت و ســینۆ – مەنگۆلیــا، "زۆر بە ئاشــکراو بێشــەرمانە، هەمــوو جــۆرە ڕاهێنـــان و مەشـــقە ســـەربازییەکانی ئەنجــام دەدات، بە پەلە هەســتاوە بەڕاکێشــانی ڕێگەی ستراتیجی و هێڵی ئاسن، بۆ ئەو ناوچانەی کە لەگەڵ چیندا هاوســنوورن". لە کۆتاییــدا نووســینەکە دەڵێــت: "ئەگەر ئەو تــاقمە سەرلێشــێواو و لە ڕێ دەرچــوانەی ڕێڤیژنیســتەکانی ســۆڤیەت بە تەمــای ئەوە بــن ڕێچــکە کــۆنەکەی شــەڕەنگێزی و دەســتدرێژی

بگـرنەبەر، کە پـێش ئەوان هیـتلەر و فاشیسـتەکانی یابـان پێیـدا ڕۆیشـتوون، ئەوا ئەمـانیش بەو شـێوازە قێزەونەی ئەوان کۆتاییان دێت."[١٤١]

لە کۆتـایی مـانگی ئۆگەسـتدا، چاپەمەنییەکـانی سـۆڤیەت، هەڵمەتێکی توندی پڕوپاگەندەی دژە - چینیان دەستپێکرد. تەنانەت گۆڤـاری لیتێراتۆرنایـا گازێتـا (Literaturnaya Gazeta)ی ژمـارەی (٢٧)ی ئۆگەسـت، نیـوەی تەرخـانکرابوو بـۆ نووسـین لە سەر چین.[١٤٢]

لە (٢٨)ی ئۆگەسـتدا، پراڤـدا لە سـەر وتارەکەیـدا، بە زمـانێکی زۆر تونـد، نـارەزایی دەردەبڕێـت سـەبارەت بەو "ڕەوتە سەرکێشیکارانەیەی" کە چین گرتـوێتییە بەر، سـەبارەت بە پرسـی سـنوورەکانی سـینۆ - سـۆڤیەتی، کاروبـاری جیهـان بە گشـتی. پاشـان، لە دوای باسـکردنی چـۆنێتی وەڵامـنەدانەوەی پەکـین بـۆ پێشـنیارەکەی (١٣)ی جـونی سـۆڤیەت، چەنـدین جـار دووبـارە کردنەوەی حەزو ویستی مۆسکۆ، بۆ ئاشتیو پێوەندی دۆستانە لەگەڵ چینـدا، سـەر وتـارەکە بە زمـانێکی ئاگـادارکردنەوە دەڵێـت: "ئەگەر بێـت و لەم بـارودۆخەی ئێسـتادا جەنـگ ڕوو بـدات، بەو هەمـوو چەک و جبەخـانەیە، چەکـی کۆکـوژ، ئەو هەمـوو ئـامڕاز، کەلوپەلی هاویشتن، تەقاندنە مۆدێرن و پێشکەوتوانەوە، کە ئێستا لە ئـارادان، هـیچ وڵاتێـک نـامێنێتەوە ئـاگری ئەو جەنـگەی پـێ نەگات."[١٤٣] بە ئاشکرا دیاربوو کە مۆسکۆ دەیویست پەکین بەوە بترسێنێت، کە ئەم دوو وڵاتە نەک هەر لە سـەر لێواری جەنگێکن، بەڵکوو لە سەر لێواری جەنگێکی ئەتۆمین.

لە دەوروبەری (٢٩)ی ئۆگەسـتدا، زانیـاری زیـاتر گەیشـتە خۆرئـاوا، سـەبارەت بەوەی کە حکـوومەتی سـۆڤیەتی، بە

گرینگییەوە، ئەگەری گورزێکی خۆپارێزی، لە بنکە ئەتۆمییەکانی چین خستوەتە بەر باس. تەنانەت ڕای ئەندامەکانی دیکەی ڕێکخراوی پەیمانی وارشۆ (Warsaw) و سەرکردەی پارتە کۆمۆنیستییەکانی دیکەشی وەرگرتوە، سەبارەت بە کردەوەیەکی لەو جۆرە. سەرچاوەی ئەم هەواڵانەش، ئەو نامەیە بوو کە پارتی کۆمۆنیستی سۆڤیەتی، لە کۆتایی مانگی ئۆگەستی (١٩٦٩)دا، ناردبووی بۆ پارتە کۆمۆنیستییەکانی دیکە، کە تێیدا هاتوە: "ئەوە نییە پەکین خۆی بخاتە جەنگێکی گەورەوە، بەڵکوو دەیەوێت سنوورەکانی نێوان چین و سۆڤیەت بکات بە برینێکی کراوە. یەکێتی سۆڤیەت هیچ کات ڕێگەنادات ئەم ڕووداوانە بە شێوەیەک پەرەبسێنێت، کە ببێتە جەنگێکی درێژخایەن، بەڵکوو ڕێگەچارەی زیاتر دەگرێتەبەر، بۆ پاراستنی بەرژەوەندیی گەلی سۆڤیەتی و سنوورەکانی وڵاتەکەمان. لە هەمانکاتیشدا، یەکێتی سۆڤیەت بەردەوام دەبێت لە هەوڵەکانیدا بۆ ئاساییکردنەوەی پێوەندییەکانی لەگەڵ چیندا، چارەسەرکردنی کێشەو ناکۆکییەکانی نێوانمان لە سەر مێزی دانوستان."(١٤٤)

لە (٢٣)ی ئۆگەستدا، کۆمیتەی ناوەندی پارتی کۆمۆنیستی چینی بەیانێکی دەرکرد، تێیدا ئەوەی ڕاگەیاند، کە بەرپابوونی جەنگ لە نێوان یەکێتی سۆڤیەت و چیندا، لە ئان و ساتدایە. ئەم بەیانە، بە بڵندگۆ لە ناو شەقام و کۆڵانەکانی پەکیندا ڕاگەیەنرا. بە پێی ئەو ڕاپۆرتانەش کە لە (٢٩)ی ئۆگەستدا گەیشتنە هۆنگ کۆنگ، چین هێزێکی زۆری پشتیوانیی ڕەوانەی ناوچە سنوورییەکان کردوە، لە ناو شارەکانیشدا، ڕاهێنان و مەشق لە سەر چۆنێتی خۆحەشاردان و خۆپاراستن لە کاتی هێرشی ئاسمانیدا، ئەنجام دەدات، کارگەکانی ناو شارەکان گوازراونەتەوە بۆ قەراغ شارەکان،

چەندین شار و شارۆچکەی ناوچەی سینکیانگ، لە خەڵکەکەی چۆڵکراون. هەروەها ڕاپۆرتەکان باس لەوەش دەکەن، کە گواستنەوەی بنکە ئەتۆمییەکانیش، لە سینکیانگەوە بۆ شوێنە دوورەکانی تبت (Tibet)، سالێک دەبێت دەستی پێ کردوە، بەڵام لەم چەند مانگەی دواتردا، زۆر خێراتر بوە.(١٤٥)

بەڵام مۆسکۆ فشارەکانی لە سەر پەکین کەم کردەوە، لە ترسی ئەوەی، نەک ئەم فشارانە، چین لە ئەمریکا نزیک بکاتەوە. هەروەها، لە ژێر فشاری هانۆی (Hanoi)یشدا، چونکە دوای مردنی سەرکردەی ڤێتنامی (هۆ چی مین – Ho Chi Minh)(*)

(*) هۆ چی مین : لای خۆمان بە هەڵە و لە ژێر کاریگەری ڕێنووسی عەرەبیدا پێی دەوترێت (هۆشی مینە).(وەرگێڕ).

لە (٣ی سێپتەمبەری ١٩٦٩)دا، ڤێتنامی باکوور بە هەلی زانی، کە هەر دوو سەرۆک وەزیران، کۆسیگین و چو ئین - لای، هاتوون بۆ پرسەکە، هەوڵیدا هەر دوولا هان بدات بۆ هەنگاونان بەرەو گرتنەبەری چارەسەر و دانوستان. لە ئەنجامدا، هەر دوو سەرۆک، کۆسیگین و چو ئین ـ لای، لە (١١)ی سێپتەمبەردا، لە فڕۆکەخانەی پەکین کۆبوونەوەیەکیان ئەنجامدا. لەو کۆبوونەوەیەدا، سەرۆک وەزیرانی سۆڤیەت، هیچ هەڕەشە و گوڕەشەیەکی نەکرد. ئیتر بۆ ماوەی چەند هەفتەیەک، چاپەمەنییەکانی سۆڤیەت هەموو وتار و نووسینە دژە - چینییەکانی ڕاگرت. بە پێی ئەو زانیاریانەش بێت، کە لە سەرچاوەکانی ڤێتنامی باکوورەوە دزەیان کردبوو، کۆسیگین ڕاشکاوانە پێشنیاری کرد بوو، کە پێوەندی نێوان حکوومەتەکان، (نەک نێوان پارتەکان)، ئاسایی بکرێتەوە، گفتوگۆ و دانوستانەکان، سەبارەت بە پرسە سنوورییەکان، لە سەر ئاستی بریکاری

وەزارەتەکــانی دەرەوە بگیرێــت، ســەفیر گــۆڕینەوە دەســت پــێ بکــاتەوە، هەوڵ بــدرێت گفتوگۆکــان ڕوە و پێوەنــدییە ئــابوری و بازرگانییەکـان ببرێـت،[146] بەڵام بە پێـی سـەرچاوە نافەرمییەکـانی مۆسکۆ بێت، کۆسیگین ئەم پێنج خاڵەی خستبوە بەردەم چو ئین ـ لای، سەبارەت بە پلانی ئاشتیکە:

١. هەر دوو وڵات ڕازیـــبن لە ســـەر دەســـتپێکردنەوەی دانوستانەکان.

٢. هەر دوولا هێزەکانیان لە سەر سنوورەکان بکێشنەوە.

٣. فەرمانبــدرێت بەهێــزە ســنوورییەکانی هەر دوولا، تەقە لە یەکتری نەکەن.

٤. هەر دوولا هێرشی ڕاگەیاندن لە ڕادیۆ و چاپەمەنیەکانیاندا ڕابگرن.

٥. هەر دوولا هەوڵ بدەن بۆ گێڕانەوەی پێوەندییە بازرگانیو ئابورییەکان.[147]

بەڵام چینییەکـان دەیـانوت، کە ئەوە چـو ئـین - لای بـوە، کە پێشنیاری، دەستپێکردنی گفتوگۆکان و کشاندنەوەی هێزەکانی هەر دوولای لە ناوچە جێناکۆکێکان، کردوە.[148]

لە دوای بەســتنی گفتوگۆکــان، هــیچ ڕووداوێکــی ســنووری ڕوویــان نەدایەوە، بەڵام کە لە (١٦)ی سـێپتەمبەردا، دروشـمەکانی ئـاهەنگی بیسـتەمین سـاڵیادی یەکـی ئۆکتـۆبەری کۆمـاری چینـی میللی، ئاشکراکران، دروشمەکان هیچ نییەتێکی دانوستانیان لەگەڵ مۆسکۆدا پێوە دیار نەبوو. ئەوەتا لە دروشمی ژمارە (٢٢)دا هـاتوە "یەکبگرنو بەرەنگاری هەموو جەنگ، دوژمنکارییەکانی ئیمپریالیزم و ئیمپریـالیزمی سۆسیالیسـتی ببنەوە، بە تـایبەتیش ئەو جەنـگ و دوژمنکارییـانەی، کە تێیـدا چەکـی ئەتـۆمی وەک هەڕەشــە بە کـار

دەهێنرێت."[١٤٩]

لە (١٦)ی سـێپتەمبەردا، ڕۆژنـامەی لەنـدەن ئیڤنینـگ نیـوز (London Evening News)، بـابەتێکی بـۆ ڤیکتـۆر لـویس (Victor Louis)، کە ڕۆژنامەنووسـێکی سـۆڤیەتی بـوو، بـڵاو کردەوە، تێیدا باس لەوە دەکات، کە مۆسکۆ زۆر نیگەرانە لەوەی کە تـا ئێسـتا پەکـین هـیچ وەڵامێـک، یـان کـاردانەوەیەکی ئیجـابی نەنوانـــدوە، ســـەبارەت بە پێشـــنیارەکانی کۆســـیگین. ئەم ڕۆژنامەنووسـە، کە بەوە ناسرابوو پێوەندییەکی توندوتۆڵی لەگەڵ کاربەدەستانی مۆسکۆدا هەیە، لە درێژەی بابەتەکەیدا ڕوو دەکاتە چین، بە هەڕەشەوە دەڵێت، یەکێتی سۆڤیەت توانای هەیە چەندین جۆر فشار بخاتە سەر چین، بە "گورزی خۆپارێزیشـەوە"، تەنانەت بە داگیرکردنیشـەوە. نـاوەڕۆکی وتەکانی، ئەوەی دەگەیاند، کە ئەو چارەسەرە قورسانە لە بەردەمدا هەن، دەکرێت بگیرێنەبەر.

نازانرێت، ئایا ئەم نووسینەی لویس کاریگەریی هەبوە لە سەر سەرکردەکانی چین، یان نا، بۆ ئەوەی کەمێک خۆیان هێوربکەنەوە لە بەرامـبەر مۆسـکۆدا، بەڵام لە (١٨)ی سـێپتەمبەردا، حکـوومەتی چینـی پێشـنیارەکەی پێشـوی بـۆ مۆسـکۆ، سـەبارەت بە ئـاگربڕ، کشانەوەی دوو لایەنەی هێزەکان لە نـاوچە جێناکۆکەکان، دووپات کـردەوە، بەڵام لە هەمانکاتـدا، لە (٣٠)ی سـێپتەمبەردا، چـو ئـین - لای، یەکێتی سۆڤیەت و ویلایەتە یەکگرتوەکانی بەوە تاوانبار کرد، کە خەریکی پیلانگێڕین بۆ "هێرشکردنە سەر وڵاتەکەمان". وتیشی کە چین، خەریکی دروستکردنی چەکی ئەتۆمییە، بۆ بەرگرییکردن لە خـۆی(Self-defence).[١٥٠]هەر هەمـان ڕۆژ، سـەروتارێکی ڕۆژنامەیەکی سەرەکی چین، یەکێتی سۆڤیەتی بەوە تاوانبارکرد، کە "خەریکـی داڕشـتنی هێرشـێکی دوژمنکـارانەیە"، دەیەوێـت لە

ڕێگەی "هەڕەشەی ئەتۆمییەوە" چۆکی پێدابدات، لە هەمانکاتیشدا، خەریکی هەڵگێڕانەوەی کەمایەتییە نەتەوەییەکانی ناوچە سنوورییەکانە."[151]

کە هیچ وەڵامێکی نامەکەی (١٨)ی سێپتەمبەریان وەرنەگرت، چین نامەیەکی دیکەی، بە هەمان ناوەڕۆک، لە (٦)ی ئۆکتۆبەردا، ئاڕاستەکردەوە. وا دیاربوو، کە ئەمجارەیان مۆسکۆ وەڵامیدابنەوە، بۆیە پەکین، هەر بۆ ڕۆژی دواتر، لە ڕاگەیاندنێکی فەرمیدا، لە (٧)ی ئۆکتۆبەردا بڵاوی کردەوە، کە "هەر دوولا ڕازیبوون لە سەر بەستنی گفتوگۆکان لە پەکین" بێئەوەی باسی هیچ بەروارێکی دیاریکراو بکات.[152]

پاش ئەوەی کە لە سەر گفتوگۆکردن ڕێککەوتن، ئینجا چین خێرا ڕایگەیاند، کە ئەوان هیچ لە نیەتیاندا نییە پاشەکشە لە سەر هیچ خاڵ و پرسێکی جەوهەری جێناکۆکی بکەن. لە (٨)ی ئۆکتۆبەردا، وەزیری دەرەوەی چین، (ڕەتکردنەوەیەکی) دوورودرێژی بۆ پێشنیارەکەی (١٣)ی جونی سۆڤیەت ڕاگەیاند، لە هەمانکاتیشدا نارەزاییەکی توندی دەربڕی، سەبارەت بە سیاسەتەکانی (کۆن و تازە)ی ڕووس، بەرامبەر بە چین، بە تایبەتیش لە پرسی سنوورەکاندا، ئەوەشی دووپات کردەوە کە "جیاوازییەکی زۆر گەورە هەیە، لە بیروبۆچوونەکانیاندا". هەر لەو ڕاگەیاندنەدا هاتوە: هەر لایەک ناوچەی ئەوی دیکەی داگیر کردوە، ڕێککەوتننامەکانی تایبەت بە سنوورەکانی پێشێلکردوە، "پێویستە، لە سەرەتاوە، بێکۆتومەرج، ئەو ناوچانە بگێڕێتەوە بۆ لایەنەکەی دیکە"، ئەوسا دەکرێت "دەستکاریی و گۆڕانکاریی پێویست"، بە ڕەزامەندی هەر دوولا، ئەنجام بدرێت. ڕاگەیاندنەکە لە کۆتاییدا دەڵێت: پێویستە ڕێککەوتننامەیەکی سینۆ – سۆڤیەتی نوێ، لە سەر

ئەم بنەمایــانە، گفتوگــۆی لە ســەر بکریــت، لە هەمانکاتیشــدا هەر دوولا هێزەکانیان لە ناوچە جێناکۆکییەکان بکشێننەوە و ڕەچاوی ئاگربڕەکە بکرێت.[١٥٣]

ئەگەر بەراوردێک بکرێت، لە نێوان ئەو هەڵوێستەی ئێستای پەکین، ئەوەی کە لە (٢٤)ی مەیدا ناردبووی بۆ مۆسکۆ، هیچ جیاوازییەکی گەورە نابینرێت، تەنها لەوەدا نەبێت کە پەکین، لە مەیاندا ڕازییە باس لە ڕۆژێک و بەرواریکی دیاریکراو بکات بۆ دەستپێکردنەوەی گفتوگۆکان.

مۆسکۆش، بە هەمانشێوە، هەندێک نەرمینواند، لەوەدا، کە ڕازیبوو بە:

١. (دانوســتان) لە بریتــی (ڕاوێژکــاری)، وەک ئەوەی کە لە نامەکەی (١٣)ی جونی سۆڤیەتدا پێشنیارکرابوو.

٢. (پەکین) بکرێت بە شوێنی گفتوگۆکان، نەک مۆسکۆ.

٣. ئەگەر هەر نەبێت، بە ناڕاستەوخۆیی، ڕازیبوو لە سەر ئەوەی، وەک سەرەتایەک، دان بەوەدا بنێت، کە ڕێککەوتننامە سنوورییەکان بە ڕاستی (نابەرابەر و نادادپەروەرن)، بەو پێیەش، دەکرێت هەندێک وردە گۆڕانکارییان تێدا بکرێت.

ئەم نەرمی نواندنانە، هەروا بە ئاسانی نەهاتنەدی، لە ڕاستیشدا بە ئاشکراش دانیان پێدانەدەنا.

لە هەمانکاتدا، سۆڤیەتییەکان هیچ کاردانەوەیەکی ئیجابییان نەبوو، بۆ ئەو هاندانانەی پارتی کۆمۆنیستی ئیتالی و یابانی، کە داوایان دەکرد هەرچی زوە، مۆسکۆ و پەکین، ئەو ناکۆکییانە نەهێڵن، کە لە نێوان هەر دوو حیزب، هەر دوو حکوومەتدا هەیە.

لە ڕاستیدا، ئەو نووسینە تیۆرییە دژە - چینە بەهێزەی، میخائیل سوسولۆڤ (Mikhail Susulov)، کە لە بڵاو کراوەی

کۆمۆنیست (Kommunist)ی ڕۆژی (١٠ی ئۆکتۆبەری ١٩٦٩)دا بڵاو کرایەوە، بەڵگەبوو لە سەر ئەوەی، کە مۆسکۆ نایەوێت تا ئەو ڕادەیە بچێت.

وەفدی سۆڤیەتی بۆ گفتوگۆکانی تایبەت بە سنوور، بە سەرۆکایەتی بریکاری وەزیری دەرەوە، ڤ. ڤ. کوزنێتسۆڤ ( V. V. Kuznetsov)، لە ڕۆژی (١٩)ی ئۆکتۆبەردا گەیشتنە پەکین. ئیتر بۆ ڕۆژی دواتر، گفتوگۆکان لەگەڵ وەفدی چینی، بە سەرۆکایەتی بریکاری وەزیری دەرەوە، چیاو کوان - هوا (Chiao Kuan-hua)، دەستی پێ کرد. هەر لە سەرەتاوە، هەر دوولا بڕیاریاندابوو، بە فەرمی هیچ لێدوانێک نەدەن سەبارەت بە گفتوگۆکان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، زۆری نەخایاند ڕاپۆرتە ڕۆژنامەوانییەکان ئاماژەیان بۆ ئەوە کرد، کە گفتوگۆکان وەستاوە، بە هۆی سووربوونی چینەوە لە سەر ئەوەی کە بەندی ئاگربڕو کشانەوەی هێزەکان، بخرێتە سەرەوەی ئەجێندای گفتوگۆکانەوە، ئەم داوایەش سۆڤیەت پێی قەبووڵ نەبوو، چونکە گەڕانەوەو پاشەکشەکردنی دوولایەنە لە سەر سنوورەکان، باڵادەستی سۆڤیەتی لە گفتوگۆکاندا نەدەهێشت.(١٥٤)

گفتوگۆکان لەم ئاستەدا چەقی گرتبوو، ئەو کاتەی کە کوزنێتسۆڤ و یاریدەدەرە سەربازییەکانی، لە (١٤)ی دیسەمبەردا گەڕانەوە بۆ مۆسکۆ. کە لە ڕووی فەرمییەوە، بۆ ئەوە چووبوون بەشداری لە کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی باڵای سۆڤیەتدا بکەن، بەڵام بێ گومان خۆیان بۆ ئەوە چوبوون تا ڕاپۆرتی خۆیان بدەن بە سەرۆکایەتی پارتەکەیان، سەبارەت بە چۆنێتی بەڕێوەچوونی گفتوگۆکان، ڕێنمایی نوێش لەوبارەیەوە وەربگرن. پەکین لای خۆیەوە، وایزانی ڕۆیشتنەوەی کوزنێتسۆڤ، ڕەنگە مانای

سەرنەکەوتنی گفتوگۆکان بێت، یاخود بیانەوێت کەسێکی پلە نزمتر بنێرن لە جێگەی ئەو، بەڵام مۆسکۆ بڕیاریدا کە گفتوگۆکان هەر بەردەوام بێت، کوزنێتسۆڤیش لە (٢ی جەنیوەری ١٩٧٠)دا، گەڕایەوە پەکین، ئیتر هێندەی نەبرد گفتوگۆکان دەستی پێ کردەوە.

لە ماوەی چەند هەفتەی دوای ئەوەدا دیاربوو، کە سۆڤیەت، وەک بنەمایەک، ڕازیبووبوو، کە دان بە دەسەڵاتی چیندا بنێت بە سەر چەند دوورگەیەکی جێناکۆکی لە ناو ڕووباری ئامور و ئوسوریدا، ڕازیشبووبوو گفتوگۆبکات سەبارەت بە ناوچەی پامیر (Pamir)، بەڵام هەر ناڕازیبوو لە سەر داواکانی چین، بۆ ئاگربڕ و کشانەوەی هێزەکان، لەم قۆناغەدا.[١٥٥] لە هەمانکاتیشدا، بڵاو کراوەکانی سۆڤیەت بەردەوامبوون لە سەر نواندنی فشاری دەروونی لە سەر چینییەکان، بە بڵاوکردنەوەی ژمارەیەک نووسینی توند و هەڕەشەئامێز، کە لە لایەن شارەزا سەربازییەکانی سوپای سۆڤیەتی و خەڵکانی لەو جۆرە دەنووسران، باسیان لەوە دەکرد، کە ئەم کەللەڕەقی و شەڕەنگێزییەی چین، مەترسی هەڵگیرسانی جەنگی سینۆ - سۆڤیەتی، تەنانەت جەنگێکی ئەتۆمیش، زۆر زیاتر دەکات،[١٥٦] بەڵام هێز و سامی ئەم نووسینانە هەر زوو، لە لایەن وتارێکی پراڤداوە (Pravda) پووچەڵکرانەوە، کە س. ل. تیخڤینسکی (S. L. Tikhvinisky)، پسپۆڕ و شارەزا لە کاروباری چین و ئەندامی وەفدەکەی کوزنێتسۆڤ، وەک وەڵامێک بۆ کتێبەکەی ه. ی. سالیسبێری (H. E. Salisbury) بە ناونیشانی (جەنگی داهاتوی نێوان ڕووس و چین)، نووسیبووی. تیخڤینسکی لە نووسینەکەیدا، زۆر بەڕوون و ئاشکرا ئەوە بەدرۆدەخاتەوە، کە مۆسکۆ بە هیچ

شێوەیەک لە نیەتیدا بێت هیچ جۆرە هێرشێک بکاتە سەر چین، بە تایبەتیش هێرشی ئەتۆمی.[١٥٧] ئەگەرچی پەکین لەو ئەگەرەش دەترسا، کە گفتوگۆکانی نێوان مۆسکۆ و بۆن (Bonn)، ببێتە هۆی ڕێککەوتنێک لە نێوانیاندا، کە بە هۆیەوە دەستی سۆڤیەت لە ئاسیادا والاتر بکرێت، بەڵام دیاربوو ناچاربوو، کە بڕوا بە وتەکانی تیخڤینسکی بکات. هەر بۆیە، باس لەوە دەکرا، کە کەمێک نەرمی نواندوە سەبارەت بە بارودۆخی سنوورەکان.[١٥٨]

لە مانگی مارتی (١٩٧٠)دا، قەیرانەکەی کەمبۆدیا، بە هۆی لە سەر حوکم لابردنی شازادە سیهانوک (Prince Sihanouk)ەوە، زیاتر تەشەنەیسەند. ئەمەش کاریگەریی هەبوو لە سەر زیاتر ڕەواندنەوەی گرژیی نێوان سینۆ - سۆڤیەتی. هەروەش بوو، ئەوەتا، لە ناوەڕاستی مانگی ئەپرەڵدا، هەواڵەکان باسیان لەوە دەکرد، کە مۆسکۆ و پەکین گەیشتوون بە جۆرێک لە ڕێککەوتن، ئەگەرچی ڕێککەوتنێکی ژێربەژێر و نافەرمیش بێت، سەبارەت بە ئاگربڕ و کێشانەوەی هەندێک لە هێزەکانیان.[١٥٩] تەنانەت لە سەردانێکی کوزنێتسۆڤدا بۆ مۆسکۆ، لە نێوان (١٨)ی ئەپرەڵ و (٣)ی مەیدا، باس لەوەکرا، کە ڕەنگە هاوئاهەنگییەکی سینۆ - سۆڤیەتیش دروست ببێت، سەبارەت بە قەیرانەکەی کەمبۆدیا، بەڵام کە فشارە سەربازییەکەی سۆڤیەت کەم بوەوە لە سەری، ئیتر پەکین زۆر گوێی بە پرسەکە نەدا.[١٦٠]

لە ڕاستیدا، وتارە دژە - سۆڤیەتییەکان، دەمێک بوو لە چاپەمەنییە چینییەکاندا سەریهەڵدابوەوە.[١٦١] هەر لەو کاتەوەی کە زانیبوویان هاریکاریی نێوانیان، سەبارەت بە پرسەکەی کەمبۆدیا، مەحاڵە. مۆسکۆش، هەر بە هەمان شێوە، دەستیدایەوە شەڕی ئایدیۆلۆجی، ئەگەرچی ئەو هێشتا هەر سور بوو لە سەر

دۆزینــــەوەی چارەســــەرێک بـــۆ ئاســــاییکردنەوەی پێوەنـــدییە حکومییەکان لەگەڵ پەکیندا.[١٦٢]

هەر لەو مـاوەیەدا، یەکێتـی سـۆڤیەت مـانۆڕێکی سـەربازی لە کازاخســتان (Kazakhstan) ئەنجامـدا، عیسـا یوسـف ئـالپتەکین (Isa Yusuf Alptekin)ی، سکرتێری گشتی پێشووی کۆماری تورکستانی خۆرهەلات (Eastern Turkestan Republic) -کە کاتی خۆی سۆڤیەت، لە (١٩٤٧)ەوە بۆ (١٩٤٩)، دروستی کرد لە سینکیانگ- ڕایگەیاند، کە گوایە (بزووتنەوەی تورکستانی ئازاد) لە کازاخستانی سۆڤیەتی دروست کراوە، گوایە سوپایەکی ئازادیی (٥٠.٠٠٠) کەسی، بۆ تورکستانی خۆرهەلات، پێکەوەنراوە.[١٦٣]

دیارە لەم بارودۆخەدا، چاوەڕێ نەدەکرا گفتوگۆکانی پەکین، هـیچ بەرەوپێشـچوونێکی ڕاسـتەقینە بەخـۆیەوە ببینێت. ئەگەرچـی کۆسیگینی سەرۆک وەزیران، (١٠)ی جون، لە وتارێکیدا ڕایگەیاند، کە حکوومەتی سۆڤیەتی، سـەرەڕای نائومێدیی لە پرسـەکان، بەلام بە تەمـــایە هەر بەردەوام بێــت لە گفتوگۆکانـــدا.[١٦٤] پـــاش چەنـــد هەفتەیەک، ئەوە بلاو بووەوە کە کوزنێتسۆڤ، بە هـۆی نەخۆشـی و بـــاری تەندروســـتییەوە، لە پۆســـتەکەی، وەک ســـەرۆکی وەفـــدی گفتوگۆکـار، لادەبرێت، بریکـاری وەزیـری دەرەوە، ل. ف. ئیلیچێڤ (L. F. Ilichev) دەخرێتە جێگەی.[١٦٥] ئەوەبوو لە (١٥ی ئۆگەسـتی ١٩٧٠)دا، بۆ ئەو مەبەستە، گەیشتە پەکین.

دووبارە، لە نیوەی دووەمی مانگی جوندا، کرانەوەیەک لە نێوان هەر دوو وڵاتدا بەدی دەکرا. شەڕی چاپەمەنییەکان وەستێنران، لە ناوەڕاســـتی مـــانگی جولایشـــدا، دوو هەنگـــاوی بچـــووک، بەلام کـــاریگەر، بەرەوپێشـــەوە نـــران. کۆبـــوونەوەی شـــانزەیەمی لیـــژنە هاوبەشەکەی سینۆ - سـۆڤیەتی تایبەت بە کەشتیرانی لە ڕووبارە

سنووریەکاندا، دەستیکردەوە بە کۆبوونەوە و گفتوگۆکانیان.[١٦٦] دوەمیشیان، بۆ یەکەم جار، لە (١٩٦٦)ەوە، هەر دوو حکوومەت ڕازیبوون لە سەر گۆڕینەوەی نوێنەرایەتییان، لە سەر ئاستی باڵیۆز.[١٦٧]

سەرەڕای ئەو ئارامییەی، کە لە کەشوهەوای دیپلۆماسیدا هەبوو، بەڵام پێدەچوو پەکین بە تەما نەبێت دەست لە جەنگی پڕوپاگەندەی سیاسی هەڵبگرێت. ئەوەتا لە یادی ڕۆژی سوپادا، (١ی ئۆگەست)، هەموو سەروتاری ڕۆژنامەکانی پەکین، پێکەوە هێرشیان کردە سەر یەکێتی سۆڤیەت، بەم شێوەیە باسیان دەکرد: "ئیمپریالیزمی سۆسیالیستی، چاوچنۆکانە چاوی بڕیوەتە ناوچەکانی چین. تەنانەت بۆ تەنها ڕۆژێکیش ئامادەکارییەکانی نەوەستاندوە، بۆ هێرشکردنە سەر چین. بە قسە، دەڵێت گوایە ئەم هیچ هەڕەشەیەک دروست ناکات بۆ سەر چین. کە وایە، ئەی بۆچی هەر خەریکی سوپا کۆکردنەوەیە لەو ناوچانەی کە نزیکن لە سنوورەکانی چین. ئەی بۆچی سوپایەکی زۆری نەناردوە بۆ وڵاتێکی دیکەی هاوسنوور لەگەڵ سۆڤیەتدا (بۆ نموونە، مەنگۆلیا)؟ ئەی بۆ شێتگیرانە خەریکی بڵاوکردنەوەی سوپاکەیەتی، ڕووی موشەکەکانی کردوەتە چین؟"[١٦٨]

لە (٤)ی ئۆگەستدا، مۆسکۆ لە ڕێگەی وتارێکی ڕادیۆییەوە وەڵامی ئەو هێرشەی دایەوە، لەوە ئاگاداری کردەوە کە: "ئەو هەڵوێستو بۆچوونە دژە - سۆڤیەتیانەی چین، ڕەنگە ببێتە هۆی لەباربردنی وتوێژەکانی پەکینی تایبەت بە سنوور. هەوڵدانیش بۆ بەهێزکردنی شۆڕش لە ڕێگەی جەنگەوە، شتێکی مەترسیدارە". پاشان وتارەکە دەڵێت: "یەکێتی سۆڤیەت هیچ لە بەرنامەیدا نییە پەلاماری چین بدات"[١٦٩]. لە وتارێکی دیکەی ڕادیۆییشدا، لە (٢٣)ی

ئۆگەستدا، هاتوە کە: "سەرەڕای ئەو جیاوازییە ئایدیۆلۆجییەی کە لە ئارادایە، بەڵام یەکێتی سۆڤیەت، ڕاستگۆ بوە لە هەوڵەکانیدا بۆ بەرەوپێشبردنی پێوەندییەکانی لەگەڵ چین... یەکێتی سۆڤیەت هێڵێکی جیاکەرەوەی کێشاوە لە نێوان پێوەندییە حیزبییەکانی و پێوەندییە حکومییەکانیدا، ئەویش لە ڕوانگەی ڕێز و خۆشەویستییەوە بۆ گەلی چین."[١٧٠] سەرۆک بریجنێڤیش لە وتارێکیدا، لە (٢٨)ی ئۆگەستدا، هەر هەمان داوای دووپات کردەوە، بۆ بەرەوپێشبردنی پێوەندییەکان لە نێوان یەکێتی سۆڤیەت و چین دەڵێت: "لەبەر بەرژەوەندی هەر دوو وڵات و... بۆ بەهێزکردنی ئاشتی لە جیهاندا".[١٧١]

ئەم نەرمی نواندنە تا کۆتایی (١٩٧٠) بەردەوام بوو، ئەگەرچی هیچ پێشکەوتنێکی بەرچاو لە گفتوگۆکانی پەکیندا بەدی نەکرا، جگە لە گەڕانەوەی هێڵی ڕاستەوخۆی تەلەفۆنیی نێوان پەکین و مۆسکۆ (Hot Telephone)، بەڵام کۆکردنەوەی هێزیش لە سەر سنوورەکان، لە هەر دوو لاوە، لەوپەڕی گەرمیدا بوو. وردە پێکدادانیش لە سەر سنوورەکان ڕوویاندەدا.

بە پێی هەندێک ڕاپۆرت، کۆی هێزە ئاساییەکانی سۆڤیەت لە سەر سنوورەکان، گەیشتە (٣٥) یەکەی ئامادە، (٢٥) یەکەی یەدەک، کە ئامادەبوون بۆ پشتیوانیکردنیان. ئەمە جگە لە چەند سەد موشەک، ڕۆکێتی ئەتۆمی تاکتیکی، کە بە درێژایی هێڵە سنوورییەکان بڵاو کرابوونەوە. هەروەها، ڕووسەکان کەوتنە فراوانکردنی ئەو بنکە ئاسمانیانەی، کە لە سەر سنوورەکان بوون، ژمارەیەکی زۆر سەکۆی نیشتنەوەیان تێدا دروستکردن.

چینیش یەکەیەکی تاقیکردنەوەی موشەکیی نوێی لە نزیک پەکین دروست کرد، بەدەر لەوانەی کە لە زەوییەکانی ناوەوەی

چیندا هەیبوون. هەروەها هەستا بە دووبارە ڕێکخستنەوەی بنکە بەرگرییە سەربازییەکانی لە باکووری خۆرهەڵات. ژمارەی سەرباز و هێزە نیمچە سەربازییەکانی دیکەی (Para-military) سەر سنووری باکووریشی گەیاندە نزیکەی دوو ملیۆن.[١٧٢]

لە (٣ی سێپتەمبەردا، (UPI)) باس لەوە دەکات، کە یەکێتی سۆڤیەت، پێشنیاری کردووە بۆ چین، کە ڕێککەوتننامەیەکی (دەستدرێژی نەکردن – Non-aggression) ببەستن، بەڵام پەکین، بێهیچ هۆیەکی ئاشکرا، ڕەتیکردوەتەوە. (UPI)(*)

(*) (UPI)United Press International): یەکێتی ڕۆژنامەوانی نێودەوڵەتی، ئەمە ئاژانسێکی دەنگوباسە، لە ساڵی (١٩٠٧)دا دامەزراوە، بنکەی سەرەکی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانە. (وەرگێڕ).

ئەو وتانەی لە سەرچاوە کۆمۆنیستییەکانی لەندەنەوە وەرگرتبوو. هەروەها باس لەوەش دەکرا، کە یەکێتی سۆڤیەت، ئەم پێشنیارەی لە میانەی گفتوگۆکانی سینۆ - سۆڤیەتی تایبەت بە سنوور، پێشکەش کردوە.[١٧٣]

بە هەمان شێوە، پەکینیش، هەوڵی دەدا پێوەندییەکانی لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەتدا بەرەوپێش بەرێت. ئەوەتا لەو نامەی پیرۆزباییەدا، کە بە بۆنەی (٥٣)هەمینساڵیادی شۆڕشی ئۆکتۆبەرەوە ناردبووی، بەڵێنیدابوو کە ڕێوشوێنی کاریگەر بگرێتەبەر، بۆ یەکلاییکردنەوەی "ناکۆکییە گەورەو گرینگەکانی" نێوان هەر دوو وڵات، دەڵێت: "چین بەردەوام وتوویەتی کە نابێت بهێڵین جیاوازی بیروڕا لە نێوان چین و یەکێتی سۆڤیەتدا، ببێتە ڕێگر لە بەردەم ئەو دوو وڵاتە بۆ گەیشتن بە پێوەندییەکی ئاسایی لە نێوان حکوومەتەکانیاندا."[١٧٤]

لە (٢٨ی نۆڤەمبەری ١٩٧٠)دا، چین لە ڕێنماییەکی وەزارەتی دەرەوەیدا، بۆ کاربەدەستە کۆمۆنیستە پلە نزمەکانی، سەبارەت بە

کێشە سنوورییەکانی سینۆ – هندی و سینۆ - سۆڤیەتی، دەڵێت: "لە ئێستادا، هەوڵ دەدەین ئەو کێشە درێژخایەنانەی سنوورەکانمان ڕابگرین، تا بتوانین لە ڕێگەی وتوویژ و گفتوگۆی درێژخایەنەوە چارەسەریان بۆ بدۆزینەوە."(١٧٥)

گفتوگۆکانی تایبەت بە کێشە سنوورییەکان، بە درێژایی ساڵی (١٩٧١) درێژەی کێشا، بێ گەیشتن بە هیچ ڕێککەوتنێکی بەرچاو، بەڵام لە کۆتایی ساڵەکەدا، وا پێدەچوو گەیشتبن بە ڕێککەوتنێک. چونکە، یەکێتی سۆڤیەت هەندێک پاشەکشەی نواند لە هەڵوێستەکانیدا، ئامادەبوو دەستهەڵبگرێت لە ژمارەیەکی زۆر لە دوورگەکانی ناو ئامور و ئوسوری، جگە لە دوو دوورگەی گەورە لە نزیک خەبەرۆڤیسکەوە، بەڵام چین بەو پێشنیارەی سۆڤیەت ڕازینەبوو، بەڵکوو جەختیکردەوە، کە دەبێت ڕێککەوتننامەکەی پەکینی (١٨٦٠) بکرێت بە بنەما بۆ دیاریکردنی سنوورەکان، کە ناوەڕاستی ڕووبارەکانی دیاریکردوە وەک هێڵی سنووری.(١٧٦)

لە سەر ئاستی دیپلۆماسی و ئایدیۆلۆجیش، (١٩٧١) هەندێک پێشکەوتنی بچووکی لە پێوەندییەکاندا، بە خۆوە بینی، بەڵام هەروا بە گشتی لە ئاستێکی زۆر نزمدا مایەوە. هەر وەک سەرۆک وەزیرانی فەرەنسا، مۆریس کوڤ دو مورڤیل ( Maurice Couve de Murville)، لە دوای سەردانێکی بۆ چین و چاوکەوتنی بە سەرانی ئەوێ، وتبووی: "ئەم پێوەندییە دژوارەی نێوان چین و سۆڤیەت، تا هەتایە هەروا دەمێنێتەوە، چونکە، ئەم پێوەندییانە لە چەند کێشەیەکی سنووری نێودەوڵەتییەوە سەرچاوەیان گرتوە، کە حکوومەتەکانی پێشووی چین، هەر بۆ خۆیان، هەرگیز دانیان پێدانەناوە."(١٧٧)

جاروبار لە ڕۆژنامەکانی سۆڤیەتدا هێرشی توند دەکرایە سەر

چـین، لەوانە: سـەروتارێکی پراڤـدا، لە (٩ی جەنیـوەری ١٩٧١)دا، هێـرش دەکـاتە سـەر پەکـین لە سـەر پرسـی ناسـیۆنالیزم. کۆسۆمۆڵسـکایا پراڤـدا (Kosomolskaya Pravda) لە (١٦)ی ئەپرەڵدا، چین بەوە تاوانباردەکات، کە "ملیۆنەها منداڵی قوتابخانە سەرەتاییەکانی خستوەتە بەرکار، بۆ دروستکردنی قەمەی تفەنگ، بەکارهێنانیان لە جەنگدا دژی یەکێتی سۆڤیەت، ئەو ئەم منداڵانەی ناونـابوو (سـەربازە بچوکەکـان – small soldiers)". هەروەهـا ئیزڤێسـتیا (Izvestiya) لە ٢٦ی ئۆگەسـتدا، چـین بەوە تاوانبـار دەکـات کە: "پێشـنیارێکی بنیـادنەرانەی سـۆڤیەتی ڕەت کـردوەتەوە، بـۆ یەکلاییکـردنەوەی کێشـە سـنوورییەکان، کە لەمیـانەی گفتوگـۆ (٢٢) مـانگییەکەی پەکیندا پێشکەشی کردبـوو". هەروەهـا دەشـوترا کە: "پەکـین سیاسـەتی – دوژمنـی دوژمـنەکەم دۆسـتمە –ی گرتـوەتەبەر لەگەڵ ئەو وڵاتـانەدا، کە نەیـاری یەکێتـی سـۆڤیەتن، تەنـانەت سـەرکردە چینییەکـان، لەوبـارەیەوە، بە ڕاوێژکـارە ڕووسـییەکانیان وتبوو، ئێمە یەکێتی سۆڤیەت بە دوژمنی خۆمـان دەزانـین، دوژمنـی دوژمنەکەشـم، دۆسـتمە". بەڵام بە شـێوەیەکی گشـتی، هەر دوولا هەوڵـی ئەوەیـان دەدا، کە پەرە بە پێوەنـدییە حکـومییەکەی نێوانیـان بـدەن. تەنـانەت یەکێـک لە وتەبێژەکـانی سـۆڤیەت، بە پەیـامنێرێکی وتبـوو: "ئەگەر پێویسـت بکـات، ئـێمە ئامادەین هەتـا هەزار سـاڵی تـر لە سـەر مێزی گفتوگۆ دابنیشـین، وەک لەوەی پرسەکە لە مەیدانی جەنگدا یەکلایی بکەینەوە."(١٧٨)

لە (٩)ی ئەپریڵـدا، کـۆنگرەی (٢٤) هەمینـی پـارتی سـۆڤیەتی، بڕیاریـدا پێوەنـدییەکی باشـی هاوسـێیانە لەگەڵ چینـدا دەسـت پـێ بکـاتەوە.(١٧٩) ڕۆژنـامەیەکی چەپـی بەیـروتیش، (الکفـاح)، بـڵاوی کردەوە، کە گوایە سەرۆک وەزیران، چو ئین – لای، لە (١٠ی مەی

١٩٧١)دا، لە بەردەم پەیـــامنێری (١٢) وڵاتـــی عەرەبیـــدا، ئەوەی ڕاگەیانـــد کە "پەکـــین وەهـــا پێشـــبینی دەکـــات، کە ســـەردەمێکی (پێوەندیی دۆستانە) لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت، لە بەردەممانـدا بێت، پاش ئەوەی کە باڵیۆزمـان گۆڕیوەتەوە، پێوەنـدییە بازرگانێکانمـان دەستی پێ کردوەتەوە."[١٨٠]

لە کۆتـایی سـاڵی (١٩٧١)دا، دوای ڕاگەیانـدنی سـەردانەکەی نیکسـن (Nixon) بـۆ چـین، قسـەپێوتن و پڕوپاگەنـدەکانی یەکێتـی سـۆڤیەت بـۆ سـەر چـین، دەسـتی پـێ کـردەوە. یەکێتـی سـۆڤیەت، بەردەوام، لەم نزیکبوونەوەیەی نێوان پەکین و واشنتۆن دەترسا. هەمـوو ئەو هێرشـانەی دواییشـی، لە داخـی ئەو نزیکبـوونەوەیەی پەکین بوو لەگەڵ خۆرئاوادا، تێکهەڵکێشکردنی پرسـی سنوورەکان، دوای ئەوە دەهات.

لە نووسـینێکی پراڤـدادا، بە قەڵەمـی پرۆفیسـۆر تیخڤینسـکی (Tichvinskij)، کە کـاتی خـۆی یەکێـک بـوو لە ئەنـدامانی وەفـدی گفتوگۆکاری تایبەت بە سنوور، سەبارەت بە کتێبێک نووسـیبووی، کە بـاس لە پێوەنـدییەکانی چینـی - سـۆڤیەتی دەکـرد لە سـاڵەکانی نێـــوان (١٩٤٥ – ١٩٧٠)دا،[١٨١] دەڵێـــت: "لە هـــاوینی (١٩٦٠)دا، کاربەدەســتانی چـین دەسـتییان کـرد بە ئاژاوەنـانەوە لە ســەر سـنوورەکانی چـین - سـۆڤیەت، کەوتـنە بیـانوگرتن و داواکردنـی ناوچەکانی یەکێتی سۆڤیەت. تەنها بۆ ئەوەی ئەمە بە کار بهێنن بۆ زیادکردنی هەستی دژە - سۆڤیەتی لە ناو میللەتەکەی خۆیاندا، تا بـیکەن بە (بیـانویەک) بـۆ ڕێـڕەوە تـایبەت، هەڵـگەڕاوە، لە ڕێبـاز دەرچووەکەیـان، بـۆ ئامـادەکردنی ئەو پـلانە درێژخایەنەیـان، بـۆ هەڵـگەڕانەوە (١٨٠) پلەییەکەیـان لە سیاسـەتی دەرەوەیانـدا، بەرەو دەستتێکەڵکردن و هاریکاریکردنی هێزە ئیمپریالیستییەکان."[١٨٢]

کتێبێکی دیکەش، بە ناونیشانی (داوا ناوچەییەکانی ماوتسی تۆنگ Territorial Claims of Mao Tse – Tung)، لە نوسینی کروچنین و ئۆلگین (Kruchinin and Olgin)، لە پایزی (١٩٧١)دا، هەر لە میانەی هەمان هەڵمەتی دژ بە سەرکردەکانی پەکیندا بڵاو کرایەوە.(١٨٣)

سەرکردە سۆڤیەتییەکان زۆر توورەبوون لە چاوپێکەوتنێکی چو ئین – لای لەگەڵ جەیمس ڕێستن (James Reston)ی نیویۆرک تایمزدا، کە تێیدا وتبووی چین لە دانوستانەکانیدا ڕێککەوتننامەکانی سەدەی نۆزدەیەم بە خاڵی بنەڕەتی دادەنێت، هەروەها مەترسی خۆی دەربڕیبوو لەو "هەڕەشەیەی، کە لە باکوورەوە ڕووی کردوەتە چین".(١٨٤)

ڤیکتۆر گریسجین (Victor Grisjin)، ئەندامی مەکتەبی سیاسی (Polit–biro)ی پارتی کۆمۆنیستی سۆڤیەتی، لە وتارێکیدا، لە (٦ی نۆڤەمبەری ١٩٧١)دا، بە بۆنەی (٥٤)هەمینساڵیادی شۆڕشی ئۆکتۆبەرەوە، بەم شێوەیە باس لە پێوەندییەکانی لەگەڵ چیندا کرد: "هەڵوێستی نەگۆڕ و بەردەوامی ئێمە، دژی بەرنامە سیاسی و ئایدیۆلۆجییەکانی سەرکردە چینییەکان بوە، کە پێچەوانەی بنەماکانی لینینیزمە (Leninism)، لە هەمانکاتیشدا زۆر بە توندی پەردە لە سەر پڕوپاگەندە ناحەزەکانی پەکین لادەبات، کە لە دژی سۆڤیەت دەیانکات، بەرژەوەندییە نیشتمانییەکانی دەوڵەتی سۆڤیەتیش دەپارێزێت". ئەم وتارە بوە هۆی ئەوەی، کە نوێنەرەکانی چین، لە یادەکە بێنەدەر، بەڵام دوایی گریسجین لە درێژەی وتارەکەیدا، وتی: "یەکێتی سۆڤیەت پێی باشە، کە پێوەندییەکانی لەگەڵ چیندا ئاسایی بکاتەوە"، ڕایگەیاند کە: "هەنگاو و دەستپێشخەرییەکەمان ئەنجام و دەسکەوتی خۆی هەبوو، بەڵام

پێشـــکەوتن و بەرەوپێشـــچونی ڕاســـتەقینە، بەنـــدە بە نیازپـــاکی و هەولَـــی هەر دوولاوە. بە داخەوە کە ســـەرکردەکانی چـــین، هەر بەردەوامن لە چالاکییە دژە - سۆڤیەتییە جوداخوازییەکانیان."[185]

بەڵام چینییەکـــان خـــۆڕاگرییەکی زۆر بەهێزیـــان پیشـــاندا لە بەرامبەر ئەو هێرشانەی یەکێتی سۆڤیەتدا، وەڵامیان نەدانەوە. لەو نامەیەیانـــدا کە بە بـــۆنەی (٥٤)هەمـــین ســـاڵیادی شۆڕشـــی ئۆکتـۆبەرەوە ناردبوویـان بـۆ حیـزبە سـۆڤیەتییەکە، باسـیان لەوە کردبـوو، کە ئەوان زۆر دڵنیـان لەوەی، کە پێوەنـدی نێـوان چـین و یەکێتی سۆڤیەت هەر بەرەو باشتر دەچێت، لە سەر ڕێگەی ڕاستی خۆیەتی. هەروەهـا نـامەکە ئەو دەسـتەواژانەی دووپـات دەکـردەوە، کە: "حکـوومەتی چـین بەردەوام پێـی وابـوە، کە نابێـت بهێڵـین جیاوازیی بیروڕا، لە نێوان چین و یەکێتی سۆڤیەتدا، ببێتە ڕێگر لە بەردەم ئەم دوو وڵاتەدا، بـۆ گەیشـتن بە پێوەنـدییەکی ئاسـایی لە نێوان حکوومەتەکانیاندا."[186]

# پەراوێزەکانی چاپتەری یەکەم:

(١) دیێنیس ج. دولین (Denis J. Doulin) " داوا ناوچەییەکان لە کێشـەی سینۆ – سۆڤیەتیدا، دۆکیۆمێنت و شیکار"، پەیمانگای هۆڤەری تایبەت بە جەنگ و شۆڕش و ئاشتی ( The Hoover Institution on War, Revolution, and Peace)، زانکۆی ستانفۆرد ( (Stanford University، 1965)) ، ل. ١٤، بڕوانە خوارەوەی ل ٤٦.

(٢) دانیێل ئێلیگێرز (Daniel Ellegiers)، "سنووری نێوان ڕووسیا و چین"، ( D Etude Du Sud – Est Asiatique et De L Extreme – Orient Centre)، بڕۆکسل، (١٩٧٠)، BF، 20، ل. ١١٤. ئالن س. وایتینگ" سیاسەتەکانی سۆڤیەت لە چین (١٩١٧ – ١٩٢٤) " ، نیویۆرک لە چاپەمەنییەکانی زانکۆی کۆلۆمبیا، (١٩٥٤)، ل. ٢٧٧. ئای ئێف. کوردیوکۆڤ (I.F Kurdiukov) " پێوەندییەکانی سۆڤیەتی – چینی، (١٩١٧- ١٩٥٧)، کۆمەڵێک دۆکیۆمێنت"، مۆسکۆ (١٩٥٩)، ل ٦٥، پیتەر بێرتن ( Peter Berton)، " باکگراوندێک لە سەر مەسەلە ناوچەییەکان، دیراسەیەک لە سەر کۆمۆنیزمی بەراوردکاری " بڵاو کراوەیەکی ناوخۆیی پەیمانگای لێکۆڵینەوە، قوتابخانەی زانستی سیاسی و پێوەندییە ناوخۆییەکان، زانکۆی کالیفۆرنیای باشوور، (vol. 2.4and 3 . Nos جولای/ئۆکتۆبەر (١٩٦٩)، ل ١٣٨، بڕوانە خوارووی لاپەڕە ٤٦.

(٣) ستیوارت ڕ. شرام (Stuart R. Schram)، " بیری سیاسی ماوتسی – تونگ "، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای پێنگوین، لەندەن، (١٩٦٩)، ل٤١٩، ئێدگار سنۆ (Edgar Snow)، " ڕێد ستار ئۆڤەر چاینە ( Red Star Over China "، نیویۆرک، (١٩٦٨)،

ل.١١٠.

[٤] ئەم دوو نوسراوەی خوارەوە تەنها سەرچاوەن لە سەر ماوەی (١٩٤٩)، کە نووسەر توانیویێتی بە دەستیان بهێنێت:

(لە ساڵی (١٩٤٩)دا بوو، پاشانیش جارێکی دیکە لە ساڵی (١٩٥٤)دا، کە ماوتسی – تونگ، بە گیانێکی تەواو شۆڤێنیستییەوە، بەرەو ڕووی سەرکردایەتی سۆڤێیت وەستایەوە، سەبارەت بە (کێشەی) لکاندنی (MPR) بە چینەوە). أ. کروچین و ڤ. ئۆلگین (A. Kruchinin and V.Olgin)، "داوا ناوچەییەکانی ماو تسی – تونگ"، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی نۆڤۆستی مۆسکۆ، بەرواری چاپی لە سەر نییە، لە (١٩٧١)دا بڵاو کراوەتەوە، ل(٢٥). بڕوانە وتەکەی ماوتسی – تۆنگ لە کۆنگرەی حەوتەمی (CP)دا، ساڵی (١٩٤٥)، هەروەها وتەکەی ماو لە کاتی دانوستانەکانی مۆسکۆدا، لە (١٦)ی دیسەمبەری (١٩٤٩)دا، کە لە پراڤدادا بڵاو کراوەتەوە، (١٦)ی دێسەمبەری (١٩٤٩)دا. هەروەها لێدوانەکەی حکوومەتی سۆڤیەتی (٢٩)ی مارتی (١٩٦٩)، (دۆکیومێنتی ٣٧).

هەروەها بڕوانە (پرۆگرامی گشتی – The Common Programme)، لێدوانێکی سیاسیانەی پارتی کۆمۆنیستی چین"، پیکین، سێپتەمبەری (١٩٤٩). هەروەها ج.ن. پاترسن (G.N.Patterson)، "سنوورە نا ئارامەکان" ، گروپی لێکۆڵینەوە نێودەوڵەتییەکان، هۆنگ کۆنگ، (١٩٦٦)، ل٥٧.

[٥] ئەو ژمارەیەی کۆمیۆنیک (Communique) کە هەواڵی ئیمزاکردنی (پەیماننامەی دۆستایەتی و هاوپەیمانی و هاریکاری یەکتری)ی نێوان چین و یەکێتی سۆڤیەتی بڵاو کردەوە، لە مانگی فێبریوەری (١٩٥٠)دا، چین و USSR" بە تەواوی زامنی ئەو سەربەخۆیەی کۆماری گەلی مەنگۆلیا دەکەن، کە لە ئەنجامی

ڕیفراندۆمەکەی ساڵی (١٩٤٥)هاتوەتە ئاراوە".

هەروەهـا دەربـارەی ئەو ڕێککەوتنـامە و پەیماننـامە سـینۆ – سـۆڤێیتیانەی (کە لە مۆسـکۆ ئیمـزا کـران، لە ١٤ی فێبریـوەری (١٩٥٠)دا)و، لە پیکینـگ، لە (١٩٥١)دا، بـڕوانە (نیـو چاینـا دەیلـی (New China Daily)، نانکینـگ ( (Nanking، 5ی مـارتی (١٩٥٠)، کە دەڵێـت: " بـۆ هەمـوو هـاوڵاتییەکی نیشـتمانپەروەری چین... داننانمان بە مەنگۆلیادا، وەک دەوڵەتێکی سەربەخۆ، کارێکی ڕاسـت و شـیاو بـوو، بەڵام بەلای کـۆمەڵە کـۆنە پەرسـتەکەی کۆمینتـاگەوە (Kumintag).. سـەربەخۆیی مەنگۆلیـا، لە دەسـتدانی ناوچە و زەوی چین دەگەیەنێت.

هەنـدێک هەن بە ژەهـری (هـانیزم – Hanism) ژەهـراوی بـوون... دەبێـت ئـێمە لەگەڵ سـەربەخۆییدا بـین، نەک گێـڕانەوەی، (واتـا MPR)، بـۆ باوەشـی خۆمـان و بە زۆر شـوێنی خۆمانیـان بخەین" .

(٦) بڕوانە دۆکیۆمێنتی ژمارە (١).

(٧) فرانسز واتسن (Francis Watson)، "سنوورەکانی چـین"، لەندەن، (١٩٦٦)، ل ١٨٩.

(٨) بڕوانە دۆکیومێنتی ژمارە (٢).

(٩) بڕوانە دۆکیومێنتی ژمارە (٣).

(١٠) بە تـایبەتی هانگ چـی – هسیانگ (Hang ChI – Hsiang)، کە پێشـتر جەنەڕاڵێکـی نەتەوە پەرسـت بـوو، ئەنـدامی ئەنجـومەنی بەرگری نەتەوەیی (PRC) بوو، وەک لە نووسینی ئاشکرا بوونی دووڕوویـی هوانـگ چـای – هسـیانگ، وەک دژەنـدەیەکی دژە کۆمۆنیسـتی و دژە سۆسیالیسـتی، NCNA، پێکینـگ، ٢٩ی جـولای (١٩٧٥)دا هاتوە، بۆ لێدوانی زیاتریش لە سـەر (١٩٥٠)کان، بڕوانە

دۆکیـۆمێنتی ژمــاره (٦٥)و، دۆکیـۆمێنتی ژمــاره (٦٦). هەروەهــا هەواڵەکانی لاوانی چین (China Youth News)، " سەبارەت بە ناشـیۆنالیزمی نـاوخۆیی لە سـینکیانگ)، ٢٢ی فێبریـوەری (١٩٥٨). هەروەها وانگ ئین – ماو (Wang En – Mao) سکرتێری یەکەمی (CCP) لە سنکیانگ، کە هەڕەشـە لە ڕاستڕەوەکانی نـاو حیـزب دەکـات، ئەوانەی کە بە نهێنـی پشـتیوانی لە بـزووتنەوە ڕزگــاریخوازییە نەتەوەییەکــان دەکەن و، دان بەوەدا دەنــێن کە پشتگیری گلاندشتاین (Glandestine) بۆ (کۆماری تورکستانی ڕۆژهەڵات)ی پێشــوو، هێشــتا هەر بەردەوامە. لە پیپڵــز دەیلــی، ژمــارەی ٢٧ی جـونی (١٩٥٨)ەوە. هەروەهــا بـڕوانە وەڵامەکەی سکرتێری گشتی (CCP) تینگ سیاو – پینگ ( Teng Hsiao – Ping)، بـۆ ئەو پرســیارەی خوێنــدکارانی زانکــۆی چینگهــوا (Chinghua) لێـی دەکەیـن، لە کـاتی سـەردانەکەیدا بۆ ئەویێ، لە ساڵی (١٩٥٧)دا، کە دەڵێت: "ماوتسـی – تونـگ ناتوانیـت پێوەنـدی لەگەڵ مۆســکۆدا بپچڕێنێــت... بــۆچی؟ چــونکە ئەو پێویســتی بە یارمەتییەکانی مۆسکۆ هەیە". لە چینگیێن چانگهسین ( Chingnien Changhsien)دا، ١ی جـونی (١٩٦٧)، لە کـروچنین و ئـۆلگینەوە وەرگیراوە، ل٢٤.

(١١) بڕوانە دۆکیومێنتی ژمارە (٤)، هەروەها وەڵامەکەی چوئن – لای لە کــــۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووســــیدا، لە کاتمانــــدو (Katmandou)، لە ٢٨ی ئەپریڵـــی (١٩٦٠)دا، ل ٥٥. هەروەهـــا بڕوانە دۆکیومێنتی ژمارە (٣٧).

(١٢) کـــروچنین و ئـــۆلگین، ل ٩٢-٩٣، هەروەهـــا بـــڕوانە دۆکیومێنتی ژمارە (٦٤).

(١٣) ئیبید (Ibid)، ل ٩٣.

[١٤] ولیـام ی. گریفـپ (William E.Griffith)، دووبەرەکـی نێوان سینۆ – سۆڤیێت، چاپخانەی .M.I.T، 1964، ل ٦٠– ٦٣.

[١٥] بڕوانە دۆکیومێنتی ژمارە (٥).

[١٦] بڕوانە دۆکیومێنتی ژمارە (٦).

[١٧] بڕوانە دۆکیومێنتی ژمارە (٧)و، دۆکیومێنتی ژمارە (٦٣).

[١٨] کروچینین و ئۆلگین، ل ٩٤.

[١٩] بـــڕوانە دۆکیـــومێنتی ژمـــارە (٨)و، دۆکیـــومێنتی (٦٢)، هەروەهابەرنامەکانی ڕادیۆی (NCNA) مانگی ئۆگەستی (١٩٦٣)، سەبارەت بەدروستکردنی کێڵگە حکومییەکان لە سنکیانگ، کورتەی بەرنامەکـانی ڕادیـۆی (BBC)، پەخشـی جیهـانی، بەشـی سـێیەم، پاشکۆی هەفتانە،ژمارە ٢٢٥ی ١٤ی ئۆگەستی (١٩٦٣).

[٢٠] بڕوانە دۆکیومێنتی ژمارە (٩).

[٢١] بڕوانە دۆکیومێنتی ژمارە (a9).

[٢٢] بڕوانە دۆکیومێنتی ژمارە (١٠).

[٢٣] پیتەر بێرتن (Peter Berton)، ل ١٣٥.

[٢٤] پراڤـــدا، ٣ی ئەپریـــڵ، (١٩٦٤)، لە CDSP، ڤۆلیـــۆم ١٦، ژمارەکانی ١٣ و ١٤، ٢٢ی ئەپڕڵ و ٢٩ی ئەپڕیڵی (١٩٦٤).

[٢٥] پ. باتن، ل ١٣٥.

[٢٦] نیویۆرک تایمز، ٣ی فێبریوەری، (١٩٦٤).

[٢٧] راپـــۆرتە لێکـــۆڵەرەوەییەکەی کســـینگ، کێشـــەی ســـینۆ – سـۆڤێیتی، بریسـتڵ،(١٩٧٠)، ل ١١٣، هەروەهـا کـروچنین و ئـۆلگین، ل٩٥.

[٢٨] ئیبید، ل١١٣، بـڕوانە چـاپتەری سـێیەم بـۆ وردەکـاری ئەو دانوستانانە.

[٢٩] بڕوانە دۆکیومێنتی ژمارە (١١).

(٣٠) بڕوانە دۆکیومێنتی ژمارە (١٢).
(٣١) بڕوانە دۆکیومێنتی ژمارە (١٣).
(٣٢) بڕوانە دۆکیومێنتی ژمارە (١٤).
(٣٣) بڕوانە دۆکیومێنتی ژمارە (١٥).
(٣٤) کروچنین و ئۆلگین، ل ٩٥.
(٣٥) ئیبید، ل ٩٥.
(٣٦) بڕوانە خوارەوە.
(٣٧) پیکینگ ڕیڤیو، ژمارە ٥٢ی ٢٨ی دیسەمبەری (١٩٦٢)، بۆ ڕێککەوتننامەی (١٩٦٢).
(٣٨) دوولێن (Doolin)، ل٢١.
(٣٩) بڕوانە دۆکیومێنتی ژمارە (٢)، بۆ لێدوانەکانی مانگی جونی (١٩٦٤)یش، بڕوانە دۆکیومێنتی ژمارە (٦٠) و دۆکیومێنتی ژمارە (٥٩).
(٤٠) بڕوانە دۆکیومێنتی ژمارە (٣) و دۆکیومێنتی ژمارە (١٦)، بۆ لێدوانی یابانێکان.
(٤١) بڕوانە دۆکیومێنتی ژمارە (١٧ و a25)، دۆکیومێنتی ژمارە (٦١).
(٤٢) چاینە کوارتەرلی، ژمارە ١٨، ئەپریل – جونی (١٩٦٤)، ل ٢٤١.
(٤٣) بڕوانە دۆکیومێنتی ژمارە (٢٦).
(٤٤) بڕوانە دۆکیومێنتی ژمارە (٢٧).
(٤٥) بڕوانە دۆکیومێنتی ژمارە (٢٨).
(٤٦) NCNA، ڤۆلیوم ٥، (١٩٦٤).
(٤٧) بڕوانە دۆکیومێنتی ژمارە (٢٩) و دۆکیومێنتی (١٣).
(٤٨) جۆن گیتینگز (John Gittings)، ڕووپێوی کێشەی سینۆ

– سۆڤییتی، (١٩٦٣ – ١٩٦٧)، چاپخانەی زانکۆی ئۆکسفۆرد، (١٩٦٨)، ل ١٥٩.
(٤٩) پ. بارتن، ل ١٤٤، تاستی نێودەوڵەتی، ١٣ی جولای (١٩٦٩).
(٥٠) ئیبید، ل ١٤٤.
(٥١) پیکینگ ڕیڤیو، "بۆچی خروشۆڤ کەوت"، ژمارە (٤٣)، نۆڤەمبەر، (١٩٦٤)، ل ٧.
(٥٢) د.ج. دووڵین (D.J.Doolin)، ل٢٤.
(٥٣) بڕوانە دۆکیومێنتی ژمارە (٥٦)، هەروەها بڕوانە چاوپێکەوتنەکەی ماو لەگەڵ ئێدگار سنۆ، لە نیو ڕیپەبلیکدا ( New Republic)، نیویۆرک، ٢٧ی فێبریوەری، (١٩٦٥).
(٥٤) جۆن گیتینگز (John Gittings)، ل ٢٦٣.
(٥٥) کروچینین و ئۆلگین، ل ٩٥.
(٥٦) NCNA، 30ی سێپتەمبەری (١٩٦٥)، لە کەرێنت باکگراونددا (Current Background)، ژمارە ٧٧٥. قونسوڵخانەی گشتی ئەمریکا لە هۆنگ کۆنگ، هەروەها لە پیکینگ ڕیڤیودا(Peking Review)، ژمارە ٤١، ٨ی ئۆکتۆبەری (١٩٦٥)، ل ٣، هەروەها بڕوانە دۆکیومێنتی ژمارە (٥٧) و (٥٨). هەروەها کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکەی چێن یی (Chen Yi)، لە ٢٩ی سێپتەمبەری (١٩٦٥)دا، لە پیکینگ ڕیڤیودا، ژمارە ٤١، ٨ی ئۆکتۆبەری (١٩٦٥)، ل ٧.
(٥٧) پیتەر بێرتن، ل ١٣٧.
(٥٨) بۆ ماوەی (١٠) ساڵی ڕابردوو، یەکیتی سۆڤێیت و چین، پێکەوە و بە هاوکاری یەکتری ناوچەکانی ڕووبارەکانی ئامور و ئوشوری و ئارگونیان پەرەپێداوە، ژمارەیەک ڕێککەوتننامەشیان

ئیمزا کردوە سەبارەت بەم هاریکارییە، لەوانە:

١- ڕێککەوتنامەی سۆڤیەتی – چینی ساڵی (١٩٥١)، سەبارەت بە کەشتیرانی لە ناو ڕووبارەکانی ئامور و ئوسوری و ئارگون و سونگاری و دەریاچەی خانکا (Lake Khanka)، (ئەو ڕێکەوتننامەیەی کە سۆڤێیتێکان بۆ بەرگریکردن لە خۆیان، لە بەرامبەر تۆمەتی چینییەکاندا، ئیدیعای ئەوە دەکەن کە بە تەواوی پشتی بەستوە بە ڕێککەوتنامە مێژووییەکانی تایبەت بە سنوورەکانی ڕووسی – چینی). بەداخەوە پێدەچێت دەقی ئەم ڕێکەوتننامەیە بڵاو نەکرابێتەوە: بەڵام لە لێدوانەکەی حکومەتی سۆڤێیتی ٢٩ی مارتی (١٩٦٩)دا ئاماژەی پێکراوە، بڕوانە دۆکیۆمێنتی ژمارە (٣٧).

٢- لێکۆڵینەوەیەکی هاوبەش، سەبارەت بە ڕووباری ئارگون، کە لە (١٩)ی ئۆگەستی (١٩٥٦)دا تەواو بوە. ڕووپێوی چاپەمەنییە سەرەکییەکانی چین ((SCMP، 1355، 22)ی ئۆگەستی ١٩٥٦)، ل ٤٩.

٣- ناکۆکی سینۆ – سۆڤێیتی، سەبارەت بە کەشتیوانی بازرگانی لە ناو ڕووبار و دەریاچە هاوبەشەکاندا، ٢١ی دیسەمبەری (١٩٥٧)، NCNA، 22ی دیسەمبەری (١٩٥٧)، SCMP1679، 27ی دیسەمبەری ١٩٥٧، ل٤٠، زنجیرە ڕێککەوتننامەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، UNTS، ژمارە ٣٠٥، ل٢١٥.

٤- ناکۆکی سینۆ – سۆڤیەتی لە سەر گەڕان بە دوای کانزدا لە ناوچەی هێیلۆنگکیانگ، ((1355 SCMP، 22ی ئۆگەستی ١٩٥٦، ل٤٩، لەگەڵ پێکینگ ڕیڤیو، ١٩ی ئۆگەستی ١٩٥٦.

٥- ڕێکەوتننامەی بازرگانی و دەریاوانی، لە نێوان چین و یەکێتی سۆڤێیتدا، ٢٣ی ئەپریلی ١٩٥٨، NCNA، 23ی ئەپڕیلی

١٩٥٨، 1760 SCMP، 29ی ئەپڕیڵـــی ١٩٥٨، ل ٢٩، UNTS، ژمارە ٣١٣، ل١٤٢.

٦- نەخشەی کەشتیرانی و پاراستنی ڕێگە ئاوێکان، ڕووباری ئاموور بۆ ساڵی ١٩٥٩، NCNA، 18) 1975 SCMPی مارتی ١٩٥٩)، ل ٤٧.

٧- ڕێکەوتننامەی سینۆ – سۆڤییەتی، سەبارەت بە لێکۆڵینەوەی زانستی بە درێژایی ڕووبـاری ئـاموور، ١٨ی ئۆگەستی ١٩٥٦، NCNA، 17ی ئەپڕیلی ١٩٦٢، 25) 2724 SCMPی ئەپڕیلی ١٩٦٢)، ل ٣٦ – ٣٨.

٨- ڕێکەوتننامەی هاوبەشی سینۆ – سۆڤیەتی سەبارەت بە ڕووپێوو دیاریکردنی جۆری کەشتییەکان، ٧ی مەی ١٩٦٢، NCNA، 16ی مەی ١٩٦٢، 22) 2734 SCMPی مەی ١٩٦٢)، ل ٣٠.

(٥٩) دەقی "ڕێنماییەکانی ١٩٦٦" لە NCNAدا بڵاو کرایەوە لە ١٩ی ئەپڕیلی، ١٩٦٦دا.

(٦٠) ڕاپۆرتە لێکۆڵینەوەکەی کیسینگ، ل ٨٥ – ٨٨، ج. گیتینگز (Gittings, J.)، ل٢٤٣ – ٢٤٥، لۆمۆند ((Le Monde، 23ی مارت، ١٩٦٦.

(٦١) پیکینگ ڕیڤیو، ٢٥ی مارت، ١٩٦٦.

(٦٢) بڕوانە دۆکیومێنتی ژمارە (٥٣).

(٦٣) ڕاپۆرتە لێکۆڵینەوەکەی کیسینگ، ل١١٥، بڕوانە بەیانی پانزەهەمین کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی CPC، لە ١٢ی ئۆگەستی ١٩٦٦دا، کە شۆڕشە ڕۆشنبیرییەکەی خستە کار.

(٦٤) بڕوانە دۆکیومێنتی ژمارە (٥٥)، هەروەها بڕوانە پراڤدی ٢٧ی نۆڤەمبەری ١٩٦٦.

(٦٥) بڕوانه دۆکیومێنتی ژماره (٥٤).
(٦٦) ڕاپۆرتە لێکۆڵینەوەییەکەی کیسینگ، ل١١٥.
(٦٧) ناکۆکی سینۆ – سۆڤییێتی، نۆڤەمبەری ١٩٦٧، ل٣٣ کە بڵاو کراوەیەکی بێ بەرواره، لە سەرچاوەیەکی نەزانراوە بڵاو کراوەتەوە.
(٦٨) هـ س. هینتن(CH. C. Hinton)، کێشەیەک لە سەر ئوسوری، پێکدادانی نەتەوەپەرستەکان، کێشەکانی کۆمیۆنیزم، جەنیوەری – ئەپڕیلی١٩٧١، ژمارەیەکی تایبەت، ل٤٦، هەروەها پراڤدای ١٤ی دیسەمبەری ١٩٦٦.
(٦٩) گیتیگز (Gittings)، ل١٦٠، سێرڤای (Servey)، ڕۆژنامەی دیراساتی سۆڤیەت و ئەورووپای ڕۆژئاوا، لەندەن، ژمارە ٦٣، ئەپڕیلی ١٩٦٧، ل٥٢، ژمارەی تایبەت: "یەکێتیی سۆڤیەت و (شۆڕشە ڕۆشنیرییە مەزنەکەی پرۆلیتاریا) لە چین".
(٧٠) سێرڤای، ئیبید، ل١٣٢، ڕادیۆی مۆسکۆ، ٢ی جەنیوەری ١٩٦٧.
(٧١) ئیبید، ل٣١، کیسینگر، ل١١٥.
(٧٢) بڕوانه دۆکیومێنتی ژماره (٤٧).
(٧٣) کیسینگر، ل١١٥، هەروەها بڕوانە دۆکیومێنتی (٤٦).
(٧٤) پ. بارتن P. Barton، ل ١٤٥، نیۆرک تایمزی ٢٢ی فێبریوەری ١٩٦٧.
(٧٥) بڕوانە دۆکیومێنتی ژمارە (٤٨) و دۆکیومێنتی ژمارە (٤٩).
(٧٦) ئاژانسی دەنگو باسی نۆڤۆستی، ١٣ی مارت، ١٩٦٧، هەروەها بڕوانە "هەڵبژاردەیەک لە وتاری بریژنێڤ" لە پراڤدادا، ١١ی مارتی،١٩٦٧، هەروەها بڕوانە دۆکیومێنتی ژمارە (٥٢).
(٧٧) بڕوانه دۆکیومێنتی ژماره (٥٠).

[٧٨] کێشەی سینۆ – سۆڤییتی، ل٣٤.

[٧٩] کێشــەی ســینۆ – ســۆڤییتی، ١٩٦٨ –١٩٦٧، ژمــارەیەکی دواتری ئەو بڵاو کراوە نەناسراوەی کە لە تێبینییەکانی ٦٧ و ٦٨دا ناوی هاتوە، ل١٩.

[٨٠] CDSP، ڤۆلیۆم ١٩، ژمارەکانی ٣٢ و ٣٥.

[٨١] کێشەی سینۆ – سۆڤییتی، ١٩٦٧، ل٣٤.

[٨٢] هـ .ی. سالسبێری (H. S. Salisbury)، جەنگی چاوەڕوان کراوی نێوان ڕووسیاو چین، پان بووکس (Pan Book)، لەندەن، ١٩٦٩، ل١٥٦، نیۆرک تایمز، ٣ی جەنیوەری، ١٩٦٩.

[٨٣] بڕوانە دۆکیومێنتی ژمارە (٥١).

[٨٤] کێشەی سینۆ – سۆڤییتی،١٩٦٨ – ١٩٦٧، ل٢٠.

[٨٥] ئیبید، ل١٩.

[٨٦] بڕوانە دۆکیومێنتی ژمارە (٤٥).

[٨٧] بڕوانە دۆکیومێنتی ژمارە (٤٣).

[٨٨] بــڕوانە دۆکیــومێنتی ژمــارە (٤٤)، یەکێتــی ســۆڤێیت ئەو تۆمەتانەی ڕەت کردەوە کە ئاسمانی چینی بەزاندبێت لە ١٩٦٨دا، بـڕوانە نووسـراوەکەی سـۆڤێیت بـۆ وەزارەتـی دەرەوەی چـین لە ٣١ی ئۆکتــۆبەری ١٩٦٨دا، لە پراڤــدای ژمــارەی ١ی نــۆڤەمبەری ١٩٦٨، هەروەهـا چـاوپێکەوتنەکەی ئیزڤێسـتیا لەگەڵ یاریـدەردەری سەرۆکی ئەرکانی سۆڤێیتی، لە ٢ی نۆڤەمبەری ١٩٦٨دا، لە CDSP، بەرگی ٢٠، ژمارە ٤٤، ٢٠ی نۆڤەمبەری ١٩٦٨، ل١٨–١٧.

[٨٩] ت. و. ڕۆبیســن ( T.W.Robinson)، کێشــەی ســنووریی سینۆ – سۆڤێیتی: باکگراوند و پەرەسـەندن و پێکدادانەکانی مـانگی مـارتی ١٩٦٩، ڕاند (Rand)، سـانتامۆنیکا، PR RM- 6171 –، ئۆگەستی ١٩٧٠، ل٣٠.

(٩٠) بڕوانە دۆکیومێنتی ژمارە (٣٠).

(٩١) بڕوانە دۆکیومێنتی ژمارە (٣١).

(٩٢) NCNA، 5ی مارت، ١٩٦٩.

(٩٣) بڕوانە دۆکیومێنتی ژمارە (٣٢).

(٩٤) پراڤداو ئیزڤێستیا، ٨ی مارتی ١٩٦٩، لە دیراسات لە بارەی کۆمۆنیزمی بەراوردکارییەوە، ل١٥٦.

(٩٥) ئیبید، ل ١٥٥ ، کیسینگز، ل١١٧.

(٩٦) بڕوانە دۆکیومێنتی ژمارە (٣٣).

(٩٧) بڕوانە دۆکیومێنتی ژمارە (٣٤).

(٩٨) کیسینگز، ل١١٨.

(٩٩) NCNA، 13ی مارتی ١٩٦٩، لە دیراسات لە بارەی کۆمۆنیزمی بەراوردکارییەوە، ل١٥٩.

(١٠٠) ئیبید، ل١٥٦.

(١٠١) ئیبید، ل١٦١-١٦٠.

(١٠٢) ئیبید، ل١٦٤.

(١٠٣) بڕوانە دۆکیومێنتی ژمارە (٣٥).

(١٠٤) بڕوانە دۆکیومێنتی ژمارە (٣٦).

(١٠٥) کیسینگز، ل١١٨.

(١٠٦) دیراسات لە سەر کۆمۆنیزمی بەراوردکاری، ل١٦٦-١٦٥.

(١٠٧) ڕادیۆی مۆسکۆی ئاڕاستەی چین، وتاری "پێویستە لاوانی چین ئەم ڕووداوە لە یاد نەکەن" ، ١٣ی مارت، ئیبید، ل ١٦٧،ترود، ١٦ی مارت، ئیبید، ل ١٦٨، وتاری " پاسەوانە سنوورییە سۆڤێتیەکان (ماو)یان خۆش دەوێت"، NCNA، 19ی مارت، ل ١٧٨، هۆنراوەی "لە سەر بەفرە سوورەکەی ئوسوری"، لە نووسینی. یەڤتوشینکۆ (Y.Yevtushenko)، لیتراتوریانا گازێتا،

ژمارە ١٢، ١٩ی مارت، ئیبید، ل ٢١١، پراڤدا، ٢٥ی مارتی ١٩٦٩، هەروەها دۆکیومێنتی (a٣٦).

(١٠٨) ڕادیۆی مۆسکۆ، سەبارەت بە گرینگیدانە (چین – دۆستێکانی) (Pro – China) (ئەلیکزاندەر ژۆڵکڤەر – Aleksander Zholkver)، ڕادیۆی مۆسکۆی ناوخۆیی، ١٩ی مارت، ئیبید، ل ١٧٩، هەروەها بڕوانە بابەتی "دەستێکەڵاوکردنی مۆسکۆ لەگەڵ ڕۆژئاوادا"، NCNA، 19ی مارت، ئیبید، ل ١٨٠.

(١٠٩) بڕوانە دۆکیومێنتی ژمارە (٤).

(١١٠) بڕوانە دۆکیومێنتی ژمارە (٣٧).

(١١١) بڕوانە دۆکیومێنتی ژمارە (٤) .

(١١٢) دیراسات سەبارەت بە کۆمۆنیزمی بەراوردکاری، ل١٩٠ – ١٨٩.

(١١٣) ئیبید، ل١٧٢ و ٢٠٧.

(١١٤) ئیبید، ل١٨٩.

(١١٥) ئیبید، ل١٩٠.

(١١٦) ئیبید، ل٢٣٧.

(١١٧) بڕوانە دۆکیومێنتی ژمارە (a٣٧)، سیمێنۆڤ "بیرکردنەوە بە دەنگی بەرز" ، پراڤدا، ٣ی مەی، ئیبید، ل٢١٤، لیترا تۆرنایا گازێتا، ٢١ی مەی، ئیبید، ل٢٨٠.

(١١٨) بڕوانە دۆکیومێنتی ژمارە (٣٨).

(١١٩) "تسارە کۆن و نوێکان چەقەڵی یەک دۆڵن" ، NCNA، 27ی مەی، ١٩٦٩، "سیمۆنۆڤ (لۆتیچەقۆ)کەی دژە – چین" ، پیلیز دەیلی، ۆ)کەی دژە – چین" ، پیلیز دەیلی، ٣٠ی مەی، لە دیراسات سەبارەت بە کۆمۆنیزمی بەراوردکاری، ل٢١٩، پێکین ڕیڤیو، ژمارە ٢٢ی ٣٠ی مەی، ١٩٦٩.

(١٢٠) كيسينگز، ل١٢٨ – ١٢٧.
(١٢١) ئيبيد، ل١٢٨.
(١٢٢) ديراسات سەبارەت بە كۆمۆنيزمی بەراوردكاری، ل٢٢١.
(١٢٣) ئيبيد، ل٢٢٢.
(١٢٤) بڕوانە دۆكيومێنتی ژمارە (٣٩).
(١٢٥) ڕاديـۆی مۆسـكۆی ئاڕاسـتەی چـين، ڕاديـۆی ئاشـتی و پێشـكەوتن، ١٢ی جـون، هەروەهـا لە ديراسـات سـەبارەت بە كۆمۆنيزمی بەراوردكاری، ل٢٢٤.
(١٢٦) هـ . س . هينتن (H. C. Hinton)، ل٥٢.
(١٢٧) NCNA، 24ی جون، ١٩٦٩.
(١٢٨) ديراسات سەبارەت بە كۆمۆنيزمی بەراوردكاری، ل٢٢٥.
(١٢٩) ئيبيد، ل٢٢٥ .
(١٣٠) كيسينگز، ل١٢٧.
(١٣١) ڕاديۆی ئاشتی و پێشكەوتنی ئاڕاستەی چين، پەيامێك بۆ باشـووری ئاسـيا، لە ديراسـات سـەبارەت بە كۆمـۆنيزمی بەراوردكاری، ل٢٢٨ – ٢٢٦.
(١٣٢) ئيبيد، ل٢٤١ .
(١٣٣) كيسينگز، ١٢٧.
(١٣٤) بـڕوانە دۆكيـومێنتی (٤٠)، هەروەهـا بـڕوانە وتـارەكەی بريجنێـڤ لە كۆنفرانسـی نێـودەوڵەتی پـارتە كۆمۆنيسـتی و كرێكارێكان دا، مۆسكۆ، ٧ی جونی ١٩٦٩، پراڤدا، ٨ی جونی ١٩٦٩، بە تـايبەتيش لێدوانەكانی سـەبارەت بە سياسـەتی دەرەوەی چـين، هەروەهـا لە ديراسـات سـەبارەت بە كۆمـۆنيزمی بەراوردكـاری، ل٣١٧-٣١٣.
(١٣٥) ئيبيد، ل٢٣٠ – ٢٢٩.

(١٣٦) ڤ. تۆلوبكۆ (V. Tolubko)، "ئیرادەی سەركەوتن"، ڕێد ستار، ٧ی دیسەمبەری ١٩٦٩.

(١٣٧) دیراسات لە سەر كۆمۆنیزمی بەراوردكاری، ل٢٣٧-٢٣٨.

(١٣٨) كیسینگز، ل ١٢٩.

(١٣٩) نیۆرك تایمز، ٣٠ی ئۆگەستی ١٩٦٩، هەروەها بڕوانە وتارەكەی فو – شێنگ (Fu-Sheng)، سەرۆكی كۆمیتەی شۆڕشگێڕیی ناوچەیی هێیلۆنگكیانگ، ڕادیۆی هارِبین ( Harbin Radio)، 6ی ئۆگەستی ١٩٦٩، دیراسات لە سەر كۆمۆنیزمی بەراوردكاریی، ل١٤٩، كە تێیدا دەڵێت، ڕیڤیزنیزمەكانی سوڤییێت "كە ئێستا هۆكاری سەرەكی جەنگن و.... دوژمنی سەرەكی گەورەی ئێمەن".

(١٤٠) كیسینگز، ل١٣٠.

(١٤١) دیراسات لە سەر كۆمۆنیزمی بەراوردكاری، ل٢٤٠.

(١٤٢) كیسینگز، ل١٣١.

(١٤٣) CDSP، بەرگی ٢١، ژمارە ٣٥، ل٥.

(١٤٤) دەیلی تەلەگراف، لەندەن، ١ی سەپتەمبەری ١٩٦٩.

(١٤٥) كیسینگز، ل١٣٢.

(١٤٦) نیویۆرگ تایمز، ٢٥ی سەپتەمبەر، ١٩٦٩.

(١٤٧) كیسینگز، ل١٣٤-١٣٣.

(١٤٨) NCNA، 7ی ئۆكتۆبەری ١٩٦٩، دۆكیۆمێنتی ژمارە (٤١).

(١٤٩) NCNA، 16ی سێپتەمبەری ١٩٦٩، دروشمی ژمارە ٢٢، SCMP، ژمارە ٤٥٠١، ٢٣ی سێپتەمبەر، ١٩٦٩، دۆكیومێنتی ژمارە (٤١).

(١٥٠) كەرێنت باكگراوند، ژمارە ٨٩٣، ٢٣ی ئۆكتۆبەر، ١٩٦٩، ل٤٣.

(١٥١) ئیبید، ل٤٦.

(١٥٢) بڕوانە دۆكیومێنتی ژمارە (٤٢).

(١٥٣) بڕوانە دۆكیومێنتی ژمارە (٤٣).

(١٥٤) واشینگتن پۆست، ٧ و ٢١ی نۆڤەمبەر، ١٩٦٩.

(١٥٥) نیویۆرک تایمز، ١ی مارتی ١٩٧٠.

(١٥٦) ڤ. تۆڵوبكس (V.Tolubks)، "ئیرادەی سەركەوتن" ، ڕێد ستار، ٧ی دیسەمبەری ١٩٦٩، ڤ. كۆرینۆڤ (V.Korinov)، "ڕێگەی خێرا" ، پراڤدا، ٦ی جون، ١٩٧٠، دۆكیومێنتی ژمارە (٦٧) و (٦٨)، ئەلیكزاندرۆڤ (Aleksandrov)، "بە قازانجی ئیمپریالیزم" ، پراڤدا، ١٩ی مارت، ١٩٧٠، ی. ماكارۆڤ (I. Makarov)، "هیستیریای عەسكەرتاریەت لە چین" ، ڕێد ستار، ٣١ی مارت، ١٩٧٠، دۆكیومێنتی ژمارە (٦٩).

(١٥٧) بڕوانە دۆكیومێنتی ژمارە (٧٠).

(١٥٨) واشنتن پۆست، ١ی مارت، ١٩٧٠، دۆكیومێنتی ژمارە (٧١).

(١٥٩) ئیبید، ١٦ی ئەپریڵ، ١٩٧٠، بڕوانە دۆكیومێنتی ژمارە (٧٢).

(١٦٠) ئیبید، ١٠ی مەی ١٩٧٠.

(١٦١) بڕوانە سەرووتارە هاوبەشەكەی "لینینیزم یاخود سۆشیال ئیمپریالیزم"، NCNA، 22ی ئەپڕلی ١٩٧٠.

(١٦٢) "ئاشكرابوونی شۆڕشگێڕێتییەكەی پسودۆ (Pseudo)"، پراڤدا، ١٨ی مەی، ١٩٧٠، م. ئۆكراینتسیڤ (Ukraintsev M.)، "ئاسیا و بنیادنەرانی ئیمپراتۆریەتی پیكین" ، نیو تایمز، ٩ی جونی ١٩٧٠، ل١٥-١٤.

(١٦٣) فارئیسترن ئیكۆنۆمیک ڕیڤیو، ژمارە ٣، ١٦ی جەنیوەری ١٩٧١، ل٤٦.

(١٦٤) بڕوانە دۆكیومێنتی ژمارە (٧٣).

(١٦٥) واشنتۆن پۆست، ٢ی جولای، ١٩٧٠.

(١٦٦) نیویۆرک تایمز، ١١ی جولای ١٩٧٠.

(١٦٧) واشنتن پۆست، ١٦ی جولای، ١٩٧٠.

(١٦٨) بڕوانه دۆکیومێنتی ژماره (٧٤).

(١٦٩) فارئیسترن ئیکۆنۆمیک ڕیڤیو، ژماره ٣٣، ١٣ی ئۆگەستی ١٩٧٠، ل٤.

(١٧٠) ئیبید، ژماره ٣٦، ٥ی سەپتەمبەری ١٩٧٠، ل٤.

(١٧١) بڕوانه دۆکیومێنتی ژماره (٧٥).

(١٧٢) فارئیسترن ئیکۆنۆمیک ڕیڤیو، ژماره٤٠، ٣ی ئۆکتۆبەری ١٩٧٠، ل٣٦-٣٥.

(١٧٣) ئیبید.

(١٧٤) NCNA، 7ی نۆڤەمبەری ١٩٧٠.

(١٧٥) فارئیسترن ئیکۆنۆمیک ڕیڤیو، ٢٨ی نۆڤەمبەری ١٩٧٠، ژماره ٤٨، ل١٦.

(١٧٦) سڤێنسکا داگبلادت (Svenska Dagbladet)، ستۆکهۆڵم، ١١ی ئۆکتۆبەری ١٩٧١ .

(١٧٧) فارئیسترن ئیکۆنۆمیک ڕیڤیو، ٣٠ی جەنیوەری، ١٩٧١، ژماره ٥، ل٤.

(١٧٨) ئیبید، ژماره ١٢، ٢٠ی مارت، ١٩٧١، ل٢١.

(١٧٩) ئیبید، ژماره ١٦، ١٧ی ئەپڕیلی ١٩٧١، ل٤.

(١٨٠) ئیبید، ژماره ٢٠، ١٥ی مەی، ١٩٧١، ل٤.

(١٨١) ۆ. ب. بۆریسۆڤ (O. B. Borisov) و ت. ب. کۆلاسکۆڤ (T. B. Kolaskov) "پێوەندییەکانی نێوان سۆڤییێت و چین، ١٩٧٠ – ١٩٤٥"، کورته وتار، خانەی چاپی ئۆوت مۆسکۆ، ١٩٧١.

(١٨٢) "پەیوەندییەکانی نێوان سۆڤییێت و چین، لایەنگران و

دوژمنانی بەرە و پێشچوونی". س. تیخڤینسکی (S. Tikhvinsky)، پراڤدا، ٢٠ی ئۆگەستی ١٩٧١، لە CDSP، بەرگی ٢٣، ژمارە ٣٣، ١٤ی سەپتەمبەری ١٩٧١، ل١٠.

(١٨٣) بڕوانە ئەوەی پێشوو.

(١٨٤) نیویۆرک تایمز، ١٠ی ئۆگەستی ١٩٧١.

(١٨٥) سڤێنسکا داگبلادت، ستۆکهۆڵم، ٧ی نۆڤەمبەری ١٩٧١.

(١٨٦) ئیبید.

# چاپتەری دوەم
# ناوچە جێناکۆکەکان

چین چەند سنوورێکی دیارینەکراوی لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەتدا هەیە، لە ناوچەکانی ماریتایم (Maritime)، کە دەکەوێتە باکووری ڕووباری ئامور و خۆرهەڵاتی ڕووباری ئوسورییەوە، لە ناوچەی ئیلی (Ili) سەر بە پارێزگای سینکیانگ، لە ئاسیای ناوەند، هەروەها لە ناوچەکانی شاخی پامیر (Pamir)یشدا.

چینییەکان داننانێن بەو سنوورانەدا، کە لە نێوان خۆیان و یەکێتی سۆڤیەتدا هەن، لە سەدەی نۆزدەیەمدا لە ڕێگەی ڕێککەوتننامە (نابەرابەر)ەکانەوە، سەپێنراوە بە سەریدا. نە ددانیش دەنێت بە "لکاندنی ئەو ناوچانەی دیکەدا، کە ڕووسیا و یەکێتی سۆڤیەت، وەک پێشێلکارییەک بۆ ئەو ڕێککەوتننامانە، ئەنجامیان داوە"، یەکێکی دیکە لە هۆکارەکانی ناکۆکی سەر سنوورەکان، گۆڕینی ڕێچکەی ڕووباری ئامورە لە ڕێڕەوەکەی خۆی، کە بوە هۆی دروستبوونی چەند دوورگەیەک لەمبەر و ئەوبەری کەناری ڕووبارەکەوە، پاشان مافی خاوەندارێتی ئەم دوورگانەش بوە کێشە.

لەبەر ئەوە، حکوومەتی چینی، پاش دامەزراندنی (کۆماری گەلی چین) لە ساڵی (١٩٤٩)دا، هەوڵیدا ڕێککەوتننامەی نوێ ببەستێت، بۆ دیاریکردن و یەکلاییکردنەوەی سنوورەکانی خۆی لەگەڵ هەموو وڵاتە دراوسێکانیدا. هەوڵیاندا ئەم پرسە لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەتیشدا ببڕێننەوە، بەڵام حکوومەتی سۆڤیەتی ڕازی نەبوو هیچ گفتوگۆیەک سەبارەت بە پرسی هەموو سنوورەکان

بکات، بەڵکوو تەنها ڕازیبوو بە پرسی ڕاوێژکردن سەبارەت بە ئەگەری چەند گۆڕانکارییەک، لە هەندێک شوێنی تاکو تەرادا. بە هیچ شێوەیەکیش ڕازینەبوون لە سەر ئەوەی، کە ئەو ناوچانە هی چین بن، یاخود ڕێککەوتننامەکانی سەدەی نۆزدەیەم سروشتێکی (نابەرابەر)یان هەبێت.

لەگەڵ چڕبوونەوە و گەورەبوونی کێشە ئایدیۆلۆجییەکان لە نێوان ئەم دوو وڵاتەدا، کێشە سنووریەکان گەورەبوون و پێکدادانی چەکدارییان لێکەوتەوە، بارودۆخەکە هێندە پەرەیسەند، کە خەریکبوو جەنگی نێوان چین و یەکێتی سۆڤیەتی لێبکەوێتەوە، (بە جەنگی ئەتۆمیشەوە).

هەر بۆیە، لێکۆڵینەوە و دیراسەکردنێکی وردی ئەو ناوچانە، چەندین ناوچەی دیکە کە هۆکاری ئەو کێشانەن، وەک مەنگۆلیای دوور (Outer Mongolia) و تانو توڤا (Tannu Tuva)، کە جاران بەشێکبوون لە چین، بە پێویست دەزانرێت، بۆ گەیشتن بە تێگەیشتنێکی قوڵتر لە سروشتی ئەم کێشەیە.

### بەشی یەکەم[١]

## سروشتی ناوچەکان

سنوورەکانی سینۆ – سۆڤیەت کراوە بەدوو بەشەوە، کە مەنگۆلیای دوور لێکی جیاکردوونەتەوە: بەشی ئاسیای ناوەند، کە ناوچەی سینکیانگی چینی، لە تاجیکستان، قیرغیزیا و کازاخستانی سۆڤیەتی جیا دەکاتەوە، لەگەڵ بەشی خۆرهەڵاتی دوور، کە

مەنشوریا، لە باکووری خۆرهەڵاتی سایبریا جیا دەکاتەوە.

**سینکیانگ:**

هەرێمی ئۆتۆنۆمی سینکیانگ - ویغور، کە گەورەترین ناوچەی خۆرئاوای چینە، ڕووبەرەکەی، لە خۆرهەڵاتەوە بۆ خۆرئاوا نزیکەی (١٠٠٠) میلە، لە باکووریشەوە بۆ باشوور (٨٠٠) میلە. ئەگەرچی زۆربەی ڕووبەرەکەی، یان شاخ و کێوە، یان بیابان، بەڵام ئەو ناوچانەی کە بە کەڵکی کشتوکاڵ دێن، بەروبوومێکی زۆروزەوەندیان هەیە، لە دانەوێڵە، لۆکە و میوەجات، هەروەها ناوەندێکی گرینگی ئاژەڵداریشە. ئەم ناوچەیە زۆر دەوڵەمەندە بە کانزا، لەوانە: نەوت، یۆرانیۆم، خەڵووز، ئاسن، مس و تەنەکە. کێڵگە نەوتییەکانی کارامی (Karami)، کە بە گەورەترین کێڵگەی نەوتی دادەنرێت لە چیندا، لە دوای (١٩٦٣)ەوە بە تەواوی فراوانکرا. کۆی بەرهەمهێنانی کە لە (١٩٥١)دا، (٣٠٠,٠٠٠) تەن بوو، لە (١٩٦٧)دا زیادکرا تا گەیشتە (١٣,٤٠٠,٠٠٠) تەن. کانەکانی یۆرانیۆمی ناوچەی ئاڵتای (Altai)ش، بە دەوڵەمەنترین کانەکانی جیهان ئەژماردەکرێن. سینکیانگ سەنتەری پیشەسازی ئەتۆمیی چینیشە. ناوچەی تاقیکردنەوەکانی لۆپ نۆر (Lop Nor)یش، لە (١٩٦٤)ەوە تا ئێستا، (١٣) تاقیکردنەوەی بۆمبی ئەتۆمیی بەخۆیەوە بینیوە.

خەڵکی ئەو ناوچەیە پێکهاتوون لە کازاخ، تاجیک، قیرغیز، ویغور، ئۆزبەک و تورک. ئەمە بە نەژاد، لە ڕووی ئایینیشەوە، هەر وەک خەڵکی ناوچانەکانی دراوسێیان، لە کۆمارە سۆڤیەتییەکانی کازاخستان، قیرغیزیا و ئۆزبەکستان، هەموو موسوڵمانن.

خەڵکە کۆچەرییەکانی ناوچەکە، زۆر جار لە کاتی قەیرانو

گرژییەکاندا، سنووریان بەزاندوە و ئەمدیو و ئەودیویان کردوە. لە ساڵی (١٩١٦)دا، خەڵکێکی زۆر لە کازاخ و قیرغیزەکان، لە کاتی شەڕی ناوخۆ، کێڵگە یەکخستنەوەکان (Collectivization) ، پاکتاوەکانی ستالین (Stalins Purges)دا، لە ڕووسیاوە هاتنە ناو سینکیانگەوە. بە هەمان شێوە، بە پێی وتەی کاربەدەستە چینییەکان بێت، لە (١٩٦٢)دا نزیکەی (٦٠,٠٠٠) کەسێک، لە سینکیانگەوە چوونەتە ناو یەکێتی سۆڤیەتەوە.

حکوومەتی چین سیاسەتێکی نیشتەجێکردنی بەرفراوانی گرتەبەر، بە تایبەتی لەدوای شۆڕشە ڕۆشنبیرییەکە، سەرهەڵدانی ڕووداوە سنوورییەکان. لەئەنجامدا، ژمارەی دانیشتوانی ناوچەکە، لە (٤,٣٠٠,٠٠٠) کەسی ساڵی (١٩٤٣)ەوە، زیادیکرد بۆ (٩,٣٠٠,٠٠٠) کەس. لە هەمانکاتدا ڕێژەی چینییەکانیش لە (٦%)ەوە زیادیکرد، بۆ (٤٤%).

درێژیی سنوورەکان لەم ناوچەیەدا خۆی دەدات لە (٢٠٠) میل، کە هەر لە شاخەکانی پامیرەوە درێژدەبێتەوە تا شاخەکانی ئاڵتای. شاخەکانی پامیر، زۆر لوتکە و بەرزایی ستراتیجیی تێدایە، کە بەرزییەکەیان دەگاتە (١٦,٠٠٠) بۆ (١٨,٠٠٠) پێ. بەدرێژایی ساڵ بەفر لە لوتکە بەرزەکانی ناتوێنەوە. کەچی زۆربەی زۆری خاکەکەی وشکبوە. ئەو شاخانە دەکەونە باکووری کشمیر و خۆرهەڵاتی ئەفغانستانەوە. لەم ناوچەیەدایە، کە سۆڤیەت لکاوە بە کۆماری تاجیکستانەوە، لێرەوە هێڵە سنوورییەکە، لە باکوورەوە، بە ترانس - ئالای ڕەینج (Trans – Alay Range)دا تێدەپەڕێت و پاشان لە خۆرهەڵاتەوە تیان شان (Tien Shan) دەبڕێت.

زنجیرە چیای تیان شان، کە ئاسیای ناوەند (Central Asia) لە خۆرهەڵاتەوە بۆ خۆرئاوا دەبڕێت، نزیکەی (٢٠٠٠) میل درێژە،

ناوچەی سینکیانگ دەکات بە دوو بەشی جیاوازەوە. زونگاریا (Dzungaria) لە باکوورەوە، دەشتی تاریم، یاخود تاریم باسن (Tarim Basin)، لە باشوورەوە. ئەو بەشەی شاخەکە، کە دەکەوێتە سۆڤیەتەوە، دەکەوێتە قیرغیزیا و کازاخستانەوە.

تاریم باسن، یاخود حەوزی تاریم، کە بیابانی تەکلەمەکان (Takla - Makan)یش لە خۆ دەگرێت، وشکترین‌و بێ ئاوترین ناوچەیە لە هەموو ئاسیادا، بەڵام ئەو مێرگ و ڕووبارە بەفراوانەی (Glacier - Fed) کە تێیدان، لەوێ، درێژە بە ژیان دەدەن.

زونگاریا، لە باکوورەوە، دەشتێکی سێگۆشەییە، کە پانتاییەکەی (٢٧٠,٠٠٠) میلی چوارگۆشە دەبێت. خەڵکی ئەو ناوچەیە بە زۆری لە کازاخەکانن، وەک ئەو کازاخانەی کۆماری کازاخستانی سۆڤیەتی دراوسێیان. ئا لەم ناوچەیەدا هەرێمی ئیلی (Ili) هەیە، کە لە سەر دیاریکردنی سنوورەکەی کێشە هەیە.

**مەنگۆلیا:**

لە کاتێکدا لە بەشەکانی ئاسیای ناوەند و خۆرهەڵاتی دووردا، هێڵی بەریەککەوتنی سینۆ - سۆڤیەتی لە ڕێگەی هێڵێکی سنووریی ئاساییەوەیە، بەڵام کە دەچێتە ناوچەی مەنگۆلیاوە، کۆماری مەنگۆلیای میللی (The Mongolian Peoples Republic)، هەر دوو وڵاتەکە لێکجودا دەکاتەوە. کۆماری مەنگۆلیای میللی، کە دانیشتوانەکەی نزیکەی یەک ملیۆن کەس دەبێت، زۆربەی خاکەکەی وشک‌و تەختە. پانتاییەکەی، لە خۆرهەڵاتەوە بۆ خۆرئاوا، (١٤٧٠) میلە، لە باکووریشەوە بۆ باشوور، (٧٨٠) میل دەبێت. زۆربەی بەشی خوارەوەی ئەم وڵاتە دەکەوێتە بیابانی گۆبی (Gobi Desert)یەوە، کە زۆربەی زۆری زەوییەکەی تەخت‌و

بێکەڵک و بەیارە.

لەوەڕگـایەکی زۆری بەرفـراوان، زۆربەی خـاکی ئەم کۆمـارە پێـــک دەهێنێـــت، ڕۆڵ و بەشـــدارییەکی گرینگیشـــی هەیە لە ئابووریەکەیـدا. ئەو لەوەڕگایـانە بە ملیۆنەهـا سـەر مـاڵات لە خۆدەگرێت، لە گاوگۆل، مەڕ و بزن، گەیک (Gakes)، کەڵەکێوی، ئەسـپ و وشـتر. بەدرێژایـی مێـژووی ئەو کۆمـارە، مـاڵات و بەروبوومەکەی هەناردە کردوە بۆ یەکێتی سۆڤیەت. لەبەر وشکی خاکەکەی، تەنها لە بەشی باکووری دانەوێڵە دەچێنرێت، بە درێژایی ڕووبـاری سـێلینگا (Selenga River)، ئەگەرچـی لەم سـاڵانەی ڕابـردوودا هەنـدێک زەوی نـوێ لە بەشـی خـۆرهەڵاتی ناوەنـدی کۆمارەکەوە (لە خۆرئاوای ئولان باتۆر (Ulan Bator)ی پایتەختەوە)، بۆ چاندنی گەنم و گەنمەشامی ئامادەکرا، کە ڕێژەی سەرکەوتنی، لە جێگەیەکەوە بۆ جێگەیەکی تر، جیاواز بوو. لە نزیکی کاراکۆروم (Karakorum)، ئـاوی ئۆرخـون (Orkhon) بە کاردەهێنرێـت بـۆ ئاوداشـتنی زەوییەکـان، کە جـۆگەیەکە لە ڕووبـاری سـێلینگا. لە شـوێنەکانی دیـکەش، پـڕۆژەی ئـاودێریی نـوێ، بە ڕادەیەکـی دیاریکراو، خرانەگەڕ.

ئەو سـنووری سـینۆ - مەنگـۆلییەی کە درێـژییەکەی (٢,٧٠٠) میـل دەبێـت، مەنگۆلیـای دەرەوە و مەنگۆلیـای نـاوەوە لێـک جیـا دەکـاتەوە، بەشـێکی تەواوکەر و دانەبـڕاوی چیـنە، نیشـانەیەکی دیـــاری ئەو دوو پەرتبـــوونەیە، کە کەوتـــوەتە نێـــوان ئەو دوو ناوچەیەوە، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ فاکتەرە سەرەکییەکانی جوگرافی و مێژوویی خێڵەکان.

مەنگۆلەکـانی مەنگۆلیـای نـاوەوە، لەبەر نزیکییـان و پێوەنـدیی تونـــدوتۆڵی چەنـــدین ســـەدەیان، لەگەڵ کشـــتیارەکانی دەشـــتی

باکووری چینـدا، جیـاوازییەکی تەواویـان هەیە لەگەڵ مەنگـۆلە خێڵەکیـیە ئاسـاییەکانی ناوچەکـانی مەنگۆلیـای دەرەوەدا. جـگە لەوەش، ئەو کەشـە شـێدارەی کە ناوچەکـانی نـاوەوە و بـاکووری بیابانی گۆبی (Gobi Desert) هەیەتی، وایکردوە، کە کشتوکاڵی دێمی لەو ناوچەیەدا زۆر سـەرکەوتووبێت. ئەگەرچی مەنگۆلەکانی مەنگۆلیـای نـاوەوە ژمارەیـان زۆرتـرە لەهـی مەنگۆلیـای دەرەوە، بەڵام کـۆچی چینییەکـان و نیشـتەجێبوونیان لەم نـاوچەیەدا، کە لە (١٩٠٠)ەوە بە بەردەوامی ڕوودەدات، وایکـردوە کە ئێستا ژمـارەی چینییەکان لەهی مەنگۆلەکانی مەنگۆلیای ناوەوە زیاتربێت.

بەر لە سالّی (١٩٦٢)، جیاوازییەکی زۆر لە نێوان نەخشـەکانی چین و نەخشـەکانی یەکێتی سۆڤیەتدا بەدی دەکران، سـەبارەت بە سـنوورەکانی سـینۆ – مەنگـۆلی، بەڵام ئێسـتا، بە هـۆی ئەو دوو ڕێککەوتننـامەیەوە کە لە دیسـەمبەری (١٩٦٢)و (١٩٦٤)دا لە نێـوان چین و مەنگۆلیای دەرەوەدا ئیمزاکران، ئەو بەشـەی سنوورەکە بە تەواوی دیاری کراوە.

سنووری سینۆ - سۆڤیەت، لە بەشی باکووری سینکیانگەوە، لە ئاستی چیای ئالّتـای (Altai Mountain)دا لێک جیا دەبێتەوە. سنوورەکەی نێوان کۆماری گەلی مەنگۆلی (MPR)و سینکیانگ، بە زۆری بەرەو باشـوور شـۆڕدەبێتەوە، بە دامێنـی ئالّتیـادا دەڕواتە خـوار، پاشـان کەمێک خـواردەبێتەوە بەرەو نـاوچەی تـین شـان – ئـالّتین تـاغ (Tin Shan – Altyn Tagh). ئا لێرەدا سـوچێکی نـاوچەی کانسـو (Kansu)ی چینـی، بەرەوژوور دەبێتەوە بـۆ نـاو مەنگۆلیا، ئەو ڕێگەیە پێک دەهێنێت کە کاتی خۆی مەنگۆلییەکان، لە سـەدەکانی دوانـزەو سـیانزەیەمدا، لێـوەی هـاتنە نـاوەوە بـۆ داگیرکردنـی نـاوچە کەنـارییە دەوڵەمەنـدەکەی چـین. مەنگۆلیـای

نـــاوەوەش لە (کانســـــو)یەوە بەرەو خـــۆرهەڵات و بـــاکووری خۆرهەڵات درێژدەبێتەوە، تا دەگاتە ڕووباری ئارگون (Argun River).

سنوورەکانی سۆڤیەتی - مەنگۆلی، بە ناوچەیەکدا تێدەپەڕێت کە بەشی زۆری، لەبەر سەختی، زۆر کەم خەڵکی تێدا دەژی. هەر لە شاخی ئاڵتایەوە، لە خۆرئاواوە، تا بان و زنجیرە شاخەکانی ترانس - بایکالیا (Trans - Baykalia)، ئەو هێڵە سنوورییە بریتییە لە کۆمەڵە شاخ لە دوای کۆمەڵە شاخ، کە بەشی باکووری، هەمووی دارستانی چڕە، لە ڕووی باشووریشەوە زەوی وشک و ڕووتەنە.

**تانو توڤا** (Tanu Tuva):

ئەم هەرێمە، تا سەرەتای (١٩٢٠)ەکانیش، پارچەیەک بوو لە مەنگۆلیا، دوایی لە مەنگۆلیای دەرەوە جیا کرایەوە و کرا بە دەوڵەتۆکەیەکی بێلایەن، لە نێوان (MPR)و یەکێتی سۆڤیەتدا. دواییش، لە ساڵی (١٩٤٤)دا، تانو توڤا لکێنرا بە یەکێتی سۆڤیەتەوە.

تانو توڤا دەکەوێتە باکووری خۆرئاوای مەنگۆلیای دەرەوە، ڕووبەرەکەی نزیکەی شەستوپێنج هەزار میلی چوارگۆشە دەبێت. بەشی زۆری زەویەکەی شاخاوییە، دیمەنێکی زۆر جوانو سەرنجڕاکێشی هەیە.

کە ساڵی (١٩٥٠)، کۆماری چینی میللی دانینا بە سەربەخۆیی مەنگۆلیای دەرەوەدا، بۆ تاکتیک، ڕازیشبوو لە سەر ئەوەی کە سۆڤیەت ئەم هەرێمە بلکێنێت بەخۆیەوە. تانو توڤا هیچ سنوورێکی ئاسایی نییە لەگەڵ چین، بە ناوچە جێناکۆکەکان ئەژمارناکرێت.

تانو توڤا بۆ سۆڤیەت پێگەیەکی ستراتیجیی هەیە، چونکە بە دەست بەسەرداگرتنی، سنوورەکەی لەگەڵ (MPR)و چیندا (ئەگەر

MPR بە بەشێک لە چین لەقەڵەم بدرێت)، کورتتر و گونجاوتر دەبێت. لەوەش زیاتر، ناوچەکانی سەرەوەی، کە لە باکوورەوە بە چیای سایان (Sayan) و لە باشووریشەوە بە زنجیرە چیای تانو - ئۆلا (Tannu – Ola) دەورە دراوە، ڕێگەیەکی ڕاستەوخۆ دروست دەکات، لە نێوان خۆرئاوای سیبریا، ناوەڕاستی کۆبدۆ (Kobdo)و ئولیاسوتای (Uliassutay)، لە خۆرئاوای مەنگۆلیا. بەڵام ئەوەی کە زیاتر لای ڕووسەکان بەنرخی کردوە، ڕەنگە ئەو سەرمایە کانزاییە بێت، کە لە ناوچەکەدا هەیە، چونکە ئەم ناوچەیە دەوڵەمەندە بە خەڵوز، ئاڵتون، یۆرانیۆم، ئەزبێز (Asbestos)، خوێ و مس. بەلای کەمەوە، نیوەی ئەو (٢٠٠,٠٠٠) دانیشتوانەی ئەو کۆمارە ئۆتۆنۆمییە، ڕووسین، کە زۆربەیان لە پایتەخت و شوێنە قەرەباڵغەکانی دیکەیدا دەژین.

**بەشی خۆرهەڵاتی دوور:**

سنوورەکانی سینۆ - سۆڤیەتی، لەو جێگەیەوە کە دەگات بە کۆماری مەنگۆلیای میللی، بە درێژایی ئەو (٢٠٠٠) میلەی، تا دەگاتە دەریای یابان (Sea of Japan)، پێ بە پێی ڕێڕەوی ڕووبارەکانی ئارگون - ئامور - ئوسوری دەڕۆن. لە ئارگونەوە تا ئامور، زەوییە سنوورییەکان بەرزایین، لێرەو لەوێ دانیشتوانی تێدا نیشتەجێن. کە ئامور بە دەوری کۆمەڵە شاخی گراند خینگان (Grand Khingan)دا پێچ دەکاتەوە، تا دێت بەرزییەکەی کەمتر دەبێتەوە، بانە بەرز، وشک و ڕووتەکان نامێنن، لە جێگەیان دەشتایی سەوز و بەپیت دروست دەبێت. ئا لێرەدا، لە بەشی ڕووسیادا، لە باشووری خینگان، پانتاییە گەورە پیشەسازی و کشتیارییەکەی مەنشوریا (Manchuria)ی لێیە. ئەگەر بەرەو

خوارتر بڕۆین، بۆ ئەودیو شورا مەزنەکە (The Great Wall)، دەکەوین بە سەر دەشتی باکووری چیندا.

لە شوێنی بە یەکگەیشتنی هەر دوو ڕووباری ئامور و ئوسوری، ڕێچکەی سنوورەکە دەگۆڕێت. لە خەبەرۆڤیسکەوە، بە شێوەیەکی گشتی، شانبەشانی ڕووباری ئوسوری، ڕوە و خوار دەڕوات، تا دەگاتە دەریاچەی خانکە (Lake of Khanka). لێرەوە دەریاچەکە تێدەپەڕێنێت و بەناو شاخە نزمەکاندا شۆڕدەبێتەوە، تا لە خاڵێکدا، لە باشووری خۆرئاوای ڤلادیڤۆستۆک (Vladivostok)، دەڕژێتە ناو دەریای یابانەوە.

لەبەر ئەوەی تا ئێستا درێژی سنوورەکانی خۆرهەڵاتی دوور، بە هۆی هیچ ڕێککەوتننامەیەکی دوو قۆڵییەوە، بە تەواوی دیاری نەکراوە، حاڵەتەکەی هەروا بە ناجێگیری ماوەتەوە. هەر لەبەر ئەوەشە، کە جیاوازی هەیە لە کێشانی هێڵە سنوورییەکانی نزیک پێکگەیشتنی ڕووباری زەییا (Zeya)و ڕووباری ئامور، لە نێوان نەخشە چینی و سۆڤیەتییەکاندا. هەروەها لە شوێنی یەکگرتنەوەی هەر دوو ڕووباری ئامور و ئوسوریدا، بەڵام کە کێشەی سینۆ - سۆڤیەتی قووڵ بوەوە، پەکین داوای ئەوەی کرد، کە تەنانەت ئەو ناوچانەش، کە لە زەریای ئارامەوە بەرەو باکوور درێژ دەبنەوە، تا دەگەنە شاخەکانی ستانۆڤۆی (Stanovoi Mountains)، دەبێت سنووری هەموویان بکێشرێنەوە.

ئەم ناوچانە گرینگیی ستراتیجیی گەورەیان هەیە بۆ ڕووسیاو یەکێتی سۆڤیەت، چونکە ئەمە تاکە ڕێگەیانە بۆ ئەو بەندەرانەی، کە بە درێژایی ساڵ کاری دەریاوانییان بۆ ئاسان دەکات.

لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەمدا، ئەو کاتەی کە ڕووسیا دەستیگرت بە سەر ڕووباری ئاموردا، کەنارەکانی ئەمبەراوبەر،

جێ نیشتەجێی خێڵە سەرەتاییەکانی پالایۆ - ئاسیاتیک ( Palaeo Asiatics -) و گیلیاک (Gilyaks)و مانچو (Manchus)و چەندین خێڵی دیکە بوو. لە لای خۆرئاواشەوە، لە ناو خینگانی مەزن (Great Khingan)و لەودیو خینگانیشەوە، چەندین خێڵی کۆچەریی مەنگۆلی دەژیان، کە خەریکی ئاژەڵداری بوون. پێشڕەوییکردنی ڕووسەکان بەرەو خۆرهەڵاتی دوور، وای لە چین کرد، کە پەلە بکات لە نیشتەجێکردنی چینییەکان لە مەنشوریا، لە کاتێکدا هێڵی ئاسنی ترانس - سایبیریا (Trans – Siberia)، داگیرکردنەکانی ڕووسیای لە خۆرئاواوە، ئاسانتر کردبوو. بەم شێوەیە، ئەمڕۆ جگە لە مەنگۆلەکان، هیچ کەمایەتییەکی دیکەی ئەو ناوچەی خینگان، گرینگییەکی ئەوتۆی نییە، ئەگەرچی مەنگۆلەکان بە گشتی ئەوپەڕی (٣٥٠,٠٠٠) کەس دەبن. لە کاتێکدا ژمارەی مانچۆکان (Manchus) ڕەنگە خۆی بدات لە سێ ملیۆن کەس، بە گشتیش زمانی چینی بە کار دەهێنن.

پەرەسەندنو پێشکەوتنی خۆرهەڵاتی سیبریاو زەوییە سنوورییەکانی خۆرهەڵاتی دوور، لە چاو مەنشوریادا زۆر کەمە. دەشتی مەنشوریا، ئێستا بەلای کەمەوە (٧٠) ملیۆن کەسی تێدا دەژی، بە بەراورد لەگەڵ ئەو (٥١) ملیۆنەی ساڵی (١٩٥٧)دا. ئەو هێڵە ئاسنەی، کە بەشێکی لە سەرەتاوە حکوومەتی تزاری (Tsarist Government) بونیادی نا، جموجۆڵی دانیشتوانو پێشکەوتنی پیشەسازیی ئاسانترکرد، ئەگەرچی سەرچاوە کانزاییەکانی ناوچەکە زۆر دەوڵەمەند نین، بە زۆری لە باشوور پەرەیان پێدەدرێت. هەر لەبەر ئەوەشە، کە بە باشووری مەنشوریا دەوترێت ڕوو[*]

[*] ڕوو (Ruhur): گرنگترین ناوچەی پیشەسازی کانزایی ئەڵمانیایە، دەکەوێتە باکوری

ڕاینەوە. (وەرگێڕ)

ڕووباری خۆرهەڵاتی دوور – of the Far East Ruhr)، کە چەندین بنکەی گرینگی پیشەسازیی جۆراوجۆری تێدایە، لە سەدا (٣٠)ی بەرهەمی خەڵوز، لە سەدا (٧٠)ی ئاسن، نیوەی وزەی کارەبای هەموو چین بەرهەم دەهێنێت.

لە بەرامبەردا، دانیشتوانە سۆڤیەتییەکەی زەوییە سنوورییەکانی خۆرهەڵاتی دوور، کە ڕەنگە ژمارەیان لە چوار ملیۆن کەس زیاتر بێت، لەگەڵ گەشەسەندنی بەردەوامی ناوچە شارنشینەکاندا، نیوە زیاتریان ڕوویان لە شارەکان کردوە، بەڵام ناوچەکانی دەرەوەی شارەکان، لەبەر سەختییان، لێرە و لەوێ خەڵکیان تێدا نیشتەجێیە. ئەو زەوییانەی کە بە کەڵکی کشتوکاڵ دێن، نزیکەی پێنج ملیۆن (فەدان)(**) دەبن.

(**) فەدان (ئەیکر – Acre) =٤٠٠٠م². (وەرگێڕ).

بە کورتی وەرزی کشتوکاڵ، خراپی باری ئاودێری، بوونی دارستانە خۆڕسکەکان، بەردەوام ڕێگربوون لە بەردەم توانا کشتیارێکاندا. لەبەر ئەوە، دانیشتوانە سۆڤیەتییەکەی خۆرهەڵاتی دوور، بە زۆری لە دەوری هێڵە ئاسنینەکەی ترانس – سایبریا نیشتەجێبوون، تەواو پشتیان بەو بەستوە. کەمێک لەوێ بەرەوژوورتر، زنجیرە شاخێکی سەختی بەرز هەیە، کە بۆ چەند سەد میلێک درێژ دەبێتەوە. سەرەڕای ئەمانە، کەمی سەرچاوە پیشەسازییەکانیش، بوتە ڕێگر لە بەردەم هەوڵەکانی حکوومەتی سۆڤیەتیدا، بۆ پەرەپێدانێکی خێرا بە ناوچەکە.

ئەو ئاسنە خاوەی کە لێرە دۆزراوەتەوە، جۆرەکەی خراپە. خەڵوزێکی زۆر لێرە دۆزراوەتەوە، بەڵام جۆرەکەی، وەک خەڵوزی کوک (Cok)، مامناوەندە. ناوچەی ساخالین (Sakhalin) نزیکەی

له سـەدا (١٠)ی نەوتـی سـۆڤیەت بەرهەمـدێنێت، بەڵام باشـووری سـیبریا و خـۆرهەڵاتی یەنیسـی (Yenisey)، تەنهـا ئەو کێڵـگە نەوتیانەی تیایە کە بەرهەمیان باش بێت، ئەمیش بەشی هیچ کام لە پێداویستییە پیشەسازیو سەربازییەکان، ناکات، لە لایەکی دیکەوە، سەرچاوە ئاوییەکانی حەوزی ئامور (Amur Basin)و سەروەتە دارستانییەکەی، بە شێوەیەکی گشتی، گرینگن.

## پەراوێزی چاپتەری دوەم/ بەشی یەکەم:

[١] زۆربەی داتاکانی ئەم بەشە، پشتدەبەستن بە بابەتی جیاواز،

که به تایبەتی بۆ ئەم لیکۆڵینەوەیە خوێندراونەتەوە دیراسە کراون و کاریان لە سەر کراوە، بە تایبەتیش و. أ .د. جاکسن (W.A.D.Jackson)، "هێڵە سنوورییەکانی ڕووسی – چینی"، چاپی دوەم، هەروەها ڤان ناستراند (Van Nastrand)، پرینستن، ١٩٨٦و،ج.ن. پاترسن (G.N.Patterson) "سنووره نائارامەکان"، گروپی دیراساتی نێودەوڵەتی ، هۆنگ کۆنگ، ١٩٦٦ و ، فرانسز واتسن (Francis Waston)، "سنوورەکانی چین"، چاتوو ویندەس (Chatoo & Windus)، لەندەن، ١٩٦٦. هەروەها ی. ستیوارت کیربی (E.Stuart Kirby)، "ڕۆژهەلاتی دووری سۆڤیەتی"، لەندەن، ١٩٧١.

## بەشی دوەم

# مێژووی هەرێمەکان

لە ڕووی مێــژووییەوە، پێــدەچێت چــین ســکاڵایەکی زۆری لە ناعەدالەتی هەبێت، هەر نەبێت، سەبارەت بە داوا کۆنەکانی لە سـەر پرس داگیرکارییەکان.

لەو کاتەوەی کە بۆ یەکەمجار بنەماڵەی شاهانەی هـان ( Han Dynasty) سینکیانگیان داگیـر کرد و کردیانە کۆلۆنیـالی خۆیـان، هێزەکانیــان بە نــاو ئەو شــوێنەدا کە ئێســتا ئاســیای ناوەڕاســتی ســۆڤیەتییە (Soviet Central Asia)، ڕوە و خۆرئـاوا بـڵاو کـردەوە، تـا دەگـات بە کەنارەکـانی دەریـای قەزویـن. ئەمڕۆ، وا بۆ دوو هەزار ســاڵ دەچێــت، ئەوان نەیــانتوانیوە زۆر لە ناوچەکــانی خۆرئـاوای پـامیرز (Pamirs) بمێنـنەوە، بەڵام حوکمکردنیــان بـۆ ناوچەی سینکیانگ، تا کۆتایی بنەماڵەی هـان، لە سـەرەتای سـەدەی سێیەمی زاییندا، هەر بەردەوام بوو. لەدوای ئەوانیش، لە سـەرەتای سـەدەی حەوتەمـدا، بنەمـاڵەی تانگ (Tang) بەدەسـتیانهێنایەوە. لە کۆتــایی ســەدەی نۆیەمــدا دیســان لە دەســتیاندایەوە. لە ســەدەی دوانزەیەمـــــدا، کەوتە ژێردەســــــتی ئیمپراتــــۆریەتە دوورەکەی جەنگیزخـانەوە (Genghis – Khan). ئەوەبـوو دوایـین جـار، لە کۆتاییەکـانی ســەدەی حەڤەیەمـدا، لە لایەن ئیمپراتـۆریەتی مـانچو (Manchu)ەوە داگیرکـرایەوە، لکێنـرا بە چینەوە. ئیتـر لەوکـاتەوە، بـۆ چەنـد مـاوەیەکی کـورت نەبێـت کە ئـازادی بەخـۆیەوە بینیـوە، سینکیانگ بۆ نزیکەی سێ سەد ساڵ، تەواو و بێ هـیچ کێشـەیەک، لە ژێر حوکمی چیندا بوە.(١)

بەڵام لە سنوورەکانی خۆرهەڵاتەوە، بنەمـاڵە دێرینەکانی چین، هـیچ کاتێـک، هەوڵـی ئەوەیـان نەداوە، نەشیانویسـتوە، مەنشـوریای باکوور، یان هەر نـاوچەیەکی دیکەی ئەودیو ئامور، یان ماریتـایم،

داگیربکەن. ئەوانە زەویی بەربەرەکان (Barbarian) بوون، لێرەو لەویش خێڵە ڕاوچیو ماسیگرەکانی تێدا نیشتەجێبوون، کە ئاستی ڕۆشنبیرییان نزم بوو. تا سەرهەڵدانی شانشینی (مانچو)، تەنانەت پێش داگیرکردنیشیان بۆ مینگ - چین (Ming China)، لە نێوان ساڵەکانی (١٦٤٤)و (١٦٦٢)دا، ئەم ناوچە دوورە دەستانە سیستمێکی حوکمڕانی ڕێکوپێکیان تێدا نەبوە. تەنانەت ئەو کاتەش، ئەگەر خێڵەکان دانیان بە دەسەڵاتی (شا مانچو)شدا بنایە، بە دروستی هێشتا هەر لە ژێر دەسەڵاتی ئەودا نەبوون.

پاش داگیرکردنی چین، ئیتر مانچووەکان بوونە هێزێکی گەورە لە خۆرهەڵاتی دووردا، کە هێندەی پێنەچوو مەنگۆلیا و سینکیانگ، هەروەها تبتیشی خستە سەر ئیمپراتۆریەتەکەی خۆی. دەسەڵاتە لاوازەکەیان بەسەر باکووری مەنشوریادا گەیشتە ئەو ناوچانەی، کە ئێستا ناوچەکانی ماریتایم پێکدەهێنن، بەڵام پێناچێت هیچ کاتێک بۆ ناوچەکانی ئەودیوی ئامور هەوڵیاندابێت، یان بە دەستیان هێنابێت.[٢]

ئەم داگیرکردن و پاشەکشێیانەی ڕابردوو، لە ئێستادا هیچ گرینگییەکی ڕامیارییان نییە. ئەوەی کە زیاتر گرینگ و هاوپەیوەستە، ئەو پەیماننامە و گۆڕانکارییە ناوچەییانەیە، کە لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەمدا ڕوویانداوە و بوونەتە جێگەی مشتومڕو لێکدانەوەی جیاواز.

سەدەی حەڤدەیەم زەوییەکانی ڕووسیای قەیسەریی فراوانبوونێکی بەرچاوی بەخۆوە بینی. ڕووسەکان لە ناوەڕاستی (١٥٠٠)ەکاندا، سەرکەوتوبوون لە داگیرکردنی ناوچەی تاتارەکانی قازان و ئەستراخاندا (Tartars of Kazan and Astrakhan). بەمەش ڕێگە لە بەردەمیاندا والابوو بۆ فراوانبوون بەرەو

خــۆرهەڵات. بازرگــانیی فەروەو پێســـتە پــاڵنەرێکی دیکەبــوو بــۆ داگیرکردنـی زەوی زیـاتر. پێشـڕەوی و گەڕانـی ڕووسـەکان بەرەو خۆرهەڵات بەدوای زەوی نوێدا، بە هانـدانو پشـتگیری (تـاج) بـوو. ئیتـــر هەر بەدوای ئەم گەڕیدانەشـــدا (explorers)، کۆمەڵـــگەی نیشـــتەجێبوونی کــۆچبەران ســـەریان هەڵـــدەدا، کە بە دوای ئەو گەڕۆکانەدا دەهاتن، لە دۆڵەکانی ئەو ڕووبارە گەورانەدا نیشتەجێ دەبـــوون، کە لە بـــاکوور و نـــاوچەی ســـیبریاوە ســـەرچاوەیان گرتبوو.[٣]

### خۆرهەڵاتی دوور:

لە ســـاڵی (١٦١٨)دا، ڕووســـە کــۆنە نیشـــتەجێکان، شـــاری یەنیسێیســـک (Yeniseisk)یـــان، لە ســـەر ڕووبـــاری یەنیســـەری (Yenisseri)، دروستکرد. لە ساڵی (١٦٣٢)شدا، شـاری یاکوتسـک (Yakutsk)یـان لە سـەر ڕووبـاری لینـا (Lena) دروسـتکرد. لە ســاڵی (١٦٤٤)یشــدا، ئەو ســاڵەی، کە مانچۆکــان (Manchus) لە مەنشوریاوە هاتنەخوارێ بۆ ئەوەی بنەماڵەی مینگ (Ming Dynasty) لە دەسەڵات لابەرن، شانشینێکی تایبەت بە خۆیان دابمەزرێنن، بە نـــاوی شانشـــینی چینـــگ (Ching)ەوە، هەر ئەو ســـاڵە، شـــەپۆلی نیشتەجێبوونی ڕووسەکان گەیشتە ڕووباری ئامور.

گەڕیدەی ڕووسی، ڤاسیلی پۆیارکۆڤ (Vasili Poiarkov)، لە ساڵەکانی (١٦٤٣ – ١٦٤٦)دا ناوچەی ئاموری دۆزییەوە. ئیرۆفی خەبەرۆڤ (Erofei Khabarov)یش، -کە ناوچەی خەبەرۆڤیسکی بە ناوەوە ناونراوە- لە ساڵی (١٦٥١)دا قەڵایەکی لە سەر ڕووباری ئەلبازین (Albazin) دروستکرد.[٤]

گەیشـــتنی ڕووســـەکان بە ڕووبـــاری یەنیســـی و لینـــا، هـــیچ

کاردانەوەیەکی ئەوتۆی لای چینییەکان دروست نەکرد، بەڵام دۆڵی ئامور پرسەکی تربوو، ئەمەیان خاکی خۆیان بوو، مانچۆکانیش ئەوەیان ڕوونکردبوەوە کە ڕێگە بەهیچ پێشێلکاری و پێشڕەوییەک نادەن لە حەوزی ئاموردا. ئەلبازین (Albazin)، کە دەکەوێتە ئەوپەڕی باکووری مەنشوریاوە، هێزەکانی مانچو لە (١٦٨٥)دا داگیریان کرد، هەرچی دانیشتوانە ڕووسەکەی هەبوو دەریانکردن. پاش چەند شەڕ و پێکدادانێکی پچڕپچڕ، چینییەکانو ڕووسەکان لە ساڵی (١٦٨٩)دا ڕێککەوتننامەی نێرچینسک (Nerchinsk)یان ئیمزا کرد، کە بە یەکەم ڕێککەوتننامە دادەنرێت لە نێوان چین و دەوڵەتێکی ئەورووپیدا.

لەگەڵ چەندین شتی دیکەدا، ڕێککەوتننامەکە سنووری دیاریکرد، دانی بەوەدا نا، کە چین خاوەنی زۆربەی زەوییەکانی باکووری ڕووباری ئامورە، هەروەها لە ڕێککەوتننامەکەدا هاتوە، کە نابێت هیچ کەشتییەکی ڕووسی بە ڕێگە ئاوییەکانی ناوچەکەدا هاموشۆ بکەن، هەروەها سنوورەکان وەها چەسپێنران، کە لە تەوقەسەری شاخی ستانۆڤای (Stanovai)ەوە دەست پێ دەکات تا باکووری ئامور. هەروەها ڕێککەوتننامەکە دان بەوەشدا دەنێت، کە (خاڵکە - Khalka)، لە خۆرهەڵاتی مەنگۆلیا، ناوچەی کاڵموک (Kalmuk)، لە باکووری سینکیانگ (تورکستانی چین)، لە ژێر دەسەڵاتی چیندا دەبێت.[٥]

ڕێککەوتننامەکەی نێرچینسک تا ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەم لە کاردابوو. لە ساڵی (١٨٤٧)دا قەیسەر نیکۆلاسی یەکەم ( Czar Nicholas-I)، کۆنت نیکۆلاس موراڤییێڤ (Count Nicholas Muraviev)ی دانا بە حاکمی گشتیی ناوچەکانی خۆرهەڵاتی سیبریا، وەک پێشێلکارییەکیش بۆ ڕێککەوتننامەکە، ئەرکێکی نهێنیی پێسپارد، کە

بریتیبوو لە بەدەستهێنانی ناوچەی ئامور بۆ ڕووسیا. ئیتر، بە هاندانی مۆراڤییڤ، نیڤلسکی (Nevelsky) تیمێکی گەڕانی پێکهێنا، بۆ گەڕان و پەیکردنی ناوچەی ڕووباری ئامور، ئەوەبوو لە ساڵی (١٨٤٩)دا، شاری نیکۆلایڤسک (Nicholaevsk)ی، لە سەر سەرچاوەی ڕووبارەکە دامەزراند. ئیتر مۆراڤییڤ بە پەلە کەوتە بە کۆلۆنیالیکردنی ناوچەکە. بۆ ئەوەی بتوانێت دەستیش بگرێت بە سەر حەوزی ئاموردا، کەوتە دروستکردنی سوپایەکی ناوچەیی، لە دوورخراوە سیاسی، کۆنە بەندکراو، بە سوخرەگیراو، بێگارکەرەکانی کانە ئاڵتونە شاهانەکانی نێرچینسک و شاخی ئاڵتاین.[٦]

لە ساڵی (١٨٥٨)دا، لە کاتی جەنگی دوەمیاندا لەگەڵ بەریتانیای مەزن،[٧] لەو کاتەدا کە چین خەریکی دانوستان و گفتوگۆ بوو لە سەر ڕێککەوتننامەی تیانتسین (Tientsin)، لە هەمانکاتدا هەڵگەڕانەوەکەی تایپینگ (Taiping)ی بەتووشەوە بوو بوو،[٨] ئا لەو کاتەدا، کۆنت موراڤییڤ هەلەکە دەقۆزێتەوە، ڕێککەوتننامەی ئایگون (Aigun) بە چین ئیمزادەکات. بە پێی ئەم ڕێککەوتننامەیە، چین دەستبەرداری هەموو ئەو ناوچانە دەبێت بۆ ڕووسیا، کە کەوتوونەتە باکووری ڕووباری ئامورەوە. سەبارەت بە ناوچەکانی خۆرهەڵاتی ئوسوریش، (لەبەر ئەوەی هەر خۆیان پێشتر داگیرکرابوون)، ڕازیبوون کە هەر دوولا پێکەوە و بە هاوبەشی، حوکمی بکەن. ئەگەرچی چین لە کۆتاییدا ڕازینەبوو دان بەو ڕێککەوتننامەیەی ئایگوندا بنێت، بەڵام بەندە سەرەکییەکانی ڕێککەوتننامەکە، لە ڕێککەوتننامەی پەکینی ساڵی (١٨٦٠)یشدا، لەوکاتەوەی کە بەریتانیای مەزنو فەرەنسا فشارێکی زۆریان هێنابوو بۆ چین، جەختیان لە سەر کرایەوە.[٩]

به پێــی ئەم ڕێککەوتننــامە نــوێیەی دواییـــان، هەمـــوو ئەو ناوچانەی کە دەکەونە خۆرهەڵاتی ئوسورییەوە (هەرێمی ماریتایم)، بەو جێگەیەشەوە کە پێی دەوترێت (هێڵی تەیمانکراوی کازاخەکان - Kazakh picket line)، کرا بە سنووری باکووری خۆرئاوای سـینکیانگ، بە مەش بەشـێکی گەورەی نـاوچەی (ئیلـی)، سـەر بە تورکســتانی چــین، درا بە ڕووســیا. ئەم بەشــە لە ســنوورەکە، لە ڕێککەوتننـامەی (تاباگاتـای تـا - چێنـگ Tabagatay Ta-Cheng)ی ساڵی (١٨٦٤)دا زیاتر جەختی لە سەر کرایەوە، چەسپێنرا. هەر بە پێی ڕێککەوتننـامەکەی پەکینـی (١٨٦٠)یش بـوو، کە سنوورەکانی ڕووســیا گەیشــتە کەنارەکـانی زەریـای ئـارام، بە درێژایـی سـاڵ دەستی گەیشت بە ئاوە گەرمەکانی ئەو ناوچەیە.

**مەنشوریا:**

گرینگیـدانی ڕووس بە نـاوچەی مەنشـوریا، دەگەڕێـتەوە بـۆ ســاڵانی (١٨٩٠)ەکــان. لەو کــاتەوەی کە دەســەڵاتێکی ئاســایی لە ناوچەکەدا بەدەستهێنا، تا ئەو کاتەی کە لە ساڵی (١٩٥٥)دا کۆتـایی پێهێنرا.

لە ساڵی (١٨٩٦)دا، ڕووسیا مافی ڕاکێشانی هێڵێکی ئاسنی، بە درێژایـــی بـــاکووری مەنشـــوریا بەدەســـتهێنا، کە مـــانچولی (Manchuli) دەبەســتەوە بە ڤلادیڤۆســتۆک (Vladivostok)ەوە، دووریی نێوان ڕووسیای ئەورووپا و ناوچەکانی ماریتـایمی کەم دەکــردەوە. لە دوای ئەمەوە، لە ســاڵی (١٨٩٨)دا، ڕووســیا کەوتە جــووڵە بەرەو باشــووری مەنشــوریا: ئەوەبــوو تــۆڕی هــێڵە ئاسنینەکەیان درێـژ کـردەوە بەرەو باشـوور، کەوتە بەدەستهێنانی زەوی و زار لە ســەر بەنـدەری دایـرین (Dairen)ی ســەر ئـاوە گەرمەکـان، حەوزی کەشـتیڕانی بەنـدەری پۆرت ئارپــەر ( Port

Arthur).[10]

پاش یاخیبوونەکەی بۆکسەر(*) (Boxer) لە (١٩٠٠)دا،

(*)یاخیبوونەکەی بۆکسەر (Boxer): یاخود وەک هەندێک لە مێژوونووسان پێی دەڵێن، ڕاپەڕینەکەی بۆکسەر، ڕاپەڕینێکی نەتەوەیی بوو لە چین، ئامانجی وەدەرنانی خەڵکانی بیانی و نەهێشتنی دەسەڵاتیان بوو لە ناو چیندا. (وەرگێڕ).

هێزەکانی ڕووسیا لەمەنشوریادا مانەوە. بوونی ئەوان لەوێ، شەڕەکەی لەگەڵ یاباندا زوتر هەڵگیرساند. دۆڕاندنی ڕووسیا بە یابان لە (١٩٠٤–١٩٠٥)دا، بوە هۆی پاشەکشەکردنی دەسەڵاتی ڕووسیا لە بەشی باکووری مەنشوریا. پاش نزیکەی سێ دەیە، یابان هەموو مەنشووریای داگیرکرد، دەوڵەتی مانچوکوس (Manchukus)ی کارتۆنی لێدامەزراند، هیچ بەرژەوەندییەکی سۆڤیەتی لە ناوچەکەدا نەهێشت.[11]

ئەم ناوچەی دەسەڵاتە بوو، کە ستالین هەوڵیدا لە کۆنگرەی یاڵتا (Yalta)، دواتریش لە ڕێگەی دانوستان و گفتوگۆکانی مۆسکۆ لەگەڵ چینییەکاندا: (کە یەکەم جار ساڵی ١٩٤٥ لەگەڵ نەتەوەییەکان، دواتریش لە ١٩٥٠دا، لەگەڵ کۆمۆنیستەکان بەستی)، بەدەستی بهێنێتەوە. داشی سۆڤیەت زیاتر بەو واقیعە سوار بوو، کە سوپای سوور لە ساڵی (١٩٤٥)ەوە مەنشووریای داگیر کردبووەوە، بەڕێوەی دەبرد.[12]

لە مانگی جونی (١٩٤٩)دا، یەکێتی سۆڤیەت ڕێککەوتننامەیەکی بازرگانیی لەگەڵ حکوومەتی کۆمۆنیستی گەلی مەنشووریادا (Communist Manchurian Peoples Government) مۆر کرد. ئەگەرچی کەس بە ئاسانی ناگات بەو ئەرشیفی بەڵگەنامانەی کە تایبەتن بە پێوەندیەکانی نێوان (CPR) و یەکێتی سۆڤیەتەوە، بەڵام ئەوەی کە بە گشتی دەزانرێت ئەوەیە، کە هەر دوو هاوسێ، لە سەر دەسەڵاتی ناوچەکە، کەوتبوونە یاری (پەتپچڕێنە) لەگەڵ

یەکتریدا.[١٣]

لە ساڵی (١٩٤٩)دا، پەکین خۆرئاوای مەنشوریای لە ناوچەی کارگێڕی مەنشوریا دابڕی، لکاندی بە هەرێمە ئۆتۆنۆمییەکەی مەنگۆلیای ناوەوە.[١٤] بە دەرکردنی سەرکردەی سەربازیی کۆمۆنیستی مەنشوری، کاۆ کانگ (Kao Kang)، لە ساڵی (١٩٥٣)دا، (بە بیانوی ئەوەی کە پیاوی ستالینە)، دەسەڵاتێکی زیاتر و ڕاستەوخۆتری بە سەر مەنشوریادا پەیداکرد.[١٥] لە هەمانکاتیشدا فشارێکی زۆری هێنا بۆ سۆڤیەت، کە هیچ دەسەڵاتێکی نەهێڵێت لە مەنشوریادا. ئیتر ئەوەبوو لە ساڵی (١٩٥٢)دا، سۆڤیەت هێڵە ئاسنینەکەی دانەوە، دواتریش بەندەری دایرین، لە کۆتاییشدا، لە مانگی مەی (١٩٥٥)دا، بنکە دەریاوانێکەی پۆرت ئارپەر، تەنانەت ئەو دەسەڵاتە ئابوریانەی، کە لە ڕێگەی کۆمپانیا هاوبەشەکانیشەوە هەیبوو، هیچی نەهێشت.[١٦]

لە ساڵی (١٩٥٥)دا، بۆ یەکەم جار لە ماوەی شەست ساڵدا، مەنشوریا بە تەواوی کەوتە ژێر دەسەڵاتی چینەوە، بوە بەشێکی دانەبڕاو لە چین. پێش شەست ساڵ، کە پەلهاویشتن بۆ ناوچەکانی دەرەوە دەستی پێ کرد، مەنشوریا تەنها یەکەم قۆناغی کۆلۆنیالیتی چین بوو. پاش ماوەیەکی دوورودرێژ لە ڕێگرتن لە خەڵکی چین لە نیشتەجێبوون لەو خاکەدا، باب و باپیرانی (مانچو)ەکانی تێدا ژیابوون، کە سەرکردەی چینییەکانن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، سەرەڕای ئەو شەست ساڵە لە دەسەڵاتی بیانی و کاریگەرییان، کەچی هێشتا زۆربەی دانیشتوانەکەی هەر چینی بوون، (جگە لە هەندێک کەمایەتیی مەنگۆلی و کۆریایی).

لە دوای نەمانی بەرژەوەندی ئابووری سۆڤیەتی لە مەنشوریا دا، ئیتر مۆسکۆ کەوتە گرینگیدان بە پەرەپێدانی ناوچە

سـنوورییەکانی. لە مـانگی ئۆگەسـتی (١٩٥٦)دا، چـین و یەکێتـی سۆڤیەت کەوتنە گفتوگۆ بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتننامەیەک سەبارەت بە (گەڕانو پشـکنینی دوو قـۆڵی، سـوودوەرگرتنی تەواو لە سـەرچاوە سروشـتییەکانی دۆڵـی ئـامور)، بە نەخشەکێشـان و بنیادنـانی سیسـتمێکی کارەبـای ئـاوی (هایـدرۆئیلیکتریک)ی (١٣) ملیۆن کیلۆ واتیشەوە.

لە سـاڵی (١٩٦٠)دا، ڕووپێـوی جیۆلۆجیـانەی هـاوبەش، ڕووپێـوی ئاسـایی، بـۆ جـێگەی ویسـتگە هایـدرۆئەلیکتریکییەکان کۆتاییـان هـات، ڕێککەوتننامەکـانی کەشـتیرانی و ڕێـگە ئاوییەکـان کەوتـنە کـار، بەڵام لە دوای (١٩٦٣)ەوە، پێـدەچێت ئەو گـرژی و بێـزارییەی، کە بەردەوام لە زیادبوونـدا بـوو، لە نێـوان ئەم دوو وڵاتەدا، لەگەڵ ئەو وردە پێکـدادانانەی کە لە سـەر سـنوورەکان ڕوویان دەدا، بووبێتە هـۆی کەمکردنەوەی ئەو هاوکارییەی، کە لە نێوانیانـدا هەبـوو لە نـاوچە سـنووریەکاندا، ئەگەر کۆتاییشـی پێنەهێنابێت.[١٧]

چاکسازی زەوی و زار و خاکە بێپیتەکان لە چین، ڕاستەوخۆ لە دوای دامەزراندنی ڕژێمی کۆمۆنیستی لە پەکین دەستی پێ کرد. مەنشوریاش یەکێک بوو لەو سێ ناوچەیەی کە حکوومەت داینان بە نـاوچەی سـەرەکی (دوانەکەی دیـکەش، مەنگۆلیـای نـاوەوە و سـینکیانگ بـوون، کە هەر سـێ نـاوچەکە بە سـنووری یەکێتـی سۆڤیەتەوەن). لە (١٩٥٠)کانـدا، پەلە کـرا لە نیشـتەجێکردنی نـاوچە سنوورییەکان. لە (١٩٦٣)دا، زیاد لە ١٠٠,٠٠٠ سـەرباز کە خزمەتی سـەربازییان تەواو کردبـوو، لە ناوچەکـانی دەوروپشـتی ڕووبارەکانی ئامور، ئوسـوری و سـونگاری (Sungari) نیشـتەجێ کـران. بە هـۆی دۆزینـەوەی نەوتیشـەوە لە تاچینـگ (Taching)،

پێشکەوتنی ناوچەی هێلۆنگکیانگ (Heilungkiang) (کە دەکەوێتە ئەوپەڕی باکووری مەنشوریاوە)، خێراییەکی زۆری بەخۆیەوە بینی، کرێکارێکی زۆریش، بە هۆی دوورخستنەوەیان لە شارەکانی چین لە کاتی شۆڕشە ڕۆشنبیرییەکەدا (Cultural Revolution)، گەیشتنە ناوچەکە. لە کۆتایی (١٩٦٠)ەکاندا، مەنشوریا، کە تەواو لە ژێردەستی چینییەکاندا بوو، لەگەڵ ئەو ناوچانەشدا کە هاوسنووربوون لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەتدا، کران بە ئامانج بۆ نیشتەجێکردنێکی چڕوپڕ، لە گەڵیشیدا، پێشکەوتنێکی ئابوری.[١٨]

**بەشی مەنگۆلیا:**

مەنگۆلیا، ئێستا دابەشکراوە بۆ سێ بەش: مەنگۆلیای دەرەوە (Outer Mongolia)، واتا کۆماری میللی مەنگۆلیا (MPR)، لەگەڵ هەرێمی ئۆتۆنۆمی مەنگۆلیای ناوەوە (Inner Mongolia)ی سەر بە چین، لەگەڵ کۆماری بوریات (Buriat)ی مەنگۆلی، سەر بە ڕووسیا. مەنگۆلەکان لە سەرەتادا ژێردەستەی هیچ کام لە هاوسێ چینی و ڕووسییەکانیان نەبوون. (جەنگیزخان – Genghis Khan) خانی ڕووسیا و چینیش بوو. لە سەرەتای سەدەی حەڤەیەمدا، مانچۆکان دەستیانگرت بە سەر هەر دوو مەنگۆلیای ناوەوە و دەرەوەشدا، پێشڕەوییان کرد بەرەو پەکین و داگیریان کرد، تێیدا شانشینی چینگ (Ching)یان دامەزراند. هەر لەو کاتەدا، لە ناوەڕاستی سەدەی حەڤەیەمدا، ڕووسیا مەنگۆلیای بوریات (Buriat Mongolia)ی داگیرکرد. ئەمەش ئەو شتە بوو، کە سەرکردە مانچۆکانی چین، ناچاربوون لە ڕێککەوتننامەی کیاختا (Kiakhta)ی ساڵی (١٧٢٧)دا، دانیپێدابنێن.[١٩] بەم شێوەیە، جگە لە ناوچەی بوریاتی مەنگۆلیا، هەر دوو مەنگۆلیای ناوەوە و

دەرەوە، وەک ناوچەیەکی چینی مانەوە، تا هەڵگیرسانی شۆڕشی چین، لە (١٩١١)دا، لەو کاتەدا ڕووسەکان دەرفەتی ئەو پشێوییەی ناو چین دەقۆزنەوە و سوپا دەنێرن بۆ مەنگۆلیا، بۆ پشتیوانیکردن، لە دروستکردنی ئیمپراتۆریەتی مەنگۆلیا (کە لە مانگی دیسەمبەری (١٩١١)دا ڕاگەیەنرا)،[٢٠] بەڵام، لەگەڵ ئەوەشدا، ڕووسەکان هەر دانیاننا بە باڵادەستی چینییەکان بەسەر مەنگۆلیای دەرەوەدا، بۆ ئەوەی ئەویش ددانبنێت بە ئۆتۆنۆمەکەی مەنگۆلیای دەرەوەدا. ئەمەش دواتر و لە ساڵی (١٩١٥)دا، لە ڕێککەوتنێکی سێقۆڵی ڕووسی - چینی - مەنگۆلیدا، داڕێژرا.[٢١]

هەر لە (١٩١٧)ەوە بۆ (١٩٢١)، مەنگۆلیای دەرەوە بەردەوام لە بەرەنگاربوونەوەی دەستێوەردانەکانی چین، یابان و ڕووسەکان دابوو. ئەوەبوو لە کاتی شەڕی ناوخۆی پاش شۆڕشی ئۆکتۆبەری (١٩١٧)ی ڕووسیاشدا، کرا بە شوێنی پێکدادان و جەنگ. پاش دۆڕاندنی سوپای سپی، مەنگۆلیا، لە مانگی جولای (١٩٢١)دا، بە یارمەتی سوپای سوور، کۆماری مەنگۆلیای میللی ڕاگەیاند، بەڵام لە لایەنی فەرمییەوە، یەکێتی سۆڤیەت هەر بەردەوام بوو لە دانان بە باڵادەستی چیندا بە سەر مەنگۆلیای دەرەوەدا.[٢٢]

لە (١٩٢٣)دا، دیپلۆماتکاری ڕووسی، ئەدۆڵف جۆفی ( Adolph Joffe)، بە ڕێککەوتن لەگەڵ سەرکردەی نەتەوەپەرستی چینی د. سەن یات - سین (Dr. Sun Yat – Sen)دا، زۆر ڕاشکاوانە ڕایگەیاند کە... "نە پێشتر و نە ئێستاش، حکوومەتی ڕووسیا لە نیازیدا نییە، نە مەبەستییەتی، کە هیچ سیاسەتێکی ئیمپریالیستییانە لەگەڵ مەنگۆلیای دەرەوەدا پیادەبکات، یاخود هانیبدات لە چین جیا بێتەوە."[٢٣] لەوەش زیاتر، لە بەندی پێنجەمی ڕێککەوتننامەی (بنەما گشتییەکان – General Principles)ی سینۆ - سۆڤیەتیی ساڵی

(١٩٢٤)دا هــاتوه كه:"هەروەهــا يەكێتــی ســۆڤیەت (USSR)، دان بەوەدا دەنێت، كە مەنگۆلیای دەرەوە، بەشێكی دانەبڕاوی كۆماری چینە، ڕێزیش لەو باڵادەستییەی چین دەگرێت لەوێ."[٢٤]

بەڵام لە كۆنفرانسی یاڵتای ساڵی (١٩٤٥)دا، ستالین بڕیاریدا كە جیــا بــوونەوەی مەنگۆلیــای دەرەوە لە چــین بخــاتە قــاڵبێكی فەرمییەوە، داوایكرد كە –وەك ئەو دەڵێت- "ئەو دۆخی یاخیبوون و هەڵــگەڕانەوەیە لە مەنگۆلیــای دەرەوە (MPR)، هەر بەردەوام بێــت."[٢٥] حكــوومەتی نەتەوەیــی چینــیش، لە مــانگی ئۆگەســتی (١٩٤٥)دا، لە ژێـر گوشـاری هێـزە هاوپەیمانەكـانی خۆرئـاوادا، بە نووســـراوێك بەڵێنـــی بە مۆســـكۆ دا كە "دان بە ســـەربەخۆیی مەنگۆلیای دەرەوەدا بنێت"، ئەگەر ڕاپرسییەكی گشتی "بیسەلمێنێت كە ئەمە ویست و خواستی ئەوانە."[٢٦] ئەوەبوو لە ساڵی (١٩٤٦)دا ڕاپرسییەكی گشتی كراو، سەلماندی، كە ئەمە خواستی ئەوانە.[٢٧]

ڕێككەوتننــامەی ســاڵی (١٩٥٠)ش، جیــا بــوونەوەی تەواوی مەنگۆلیــای دەرەوەی لە چــین دووپــاتكردەوە،[٢٨] بەڵام ســەركردە چینییەكان هەر بەردەوامبوون لە هەوڵدان بۆ گێڕانەوەی دەسەڵاتی چــین بــۆ مەنگۆلیــای دەرەوە. ئەوەبــوو لە ســاڵانی (١٩٥٤)و لە (١٩٥٧)یشـدا، چـین، سـەرنەكەوتوانە، هەوڵیـدا دووبـارە ئەو پرسـە لەگەڵ سەرانی سۆڤیەتدا باس بكاتەوە. لە هەمانكاتیشدا هەوڵیدا كە دەسـەڵات لە ڕێگەی ئـولان بـاتور (Ulan Bator)ەوە، لەوێ پەیدا بكـات: كە ڕێككەوتنێـك بـوو لە نێـوان چـین و مەنگۆلیـادا،[٢٩] بـۆ نـاردنی زیـاد لە (١٠) هەزار تەكنیكـی و كرێكـار بـۆ ئەوێ، پێـدانی قەرز بە مەنگۆلیـای دەرەوە. لە سـاڵی (١٩٦٢)دا چـین گفتوگـۆیەكی دامەزراند سـەبارەت بە ڕێككەوتننـامەیەكی سـنووری،[٣٠] بەڵام هەر سەركەوتوونەبوو لە ڕاكێشانی سەركردایەتییەكەی مەنگۆلیا بەلای

خۆیدا. لە هاوینی (١٩٦٤)دا، پەکین زۆربەی کرێکارە چینییەکانی لە مەنگۆلیـــای دەرەوە کشـــاندەوە، ئەوانـــی دیـــکەش دانـــران کە لە زووتـــرین کاتـــدا پاشەکشـــەیان پێبکرێـــت.[٣١] لە مـــانگی جـــولای (١٩٦٤)دا چین پرۆتۆکۆلێکی سنووریی لەگەڵ مەنگۆلیای دەرەوەدا ئیمزاکرد.[٣٢]

پرســـی مەنگۆلیـــا، ڕۆڵێکـــی ئەوتـــۆی نەبـــوو لە کێشـــە سـنوورییەکاندا. چینـیش تەواو بێـزاری خـۆی دەردەبـڕی لە کـۆ کردنەوە و گردکردنەوەی سوپای سۆڤیەتی، لەو وڵاتە و لە نزیک سنوورەکانی.[٣٣]

مەنگۆلیـــای بوریـــات، کە چـــین لە ســـەدەی هەژدەیەمـــدا وەک بەشێک لە ڕووسیا ددانی پێدانابوو بە (کۆماری ئۆتۆنۆمی بوریاتی مەنگۆلی – Buriat Mongolian Autonomous Republic)، لە ژێـر حـوکمی سـۆڤیەتیدا. سـاڵی (١٩٥٨) نـاوی ئەم نـاوچەیە گـــۆڕدرا بـــۆ (کۆمـــاری بوریـــاتی ئۆتۆنـــۆمی) و وشـــەی (مەنگۆلی)یەکەی لێکرایەوە.[٣٤]

**تانو توڤا:**

لە سـاڵی (١٩٠٧)دا، گەڕیدەیەکی ڕووسـی لە ڕاپۆرتێکیدا وەهـا بـاس لە تـانو توڤا دەکات، کە لاوازتـرین خـاڵی سنووریی سـینۆ – ســـۆڤیەتییە.[٣٥] لەگەڵ هەڵـــگیرسانی شۆڕشـــی چـــین، لە ســـاڵی (١٩١١)دا، ئەو بێ سەروبەرەییەی کە لەگەڵیدا ڕوویدا، ڕووسـەکان خەڵکی خۆیـان لە تـانو توڤـاو نیشـتەجێ کـرد، پەیڕەوکردنـی (یاسـا مەدەنـی و جەزاییێکـانی ڕووسـیا) لەوێ. بەم شـێوەیەش، لە ڕێگەی نوێنەرە مەنگۆلییەکانەوە، ڕێگەی هـاتنە نـاو توڤـای گـرت. ڕووسـیا داواکردنـی توڤـای لە سـەر ڕێککەوتننـامەکەی کیاختـا (Kiakhta)ی

(١٧٢٧) بنیادنـابوو،[٣٦] بەڵام حکـوومەتە کۆمـارییەکەی چـین، هەر خێـــرا داوایکـــرد ئەو ڕێککەوتننـــامە نـــابەرابەرانە هەمـــووی هەڵوەشێنرێنەوە، چین بگەڕێتەوە بۆ سنووره کۆنەکانی جارانی. لە ئەنجامـدا، سـاڵی (١٩١٢) پرۆتۆکۆلێک لە نێوان چـین و ڕووسـیادا ئیمزاکـــرا تێیـــدا هـــاتوە، کە مەنگۆلیـــای دەرەوە، ئەگەرچـــی ئۆتۆنۆمییەکی ناوخۆییشی هەیە، بەڵام لە ڕاستیدا بەشێکە لە چین. لەو سەردەمەشدا، تـانو توڤـا، بە بەشـێک لە مەنگۆلیـای دەرەوە لە قەڵەم دەدرا.[٣٧]

لە سـاڵی (١٩١٧)دا، نـزیکەی (١٢,٠٠٠) ڕووسـی لە تـانو توڤـادا هەبـوون، ئەوکـات دانیشـتوانە ڕەسـەنەکەی ئەوێ تەنهـا (٦٠,٠٠٠) کەس دەبوون. ئەگەرچی توڤاو مەنگۆلیا هەر پاش ماوەیەکی کەم، لە سـەردەمی شۆڕشـەکانی ڕووسـیادا، لە لایەن سـوپای چینییەوە داگیرکـرانەوە، بەڵام سـوپای سـور تـوانی لە (١٩٢١)دا کۆمـارێکی نـوێ لە تـانو توڤـا دابمەزرێنێـت و[٣٨] یەکســەر یەکێتـی سـۆڤیەت، حکـوومەتە پاشـکۆ – سـۆڤیەتیکەی مەنگۆلیـاش، دانیانپێـدانا.[٣٩] لە ئەنجامدا، وردە وردە یەکێتـی سۆڤیەت، لە سـاڵی (١٩٤٤)دا، ژێـر بە ژێـر و بە بێدەنگی، تـانو توڤـای لکاند بەخۆیەوە، ئێسـتا یەکێکە لە (نـاوچە ئۆتۆنۆمییەکـانی USSR). (ئەمەش تـا سـاڵی ١٩٤٦ کەس پێی نەزانی و بڵاونەکرایەوە، تا ئەوکاتەی کە پراڤدا، ئۆبلاسـتی (*) توڤای ئۆتۆنۆمی خستبوە لیستی ناوچەکانی هەڵبژاردنەوە).[٤٠]

---

*ئۆبلاست (Oblast): بەشێک لە کۆمار یان پارێزگا (لە سۆڤێتی جاراندا). (وەرگێڕ).

ئیتر تـانو توڤا، بەردەوام هەر لە گۆڕانـدا بوە، هەر لە سـەدەی هەژدەیەمەوە، کە بەشـێک بـوە لە ژێردەسـتەی ڕووسـیا تـا ئەو کـاتەی، کە بەفەرمـی کـرا بە بەشـێک لە چـین، بـۆ ئەوکاتەی کە بە

ناچـاری کەوتە ژێـر پارێزگـاریی تزارەکـانەوە، پاشـان بـوو بە کۆمـارێکی میللـی سـەربەخۆ، لە کۆتاییشـدا بـوو بە (کۆمـارێکی ئۆتۆنـۆمی) لە نـاو (USSR)دا. کە مەنگۆلیـای دەرەوەش لە چـین جیا کرایەوە، ئیتر پەکین هیچ سنوورێکی لەگەڵ توڤادا نەما، تا بتوانێت وەک مافێکی مێژوویی داوای بکاتەوە.

**بەشی ئاسیای ناوەند:**

لە نیوەی دوەمی سەدەی نۆزدەدا، ناوچە جیاجیاکانی چین کۆمەڵێکی زۆر شۆڕش و پشێوی بەخۆوە بینی. کە گەورەترین و مەترسیدارترینیان ئەوانەی مسولمانەکانی یوننان (Yunnan)ی (١٨٥٥–١٨٧٣)، خێڵەکانی میاو (Miao)ی کویچۆو (Kweichow)ی (١٨٥٥–١٨٨١)، مسولمانەکانی شێنسی (Shensi)و کۆنسۆ (Konsu)ی (١٨٦٢–١٨٧٣) بوون.[٤١]

لە ساڵی (١٨٧٠)دا، حکوومەتی تورکستانی ڕووسیا، یاخیبوونی مسولمانەکانی خۆرئاوای دوور دەقۆزێتەوە، سنووری سینکیانگ دەبەزێنێت، بە بیانوە سواوەکەی (گێڕانەوەی ئارامی)، ناوچەکانی دۆڵی ڕووباری (ئیلی) داگیردەکەن. "لە پێناو گێڕانەوەی ئارامیدا و.. بۆ نەهێشتنی هەر هەڕەشەیەک لە سەر ناوچە ئارامەکانی ژێر حوکمڕانیمان. .. ئەو چارەسەرە کاتییەمان گرتەبەر، تا ئەو کاتەی ئارامی دەگەڕێتەوە."[٤٢] چین هەر دەمودەست نارەزایی دەربڕی، بەڵام ڕووسیا تەنها ئەوەندەی وت کە ناوچەکە چۆڵ بکات. ئیتر تا ئەوکاتەی مسولمانە یاخیبوەکان لە (١٨٧٧)دا سەرکوتنەکران، چین، ڕووسەکانیان نەبەستەوە بە بەڵێنەکانی خۆیانەوە، داوای دۆڵی ئیلییان لێنەکردنەوە. ڕووسیاش بۆخۆی حەزینەدەکرد بڕوات،[٤٣] هەر بۆیە لە ساڵی (١٨٧٩)دا،

ڕێککەوتننامەیەکیان ئیمزا کرد بە ناوی ڕێککەوتننامەی لیڤادیا (Livadia)ەوە، کە بە ڕاستی ددان بە لکاندنەکەی ڕووسیادا دەنێت. ئەمەش لە ناو چیندا بە لێشاوێکی نارەزایی پێشوازیلێکرا، بۆیە حکوومەتی چینی ڕازینەبوو ئیمزای لە سەر بکات،[٤٤] بەڵام، دواتر چین لە ساڵی (١٨٨١)دا، هەر دانوستانی لەگەڵدا کردەوە، سەبارەت بە ڕێککەوتننامەیەکی هەموارتر کراو، کە ناسرا بە ڕێککەوتننامەی ئیلی (Treaty of Ili)، یاخود سان پیتراسبورگ ( St. Petersburg)، کە بە هۆیەوە دەبوو دەست لە بەشی خوارووی ئیللی هەڵگرن، هەقی (تێچوونی داگیرکردنەکە)ش بدەنەوە بە ڕووسیا.[٤٥]

بەشی باشووری خۆرئاوای سنووری سینۆ - ڕووسی، کە چیاکانی پامیر دەبڕێت، بەهۆی ڕێککەوتننامەی لەندەنی ئەنگلۆ - ڕووسی ساڵی (١٨٩٥)ەوە دەستنیشان کرا. ئەم ڕێککەوتننامەیە لە بنەمادا بۆئەوە بەسترا تا سنووری دەسەڵاتی هەریەک لە بەریتانیا و ڕووسیا لە ناوچەکانی پامیردا دیاری بکات، ڕووسیا، بە هۆی دروستکردنی ڕاڕەوی سنووریی ڤاخان دانیا (Vakhan Danya)ی ئەڤغانی، کە تا سنووری چین درێژدەبێتەوە، لە ئیمپراتۆریەتی هیندی جودا بکاتەوە. چین ڕازینەبوو لەو گفتوگۆیانەدا بەشداری بکات، ڕێککەوتننامەکەشی ئیمزانەکرد.[٤٦]

ڕووسیا بەردەوام چاوی بڕیبوە سینکیانگ، ئەگەرچی لە ساڵی (١٨٨١)ەوە زیاتر سوربوو لە سەری. لە ساڵەکانی (١٩٣٠)ەکاندا، لە ژێر دەستی حاکمی سەربازیی چینی، شینگ - شیی - تسای (Sheng – Shih – tsai)، کە بە ئاشکرا لایەنگری یەکێتی سۆڤیەت بوو، سوپای سور دوو جار لە (١٩٣٤و ١٩٣٧دا)، بۆ دامرکاندنەوە و سەرکوتکردنی یاخیبوون و هەڵگەڕانەوە

ناوخۆییەکـــان، هاتنەنـــاو هەرێـــمەکەوە. تەنـــانەت ئـــابووریی سـینکیانگیش لەو سـەردەمەدا زۆر وابەسـتە بـوو بە یەکێتی سۆڤیەتەوە.[٤٧] ئەگەرچی پاش ئەوەی ئەڵمانیا هێرشی کردە سەر سـۆڤیەت، بە هـۆی ئەو دابـڕانە گشـتییەوە کە ڕوویـدا، توانـا و دەسـەڵاتی سـۆڤیەت لە نـاوچەکەدا کەمـی کـرد، بەڵام دوای سـاڵی (١٩٤٤)، بە تـایبەتیش کە کۆمـاری تورکسـتانی خـۆرهەڵات سەربەخۆیی خۆی لە چین ڕاگەیاند،[٤٨] سۆڤیەت جارێکی تر کێرڤی بەرز بـوەوە. لە دوای کۆتاییهـاتنی جەنـگەکەش، بـاری نـاجێگیری سـینکیانگ لە بەرژەوەنـدی سـۆڤیەت کەوتەوە، تـا وایلێهـات، لە سەردەمێکدا داوایکرد ببێتە ناوبژیوان لە نێوان حکوومەتی چین و یاخیبوەکانی سینکیانگدا. هەر بە هەمـان شـێوە، لە نیوەی یەکەمی ساڵی (١٩٤٩)شـدا، پاش ئەوەی کە کۆمۆنیستەکان پەکینیان داگیر کـرد، مۆسـکۆ هەوڵێکـی زۆریـدا کە ڕێککەوتنێکـی درێژخـایەن، سـەبارەت بە سـینکیانگ، لەگەڵ ڕژێـمە ناسیۆنالیسـتییەکەی، کە خەریک بوو لە ناو دەچوو، ئیمزا بکات.[٤٩]

بە سـەرکەوتنی کۆمۆنیستەکان لە چین، سۆڤیەت ئەو حەزەی بۆ سینکیانگ نەما: لە مانگی دیسـەمبەری (١٩٤٩)شـدا، پاش ئەوەی کە بە ڕووداوێکـی تەمـومژاوی کەوتنەخـوارەوەی فڕۆکەکەیانـدا، هەرچـی سـەرکردەیان هەبـوو تێـداچوو، کۆمـاری تورکمانسـتانی خۆرهەڵاتیش بوونی نەما.[٥٠]

ستالین لە ساڵی (١٩٥٠)دا هەوڵیدا، لەبەر بەرژەوەندی زیاتری ئـابووری سـۆڤیەت، کۆمپانیـا هاوبەشـەکانی سـینۆ - سـۆڤیەت، بـۆ پەرەپێدانی بـواری نەوت، فڕۆکەوانـی مەدەنـی، کـانزا دەگمەنەکـان، نائاسـنێکان (Nonferrous)، بە شـێوەیەک لە شـێوەکان بسـەپێنێت بە سـەر پەکینـدا،[٥١] بەڵام سـەرکردە چینییەکـان بەمە ڕازینەبـوون.

بۆیە لە ساڵی (١٩٥٤)دا، کۆمپانیا هاوبەشەکان هەڵوەشێنرانەوە.[٥٢]

لە هەمانکاتدا، سوپای ڕزگاری گەل (People Liberation Army) بەردەوام بوو لە ئارامکردنەوەی ناوچەکە. لە ساڵی (١٩٥٥)دا هەرێمی سینکیانگ - ویغوری ئۆتۆنۆمی دامەزرا (Sinkiang-Uighur Autonomous Region)،[٥٣] بەڵام ناوچەکە هەر بە پشێوی مایەوە. سەرچاوە تایوانێکان باس لەوە دەکەن، کە هەر تاوە نا تاوێک، یاخیبوونو ڕاپەڕینی جەماوەری ڕوویانداوە (بە تایبەتیش لە ساڵی ١٩٥٧دا)، ئەمانەش بە بەردەوامی سەرکوتکراون، بە توندی دامرکێنراونەتەوە، ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکانی بە ڕەگەز چینی، بە کۆنە جەنگاوەرەکانی سوپای ڕزگاری گەلیشەوە، کۆچیانکرد بۆ هەرێمە نوێیەکە.[٥٤] هەروەها، چین چەندین ڕێوشوێنی دیکەی بەرپەرچدانەوەی گرتەبەر، لەوانە، دەستکردن بە (هوشیارکردنەوەی نیشتمانی – Patriotic Education) لە مانگی فەبریوەری (١٩٦٠)دا، چاکسازی زمانەوانی، کە لە ئەلفو بێی لاتینیدا کرا، وەک لەوەی کە لە ئەلف و بێی سیریلیک (Cyrillic)یدا بکرێت، کە لەودیو سنوور، لە کۆمارەکانی ئاسیای ناوەڕاستی سۆڤیەتیدا زیاتر بەکاردەهێنرا.[٥٥]

هەوڵەکانی بە چینیکردنی ئەم زەویە فراوانە ناچینیانە، لە دوای هەڵمەتەکەی (تەکانێکی گەورە بەرەو پێشەوە – Great Leap Forward Campaign)ی ساڵی (١٩٥٩)، چڕتر بوەوە. ئەم پرسە دوو چینی سەرەکی لە دانیشتوان گرتەوە: جەنگاوەرە کۆنەکانی سوپای ڕزگاری گەل (PLA)، کە کۆمەڵگەیەکی نیشتەجێبوونی کشتیاری - نیمچە سەربازییان پێکەوە نابوو، لەگەڵ قوتابی، خوێندکاری گەنج و خەڵکانی ڕۆشنبیری هاوشێوە، کە لە شارە گەورەکانی وەک شانگهای و تێنتسین (Tientsin)ەوە

هاتبوون.[٥٦] جارێکی تریش کێشە و پێکدادانی چەکداری لە سەر سنوورەکانی سینکیانگ و یەکێتی سۆڤیەت، لە شەستەکاندا سەری هەڵدایەوە.[٥٧]

## پەراوێزەکانی چاپتەری دوەم/ بەشی دوەم:

[١] ج . ڤ. دەیڤیدسن – هوستن (J. V. Houston)، "ڕووسیا

و چين، له هانەكانەوە تا ماوتسى – تونگ" ، لەندەن، ۱۹٦۰، ل٤۰–
۳۰، س.پ. فيتزجيرالّد (C. P. Fitzgerald)، "گرژى سەر سنوورەكانى سينۆ – سۆڤييێتى"، كاروبارەكانى دەرەوە، جولّاى ۱۹٦۷، بەرگى ٤، ژمارە ٤، ٦٨٤.

(۲) كروچنين و ئۆلّگين، ل٤۳، ج.ن. پاترسن (G. N.Patterson)، ل۳۱، س.پ. فيتزجيرالّد، ل٦٨٦.

(۳) دانييێل ئيليگێرز (Daniel Ellegiers)، ل۸۹، ف. ل. گريڤز (F. L. Greaves)، "درِكەكانى لاكەلەكەى ئەژديها – Thorns in the Dragons Side"، لەوانەكانى پەيمانگاى دەرياوانى ئەمريكا، نۆڤەمبەرى ۱۹٦٤، ل٤٨. (، Rysk – Kinesiska, Tryggve Lötveit, Varldspolitikens Dagsfagor Utrikespolitiska Institutet, Granskonfiker Stokholm)، ژمارە ۱۲، ۱۹٦۷، ل٦.

(٤) هـ ى. سالسبێرى (H. E. Salisbury)، ل ٥۹–٥٦، گريڤز (Greaves)، ل٤٨.

(٥) ئيبيد، ل ۱۸–۱۹ و ٥۸، د. ئيليگێرز، ل۹۰ ئێريك ساندەر (Erik Sander)، گراينستـرايدون كينـا – سـۆڤييێت (Graenestriden Kina-Soviet)، دێت ئودينرِيگز پۆليتيسكە سێلسكاب (Det Udenrigspolitiske Selskab )، ئودينرِيگز پۆليتيسكە سكريفتەر (Udenrigspolitiske Skrifter)، سێرى ۹ (Serie 9)، ژمارە ۱، ۱۹۷۰، دێت دانسكە فۆرلانگ ( Det Danske Forlarg)، ل۷۲–۷۱.

(٦) پەيوەندييەكانى سينۆ – سۆڤييێتى: ناكۆكييە ناوچەييەكان، تێبينييە هەنوكەييەكان لە سەر كاروبارى نێودەولّەتى، سەپتەمبەرى ۱۹٦۳، ل٢٤، داڤيدسن، هوستن، ل۷۹، گرەيڤز، ل٥۳–٥٢،

سالسبيرى، ل٦١-٦٠.

(٧) يەكەم جەنگ، جەنگى ئەفيونى سالأنى ١٩٤٢-١٩٣٩ بوو.

(٨) ئەم ياخيبوونە ١٧ سالّى خاياند، لە كۆتاييشدا بە يارمەتى هێزى بيانى دامركێنرايەوە.

(٩) بڕوانە چاپتەرى دوەم - بەشى سێيەم.

(١٠) و. أ. د. جاكسن، ل ٥١، بێرتن، ل١٤١ -١٤٠، واتسن، ل٥٠.

(١١) ئيبيد، ل٥٢، د. ئێليگێرز ، ل٩٤-٩٣.

(١٢) ئيبيد، ل٦٩-٦٨، پاترسن، ل٥٨.

(١٣) دەيڤيدسن - هوستن، ل١٥٣، بێرتن، ل١٤١.

(١٤) بێرتن، ئيبيد، پاترسن، ل٦٢.

(١٥) ساليسبيرى، ل١٠١ -٩٩.

(١٦) ڕيچارد س. ثۆرنتن (Richard C. Thornton)، "چين و دنياى كۆمۆنيستى" پرينت سێريس، پەيمانگاى ديراساتى سينۆ - سۆڤييێتى، ژمارە ٣٣، زانكۆى جۆرج واشنتن، ديسەمبەرى ١٩٧٠، ل٢٦١، جاكسن، ل٨١-٨٠، واتسن، ل٥٣-٥٢.

(١٧) بڕوانە تێبينى ژمارە (٥٨).

(١٨) جاكسن، ل ٩٩-٨٢، بارتن، ل ١٤١.

(١٩) بڕوانە چاپتەرى دوەم - بەشى سێيەم.

(٢٠) جاكسن، ل ٥٤-٥٣، پاترسن، ل ٤٤، دەيڤيدسن - هوستن، ل٩٥.

(٢١) بڕوانە سەرچاوەى خوارەوە، ل٤٧-٤٦.

(٢٢) جاكسن، ل٥٥، دەيڤيدسن - هوستن، ل١٠٧-١٠٦.

(٢٣) بێرتن، ل١٣٨.

(٢٤) پۆسۆنى، ت . ستيفان (Possony, T. Stefan)، "پشێوى نێوان ڕووسيا و چين"، پۆليتيش ستوديان ( Politische Studien)، ژمارە ١٩٦، ئەپريلّى ١٩٧١، مينشن (München)، ل ١٧٢، بڕوانە

ڕێکەوتننامەکەی خوارەوە.

(٢٥) پاترسن، ل٧٩-٧٨، جاکسن، ل٦٩، دەیڤیدسن – هوستن، ل ١٤٦-١٤٥.

(٢٦) ئیبید، ل٧٨.

(٢٧) ئیبید، ل٧٩.

(٢٨) بڕوانە تێبینی سەرەوە، ژمارە (٥)ی چاپتەری یەکەم.

(٢٩) بێرتن، ل١٣٨، جاکسن، ل٩٦-٩٥.

(٣٠) دەقی پەیماننامەکە لە کەڕێنت باکگراونددا بڵاو کراوەتەوە، ژمارە ٧٠٧، ٩ی ئەپریڵی ١٩٦٣، بڕوانە تێبینی ژمارە (٣٧)ی سەرەوە.

(٣١) جاکسن، ل ١٣٠.

(٣٢) بڕوانە چاپتەری یەکەم.

(٣٣) بۆ نمونە، دۆکیومێنتی ژمارە (٢)، دۆکیومێنتی ژمارە (٧٤)، لێدوانەکانی دیکەی سەرکردە چینێکان.

(٣٤) بێرتن، ل ١٤٠.

(٣٥) گریڤز، ل ٥٤.

(٣٦) بڕوانە چاپتەری دوەم، بەشی سێیەم، دەیڤیدسن – هوستن، ل٧٥.

(٣٧) گریڤز، ل ٥٤.

(٣٨) جاکسن، ل ٥٥، پاترسن، ل٤٨، باتسن، ل ٤٥، دەیڤیدسن – هوستن، ل١٠٧.

(٣٩) واتسن، ل ٤٥.

(٤٠) جاکسن، ل ٦١، پاترسن، ل٤٨، واتسن، ل ٤٥، دەیڤیدسن – هوتسن، ل١٤٧.

(٤١) گریڤز، ل ٥٣، جاکسن، ل ٤٩-٤٨، دەیڤیدسن – هوستن، ل٨٢.

(٤٢) س. پ. فیتز جیراڵد (C.P. Fitzgerald)، ل ٦٨٥،

دەڤیدسن – هوستن، ل٨٢.

(٤٣) ئیبید، گریڤز، ل٥٣، جاکسن، ل٤٩، پاترسن، ل٤٢.

(٤٤) بڕوانە درێژەی ڕێکەوتننامەکە لە خوارەوە.

(٤٥) کروجنین و ئۆڵگین، ل٨٢، واتسن، ل٣٨.

(٤٦) ئیبید، ل٨٣، واتسن، ل٤٠.

(٤٧) بیرتن، ل١٤٢، پاترسن، ل٥٠.

(٤٨) ئیبید، پاترسن، ل٥١، جاکسن، ل٦٦-٦٥.

(٤٩) ئیبید.

(٥٠) ئیبید.

(٥١) ئیبید.

(٥٢) پۆرنتن، ل٢٦١.

(٥٣) بێرتن، ل١٤٢.

(٥٤) پاترسن، ل ٧.

(٥٥) بێرتن، ل١٤٣.

(٥٦) ئیبید.

(٥٧) پێکدادان لە سەر سنوورەکانی سینکیانگ لە ١٩٦٩، ١٩٦٧,١٩٦٣,١٩٦٢دا ڕووی داوە.

# بەشی سێیەم

# ئەو پەیماننامە و ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتیانەی کە پێوەندییە سنوورییەکان

# ڕێک دەخەن:[1]

لە سـەدەی حەڤەیەمـدا، هەر لەو سـەردەمەی، کە ڕووسـیا دەستی کرد بە فراوانخوازی بەرەو پێدەشتەکانی سیبریاو ئاسیای ناوەنـد، سـنوورەکانی نێـوان چـین و ڕووسـیا بـوونە جـێگە و سەرچاوەی ململانێ و پێکدادانی نێوان ئەم دوو وڵاتە.

ئەو سنوورانە بە شـێوەیەکی باش و جێگیـر دیـاری نەکـراون، هەر بـۆیە، هەر کاتێـک چـین لاواز ببـوایە، ناچـاردەبوو، لە ژێـر فشـاری هێـزە دەرەکییەکانـدا، ڕازیبێـت هەنـدێک گۆڕانکـاریی لە سنوورەکانیدا بکرێت، بەڵام هەرگیز دەستبەرداری ئەو ناوچانەی نەدەبـوو، هەر کە دەکەوتەوە سـەرپێی خـۆی، داوای نـاوچە لە دەستچووەکانی دەکردەوە، یاخود بە زۆر دەیسەندنەوە. لە سەدەی بیستەمیشـدا هەمانشـێوازی پەیـڕەو دەکـرد، بە ڕژێـمە نەتەوەیـی و کۆمۆنیستییەکانیشەوە.

چەنـدین ڕێککەوتننـامەی نێـودەوڵەتی لە بـارەی سـنوورەکانی سـینۆ - سـۆڤیەتییەوە ئیمزاکـراون، کە هەنـدێکیان بـوونەتە سـەرچاوەی پشـێوی، مشـتومڕ، پێکدادان و لێکدانەوەی جیاواز، لە لایەن هەر دوولاوە. بـۆیە بە باشـمان زانـی، لە هەر ڕێککەوتننامەیەک کورتەیەک باس بکەین:

١. پەیماننامەی نێرچینسک (Nerchinsk)، ئۆگەستی (١٦٨٩):

ئەمە بە یەکەم ڕێککەوتننـامە دادەنرێـت لە نێـوان چـین و ڕووسـیادا. یەکەم ڕێککەوتننـامەی هاوشێوەشـە لە نێـوان چـین و حکـوومەتێکی ئەورووپیـدا. ئەم ڕێککەوتننـامەیە، کە بە

(ڕێککەوتننـــامەی نیپچـــو – Nipchu)ش ناسـراوە، سـنوورەکان دەستنیشـاندەکات و دان بەوەدا دەنێت، کە چین خـاوەنی زۆربەی ئەو زەوییـــانەیە، کە دەکەونە بـــاکووری ڕووبـــاری ئـــامورەوە. هەروەهـا، تێیدا هـاتوە، کە نابێت کەشـتییەکانی ڕووسـیا بەو ڕێگە ئـاوییەدا هاموشـۆبکەن. هـێڵە سـنوورییەکە لە ڕووبـاری ئـارگون (Argun)ەوە دەسـت پـێ دەکـات، بەدرێژایـی ڕووبـاری ئـامور دەڕوات، تادەگـاتە نـاوچەی کەربەچـی (Kerbechi)، لەوێـوە بـۆ چیاکـانی سـتانۆڤۆی، دوای ئەویـش بـۆ نزماییەکـانی باشـوور، کە لەوێـوە دەبـن بە هـی چـین. هەروەهـا دان بە خـاڵکە (Kalka)، لە (خـۆرهەڵات)ی مەنگۆلیـا، لەگەڵ نـاوچەی کـاڵموک (Kalmuk)دا دەنێـت، کە دەکەوێـتە بـاکووری سـینکیانگەوە، بەوەی کە دەکەونە ژێر دەسەڵاتی چینەوە.

ئەو سنوورەی دەکەوێتە دۆڵی ئود (Ud Valley)ەوە، بڕیاری لە سـەر نەدراو، هەروا بە نـاوچەیەکی هـاوبەش مـایەوە. هەرچـی بـــنکەی ڕووســـەکان هەیە لە ئـــاموردا، بەو بنکەیەشـــەوە کە لە ئەلبازین (Albazin) بوو، وێرانکران، ڕێگەنەدرا هیچ نیشتەجێیەکی ڕووســـی لەو ناوچـــانەی مەنشـــوریادا، کە دەکەوێـــتە ئەوبەر ڕووبارەکەوە، نیشتەجێ ببێت. ئەوانەشـی کە هەبوون، دەبوو یان چـــۆڵی بـــکەن، یـــاخود بـــبن بە هاونیشـــتمانیی چینـــی. لەم ڕێککەوتننـامەیەدا، چینییەکـان بە گشـتی دەسـتبەرداری (٣٩,٠٠٠) میلی چوارگۆشە بوون بۆ ڕووسەکان.

٢. ڕێککەوتننامەی ڕووسی – چینی لە پەکین، ئەپرەڵی (١٧٢٧):

بە پێی ئەم ڕێککەوتننامەیە، ئەو بەشـەی سنوور، کە دەکەوێتە ئەوپەڕی باکووری خۆرهەڵاتەوە، هەر لە کەنداوی ئود (Bay of Ud)ەوە

تـا شـاخەكانی سـتانۆڤۆی (Stanovoi)، دیـاری نەكـران، لەبەر ئەوەی زانیـاری تۆپـۆگرافی پێویسـت لە بەردەسـتدا نەبـوو، بەڵام جێگەكـانی دیـكە، بڕیـاردرا سـنوورەكانیان، بە هـۆی لیژنەیەكـی هاوبەشـی ڕووسـی - چینیـیەوە، بەوشـێوەیە بچەسـپێنرێت كە لە ساڵی (١٦٨٩)ەوە دانراوە.

٣. پەیماننامەی كیاختا (Kiakhta)، ئۆكتۆبەری (١٧٢٧):

ئەمە پێشی دەوترێت ڕێككەوتننـامەی بورینسكی (Burinsky). بە هۆی ئەم ڕێككەوتننامەیەوە سنووری نێوان مەنگۆلیا و سـیبریا دیـاریكرا، هەر لە ڕووبـاری ئـارگون (Argun)ەوە، لە خـۆرهەڵات، بەرەو خۆرئاوا، بەو ڕێگەیەدا كە لە چیای سایان (Sayan)دایە، تـا دەگات بە ساپینتاباخا (Sapintabakha) یاخود (شـابان - دابەگ) (Shaban – Dabeg)، كە لە هەمـان شـاخدایە. لیـژنەكە دوودڵ بوون سەبارەت بە سـنووری ئوریانغـای (Urianghay)، یـان توڤـا (Tuva)، دواییش ئەمە بوو بە بیانوو بۆ ڕووسەكان، تا بە هـۆیەوە داوای ئەو ناوچانە بكەن. بە پێی ئەو وەفدە بێت كە ڕووس نـاردی بـۆ كیاختـا "... ئەو سـنوورانەی كە تـازە دەستنیشـانكراون، زۆر لە بەرژەوەنـدی ڕووسـیادایە و... لە ڕاسـتیدا زەوییەكـانی ڕووسـیا چەندین ڕۆژەڕێ (day march) درێژكراونەتەوە بۆ ناو مەنگۆلیا، بگرە لە هەندێك جێدا، چەندین (هەفتەڕێ)ش". لەم ڕێككەوتننامەیە دا، چینییەكـان نـزیكەی (٤٠,٠٠٠) میلـی چوارگۆشـە زەوییـان لە دەستدا، لە نێوان ئیرتیشی باڵ (Upper Irtysh)و شـاخی سـایاندا. هەروەهـا لە باشـوور و باشـووری خۆرئـاوای دەریـاچەی بایكـاڵ (Lake Baykal)یش، بەڵام سنوورەكانی خۆرئاوای كەنداوی ئود، هەر بە دیارینەكراوی مانەوە.

٤. پەیماننامەی تەواوکەری ڕێککەوتننامەی کیاختا، ئۆکتۆبەری (١٧٦٨):

بە هۆی ئەم پەیماننامەیەوە کۆنترۆڵی سنووربەزاندنەکان کرا، هەندێک گۆڕانکارییش لە شوێن و جێگەی بنکە سنوورییەکاندا کرا.

٥. پەیماننامەی ئایگون (Aigun)، مەی (١٨٥٨):

لەو کاتەدا کە چین لە جەنگدا بوو لەگەڵ بەریتانیای مەزندا، خەریکی گفتوگۆکردن بوو لە سەر ڕێککەوتننامەی تیانتسین (Tientsin)، لە هەمانکاتیشدا گیریخواردبوو بەدەست یاخیبوونەکەی تایپینگ (Taiping)ەوە، ڕووسەکان فرسەتیانهێنا، ئەم ڕێککەوتننامەیەیان پێ ئیمزا کرد. بە پێی ئەم ڕێککەوتننامەیە، چین دەستبەرداری ئەو زەوییانە دەبێت، کە دەکەونە خۆرئاوا و باکووری ڕووباری ئامورەوە، شۆڕ دەبنەوە بەرەو ئوسوری. ئەو زەوییانەش، کە دەکەونە خۆرهەڵاتی ڕووباری ئامور و ئوسورییەوە، دوو قۆڵی بەڕێوەی دەبەن. چین دەسەڵاتی دەبێت بە سەر ئەو (٦٤) کۆمەڵگە نیشتەجێیە چینییەدا، کە لە هەرێمی باڵ (Upper Region)دا هەن. بەڕازیبوونی چین بەو ڕێککەوتننامەیە، ڕووسیا (١٨٥,٠٠٠) میلی چوارگۆشە زەوی بە دەست دەهێنا. کەچی هەمان خاڵە سەرەکییەکانی ئەو ڕێککەوتننامەیە، پاش دوو ساڵ و لە ڕێککەوتننامەی پەکیندا، دووپاتکرانەوە.

٦. پەیماننامەی تیانتسین (Teintsin)، جونی (١٨٥٨):

ئەم ڕێککەوتننامەیە زیاتر بازرگانی بوو، بەڵام وەفدی ڕووسی بەندێکیان بۆ زیاد کرد، کە مەرجی ئەوەی تێدایە ڕووپێوی ئەو ناوچە سنوورییانە بکرێت، کە هێشتا بڕیاریان لە سەر نەدراوە، لە

ڕێککەوتننامەکەی ئایگوندا ئاماژەیان پێنەکراوە.

٧. پەیماننامەی پەکین، (١٨٦٠):

ئەم ڕێککەوتننامەیە لەوکاتەدا ئیمزاکرا، کە چین کەوتبوە ژێر فشـــارێکی زۆری بەریتانیـــای مەزن و فەرەنســـاوە. بە پێـــی ئەم ڕێککەوتننـــامەیە جـــگە لەوەی، کە جەخـــت لە بەنـــدەکانی ڕێککەوتننامەی ئایگون کرایەوە، هەموو ئەو زەویانەش کە دەکەونە خۆرهەڵاتی ئوسـوریيەوە (واتـا هەرێمـی ماریتـایم)، تـا دەگـات بە ئۆقیانوسی ئارام، سەرەوژێر بەرەو سنوورەکانی کۆریا، هەمووی بە جـێ هێڵـران بـۆ ڕووسـیا. لیـژنەیەکیش لە لایەن هەر دوو حکوومەتی چین و ڕووسیياوە دەستنیشان کرا، بۆ ڕووپێووکردن و نەخشەکێشانی ئەو سنوورانە. ئەو ناوچەیە نزیکەی (١٣٣,٠٠٠) میللی چوارگۆشە دەبوو. جگەلەمانەش، ئەو هـێڵەی کە پێی دەوتـرا هێڵی تەیمانکراوی کازاخەکان (Kazakh picket line)، کە چین دروستی کردبوو بۆ بەرگرتن لە سنووربەزاندنی کازاخییەکان لە کـاتی ئـاژەڵ لەوەڕاندنیانـدا، کە لە (شـابان – دابەگ)ی مەنگۆلیـاوە درێـــژدەبێتەوە بەرەو خۆرئـــاوا، بەدرێژایـــی هێڵـــی ســـنووریی لەوەڕگاکـــانی کۆکانـــد (Kokand)، لە نـــاوچەی ســـینکیانگدا، سنوورێک دروست دەکات لە نێوان ڕووسیاو چیندا. لە مەشیاندا ڕووسـیا (٣٥٠,٠٠٠) میلـی چوارگۆشـە زەوی دیـکەی بەدەسـتهێنا، هەر خێـرا لیـژنە دروسـتکرا بـۆ ڕووپێـوکردن و نەخشەکێشـانی سنوورەکە.

٨. پەیماننـــامەی تارباگاتـــای (Tarbagatai)، چوگوچـــاک (Chuguchak)، ئۆکتۆبەری (١٨٦٤):

ئەم ڕێککەوتننامەیە تایبەت بوو بە سنووری نێوان سینکیانگو تورکمانستانی ڕووسیاوە، بەڵام هەر لێرەشدابوو، کە سنوورەکانی

مەنگۆلیـــای دەرەوەی ســـەر بە ڕووســـیا، وردتـــر دیـــاریکران. سنوورەکانی سینکیانگیش، بە درێژایی ئەو هێڵە چەسپاوەی کە لە ســـاڵی (١٨٦٠)دا لە پەکـــین لە ســـەری ڕێکەوتبـــوون، کە لە بەرژەوەنـدی ڕووسـیا بـوو، دیـاریکران. ئەگەرچـی، دوای شـەش سـاڵ، کە ئەم سـنووره ڕووپێـوو کـراو چەسـپێنرا، ڕووسـەکان لە هەندێک شـوێندا زیاتر لەوەی کە لە سـەری ڕێککەوتبوون چوونە ناوەوە، لە لای باشوورەوە نزیکەی (٢٠) میلێک لە هێڵە سـنوورێکە زیـاتر چـوونە نـاوەوە. بەم شـێوەیەش، ڕووسـەکان، زەوییەکـی زۆریـــان بەدەســـتهێنا، ئەگەرچـــی قەبـــارەی گشـــتیی بە تەواوی نەزانراوە.

٩). پەیماننامەی ئولیاسوتای (Uliassutai، 1870):

ئەم ڕێککەوتننـامەیە، زیـاتر سـەبارەت بە سـنوورەکانی نێـوان سیبریاو مەنگۆلیای دەرەوە بوو. ئەم ڕێککەوتننامەیە بەلای خەڵکی مەنگۆلیـــاوە گرینگبـــوو، چـــونکە نـــاوچەی توڤـــا (ئوریانگـــای) (Urianghai) بە بەشێک لە مەنگۆلیا لە قەڵەم دەدات. ئەمەش ئەو ڕاسـتییەیە کە وەزیـری دەرەوەی حکـوومەتی تـزاری، لە سـاڵی (١٩١١)دا، ددانییپێـدانا، بەڵام دواتـر حکـوومەتی سـۆڤیەتی لێـی پەشیمان بوەوە.

١٠. پەیماننامەی لیڤادیا (Livadia)، جولای (١٨٧٩):

لە ئەنجـامی یـاخیبوونی بەردەوامـی موسـوڵمانەکان لە دژی چین، ڕووسیا، لە ساڵی (١٨٧٠)دا، ناوچەکانی دۆڵی ڕووباری ئیلی (Ili)، بە بیانووی گێڕانەوەی هێمنیو ئارامی، داگیرکرد. چینییەکان نەیـانتوانی ڕووســەکان وەدەرنێـنەوە، بـۆیە لە سـاڵی (١٨٧٩)دا ڕێککەوتننامەیەکیـان لەگەڵیانـدا ئیمزاکـرد، کە بە هـۆیەوە چـین

دەستبەرداری دۆڵی تێکیس (Tekes)و ڕێگە ستراتیجییەکانی نێو شاخەکانی تیێن - شان (Tien – Shan) لە سینکیانگ بوو، بەو مەرجەی لە بەرامبەردا، ڕووس لە ناوچەی ئیلی بکشێتەوە. نوێنەرەکەی چین ڕێککەوتننامەکەی ئیمزا کرد، بەڵام دوایی حکوومەتی چینی ڕازینەبوو بڕیاری لە سەر بدات.

١١. پەیماننامەی ئیلی (Ili)، یاخود سان پیتەرسبۆرگ ( St. Petersburg)، فەبریوەری (١٨٨١):

ئینگلیز (بەریتانیای مەزن) لە پێشڕەویی ڕووسەکان بەرەو ئاسیای نێوەند (Central Asia)، سڵەمییەوە، کەوتە پشتگیری کردنی چینییەکان، بەم شێوەیەش ڕووس ناچارکرا لە ناوچەی ئیلی بکشێتەوە. لە دوای ئەمە، چین کەوتە گفتوگۆ بۆ داڕشتنی ڕێککەوتننامەیەکی پوختەکراو، کە بتوانێت بە هۆیەوە بەشی سەرەوەی دۆڵی ئیلی (دۆڵی تاکیس و ڕێڕەوەکانی تیێن - شان) بگێڕێتەوە ژێر دەسەڵاتی خۆی، بەڵام دەبوو دەست لە بەشی خوارووی هەڵگرێت، (کە ناوچەکانی خۆرئاوای ڕووباری هۆلکوت (Holkut River) دەگرێتەوە، کە خێڵە نەیارە - چینییەکانی لێ نیشتەجێن). هەروەها (خەرجی داگیرکردنەکە)ش بگەڕێنێتەوە بۆ ڕووسیا. ڕێککەوتننامەکە داواشیکرد، کە جارێکی تر سنوورەکانی سینکیانگ دیاری بکرێنەوە، "ئەو هێڵە سنوورییەی کە دەکەوێتە خۆرهەڵاتی دەریاچەی زایسان (Lake Zaysan)و خۆرئاوای کاشگار (Kashgar)، وەک ئەوەی کە لە ڕێککەوتننامەکەی تاربەگەتای (Tarbagatai)دا دیاریکراوە".

بە هۆی ئەم کەینوبەینانەوە، ڕووسیا لە چوارساڵی دواتردا (١٥,٠٠٠) میلی چوارگۆشەی دیکەی، لە ناوچە چینییەکان قازانج کرد.

١٢. پەیماننامەی ئەنگلۆ - ڕووسی (ڕێککەوتننامەی لەندەن)، مارتی (١٨٩٥):

ئەم ڕێککەوتننامەیە تایبەت بوو بە ناوچەی شاخی پامیرز (Pamirs). لە ساڵی (١٨٩١)دا، ڕووسیا خۆرهەڵاتی پامیرزی داگیر کرد. بەریتانیاش، لە ترسی ئەم پێشڕەوییەی ڕووسیا، هاتە ناوچەکەوە. لە ئەنجامدا، ئەڤغانستان لە خۆرئاواوە، بوە لەمپەر لە نێوان ڕووسیا و هیندی بەریتانیدا. ئا لەوکاتەدا بوو ئەو سنوورەی کە ئێستا دەکەوێتە نێوان تبتی چینی و بۆرمای هیندییەوە، کێشراو ڕەزامەندیی لە سەر وەرگیرا. ئەو سنوورەش دروستکرا، کە بە شاخی پامیرزدا دەڕوات. چین ڕازینەبوو بەشداری لە گفتوگۆکاندا بکات، هەر وەک چۆن، بە ڕێککەوتننامەکەش ڕازینەبوو، ئیمزاشی لە سەر نەکرد.

١٣. پەیماننامەی تسیتیشار (Tsitishar)، دیسەمبەری (١٩١١):

ئەم ڕێککەوتننامە سنوورییەی نێوان ڕووسیاو چین، سنوورەکانی لە تەربەگەداغ (Tarbaga Dagh)ەوە ، تا ئاباهایتو (Abahaitu) داڕشتەوە، هەروەها لە ڕووباری ئارگونەوە تا ئەو شوێنەی، کە لەگەڵ ڕووباری ئاموردا پێک دەگەن. هەر بە پێی ئەم ڕێککەوتننامەیە، لیژنەیەک پێکهێنرا بۆ دیاریکردن و چەسپاندنی سنوورە نێودەوڵەتییەکەیان، بە شێوەیەکی ورد. سنوورەکانی ئەو بەشە، لە بنەڕەتدا بە پێی ڕێککەوتننامەی کیاختا دیاریکرابوون، بەڵام لە ڕێککەوتننامەکەی ساڵی (١٩١١)دا، ڕووسەکان بە درێژایی (٦٠) میل سنوور لەگەڵ چیندا، کە زۆربەی کات بە درێژایی بەشی باشووری کەناڵی ئارگون دەڕوات، پێنج میل هاتنە ناوەوە. تەنانەت

سوودیان له جێگۆڕکێکانی کەناڵەکەش وەرگرت، بۆ زیادکردنی (٤٠–٥٠) میلێکی دیکەش.

نه حکوومەتە کۆمارییەکەی چین، نه ڕژێمە کۆمۆنیستییەکەشی، هیچ کامیان، دانیان بەم ڕێککەوتننامەیەدا نەنا.

١٤. پەیماننامەی سێقۆڵی ڕووسی - چینی - مەنگۆلی، جونی (١٩١٥):

له ساڵی (١٩١١)دا، مەنگۆلیا سەربەخۆیی خۆی له چین ڕاگەیاند، بەڵام له ژێر فشاری ڕووسیادا، ڕازیبوون به ئۆتۆنۆمی و باڵادەستییەکی ڕەمزیی چینییەکان. ئەم ڕێککەوتننامەیە بوو بەو بنەمایەی که به هۆیەوە سنوورەکانی نێوان سیبریا و مەنگۆلیای دەرەوە، هەروەها نێوان مەنگۆلیای ناوەوە و مەنگۆلیای دەرەوەی له سەر دیاری بکرێت. مەنگۆلەکانی ئاڵتای، که دەکەونە ئەوپەڕی خۆرئاوای مەنگۆلیای دەرەوە، هەر به ئەمەکی مانەوە بۆ چین، ئەوەبوو له ساڵی (١٩١٩)دا خرانەوە سەر سینکیانگ. دیاریکردنی سنوورەکانی نێوان چین و مەنگۆلیای دەرەوە، له لایەن لیژنەیەکی سێقۆڵیی چین - ڕووس - مەنگۆلیی دەرەوەیی دەبێت.

١٥. ڕاگەیاندنەکەی کاراخان (Karakhan)، سێپتەمبەری (١٩٢٠):

له (٢٧ی سێپتەمبەری ١٩٢٠)دا، حکوومەتە نوێیەکەی سۆڤیەت ڕایگەیاند: که "هەموو ئەو ڕێککەوتننامانەی، که له نێوان چین و حکوومەتی ڕووسی پێشوودا مۆرکراون، هەمووی بەتاڵن، بەم شێوەیەش حکوومەت دەستبەرداری هەموو ناوچە چینییەکان دەبێت، هەر چی مافێکی ڕووسیش هەیە له چیندا، هەر هەمووی،

بێ بەرامبەر، بۆ هەتاهەتایە، دەگێڕدرێتەوە بۆ چین، بە هەموو ئەو شتانەشەوە، کە بە زۆرەملێ لێی زەوتکراون، یان دەستییان بە سەردا گیراوە، چ لە لایەن حکوومەتی تزارییەوە بووبێت، یان لە لایەن بۆرژوا ڕووسییەکانەوە".

١٦. ڕێککەوتننامەی دروستکردنی پێوەندی دۆستانە لە نێوان ڕووسیاو مەنگۆلیای دەرەوەدا، نۆڤەمبەری (١٩٢١):

به پێی ئەم ڕێککەوتننامەیە، سنوورەکانی نێوان ڕووسیاو مەنگۆلیای دەرەوە، لە لایەن لیژنەیەکی تایبەتەوە دیاری دەکرێت، هەر دوو حکوومەتی ڕووسیا و مەنگۆلیا بڕیاری لە سەر دەدەن. ئەگەر چی هەرێمی باکووری خۆرئاوای مەنگۆلیا، تانو توڤا (ئوریانغای - Urianghai)، مەنگۆلیا بە بەشێک لە ناوچەکانی خۆی دەزانی، بەڵام سۆڤیەتییەکان دانیان پێدا نەدەنا.

١٧. ڕێککەوتننامەی پەسەندکردنی بنەما سەرەکییەکان بۆ کۆتایی هێنان بە کێشەکانی نێوان کۆماری چین و USSR، مەی (١٩٢٤):

بە پێی ئەم ڕێککەوتننامەیە، هەموو پەیماننامەکانی پێشوتر هەڵدەوەشێتەوە و لە جێگەیاندا هی نوێتر ئیمزا دەکرێن. هەر دوولا پەیمانی ئەوە دەدەن کە سنوورە نێودەوڵەتییەکانیان دیاری بکەنەوە، وەهاش چاوەڕوان دەکرێت کە لەو سنوور دیاریکردنە نوێیەدا، هەر دوولا بچنەوە سەرسنوورە ئاساییەکانی خۆیان. ئەم ڕێککەوتننامەیە باڵادەستی چینیش، بە سەر مەنگۆلیای دەرەوەدا، دووپات دەکاتەوە.

١٨. پەیماننامەی دۆستایەتیی نێوان کۆماری گەلی تانو توڤا،

کۆماری گەلی مەنگۆلیا، ئۆگەستی (١٩٢٦):

ئەمە ئەو ڕێککەوتننامە فەرمییە بوو، کە بە هۆیەوە ڕووسیا دەستی گرت بە سەر ناوچەی ئوریانغای (Urianghai)ی مەنگۆلیدا، بۆ ئەوەی مەنگۆلییەکانیش ڕازی بکات، دەستی لە دارخات (Darkhat) هەڵگرت، کە ناوچەیەکی بچووکی، ڕووتەنی، کەم دانیشتوان بوو، لە خۆرئاوای دەریاچەی خۆبسۆ گۆل (Khobso Gol).

١٩. ڕێککەوتننامەی سنووریی سینۆ - مەنگۆلی، دیسەمبەری (١٩٦٢):

بە پێی ئەم ڕێککەوتننامەیە، سنوورەکانی نێوان (MPR)و (CPR) بە فەرمی چەسپێنران. هیچ وردەکارییەک سەبارەت بەم ڕێککەوتننامەیە نازانرێت. بە هەمان شێوە، سەبارەت بەو پرۆتۆکۆلە سنوورییەش، کە لە مانگی جولای (١٩٦٤)دا ئیمزاکرا.

ئەم ڕێککەوتننامە سنوورییە سینۆ- سۆڤیەتیانە، لە لایەن هەر دوولای چینی و سۆڤیەتیشەوە، جێگەی مشتومڕی بەردەوامبوون. چینییەکان جەختێکی تایبەتیان لە سەر ئەم ڕێککەوتننامانە دەکردەوە، بە (نابەرابەر) لە قەڵەمیان دەدان، مەگەر، تەنها ئەوەی نێرچینسک (Nerchinsk) نەبێت، کە تێیدا لایەنی چینی کەمێک بەهێزتر بوە. ئەمان بەردەوام هەوڵیانداوە لایەنەکەی تر تاوانبار بکەن بەوەی، کە تا دێت زیاتر بەندەکانی ڕێککەوتننامەکان پێشێلدەکەن، بە شێوەیەکی نایاسایی دەستیانگرتوە بە سەر ناوچەکانی چیندا. هەر بۆیە، سەبارەت بە سنوورەکان، داوای دانوستان و گفتوگۆی نوێ دەکەن، کە تێیدا ڕێککەوتننامە کۆنەکان بکرێن بە بنەما.

بەڵام حکـــوومەتی ســـۆڤیەتی، دەڵێـــت کە هەمـــوو ئەو ڕێککەوتننامـانە، لە لای هەر دوو وڵات، بەڵـگەنامەی دەوڵەتـین، تـا ئەمـڕۆش هێـز و توانـای خۆیـان هەیە، هـیچ بەڵـگەنامەیەکیش لە حکـوومەتی سـۆڤیەتیدا، ئەو ڕێککەوتننـامە سـنووریانەی لەگەڵ چیندا، بە نـابەرابەر لە قەڵەم نەداوە، یـاخود گوایە بابەتێک بن بۆ چاوپێداخشـاندنەوە و هەمـوارکردن. هەروەهـا حکـوومەتی یەکێتـی سـۆڤیەت دەڵێـت، کە سـاڵی (١٩١٩)، حکـوومەتی (RSFSR) پێوەندی کرد بە حکوومەتەکانی باکوور و باشـووری چینەوە، ئەو ڕێککەوتننامانەیان دیاریکرد، کە بەلای حکوومەتی سۆڤیەتییەوە بە (نـابەرابەر) لە قەڵەم دەدرێـن. ئەو ڕێککەوتننامـانەش کە پـووچەڵ کـرانەوە، ئەوانە بـوون کە پێوەنـدییان هەبـوو بە باڵادەسـتیو دەسـەڵات لە نـاو خـاکی چیـندا، مـافی زەوتکردنـی نـاوچەی نـوێ، سـنووری دەسـەڵاتی کۆنسـوڵی، مـافی کـانزا دەرهێنـان لە نـاوچە چینییەکانـــدا، بەشـــی ڕووســـیا لەو قەرەبـــووەی، کە دەوڵەتە ئیمپریالیســـتەکان ســـەپاندبوویان بە ســـەر چینـــدا، لە پـــاش دامرکانـدنەوەی (ڕاپەڕیـنەکەی بۆکسـەر – Boxer Rising). ڕووسیای سۆڤیەتی هەموو ئەم ڕێککەوتننامـانەی پوچەڵ کردەوە، بێ گوێدانە ئەوەی کە ئایا ئەمانە لەگەڵ چیندا ئیمزا کراون، یاخود لەگەڵ دەوڵەتـی سـێیەمدا، سـەبارەت بە چـین. هەر بـۆیە، یەکێتـی سۆڤیەت پێـی وایە، هـیچ کێشـەیەکی سـنووریی و نـاوچەیی لەگەڵ چیـندا نەمـاوە، حکـوومەتی (USSR) ئامـادەیە هەنـدێک بەشـی دیـاریکراو لە سـنوورەکانی (چـۆڵ) بکـات، بە پێـی ئەوەی کە لە ڕێککەوتننامەکاندا هاتوە.

## پەراوێزی چاپتەری دوەم/ بەشی سێیەم:

[(١)] زۆربەی زانیارەکـانی ئەم بەشــە پشتدەبەسـتێت بە و. أ. د. جاکسـن (W. A. D Jackson)، دانییێل ئێلیگێرز، هەروەهـا ج. ڤ. دەیڤیدسن – هوستن.

# چاپتەری سێیەم
# لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکاری سەبارەت

# بە پێگەی هەر یەک لە چین‌و سۆڤیەت

بۆ ناساندنی هەر کێشەیەک، پێویستە لایەنەکان دیاری بکرێن، ئامانج و بەرژەوەندییەکانیان هەڵبسەنگێندرێت، نابەرانبەرییەکانیان بخرێنەڕوو.[١]

ئاشکرایە کە لایەنە سەرەکییەکانی ئەم کێشەیە، یەکێتی سۆڤیەت و کۆماری میللی چینە. دیارە ئامانجەکانی چین و سۆڤیەت، لە پرسی سنوورەکانیاندا، وێک ناکەون، هەر ئەمەشە بنەڕەتی کێشەکە. دیارە ئەم وەسفە بۆ کێشەیەکی ئاوها گەورە، گران و دژوار، زۆر سادە و ساکارە، هەر بۆیە وردەکاری و درێژەپێدانی زیاتر، سەبارەت بە پێگەی هەر یەکەیان، بە پێویست دەزانرێت.

## أ) ناکۆکی مێژوویی

### أ - ١/ چینییەکان:[٢]

سەرکردەکانی چین باس لەوە دەکەن، کە دەوڵەتی چین، بە درێژایی زیاتر لە دوو هەزار ساڵ، وەک دەوڵەتێکی فرەنەتەوەیی یەکگرتوو ماوەتەوە، بەدەر لەوەی کە ئایا بنەماڵەیەکی فیوداڵی لە سەر حوکم بوە، یاخود نەتەوەیی. ڕەنگە سنوورەکانی ئەو دەوڵەتە چینییە، بە پێی سەردەمە مێژووییەکان گۆڕانکاری بە سەردا هاتبێت، بەڵام هیچ کاتێک، مەبەست لێی تەنها ئەو ناوچانە نەبوە، کە هان(Han)ەکانی تێدا ژیاون، بەڵکوو بەردەوام سنوورێکی دیار و ئاشکرای هەبوە، تا ئەو کاتەی کە ئیمپریالیستی خۆرئاوا، لە سەدەی نۆزدەیەمدا، هێرشەکانی بۆ سەر چین دەستی پێ کرد.

ئەو ناوچـانەی کە ئێسـتا جێـی نـاکۆکین، لە خۆرئـاواو بـاکووری خۆرهەڵاتی چیندا، بەدرێژایی زیاتر لە دوو هەزار ساڵ، بەشێکی دانەبڕاوی چین بوون، بە بەردەوامیش هەر لە ژێر دەسەڵاتی چیندا بـوون، تـا ئەو کـاتەی، کە لە ناوەڕاسـتی سـەدەی نۆزدەیەمـدا، بە هۆی هێرشی دوژمنکارانەی ئیمپریالیسی ڕووسیای قەیسەرییەوە، لە کـاتی بێهێـزیو لاوازی چینـدا، بە زۆر لێـی زەوتکـراو، لێـی جیـا کراوەتەوە.

هەروەها چینییەکان دەڵێن، ئەوە شتێکی ئاسایی و بەجێیە، کە دەوڵەتە تازە سەربەخۆبوەکانی (وەک چین)، داوای ناوچەو زەوییە کۆنەکانیـان بـکەنەوە، چـونکە یەکێتـی سـۆڤیەت، کـۆمەڵێکی زۆر زەوی و نـاوچەی دیکەی دەوڵەتـانی زەوتکـردوە، کە لە سـەردەمی قەیسەردا دەستیان بەسەردا گیراوە. بە تـایبەتیش هـی چـین، کە بە هۆی سنوور دیاریکردنی ناعادیلانە، پێشێلکردنی ڕێککەوتننامەکانی نێوان هەر دوو وڵاتەوە، بەدەستیهێناون.

**أ – ٢/ سۆڤیەت:**[٣]

یەکێتـی سـۆڤیەت دەڵێـت، ئەو ناوچـانەی کە جێنـاکۆکین، هـیچ کـات بەشـێک نەبـوون لە خـاکی چـین. ئەوان دەڵـێن، ئەو ناوچـانە، بریتین لەو ناوچە بیابان و نیمچە بیابانە فراوانەی کەم دانیشتوانی تایگا (Taiga)کانی[٤] باکووری خۆرهەڵات، کە کەس تێیاندا نـاژی، یاخود ئەو ناوچانەی خۆرئـاوان، کە خەڵکی نا – چینی و خێڵەکی تێدا نیشتەجێن، یـاخود ئەوەتـا دەوڵەتـی سـەربەخۆی نـا-چینـین، دەکەونە ئەو دوو نـــاوچەیەی پێشـــوەوە، کە مەگەر چۆنهـــا و بە دەگمەن، باج و خەراجیشیان دابێت بە ئیمپراتۆرەکانی چین، یـاخود بەزۆر خرابنە سەر ئیمپراتۆریەتی چینی.

ئەمـــانە، لەکـــاتی خۆیـــدا، لەکـــاتی ڕووبەڕووبـــوونەوە و

فراوانخوازییەکانی هەر دوو وڵاتدا، یان چین لکاندونی بەخۆیەوە، یـــان ڕووســـیا. ئەم جـــۆرە دەستبەســـەرداگرتنە مێـــژووییەش، (ســەرکردەکانی سـۆڤیەت دەڵـێن)، مـافی مڵکـداریێتی ئەو ناوچـانە نادەن، نەمافیش دەدەن بە چین، کە داوای ئەو ناوچانە بکاتەوە، کە لە ڕووی مێژووییەوە هی خۆی نین.

بە پێی ئەو شتەی کە پێی دەوترێت (پەرەسەندنی مێژوویی) سنوورەکان، بە درێژایی هێڵی ڕاستەقینەی دابەشبوونی دانیشتوان و خەڵکی هەر یەک لەو دوو وڵاتە، بە پێی سنوورە سروشتییەکان بێت، ئەم ناوچـانە ئێسـتا بەشـێکی دانەبڕاون لە یەکێتی سـۆڤیەت. ئەم پەرەســەندنە مێــژووییەی ســنوورەکان، لە ســەردەمەکانی بە کۆلۆنیـالیکردنو نیشـتەجێبوونی ڕووسـەکان، بەدرێژایـی زیـاتر لە سـەد سـاڵ، لەم ناوچـانەدا، شـتێکی ئاسـاییە، پاشـانیش ئەمـانە بە هەوڵو قوربانیدانێکی زۆر، لەدوای شۆڕشەکەی ئۆکتۆبەری ساڵی (١٩١٧)ی ڕووسیا، سەربەخۆبوون و هـاتنە پاڵ یەکێتی سۆڤیەت. بەکـورتی، دەکرێـت هەڵوێسـتی سۆڤیەت لەم چەنـد دێـڕەدا کـورت بکەینەوە: "یەکێتی سۆڤیەت چیدی ناتوانێت دان بەخۆیدا بگرێت بەرامبەر بە داواکردنی زەوی و زارێک، کە زۆر لەمێژە و چەندین نەوەیە لە سەری دەژین، کاری تێدا دەکەن، بە خـاکی خۆیان، باب و باپیرانیانی دەزانن."(٥)

لەوەش زیـاتر، یەکێتـی سـۆڤیەت ڕوونـی کـردەوە، کە هەمـوو نەتەوەیەک بۆی هەیە شوێنەوار و پاشماوەی سیستمی کۆلۆنیالی بسڕێتەوە، ئەو ناوچانەش بگێڕێتەوە کە خەڵکی هـاونەتەوەی خۆی تێدایە و ئیمپریالیسـت داگیـری کـردوون، بـۆ نمـوونە وەک گـۆوا (Goa) بۆ هیند، ئیریانی خۆرئاوا (West Irian) بۆ ئەندەنوسیا. چینیش، بە هەمـان شـێوە، بۆی هەیە تـایوان، هۆنگ کۆنگ، مەکاو

(Macao)، کە بەشـێکن لە وڵاتەکەی و زۆربەی دانیشـتوانەکانی چینین، ئازاد بکات، بیانگەڕێنێتەوە سەرخۆی، بەڵام ئەو ناوچانەی سۆڤیەت، کە چین داوایان دەکاتەوە، بەوشێوەیە نین.

### ب) کێشەی یاسایی

### ب – ١/ چینییەکان:[٦]

چینییەکان پرسە یاساییەکەیان لە سەر ئەوە بنیادنابوو، کە ئەو کاتەی حکوومەتی چینی، لە سەدەی نۆزدەیەمدا، بێهێز بوە، نیمچە کۆلۆنیال بوە، چەند ڕێککەوتننامەیەکی بە سەردا سەپێنراوە، کە دان بە لکاندنی چەند ناوچەیەکی چیندا دەنێت، بە ڕووسیای قەیسەرییەوە. هەر لەبەر ئەوە، ئەو ڕێککەوتننامانە بە (نابەرابەر) و بەتاڵ لە قەڵەم دەدات. بە تایبەتیش ئەوانەی، کە هیچ حکوومەتێکی چینی، بە (ڕەواو یەکسان) لە قەڵەمی نەداون، ددانی پێدانەناون، بەردەوام داوای دووبارە گفتوگۆ لە سەرکردن و داڕشتنەوەی کردوون. کۆماری میللی چین، وەک میراتگری ئەو حکوومەتانە، وەک ئەو حکوومەتەی، کە چینی ئازادکرد و یەکیخست، ئەرکی سەرشانێتی کە داوای دووبارە دانوستان و گفتوگۆی نوێ بکاتەوە، بۆ یەکلاییکردنەوەی پرسی سنوورەکانی.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، هیچ کات چینییەکان ئەم ڕێککەوتننامانەیان بە نایاسایی لە قەڵەم نەداوە، پشتگوێیان نەخستوون، بەڵکوو بە پێچەوانەوە، بەردەوام پێشنیاری ئەوەیان کردوە، کە چارەسەری کێشە سنوورییەکان، لە سەر بنەمای ئەو ڕێککەوتننامانە بکرێت. ئەوان بۆیە ئەو ڕێککەوتننامانە بە بەتاڵ دەزانن، چونکە ئێستا بارودۆخەکە گۆڕاوە، بە پێی ئەوەی کە چی

پەسەندە لە یاسای نێودەوڵەتیدا (*)وەک (7)(Rebus Sic Standibus.

(*) (Rebus Sic Standibus): ئەمە دەستەواژەیەکی لاتینییە، بە مانای (بە پێی بارودۆخ)، کە لە ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتییەکاندا بە کار دەهێنرێت بۆ خۆدزینەوە لە پەیڕەوکردنی بەندێکی یاسایی، یاخود ڕێکەوتننامەیەکی ڕەسمی نێوان دوو دەوڵەت، بە بیانووی گۆڕانی ئەو بارودۆخەی کە کاتی خۆی ڕێکەوتنامەکەی تێدا ئیمزا کراوە. (وەرگێڕ).

---

پاشان حکوومەتی چین زیاتر کێشە یاساییەکە بەرەوپێش دەبات، دەڵێت کە یەکەم حکوومەتی سۆڤیەتی، بە ڕابەرایەتی لینین، دانی بەوەدا ناوە کە ئەم پەیماننامانە (نابەرابەرن)، بە بەتاڵ لە قەڵەمی داون، بەڵام بارودۆخە مێژووییەکە بواری نەدا هێڵە سنوورییەکان لە سەر بنەمایەکی نوێ، بە پێی ڕێککەوتننامەیەکی نوێ، دابڕێژرێنەوە، یاخود سود لەو (دۆخی ئێستا – Status Quo)یە وەربگیرین، کە لە بەندەکانی ڕێککەوتننامەکەی (بنەما سەرەکییەکان)ی ساڵی (١٩٢٤)ی نێوان هەر دوو لادا هاتوە.[٨]

دیارە کە کێشەیەکی ناوچەیی لە نێوان یەکێتی سۆڤیەتو چیندا هەیە. بە پێی بۆچوونی چینییەکان بێت، کێشەکە تەنها لەوەدا نییە، کە ڕووسیای قەیسەری زیاد لە یەک ملیۆن و نیو کیلۆمەتری چوارگۆشە زەویی ئەمانی، لە ڕێگەی پەیماننامە نابەرابەرەکانەوە، بۆ خۆی زەوت کردوە. بەڵکوو کێشەکە لەوەدایە، کە لە سەروو ئەمەشەوە، ڕووسیا بە شێوەیەکی نایاسایی، لە کاتی کێشانو دیاریکردنی سنوورەکاندا، هێشتا ناوچەی زیاتری داوەتە دەم بۆ خۆی، تا ئێستاش، یەکێتی سۆڤیەت دەستی بە سەردا گرتوون، هەوڵیش دەدات، بە درێژایی سنوورەکان، ئەو (دۆخی ئێستا)یەی سنوورەکان پێشێل بکات.

سەبارەت بە سنووری ڕووبارەکانی خۆرهەڵاتی دووریش،

چینییەکان پابەندن بەو بنەمایەوە، کە لە یاسای نێودەوڵەتیدا پێی دەوترێت بنەمای تالڤێگ(Thalweg)[9]، کە دەڵێت: "سنوورە ڕووبارێکان لە قووڵترین شوێنی کەناڵە ڕووبارێکەوە دەستنیشان دەکرێت" یاخود "هێڵی ناوەڕاستی کەناڵە سەرەکییەکە دەبێتە خاڵی سنووری".[١٠] بەم پێودانگەش، زۆربەی دوورگەکانی ناو ڕووبارەکانی ئامور و ئوسوری، دەبن بە هی چین، داگیرکردنیان لە لایەن سۆڤیەتەوە، کارێکی نایاساییە. جگە لەمەش، ئەمان دەڵێن، ئەو نەخشە تەواوکارییانەی ساڵی (١٨٦١)، کە بۆ ڕوونکردنەوە و تەواوکردنی پەیماننامەکەی پەکینی ساڵی (١٨٦٠) کێشراون،[١١] تێیدا سنوورەکانی ئامور و ئوسوری، بە هێڵێکی سوور دەستنیشان کراوە، ڕووسیا یەکلایەنە کێشاویەتی و سەپاندوویەتی بە سەر چیندا. ئەم نەخشەیە ئەوە ناگەیەنێت کە ئەو هێڵە سوورە هیچ شتێکی دیاری کردبێت، بەڵکوو تەنها ئەوە نیشان دەدات، کە ڕووبارەکان بوون بە سنوور، بەڵام بە وردی و ڕوونی دیاری ناکات، کە هێڵە سنوورییەکە دەکەوێتە کوێوە لە ناو ڕووبارەکاندا، چونکە ڕووسیا لە کێشانی ئەو نەخشەیەدا، پشتی بەستوە بە نەخشەیەکی پێوانە بچووک. چینییەکان بەوە داواکەیان دەسەلمێنن، کە چین هەر لە کۆنەوە ئەو دوورگانەی بەکارهێناوە بۆ ڕاوە ماسی، بواری بەرهەمهێنان و پاسەوانی تێدا جێگیر کردوون، بێ ئەوەی کاربەدەستانی سۆڤیەتی هیچ نارەزاییەکیان لە بارەیەوە دەربڕیبێت. هەروەها ئاماژە بەو ڕاستییەش دەکەن، کە وەفدی سۆڤیەتی بۆ گفتوگۆکانی (١٩٦٤)ی تایبەت بە سنوورەکان، دانیان بە خاوەندارێتی چیندا ناوە بۆ زۆربەی ئەو دوورگە جێناکۆکانە.

### ب – ٢/ سۆڤیەت:[١٢]

یەکێتی سۆڤیەت سوورە لە سەر ئەوەی، کە هیچ کێشەیەکی سنووریی لە نێوان چین و (USSR)دا نییە، نە سنووربەزاندن، نە لکاندنی خاکی چینیش، لە لایەن یەکێتی سۆڤیەتەوە، ڕووی نەداوە. هەموو سنوورەکان - لەمسەرەوە بۆ ئەوسەری - زۆر بە ڕوونی و بە وردی، بە هۆی ڕێککەوتننامە، پرۆتۆکۆل و نەخشەوە، دیاریکراون. هەموو ئەو ڕێککەوتننامانەش، بە شێوەی هەر بەڵگەنامەیەکی دیکە، کە سنوورەکانی نێوان یەکێتی سۆڤیەت و چین دیاری دەکات، تا ڕۆژی ئەمڕۆش لە هەر دوو وڵاتدا هێز و توانای بەڵگەنامەی دەوڵەتییان هەیە. ئەم هەڵوێستەی سۆڤیەت، لە یاسای نێودەوڵەتیدا پێی دەوترێت (بەڵێننامە یاسایی ئیمزاکەران - (Pacta Sunt Servanda)[١٣]، (*)

(*) Pacta Sunt Servanda: بە عەرەبی پێی دەڵێن (العقد شريعة المتعاقدين).

کە دەڵێت: "هەموو پەیماننامەیەک بە کارایی دەمێنێتەوە، تا ئەو کاتەی کە لە لایەن ئیمزاکەرانییەوە، بە ڕوون و ئاشکرایی گۆڕانکاریی تێدا دەکرێت".

یەکێتی سۆڤیەت سوورە لە سەر ئەوەی کە هەموو پەیماننامەکانی نێوان هەر دوو وڵات، یەکسانن، تا ئێستا هیچ حکوومەتێکی، نە سۆڤیەتی و نە ڕووسی، هیچ کامێکیانی بە (نابەرابەر) لە قەڵەم نەداوە. ئەو پەیماننامانەی، کە بە ڕاستی نابەرابەر بوون، هەر زوو، یەکەم حکوومەتی سۆڤیەتی، هەڵی وەشاندنەوە.

سەبارەت بەو سنوورانەش کە هاوشانی ڕووبارەکانی ئامور و ئوسورین، یەکێتی سۆڤیەت لاری نییە لە پیادەکردنی بنەمای (تالڤێگ)، بەلاّم ئەگەر ئەوان لەبری ئەوە، داواکارییەکانیان لە سەر ئەو ڕاستییە بنیادبنێن، کە دەوڵەتان، بە پێی یاسای نێودەوڵەتی،

دەتوانن سنوورەکانیان بەوشێوەیە دابڕێژن، کە باشتر دەگونجێت لەگەڵ بارودۆخەکەیانـــدا، ئەویـــش لە ڕێــگەی ڕێککەوتننـــامەی گونجاوەوە، هەر بە شێوەی ئەو سنوورەی نێوان چینو سۆڤیەت، کە شانبەشــانی ڕووبارەکـانی ئـامور و ئوسـوری درێـژدەبێتەوە، لەبـری ئەوەی کە هەر بە ناوەڕاسـتی ڕووبـارەکەدا تێپەڕبێـت، لە هەندێک شوێندا کەنارەکانی لای چین زیاتر دەگرێت. ئەمەش لای حکوومەتی سۆڤیەتی ڕاستییە و پشتگیری لەو هێڵە سوورە دەکات، کە لە نەخشــە تەواوکـارێکەی ڕێککەوتننـــامەی پەکینـــی ســـاڵی (١٨٦١)دا کێشراوە، کە یەک لایەنەش نەبوە، بەڵکوو هەر دوو وڵات ئیمزایان لە سەر کردوە. هەر بەو پێیەش، زۆربەی ئەو دوورگانەی کە جێــی نــاکۆکین، خــاکی ســۆڤیەتین، نەک چینــی. حکــوومەتی سۆڤیەتی دەڵێت، لە واقیعدا، هەر لە کۆنەوە، حکوومەتی چینی، بە پێی هەڵسوکەوتەکانی، دانی بە خاوەندارێتی سۆڤیەتدا ناوە بۆ ئەو دوورگـــانە، بەوەی کە بەردەوام مۆڵەتیـــان لە دەســـەڵاتدارانی سـۆڤیەتی دەخواسـت، لە کـاتی بەکارهێنـانی دوورگەکـان بـۆ ڕاوە ماسی و ئەو جۆرە کارانە. لەوەش زیـاتر، حکوومەتی چینی هیـچ نـاڕەزاییەکی دەرنەبڕی لە سـەر ئەو نەخشـە تۆپۆگرافیـانەی کە لە ســـەرەتای پەنجاکانـــدا یەکێتـــی ســـۆڤیەت پێشکەشـــی کـــردن، کە سنوورەکانی نێوان هەر دوو وڵاتی تێدا دەستنیشانکراون.

### ج) کێشەی ئایدیۆلۆجی

#### ج – ١/ چینییەکان:[١٤]

بیانوی سەرکردە چینییەکان، دەربارەی کێشە سنوورییەکانیان لەگەڵ یەکێتـی سـۆڤیەتدا، دەکرێـت لەم چەنـد دێـڕەی خـوارەوەدا

کورتبکرێتەوە:

"یەکێتــی ســۆڤیەت، لە جیــاتی ئەوەی دانبنێــت بە نــاڕەوایەتی زەوتکردنــی ئەو زەویــانەی چینــدا، کە حکــوومەتی ئیمپریالیســتی تـزاری ڕووسـی، لە کاتێکدا چـین لاوازو نـیمچە کۆلۆنیـال بـوە، لە ڕێـگەی ڕێککەوتننـامەی نـابەرابەرەوە، بە زۆر لێـی زەوتیکـردوون، پاشان ڕازی ببێت لە سـەر ئەوەی کە گفتوگۆی ڕێککەوتننامەیەکی نوێ دەسـت پێ بکات، بۆ یەکلاییکردنەوەی کێشـە سنوورییەکانی لەگەڵ چینی سۆسیالیستیدا، بە شێوەیەکی دۆستانەو دادپەروەرانە، بە لە بەرچاو گرتنی بەرژەوەندی هەر دوولا، کەچی بە شـێوازێکی زۆر شـۆڤێنیانە، بە ڕووحییەتێکـی فراوانخـوازییەوە هەڵسـوکەوت دەکەن. ئەوان نکوڵیـــدەکەن لەوەی، کە حکـــوومەتی ڕووســـیای قەیســـەری سروشـتێکی ئیمپریالیسـتیانەی نوانـدبێت بەرامـبەر بە چین. بە هەمان شێوە، ددانیشنانێن بەنابەرابەری ئەو پەیماننامانەدا، کە سەپێنراون بەسەر چیندا. ئەم هەڵوێستەی سەرانی سۆڤیەت، بە ڕوون و ئاشـکرا، پێچەوانەی بیروباوەڕەکـانی مـارکس، ئەنگڵس و لینین لە سەر ئەو پرسانە.

چینییەکـان زیـاتر لە سـەر ئەم پشتگوێخسـتنەی سۆڤیەتییەکان دەڕۆن، بۆ بنەماکـانی مارکسـیزم - لینینیـزم لەم نـاوچەیەدا، بـاس لەوەدەکەن، بۆ نموونە، یەکێتی سۆڤیەت هەر لە سـاڵی (١٩٦٠)ەوە، بە بەردەوامی بنەماکانی مارکسیزم - لینینیزمیان پشتگوێ خستوە، خیانەتی لێدەکەن، بەوەی کە خەریکن سەرمایەداری دەگێڕنەوە بۆ نـــاو وڵات، لە دەریشـــەوە پەیـــڕەوی لە سیاســـەتی سۆســـیال ئیمپریالیستی (Social Imperialist) دەکەن. ئەوان هەوڵ دەدەن ئیمپراتۆریەتێکی کۆلۆنیالی، هاوشێوەی ئەوەی تزارەکان، بنیادبنێن، دەســـتبگرن بە ســـەر ئەو ناوچانەشـــدا کە قەیســـەر بـــۆی نەلـــوا

داگیریـان بکـات، ئەویـش لە ڕێـگەی پیـادەکردنی دەسـتدرێژییەکی سۆسیال – ئیمپریالیستیانە، لە دژی وڵاتـانی دیکە، بە داگیرکردنی زۆرەملێیـانەی خـاکی وڵاتـانی دیـکە و نەگێڕانەوەیـان. ئەوان دەسـتدرێژییان کـردوەتە سـەر خـاکی وڵاتە سۆسیالیسـتەکانی دیکەش، لەوانە، ڕۆمانیا، پۆڵەندا، مەنگۆلیا و چین. ئەوان هەندێک لە وڵاتـانی ئەورووپـای خـۆرهەڵات، کۆمـاری میللـی مەنگۆلیایـان بـۆ خۆیـان کـردوە بە کۆلۆنیـال و بـنکەی سـەربازیی. ئەمـان لەم هەلومەرجە نوێیەدا، شێوازێکی نوێیان لە بیردۆزەکانی داگیرکردن دۆزیوەتەوە، بیردۆزەکانی (دەسـەڵاتی سنووردار) و (پڕۆلیتاریای جیهـانی) و (کۆمەڵـگەی سۆسیالیسـتی). ئەوان لە ژێـر نـاوی "کـۆمەک"دا لە دژی میللەتـانی وڵاتـانی دیـکە، چەنـدین کـاری دەسـتدرێژی و تاڵانکارییـان ئەنجامداوە، کە هیچی کەمتر نییە لەو فراوانخوازییەی، کە ئیپمریالیزمی ئەمەریکی پیادەی دەکات.

چینییەکـان دەڵـێن، درێژەدانـی یەکێتـی سـۆڤیەت بە کێشـە سـنوورییەکان، پشـتکردنێکی بێشـەرمانەیە لە لینینیـزم. ئەوان هەر هەمـان ڕێـگە کـۆنەکەی تزارەکانیـان گرتـوەتەبەر، لە سـەپاندنی ئەمـری واقیعـی (Defacto)ی بەزۆر داگیرکردنـی سـەربازییانە، پێشـێلکردنی بەردەوامـی دۆخـی ئێسـتا (Status Quo)ی سنوورەکان، بەزاندنی ئەو هێڵە سنوورییەی کە لە ڕێککەوتننامە نابەرابەرەکاندا هاتوون. ئەوان چەندین جار و لە چەندین جێگەوە دەستدرێژییان کـردوەتە سـەر نـاوچە چینییەکـان. چەنـدین جـار ویسـتوویانە دەستبگرن بە سەر ڕووباری هێیلۆنگ (Heilung) (واتـا، ئامور) و وسولی (Wusuli) (واتـا، ئوسوری)دا. هەوڵیاندا بەزۆر وا لە چین بکەن ڕێککەوتننامەیەکی دیکەی نابەرابەری نوێی پێ ئیمزا بکەن، تاکو بە شێوەیەکی یاساییانە ناوچە چینییەکان داگیربکەن. ئەوان

هەوڵ دەدەن وڵاتە بچوکەکـــان داگیـــربکەن، لەگەڵ ئیپمریـــالیزمی ئەمەریکـی، کۆنەپەرسـتەکانی هنـدو یابانـدا ڕێککەوتـوون، لە دژی چینـی سۆسیالیسـتی، تـا گەمـارۆی بدەن و بیخەنە ژێر دەسـەڵاتی خۆیانەوە.

**ج – ٢/ سۆڤیەت:**[١٥]

بەڵام لەبەرامـــبەردا، ســـەرکردایەتی ســـۆڤیەتی، لە لایەنـــی ئایـــدیۆلۆجییەوە، جەخـــت لە ســـەر ئەوە دەکـــاتەوە، کە: هـــیچ کێشەیەکی ناوچەیی لە نێوان وڵاتە سۆسیالیستەکاندا بوونی نییە. هەر کاتێـک سۆسـیالیزم باڵادەسـت بـوو لەجیهانـدا، ئەو کـاتە سـنووری نێـوان وڵاتەکـان هـیچ گرینگییەکـی نامێنێـت. پێویسـتە کێشـەی سـنووریی نێـوان وڵاتەکـان، بە شـێوەیەکی دوو قـۆڵی چارەسـەربکرێن، لە سـەر بنەمـای دیـاریکردنی میللەتـان بـۆ مـافی چارەنووسی خۆیان بێت. سنوورەکانی سۆڤیەت بە پێی ویست و خواسـتی گەل، لە سـەر بنەمـای دیـاریکردنی چارەنووسـی خۆیـان کێشراون. گەلی یەکێتیی سۆڤیەتیش، هیچ کاتێک ڕێگەنادات، بە هیچ کەسـێک، کە دەسـتدرێژی بکـاتە سـەر مافەکانیـان، لە دیـاریکردنی چارەنووسی خۆیان.

سەبارەت بە پرسی پەیماننامەکانیش، سەرکردە سۆڤیەتییەکان دەڵـێن، کە هەمـوو بڕگەکـانی پەیماننامەکـانی ئـایگون و پەکـین، بەرابەر و یەکســـانن. بە کـــورتی پرســـەکە ئەوەیە، کە بنەمـــاڵەی شاهانەی چینگ (Ching Monarchy) ئەو زەوییانەی گێڕاوەتەوە بـۆ ڕووسـیا، کە پێشـتر بە هـۆی ڕێککەوتننـامەی (نێرچینسک)ەوە دەستی بەسەردا گرتبوون. مارکس، ئەنگلیس و لینینیش هیچ کاتێک هیچ ئاماژەیەکیان نەکردوە بۆ ئەو ڕێککەوتننامـانەی، کە تـایبەتن بە

پێوەندی سنووریی نێوان ڕووسیاو چینەوە.

یەکێتی سۆڤیەت ئیدانەی ئەو هەڵوێستانەی چین دەکات لە سەر پرسی سنوورەکان، چونکە ئەمانە دژی چینی کرێکارو کۆمۆنیزمن، لە بەرەی دژە مارکسیزم و لینینیزمن، سەرکەشییەکی کۆلکە - بۆرژواکان، شۆڤێنیستی زلهێزەکانە، پاوانخوازی، فراوانخوازی، نەتەوەپەرستی، دژە سۆڤیەتی، دژە سۆسیالیستی، دوورکەوتنەوەیە لە (ئینتەرناسیۆنالیزم).

سەرکردە سۆڤیەتییەکان ئیدانەی سەرکردایەتی چینیان، لە سەر کۆمەڵێک بنەمای دیکەش دەکرد. ئەوان ئەو هەڵوێستەی چینیان پێ قەبووڵ نەبوو، کە نەهاتوون لە ڕوانگەیەکی چینایەتییەوە (class approach) لەم کێشانە بڕوانن، هەروەها لە خۆڕا نانەوەی کێشەیەکی سنووریی لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت، هەروەها پێشێلکردنی بنەماکانی سۆسیالیستی جیهانی (ئینتەرناسیۆنالیزم) بەوەی، کە بنەماکانی هاوسێیەتی باش‌و هاریکاری نێوان دەوڵەتان پیادە ناکات، ڕازی نابێت ئەو جۆرە ناکۆکییانە بە شێوەیەکی ئاشتییانە چارەسەر بکرێن. لەبری ئەوە، سەرکردایەتی سۆڤیەت دەڵێت، چینییەکان ئەو بیروباوەڕانە بڵاو دەکەنەوە، کە دەبێتە هۆی زیادکردنی گرژیی لە جیهاندا، تۆوی دووبەرەکی و بێمتمانەیی لە نێوان وڵاتە سۆسیالیستێکاندا دەچێنێت، قومار بە چارەنوسی خەڵکی هەموو جیهانەوە دەکات، بەرەیەکی نوێ لەدژی بزووتنەوەی کۆمۆنیستیی جیهانی دەکاتەوە، یارمەتی دەستدرێژییەکانی ئەڵمانیای خۆرئاوا، قین لە دڵەکانی یابان، ئیمپریالیستی ئەمەریکی دەدات، بۆ سەر باشووری خۆرهەڵاتی ئاسیا، داکۆکی لە تیۆرییە کۆنەپەرستییەکانی (لێبنسراوم – Lebensraum) دەکات بۆ بەدەستهێنانی سەروەت،

سـامان، ڕێــز و پشــتگیری زلهێزەکــان و بەکارهێنــانی هێــز لە پێوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا.

هەروەها یەکێتی سۆڤیەت چینی بەوە تاوانباردەکرد، کە شوێن بیروبۆچوونەکانی ئیمپریالیست، تویێژەرەوە بۆرژواکانیان کەوتوە، کە گـوایە یەکێتـی سـۆڤیەت، دەوڵەتە سۆسیالیسـتەکانی دیـکەی خستۆتە ژێر باڵی خۆیەوە.

سەبارەت بە بنەما گشتییەکانیش، سەرانی سۆڤیەت دەڵێن، کە بەدەسـتهێنانی ڕێـزی خەڵـک، لە ڕێـگەی تۆمەتبـارکردنی دەوروبەرەوە نایەتەدی، بەڵکوو لە ڕێگەی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی، دۆستایەتی، هاریکارییەوە دێتەدی.

سـەبارەت بە پرسـی ناوچەکـانیش، سـۆڤیەتییەکان ئەوە بیـر چینییەکان دێننەوە، کە کاتی خۆی ئیمپراتـۆرە چینییەکان مەنگۆلیا، تبـت و سـینکیانگیان داگیـر کـردوە، بەڵام ئێسـتا چینییەکـان مـافی ئەوەیان نییە داوای ئەو زەوییانە بکەنەوە کە هی خۆیان نییە.

## جیاوازی بیروڕا

هەمـوو لێکۆڵینەوەیەکی تێروتەسـەل دەربـارەی پێوەنـدییەکانی نێوان چین و سۆڤیەت، پێویستە ڕەچاوی ئەو گۆڕانکارییانە بکات، کە لە (١٩٤٩)ەوە کەوتە نــاو ئەو پێوەنــدییانەوە. لەبەر ئەوە وا باشـترە ئەو پێوەنـدییانە لە لێکۆڵینەوەکانـدا بکرێن بە سێ قۆنـاغی جیـاوازەوە: قۆنــاغی یەکەم، پێوەنــدی تونــدوتۆڵی ئایــدیۆلۆجی (١٩٤٩–١٩٥٧)، دۆستایەتی سیاسی (١٩٤٩–١٩٥٩)، قۆنـاغی دوەم، بێلایەنـی ئایـدیۆلۆجی (١٩٥٧–١٩٦٢) (١٩٦٣)، ململانێـی سیاسـی (١٩٦٠–١٩٦٢) (١٩٦٣)، قۆناغی سێیەم، دوژمنـایەتی ئایدیۆلۆجی و سیاســی (١٩٦٣)(١٦). ئاشــکرایە کە ئەو لێکــۆڵینەوەیەی ئــێمە،

سەبارەت بە قۆناغی دواییانە.

**– ١/ بۆچوونی چینییەکان:**(١٧)

پێوەندییە سنوورییەکانی نێوان چین و سۆڤیەتیش، هەر هەمان ڕێچکەی سەرەوەی گرتبوو، بۆیە دەکرێت چەندین لێدوانی هاوشێوەی ئەمەی خوارەوەمان بەرچاو بکەوێت، کە ماو تسی – تۆنگ لە (١٦ی دیسەمبەری ١٩٤٩)دا داویتی، کە دەڵێت: "یەکێتی سۆڤیەت، یەکەم (وڵات) بوو، کە ڕێککەوتننامە نابەرابەرەکانی لەگەڵ چیندا هەڵبوەشێنێتەوە، لەبری ئەوانە، ڕێککەوتننامەی نوێی بەرامبەر و یەکسان ئیمزابکات."(١٨)

(چو ئین – لای)یش، بە هەمان شێوە، لە (١٩٦٠)دا، لە وەڵامی پرسیاری ڕۆژنامەنووسێکدا، کە دەپرسێت "ئایا هیچ شوێنێک هەیە لە سنووری نێوان (USSR)و (CPR)دا، کە هێشتا دیاریو جێگیر نەکرابێت"، دەڵێت:

"چەند جیاوازییەکی بچووک لە نەخشەکانماندا هەیە، کە چارەسەرکردنیان بەڕێگەی ئاشتیانە، زۆر ئاسانە."(١٩)

ئەو لێدوانانەشی کە هی سەردەمێکی دواترن، دەکرێت بە ئاسانی جودا بکرێنەوە.

بەڵام لە لایەکی ترەوە، هەڵوێستەکانی چین، لە (١٩٤٩)ەوە، چەسپاوی و ڕوونییەکیان پێوە دیارە، چەند گۆڕانکارییەکی بچووک نەبێت، کە بەم دواییانە کردییان، ئەویش لەبەر پرسی گفتوگۆ و دانوستانەکان بوە.

چین، هەر لە سەرەتای دروستبوونی کۆماری میللی چینەوە، ڕایگەیاند کە سوورە لە سەر یەکخستنەوەی پارچە دابڕاوەکانی دیکەی چین. لەوانە، سینکیانگ، مەنشوریا، مەنگۆلیای ناوەوە و تبت. ئەوان لە ڕاگەیاندنی فەرمیی سیاسەتەکەیاندا، لە مانگی

سێپتەمبەری (١٩٤٩)دا، دەڵێن: "هەڵدەستین بە پێداچوونەوەی ئەو پەیماننـــــامە و ڕێککەوتننامـــــانەی، کە لە نێـــوان کومینتانـــگ (Kuomintang)و هێـــزە بیانێکانـــدا ئیمزاکـــراون، بە پێـــی ناوەڕۆکەکانیان هەڵیاندەسەنگێنین، "ئەوکات" یان ئەوەتا ڕازیدەبین لە سەریان، یاخود ڕەتییاندەکەینەوە، یان گۆڕانکارییان تێدادەکەین، یـان دانوسـتانیان لە سـەر دەکەیـنەوە."[٢٠] پاشـان لە قۆنـاغێکی دواتردا ئاشکرایان کرد، کە "ئەو کێشە ناوچەییانەش، کە لە کۆنەوە بۆمـان مـاوەتەوە، ئیشـیان تێـدا نەکـراوە، کەی بـوار ڕەخسـا، لە ڕێگەی ئاشتییانە و دانوستانەوە، چارەسەریان بۆ دەکرێت. تا کاتی ئەو چارەسـەرەش دێـت، پێویسـتە حـاڵی ئێسـتایان، وەک خـۆی بمێنێتەوە."[٢١]

چـو ئـین - لای، لە کـۆنگرەی بانـدۆنگ (Bandung)ی سـاڵی (١٩٥٥)دا، هەڵوێستی حکوومەتەکەی بەم شێوەیە ڕوون کردەوە:

"... لەگەڵ هەنـدێک وڵاتـی دراوسـێماندا، هێشـتا سنوورەکانمان نەچەسپاندوە، ئێمە ئامادەین ئەو کارە بکەیـن...، بەڵام پێش ئەوەی بیکەین، حەزدەکەین ڕایبگەیەنین، کە ئەو بەشانەی سنوورەکانمان، تەنهـا ئەوانەن کە هێشـتا دیـارینەکراون. ئـێمە ڕێگەنـادەین نە حکوومەتەکەمـان و نە میللەتەکەشـمان، تەنهـا یەک هەنگـاویش سنوورەکان ببەزێنن... بۆ دیاریکردنی ئەو سنوورە ئاساییانەشمان، کە لەگەڵ هاوسێکانماندا ئەنجامیدەدەین، تەنها ڕێگەی ئاشتییانە بە کاردەهێنین، ڕێگەنادەین هیچ شێوازێکی دیکە بەکاربهێنرێت..."[٢٢]

ئەم وتارە تەنها مەبەستی ئەو بەشانە بوو، لە سنوورە دوورو درێـژەکەی چـین، کە نەخرابـوونە ئەو پرۆسـەی چەسـپاندنی سـنوورەوە، کە وڵاتە نوێیەکـان داوایـان دەکـرد، ئەگەرچـی هەندێکیان، بەنیوەنـاچڵی، ئەو پرۆسـەیەیان تەواو کردبوو، چینیش

ئامادەبوو بە شێوەیەکی ئاشتییانە، بەو پرۆسەیەدا تێپەڕێت، لەگەڵ هەموو ئەو دراوسێیانەیدا، کە ئەم پرۆسەیە دەیانگرێتەوە.

لە دوای ئەو بنەمایانەی، کە (چو) لە باندۆنگ باسیکردن، چین توانی سەرکەوتوانە دانوستان لەگەڵ پێنج لە دراوسێکانیدا بکات، سەبارەت بە چارەسەری کێشە سنوورییەکانیان، کە ئەوانیش بریتیبوون لە: بۆرما، نیپاڵ، پاکستان، ئەڤغانستان و کۆماری میللی مەنگۆلیا. ئەو سێ هاوسێیەی دیکەشی، کە کۆریا، ڤێتنام و لاوس بوون، سنوورەکانیان بە پێی ئەو ڕێککەوتننامانە دەستنیشانکرابوون، کە لە نێوان چین، یابان و کۆلۆنیالیستە فەرەنسییەکاندا مۆرکرابوون، بەڵام وادیاربوو هەموولایەک پێیڕازی بوون، بۆیە بۆ چەسپاندنیان پێشنیاری هیچ دانوستانێکی زیاتر نەکرا، بەڵام کێشەکەیان لەگەڵ هند، یەکێتی سۆڤیەتدا، هەروا بە هەڵپەسێردراوی مایەوە.

لەساڵی (١٩٥٩)دا، چین جارێکی دیکەش هەڵوێستی خۆی سەبارەت بە سنوورەکانی سینۆ – هندی، لە وتارێکدا بەڕوونی داڕشتەوە، کە دەڵێت:

"سەبارەت بە پرسی سنوورەکان، چین یەک ئینج زەوی کەسی ناوێت. هەندێک سنوورمان هەیە لەگەڵ چەند وڵاتێکی دراوسێماندا، کە هێشتا دیارینەکراون، بەڵام چین هیچ کاتێک ئەو پرسە بۆ بەرژەوەندی خۆی ناقۆزێتەوە، یەکلایەنە هیچ گۆڕانکارییەک لەو حاڵەتەدا ناکات، کە ئێستا سنوورەکانی تێدایە. ئەو سنوورانە دیاری بکرێن یان نا، چین بەردەوام ئامادەیە بە هەموو شێوەیەک هاریکاری هاوسێکانی بکات... لە پێناو ئەوەدا کە هیچ جۆرە گومان، یاخود پێکدادانێک، دروستنەبێت لە سەر ئەو پرس سنوورییانە."[٢٣]

کێشەی سنوورەکانی سینۆ - سۆڤیەتی لەوەدایە، کە ئەمانە، بە پێی چەند ڕێککەوتننامەیەک دیاریکراون، لە هەندێک شوێندا چەسپێنراویشن. چینییەکان ئەم ڕێککەوتننامانە بە (نابەرابەر) لە قەڵەم دەدەن، بەڵام نەیانوتوە، کە ئەمانە نایاساییین، یاخود نکوڵی لێبکەن، بەڵکوو بە پێچەوانەوە، ئەوان داوای ئەوە دەکەن، کە کێشە سنوورییەکان، لە سەر بنەمای ئەم ڕێککەوتننامانە چارەسەربکرێن. ئەوان بەردەوام ئەوەیان ڕوونکردوەتەوە، کە ئەمان داوای ئەو ناوچانە ناکەنەوە، کە ڕووسیا لە ڕێی ڕێککەوتننامە نابەرابەرەکانەوە زەوتیکردوون یاخود ئەوانەی، کە لە کاتی پرۆسەی سنوور دیاریکردنەکاندا، وەک پێشێلکردنێکی ڕێککەوتننامەکان، پێشڕەوی کردوە بۆیان. پاشان چین باس لەو جیاوازییانە دەکات، کە لە نێوان نەخشە سۆڤیەتی و چینییەکاندا هەیە، هەروەها ئەو ناکۆکیانەی کە لە سەر هێڵە سنوورییەکانی هاوشانی ڕووبارەکانن، هەروەها پێشێلکارییەکانی ئەو دواییانەی یەکێتی سۆڤیەت، بۆ ئەو (دۆخی ئێستا)یەی کە لە ئارادایە.

بە کورتی، ئەم ڕێککەوتننامانە خۆیان لەخۆیاندا کەموکووڕییان تێدایە، بەندەکانی ڕوون و ئاشکرا نین، پشتیبەستوە بە نەخشەی سەرەتایی و کەموکورت، وەک پێویستیی دەوڵەتی هاوچەرخ بۆ هێڵکاری سنوورەکانی، تەنانەت لە ناوچە چۆڵەکانیشدا لە ئاستی پێویستدا نین. لەم نموونەیەشدا، چین داواکەی بە ڕوون و ئاشکرایی پێشکەش دەکات، کە بریتییە لە: ڕێککەوتن لە سەر چارەسەرێکی گشتگیرو ورد، لە سەر بناغەی ڕێککەوتنەکانی پێشوو، ئەگەر لە هەر شوێنێکیشدا ئەمانە بە کەڵک نەهاتن، ئەوا لە سەر بناغەی (دۆخی ئێستای) سنوورەکان، بۆ چارەسەرکردنی مشتومڕە ناوچەییەکان. تا ئەوکاتەی دەست بەم چارەسەرانەش

دەکرێت، هەر لایەو لە جێی خۆیدا بمێنێتەوە. لەو شوێنانەشدا کە پێکدادان تێیدا ڕووی داوە، یاخود مەترسییەکی لەو جۆرەی لێ دەکرێت، پێویستە هەر دوولا سەربازەکانیان لە شوێنە جێناکۆکییەکاندا بکشێننەوە دواوە.

لە میانەی گفتوگۆکانی ساڵی (١٩٦٤)ی تایبەت بە سنووردا، چینییەکان (٥)خاڵیان پێشکەش کرد، بۆ گفتوگۆ لە سەرکردن، کە بریتیبوون لە:[٢٤]

١. بەسەرچوونی هەموو ئەو ڕێککەوتننامە سنوورییانەی ڕووس - چین، کە بەر لە ساڵی (١٩١٧) ئیمزاکراون، چونکە ئەمانە کاتێک ئیمزاکراون کە دەسەڵات (لە دەستی میللەتدا نەبوە)، هەر بۆیەشە نابەرابەرن.

٢. چین دەزانێت یەکێتی سۆڤیەت ئەم بۆچوونە بە ئاسانیو بێ چەندوچوون قەبووڵ ناکات، بۆیە (لەگەڵ مانەوەی ئەم خاڵە، وەک خاڵێکی سەرەکی لە لایان، بەدەر لە پرسی نابەرابەریێتی ئەو ڕێککەوتننامانە) چین ڕازییە کە هەر ئەو ڕێککەوتننامانەی سەدەی نۆزدەیەم، لە پێداچوونەوە و دیاریکردنی سنوورەکاندا، بکرێنەوە بە بنەما. ڕەنگە لە هەندێک جێگەدا "گۆڕانکاری پێویست، لە لایەن هەر دوو لاوە ئەنجام بدرێت، ئەویش بە پێی ڕێککەوتننامەکان، لە سەر بنەمای ڕاوێژ بە یەکتریکردن لە پێگەیەکی یەکسانەوە، بە پێی لێکگەیشتن، پێکەوە گەیشتن بە چارەسەرێک."

٣. پێویستە کێشە سنوورییەکان بە گشتی، لە ڕێگەی دانوستانەوە چارەسەربکرێن، بە مەرجێک (دۆخی ئێستا)ی پرسەکان، تا ئەو کاتە ڕابگیرێت، بەڵام، ئەگەر سۆڤیەت دان بە سروشتی نابەرابەرانەی ئەو ڕێککەوتننامە کۆنانەدا نەنێت،

ڕازیشنەبێت وەک بنەمایەک دایانبنێن، بۆ چارەسەری کێشەکان، واتا، ئەگەر دەوڵەتی سۆڤیەتی "دەستبکات بە داگیرکردنی ناوچە چینییەکان، بە شێوەیەکی یاساییانە، ئەو هێڵە سنوورییانە ببەزێنێت کە ئەو ڕێککەوتننامە نابەرابەرانە دیاریکردون"، ئەوسا لایەنی چینیش "بە هەموو هەڵوێستەکانی خۆیدا دەچێتەوە."[٢٥]

٤. چین بە تەواوی ئەو نەخشەیە ڕەت دەکاتەوە، کە سۆڤیەت لەگەڵ ڕێککەوتننامەی پەکیندا پێشکەشی کردوە، پێی وایە، کە ئەو نەخشەیە ناگونجێت بۆ دیاریکردنی خاوەنداریێتی، چونکە "لایەنی ڕووسیش ئەوە باش دەزانێت" قەبارەی (١,٠٠٠,٠٠٠ : ١) لەوە بچووکترە، کە وردەکاری تێدا دەستنیشان بکرێت. لەبری ئەوە، باشترین شت بۆ دەستنیشانکردنی هێڵە سنوورییەکە، دیاریکردنی خاوەنداریێتی دوورگەکانی ناو ڕووبارەکان، کارکردنە بە بنەمای هێڵی ناوەندی ڕێچکەی سەرەکی ڕووبارەکان، "کە ئەمەیان شتێکە، ناکرێت نوێنەرەکەی سۆڤیەت لە سەری ناڕازیبێت."[٢٦]

٥) ئەگەر ئەم بنەمایە پەیڕەوبکرێت، ئەوکات (٦٠٠) دوورگە لەو (٧٠٠) دوورگەیەی، کە دەکەونە ناو ئەو ڕووبارانەوەی، کە ئێستا سنوورەکانی نێوان ئەم دوو وڵاتە پێک دەهێنن، دەبن بە هی چین. وەفدی چینی نەخشەیەکی قەبارە گەورەی سنوورەکانی پێشکەش کردوە، بۆ پاڵپشتیکردنی ئەم بۆچوونەی.

بە درێژایی شەستەکان، حکوومەتی چینی پابەندبوو بەم هەڵوێستەیەوە، تەنها لە هەندێک وردە پرسی جێبەجێکارییدا نەبێت، وەک سوورنەبوون لە سەر ئەوەی، کە یەکێتی سۆڤیەت دانبنێت بە سروشتی (نابەرابەرانەی) ڕێککەوتننامەکاندا، وەک مەرجێک بۆ چوونە ناو گفتوگۆکانەوە. لە وتاری (٨ی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٦٩)ی وەزارەتی دەرەوەدا، حکوومەتی چین پێشنیاری ئەو

خاڵانەی خوارەوەی کرد، وەک بنەمایەک بۆ گفتوگۆکان:[٢٧]

١. جیاکردنەوەی ڕاست و هەڵەی مێژوویی داننان بەوەدا، کە ئەو پەیماننامانەی کە پێوەندییان بە سنوورەکانی ئێستای سینۆ - سۆڤیەتییەوە هەیە نابەرابەرن، کە لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا، ئەو کاتەی کە حوکم و دەسەڵات نە بە دەست گەلی چینەوە بوە، نە بە دەست گەلی ڕووسیشەوە، لە لایەن حکوومەتی ئیمپریالیستی ڕووسیای تزارییەوە، بە زۆر سەپاندوونی بە سەر چیندا.

٢. بە لە بەرچاو گرتنی ئەمری واقیع، ئەو ڕێککەوتننامانە بکرێنەوە بە بنەما، بۆ چارەسەرێکی گشتگیری سەرتاسەری کێشەی سنوورەکانی سینۆ - سۆڤیەتی، لە ڕێگەی دانوستانی ئاشتییانەوە، بۆ دیاریکردنی تەواوی هێڵە سنوورییەکان، چین داوای گەڕاندنەوەی ئەو ناوچانە ناکات، کە ڕووسیای تزاری، لە ڕێگەی ئەو ڕێککەوتننامانەوە زەوتی کردوون.

٣. هەر لایەک، ناوچەی لایەکەی دیکەی، وەک پێشێلکارییەک بۆ ئەم ڕێککەوتننامانە، داگیر کردوە، پێویستە، وەک بنەمایەک، بێکۆتومەرج، بیگەڕێنێتەوە بۆ لایەنەکەی تر. دەکرێت گۆڕانکاریی لە ناوچە سنوورییەکاندا بکرێت، بەڵام بە ڕەزامەندی هەر دوولا، لە سەر بنەمای ڕاوێژی یەکسان، لێکگەیشتن و ڕێککەوتنی دوو لایەنە، بە ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی دانیشتوانی ئەو ناوچانە.

٤. بەستنی پەیماننامەی سینۆ - سۆڤیەتی نوێی، بەرامبەر، یەکسان، لەبری ئەو ڕێککەوتننامە کۆنە نابەرابەرانەی سینۆ - ڕووسی، ڕووپێوکردنی سنوورەکان، چەسپاندنی خاڵ و نیشانە سنوورییەکان.

٥. تا کاتی دۆزینەوەی چارەسەرێکی سەرتاسەری بۆ کێشە

سنووریەکانی سینۆ - سۆڤیەت، لە ڕێگەی دانوستان و گفتوگۆی ئاشتییانەوە، پێویستە ئەم حاڵەتەی ئێستای سنوورەکان ( Status Quo) پارێزگاری لێبکرێت، ئاژاوە نەنرێتەوە، هێزە سنوورییەکانی هەر دوولا لێک دووربخرێنەوە، بەوەی کە بکشێنرێنەوە لە، یاخود نەنێردرێن بۆ، هەموو ئەو جێگەیانەی کە جێناکۆکن لە سەر سنوورەکانی سینۆ – سۆڤیەتی، ئەویش ئەو شوێنانەن هەر دوولا لە سەری ناکۆکن سەبارەت بەو هێڵە سنوورییانەی لە سەر ئەو نەخشانە دیاریکراون، کە لەمیانەی دانوستانەکانی ساڵی (١٩٦٤)ی تایبەت بە سنوورەکانی سینۆ - سۆڤیەتی لەگەڵ یەکتردا گۆڕیبوویانەوە.

**– ٢/ بۆچوونی سۆڤیەتییەکان:**[٢٨]

یەکێتی سۆڤیەت بۆچوونێکی تەواو بەرگریکارانەی هەیە لە کێشە سنوورییەکاندا. ئەوان دەزانن، کە سنوورەکانیان لە سەردەمی فراوانخوازییدا کێشراون، لە دوای شەڕی ناوخۆ، جەنگی جیهانی دوەمیش چەسپێنراون. ئەوان زیاتر پشتدەبەستن بە ڕاگرتنی ئەو دۆخی ئێستایەی کە لە ئارادایە (Status Quo) بۆ ڕاگرتنی ئەو نەختە ئارامیەی کە ئەو ناوچانە پێویستیانە، کە لە ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان، ئەو شتەدا خۆی دەنوێنێت کە پێی دەڵێن(triumph of justice-victory).[٢٩] هەموو داوایەکیش بۆ پێداچوونەوە و گفتوگۆ لە سەر کردنەوەی سنوورەکان، بەلای ئەوانەوە، وەک هەڕەشەیەک تەماشا دەکرێت، کە ڕەنگە لەو ڕاستییەوە سەرچاوە بگرێت، کە یەکێتیی سۆڤیەت ناوچەی وڵاتانی دیکەی گرتوەتە خۆ.

ئەم زێدە هەستیارییەی یەکێتی سۆڤیەت بەرامبەر پرسی

سنوورەکان، لە بۆچوونەکانیان سەبارەت بە پرسی ناوچەکانیشدا، ڕەنگیداوەتەوە. ئەوان پێیان وایە کە کێشەی ناوچەیی دەبێتە هۆی پێکدادان و جەنگ لە نێوان وڵاتاندا، بە تایبەتیش لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا، کە کێشە لە سەر سنوورێکی پێشتر دیاریکراو و چەسپاو، ڕەنگە ببێتە هۆی جەنگێکی ئەتۆمی. لەبەر ئەوە، پێویستە وڵاتان خۆیان بەدوور بگرن لە چارەسەرکردنی کێشە سنوورییەکانیان بەڕێگەی سەربازیی، کە هیچ کاتێک نابێتە هۆی چارەسەرێکی یەکجارەکی. تەنها ئەو کاتە دەکرێت ئاشتی بپارێزرێت، کە جەنگ بەکارنەهێنرێت وەک ڕێگەچارەیەک بۆ گۆڕینی سنوورەکان. تەنها ڕێگەی پەسەندیش بۆ چاککردنو ڕاستکردنەوەی سنوورەکان، دەبێت گفتوگۆ و دانوستانی دوولایەنە بێت، هەر ڕێگەچارەیەکی دیکە، وەک بنەمایەک، دەبێتە هۆی جەنگو پێکدادان. پێویستە سنوورەکان بەوشێوەیە قەبووڵ بکرێن، کە لەمێژە دیاریکراون. نابێت وڵاتان پەنابەرن بۆ ڕاستییە مێژووییەکان، بیکەن بە بیانوو، بۆ داواکردنێکی پڕ لە مەترسیی ناوچەیی. ئەمەش بە تایبەتی زۆر مەترسیدارە – سۆڤیەتییەکان دەڵێن – بۆ خەڵکی ئاسیا، کە هێز بە کار بهێنن بۆ گۆڕینی هێڵی سنووریی وڵاتەکانیان، پێویستە لەبری ئەوە، لاکەنەوە بەلای پێشخستنو بەرزکردنەوەی ئاستی میللەتەکانیان، کە داوای ئاشتی دەکەن، نەک بچن کێشەی سنووری بۆ زیندووبکەنەوە.

یەکێتیی سۆڤیەت سوورە لە سەر بیروڕای خۆی، کە ناهێڵێت پرسی سنوورەکانی بکرێنە بابەتی گفتوگۆی سیاسی و مامەڵەی سیاسی. هەروەها جەخت لە سەر ئەوە دەکاتەوە، کە نابێت هیچ کێشەیەکی ناوچەیی لە نێوان دەوڵەتە سۆسیالیستێکاندا هەبێت. هەر لەبەر ئەوەشە کە خروشۆڤ لە ساڵی (١٩٥٤)دا ڕازینەبوو

لەگەڵ ماو تسی تۆنگ، لە ساڵی (١٩٥٧)دا، لەگەڵ چو ئین – لای، باسی پرسی سنووری بکات، لەم ساڵانەی دواییشدا، تەنها ڕازیبوو بە ڕاوێژکردن لەگەڵیاندا، نەک دانوستان.

هەڵوێستی سۆڤیەت لە دانوستانەکانی ساڵی (١٩٦٤)ی تایبەت بە سنوور لەگەڵ چیندا، دەکرێت لەم خاڵانەی خوارەوەدا کورت بکرێنەوە:

١. ئەوان ڕەزامەندی خۆیان نیشاندا بۆ ئیمزاکردنی ڕێککەوتننامەیەکی سنووریی نوێی گشتگیر، کە هەموو ئەو ڕێککەوتننامە کۆنانە هەڵبوەشێنێتەوە، کە چین بە نابەرابەریان دەزانێت، بە مەرجێک ئەو ڕێککەوتننامە نوێیە، ئەم سنوورانەی ئێستا (بچەسپێنێت)، واتا: ئەو (دۆخی ئێستا)یەی کە لە ئارادایە، لە هەموو ڕوویەکەوە بهێڵرێتەوە.

٢. ئەوان پێیان باشبوو، هەروا‌شیان کرد، کە چەند پێشنیارێک بخەنە بەردەست، سەبارەت بە چەند بەشێکی دیارینەکراوی سنوورەکان، چەند پێشنیارێکی وەها، کە لەگەڵ بەشێکی چارەسەرەکەی چیندا یەک بگرێتەوە، (لە سەر بنەمای مافی دوو لایەنە)، کە لە یەککاتدا، بەرژەوەندییە ئابورییەکانی چینیش دەپارێزێت، لە هەمانکاتدا سنوورەکانیش ڕاستدەکاتەوە، بە وردی دەستنیشانیان دەکات.

٣. کۆپی نەخشەیەکیان داوە بە چین، کە لە ڕێککەوتننامەکەی پەکینی ساڵی (١٨٦٠)دا بەکارهێنراوە، کە تێیدا، بە هێڵێکی سوور، ئەو سنوورە دیاریکراوە، کە یەکێتی سۆڤیەت دەیەوێت بیکات بە خاڵی دەستپێک، بۆ هەر گۆڕانکارییەکی لاوەکی.

٤. ئەگەرچی ئەوان لە هیچ دۆخێکدا دەستبەرداری ئەو ڕێککەوتننامە کۆنانە نابن، تاوەکو هی نوێ ئیمزا نەکرێت، چونکە

ئەمە پـــێگەی یاســـاییان لەق دەکـــات، ئەوەش دەســـەلمێنێت کە چینییەکـان ڕاسـتیان کـردوە و ئەم ڕێککەوتننامـانە (نـابەرابەرن). یەکێتـی سـۆڤیەت ڕازینیـیە بەو ڕایەی چینییەکـان، کە گـوایە ئەو ڕێککەوتننـامە (نـابەرابەرانە) بێبەهـان، چـونکە ئەمە پرسـەکەیان لە بنـــاغەوە هەڵدەوەشـــێنێتەوە، تەواوی زەوییەکـــانی ســـیبریا، کە دەکەوێتە خۆرهەڵاتی دەریاچەی بایکاڵەوە، زەوییە سۆڤیەتییەکانی خـۆرهەڵاتی دوور، هەموویـان دەخـاتە بەرپرسـیار و گفتوگـۆوە، دەکەونە بەر ڕەحمەتـی ئەو نەخـتە ئیمتیـازەوە، کە ڕەنـگە یەکێتیـی سۆڤیەت، یان چین، لە دەستیان ببێتەوە.

ئەم هەڵوێســـتەی ســـۆڤیەت، لە ســـاڵانی دواییشـــدا، هـــیچ جیـاوازییەکی ئەوتـۆی نەبـوو، لەگەڵ ئەوەدا کە پێشـتر و لە سـاڵی (١٩٦٤)دا هەیبوو، تەنها لەوەدا نەبێت، کە ناڕاستەوخۆ ڕازیبـوو لە سەر (دانوستان)، لەبری تەنها (راوێژکاری)، ئەویش لە پێناو ئەوەدا کە گفتوگۆکانی ساڵی (١٩٦٩) بەرەو پێشتر بچێت.

لە کۆتاییـدا، ڕەنـگە دەستنیشـانکردنی ئەو ناوچـانەی کە بەلای هەر دوولاوە جـێگەی نـــاکۆکیین، بمـــانگەیەنێتە ئەو بـــڕوایەی، کە چارەســـەری ئەم کێشـــەیە ئاســـانە، ئەگەر هەر دوولا بیانەوێـــت چارەسەری بکەن.

**– ٣/ ناوچە جێناکۆکییەکان:**[٣٠]

هەر دوولا کۆکن لە سەر:

١. پێویســـتیو حەزی هەر دوولا، بـــۆ ڕێککەوتننـــامەیەکی سـنووریی گشـتگیری نـوێ، بە شـێوازی ئاشـتییانە، لە ڕێـگەی (راوێژ)، یاخود (دانوستان)ەوە.

٢. مـافە دێرینەکـان، ڕێککەوتننـامە کۆنەکـان، ئەو ڕێوشـوێنە

مێژوویییـــانەی کە لەگەڵیانـــدا هـــاتوون، هەمـــووی وەک خۆیـــان دەمێننەوە، لە کاردا دەبن، تا ئەو کاتەی ڕێککەوتنە نوێیەکە دەگات بە ئەنجام. بەم شێوەیەش، (دۆخی ئێستا) وەک خۆی دەمێنێتەوە، تا ئەوکاتەی ڕێک دەکەون لە سەر ئەو گۆڕانکارییە یاساییانەی، کە لە ناوچە جێناکۆکەکاندا دەکرێن.

٣. ئەو گۆڕانکارییـــانەی کە پێویســـتن لە ســـەر ســـنوورەکان بکرێن، بە ڕێژەیەکی کەم دەبن.

٤. پێویســـــتە بە هێزەکــــانی ســــەر ســــنووری هەر دوولا ڕابگەیەنرێت تەقە لە یەکتری نەکەن، واتا ئاگربڕ.

**– ٤/ خاڵە جێناکۆکییەکان:**[٣١]

١. بابەتی گفتوگۆکان.

٢. ڕێوشوێنی گفتوگۆکان.

٣. سووربوونی چین (پێش مانگی مەی ١٩٦٩)، لە سەر داننانی یەکێتـــی ســـۆڤیەت، بە نـــابەرابەرێتی ڕێککەوتننـــامە کۆنەکانـــدا، پێشـــئەوەی هـــیچ ڕێککەوتنێکـــی نـــوێ ئیمـــزا (یـــاخود تەنـــانەت گفتوگۆشی) لە سەر بکرێت. ڕووسەکانیش، لەبەر ئەوەی متمانەیان بە چینییەکـان نەبـوو، داوایـان دەکـرد کە ڕێککەوتنێکـی نـوێ، کە هاوکـات دەبێـت (واتـا، وەک بەشـێک لەهەمـان دۆکیومێنـت)، لەگەڵ ڕێککەوتننـــامە نـــوێکەدا، ڕێککەوتـــنە نـــوێیەکە بێنێـــتە ئـــاراوە و کۆنەکانیش بەتاڵ بکاتەوە.

٤. چـــین ســـــوربوو لە ســـــەر بێبەهـــــایی ڕێککەوتننـــــامە نابەرابەرەکان، یەکێتی سۆڤیەتیش ئەمە ڕەت دەکاتەوە.

٥. لێکدانەوەی جیاواز، لە لایەن چین و سۆڤیەتەوە، بۆ (دۆخی ئێســـتا – Status Quo). بـــۆ نمـــوونە، وەک دۆخـــی ئەو هـــێڵە سنوورییانەی کە هاوشانی ڕووبارە سنوورییەکانن.

٦. چــین ســووره لە ســەر ئەوەی کە خاڵەکــانی ئاگربەســت، کشانەوەی هێزەکان، بخرێنە سەرەتای ئەجێندای گفتوگۆکانەوە، بەڵام یەکێتی سۆڤیەت ڕازینابێت، بۆ ئەوەی پێگەیەکی بەهێزتری هەبێت لە وتوێژەکاندا.

٧. چـــین ســـووره لە ســـەر ئەوەی کە هەمـــوو کێشـــە سنوورییەکان، پێکەوە چارەسەر بکرێن، بەڵام یەکێتی سۆڤیەت تەنها ئامادەیە گفتوگۆ لە سەر چەند هێڵێکی سنووریی دیاریکراو بکات.

هـ) زانینی پاڵنەر و هۆکارەکانی ناکۆکییەکە

لەم بەشەدا، باس لە چۆنێتی تێڕوانینی سەرکردەکانی سۆڤیەت و چین دەکەین، سەبارەت بە پاڵنەری بەرامبەرەکانیان، بۆ ئەوەی کێشە سنوورییەکان بهێننە ناو ناکۆکییە گشتییەکانیانەوە، ئایا چ ڕوونکردنەوەیەکییان پێیە، وەک هۆکاری ڕاستەقینەی ئەم کێشانە. وا بە پێویست دەزانرێت، کە ئەو ماوە مێژووییەی لێکۆڵینەوەکە باسی دەکات - واتا (١٩٦٣ – ١٩٧٠) - دابەشبکرێت بۆ دوو ماوەی جیاواز: (١٩٦٣ بۆ ١٩٦٨)و (١٩٦٩ بۆ ١٩٧٠)، بە پێی ڕێژەی ئەو جیاوازییەی، کە لە نێوان ڕاو بۆچوونەکانی هەر دوولادا هەبوو، لە کاتی بوونی کێشە چەکدارییەکان، دوای ئەوەش، لە ڕووی وتارو ناوەرۆکیشەوە.

**هـ – ١/ لێکدانەوەکانی چین سەبارەت بە هۆکارەکانی ماوەی (١٩٦٣ – ١٩٦٨):**[٣٢]

١. ڕازینەبوونی یەکێتیی سۆڤیەت، بۆ گرتنەبەری هەمان ڕێوشوێنی چینییەکان، سەبارەت بە چارەسەری کێشە

سنوورییەکان لە ڕێگەی دانوستانەوە، بوە مایەی بەردەوامبوونی ئەم گرژییە.

٢. پێشێلکاری بەردەوامی (ئەوبارەی کە لە ئارادایە – Status Quo)، داگیرکردنی ناوچەکانی چین، دروستکردن و هاندانی ڕووداوی سنووریی، لە لایەن یەکێتی سۆڤیەتەوە.

٣. فراوانخوازیی سۆڤیەتییەکان، تەماحکارییە ناوچەییەکانیان.

٤. هەوڵەکانی سۆڤیەت بۆ دەستبەسەراگرتنی وڵاتە سۆسیالیستێکانی دیکە.

٥. پشتهەڵکردنی سۆڤیەت لە بنەماکانی مارکسیزم – لینینیزم.

٦. دەست تێکەڵکردنی سۆڤیەت لەگەڵ ئیمپریالیزمی ئەمەریکی.

٧. لایەنگیریی سۆڤیەت بۆ زلهێزە شۆڤینیزم و ئیمپریالیزمێکان.

٨) دانانی چین بە "چقڵی چاوی خۆی".[٣٣]

## هـ – ٢/ بۆچوونی چینییەکان سەبارەت بە پاڵنەری سۆڤیەتییەکان بۆ کێشە سنوورییەکانی نێوان سالآنی (١٩٦٣ – ١٩٦٨).[٣٤]

١. فراوانخوازیی و تەماحی ناوچەیی.

٢. باڵادەستی بە سەر دەوڵەتە سۆسیالیستێکانی دیکەدا.

٣. دەست تێکەڵکردن لەگەڵ ئیمپریالیزمی ئەمەریکیدا.

٤. ڕێکخستنی چالاکی تێکدەرانە، لە پێناو پەکخستنی بەرهەمهێنان لە ناوچە سنوورییەکاندا.

٥. تێکدانو شێواندنی مێژووی نەتەوەکانی سەر سنوور، بۆ نموونە، ئەوانەی سینکیانگ، کازاخستان، قیرغیزستان و مەنگۆلیای ناوەوە، لە پێناو تێکدانی یەکگرتوویی گەلی چین، چاندنی تۆوی دووبەرەکی لە نێوان نەتەوەکانی وڵاتی چین.

**هـ – ٣/ لێكدانەوەكانی چین سەبارەت بە هۆكارەكانی ماوەی نێوان (١٩٦٩ – ١٩٧٠):[٣٥]**

١. سروشتە ڕیڤیژنیستێكەی سۆڤیەت وەك "هۆكارێكی سەرەكی جەنگ و... دوژمنی سەرەكیو خەتەرناكی چین".[٣٦]

٢. دوژمنایەتیكردنی بەردەوامی ڕیڤیژنیستەكانی سۆڤیەت بۆ چین.

٣. ڕقو ترسی سۆڤیەت لە چین، بە تایبەتیش لە پاش (سەركەوتنە مەزنەكە)ی شۆڕشی ڕۆشنبیری.

٤. دڵڕەشی سۆڤیەتییەكان، حەزكردن لە ئازاردانی چین.

٥. كۆكردنەوەی هێزی سۆڤیەتی لە سەر سنوورەكانی چین، بەردەوام بەزاندنی زەوی و ئاسمانی چین، هەڕەشەكردنی سەربازیی بەرامبەر بە چین.

٦. دەستدرێژیكردنە سەر ناوچە چینییەكان.

٧. هاندان و بەرپاكردنی، پێكدادانی چەكداری لە لایەن سۆڤیەتییەكانەوە.

٨. پێشێلكردنی (دۆخی ئێستا)ی سنوورەكان، لە لایەن سۆڤیەتییەكانەوە.

٩. پەیڕەوكردنی سیاسەتی ئیمپریالیستیی سۆسیالیسی لە لایەن سۆڤیەتییەكانەوە.

١٠. سووربوونی سۆڤیەت لە سەر هەڵوێستە فراوانخوازییەكانی.

**هـ – ٤/ بۆچوونی چین سەبارەت بە پاڵنەری سۆڤیەتییەكان بۆ كێشە سنوورییەكانی نێوان ساڵانی (١٩٦٩ – ١٩٧٠):[٣٦أ]**

١. بۆ ئەوەی نەهێڵن خەڵكی سۆڤیەت بپرژێتە سەر ئەو قەیرانەی لە سیاسەتەكانی ناوەوە و دەرەوەدا تێیكەوتوون.

٢. بۆ ئەوەی پێداویستییە دژە – شۆڕشگێڕییەكانی خۆیان تێر

بکەن.

٣. بۆ ئەوەی ئیمپریالیستی ئەمریکی لە خۆیان ڕازیبکەن.

٤. بـۆ ئەوەی خۆیـان لە ئیـدارەکەی نیکسـۆن (Nixon) نزیـک بکەنەوە، بە شێوەیەک کە ڕێککەوتنی دژە - شۆڕشگێڕانەی زیـاتر، لە چوارچێوەیەکی جیهانیانەدا، لەگەڵیاندا مۆر بکەن، بەو هیـوایەی کە جیهان لە نێوان خۆیاندا دابەش بکەن.

٥. هاوکـاریکردنی ئیمپریـالیزمی ئەمەریکـی، بـۆ پێکەوەنـانی گەمارۆیەک لە دژی چین.

٦. بـۆ هانـدانی پێکدادانێکی چەکداری لەگەڵ چینـدا، تـا بتوانێت پیلانی دەستدرێژیکردنە سەر ناوچە چینییەکان جێبەجێ بکات.

٧. بۆ چڕکردنەوەی دژایەتیکردنی چین.

٨. بـۆ شـاردنەوەی دۆڕانـدنەکەیان لە پرسـەکەی بەرلینـدا، بـۆ ئەوەی وا بـۆ ئیمپریالیسـتی ئەمریکـی دەربخـەن، کە چـین دوژمنـی هاوبەشی یەکێتیی سۆڤیەت و ئەمریکایە.

**هـ - ٥/ بۆچوونی سۆڤیەت لە سەر هۆکارەکان:**(٣٧)

بەڵام ســـۆڤیەت، هەوڵ دەدات کە لێکـــدانەوەیەکی قـــووڵتر و فراوانتـــر بـــۆ هۆکـــاری کێشـــە ســـنووریەکان بخـــاتەڕوو. ئەوان دەگەڕێـنەوە بۆ ڕەگوریشـەی پرسـەکان، لەو کەلتـوور و مێـژوەی چیندا، کە ئەم هەڵوێستەی ئێستای سـەر کردەکانی چینی دروسـت کـردوە. ئەوان پێیـان وایە کە دەکرێـت بنەڕەتـی دژایەتیکـردنەکەی چـین بۆ سـۆڤیەت، هـاتنە سـەر حـوکمی مـاویزم (Maoism)، بـۆ تێرکردنـی حەزی گەورەی چـین لە سەرکەشـی، بگەڕێنـرێتەوە بـۆ ئەم خاڵانەی خوارەوە:

١. مـاوەیەکی دوورودرێـژ لە فیـودالیزم، حـوکمی سـەربازی، ڕژێـمەکەی چیانـگ کـای - شـێک (Chiang Kai – Shek)،

پاشەکشەی ئاستی ڕۆشنبیری وڵات، دابونەریتی دێرینی ئایدیۆلۆجیای کۆنفۆشی (Confucian)، کە لە سەر بنەمای فەرمانڕەوای باڵا و ئەو ئامۆژگارییانە بنیادنراون، کە هەموو شتێکی چینی پیرۆز، گەورە و باڵادەستە (Superiority).

٢. بوونی هەلومەرجی پێشوەخت بۆ بوون بە هێزێکی گەورەو باڵادەستی شۆڤێنیانە. وەک ئەوەی کە چین لە سەردەمی زوودا، لە چاخەکانی ناوەڕاستدا، پێگەیەکی سەرکردانەو پێشڕەوانەی هەبوە لە خۆرهەڵاتی ئاسیادا. هەروەها وەک ئەوەی کە وڵاتەکە دانیشتوانی زۆرە. دواتر بڵاوکردنەوەی ئەو وەهمەی کە گوایە چین سەنتەر و مەڵبەندی جیهانە، ئەویش لەبەر ئەوەی کە شارستانێتێکی کەمێک پێشکەوتووتر و دابڕاوتریشی لە وڵاتەکانی دیکە، هەیە.

٣. ناکۆکیو نەگونجانی ئەو وەهمە، لەگەڵ پێگەی ڕاستەقینەی ئەو وڵاتەدا، کە لە سەردەمی ئێستادا بوە بە وڵاتێکی نیمچە کۆلۆنیالی. ئەمەش بە هەر نرخێک بێت، بۆتە هۆی چڕبوونەوەی هەستی نەتەوەیی، حەزکردن بە گێڕانەوەی ئەو سەروەرییەی جارانیان.

٤. ئەو بۆچوونە سایکۆلۆجییە نەتەوەییە کۆنەی، کە گوایە دەکرێت پێشینەی مێژوویی بکرێتە پاساو و پەیڕەو بکرێت بۆ فراوانخوازیی بەرەو ناوچەکانی دەرەوە، بەم پێیەش، هەموو ناوچەیەک، تەنها لەبەر ئەوەی ڕۆژێک لە ڕۆژان لە ژێر دەسەڵاتی چیندا بوە، بەدەر لەوەی کە کێ خاوەنێتی، یاخود دانیشتوانەکەی خەڵکی کوێن، دەکرێت وەک بەشێکی دانەبڕاو لە چین تەماشا بکرێت.

٥. ئەو شوێنەوارانەی کە ئەو بارودۆخە مێژوویی و کولتورییە

بە جێـی هێشـتوە، لە سـەر پێشـکەوتن و پەرەسـەندنی ڕێـڕەوی شۆڕشگێڕانە و دیموکراسیانە لە چین.

بۆچوونی دوەمی سۆڤیەت، سەبارەت بە بنەڕەتی کێشـەکە، لە دەسـتەواژەیەکی لینیـنەوە سـەرچاوەی گرتـوە، سـەبارەت بە پاشەکشـەکردنی دەوڵەتە فیودالەکان، کە دەڵێت: "هەتا وڵات بەرەو دواوە بگەڕێـتەوە، زیـاتر پابەنـد دەبێـت بە بەرهەمـی کشـتوکاڵی قەبـارە بچـووک (Small – Scale)و باوکسـالاری (Patriarchalism)و گۆشەگیری (Isolation)ەوە، کە بە ناچاری پەنادەبات بۆ بنەمـا زیانبەخشـەکانی وردە - بـۆرژوازییەت، واتـا، ئیگۆیزمی نەتەوەیی (National Egoism)و بیرتەسکی نەتەوەیی (National Narrow – Mindedness)".

بیرمەنـدانی سـۆڤیەت، لێـرەدا ئەوە ڕوونـدەکەنەوە، کە بـارودۆخی تـایبەتی مێژوویـی چـین، لە پاشەکشـە، فیـودالیزم و پەرەنەدان بە بزووتنەوەکـانی چینـی کـارکەر، بـوونە هـۆی سـەرهەڵدان و دەرکەوتنی مەیلی وردە - بۆرژوای نەتەوەیی، کە تـاقمەکەی ماوتسـی تۆنـگ ڕابەرایەتیـدەکرد، کە دوایـیش بـوونە پێشڕەو و سـەرکردەی بزووتنەوە شۆڕشگێڕییەکەی چین، پارتی کۆمۆنیستی چینی.

**هـ – ٦/ بۆچـوونی سـۆڤیەت، سـەبارەت بە هۆکارەکـان، لە ماوەی ساڵانی (١٩٦٣ – ١٩٦٨)دا:**[٣٨]

١. ڕۆچـوونی چینییەکـان لە سەرکەشـیکردن، هانـدان و ورووژاندنی ڕووداو و شەڕوشۆڕ، لەگەڵ وڵاتانی دراوسێیدا.

٢. پێشـێلکردنی بنەمـا سـەرەکییەکانی سۆسـیالیزمی جیهـانی، یاسا، ئەخلاقە نێودەوڵەتییەکان، بە هۆی سیاسـەتە نەتەوەییە وردە – بۆرژواکانیان و شۆڤێنیزمییە زلهێز ئاساکانیانەوە.

٣. فراوانخوازی، عەسکەرتارییەت، دەسەڵاتخوازی، هەوڵدان بۆ بوون بە زلهێز، دەمارگیریی دەسەڵاتخوازی، گرتنەبەری سیاسەتی هێز و توندوتیژی لە پێوەندییە نێودەوڵەتێکاندا، حەزێکی شێتانەو نائەقڵیانە بۆ جەنگ.

٤. بە هۆی سەرنەکەوتنی لە درووستکردنی دۆست و هاوپەیمان، لە ناو پارتە مارکسی - لینینیستییەکاندا، هەڵگەڕاونەتەوە و هەوڵی دۆستایەتی و هاوپەیمانێتی هێزە کۆنەپەرست و ڕاسترەوەکان دەدەن.

**هـ - ٧/ بۆچوونی سۆڤیەتییەکان، دەربارەی پاڵنەری چینییەکان، لە پرسی کێشە سنوورییەکانی نێوان ساڵانی (٩٦٣ - ١٩٦٨):[٣٩]**

١. وروژاندنی بیری شۆڤێنیستی لە چین، بووژاندنەوەی نەتەوەپەرستی و زینۆفۆبیا.(*)

(*) زینۆفۆبیا (Xenophobia) : ترس لە بێگانە و خەڵکانی دیکە. (وەرگێر).

---

٢. برەودان بە هەستی دژە - سۆڤیەتی.

٣. بنکۆڵکردنی کامپی سۆسیالیستی و چاندنی تۆوی دووبەرەکی تێیدا.

٤. یاریکردن بە هەستوسۆزی هێزە هەرە دواکەوتوەکان، خۆ نزیککردنەوە لە عەسکەرتارییەتی یابانی، بە مەبەستی پەیداکردنی هاوپەیمانێکی عەسکەری و سیاسی.

٥. دروستکردنی نامتمانەیی و گرژی لە جیهاندا.

٦. بەرزکردنەوەی ئاستی داوا ناوچەییەکان، تا دەبن بە بنەمای گشتی، کە ئەمەش دەبێتە هۆی زیادکردنو فراوانکردنی گرژیی جیهانی، بەو هیوایەی کێشەی سەربازیی لێ بکەوێتەوە، تەنها

لەبەر بەرژەوەندیی خۆیان.

٧. بەکارهێنانی داواکارییە ناوچەییەکان وەک دەمامکێک، بۆ شاردنەوەی دەستدرێژییە ئیمپریالیستییەکان.

٨. بۆ بەدەستهێنانی سەروەت و سامان بە هۆی درێژەدان بە لێبنسراوم (Lebensraum).

هـ – ٨/ بۆچوونی سۆڤیەتێکان لە سەر هۆکارەکان، (١٩٦٩ – ١٩٧٠)[٤٠]

جگە لە هەموو ئەو خاڵانەی سەرەوە، کە بۆ سەردەمی (١٩٦٣ – ١٩٦٨) دانراون، سەرکردەکانی سۆڤیەت چەندین بۆچوونی دیکەشیان هەبوو، کە بەشێوازی جیاواز، پێچەوانەی ئەو سەردەمەی پێشوو بوون، کە زیاتر پێوەندی هەبوو بە سروشتی سەرکردە چینییەکانەوە، لەوانە:

١. هەوڵدانی چینییەکان بۆ هاندانی پێکدادانی چەکداری.

٢. دارمانی ئەخلاقیانەو سیاسییانەی تاقمەکەی ماو.

٣. سروشتی ماویزم خۆی، وەک بزووتنەوەیەکی دژە مارکسیزم.

٤. پشتهەڵکردنی چینییەکان لە بنەماو مەرجە سەرەکییەکانی سیاسەتی دەرەکی سۆسیالیستیی، ئینتەرناسیۆنالیزم، بەرگریکردن لە ئاشتی، بەرگرتن لە جەنگ.

٥. ترسی سەرکردە چینییەکان لە پاشەڕۆژی خۆیان.

٦. گۆڕانی بنەڕەتی لە سیاسەتی دەرەوە و ناوەوەی چینییەکاندا، هەر لە سەرەتای (١٩٦٠)ەکانەوە.

٧. ڕقی چینییەکان لە هەموو شتێکی سۆڤیەتی.

٨. ئەوپەڕی دژایەتیکردنی چینییەکان بۆ یەکێتی سۆڤیەت.

٩. تەماشاکردنی سۆڤیەت وەک بەربەستێکی گەورە، لە بەردەم

ئامانجەکانیان، بەرژەوەندیی زلهێزەکاندا.

**هـ - ٩/ بۆچوونی سۆڤیەت، سەبارەت بە پاڵنەرەکانی چین، لە کێشە سنوورییەکاندا، لە (١٩٦٩ - ١٩٧٠)دا:**[٤١]

١. بۆ ئەوەی گەلی چین نەپرژێتە سەر بیرکردنەوە لە شکستە ئابووری و سیاسییەکانی شۆڕشە ڕۆشنبیرییەکە.

٢. بۆ قایمکردنی پێگەو ڕێچکەی هێزەکانی ماو.

٣. بۆ ئەوەی کۆنگرەی نۆهەمی حیزبە چینیەکە لە کەش و هەوایەکی پڕ لە هیستیریای دژە - سۆڤیەتی نائاساییدا بەڕێوە بچێت.

٤. بۆ ئەوەی پلاتفۆرمێکی دژە - سۆڤیەتیانە باڵا بکێشێت بە سەر کۆنگرەی نۆیەمدا، ڕەوایەتی بدەن بەو هێڵە سیاسییە، بیکەن بە سیاسەتی فەرمیی دەوڵەت.

٥. بۆ چاندنی تۆوی ڕقوکینە لە ناو گەلی چیندا، بەرامبەر یەکێتی سۆڤیەتو میللەتەکەی.

٦. بۆ وێناکردنو نیشاندانی یەکێتی سۆڤیەت وەک دوژمنی سەرەکی چین.

٧. بۆ توندکردنەوەی گەلی چین، ئامادەکردنی بۆ جەنگ و قەبووڵکردنی چەرمەسەریی زیاتر.

٨. بۆ درێژەدان بە ڕژێمە بیرۆکراتە سەربازییەکەیان.

٩. بۆ زامنکردنی ئەنجامەکانی شۆڕشە ڕۆشنبیرییەکەیان و بە فەرمی کردنیان.

١٠. بۆ دوورخستنەوەی چین لە کاریگەریەکانی ئایدیۆلۆجیای (سۆسیالیزمی زانستی - Scientific Socialism).

١١. بۆ ئەوەی خەڵکی چین وەها تێ بگەیێنن و ئامادەی بکەن، کە جەنگ لە نێوان چین و یەکێتی سۆڤیەتدا شتێکی دوور نییە.

١٢. بەکارهێنـانی دژە - سـۆڤیەتیزم، بـۆ لێدان و لە نـاوبردنی نەیارەکانی تاقمەکەی ماو لە ناو چیندا.

١٣. بەکارهێنـانی دژە - سـۆڤیەتیزم، بـۆ ڕاگەیانـدنی حـوکمە زۆرەملـێکەی خۆیـان، وەک دیکتـاتۆریەتی پرۆلیتاریـای (بنەڕەتـی)، سۆسیالیزمێکی ڕەسەن.

١٤. بەکارهێنـانی دژە - سۆڤیەتیزم، بۆ دەسـتپێکردنی هێرشـە ئایـــدیۆلۆجییە ڕاســـتەوخۆکانیان، بـــۆ ســـەر دەســـتکەوتە سۆسیالیستییەکانی گەلی چین.

١٥. بـۆ قۆسـتنەوەی هەسـتی وڵاتپەروەریـی خەڵکـی چـین، ویسـتو خواسـتیان بـۆ گێـڕانەوە، بەدەسـتهێنانەوەی حـورمەت و پێگەی وڵاتەکەیان وەک زلهێزێک.

١٦. بـــۆ چەســـپاندنی بیـــری ناسیۆنالیســـتی - بـــۆرژوایی، بیروبـاوەڕی شۆڤێنیسـتی لە مێشـکی گەلـی چینـدا، تـا گیـانی نەتەوەییان وایان لێ بکات پشتیوانی لە ڕژێمی وڵاتەکەیان بکەن.

١٧. بۆ گەیشتن بە ئامانجە خۆپەرستییەکانیان.

١٨. پەنـابردنە بەر سـەرکەشـی سـەربازی، بۆ دەربـازبوون لەو شکستەی کە لە سیاسەتی دەرەوەدا تێی کەوتوون.

١٩. بۆ چەواشەکردنی ڕای خەڵکی چینو وڵاتانی دیکەش.

٢٠. بۆ یارمەتیدانو مـامەڵەکردن لەگەڵ ئەو جـۆرە ڕژێمـانەدا، کە دژە-سۆڤیەتی و دژە - کۆمۆنیستیین و لە بازنەی ئەمریکادان.

٢١. بۆ هاریکاریکردنی ئەڵمانیای خۆرئاوا، لە کاتی قەیرانەکەی بەرلینـدا، ئەویـش بە کـردنەوەی بەرەیەکـی نـوێ، پشـتگیریکردنی بانگەشە کۆنەپەرستێکانی بۆن (Bonn) بۆ داڕشتنەوەی نەخشـەی ئەوروپا.(٤٢)

٢٢. بـۆ چڕکـردنەوەی دژایەتیکردنـی سیسـتمی سۆسیالیسـتی

جیهـــانی، کـــردنەوەی بەرەیەکـــی نـــوێ لە دژی بـــزووتنەوەی کۆمۆنیستی جیهانی، تا خۆیان وەکو هێزی سێیەم نیشانبدەن، کە لە سەر ناکۆکێکانی نێوان دوو سیستمەکەی دیکە یاری دەکات.

٢٣. بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو ئەنجامانەی کە کۆبوونەوەکانی ١٥هەمینـــی لیـــژنەی هاوبەشـــی ســـۆڤیەتی - چینـــی تـــایبەت بە دەریاوانی پێیگەیشتوون.[٤٣]

٢٤. بۆ لە کارخستن و تەگەرەخستنە بەردەم کۆنگرەی پارتە کۆمۆنیستی و کرێکارێکانی جیهان، لە مۆسکۆ.[٤٤]

٢٥. بۆ بێهێزکردنی پێگەی کامپی سۆسیالیستی، هاندانی هێزە ئیمپریالیستێکان بـۆچڕکردنەوەی کـردەوە دوژمنکارییەکانیـان لە دژیان.

٢٦. بـۆ شـکاندن و کەمکـردنەوەی متمـانەی خەڵکی جیهـان بە سیاسەتی دەرەوەی سۆڤیەت، سیاسەتەکانی (CPSU).

٢٧. بـۆ خراپترکردنـی بە ئەنقەسـتی پێوەنـدییەکانی چینـی - سۆڤیەتی.

٢٨. بۆ گومان خستنە نێوان (USSR)و (CPSU)ەوە بە هەر نرخێـک بێـت، تـا ئەو یەکێتییـەی بەرەی کۆمۆنیسـتی لە بەریەک هەڵبوەشـێنێتەوە، بلـۆکێکی سـەر بە تـاقم و گـروپە چینییەکـان دروســـتبکات، تـــا باڵادەســـتی (CCP) بە ســـەر پـــارتە کۆمۆنیســتییەکانی دیـکەدا زامـن بکـات، تـاوەکوو بەزۆر حەز و ئارەزوە زلهێزی - خوازێکانیان بە سەر وڵاتە سۆسیالیستییەکانی دیـکە، پـارتە کۆمۆنیسـتەکانی دیـکەدا، بســەپێنن. هەروەهـا بـۆ ســەپاندنی بنەمـاو ڕێبـازە سەرکەشـییەکانی خۆیـان بە سـەر بـزووتنەوە شۆڕشـگێڕییە جیهانێکـانی خەڵکـی ئاسـیا، ئەفریقـاو ئەمریکای لاتیندا.

٢٩. بۆ بەگژیەکداکردنی خەڵکانی ڕەگەز جیاواز.

٣٠. بـــۆ هێشـــتنەوەی بـــارودۆخی جەنگـــی ســـارد، وەک باکگراوندێک بۆ سیاسەتە سەرکەشییەکانیان.

٣١. بـۆ بەدەسـتهێنانی ڕەزامەنـدیو ئـافەرینی دەسـتەوتاقمی ئیمپریالیســـتی بە ڕابەرایەتـــی ئەمریکـــا، زامنکردنـــی هەلـــی دەستتێکەڵاوکردن لەگەڵیاندا.

٣٢. بـۆ ئەوەی وەهـا خۆیـان دەربـخەن کە شۆڕشـگێڕێکی واقیعبـینو بە ئەمەکـن، تـا پاسـاوی ئەو پێشـنیارەیان بـدەنەوە بـۆ گواستنەوەی سـەنتەری شۆڕشـگێڕیی جیهـان، بـۆ چـین، ئەویش بە ناشیرینکردنو گومان خستنە سەر یەکێتی سۆڤیەتو (CPSU).

# پەراوێزەکانی چاپتەری سێیەم:

(١) جۆهـان گاڵتونـگ (Galtung Johan)، "ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت و تیـۆریی نـاکۆکی"، ڕۆژنـامەی لێکـۆڵینەوەی ئاشـتی، ژمارە ٤-٣، ١٩٧١، ل ٢٠٦ – ١٧٣.

[٢] لەم بەشەو بەشەکانی دیکەی ئەم چاپتەرەدا، ڕووماڵی نزیکەی (٥٠٠) دۆکیومێنت کراوە لە نێوان ساڵانی (١٩٧٠-١٩٦٠)دا، بە تایبەتیش ئەوانەی کە پەیوەندییان هەیە بە مەسەلە سنوورییەکانەوە و لایەنی چینی چاپی کردوون لە پیکین ڕیڤیوو، پیپڵز دەیلی، ڕێد فلاگدا، هەروەها ئەو لێدوانە سۆڤیەتییانەی کە لە پراڤداو ئیزڤێستیا و کاروباری نێودەوڵەتی و نیوتایمز و ڕێدستاردا بڵاو کراونەتەوە. وەرگێڕانی هەندێک لەو دۆکیومێنتانە لە لایەن بڵاو کراوەکانی (کۆنسولخانەی گشتی ئەمریکا لە هۆنگ کۆنگ)ەوە کراوە: وەک کەڕێنت باکگراوند (CB) و ڕووپێوی بڵاو کراوە سەرەکییەکانی چین (SCMP)، وەرگێڕانی لێدوانە سۆڤێتییەکانیش لە گۆڤاری کەڕێنت دایجێست ئۆڤ ژ سۆڤێیت پریس سەرکردە چینی و سۆڤێتییەکان و، چاوپێکەوتنی ڕۆژنامە دەرەکییەکان و بەرنامە و وتارە ڕادیۆییەکان و ، کتێب و نووسینەکانی خەڵکانی ئەکادیمی هەر دوو وڵاتن. بەشێکی زۆری ئەو دۆکیومێنتانەش لە کۆتایی ئەم کتێبەدا بڵاو کراونەتەوە.

[٣] بڕوانە ئەو تێبینییەی سەرەوە (٢).

[٤] تایگا (Taiga)، ئەم دەستەواژەیە بۆ ئەو ناوچانە بە کار دەهێنرێت کە خەڵکیان تێدا ناژی.

[٥] پراڤدا، ١ی سەپتەمبەر، ١٩٦٤، دۆکیومێنتی ژمارە (١٧).

[٦] بڕوانە تێبینی ژمارە (٢) لە سەرەوە.

[٧] بۆ ڕێکەوتننامەیەک کە پێچەوانەی (Rebus Sic Standibus) بێت، بڕوانە هێربەرت و. بریگز (Herbert W. Briggs)، یاسای نەتەوەکان، نیویۆرک، ١٩٥٢، ل ٩١٨-٩١٧، کاری سەرەکی لەم بارەیەوە ئەوەی چیسنی هیلە (Chesney Hill)، "ڕێبازی (Rebus sic stanibus) لە یاسای نێودەوڵەتیدا". زانکۆی

دراساتی میزوری، ژماره ١١، ١٩٣٤، که له لاپەڕە ٧٨دا دەگاتە ئەو دەرئەنجامەی که "یاسا نێودەوڵەتییە ئاساییەکان ئەوە دەسەلمێنن که ئەو لایەنەی دەیەوێت خۆی له ڕێکەوتننامەیەک دەرباز بکات، له سەر بنەمای گۆڕانی بارودۆخ و هەلومەرجەکان، بۆی نییە یەکلایەنە ڕێکەوتننامەکە هەڵبوەشێنێتەوە". تەنانەت ئەگەر گۆڕانکاری بە سەر شێوازی حوکمڕانیکەشدا هاتبێت، (بۆ نموونە، ئەگەر له کۆلۆنیالییەوە بووبێت به دەوڵەت)، بەڵام بەڕێژەیەکی کەمتر دەبێت، ئەگەر گۆڕان به سەر شێوازی حکومەکەیدا بێت. له ت. و. ڕۆبسن (T. W. Robinson)ەوە وەرگیراوە، ل ١٥، هەروەها بڕوانە چارلس دو ڤیسچەر ( Charles De. Visscher)، "تیۆرگەرایی و واقیعبینی له یاسا نێودەوڵەتییەکاندا"، پرینستن، ١٩٥٧. هەروەها هونگدا چیو (Hungdah Chiu)، "هەڵوێستی چینی کۆمۆنیستی سەبارەت به یاسا نێودەوڵەتییەکان"، گۆڤاری ئەمریکی تایبەت به یاسا نێودەوڵەتییەکان، بەرگی ٦٠، ژمارە ٢، ئەپریلی ١٩٦٦، ل٢٦٧ – ٢٤٥.

(٨) پرۆسەی چارەسەرکردنی کێشە سنوورییەکان به دیاریکردن و کێشانی سنوورەکان دەست پێ دەکات، که بریتییە له دیاریکردنی دوو لایەنەی هێڵە سنوورییەکە، به ڕێکەوتن و ڕەزامەندی هەر دوو حکومەتی پێوەندیدار و ، دەستنیشانکردن و پێناسەکردنی له ڕێکەوتنامەیەکدا به بەندی نووسراو. "دیاریکردنی هێڵە سنوورییە هاوبەشەکان، کارێکی زۆر گرینگە له یاسا نێودەوڵەتییەکاندا، هەر ئەوەیە که دەبێتە هۆی پێکەوە بەستنی یاخود لێکترازاندنی پێوەندی هاوسێیەتی له نێوان وڵاتە هاوسنوورەکاندا، هەربۆیە، ئەنجامدانی ئەم کارە پێویستی به پلانێکی ورد هەیە، پێویستە له سەر لایەنەکانیش، دانوستان و

گفتوگۆی تەواو تێروتەسەلی لە سەر ئەنجام بدەن، بە بڕوایەکی تەواوە بڕیاری لێبدەن". أ.ۆ. کوکورا (A. O. Cukwurah)، "چارەسەری کێشە سنوورییەکان لە یاسای نێودەوڵەتیدا"، چاپخانەی زانکۆی ماجستەر، ١٩٦٧، ل ٣٨، هەنگاوی دوەمیش، بە هەمان شێوە، هەروا گرانەو ، پڕە لە ئەگەری کێشەو بەدحاڵیبوون.

**سنوورکێشان:** بریتییە لە کێشانی هێڵە سنوورێکە لە سەر زەوی و، دیاریکردن و دەستنیشانکردنی بە هۆی ستوون و کەڵەکەبەرد و نیشانەی دیکەی لەو جۆرەوە. "لەکاتی ئەم پرۆسەی سنوور دیاریکردنەدایە، کە زۆر جار، دەمەقاڵێ و کێشە دروست دەبێت، خاڵە لاوازەکانی پەیماننامە و ڕێکەوتننامەکان دەردەکەون و ئاشکرا دەبن "، سێر تۆماس هۆڵدیچ (Sir Thomas Holdich)، "سەبارەت بە سنوورەکان" ، لە نێڤیل ماکسوێڵ (Neville Maxwell)ەوە وەرگیراوە، ل٣٧.

(٩) وشەی تالڤێگ (Thalweg) بە ئەڵمانی بە واتای ڕێچکەی کەناڵە ئاوێکە.

(١٠) ئەمەی دوەمیان دارِشتنە چینییەکەی ئەو بنەمایەیە.

(١١) ئەمە ئەو نەخشەیەیە کە یەکێتیی سۆڤیەت لە کاتی دانوستانەکانی تایبەت بە سنووری ساڵی ١٩٦٤دا پێشکەشی کرد.

(١٢) بڕوانە تێبینی دوەم لە سەرەوە.

(١٣) بڕوانە تێبینی دوەم لە سەرەوە.

(١٤) بڕوانە تێبینی(٧).

(١٥) ئیبید.

(١٦) ئەم دابەشکردنە لە سەر لێکۆڵینەوەیەکی پێشووتری تایبەت بە کێشەی سینۆ – سۆڤێیتی بنیاد نراوە، گونار نۆردنستام (Gunnar Nordenstam)، دێن سینۆ – سۆڤێیتیکا کۆنفلیکتن

(Den Sino – Sovjetiska Konflikten) : ئیدۆلۆجی فاکتۆرن (Idologi Faktorn)، ئـون کڤاینتیتـاتیڤ ئینهالیسـانالیز ( En Kvantitutiv Innehallsanalys) سایکۆلۆجیسـکت فۆرسـڤار (Psykologiskt Forsvar)، ژماره ۳۹، ستۆکهۆڵم، ۱۹٦۸.

(۱۷) بڕوانه تێبینی (۲).

(۱۸) بڕوانه دۆکیومێنتی ژماره (۳۷).

(۱۹) ئیبید، هەروەهـا بـڕوانه نێڤیـل ماکسـوێڵ ( Neville Maxwell)، ل۳۸.

(۲۰) پاترسن، ل٥۷.

(۲۱) بڕوانه دۆکیومێنتی ژماره (۷) و ژماره (٤).

(۲۲) بڕوانه دۆکیومێنتی ژماره (٦٦).

(۲۳) بڕوانه دۆکیومێنتی ژماره (٦٥).

(۲٤) بڕوانه دۆکیومێنتی ژماره (۷) و دۆکیومێنتی ژماره (۱۱).

(۲٥) بڕوانه تێبینی (۲۷)ی چاپتەری یەکەم.

(۲٦) بڕوانه دۆکیومێنتی ژماره (۳۸).

(۲۷) بڕوانه دۆکیومێنتی ژماره (٤۲).

(۲۸) بڕوانه تێبینی ژماره (۲۱).

(۲۹) بڕوانه دۆکیومێنتی ژماره (۱۹).

(۳۰) له سەر چەند لێدوانێکی جیاوازی ساڵی ۱۹٦٤ و زووتـر و دواتر، بنیاد نراوه.

(۳۱) ئیبید.

(۳۲) بڕوانه تێبینی ژماره (۲).

(۳۳) ئیبید.

(۳٤) ئیبید.

(۳٥) ئیبید.

(٣٦) لە وتارێکی فو – شینگ (Fu – Sheng)ەوە، تێبینی ژمارە (١٣٩)، چاپتەری یەکەم.

(٣٦أ) بڕوانە تێبینی ژمارە (٢).

(٣٧) ئیبید.

(٣٨) ئیبید.

(٣٩) ئیبید.

(٤٠) ئیبید.

(٤١) ئیبید.

(٤٢) ئەمە ئاماژەیە بەو قەیرانەی کە لە ئەنجامی سوربوونی ئەڵمانیای ڕۆژئاواوە سەری هەڵدا، لەسەر ئەنجامی هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکەی مانگی مارتی (١٩٦٩) لە ئەڵمانیای ڕۆژئاوا.

(٤٣) لێرەدا بەتایبەتی ئاماژە بە ڕووداوەکەی ٩ی جولای (١٩٦٩)ی دوورگەی گۆڵدنسکی سەر ڕووباری ئاموور کراوە، لە کۆبوونەوەی پانزەهەمینی لیژنەی هاوبەشی سۆڤێتی – چینی تایبەت بە کەشتیرانی، (١٨ی جون و ٨ی ئۆگەستی ١٩٦٩).

(٤٤) کۆنفرانسی نێودەوڵەتی پارتە کۆمۆنیستی و کرێکارییەکان لە مانگی جونی (١٩٦٩)دا، لە مۆسکۆ بەسترا.

# چاپتەری چوارەم

# سەرەنجام/ کاریگەرێکان لە سەر داهاتوو

لێکدانەوەی پەیوە ئەنجامدانندییە سنوورییەکانی سینۆ –

سۆڤیەتی، دەبێت لە میانەی پێوەندییە گشتنەتییەکانیاندا ئەنجام بدرێت، ئەو جیاوازییە درێژخایەنانەش بگرێتەوە، کە بەردەوام دێنە ئاراوە، ئەگەرچی وەک فاکتەرێکی پەرەسەندن،[1] یاخود وەک فاکتەرێکی باکگراوندی ڕاستەوخۆش[2] دەستنیشان نەکرێن، بەڵام هەر دەبێت ئەو جیاوازییانە ڕەچاوبکرێن، چونکە ئەمانە لە کۆنیشدا پێوەندییە مێژووییەکانی سینۆ - سۆڤیەتییان دیاریکردوە، تا ئێستاش کاریگەرییان لە سەر بڕیارەکانی کاربەدەستانی سۆڤیەت و چین هەر بەردەوامە.[3]

**جیاوازییەکانیش بریتین لە:**

* ئەو بۆچوونە کۆنەی چین، کە گوایە چین (مەملەکەتی نێوەندە – Middle Kingdom)، کە ئەمەش ناوەڕاستی جیهان دەکات، کە دەبێت هەر چی دەوڵەتەکانی دیکەی دنیا هەیە لە دەوری ئەو و لە فەزای ئەودا بسوڕێنەوە، ملکەچی ئەو بن.

* هەوڵدانی لەمێژینەی ڕووسیا، بۆ فراوانبوون بەرەو سیبریاو زەوییە دوورەکانی ئەوێ، هەروەها بۆ دۆزینەوەی ڕێگەکانی گەیشتن بە زەریای ئارام.

* بە ئاگایی چین لەو لاوازییانەی کە لە ڕابردوودا دووچاری بوە، ئیستغلالکردنی ئەو بێدەسەڵاتی، بێ هیواییەی کە تێیکەوتبوو.

* گەڕانەوەی چینییەکان بە بیرەوەرییەکانی ئەو سەردەمەدا، کە ستالینیستەکان یارییان بە بزووتنەوە کۆمۆنیستییەکەی چین دەکرد، خراپ بەکاریاندەهێنا، هەروەها بۆ هەڵەکانی ساڵانی بیستەکانی ستالینییەکان.

* بۆچوونی ڕووسەکان سەبارەت بەوەی کە یەکێتی سۆڤیەت پێشەوای ڕاستەقینەی بزووتنەوەی کۆمۆنیستییە لە جیهاندا،

ناتوانێت ڕێگەبدات بە چین، کە هەوڵی بەربەرەکانیکردنی ئەو پێشەنگییەی بدات.

* ئەو ترسە نارۆونەی کە ڕووسەکان هەیانە لە (زەردپێستەکان)(*)،

(*)ئاماژەیە بۆ خەڵکانی دانیشتووی ڕۆژهەڵاتی ئاسیا، بە تایبەتی چینییەکان.(وەرگێڕ).

کە ناسراوە بە (مەترسی زەرد - Yellow Peril).

هەندێک هۆکاری دیکە هەیە، کە پێوەندییان بە دەستێوەردانی زلهێزەکانەوە (یاخود ئەوانەی کە خۆیان بە زلهێز دەزانن) هەیە لە سیاسەتەکانیاندا،[٤] لەوانە:

* زلهێزەکان، ترسیان هەیە لەو وڵاتانەی کە دەیانەوێت ببنە زلهێز.

* زلهێزە کێبڕکێکارەکان پێیان وایە کە تێکەڵاوبوونی سنوورەکانی قەڵەمڕەوییان، سنوورە هاوبەشەکانیان، بەردەوام دەبنە جێگەی مشتومڕ و ململانێ.

* ئەو وڵاتەی کە هەست بە دوژمنکارییەکی گشتی دەکات لە، (یاخود دوژمنایەتی دەردەبڕێت بەرامبەر بە) جیهانی دەرەوە، بەردەوام وا هەست دەکات گەمارۆدراوە.

* ئەو وڵاتەی کە هۆکارەکانی هێزی پیشەسازیی مۆدێرن بەدەست دەهێنێت، ڕەنگە وەک هەڕەشە بۆ سەر هاوسێکانی تەماشای بکرێت، ئیتر بەدەر لەوەی کە سیاسەتی ڕاستەقینەی ئەو دەوڵەتە چۆنە، یاخود پێوەندی هێزەکانی چۆنە.

دارمانی بەردەوامو خێرای پێوەندی حیزبی و دەوڵەتی سینۆ - سۆڤیەتی، دەریخست کە ترس و دوژمنایەتییەکی گەورە لە ئارادا هەیە، کە بەشێکی زۆری (نەک هەمووی)، لە کۆنەوە بۆیان ماوەتەوە. ئەو کێشە سنوورییانەش، نموونەی درێژکراوەی ئەو

ڕقو کینەیەیە، کە لە نێوان یەکێتی سۆڤیەت و چیندا هەیە. تووڕەبوون لەو فشارە مێژووییەی کە لە کۆندا ڕووسەکان خستبوویانە سەر ناوچە چینییەکان، بوە هۆی ئەوەی کە حکوومەتی چینی داوای ئەو ناوچانە بکاتەوە، کە کاتی خۆی ئیمپراتۆرەکانی مانچو (Manchu Emperors) لە دەستیانداوە. هەر ئەمەش بوو وایکرد، کە سۆڤیەتیش بیر لەو سنوورانەی بکاتەوە، کە لە ئاسیا و ئەورووپادا هەیبوون.

سیاسەتی سۆڤیەت هێندە جیاواز نییە لە سیاسەتی تزارەکان. هەر دووکیان دەیانەوێت زۆرترین سوودو دەستکەوت بۆ ڕووسیا بەدەستبهێنن، لە سەر حسابی ئەو دراوسێیانەی کە لەو بێهێزترن، یاخود لە ڕووی ئایدیۆلۆجییەوە لێکەوە نزیکن. ڕووسیای تزاری، بەردەوام هەوڵی فراوانکردنی ناوچەکانی دەدا. نەک هەر تەنها ناوچەیەکی بەرفراوانی لە خۆرهەڵاتی دوور و ئاسیای ناوەوەی لە چین پچڕی، خستییە سەر ئیمپراتۆریەتی ڕووسی، بەڵکوو دەستکەوتی تایبەتی دیکەشی لەو ناوچە سنوورییانە بەدەستهێنا، کە مابوون، وەک، مەنشوریا، مەنگۆلیای دەرەوە، سینکیانگ.

ئەگەرچی ڕووسیای سۆڤیەتی، بە گشتی دەستبەرداری هەموو دەستکەوتە تایبەتییەکانی خۆی بوو لە چیندا، بەڵام لە هەمانکاتدا، توانی مەنگۆلیای دەرەوە لە چین بکاتەوە، کۆماری میللی مەنگۆلیای لێ دروست بکات. ئەگەرچی یابان لە سییەکاندا زۆر کارامە بوو لە سڕینەوەی دەسەڵات و کاریگەریی سۆڤیەت لە مەنشوریادا، بەڵام مۆسکۆ، تا جەنگی جیهانی دوەمیش، هەر ڕۆڵێکی بەرچاوی دەبینی لە کاروباری سینکیانگدا.

ڕێککەوتننامەکەی ساڵی (١٩٤٥)ی نێوان ستالین و چیانگ کای - شێک (Chiang Kai-Shek) جیاوازییەکی دیکەشی بۆ شێوازە

ئاسـاييەکەی پێوەنـدييەکانی نێـوان ڕووسو چـین، زیـاد کـرد.[٥] ئەگەرچی ستالین بەڵێنی هاریکاری دابوو، بەڵام هەر بەردەوام بوو لە دەسـت بە سـەرداگرتنی پیشەسـازییەکانی مەنشـوریا، بەدەستهێنانی دەستکەوتی زیاتر لە سینکیانگ.[٦] تەنانەت لە دوای سـەرکەوتنی شۆڕشـە کۆمۆنیستییەکەی چینیش، مۆسکۆ هێشتا هەر حەزی دەکرد چین بە ژێردەستەیی و شوێنکەوتوویی ببینێت. دەسەڵاتو باڵادەستی سۆڤیەت لە مەنشوریا و سینکیانگدا، هەروا بە زەقـی مـایەوە، تـا ناوەڕاسـتی پەنجاکـانیش. تەنـانەت ئەم باڵادەسـتییە لە سـینکیانگدا، بە مـاوەیەکی زۆریـش دوای هەڵوەشاندنەوەی کۆمپانیا هاوبەشە سینۆ - سۆڤیەتیکانیش لەوێ، هەر بەردەوامبـوو. ئیتـر لە کۆتاییـدا هەوڵەکـانی پەکـین بـۆ بەدەستهێنانی پێگەیەکی تایبەت بەخۆی، لە مەنگۆلیای دەرەوەدا، تووشی شکست و نائومێدی هات.

لە سـاڵانی پەنجاکانـدا، خەریکبـوو یەکگرتنـی ئایـدیۆلۆجی کـاریگەریی ئەو پێشـکەوتنانەی دەشـاردەوە، بەڵام کە ناکۆکیێکـان قوڵتربـوونەوە، کـاردانەوەی چینییەکـان بەرامـبەر بەو پێشـکەوتنە ناوخۆییەی سۆڤیەت، هەوڵدانی بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ خۆرئاوادا، وای لە سەرکردە سۆڤیەتییەکان کرد، کە هەندێک لێدوانی وەهـا بـدەن، کە چـین زیـاتر بوروژێنێـت، ڕێـگە خـۆش بکـات بـۆ شـەڕە قسـەیەکی وەهـا، کە بگاتە سوکایەتیکردن بە یەکتری. دیاربوو کە ڕووسەکانو چینییەکان دەیانتوانی کاردانەوەیەکی وەها بنوێنن، کە لە هـی نەتەوەپەرستەکانی زوو بچێت (Old – Fashioned Nationalism).[7]

دیـارە سـەرکردە چینییەکـان، کە هەر خۆیـان تووڕەبـوون لەو لێدوانەی خروشۆڤ، سەبارەت بە پرسە ناوچەییەکان، کە تێیدا بە

ئاشکرا باسی هۆنگ کۆنگ و مەککاوی کردبوو، خاڵێکی دیکەشیان زیادکرد بۆ لیستی ئەو بابەتانەی کە دەتوانن بەربەرەکانی مۆسکۆی پێبکەن و بیشلەژێنن.[٨] ئەمە سودی تاکتیکیشی هەبوو، چونکە ڕێگەیدا بە چین، کە بتوانێت ئیمپریالیزمی سۆڤیەتی، بە هۆی تزارەکانی پێشوویانەوە، ڕەش بکات، کە ئەمەش پرسێک بوو لە جیهانی ئەفرۆ - ئاسیاییدا (Afro-Asian world) زۆر باش بە کار هێنراو ئیستیغلال کرا.

بەکارهێنانی پرسی مەترسی دەرەکی، لە سەر سنوورەکانی چین بۆ ئەوەبوو، کە وڵاتەکە یەک بخات، لە کاتێکدا یەکێتی ڕیزەکان پێویستییەکی گەورەبوو، هەروەها ئەمە دەبوە هاندەرێکی باشیش بۆ ناردنی (خۆبەخشەکان) و نیشتەجێکان بۆ سینکیانگ و ناوچە سنوورییەکانی دیکە.

لە کۆتاییشدا، تاوانبارکردنی یەکێتی سۆڤیەت، بە بەزاندنی سنوورەکان، وەهای لێ چاوەڕواندەکرا، کە کاریگەری هەبێت لە سەر بزووتنەوەی کۆمۆنیستی جیهانی، ڕێگەش لە یەکێتی سۆڤیەت بگرێت، کە هەوڵی ئەوە بدات سنوورەکانی بە هۆی هێزی سەربازییەوە بگۆڕێت، یاخود بەربەست و لەمپەری خۆپارێزی لەو ناوچانەدا دابنێت.

- ئایا ئەم داواکارییە ناوچەییانە، داواکارییەکانی بەرامبەر، تا چەند ڕاستەقینەن؟

ئەو ناوچانەی سۆڤیەت، کە دەکەونە باکووری ڕووباری ئامور، خۆرهەڵاتی ڕووباری ئوسورییەوە، لە خۆرهەڵاتی دووری سۆڤیەتیدا، لەگەڵ چەند بەشێک لە ئاسیای ناوەندی سۆڤیەتیشدا، هەمووی لە لایەن یەکێتی سۆڤیەتەوە پەرەی پێدراوە، لەوەش زیاتر، هیچ دانیشتوانێکی چینییان تێدا نییە. ئەم ڕاستییە، تەواوی

ئەو ناوچـانەش دەگـرنەوە، کە دەکەونە خـۆرهەڵاتی دوورەوە، ئەو ناوچانەی کە حکوومەتی سۆڤیەتی بەردەوام جەخت لە سـەر ئەو ڕاستییەیان دەکاتەوە، کە ڕووسیا ئەم ناوچـانەی داگیرنەکردوە لە سەدەی نۆزدەیەمدا، بەڵکوو هی خۆی بوون، لە سـەدەی حەڤەدا لە دەسـتیدابوون، ئێسـتا بەدەسـتیهێناونەتەوە.[٩] لە بەشـی ئاسـیای نێوەنددا، پێگە و جێگەی سۆڤیەت، جێگەی مشتومڕ و قسـەوباس نییە. جگە لەو سەرکەوتنەی چین لە ڕووداوەکانی جەنگی سـینۆ - سۆڤیەتیدا، هیچ گۆڕانکارییەکی نـاوچەیی گەورە ڕوویـنەداوە، نە لە باکووری خۆرهەڵات، نە لە باکووری خۆرئاواشدا.

باشــە چــی ڕوودەدات، ئەگەر هەر دوولا ژیـرانە بیـربکەنەوە، نەهێڵن ناوچەکە بکەوێتە کێشەو ململانێوە، ئەگەر یەکێتی سـۆڤیەت ڕازیبێــت هەنــدێک وردە گۆڕانکــاری لە بەرژەوەنــدی چــین لە سنوورەکانیدا بکات، یا هەندێک لە دوورگەکانی ناو ڕووبارەکانیش بگـرێتەوە؟! لە بەرامبەریشـدا، چـین بە فەرمـی دەسـت لە هەمـوو داواکارییەکانی هەڵگرێت لە ناوچە جێناکۆکێکاندا.

دەوڵەتــی مەنگۆلیــای دەرەوە، کە دەکەوێــتە نێـوان ئەم دوو وڵاتەوە، بـوە بە مەیـدانی ململانێـی سـینۆ - سـۆڤیەتی، ڕەنـگە هەروەهاش بمێنێتەوە. لە کاتێکدا ناوچە مەنگۆلییەکانی دیکەی سەر بە چین و سۆڤیەت، (هەرێمە ئۆتۆنـۆمییەکەی مەنگۆلیـای نـاوەوەی سـەر بە چـین، کۆمـاری ئۆتۆنـۆمی بوریـات (Buriat)ی (مەنگـۆلی) سـەر بە (USSR) ، لەو میـانەدا هەر فراوانتـر دەبـن. گرینگییەکـی مەنگۆلیـای دەرەوە، گـرینگییە سـتراتیجییەکەیەتی: چـونکە لەوێـوە، هێزەکانی سۆڤیەت و موشەکەکانی، دەتوانن دەوری ئەو زمانەیەی بەرزاییەکـانی مەنشـوریا بگـرن، بەمەش دەتـوانن ڕێـگەی بەرەو پەکـین کەمـبکەنەوە بـۆ نیـوە. گرینگییەکـی دیکەشـی گـرینگییە

سایکۆلۆجییەکەیەتی، لەو ململانێیەدا کە لە نێوان سۆڤیەت و چیندا هەیە لە سەر دەسەڵات و باڵادەستی لە دنیای ئەفرۆ - ئاسیاییدا.

سۆڤیەت پێویستی بە مەنگۆلیایە لە کامپەکەیدا بێت تا دەری بخات (USSR) ئەوە نییە، کە چین دەیڵێت: گوایە وڵاتێکی ئەورووپی پیشەسازیی پێشکەوتوە، هیچ خاڵێکی هاوبەشی نییە لەگەڵ وڵاتە تازەپێگەیشتوەکاندا. هەر وەک چۆن (MPR)یش دەتوانێت یارمەتی و پشتگیریی مۆسکۆ بکات، لە بزووتنەوەی کۆمۆنیستی جیهانیدا. چاوەڕوانی ئەوەش دەکرێت، کە (MPR) هەر لە ژێر سایەی سۆڤیەتدا بمێنێتەوە.

سەبارەت بە ناوچەی قەڵەمڕەوی ڕووسیای جارانیش، لە باکووری خۆرهەڵات و باکووری خۆرئاوادا، مەنشوریا بەردەوام و بە هەموو شێوەیەک، هەر بەشێکی دانەبڕاو بوە لە چین. ئەو مافانەی، کە سۆڤیەت هەیبوون لەوێ، لە دەرهێنانی کانزا، ملکداریی، هەر جۆرێکی دیکەی بەرژەوەندی ئابووری، هەمووی لە ناوبران و یەکلاکرانەوە. تەنانەت ئەو ڕووسە سپییانەش ( white Russians)، کە جاران بەشێک بوون لە پێکهاتەی دانیشتوانەکەی ئەو ناوچەیە، ئێستا هیچیان لەوێ نەماون.(١٠) ئەو پەنجا ملیۆن دانیشتوانەی مەنشوریا، بە زۆری هەموویان خەڵکی چینن، تەنها کەمێک کۆری و مەنگۆلی نەبێت.

بەڵام سینکیانگ وانییە، لێرە چینییەکان کەمینەن، ئەگەرچی ڕەنگە ئەم بارودۆخە زۆر نەخایەنێت. چونکە بەسەرچوونی کات لە بەرژەوەندی پەکیندایە. کۆچی بەردەوامی چینییە ڕەگەزەکانیش بۆ ئەو ناوچەیە، تا دێت، تای تەرازوەکە بەلای چیندا قورستتر دەکات، بەڵام ئایا سۆڤیەتییەکان هەروا دەستەوستان دادەنیشن، تەماشای ئەو وڵاتە دەکەن، کە پڕە لە سەرچاوەی سروشتی، بە

یۆرانیۆمیشـــەوە، دانیشتوانەکەشـــی لە دانیشـــتوانەکانی (ئاســـیای ناوەند)ی خۆی دەچن، هەروا بە ئاسانی بکەویتە باوەشی چینەوە؟ ئایـا دەکریـت ئەم باڵادەســتییەی چـین لە ســینکیانگ، پـێچەوانە بکـرێتەوە؟[١١] ئەو ڕاسـتییەی کە سـینکیانگیش، بە هەمـان شـێوە، مەڵبەنـدی پیشەسـازییە تەشەنەسـەندوەکەی ئەتـۆمیی چینیشـە، قەیـرانەکەی سـۆڤیەت تەواو مەترسـیدارتر دەکـات. ئەو شـوێنە، لە هەموو جێگەکانی دیکەی سەر سنوورەکانی نێوان چین و یەکێتی سۆڤیەت، زیاتر ترسی پێکدا تەقینەوەی لێدەکرێت.

– لە لێکـــدانەوە و شـــیکردنەوەکانماندا، گەیشـــتین بەم دەرئەنجامانەی خوارەوە:

- هـیچ بەڵـگەیەکی ئەوتـۆ لە ئـارادا نیـیە، پشـتگیریی ئەو بیـرۆکەیە بکـات، کە گـوایە چـین وەهـا سـەیری نـاوچە لە دەستچوەکانی بکات لە ڕووسیادا، یاخود هەر پارچەیەکی دیکەی ڕووسـیای ئاسـیایی، کە دەریـچەیەک یـان بوارێـک بێت لە بەردەم مـیللەتە تەشەنەســـەندووەکەیدا.[١٢] توانـــای لە خـــۆگرتنی ئەو زەوییـانەش، کە لە لای بـاکوور و خۆرئـاواوە بە سـنوورەکانی چینەوەن، لە چاو خۆیاندا نزم و بێکەڵکن، بەم تەکنەلۆجیایەش، کە ئێستا لە بەردەستدایە، هیچ کەڵک و سوودێکییان لێنابینرێت.
- ئەگەر لە ڕووی جوگرافیشـەوە نەبێت، ئەم داوایانەی چـین بۆ ناوچە لە دەستچوەکانی، چەکێکی سایکۆلۆجی بەسوودە. ڕەنگە پەکـین نەتوانێـت چـۆک بە سـۆڤیەت دابـدات، بەڵام دەکرێـت سەرکردەکانی چین چاوەڕوانی هەندێک ڕاستکردنەوەی سنووریی لێ بکەن. هەروەهـا چەنـد ئاگادارینامەیەکیشـیان نـارد بۆ مۆسـکۆ، داوای ئەوەی لێدەکەن، کە پێویستە سۆڤیەت کۆتایی بە فشـارەکانی

بهێنێت بۆ سەر زەوییە سنوورییەکانی ناو چین، واتا سینکیانگ و مەنشوریا.

- لە لای خۆشییەوە، سۆڤیەت بە تەمایە لە پشتی سنوورە (لەمێژینە دیاریکراو)ەکانی خۆیەوە، لە ئاسیا، هەڵنەکەندرێت، هەر وەک چۆن دەیەوێت دەستبەرداری ئەو ڕۆڵە تایبەتەشی نەبێت، کە لە (MPR) (کۆماری میللی مەنگۆلیا)دا هەیەتی.
- ئەم کێشە سنوورییانە، هیچ گرینگییەکی ئەوتۆی نەبوو، لە پێوەندییە فەرمییەکانی نێوان حکوومەتەکانیاندا، تا ئەو کاتەی، کە پێوەندیی نێوانیان، لەبەر چەند هۆکارێکی دیکە، تەواو تێکچوو، بەڵام هەر کە پرسی سنوورەکان هێنرانەگۆڕ، بۆخۆی بوو بە پرسێکی جیاواز.
- هەوڵەکانی ساڵی (١٩٦٤) بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان پێش ئەوەی ببنە جێگەی مەترسی، سەرکەوتو نەبوو، لەبەر ئەوەی چینییەکان، دیسانەوە لەبەر چەند هۆکارێک کە پێوەندییان بە سنوورەوە نەبوو، حەزیان نەدەکرد چارەسەربکرێت.[١٣]
- بەڵام لە ڕووی تیۆرییەوە، هیچ ڕێگری و بەربەستێکی وەها گرینگ لە بەردەم چارەسەری کۆتایی و سەرتاسەریی کێشەکە لەئارادا نییە، کە نەتوانرێن بە سەریدا زاڵ ببن.
- ناکۆکییەکە لە ناوەڕاستی ساڵی (١٩٦٦)دا و لە سەرەتای (قۆناغی کاراکردنی) شۆڕشە ڕۆشنبیرییەکەدا قوڵتر بووەوە. هەر دوولاش وەک یەک، خەتابارن لە نانەوەی ئەو ڕەوشەدا کە دوایی دروستبوو.

دیاربوو کە چین ڕێگەی دابوو بە توندڕەوەکانی شۆڕشە ڕۆشنبیرییەکەی، کە بە ئارەزووی خۆیان سنوور ببەزێنن. ئەمەش وای لە سۆڤیەت کردبوو ترسی لێبنیشێت سەبارەت بە

هەڵسـوکەوتی، گـوایە نـائەقڵانیەی، چینییەکـان. ترسـی ئەوەشـی هەبـوو، کە چینییەکـان بە ژمـارەی زۆر، لە خـۆرهەڵاتەوە خۆیـان بکەن بە سنووردا، وەک ڕەوە کوللە بدەن بە سـەر خاک و زەوی سـۆڤیەتدا، تێیـدا نیشـتەجێ بـبن. بـۆیە سـۆڤیەتییەکان لە لای خۆیـانەوە، کـاردانەوەیەکی زیـاد لە پێویسـتیان نوانـد، بەرامـبەر بە شـاڵاوەکانی شۆڕشـە ڕۆشـنبیرییەکە، سنوورەکانی خـۆی زیـاد لە پێویسـت قـایم کـرد، تـا بتوانێـت وەک پێویسـت مـامەڵە لەگەڵ ئەو پڕوپاگەنـدانەدا بکـات، کە جەمـاوەرە گێرەشـێوێن و لە کـۆنترۆڵ دەرچوەکـانی چـین بڵاویـان دەکردەوە، تـا ئـارامی سنوورەکانی بە دەستێکی پۆڵایین بپارێزێت.

سـەبارەت بەو پێکـدادانە چەکدارییانەش کە لە مـانگی مـارتی (١٩٦٩)دا ڕوویاندا، هۆکارەکانی تەواو جیاوازن. پاسـاوی سـەرەکی ئەو ڕەفتـارانەی چینییەکـانو سـۆڤیەتییەکان، پشتدەبەسـتێت بە کۆمەڵێک پاڵنەری تێکەڵاوی مێژوویی، ناوخۆیی، جیهانی، کەسێتی، سیاسـەتی دەرەکـی، واتـا ئەو پێوەنـدییە قـووڵەی، کە لە نێـوان سیاسەتی ناوەوە و سیاسەتی دەرەوەی هەر دوو وڵاتدا هەیە.

لە دوای ڕووداوەکەی مانگی مارتی (١٩٦٩)ەوە، سۆڤیەت هەر بەردەوام بوو لە (ستراتیجییەتە دوولایەنییەکەی - Dual Strategy)، لە هەڕەشەکردن بە گرتنەبەری هێز، پێشنیازکردنی چارەسـەر، تـا بەو شێوەیە بتوانێت چین بهێنێتەوە سەر ئەو مێزی دانوستان و گفتوگۆیەی، کە لە (١٩٦٤)ەوە دەستییان لێ هەڵگرتوە. کە ئەمەش دەرەنجـامێکی خێـرای لێـنەکەوتەوە، هێزێکـی گەورەیـان ڕەوانەی خۆرهەڵاتی دوور کرد، تەواو خۆیان ئامادە کرد بۆ خۆنواندنێکی سەربازیی.[١٤] بەکارهێنانی ئەم نیوەی دوەمە لە ستراتیجیەتەکەی، کە ستراتیجی سـەربازییە، بۆ ئەوەبوو کە پاڵپشـتو پشـتیوانی لە

نیوەی یەکەمەکەی بکات، کە دبلۆماسیەتە. بەم شێوەیە چینییەکان وردە وردە، لە ژێر ئەم فشارە نوێ و چڕەی ڕووسەکاندا، پاشەکشەیان کرد، ئەوەبوو لە مانگی مەیدا دەستبەرداری ئەو داوایەیان بوون، کە پێویستە سۆڤیەت ددان بە سروشتی (نابەرابەر)ی ڕێککەوتننامە سنوورییەکانی سەدەی نۆزدەیەمدا بنێت، وەک مەرجێک بۆ دانوستان و گفتوگۆکردن.(١٥) لە مانگی جونیشدا ڕازیبوون لەگەڵ سۆڤیەتییەکاندا لە خەبەرۆڤیسک دانوستان بکەن، بە مەبەستی ئیمزاکردنی ڕێککەوتننامەیەکی یەک ساڵی تایبەت بە کەشتیرانی لە ڕووبارە سنوورییەکاندا.(١٦) دیاربوو چینییەکان کەوتبوونە ژێر فشارێکی زۆرەوە. ئەوەبوو هەر ڕۆژێک دوای دەستپێکردنی دانیشتنەکان، پێکدادانێکی سنووری لە دوورگەی گۆڵدینیسکی (Goldinsky Island) ڕووی دا، وەفدەکەی چین ناڕەزایی خۆی دەربڕی بەرامبەر بە ئەم کارەی سۆڤیەت، لە دانیشتنەکان هاتەدەرەوە، بەڵام هەر خێرا، بۆ ڕۆژی دواتر، هاتنەوە ناو دانیشتنەکان.(١٧) ڕێککەوتنەکەی تایبەت بە کەشتیرانی لە ڕووبارە سنووریەکاندا، لە ناوەڕاستی مانگی ئۆگەستی (١٩٦٩)دا ئیمزاکرا، بەڵام سۆڤیەت هەر بەردەوام بوو لە سەر فشارەکانی، بەردەوام ڕووداوی سنووریی دەخوڵقاند، کە مەترسیدارترینیان ئەوەی ناوچە هەستیارەکەی سنووری سینکیانگ بوو، کە تێیدا پیشانیدا، ئەگەر پەکین ڕازینەبێت دانوستان بکات، چی چاوەڕوانی دەکات.(١٨) ڕووسەکان بە ئاشکرا ئەو هەڕەشەیەیان خستە سەر مێزەکە، کە سینکیانگیش دەکەن بە مەنگۆلیایەکی دیکە.(١٩) جگە لەوە، مەترسی ئەوەش هەیە کە هێرش بکاتە سەر دامەزراوە ئەتۆمی و موشەکییەکانی چین. ئەم پڕوپاگەندەیەش، سۆڤیەت نەک هەر نکوڵی لێنەدەکرد، بەڵکوو یارمەتی بڵاوکردنەوەشی دەدا.(٢٠)

له ئەنجامـــدا، وەک چاوەڕوانـــدەکرا، چینییەکـــان لە (٢٠ی سێپتەمبەر)دا، لە دوای کۆبوونەوەکەی چو ئین - لای و ئالێکسی کۆسـيگین، لە فڕۆکەخـانەی پەکـین، ڕازیبـوون، کە لە مـانگی ئۆکتۆبەردا، دانوسـتانێکی فراوانـی گشـتگیر ئەنجامبـدرێت.[٢١] بێ گومـان، ئەمە مانـای ئەوە نەبـوو کە گفتوگۆکـان دەگـاتە هـیچ ئەنجامێـک، ئەگەرچـی چـین لە وتـارەکەی (٨)ی ئۆکتۆبەریـدا وا دەردەخـات، هەر چـی نـاڕەزاییەکی جەوهەریـی هەیە، وەلای دەنێـت،[٢٢] بەڵام مەبەسـتی سـەرەکی چـین لە چـوونە نـاو گفتوگۆکـانەوە ئەوەبـوو، کە خـۆی لەو قەیـرانەی سیاسـەتە عەسکەرتارییەتەکەی سۆڤیەت دەرباز بکات، ئەو گفتوگۆیانە بە کار بهێنێت بۆ خۆپاراستن لە هەڕەشەکانی ڕووسیا. بەڵگەش لە سەر ئەمە، لە وتـارەکەی مـاودا دەردەکەوێت، کە لە سـاڵی (١٩٤٦)دا، لە ژێـر نـاوی (سـەبارەت بە دانوسـتانەکانی چونگکینـگ ( On Chungking Negotiations)دا، لە بـڵاو کراوەکـانی نـاوخۆی حیزبـدا بـڵاو کـراوەتەوە، کە تێیـدا، سـەبارەت بە هۆکارەکـانی دانوسـتانو گفتوگـۆکردن لەگەڵ دوژمنـدا، دەڵێـت: ئەمە تەنهـا بـۆ بەدەستهێنانی کـاتی زیـاترە، تـا لە دواییدا بتوانین شـەڕێکی براوە بکەین،[٢٣] بەڵام سۆڤیەتییەکان هەر زوو لەم گەمەیە گەیشتن، بۆیە بڕیاریاندا فشـارە سـەربازییەکانیان دەسـت پـێ بکەنەوە، تـا نەهـێڵن چـین بە ئـارەزوی خـۆی درێـژە بە گفتوگۆکـان بـدات تـا کـاتێکی نادیار.

گرینگـی پێکـدادانە چەکدارییەکانی سـاڵی (١٩٦٩)، تەنهـا لەوەدا نەبـوو کە ئەمە یەکەم پێکـدادان و گەورەتـرین پێکـدادان بـوە، لە نێـوان دوو هێـزی گەورە و سـەرەکی کۆمۆنیسـتیدا، بەڵکـوو لەبەر ئەوەش بـــوو کە ئەم ڕووداوانە، کۆتاییـــان بە قۆناغێـــک لە

پێوەندییەکانی سینۆ - سۆڤیەتی هێنا، ڕێچکەیەکی نوێی هێنایە ئاراوە، کە ترۆپکەکەی دەستپێکردنەوەی دانوستانەکانی تایبەت بە سنوور بوو، لە مانگی ئۆکتۆبەری (١٩٦٩)دا. ئەگەر ئاوڕێک لە ڕابردوو بدەینەوە، ڕەنگە ئەو پێکدادانانە بووبنە خاڵی وەرچەرخان لە پێوەندییەکانی سینۆ - سۆڤیەتیدا، بە مەرجێک ئەو دانوستانانەی ئێستای نێوانیان، سەبارەت بە سنوورەکان، ببێتە مایەی دەرکردنی بەڵگەنامەیەکی وەها، کە بەفەرمی سنوورەکان دیاری بکات. ڕێککەوتنێکی لەوجۆرە، ڕەنگە سنوورێک بۆ تێکچوونی پێوەندییەکانی نێوان چین و سۆڤیەت دابنێت، ببێتە مایەی گێڕانەوەی هاریکاریی نێوانیشیان، ئەگەر کەمیش بێت، تەنانەت ئەگەر گفتوگۆکانی پەکین سەرکەوتووش نەبوو لە ڕێکخستنەوەی ئەم دوو لایەنەدا.. جا بە هۆی سەرنەکەوتنی دانوستانەکان، ئەگەری دەستپێکردنەوەی شەڕەوە بێت، یاخود بە درێژەدان بێت بە دانوستانەکان لە پێناو خۆدزینەوە لە دەرەنجامەکانی شکستهێنانی دانوستانەکان.. پێکدادانە چەکدارییەکە کاریگەرییەکی گەورەی هەبوو لە سەر پێوەندی درێژخایەنی سینۆ - سۆڤیەتی، لە سەر سیاسەتی جیهانیش.

لە مەودوا هەستو بۆچوونی چین و سۆڤیەت بەرامبەر بە یەکتری، بە پێی ئەو شێوازی پێوەندییە دەبێت، کە لە داهاتوودا کۆیان دەکاتەوە. ئایا پێوەندییەکان خراپتر دەبن؟ یاخود برینی نێوانیان سارێژ دەبێت؟ یاخود هەر دوو وڵات دەگەڕێنەوە سەر بای بەرە کۆن، بارودۆخی پێش شۆڕشە ڕۆشنبیرییەکە؟ پێوەندی خراپ، بۆچوونی هەر دوو وڵات دەگۆڕێت، سەبارەت بەو ئاستەی کە پێویستە پێوەندییەکانیان و ململانێکانیان کاریگەریی هەبێت لە سەر سیاسەتی سنوورییان، بەڵام لێک نزیکبوونەوە، شتی دیکەی

لێ دەکەوێتەوە، بەوپێیەی کە مەرجەکانی کام لا قەبووڵ دەکرێت.

بەڵام سەبارەت بە پرسە هەنوکەییەکەی ئەگەری جەنگ لە نێوان چین و یەکێتی سۆڤیەتدا، ئەو پرسیارە دێتەئاراوە، ئایا تا چەند مشتومڕەکان لە سەر سنوور، دەبنە هەڕەشە، پەرەدەستێنن بەرەو شەڕێکی بەرفراوان؟

بە گشتی، کۆمەڵێک جیاوازیی بنەڕەتی هەیە، لە نێوان بۆچوونەکانی سۆڤیەت و چیندا، لەو ڕوانگەیەوە کە یەکێتی سۆڤیەت، بووە بە نەتەوەیەکی پێشکەوتووی دەستڕۆیشتووی (هەبوو) (a have nation)، لە ڕووی سەربازی، سیاسی، ئابووری، لە هەمووشیان گرینگتر، لە ڕووی سایکۆلۆجیشەوە، بەڵام چین، ئەگەرچی ئێستا وەها حسابی بۆ دەکرێت، کە چەند تاقیکردنەوەیەکی ئەتۆمیی ئەنجامداوە، بەڵام هەر بە دەوڵەتێکی (نەبوو) (a have-not nation) لە قەڵەم دەدرێت، لە زۆربەی بوارەکاندا، تەنها لە ڕووی دیمۆگرافییەوە (Demography) نەبێت. ئەم ڕاستییە ئەوە دەگەیەنێت، کە ڕژێمی سۆڤیەتی، قازانج زیاتر دەکات لە مانەوەی ئەو بارودۆخەی ئێستا، وەک لە چین، بەڵام پەکین هۆکاری زیاتری هەیە، بۆ گرتنەبەری سیاسەتێکی شۆڕشگێڕانە، ئەگەر مەترسیشی زیاتر بێت، تاوەکوو ئەو گۆڕانکارییانە بە دەست بهێنێت، کە پێویستن بۆبەرژەوەندی خۆی.

بەڵام، لەگەڵ ئەوەشدا، هەڵەدەکەین ئەگەر هەوڵبدەین پێوەندییەکی ساکار بدۆزینەوە، یاخود دروستبکەین، لە نێوان دۆخی (هەبوو) یان (نەبوو)، ئامانجە گشتییەکانی سیاسەتی دەرەوەدا. ئەو پاڵنەرانەی کە شێوازی کاروبارەکانی دەرەوە دیاری دەکەن، دژوار و جۆربەجۆرن، بەڵام لەوانەبوو چینیش هەر وەک یەکێتیی سۆڤیەتی بکردایە، لە دوای بیستەکانەوە، ئەگەر ئەو

بارودۆخەی کە ڕووبەڕوی ڕژێمەکەی چین بوەوە، بە هەمان ئەو ئاقارەدا بڕۆیشتایە، کە بارودۆخەکەی کرێملن (Kremlin)ی پێدا تێپەڕی.(٢٤)

ئەگەر چاوێک بە ڕێچکە پڕ لە ئاژاوە، پڕ لە ناکۆکێکەی، پێوەندییەکانی نێوان چین و سۆڤیەتی چەند ساڵی ڕابردوودا بگێڕین، بۆمان ڕووندەبێتەوە، کە سەرانی چین، دەرک بەو بەربەستە بەهێزانە دەکەن، کە دەبنە ڕێگر لە بەردەم هەر جەنگێکی گەورە، لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەتدا، جا لە سەر ناوچە سنوورییەکان بێت، یان هەر شتێکی دیکە. چونکە، جگە لەو باڵادەستییە گەورەیەی، کە یەکێتی سۆڤیەت هەیەتی، لە بواری پیشەسازیی سەربازی و چەکی ستراتیجیدا، چین دەزانێت، کە تووشی کێشەی لۆجیستیی گەورە دەبێتەوە، لە هەر کێشەیەکی سینۆ – سۆڤیەتیدا، ئەمە بەدەر لە کێشە ناوخۆییە بەردەوامەکانی. لە لایەک، لە لایەکی دیکەوە، پێدەچێت پەکین دڵنیابێت لەوەی، کە پێگەی سیاسیو ئایدیۆلۆجی هێندە بەهێزە لە جیهاندا، کە ڕێگەی پێبدات ئەو کێشە سنوورییانە چارەسەربکات، بێئەوەی مەترسی هیچ جەنگێکی گەورە بهێنێتە سەرخۆی.

ڕەنگە پەکین وەها یەکێتی سۆڤیەت ببینێت، کە ترسی لە چین و هێزی بەرگرییەکەی، لە لایەک، ڕاڕایی و دوودڵی خۆیشی، لە لایەکی دیکە، جوڵەی لێبڕیبێت، بەڵام ڕەنگە پشتبەستنی بەم بۆچونەی، لە دوای هەڵمەتە داگیرکارییەکەی سۆڤیەت بۆ چیکۆسلۆڤاکیا، کەمتر بووبێتەوە.

هەر لەو ڕوانگەیەشەوە، هەڵسوکەوتی چین، لە مانگی سێپتەمبەری (١٩٦٩)ەوە، وەها بوە کە هەوڵیداوە، لە لایەکەوە، خۆی بپارێزێت لە ڕووداوی گەورەی سنووری، لە لایەکی

دیکەشەوە، وا لە سۆڤیەت بکات، لە گەمە سیاسییەکەدا بمێنێتەوە، ئەویش لە ڕێگەی درێژەدان بە گفتوگۆکان، کە تێیدا چین بەردەوام هەر داوای ئاگربڕ بکات، لە بەرامبەر هەندێک وردە تەنازولدا لە لایەن خۆیەوە.

جگە لە ئاگربڕ، وا دیارە پەکین سورە لە سەر ئەوەی، هەر نەبێت، هەندێک خاڵی بەهێزیش لە پرسە سنوورییەکاندا بەدەست بهێنێت، کە سۆڤیەت، وەک سەرەتایەک، دان بە (نابەرابەری)ی سروشتی ڕێککەوتننامە ڕەسەنەکانی تایبەت بە سنووردا بنێت، لەگەڵ هەندێک وردە گۆڕان لە سنوورەکاندا، لە بەرژەوەندی چین، لەو ناوچانەدا کە هێزەکانی سۆڤیەت داگیریانکردوە، یاخود لەو ناوچانەدا کە بە پێی ڕێککەوتننامەکان هی چینن، بەڵام سۆڤیەت پێشڕەویی کردوەتە ناویانەوە، (بە تایبەتی ناوچەکانی ئامور – ئوسوری و پامیر).

هەر لەو کاتەدا، لەبەر خاتری پێکەوە گونجاندنی ئایدیۆلۆجی، کاریگەریی سیاسیی ناوخۆیی، ئەگەر هەر نەبێت لە بەرچاوی دەرەوە، پەکین بەردەوام بوو لە سەر پابەندبوونی، بە ستراتیجییەتی دووفاقێتییەکەی ماویزمەوە بەوەی، کە جاروبار تووڕەیی خۆی بەرامبەر بە سۆڤیەت (سۆسیال – ئیمپریالیزم) بەتاڵ بکاتەوە، خۆی بەدوور بگرێت لە (کاری هاوبەش) لەگەڵ یەکێتیی سۆڤیەتدا، سەبارەت بە پرسەکانی هاوشێوەی کەمبۆدیا. لە هەمانکاتیشدا حکوومەتی چینی هەوڵبدات پێوەندییە سیاسی و دیپلۆماسییەکانی لە شوێنێکی دیکەوە چاکبکاتەوە، پەرەی پێ بدات.

لە لایەنی سۆڤیەتیشەوە، بە هەمان شێوە، مەیلێکی ئەوتۆ نییە بۆ شەڕ. لە ڕوانگەی سەربازییەوە، زۆربەی دەستدرێژییەکانی سۆڤیەت بۆ سەرخاکی چین، نەک دەکرێت وەها ئەژماربکرێت، کە

نەک تەنها بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی زیادبوونی ژمارەی هێزەکانی چین بوە، لە زۆربەی ناوچەکاندا، یاخود بۆ بەرەنگاربوونەوەی خەڵکە چەکدارە گێرەشێوێنەکانی ئەو ناوچانە بوە، بەڵکوو لە ترسی ئەوەش بوە کە کێشەی لۆجیستیکی گەورەشی لێبکەوێتەوە. لەوەش زیاتر، ئامادەکارییەکانی هێزی بەرگری چینی، زۆر زیادیکردبوو.[٢٥]

ڕێگرە سیاسییەکانیش هێندەی ڕێگرە سەربازییەکان بەهێزن، بۆ نموونە، هیچ بەڵگەیەکی وەها لە بەردەستدا نییە، کە مۆسکۆ بتوانێت هیچ ڕژێمێکی (سەربەخۆی) لە چین دابمەزرێنێت، یاخود داوای بکات، مەگەر لەو ناوچانەدا کە زۆربەی خەڵکەکەی خەڵکی چین نین. بەم شێوەیە، ئەگەر یەکێتیی سۆڤیەت بیەوێت دەستتێوەردانێکی سەربازی، هاوشێوەی ئەوەی چیکۆسلۆڤاکیا، لە چیندا ئەنجام بدات، تاوەکو بیروباوەڕەکانی بریجنێڤ بسەپێنێت بە سەریدا، زۆر پێدەچێت هیچ سوودێکی نەبێت. لەوەش زیاتر، دەرئەنجامەکەی ئەوە دەبێت کە ڕقو کینەی چینییەکان بەرامبەر بە ڕووسەکان زیاتر ببێت، بەم شێوەیەش هەر چی خەونو ئاواتی سۆڤیەتی هەیە، بە دامەزراندنی جیهانێکی کۆمۆنیستی یەکگرتوو، بە سەرکردایەتیو ڕابەرایەتی مۆسکۆ، هەمووی بە هەدەر دەچێت.

چەندین متمانە و ڕێگریی دیکەش لە ئارادان، لەوانە، بەهێز بوونی ئەم دواییانەی پێگەی سیاسی چین لە ئاسیادا، لێکنزیککردنەوەی چینو ئەمریکا، ئەگەری لێک دوور کەوتنەوە و کەوتنەوەی ئاژاوە لە نێوان پارتە کۆمۆنیستەکانی دیکەی جیهاندا، ئەگەر شەڕ لە نێوان یەکێتی سۆڤیەت و چین هەڵبگیرسێت، ئەو تێکچوون و نائارامییەی، کە ڕەنگە لەکاتی هەر ئۆپەراسیۆنێکی گەورەی بەرفراواندا، بکەوێتەوە باری چەسپاوی ئابووریو

سیاسی ئاسیای ناوەندی سۆڤیەتییەوە، بڕوای سۆڤیەت بەوەی کە ڕوودانی هەر پێکدادانێکی ڕاستەوخۆی نێوان چین و سۆڤیەت، بە فیتو هاندانی وڵاتانی خۆرئاوا دەبێت، دەشیقۆزنەوە بۆ بەرژەوەندی خۆیان، پێویستی ئەوەی کە گرینگی سەرەکی بدرێت بە کێشە ئابوورییە هەنوکەییەکانی ناو وڵات، پاراستن و بەهێزترکردنی پێگەی سۆڤیەت لە ئەورووپا و خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا.

بەم شێوەیە، دەبینین تای تەرازوی دەستکەوتە سیاسییەکان، بەوە قوورستر دەبێت، کە خۆی بپارێزێت لە ململانێ و کێشەی گەورە لەگەڵ چیندا، چاوەڕوان بکرێت تا ماو دەمرێت، بەوهیوایەی کە لەگەڵ شوێنگرەوەکانیدا بگەنە ڕێککەوتنێک.

بەڵام لە لایەکی دیکەوە، هەندێک فاکتەری وەهاش هەیە، کە ڕەنگە لە هەندێک بارودۆخی تایبەتدا، هێندە بەهێز ببن، کە تای تەرازووەکە، لە مۆسکۆ، بە لای فشاری سەربازییدا لاسەنگ بکات، بەڵکوو تەنانەت کار بگاتە هێرشێکی بەرفراوانی گەورەش بۆ سەر چین، چونکە سروشتو قەبارەی هێزە سەربازییەکانی سۆڤیەت لە ئاسیادا وەک ئەوە وایە، کە مۆسکۆ سووربێت لە سەر ئەوەی، کە هەموو ئەگەرە ئاساییو ناوکییەکانیش، بە توانای وەشاندنی یەکەم گورزی ئەتۆمیشەوە، جا بۆ خۆپارێزی بێت، یاخود وەک پێشەکییەک بێت بۆ هێرشێکی سەرتاسەری، لە دەستی خۆیدا بهێڵێتەوە.[٢٦] دیارە بوونی ئەم ئەگەرانە، ڕەنگە وا بکات، کە لە کاتی گرژیدا، یەکێکیان بە کار بهێنرێت.

لە هەمانکاتدا، گومانێکی بچووک هەیە لەوەی کە پەکین، بە کشانەوەی لە گفتوگۆ سنوورییەکان، ئەو پرسانەی کە ڕەنگە پێوەندییە حکومێکانی نێوانیان ئاسایی بکاتەوە، هەروەها بە

بەردەوامبـــوونی لە پیـــادەکردنی سیاســـەتێکو ئایـــدیۆلۆجییەتێکی توندی ناسازشـــکارانە بەرامـــبەر بە مۆســـکۆ، دانبەخـــۆداگرتنی ســـەرکردە ســـۆڤیەتییەکان تـــاقی دەکـــاتەوە، وایـــان لـــێ دەکـــات کە فشاری سەربازیی زیاتر بخەنە سەر چین، تا بەزۆر پاشەکشەی پێ بکەن. هەروەها بەرەوپێشچوونی ئەم دواییانەی پێوەندییەکانی ســـۆڤیەت لەگەڵ خۆرئـــاوادا، ترســـی مۆســـکۆی لە جەنگێکـــی دووبەرەیی (Two – Front War) ڕەواندوەتەوە، ئەمەش زیاتر هـانی دەدات، کە هەتـا بارودۆخ لەبارە، دەرسـێکی چین دابدات. لە سەروو هەموو ئەمانەشەوە، ئەگەر ئەو ترسە کۆنەی مۆسکۆش لە بەرچـاو بگـرین، لەو هەسـتە دوژمنکـارانە مێـژووییەی چـین، کە ئەویـش خەریـکە هێزێکـی نـاوکی وەهـا بەدەسـت دەهێنێـت، کە دەکرێـت پێـی بـدات لە یەکێتـی سـۆڤیەت، ئەوا ئەگەری هێرشـێکی خۆپـارێزیی، زۆر ڕێـی تێـدەچێت. بـێ گومـان وەک ڕێوشـوێنێکی بەرگری لە خۆکردن، پێویستە ئەو ئەگەرە بە هەند وەربگیرێت.

لە کۆتاییـدا دەڵێـین، ئەو ڕێچکـانەی کە ڕەنـگە پێوەنـدییەکانی سینۆ – سۆڤیەتی لە داهاتوویەکی نزیکدا پێیدا تێپەڕببێت، هەموو ئەگەرەکان لە خۆدەگرێت، هەر لە ئەگەری ئاشتییەوە، بۆ ئەگەری جەنگ، تەنانەت ئەگەری دۆخی نە ئاشتی و نە جەنگیش.

## پەراوێزەکانی چاپتەری چوارەم:

(١) ئەمە وەک ئەوەی کە کـــاریگەری هەیە لەســـەر مێـــژووی پێوەندییەکانی سینۆ – سۆڤییتی.

(٢) بـــۆ نمـــوونە، ئەو شـــتانەی کە بە هۆکـــاری کورتخـــایەن

دادەنرێن لە کێشەکەدا.

(٣) مەبەست و ئامانجی ئەم کتێبە ئەوە نییە ئەوە ڕوون بکاتەوە، چۆن ئەم فاکتەرانە کاریگەرییان هەبوە و تا ئێستاش هەیانە، لە سەر بۆچوونی بڕیاربەدەستەکانی هەر دوو وڵات.

(٤) ئەو فاکتەرانەی کە پێوەندییان هەیە بە پەرەسەندنی سنوورەکانی سینۆ – سۆڤییتییەوە، لە لایەن پرۆفیسۆر ڕۆبێرت س. نۆرث (Professor Robert C. North)ەوە بە باشی دیاری کراون، هەروەک ئەوەی ت. و. ڕۆبنسن (T. W. Robinson) ئاماژەی پێکردوون، ل٣.

(٥) پەیماننامەی سینۆ – سۆڤییتی تایبەت بە دۆستایەتی و هاوپەیمانی کە لە (١٤)ی ئۆگەستی (١٩٤٥)دا مۆرکرا، ئەو بەڵێنەی دووپات کردەوە کە لە ڕێکەوتننامەی یالتای مانگی فێبریوەری (١٩٤٥)دا. بە یەکێتی سۆڤییێت درابوو، یەکێتی سۆڤییێت پارچە زەوییەکی بە دەست هێنا. لە سەر بەندەری پۆڕت ئارسەر، وەک بنکەیەکی دەریاوانی و دانپیانانێکیش بە باڵا دەستیدا لە بەندەرە بازرگانییەکەی پۆرت دایرندا (Port Dairen)، کە دەبوو بکرێت بە شتێکی جیهانی. هێڵی ئاسنی چانگ چون (Chang Chun)ی چینی، کە هێڵە ئاسنییەکانی چینی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای مەنشوریای پێکەوە دەبەستەوە، کۆمپانیایەکی هاوبەشی سۆڤییێتی – چینی بەڕێوەی دەبات. لەوەش زیاتر، باشووری ساخالین دەدرێتەوە بە یەکێتی سۆڤییێت و، جگەلەوەش، دوورگەکانی کورایڵ دەدرێت بە یەکێیتی سۆڤییێت، تا بتوانێت لەوێوە دەرچەکانی بۆ سەر ئۆقیانووسی ئارام بپارێزێت. سەبارەت بە مەنگۆلیای دەرەوەش حاڵەتی ئێستای وەک خۆی دەهێڵرێتەوە، بە واتا وەک کۆمارێکی سەربەخۆی (MPR).

(٦) ئامێری زۆر نوێی، لە جۆری باش و بێ کەموکوڕی، لەگەڵ چەنــدین مۆلیــدەی کارەبــا و ئــامێرو کەرەســـەی لەو جــۆرە و پێوەندیدار، لەگەڵ بڕێکی زۆر لە خواردەمەنی و پێداویستی دیکە، بە بڕی (٦٥٠) ملیۆن پاوەند، بەم شێوەیە لە مەنشوریا هێنرانەدەر.

(٧) لێــرەدا دەســـتەواژەی کــۆن (Old Fashioned)، لە چوارچێوەی ئایدۆلۆجییە مارکسیێکەیدا بەکارهێنراوە، نەک مەبەست لێی سوکایەتی پێکردن بێت.

(٨) بڕوانە دۆکیومێنتی ژمارە (٥).

(٩) بڕوانە دۆکیومێنتی ژمارە (٢٩).

(١٠) لە لە دوایەمین ئەو گروپانەی ڕووسە سپی پێستەکان، کە چینییــان بەجێهێشـــت، بە ســـەرکردایەتی گریگــۆری مینچینکــۆ (Grigori Minchenko) بــوو، کە لە ســاڵی (١٩٦٤)دا گەیشــتە هۆنگ کۆنگ. لە پاترسنەوە (Patterson)، ل١٢.

(١١) لە مــانگی مــارتی (١٩٧٢)دا، ڕوود پراڤــۆ (Rud Pravo)ی ئۆرگـــانی پـــارتی کۆمۆنیســـتی چیکۆســـلۆڤاکی، لە وتارێکـــدا نوسیوییەتی کە، سینکیانگ هی یەکێتی سۆڤییەتە، هەروەها بڕوانە عیسا یوسف ئالپەتکین (Isa Yusif Alptekin) سکرتێری گشتی کۆماری تورکستانی ڕۆژهەڵات، سەبارەت بە دروستکردنی سوپای ڕزگــاری (هــی تورکســتانی خــۆرهەڵات)، لە یەکێتیــی ســۆڤییت، لە (١٩٧١)دا، لە (فارئیسترن ئیکۆنۆمیک ڕیڤیو)ەوە وەرگیراوە، ژمارە ٣، ١٦ی جەنیوەری ١٩٧١، ل٤٦.

(١٢) زۆربەی چاودێرانی ڕۆژئاوا، لەوانە هـ .ی.سالسبێری ( H. E. Salisbury)، پێیــان وایە کە پێکــدادانی نێــوان (CPR, USSR) شــتێکی حەتمییە، بەهــۆی ئەو هەڵاوســانە دانیشــتوانییەی چــین و، پێویســتی بە لێبنســروم (Lebensraum). زۆرێــک لە ســەر کــردە

ســـــۆڤییەتییەکانیش پێیـــــان وایە کە هەر ئەمەش هۆکـــــاری داوا ناوچەییەکانی چینە، بەڵام هەندێکی دیکەیان پێیان وایە کە کێشەی دانیشتوان لە چین، هێندەی کەمی کرێکار لە ناوچەی دێهاتەکانیدا، گەورە نییە. ڕەنگە سەرکردایەتی چین زیاتر بەو تەرحە کاریگەر بێت، بەوەی کە فەرمان بکات بە لاوانی چین تا بچن لە ناوچەی دێهاتەتەکاندا کار بکەن. هێڵی ڕەسمی پارتی کۆمۆنیستی چینی، بە درێژایی ساڵانی (١٩٥٠)کان، بە گشتی پێیان وابوو کە مەسەلەی زۆریـی دانیشـتوان وەهمێـک بـوو کـۆنە پەرسـتە مالثوزێکـان (Malthusian) دروسـتیان کـرد، تـا هۆکـارە ڕاسـتەقینەکەی ئەو کـوێرەوەرییە مـرۆییە بشـارنەوە، کە سـەرمایەدارییە. بـۆ نمـونە بڕوانە (نیو کۆنسترەکشن) ژمارە ٥، پێکینگ، مەی ١٩٦٠.

(١٣) چـین بە مەبەسـتی سـەرکەوتنێکی ئایـدۆلۆجی، کێشـە سنوورییەکانی بە کارهێنا بۆ مەبەستێکی جەدەلی.

(١٤) ئیکۆنۆمیسـتی، ٢٢ی مـارت، ١٩٦٩، دەڵێـت کە سـۆڤییێت ژمارەی هێزەکانی سەر سنووری گەیاندۆتە (٣٠٠,٠٠٠) کەس، بە درێژانـی سـنوورەکە، واتـا (٢٧-٢٥) یەکەی سـەربازی، بە بەراورد لەگەڵ ئەو (١٧-١٥) یەکەیەدا کە پێشتر لەو ناوچانە بوون.

(١٥) بڕوانە دۆکیومێنتی ژمارە (٣٨).

(١٦) کۆبـوونەوەی پـانزەهەمی لیـژنە هاوبەشـەکەی سـینۆ - سۆڤییێتی تایبەت بە کەشتیڕانی جون - ئۆگەست، ١٩٦٩.

(١٧) تاس ئینتەرناشناڵ، ١٣ی جولای، ١٩٦٩.

(١٨) ئەم ڕووداوە لە ١٣ی ئۆگەستی ١٩٦٩دا ڕووی دا.

(١٩) بـڕوانە جۆن گیتینگز (John Gittings)، "Guessing with Guns"، فارئیسـترن ئیکۆنۆمیـک ڕیڤیـو، ٢١ی ئۆگەسـتی ١٩٦٩، ل٤٤٣.

[٢٠] واشنتن پۆست، ٢٩,٢٨ی ئۆگەست، ١٩٦٩.

[٢١] بڕوانە دۆکیومێنتی ژمارە (٤١).

[٢٢] بڕوانە دۆکیومێنتی ژمارە (٤٢).

[٢٣] ڕادیـــۆی نانکینـــگ، ١٧ی ئۆکتـــۆبەری ١٩٦٩، کە لە ت.و. ڕۆبنسندا ئاماژەی پێکراوە، ل٧٤.

[٢٤] کۆتـــایی کەنـــارگیری و گەمـــارۆدان، چـــوونە نـــاو نەتەوە یەکگرتوەکانەوە، ڕەوانەی گرژی،.... هتد.

[٢٥] نیویۆرک تایمز، ٢١ی جون، ١٩٧٠.

[٢٦] ئینتەرناشناڵ هیراڵد تریبیون، ٢٢ی جولای، ١٩٧٠.

## دۆکیومێنتەکان

-١٩٥٤:

دۆکیۆمێنتی ژمارە (١)، نەخشەکەی لیو پێی – هوا.

١٩٥٥:

- دۆکیــۆمێنتی ژمــاره (٦٦)، گوتــارەکەی چــو ئــین - لای لە کۆنفرانسی باندۆنگدا.

١٩٥٩:

- وتـاری چینییەکـان سـەبارەت بە سـنوورەکانی هنـد - چـین، دۆکیۆمێنتی(٦٥).

١٩٦١:

- کازاخسـتانی سۆسیالیسـتی سـەبارەت بە دامەزرانـدنی هێـزە سنوورییەکان، دۆکیۆمێنتی (٦٤).

١٩٦٢:

- وتەکەی خروشۆڤ بۆ سۆڤیەتی باڵا، دۆکیۆمێنتی (٥).

١٩٦٣:

- لێدوانی حیزبی شوعیی ئەمەریکی (CPUSA) سـەبارەت بە پێگەی چین لە قەیرانەکەی کوبادا، دۆکیۆمێنتی (٦).

- وەڵامی (CCP) بۆ (CPUSA)، دۆکیۆمێنتی (٧).

- سەروتارە یەکگرتووەکەی ڕۆژنامەکانی جێن – مین جی – پاو (Peoples Daily) هونگ – چی (ئاڵای سور)، دۆکیۆمێنتی (٨).

- وتاری حکوومەتی سۆڤیەتی، دۆکیۆمێنتی (٩).

- نامە نهێنیکەی خروشۆڤ بۆ ماو، دۆکیۆمێنتی (٩ أ).

- وتارەکەی خروشۆڤ سـەبارەت بە چارەسـەری ئاشـتییانەی کێشە سنوورییەکان، دۆکیۆمێنتی (١٠).

- خۆپیشاندانەکانی سینکیانگ، دۆکیۆمێنتی (٦٢).
- وتارەکەی چی پێن لانگ، دۆکیۆمێنتی (٦٣).

١٩٦٤:
- نامەکەی (CCP) بۆ (CPSU) لە (٢٩ی فەبریوەری ١٩٦٤)، دۆکیۆمێنتی (١١).
- وتەی قونسوڵی گشتیی سۆڤیەتی لە نیودەلهی سەبارەت بە سنوور بەزاندنەکان، دۆکیۆمێنتی (١٢).
- وتەکانی خەبیری یاسایی سۆڤیەتی، کۆژیڤنیکۆڤ (Kozhevnikov)، سەبارەت بە کێشەکە، دۆکیۆمێنتی (١٣).
- (NCNA) سەبارەت بە یاخیبوونەکانی سینکیانگ، دۆکیۆمێنتی (١٤).
- پراڤدا سەبارەت بە هۆنگ کۆنگ، دۆکیۆمێنتی (١٥).
- لێدوانەکەی ماو لە بەردەم وەفدی سۆسیالیستی یابانی، دۆکیۆمێنتی (٢).
- بۆچوونی یابانێکان سەبارەت بە وتەکانی ماو، دۆکیۆمێنتی (١٦).
- چاوپێکەوتنێک لەگەڵ چو ئین – لای، دۆکیۆمێنتی (٣).
- نوسینێکی پراڤدا لە سەر وتارەکەی ماو، دۆکیۆمێنتی (١٧).
- وتەکانی ئەدژوبی (Adzhubei) لە سەر کێشەکە، دۆکیۆمێنتی (١٨).
- وتارێکی ئیزڤیستیا (Izvestia) سەبارەت بە سنوورەکانی ئەوروپای خۆرهەلات، دۆکیۆمێنتی (١٩).
- ڕادیۆی مۆسکۆی ئاڕاستەی ئەڵمانیا، دۆکیۆمێنتی (٢٠).
- ڕادیۆی مۆسکۆ سەبارەت بە چاوپێکەوتنەکەی ماو،

دۆکیۆمێنتی (٢١).

- ڕادیۆی مۆسکۆی ئاڕاستەی ئیتاڵیا، دۆکیۆمێنتی (٢٢).

- (MPR) سەبارەت بە چاوپێکەوتنەکەی ماو، دۆکیۆمێنتی (٢٣).

- یاخیبوونی زیاتر لە سینکیانگدا، دۆکیۆمێنتی (٢٤).

- ڕادیۆی مۆسکۆی ئاڕاستەی یۆگوسلاڤیا، دۆکیۆمێنتی (٢٥).

- ڕادیۆی مۆسکۆی ئاڕاستەی ئینگلاند، دۆکیۆمێنتی (٢٥ أ).

- لێدوانەکەی خروشۆڤ بۆ وەفدی پەرلەمانی یابانی، دۆکیۆمێنتی (٢٦).

- نامەکەی گرۆمیکۆ بۆ یو تانت (U Thant)، دۆکیۆمێنتی (٢٧).

- چەند وتەیەکی بەهێز لە سینکیانگەوە، دۆکیۆمێنتی (٢٨).

- ئەکادیمییەکی سۆڤیەتی، خڤۆستۆڤ (Khvostov)، بەرگری لە پرسی (ڕێککەوتننامە نابەرابەرەکان) دەکات، دۆکیۆمێنتی ژمارە (٢٩).

- وتارێکی ل. ئیلیشێڤ، دۆکیۆمێنتی (٥٩).

- وتارێک لە ئاڵای سوردا (Red Flag)، دۆکیۆمێنتی (٦٠).

- چەوساندنەوەی ویغور و کازاخەکان (Uighurs and Kazakhs) لە چین، دۆکیۆمێنتی (٦١).

:١٩٦٥

- گفتوگۆکەی چێن یی (Chen Yi) لەگەڵ سەرکردە لیبراڵ – دیموکراتەکانی یاباندا، دۆکیۆمێنتی (٥٦).

- وتارەکەی سەیفەدین (Saifudin) لە سینکیانگ، دۆکیۆمێنتی (٥٧).

- وتارەکەی سەرۆک وەزیران وانگ ئین – ماو (Wang En – Mao)، دۆکیۆمێنتی (٥٨).

:١٩٦٦

- وەزیری دەرەوە، چین یی، یەکێتی سۆڤیەت تۆمەتباردەکات، دۆکیۆمێنتی (٥٣).

- پۆدگۆرنی (Podgorny) سەبارەت بە خەبەرۆڤسک، دۆکیۆمێنتی (٥٤).

- وتەکەی توان لۆ - فو (Tuan Lo – Fu)، دۆکیۆمێنتی (٥٥).

:١٩٦٧

- کۆنگرە ڕۆژنامەوانیکەی کۆسیگین لە لەندەن، دۆکیۆمێنتی (٤٦).

- وتارەکەی چین یی لە ڕێپێوانەکەی پەکیندا، دۆکیۆمێنتی (٤٧).

- ئیزڤێستیا سەبارەت بە چەوساندنەوەی نەتەوەیی لە چین، دۆکیۆمێنتی (٤٨).

- جین - مینو جی - پاو لە وەڵامی ئیزڤیستیادا، دۆکیۆمێنتی (٤٩).

- ڕاپۆرتەکەی سیمۆنۆڤ لە سەر پێکدادانە سنوورییەکان، دۆکیۆمێنتی (٥٠).

- سەروتارەکەی (NCNA) سەبارەت بە پێکهێنانی کۆمیتەی شۆڕشگێڕیی مەنگۆلیای ناوەوە، دۆکیۆمێنتی (٥١).

- ڕاپۆرتێک لە سنوورەکانی خۆرهەڵاتی دوورەوە، دۆکیۆمێنتی (٥٢).

١٩٦٩:

- نارەزایینامەیەکی سۆڤیەت، لە (٢ی مارتی ١٩٦٩)دا، دۆکیۆمێنتی ژمارە (٣٠).

- نارەزایینامەیەکی چین، لە (٢ی مارتی ١٩٦٩)دا، دۆکیۆمێنتی ژمارە (٣١).

- (بڕووخێ تزارە نوێیەکان)، دۆکیۆمێنتی (٣٢).

- خۆپیشاندانێک لە دژی چین لە مۆسکۆ، دۆکیۆمێنتی (٣٣).

- کۆنفرانسە ڕۆژنامەوانێکەی زامیاتین (Zamyatin)، دۆکیۆمێنتی (٣٤).

- نارەزایینامەی سۆڤیەت لە (١٥ی مارتی ١٩٦٩)دا، دۆکیۆمێنتی (٣٥).

- وتەکانی وەزیری دەرەوەی چین، دۆکیۆمێنتی (٣٦).

- (گیانی جەنگی سارد لای چینییەکان)، دۆکیۆمێنتی (٣٦ أ).

- گوتاری سۆڤیەت لە ٢٩ی مارتی ١٩٦٩دا، دۆکیۆمێنتی (٣٧).

- ڕێبازە (دژە - سۆڤیەتیکەی) تاقمەکەی ماو تسی - تۆنگ، دۆکیۆمێنتی (٣٧أ).

- ڕاپۆرتە سیاسێکەی لین پیاو، دۆکیۆمێنتی (٤).

- وتاری چین لە (٢٤ی مەی ١٩٦٩)دا، دۆکیۆمێنتی (٣٨).

- وتاری سۆڤیەت لە (١٣ی جونی ١٩٦٩)دا، دۆکیۆمێنتی (٣٩).

- گرۆمیکۆ سەبارەت بە پێوەندییەکانی سینۆ - سۆڤیەتی، دۆکیۆمێنتی (٤٠).

- وتاری چین لە (٧ی ئۆکتۆبەری ١٩٦٩)دا، دۆکیۆمێنتی (٤١).

- وتاری وەزیری دەرەوەی چین لە (٨ی ئۆکتۆبەری ١٩٦٩)دا، دۆکیۆمێنتی (٤٢).

:١٩٧٠
- (هیستیریای جەنگ لە چین)، نیوتایمز، دۆکیۆمێنتی (٦٧).
- پەتای میلیتاریێتی لە پەکین، دۆکیۆمێنتی (٦٨).
- (پراڤدا کارە دژە - سۆڤیەتییەکانی برازن Brazen دەژمێرێت)، دۆکیۆمێنتی (٦٩).
- خوێندنەوەیەک بۆ کتێبەکەی سالیسبێری (Salisbury)، دۆکیۆمێنتی (٧٠).
- ئامادەکاریێکانی تاس دێنیس (Tass Denies) بۆ هێرشکردنە سەر (CPR)، دۆکیۆمێنتی (٧١).
- بریژنێڤ، سەبارەت بە کاروباری دەرەوە، دۆکیۆمێنتی (٧٢).
- وتارێکی کۆسیگین، دۆکیۆمێنتی (٧٣).
- سەروتارێکی یەکگرتووی ڕۆژنامەکانی پەکین، دۆکیۆمێنتی (٧٤).
- وتارەکەی بریجنێڤ لە کازاخستان، دۆکیۆمێنتی (٧٥).

دۆکیۆمێنتی (١)
وێنە هەیە

# دۆکیۆمێنتی (٢)

## وتەکانی (ماو) لە بەردەم وەفدی سۆسیالیستی یاباندا

(هەڵبژاردەیەک لە وتەکانی سەرۆک ماو تسی - تۆنگ بۆ وەفدی سۆسیالیستی یابانی، باس لەوە دەکات، کە پێویستە دوورگەکانی کوریل (Kuriles) بگەڕێنرێنەوە بۆ یابان، سیکای

شوهۆی (Sekai Shühö)، تۆکیۆ، ۱۱ی ئۆگەست، ١٩٦٤.)

لە ڕۆژی ۱۰ی جولایدا، گروپێکی پێنج کەسی لە پەرلەمانتاران، بە سەرۆکایەتی کۆزۆ ساساکی (Kozo Sasaki)، لە پارتی سۆسیالیستی یابانییەوە، وتوویژێکی دوورودرێژیان لەگەڵ ماوتسی – تۆنگ، سکرتێری پارتی کۆمۆنیستی چین ئەنجامدا. لەمیانەی وتەکانیدا، ماوتسی تۆنگ ڕایگەیاند، کە ئەو "پشتگیریی هەڵوێستی یابان دەکات، لە پرسی گەڕاندنەوەی دوورگەکانی کوریلدا". لە (١٢)ی جولایدا پاش ئەوەی، کە گروپەکە گەیشتنە هۆنگ کۆنگ، ئەمەیان بە کۆمەڵێک ڕۆژنامەنووسی یابانی ڕاگەیاند، کە لەویَ کاریاندەکرد، ناوەڕۆکی ئەو وتانە شایانی گرینگی پێدانێکی تایبەتین.

سەرۆک ماوتسی تۆنگ زۆر بەتوندی ڕەخنەی لە یەکێتی سۆڤیەت گرت، لە سەر چاوبڕین و تەماحکردنە زەویوزاری ناوچەکە، بەلام بۆ هەڵسەنگاندنی ئەم وتانە، پێویستە ئێمە ئەوەمان لە بیر بێت، کە ئەمانە لە بارودۆخێکدا وتراون، کە پێوەندییە دیپلۆماتێکانی نێوان ئەو دوو وڵاتە گەیشتبوە خاڵی لێکترازان.

**– کێشەی سینۆ – سۆڤیەت:**

سەبارەت بەوەش کە پێی دەوترێت کێشەی سینۆ - سۆڤیەت، ماو باسی لە پرسی هاریکاریی سەربازیی سۆڤیەتی کرد بۆ هند، هەروەها کێشانەوەی شارەزاو تەکنیکارە سۆڤیەتییەکان لە چین (لە مانگی جولای ١٩٦٠دا)و. .. هتد. لە کۆتاییشدا وتی "پێوەندیی نێوان ئێمەو یەکێتی سۆڤیەت، لە کاتی کۆنگرەی بیستی (CPSU)ەوە، لە ساڵی (١٩٥٦)دا، هەر بەرەو خراپتر و خراپتر دەچێت". پاشان وتی: "ئەوان بەربەرەکانی ئێمەیان دەکرد، ئێمەش بە ڕوویاندا

وەستاینەوە. پێیانوتین کە لە گفتوگۆ کراوەکان بکشێینەوە، تەنانەت ئەگەر بۆ سێ مانگیش بێت، بەڵام ئێمە پێمان وتن کە تەنانەت بۆ سێ ڕۆژیش گفتوگۆکان پەکناخەین، ئێمە بۆ ماوەی بیستوپێنج ساڵ جەنگاین، (٢٢) ساڵیان جەنگی ناوخۆ و جەنگی یابانمان کرد، سێ ساڵیش جەنگی کۆریا. لە ڕابردودا، ئەگەرچی من بۆخۆم مامۆستا بووم، نەمدەزانی جەنگ مانای چییە، بەڵام سێ مامۆستا تێیانگەیاندم کە جەنگ چی دەگەیەنێت. یەکەمیان چیانگ کای - شێک بوو، دوەمیان ئیمپریالیزمی یابانی بوو، سێیەمیشیان ئیمپریالیزمی ئەمەریکی. جەنگ دیاردەیەکە، هەموو کەس دەزانێت، هەر کە هەڵگیرسا، خەڵکی تێیدا دەمرێت. لەو بیستوپێنج ساڵەی شەڕەکاندا، دەیەها ملیۆن کەس لە خەڵکی چین لە ناو چوون، یاخود کەنەفتبوون، بەڵام لە جەنگی سەر کاغەزدا، کەس تێدا ناچێت، ئێمە ئێستا وا بۆ چەندین ساڵ دەچێت، ئەم شێوە جەنگە دەکەین، یەک کەسمان لەو جەنگەدا لە دەست نەداوە، ئێمە ئامادەین تا بیستوپێنج ساڵی دیکەش لەم جەنگەدا بەردەوام بین. ئەو وەفدە ڕۆمانییەی (کە لەم دواییانەدا سەردانی چینیان کردبوو) ئامۆژگاریی ئەوەیانکردین، کە کۆتایی بەو کێشە و ناکۆکییە بهێنین، کەچی هەر کە وەفدەکە گەیشتەوە وڵاتی خۆیان، ڕۆمانیا دەستیدایە شەڕ لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەتدا.

کرۆکی پرسەکە چییە؟ کرۆکی پرسەکە لەو ڕاستییەدایە، کە وڵاتێکی گەورە، دەیەوێت ژمارەیەک وڵاتی بچوکتر داگیربکات، یان بیانخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە. کاتێکیش کە وڵاتێک بیەوێت دەستبگرێت بەسەر وڵاتێکی دیکەدا، ئەمی تریان بەرەنگاری دەبێتەوە. ئێستا دوو وڵاتی گەورە - کە مەبەست لێیان ئەمریکا و یەکێتی سۆڤیەتە - دەیانەوێت ببنە هاریکاری یەکتر، دەستبگرن

بەسەر هەموو جیهاندا. ئێمە چۆن بتوانین ئەو پرسە قەبووڵکەین؟"

**- کێشە ناوچەییەکان:**

سـەرۆکی وەفـدی پـارتی سۆسیالیسـتی دوورگەی هۆکایـدۆ (Hokkaido)، تێتسو ئارا (Tetsuo Ara)، پرسی: "لە کاتێکدا ئێمە بێئاگابووین، بە پێی ڕێککەوتننامەی یاڵتا و ڕاگەیاندنەکەی پۆتسدام (Potsdam)، دوورگەکـانی (کۆریـڵ)یـان لـێ زەوتکـردین. ئـێمە داوامــان لە (یەکێتـی سـۆڤیەت) کـردوە، کە بیگەڕێنێـتەوە بۆمـان، سەبارەت بەم پرسە، پێمانخۆشە کە ڕای سەرۆک ماویش بزانین".

وەڵامەکەی ماو بەم شێوەیە بوو: "زۆر شوێن هەن کە یەکێتیی سـۆڤیەت داگیریکـردوون. بە پێـی ڕێککەوتنـامەی یاڵتـا، یەکێتیـی سۆڤیەت، بە بیانوی دڵنیابوون لە سەربەخۆیی مەنگۆلیا، وڵاتەکەی بەتەواوی خستە ژێر دەسـەڵاتی خۆیەوە. خـاکی مەنگۆلیا زۆر لە زەوییەکانی کۆریڵ گەورەترە. لە ساڵی (١٩٤٥)دا، کە خروشۆڤ و بولگانین (Bulganin) هاتن بۆ چین، ئێمە ئەم پرسـەمان وروژاند، بەڵام ئەوان ئامادەنەبوون باسیبکەن. ئەوان (واتا یەکێتی سۆڤیەت)، بەشـێکی ڕۆمانیاشـیان داگیـر کـردوە، پـارچەیەک لە ئەڵمانیـای خۆرهەڵاتیشیان پچڕیوە، دانیشتوانەکەیان وەدەرنـاوە بۆ ئەڵمانیای خۆرئـاوا. بەشـێک لە پۆڵەنداشـیان زەوت کـردوە و لکانـدوویانە بە یەکێتـــی ســـۆڤیەتەوە، لە بەرامبەریـــدا بەشـــێک لە ئەڵمانیـــای خۆرهەڵاتیان داوە بە پۆڵەندا. لە فینلەندەش هەمـان شـتیان کردوە. ڕووسەکان چییان بەردەست کەوتبێت زەوتیـان کردوە. خەڵکانێک هەن دەڵـێن پێویسـتە نـاوچەی سـینکیانگ و ناوچەکـانی دیـکەی باکووری ڕووبـاری ئـامور بخرێنە سـەر یەکێتی سۆڤیەت. یەکێتی سۆڤیەتیش هێز لە سەر سنوورەکانی کۆ دەکاتەوە".

"یەکێتـی سـۆڤیەت (٢٢) ملیـۆن کیلـۆمەتری چوارگۆشـە زەوی

هەیە، بەڵام تەنها (٢٢٠) ملیۆن کەس میللەتی هەیە. ئیتر کاتی ئەوە هاتوە کۆتایی بەم شێوە دابەشکردنە بهێنرێت. یابان ڕووبەرەکەی (٣٧٠,٠٠٠) کیلۆمەتر چوارگۆشەیە و خەڵکەکەشی (١٠٠) ملیۆن کەس دەبن. سەد ساڵێک لەمەوبەر، ئەو ناوچانەی کە دەکەونە خۆرهەڵاتی (دەریاچەی) بایکاڵەوە، بوون بە هی ڕووس، ئیتر لەو کاتەوە، ڤلادیڤۆستۆک و خەبەرۆڤیسک و کامچاتکا (Kamchatka)و چەند ناوچەیەکی دیکە، بوون بە قەڵەمڕەوی سۆڤیەت. ئێمە هێشتا لیستێکمان ئامادەنەکردوە بە ناوی ئەو ناوچانە. سەبارەت بە دوورگەکانی کوریلیش، پرسەکە بە لای ئێمەوە ڕوون و ئاشکرایە، ئەمانە دەبێت بگەڕێنرێنەوە بۆ یابان."

# دۆکیۆمێنتی (٣)

## چاوپێکەوتنێک لەگەڵ (چو ئین – لای)دا

(هەڵبژاردەیەک لە ڕاپۆرتی چاوپێکەوتنێک لەگەڵ سەرۆک وەزیران چو ئین - لای، لەلایەن ئۆکادا (Okada)ی ئەندامی سۆسیالیستی دییێت (Diet)، بۆ ڕۆژنامەی ئاساهی شیمبون (Asahi Shimbun)، تۆکیۆ، یەکی ئۆگەستی ١٩٦٤).

لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ سەرۆک وەزیران چو ئین - لای، کە لە (١٩)ی جولایدا سازکرابوو، سەرۆک وەزیران چو، ئەم

لێدوانانەی دا:

١. هەندێک بۆچوونی نادروست هەن لە چاپەمەنیەکانی یاباندا، سەبارەت بە وتەکانی سەرۆک ماو تسی تۆنگ. یابان پێویستە ئاگاداربێت لە قەبوولکردنی پشتگیرییەکانی چین بۆ داواکارییەکانی یابان سەبارەت بە گەڕاندنەوەی دوورگەکانی کوریل... (USSR) هەر لە سەردەمی قەیسەرەوە، دەستیگرتوە بە سەر زەویوزارێکی زۆری خەڵکانی دیکەدا، ئێستاش بە شتێکی لۆجیکیو ڕەوا دەزانرێت کە ئەو دەوڵەتە نوێیە سەربەخۆیانە، داوای ناوچەکانی خۆیان بکەنەوە.

٢. لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ سەرۆک وەزیران خروشۆڤ، لە مانگی جەنیوەری (١٩٥٧)دا، من داوام کرد کە (USSR) ڕێوشوێنی گونجاو بگرێتەبەر، سەبارەت بە پرسە ناوچەییەکان، لەگەڵ یابان، چین، خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و دەوڵەتانی ئەورووپای خۆرهەڵاتدا، بە فینلەنداشەوە، بەڵام ئەوکات ئەو هیچ وەڵامێکی دڵخۆشکەری نەدامەوە، ڕاگەیاندنی پرسەکەش هەر وا بەنهێنی هێڵرایەوە، چونکە کێشەی سینۆ - سۆڤیەتی ئەوکاتە بۆ خەڵک بڵاو نەکرابوەوە.

# دۆکیۆمێنتی (٤)

## لین پیاو سەبارەت بە کێشە سنوورییەکان

(هەڵبژاردەیەک لە ڕاپۆرتە سیاسیێکەی لین پیاو، بۆ کۆنگرەی نـۆیەمی پـارتی کۆمۆنیسـتی چینـی، لە (١ی ئەپریڵـی ١٩٦٩)دا، لە دیراسـات لە سـەر کۆمـۆنیزمی بەراوردکـاری ( Comperative Communism)، ئنتەردیسیپلینەری جورناڵ (An Interdisciplinary Journal)ەوە، ژمـارەی مـانگی جـوڵای/ ئۆکتـۆبەری سـاڵی (١٩٦٩)، بەرگـی (٢)،

ژمارەی (٣و ٤)، ل(١٨٧ - ١٨٩).

ئێستا، دوای ئەوەی کە حکوومەتی سۆڤیەتی ئەم ڕووداوی پێشێلکارییە چەکدارییەی بۆ سەر ناوچەکانی چین، دوورگەی چین پاو ئەنجامدا، کێشەی سنووریی سینۆ - سۆڤیەتی بوە جێگەی سەرنجی هەموو دنیا. هەروەک کێشە سنوورییەکانی دیکەی نێوان چین‌و هەندێک لە دراوسێکانی دیکەی، کێشەی سنووریی سینۆ - سۆڤیەتیش یەکێکە لەو کێشانەی کە لە کۆنەوە ماونەتەوە و ڕەگوڕیشەیەکی مێژوویيان هەیە. سەبارەت بەم کێشانەش، حیزب و حکوومەتمان بەردەوام لە لایەنگرانی دانوستان و ڕێوشوێنی دیپلۆماسی بوون، بۆ گەیشتن بە چارەسەرێکی عادیلانەی شیاو. تا گەیشتنیش بەو شێوە چارەسەرە، پێویستە ئەو بارەی ئێستا (Status Quo) کە لە ئارادایە، بپارێزرێت، بۆ ئەوەی کێشەی لێنەکەوێتەوە. هەر بەم شێوەیەش بوە، کە چین توانیوێتی کێشە سنوورییەکانی خۆی، بە شێوەیەکی سەرکەوتوانە و دڵخۆشکەرانە، لەگەڵ هاوسێکانی دیکەیدا چارەسەربکات، لەوانە، بۆرما، نیپاڵ، پاکستان، کۆماری میللی مەنگۆلیا و ئەڤغانستان. تەنها کێشەی سنووریی لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت و هینددا ماوە، کە تا ئێستا چارەسەر نەکراون.

حکوومەتی چین چەندین دانوستانی لەگەڵ هینددا ئەنجامداوە، سەبارەت بە پرسی سنوورەکانی سینۆ - هیند. لە بەرامبەردا حکوومەتی هیندی پەیڕەویی لە سیاسەتە ئیمپریالیستە داگیرکارێکەی بەریتانیا کرد، سوربوو لە سەر ئەوەی کە دانبنێین بە (هێڵی مەکماهۆن – McMahon Line)ی ناپاساییدا.

کێشە سنوورێکەی سینۆ – سۆڤیەتیش، بەرهەمی دەستدرێژیی دوژمنکارانەی ئیمپریالیزمی تزارەکانی ڕووسیایە، لە کۆتایی

ســـەدەی نۆزدەیەمـــدا، لە دژی چـــین، ئەو کـــاتەی کە حـــوکم و دەسەڵات لە دەستی هیچ کام لە گەلی چین و گەلی ڕووسدا نەبوو. حکوومەتی تزاری چەند کارێکی دوژمنکارانەی ئیمپریالیستیانەی ئەنجامـدا، بـۆ پـارچە پـارچەکردنی چـین، لەم میانەشـدا چەنـدین ڕێککەوتننامەی نـابەرابەری بە سـەردا سـەپاند، چەنـد نـاوچەیەکی گەورەی لـێ زەوت کـرد. بەوەشـەوە نەوەسـتا، تەنـانەت لە زۆر شـوێندا ئەو سنوورانەشـی بەزانـد، کە لە لایەن ئەو ڕێککەوتننـامە نـابەرابەرانەوە دیـاریکرابوون، کەوتە زەوتکردنـی زەویـی زیـاتری ناوچەکـانی چـین. ئەم هەڵسـوکەوتە لاسـارانەیە، زۆر بە تونـدی لە لایەن مارکس، ئەنگڵس و لینینەوە، لە (٢٧ی سـێپتەمبەری ١٩٢٠)دا، ئیدانەکرا. حکوومەتی سۆڤیەتی، بە ڕابەرایەتـی لینینی مەزن، زۆر مەزنانە ڕایگەیاند کە: "هەر چی پەیماننامە و ڕێککەوتننامە هەیە، کە لە نێـوان چـین و حکـوومەتی پێشـووی ڕووسـیادا مـۆرکراون، هەمویـان بەتـاڵن، هەر چـی نـاوچەی داگیرکـراوی چینـیش هەیە، بۆیـــان دەگەڕێنـــرێتەوە، هەرچـــی مافیشـــمان هەیە لە چینـــدا، دەگەڕێنرێتەوە بۆ چین، بێ هـیچ بەرامبەرێـک و بۆ هەتاهەتـایە، بە هەمـوو ئەو شتانەشـەوە کە پێشـتر لە لایەن حکـوومەتی تـزاری و بۆرژواکـانی ڕووسـەوە لێیـان زەوت کـراوە". (بـڕوانە، ڕاگەیانـدنی حکوومەتی کۆماری فیدراڵی سۆسیالیستی ڕووسیای سۆڤیەتی، بۆ حکـوومەتی چـین)، بەڵام بە هـۆی ئەو بـارودۆخە مێـژووییەی ئەو کاتەوە، ئەم سیاسەتە پرۆلیتاریانەیەی لینین جێبەجێ نەکرا.

لە (٢٢ی ئۆگەسـتو ٢١ی سـێپتەمبەری ١٩٦٠)دا، حکـوومەتی چـین، وەک هەڵوێسـتی بەردەوامـی خـۆی سـەبارەت بە پرسـە سـنوورییەکان، دووجـار دەستپێشـخەریی کـرد، لە پێشـنیارکردنی دانوستاندن بۆ حکوومەتی سۆڤیەتی، بۆ گفتوگۆکردن و گەیشتن

به چارەسەرێک بۆ کێشە سنوورییەکانی سینۆ - سۆڤیەتی. ئەوە بوو لە ساڵی (١٩٦٤)دا، گفتوگۆی نێوانیان لە پەکین دەستی پێ کرد.

ئەو ڕێککەوتننامانەی ئێستا لە ئارادان، سەبارەت بە سنوورەکانی سینۆ - سۆڤیەتی، هەمووی نابەرابەرن، کاتی خۆی تزارەکان بە زۆر سەپاندوویانە بە سەر خەڵکی چیندا، بەڵام ئێمە، لە ڕوانگەی پاراستنی دۆستایەتی شۆڕشگێڕانەی نێوان هەر دوو گەلی چین و سۆڤیەتەوە، ڕازین لە سەر ئەوەی کە ئەم ڕێککەوتننامانە بکرێنە بنەما، بۆ چارەسەرکردنی کێشە سنوورییەکان، بەڵام وەک خیانەتێک لە سیاسەتەکەی لینین، پابەندبوونیان بە هەڵوێستێکی سۆشیال - ئیمپریالیستی تزارە نوێیەکانەوە، تاقمی کۆنەپەرستی خیانەتکاری سۆڤیەت، ڕازینەبوون دان بە نابەرابەری ئەو ڕێککەوتننامانەدا بنێن. لەوەش زیاتر، ئەوان سوربوون لە سەر ئەوەی کە چین دان بەوەدا بنێت، کە هەموو ئەو ناوچە چینییانەی کە ئەوان داگیریانکردوە، یاخود بەتەمان، لە ڕێی پێشێلکردنی ڕێککەوتننامەکانەوە، داگیری بکەن، هەمووی هی یەکێتی سۆڤیەتن. ئەم هەڵوێستە سۆشیال - ئیمپریالیستییە شۆڤێنیستییەی حکوومەتی سۆڤیەت، وەک زلهێزێک، بوە هۆی وەستاندنو لەباربردنی دانوستانەکان.

لەوکاتەوەی کە بریجنێڤ هاتۆتە سەر حوکم، تاقمە خیانەتکارە کۆنەپەرستەکەی سۆڤیەت، شێتگیرانە خەریکی تێکدانی بەردەوامی (حاڵەتەی ئێستا)ی سنوورەکانن، بەردەوام خەریکی نانەوەی ئاژاوە و ڕووداوی سنوورین، خەریکی تەقەکردن و کوشتنی ماسیگر و جوتیارە بێ چەکەکانمانن، سەروەریی چین پێشێلدەکەن. لەم دواییانەدا لەوەش تێپەڕیانکرد، چەند هاتنە ناوەوەیەکی چەکدارانەیان لە دوورگەی چین پاو ئەنجامدا بۆ ناوچەکانمان.

ئەمەش وای لە پاسەوانە سنووریەکانمان کرد، کە چیتر نەتوانن دان بەخۆیاندا بگرن، وەک بەرگری لە خۆکردنێک، بەرپەرچیاندانەوە، گورزێکی زۆر باشیان لە دەستدرێژیکاران وەشاند، سەروەری خاکە پیرۆزەکەمانیان، سەرکەوتوانە، پاراست. بۆ خۆ دەربازکردن لەم قەیرانە، کۆسیگین لە (٢١)ی مارتدا داوای کردوە، کە بە تەلەفۆن پێوەندی بکرێت لەگەڵ سەرکردەکانماندا. هەر خێراو لە (٢٢)ی مارتدا، حکوومەتەکەمان لە ڕێگەی نامەیەکی فەرمییەوە، ئەوەی بۆ ڕوونکردنەوە، کە "لەبەر ڕۆشنایی ئەو پشێوییەی کە ئێستا لە پێوەندییەکانی نێوان چین و یەکێتی سۆڤیەتدا هەیە، بە شیاوی نازانین لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە پێوەندی بە یەکترییەوە بکەین. ئەگەر حکوومەتی سۆڤیەتی شتێکی هەیە پێمانی بڵێت، داوای لێ دەکەین لە ڕێگەیەکی فەرمییەوە و بە هۆی کەناڵە دیپلۆماسییەکانەوە، بینێرێت بۆ حکوومەتی چین ".

لە (٢٩)ی مارتدا، حکوومەتی سۆڤیەتی لێدوانێکی دەرکرد، کە تێیدا هێشتا هەر پابەندە بەو کەللەڕەقییە دوژمنکارانەیەی خۆیەوە، بەڵام لە هەمانکاتدا حەز دەکات (راوێژ) دەستی پێ بکاتەوە. حکوومەتەکەی خۆشمان خەریکی ئامادەکردنی وەڵامێکە لەو بارەیەوە.

## دۆكیۆمێنتی (٥)

### وتارەكەی خروشۆف لە بەردەم سۆڤیەتی باڵادا

(هەڵبـژاردەیەک لە وتەکـانی سـەرۆک وەزیـران خروشـۆڤ، لە کۆبـوونەوەی سـۆڤیەتی بـاڵادا، لە (١٢ی دیسـەمبەری ١٩٦٢)دا. ڕادیـۆی نـاوخۆیی مۆسـکۆ، (١٢ی دیسـەمبەری ١٩٦٢)، کە چەنـد بەشـێکی لە ڕۆژنـامەی نیویـۆرک تـایمز، ژمـارە (١٣ی دیسـەمبەری ساڵی ١٩٦٢)دا، لە لاپەڕە ٢دا بڵاو کرایەوە).

"هەڤـاڵان.. پێویسـتە بوترێت کە چەنـد دەنگێکـی نـاسـاز لێـرەو

لەوێ بەرزبـوونەتەوە لە دژی ئەو چارەسـەرە ئاشـتییانەیەی، کە قەیرانـی (موشـەکەکانی) کوبـای پـێ چارەسـەر کـرا. ئەمە لە خەڵکانێکەوە دەرچـوون کە خۆیـان بە مارکسـی - لینینـی دەزانـن، ئەگەرچـی لە ڕاستیدا هـیچ پێوەندییەکیان بە مارکسـی - لینینییەوە نییە.

*****

پێویستە مرۆڤ بەئاگاییەوە هەڵسوکەوت بکات، هەر لە خۆوە، لە خـۆڕا، کەس تۆمەتبـار نەکـات بە وەی کە هەنـدێک سیاسـەتێکی ڕاسـتوڕەوان دەگـرنەبەر، هەنـدێکی دیـکەش سیاسـەتێکی چەوت، یـاخود هەنـدێک دژی ئیمپریـالیزمن، هەنـدێکی دیـکەش، گـوایە ئیمپریالیزمیـان پـێ قەبووڵە. دەکرێت بە ڕاستودروستی لە هەموو ئەو کێشانە بگەین، ئەم کارانەو هەموو کارەکانی دیکەش بە باشـی هەڵبسـەنگێنین، ئەگەر، مـرۆڤ بەوردی ڕەچـاوی کـات، شـوێن و بـارودۆخی کارەکـان بکـات. هەر بەم شـێوەیەش بـوو کە هنـد، گـوا (Goa)، دیـو (Diu)، دامـاو (Damao)ی ئـازادکرد، چـونکە ئەمـانە پاشـماوەی کۆڵۆنیـالیزم بـوون لە سـەر خـاکی هینـد. ئەوەبـوو ئەو کـاتەی کە کۆڵۆنیـالە بەریتانییەکـان لە هیندسـتان وەدەرنـران، پورتوگال کۆڵۆنیالیتییەکەی خۆی هەر لەوێ هێشتەوە، کە بۆگەنی کۆڵۆنیالیزمیـان بـڵاو دەکـردەوە، هنـد و حکـوومەتی هینـدی چەنـد سـاڵێک دانیـان بەخۆیانـدا گـرت، بەدەسـتێوە ناڵانـدیان، ئەوسـا بە یەکجاری ڕایانماڵینە دەرەوە، ئایا کارێکی باشیان کرد؟ بێ گومان.

*****

کە ئەندۆنیسـیا سـەربەخۆیی بەدەسـتهێنا، کۆڵۆنیالیسـتی هۆڵەندی ویستی ئیریـانی خۆرئـاوا (West Irian) بهێڵێتەوە، بەڵام خەڵکـی ئەنـدۆنیزیا و حکـوومەتەکەی، بە زۆر هێـزە

کۆلۆنیالیستییەکانیان لە ئیریانی خۆرئاواش وەدەرنا. ئێمە هەر چیمان لە دەست هات، بۆ یارمەتیدانی ئەندۆنیسیا لە خەباتەکەیدا، کردمان. ئێمە پێشوازیمان کرد لە سەربەخۆبوونی ئیریانی خۆرئاوا، یەکگرتنەوەی لەگەڵ ئەندۆنیسیای سەربەخۆدا.

لە سەر کەنارەکانی چینیش، لەبەردەم ڕووباری هسی ( Hsi River)دا، مەککاو (Macao) هەیە. ئەمە ناوچەیەکی زۆر گچکەیە، مرۆڤ دەتوانێت بە ئاستەم لە سەر نەخشە بیدۆزێتەوە. لە سەدەی شانزەیەمدا پورتوگالییەکان بە کرێیانگرت، لە ساڵی (١٨٨٧)دا، لە چینیان پچڕی و کردیان بە کۆلۆنیالی خۆیان.

کۆلۆنییەکی بەریتانیاش هەیە، کە (هۆنگ کۆنگ)ە. ئەمیان دەکەوێتە دەلتای ڕووباری هسییەوە، هەر لە دووریی بستە ڕێیەکەوە لە شارە گرینگەکەی کانتۆن. ئا لەم کۆلۆنیالیانەوە بۆگەنێک بەرزدەبێتەوە، کە هیچ جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە لەو بۆگەنەی کە لە کۆلۆنیالی گۆئاوە (Goa) بەرزدەبۆوە.

بەڵام ئایا کەس چین بەوە تاوانباردەکات، کە هێشتا پاشماوەی کۆلۆنیالیزم لە سەر خاکەکەی ماوە، بێ ئەوەی دەستیان بۆ بەرێت؟ شتێکی باش نییە چین هانبدرێت کارێک بکات، خۆی بە ناکامڵی بزانێت. کە حکوومەتی کۆماری میللی چین بەوە ڕازیبوە، کە (تا ئێستا) مەککاو هۆنگ کۆنگ بەوشێوەیە بمێننەوە، دیارە هۆکارێکی گەورە لە پشت ئەو پرسەوە هەیە. هەر بۆیە، کارێکی گەوجانەیە گەر لەخۆڕا تۆمەتباربکرێن بەوەی، کە ئەمە تەنازولە بۆ کۆلۆنیالیستی بەریتانی و پورتوگالی. ئەمە تەنها بۆ هێورکردنەوەی بارودۆخەکەیە لە لای خۆیانەوە.

ئایا تۆ بڵێی ئەمە، لە لای ئەوانەوە، پەشیمانبوونەوە و پاشگەزبوونەوە بێت لە مارکسیزم – لینینیزم؟ ئێمە دەڵێین هیچ

کـــام لەمـــانە نیـــیە، بەڵکـــوو زۆر بە ســـاکاری مانـــای وایە، کە حکوومەتی کۆماری میللی چین، ڕەچاوی بارودۆخە ڕاستەقینەکە دەکـــات، واقیعبینـــانە بـــارودۆخەکە و ئەگەرەکـــانی کـــارکردنی هەڵدەسەنگێنێت.

ئێمە هیچ پەلەیان لێ ناکەین، بەڵکوو بە پێچەوانەوە، ئێمە دەڵێـــین: ئەم پرســـە بەوشـــێوەیە چارەســـەربکەن کە لەگەڵ بەرژەوەندیی خۆتان، وڵاتەکەتان و بەرژەوەندیی هەموو کامپی سۆسیالیستیدا دەگونجێت.

چ ڕووی دەدا ئەگەر ئێمە، لە کاتی قەیرانەکەی کوبادا، ئاوها دانمـــان بەخۆمانـــدا نەگرتـــایە، بە قســـەی ئەو هەمـــوو هانـــدان و پاڵپێوەنانانەی زماندرێژەکانی شۆڕشگێڕە نائاساییەکانمان بکردایە؟ بێ گومان ئێستا نقووم ببووینە زۆنگاوی جەنگێکی جیهانیی دیکەوە، ئەم جارەیان جەنگی ناوکی."

# دۆکیۆمێنتی (٦)

## لێدوانەکەی پارتی کۆمۆنیستی ئەمریکا (CPUSA)

(هەڵبژاردەیەک لە وتاری "قەیرانەکەی کوباو خەبات لە پێناو ئاشتیی جیهانیدا"، کە لە (١٣ی جەنیوەری ١٩٦٣)دا، لە زە ۆرکەر (The Worker)ی نیویۆرکدا بڵاو کرایەوە، کە لە چاپدانەوەی وتارەکەی (٩ی جەنیوەری ١٩٦٣)ی (CPUSA)یە.)

پارتی کۆمۆنیستی ئەمەریکی، بە داخەوە، وەها بە پێویست دەزانێت، کە هەڵوێستێکی جەماوەریی توند وەربگرێت، سەبارەت بە سیاسەتی پارتی کۆمۆنیستی چینی، لە هەمبەر قەیرانەکەی کاریبیدا (واتا، موشەکە کوبییەکان)، هەروەها لە بەرامبەر هەڵوێستیان سەبارەت بە پێکەوەژیانێکی ئاشتییانە بە شێوەیەکی گشتی.

*****

لەم میانەدا، دەکرێت بڵێین هاوڕێ چینییەکانمان، کە نموونەی نەرمیو گونجاندن بوون لە خەباتکردنە ئازایانەکەیاندا بۆ ئازادی، کەچی ئێستا خۆیان ئەو سیاسەتە سەرکەشیانە لە تایوان، هۆنگ کۆنگ، مەککاو ناگرنەبەر، کە خۆیان بانگەشەی بۆ دەکەن. ئەم دوڕووییە بۆچی؟

*****

سەبارەت بەو کێشە سنوورییە ناخۆشەش، کە لە نێوان هند و چیندا هەیە، ئێمە هەر زوو هەڵوێستی خۆمان لەو ڕووەوە ڕاگەیاند، ئێمە هەر لە یەکەم ڕۆژەوە داوای وەستانی شەڕەکە و چارەسەری کێشەکە لە ڕێگەی گفتوگۆی ئاشتییانەوە، کردوە. بەدەر لەو باشیانەی، کە لە کێشەکەدا هەبوون، هەستکردن بە باشی پێگەی چین، بە تایبەتیش لەبەر ئەو مەترسییانەی کە ئیمپریالیزم و کلکەکانی هەیانبوو لە ناو هینددا، ڕاستییەکەی ئەوەیە، کە چین لە کاتێکدا خۆی خزاندە ئەم جەنگە نەخوازراوەوە، کە ئیمپریالیزم هەڕەشە لە ئاشتی و ئاسایشی هەموو دنیا دەکات.

## دۆکیۆمێنتی (٧)

## وەڵامی (CCP) بۆ (CPUSA)

(هەڵبـژاردەیەک لە "وەڵامێـک بـۆ وتەکـانی پـارتی کۆمۆنیسـتی ئەمەریکی"، کە بوە سـەروتاری ڕۆژنامەکانی جێن - مین ( - Jen Min) و جی - پاو (Jih - Pao)و پەکین (Peking) لە (٨ی مـارتی ١٩٦٣)دا، هەروەهـا هـی پەکـین ڕیڤیـوی ژمـارە (١٠و ١١ی ١٥ی مارتی ١٩٦٣)، لا٥٨ - ٦٣)

لە (٩)ی جەنیـوەری ئەمسـاڵدا، حیزبـی کۆمۆنیسـتی ویـلایەتە

یەکگرتوەکانی ئەمریکا، وتارێکی بڵاو کردەوە، تێیدا بە ئاشکرا هێرشدەکاتە سەر پارتی کۆمۆنیستی چینی. هەندێک هەڤاڵی دیکەش هەن لە (CPUSA)دا، کە لە چەند مانگی ڕابردوودا هێرشی هاوشێوەیان کردوەتە سەر حیزبی کۆمۆنیستی چینی.

هەر بە مەبەستیش، لە وتارەکەدا باسی تایوان، هۆنگ کۆنگ، مەککاو کراوە. لە وتارەکەدا هاتوە، هاوڕێ چینییەکانمان "بەڕاستی پەیڕەوی ئەو سیاسەتی سەرکەشیکردنە، لە تایوان، هۆنگ کۆنگ و مەککاو، ناکەن، کە بە خەڵکی دەڵێن پەیڕەوی بکات. ئەم دوڕوویيە لە پای چی؟"

ئێمە دەزانین ئەمان ئەم تۆمەتە بێماناو بێتامەیان لە کوێوە هێناوە، ئێمە لە مەبەستی ئەو کەسەش تێگەیشتووین، کە ئەو تۆمەتەی بۆ داڕشتووین (مەبەست لێی خروشۆڤە). ئێمە لێرەدا وەڵامی هەموو ئەوانە دەدەینەوە، کە ئەو بابەتەیان وروژاندوە. بەلای ئێمەوە، هیچ کات (دووڕوویی)مان نەنواندوە، ئێمە تەنها یەک پێوەر (ستاندارد)مان هەیە بۆ مامەڵەکردن، جا لەگەڵ پرسی تایواندا بێت، یاخود هی هۆنگ کۆنگ و مەککاو. هەر هەمان ستانداردیش بەکاردەهێنین لەگەڵ هەموو پرسە نێودەوڵەتییەکانی دیکەشدا. ئەو ستاندارد و پێوەرانەش مارکسیزم – لینینیزم، ئینتەرناسیۆنالیزمی پرۆلیتاری، بەرژەوەندی گەلی چین، میللەتانی دنیا، بەرژەوەندی ئاشتی جیهانی، خەباتی شۆڕشگێڕانەی میللەتانە لە هەموو جیهاندا. لەبارەی ستراتیجییەتی نێودەوڵەتیشەوە، ئێمە دژی سەرکەشیکردن و خۆبەدەستەوەدانیشین. ئەم دوو کڵاوە هیچ کات ناچنە سەری ئێمەوە.

لەبەر ئەوەی هەندێک هەن باسی تایوان و هۆنگ کۆنگ و مەککاویان کردوە، ئێمە ناچارین هەندێک باسی مێژووی

دوژمنکارییەکانی ئیمپریالیزم بکەین دژی چین.

سەد ساڵێک بەر لە سەرکەوتنی شۆڕشی چین، هێزە ئیمپریالیستی و کۆڵۆنیالییەکان، ئەمریکا، بەریتانیا، فەرەنسا، ڕووسیای قەیسەری، ئەڵمانیا، یابان، ئیتاڵیا، نەمسا، بەلجیکا، هۆڵەندا، ئیسپانیا و پورتوگال، هەموو هێرشی توندو دوژمنکارانەیان کردوەتە سەر چین، حکوومەتی ئەو کاتەی چینیان ناچار کردوە، کە ژمارەیەکی زۆر ڕێککەوتننامەی نابەرابەر ئیمزا بکات، هەر وەک، ڕێککەوتنامەی نانکینگ (Nanking)ی (١٨٤٢)، ڕێککەوتننامەی ئایگون (Aigun)ی (١٨٥٨)، ڕێککەوتننامەی تیانتسین (Tientsin)ی (١٨٥٨)، ڕێککەوتننامەی پەکینی (١٨٦٠)، ڕێککەوتننامەی ئیلی (Ili)ی (١٨٨١)، پرۆتۆکۆلی لیشبۆنە (Lisbon)ی (١٨٨٧)، ڕێککەوتننامەی شیمۆنۆسیکی (Shimonoseki)ی (١٨٩٥)، ڕێککەوتننامەی درێژکردنەوەی هۆنگ کۆنگی (١٨٩٨)، پرۆتۆکۆلی نێودەوڵەتی (١٩٠١)و. ..هتد. بە پێی ئەم ڕێککەوتننامە نابەرابەرانە، ئەمان چەندین ناوچەی چینیان لە باکوور، باشوور، خۆرهەڵات و خۆرئاواوە، زەوتکردوە، چەندین ناوچەی دیکەشییان لە سیبریا، شوێنە دوورەدەستەکانی دیکەی چین، کردوە بە قەڵەمڕەوی خۆیان. هەندێکیان دەستیانگرت بەسەر تایوان، کۆمەڵە دوورگەی (ئەرخەبیلی) پێنگ – هو ( Péng – Hu Archipelago) (واتا دوورگەکانی پیسکادۆریس – Pescadores Islands)دا، هەندێکی دیکەیان هۆنگ کۆنگیان داگیر کرد، بە زۆریش کۆولۆن (Kowloon)یان کردە قەڵەمڕەوی خۆیان، یەکێکی دیکەیان مەککاوی بە یەکجارەکی داگیرکرد، بەم شێوەیە. ..

بەڵام لەو کاتەوەی کە کۆماری میللی چین دامەزراوە، حکوومەتەکەمان ڕایگەیاندوە، کە بە سەر هەموو ئەو

ڕێککەوتننامانەدا دەچێتەوە، کە حکوومەتەکانی پێشوی چین لەگەڵ حکوومەتەکانی دیکەدا ئیمزای کردوە، ڕێککەوتننامە کۆنەکان، جا یان ئەوەتا ڕازی دەبێت لە سەریان، یاخود هەڵیاندەوەشێنێتەوە، یاخود چاکسازییان تێدا دەکات، یان ئەوەتا دووبارە گفتوگۆیان لە سەر دەکاتەوە، هەر یەکە و بە پێی ناوەڕۆکی خۆی.

لەم بارەیەشەوە، سیاسەتی ئێمە بەرامبەر بە دەوڵەتە سۆسیالیستییەکان، تەواو جیاوازە لە سیاسەتی ئێمە بەرامبەر دەوڵەتە ئیمپریالیستییەکان، چونکە ئێمە مامەڵە لەگەڵ چەندین دەوڵەتی ئیمپریالیستی جیاوازدا دەکەین، بارودۆخی جیاوازیش دەخەینە پێش چاوی خۆمان ئەمەش وا دەکات، کە جیاوازی هەبێت لە سیاسەتەکەماندا بەرامبەریان.

لە ڕاستیدا، زۆرێک لەو ڕێککەوتننامانە هەڵوەشێنراونەتەوە، یاخود هی نوێتر جێگەی گرتوونەتەوە. سەبارەت بە پرسە گرینگەکانیش، کە لە کۆنەوە بۆمان ماونەتەوە، بەردەوام وتومانە، کەی بارودۆخ لەبار بوو، ئەوا پێویستە بە چارەسەری ئاشتییانە، لە ڕێی دانوستان و گفتوگۆوە چارەسەریان بۆ بدۆزینەوە، تا ئەو کاتەی ئەم چارەسەرەش دەکرێت، پێویستە دۆخی ئێستا ( Status Quo)ی بارودۆخەکە بپارێزرێت. پرسی هۆنگ کۆنگ، کۆولۆن و مەککاو، هەموو پرسە سنوورییەکانی دیکەش، کە تا ئێستا بە فەرمی، لە نێوان لایەنە پێوەندیدارەکاندا یەکلایی نەکراونەتەوە، هەر لەو بابەتەن. سەبارەت بە تایوان و کۆمەڵە دوورگەی پێنگ - هو، لە ساڵی (١٩٤٥)دا گەڕێنرانەوە بۆ چین. کێشەکە ئێستا ئیمپریالیستی ئەمەریکییە، کە هاتوە داگیریکردوون، دەستدەخاتە کاروباری ناوخۆی چینەوە. ئێمەی خەڵکی چین، سوورین لە سەر پیادەکردنی مافی سەروەریی خۆمان، لە ڕزگارکردنی ناوچەی

تـــایوانی خۆمـــان، لە هەمانکاتیشـــدا، لە ڕێـــگەی گفتوگـــۆی نێـــوان ســـەفیرەکانمانەوە، کە لە وارشـــۆ بەســـتراوە، لە نێـــوان ئەمریکـــاو چینـــدا، ئـــێمە هەوڵـــدەدەین بـــۆ کـــاراکردنی کشـــانەوەی هێزەکـــانی ئەمریکـــا لە تـــایوان، گەروی تـــایوان (Taiwan Strait). ئەم هەڵوێستەی ئێمە، بە پێی ئەوەی کە لە سەرەوە باسکرا، نەک هەر تەنهـا لە بەرژەوەنـدی خەڵکـی چینـدایە، بەڵکـوو لە بەرژەوەنـدی کامپی سۆسیالیستی و هەموو خەڵکی جیهانیشدایە.

ئەوە بـۆچی لە دوای قەیـرانەکەی کـاریبی، هەر لە خـۆوە و لە ناکـاو، ئەم سیاســەتە دروســتەی ئـێمە بـوە جـێگەی مشــتومڕی هەندێک کەس، بوە بابەتی هەڵمەتە دژە - چینییەکەیان؟

دیارە ئەم پاڵەوانانە زۆر دڵیان بەخۆیان خۆشـە، کە توانیویـانە بەردێـک لەو زێـرابە هەڵبگـرن، پێیـان وایە دەتـوانن بە هـۆیەوە بە یەک جاری چین بڕوخێنن، بەڵام ئایا ئەو بەردە پیسـە لە کۆتاییدا بەر کێ دەکەوێت؟

ئێـوە نـازانن کە پرســەکانی وەک هۆنـگ کۆنـگ و مەککـاو دەکەونە ژێـر ڕیزبەنـدیی ئەو ڕێککەوتننـامە نـابەرابەرانەوە کە لە کـۆنەوە بۆمـان مـاونەتەوە. ئەو ڕێککەوتننامـانەی کە ئیمپریـالیزم سـەپاندونی بە سـەر چیندا. ڕەنگە هەنـدێک بپرسـن: لە وروژانـدنی پرسێکی وەهادا، ئێوە بە تەمان هەموو ئەو پرسانەی کە پێوەندییان بە ڕێککەوتننـامە نابەرابەرەکـانەوە هەیە پـێکەوە بـوروژێنن، تـا چارەسەرێکی گشتگیریان بۆ بدۆزنەوە؟ ئایا هەرگیز بە مێشکتاندا هـاتوە، ڕەنـگە دەرئەنجـامەکەی بەچـی بگـات؟ ئایـا بەڕاسـتی پێتـان وایە ئەمە هیچ سوودێکی دەبێت بۆتان؟

# دۆکیۆمێنتی (٨)

## یاخیبوونەکەی سینکیانگ

(هەڵبژاردەیەک لە وتارە یەکگرتوەکەی بەشی سەروتارەکانی چین – مین و جی – پاو و هونگ - چی، "بنەڕەتو پەرەسەندنی ناکۆکییەکانی نێوان سەرکردەکانی CPSUو ئێمە"، (٦ی سێپتەمبەری ١٩٦٣)، کە لە پەکین ڕیڤیو(Pekin Review)شدا لە (١٣ی سێپتەمبەری ١٩٦٣)دا، لە لاپەڕە (٦ - ٢٣)دا دووبارە لە چاپدرایەوە.)

لە مـانگی ئەپریـلو مەی (١٩٦٢)دا، سـەرکردەکانی (CPSU)، ئۆرگان و کەسایەتییەکانی خۆیانیان لە (سینکیانگ)ی چیندا بە کار هێنـا، بۆ بەرپاکردنی یـاخیبوونێکی بەرفـراوان، لە نـاوچەی ئیلـی، کەوتـنە هانـدان و پاڵپێوەنـانی دەیـان هەزار خەڵکـی چـین، تـا ڕووبکەنە یەکێتـی سۆڤیەت. حکوومەتی چین، یەک لە سـەر یەک کەوتە نـــاڕەزایی دەربــــڕین، هەوڵــــدان بـــۆ ڕوونکـــردنەوەی بارودۆخەکە، بەڵام حکوومەتی سۆڤیەتی ڕازینەبوو ئەو هـاوڵاتییە چینیـانە بگێـڕێتەوە، بەبیـانوی (هەسـتی یاسـایی سـۆڤیەت) و (مرۆڤدۆسـتایەتییەکەی). هەتـا ئەمـڕۆش، ئەو ڕووداوە یەکلایـی نەبوەتەوە. بە ڕاستی ئەمە ڕووداوێکی سـەیر و چەواشـەکارانەبوو، کە پێشـتر کەس شـتی وای لە نێـوان وڵاتە سۆسیالیسـتییەکاندا نەبینیوە.

# دۆکیۆمێنتی (٩)

## لێدوانەکەی حکوومەتی سۆڤیەت

(هەڵبـژاردەیەک لە وتـارێکی حکـوومەتی سـۆڤیەتی، دەزگـای بڵاوکردنەوەی تاس (Tass)، مۆسکۆ، (٢٠ی سێپتەمبەری ١٩٦٣).

لەم سـاڵانەی دواییـدا، چـین هێنـدە کـاری نـابەجێی لە سـەر سـنوورەکانی لەگەڵ وڵاتـانی دراوسـێکانیدا ئەنجامـداوە، کە وا لە مـرۆڤ دەکـات هەسـتبکات، کە لەو پرسـەدا حکـوومەتی (کۆمـاری میللــی چـــین – PRC)، هەتـــا دێـــت زیـــاتر لە هەڵوێســـت و

بیروباوەڕەکـانی لینینیـزم دوور دەکەوێـتەوە. سـەرانی (PRC) بە ئەنقەست سەرنجی خەڵکی بەلای کێشە سنوورییەکاندا ڕادەکێشن، هەستی نەتەوەیی و ڕقلێبوونەوە لە خەڵکی دیکە جۆش دەدەن.

هەر لە ساڵی (١٩٦٠)ەوە، سـەرباز و خەڵکی مەدەنی چین، بە شێوەیەکی سیستماتیکی، سنوورەکانی سۆڤیەت دەبەزێنن، تەنها لە سـالّی (١٩٦٢)دا، زیـاد لە ٥٠٠٠ سـنووربەزاندن لە لایەن چینییەکـانەوە تۆمـار کـراوە. تەنـانەت هەنـدێک هەوڵیشـدراوە بـۆ (پەرەپێدانی) هەندێک بەشی ناوچە سۆڤیەتییەکان، بێئەوەی مۆڵەت لە سۆڤیەت بخوازن.

حکـوومەتی سـۆڤیەتی چەنـدین جـار پێشـنیاری ئەوەی بـۆ حکوومەتی (PRC) کردوە، کە ڕاوێژ بکرێت بۆ پرسی دیاریکردنی هەنـدێک نـاوچەی جیـاواز لە سنوورەکان، تـاوەکوو ئەگەری هـیچ ناحاڵیبوونێک نەمێنێتەوە، بەڵام لایەنی چینی خۆی دەدزێتەوە لەو جـۆرە ڕاوێژکـارییە، لە هەمانکاتیشـدا هەر بەردەوامە لە بەزانـدنی سنوورەکان. بێ گومان ئەمە ئێمە نیگەران دەکات، بە تـایبەتیش، بە لە بەرچاو گرتنی ئەو ڕاستییەی کە پڕوپاگەندەی چینی، بەردەوام بـاس لە دیـاریکردنی ناعـادیلانەی هەنـدێک بەش لە سـنوورەکانی سـینۆ - سـۆڤیەتی دەکـات، گـوایە لە ڕابـردودا کـراوە. لەگەڵ ئەوەشـدا، لە خـۆڕا دروسـتکردنی هەر کێشـەیەکی سـنووری، بە تایبەتیش لەگەڵ دەوڵەتە سۆسیالیستییەکاندا، بەرەو ئاقارێکی زۆر مەترسـیدار دەڕوات، ئەگەر هەر دەوڵەتێـک هەسـتێتو گێچەڵێـک بەوی تـر بگرێت لە سـەر نـاوچەیەک، بە بیانوی هەندێک زانیـاری کـۆن، چەنـد گـۆڕێکی باوباپیرانیـان. ئەگەر بـکەونە جەنـگ بـۆ گێـڕانەوەی ئەو سـنوورانەی کە بە پێـی ڕۆژگـار و مێـژوو گۆڕانکارییـان بە سـەردا هـاتوە، ئەمە دەرئەنجـامێکی باشـی

لێناکەوێتەوە، دەبێتە هۆی نانەوەی دوژمنایەتی لە نێوان میللەتاندا، دوژمنانی ئاشتی پێی شاد دەبن.

پێویستە ئەوە لە بیر نەکەین، کە لە ڕابردوودا، پرسی کێشەی ناوچەیی، ناوچەگەری، ئەوجۆرە داوایانە، بەردەوام هۆکاری لێکترازان، کێشە و شەڕوشۆڕ بوون لە نێوان وڵاتاندا، سەرچاوەی جۆشدانی هەستی نەتەوەیی بوە. دیارە کێشەی ناوچەیی و پێکدادانی سەر سنوورەکان، بەردەوام وەک بیانو بە کارهێنراون بۆ هەڵگیرساندنی جەنگو داگیرکاری. هەر لەبەر ئەوەیە، کە کۆمۆنیستەکان بەردەوام هەوڵدەدەن بۆ چارەسەرکردنی کێشە سنوورییەکانیان لە ڕێگەی دانوستانەوە. دەوڵەتە سۆسیالیستییەکان، بە ڕەچاوکردنی بنەماکانی پرۆلیتاریای جیهانی لە پێوەندیەکانیاندا، پێویستە ببنە نموونە لە چارەسەرکردنی کێشە ناوچەییەکانیان، بە شێوەیەکی دۆستانە.

# دۆکیۆمێنتی (٩ أ)

## نامە نهێنییەکەی خروشۆڤ بۆ ماو

(نامەیەکی CPSUCC بۆ CCPCC، لە (٢٩ی نۆڤەمبەری ١٩٦٣)دا، پیوپلز دەیلی (Peoples Daily)ی (٩ی مەی ١٩٦٤)، پەکین ڕیڤیو (Peking Review)ی ٨ی مەی ١٩٦٤).

"... ڕەنگە تۆش وەک من پێت وابێت، کە ئەو ڕووداوانەی لەم ساڵانەی دواییدا، لە چەند بەشێکی جیاوازی سنوورەکانی سینۆ –

سۆڤیەتیدا ڕوویانداوە، ناکرێت وەک شتێکی ئاسایی لێی بڕوانرێت. حکـوومەتی سـۆڤیەتی پێشـتریش پێشـنیاری ئەوەی کردبـوو، کە ڕاوێژکـارییەکی دۆسـتانە ببەسـترێت، بـۆ دیـاریکردنێکی وردتـری سـنوورەکان، لە نـاوچە جیاوازەکانـدا، بەو هیـوایەی کە ئەمە ببێـتە هـۆی ڕەویـنەوەی هۆکارەکـانی ئەو ناحـاڵیبوونەی، کە ئێسـتا لە ئارادایە. لەم دواییانەدا، ئێوەش وەها باسـتان لەم کێشـەیە کردبوو، کە لە سـەر بنەمـای ڕاوێـژی دوولایەنە چارەسـەربکرێت. لەو بارەیەوە ئێمە دۆکیومێنتێکی هاوپەیوەستتان بۆ دەنێرین.

لەم دواییـانەدا چـین چەنـد لێـدوانێکی داوە، سـەبارەت بە سیاسەتی دوژمنکارانەی حکوومەتی قەیسـەری، ئەو ڕێککەوتننامە ناعادیلانانەی کە سەپێنراون بە سەر چین دا. بێ گومـان ئێمە هیچ بەرگـری لە قەیسـەرەکانی ڕووس نـاکەین، کە ڕێگەیانـداوە بە زۆر سنووری وڵاتـانی دراوسێ ببەزێنرێت. لەو بڕوایەداین کە ئێوەش بەرگری لەو ئیمپراتۆرانەی چین نەکەن، کە بەزۆری چەک چەندین نـاوچەی خەڵکـانی دیکەیـان داگیرکـردوە، بەڵام لە کاتێکدا ئیدانەی ئەوکـارە کۆنەپەرسـتانانەی ئەو تـاقمە چەوسـێنەرەی خـاوەن دەسـەڵات دەکەیـن، کە لەوکـاتەدا لە چـینو ڕووسـیا حوکمییـان بەدەست بوە، نابێت ئەو ڕاستییەش لە بیربکەین ئەو سنوورانەی، کە لەمێـژە کێشـراون لە نێـوان ئەم دوو وڵاتەدا، ڕاسـتەقینەن و بوونیـان هەیە. هەر پشتگوێخسـتنێکی ئەم ڕاسـتییە، ڕەنـگە ببێـتە هـۆی بە هەڵەداچـوون و کێشـە، لە هەمانکاتیشـدا، نـابنە هـۆی چارەسـەری کێشـەکە. بەکـورتی، شـتێکی بە جـێ نیـیە لەخـۆڕا کێشـەیەکی سنووری بهێنرێتە ئاراوە، بە تـایبەتیش لەم کـاتەدا کە چینی کرێکار لە دەسـەڵاتدان، ئامـانجی هەر دوو لامـان گەیشتنە بە کۆمـۆنیزم، کە لە سـایەیدا، سـنوورەکانی نێـوان وڵاتـان ئەو

گرینگییەی جارانی نامێنێت. ئێمە دەکرێت هەر چی کێشەی سنووری هەیە لە نێوانماندا نەیهێڵین، بەم شێوەیەش لە بەرچاوی خەڵکیدا ببینە نموونەی پێوەندی دۆستایەتی نێوان دوو دەوڵەتی سۆسیالیستی...".

## دۆکیۆمێنتی (١٠)

## خروشۆڤ، سەبارەت بە چارەسەری ئاشتییانەی کێشە سنووریەکان

(هەڵبژاردەیەک لە نامەیەکی سەرۆک وەزیران، خروشۆڤ، بۆ سەرۆکی حکوومەتەکانی دنیا، سەبارەت بە چارەسەرکردنی کێشە ناوچەییەکان. دەقی نامەکە لە (٣ی جەنیوەری ١٩٦٤)دا لە ڕادیۆی تاسی نێودەوڵەتییەوە لە مۆسکۆ خوێندرایەوە).

ن. س. خروشۆڤ، سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لە (USSR)، لە (٣١ی دیسەمبەری ١٩٦٣)دا، نامەیەکی ئاڕاستەی سەرۆکی حکوومەت و دەوڵەتانی هەموو جیهان کرد، کە ئەمە دەقەکەیەتی:

ئەم نامەیەتان ئاڕاستەدەکەم، بەو هیوایەی سەرنجتان ڕابکێشم بۆ کێشەیەک، کە بە بڕوای من، گرینگیی زۆر گەورەی هەیە لە پتەوکردنی ئاشتیدا، ئەویش کێشە ناوچەییەکانی نێوان وڵاتانە، ئەو ڕێگەچارانەش کە پێویستە بگیرێنەبەر.

*****

وادەزانم هەموو کۆکبین لە سەر ئەوەی، ئەگەر بێت و هەڵاوێر کردنێک لەو پرسانەدا بکەین، کە بە زۆری دەبنە هۆی کێشەی مەترسیدار لە نێوان وڵاتاندا، بێ دوودڵی، کێشەی ناوچەیی، ناکۆکی سنووریی نێوان وڵاتان، داواکردنی ناوچەی یەکتری، بە پلەی یەکەم دێت.

... بێ گومان پرسی سنوور، یاخود وردتر بڵێین، داواکردنی ناوچەیی، دروستبوونی مشتومڕ لە سەری، شتێکی نوێ نییە، بەڵکوو بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی بوونی هەبوە، هەندێک جاریش بۆتە هۆی شەڕو پێکدادان لە نێوان وڵاتاندا، خستنەوەی بێ متمانەیی و دوژمنایەتیش لە نێوان گەلاندا.

*****

لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە، چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەو کێشەو داوا ناوچەییانەدا بکەین، کە لە سەر ئەو سنوورە تەواو چەسپاوانەی ئێستادا دروست دەبن. با لە پێشدا تەماشایەکی سروشتی ئەو کێشەو داوایانە بکەین.

جۆرێکی تایبەتی هەن لەو داوایانە، کە هی چەند وڵاتێکی دیاریکراون، لەوانەی کە بەدوای تۆڵەدا دەگەڕێن، هی وڵاتە

دوژمنکارەکانی جەنگی جیهانی دوەمن. ئەو کۆمەڵە، لەوانەی کە بە دوای تۆڵەی جەنگە دۆڕاوەکەیاندا دەگەڕێن، پیلانێکیان لە ژێر سەردایە، بۆ گۆڕین و دەستکاریکردنی ئەو ڕێککەوتنە ناوچەییانەی کە تازەن و لە دوای جەنگەکەوە بەستراون. ئەوان بە پلەی یەکەم دەیانەوێت دەستبەرداری ئەوناوچانە نەبن، کە ئێستا بە هۆی لابردن و نەهێشتنی دەرئەنجامەکانی کارە دوژمنکارییەکانی ئەوانەوە بوون بە موڵکی وڵاتانی دیکە، بەڵێنیانپێدراوە لە داهاتووشدا پارێزگارییان لێ بکرێت.

ئەم جۆرە (داوا)یانە، پێویستە زۆر بە توندی ڕەت بکرێنەوە، بەوەی کە لەگەڵ بەرژەوەندی ئاشتیدا یەکناگرنەوە، چونکە ئەم جۆرە داوایانە، لە جەنگێکی جیهانیی دیکە بەولاوە، هیچی تریان لێ سەوز نابێت.

بەڵام هەندێک داوای ناوچەیی و کێشەی سنووریی دیکە هەن، کە ژمارەیان زیاترە. ئەو داوایانە هیچ پێوەندییەکیان نییە بە ڕێککەوتنەکانی دوای جەنگەوە. بۆ پشتگیریکردنی داواکانیشیان، لایەنەکانی ئەوجۆرە داوایانە چەندین بەڵگە و لێکۆڵینەوەی مێژوویی، ئیتنۆگرافی، پێوەندیی خوێنی، ئایینی و... هتد، دەهێننەوە.

زۆرجار ڕوودەدات، یەکێک لە دەوڵەتەکان، بەڵگەو پشتگیری دەهێنێتەوە بۆ دەوڵەتی بەرامبەر، بۆ سەلماندنی داوا ناوچەییەکەی، لە بەرامبەردا دەوڵەتی بەرامبەریش بە هەمان شێوە، بەڵگەو پشتگیریی بۆ دەهێنێتەوە، بەڵام تەواو پێچەوانەی ئەوەکانی ئەوە. بەم شێوەیە ئەویش لە لای خۆیەوە دژە داوایەک پێشکەش دەکات. ئەنجامی ئەمەش، جۆشدانی ڕق، کینە و قووڵبوونەوەی ناکۆکییەکانە...

زۆرجار پشتبەستن بە بەڵگەنامەی مێژوویی هیچ سوودو

کەڵکێکی ئەوتۆی نابێت. کێ دەتوانێت بیسەلمێنێت کامیان زیاتر بە جێیە، بەڵگەنامەیەکی، با بڵێین، سەدەی حەڤەیەم، کە یەکێک لە دەوڵەتەکان پێشکەشی دەکات بۆ سەلماندنی داواکەی، یاخود، بۆ نموونە، بەڵگەنامەیەکی سەدەی هەژدەیەم، یان نۆزدەیەم، کە دەوڵەتەکەی بەرامبەری پێشکەشی دەکات، بۆ پشتگیریکردنی دژە داواکەی؟ ئەگەر بێت و هەموو مێژووی چەندین هەزار ساڵەش وەربگرین، وەک بنەمایەک بۆ چارەسەری کێشەیەکی سنووری، ئەوا، پێم وابێت، هەموو کۆکین، کە زۆرجار ئەمە هیچ چارەسەرێکی ڕاستەقینەی لێناکەوێتەوە...

هەندێک جار، ناکرێت نەژادی خەڵکیو بەڵگەی هاوشێوە بهێنینەوە، کە لە سەر بناغەی نەتەوە، ئیتنۆگرافی، پێوەندیی خوێن بنیادنراون. پەرەسەندنی مرۆڤایەتی هەربەو شێوەیە بوە، کە خەڵکی لە ناوچەیەکدا بژین، کە هی چەند دەوڵەتێک بێت. لە لایەکی دیکەشەوە هەندێک وڵاتی وەها هەن، کە چەندین نەتەوەی تێدا دەژی، یاخود بە دەیان جۆر خەڵکی تێدایە، کە هەریەکە و هی نەژادێکن.

بە داخەوە، ئەم کێشە سنوورییانە، بە تەنها لە نێوان مێژوونوس و ئیتنۆگرافەکاندا ڕوونادەن! بەڵکوو دەکەونە نێوان وڵاتانەوە، کە خاوەنی هێزی سەربازیی گەورە و زەبەلاحن... ئەمە مانای ئەوەیە کە پێویستە مرۆڤ تێگەیشتنی تەواو نیشانبدات بۆ سنوورەکان بەو شێوەیەی، کە بە درێژایی مێژوو دیاریکراون.

*****

ئایا جێگەی مەترسی نییە بۆ خەڵکانی ئاسیا، هێز بە کار بهێنرێت بە مەبەستی ڕاستکردنەوەی سنوورەکانی ئەو وڵاتانەی، کە لەم بەشەی دنیادان؟ دیارە، هیچ پێویست بەوە ناکات. ئایا

ڕاست نییە، کە ئەم کێشە سنوورییانەی لە نێوان هەندێک وڵاتانی ئاسیادا هەبوون، ئێستاش هەن، کاریگەرییەکی پێچەوانەیان هەیە لە سەر ژیانیان؟ میللەتانی کیشوەری ئاسیا ئەرکێکی گەورەیان لە سەر شانە. زۆر گرینگە بۆ ئەوان کە ئاستی ئابوری نەتەوەییان بەرزبکەنەوە، زەمینە خۆش بکەن بۆ پیشەسازییە نوێیەکان، پەرە بە بەروبوومە کشتوکاڵیکانیان بدەن، تا میللەتەکانیان لەو برسێتی و نەبوونییەی چەندین ساڵەیان دەرباز بکەن. ئەمە پێویستی بە هەوڵ و تێکۆشانێکی گەورە هەیە، لە سەروو هەموشیانەوە، پاراستنی ئارامی و هێمنی سنوورەکان. ئەو کێشە سنوورییانە نەک هەر بوونیان هەیە لە نێوان وڵاتە ئاسیاییەکاندا، بەڵکوو هەندێک جار بە شێوەیەک تەشەنەدەسێنێت، کە ناچاردەبن سوپاکەیان پڕچەک بکەن، گەورەتر بکەن، هەر چی سەرچاوەیان هەیە، بێ پەروا، لەودا سەرفی بکەن. کێ لەم کارە سوودمەندە؟ بێ گومان خەڵکی ئەو وڵاتانە نییە، کە خۆیان دەرباز کردوە لە زوڵموزۆری کۆلۆنیالەکان.

*****

نازانم چۆن ئەمەتان بۆ ڕوون بکەمەوە، بەڵام زۆر حەزدەکەم، بە ڕوون و ئاشکرا ئەو بیرۆکەیەتان تێبگەیەنم، کە نابێت و ناکرێت، لەم قۆناغەی ئێستاماندا، هیچ کێشەیەکی ناوچەیی لە نێوان دەوڵەتاندا ڕوو بدات، چونکە ڕەنگە پەنا ببرێتە بەر بەکارهێنانی هێزی سەربازی، بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشە سنوورییە چارەسەرنەکراوانە. نەخێر، نابێت ڕێگەبدەین شتێکی وەها بقەومێت، دەبێت هەر چی هەیە بیکەین بۆ کۆنترۆڵکردنی پەرەسەندنێکی لەوجۆرەی ڕووداوەکان.

لە هەموو ئەو کێشە سنوورییانەی ئێستا لە نێوان وڵاتاندا

هەیە، پێویستە هەر دوولا بە وردی لە پرسەکە بکۆڵنەوە، تا بگەن بە چارەسەرێک. ئێمە پێویستە هەموو لەو پێناوەدا کاربکەین. تاکە شتێک کە ئێمە لە دژی بین، گرتنەبەری ڕێگەی سەربازییە بۆ چارەسەری کێشە ناوچەییەکان، پێویستە ئێمە هەموو لە سەر ئەمە کۆک بین.

*****

بە ڕەچاوکردنی هەموو ئەمانە، بۆ بەهێزکردنی ئاشتی، بەرگرتن لە جەنگ، حکوومەتی سۆڤیەت ئەم پێشنیارە دەخاتە بەردەم هەموو حکوومەتانی دنیا: ئیمزاکردنی ڕێککەوتنێک - یاخود پەیماننامەیەک - ی نێودەوڵەتی، کە تێیدا، هەموو وڵاتان بەڵێنی ئەوە بدەن، کە هێز بەکارنەهێنن لە چارەسەرکردنی کێشە ناوچەییەکانیاندا، یاخود لە یەکلاییکردنەوەی پرسە سنووریەکانیاندا. بەڕای ئێمە، پێویستە ئەم جۆرە ڕێککەوتننامەیە ئەم پێشنیارە سەرەکیانە بگرێتە خۆ:

یەکەم: هەموو ئەو دەوڵەتانەی کە بەشداردەبن لە ڕێککەوتننامەکەدا، بەڵێنی ئەوە بدەن، کە بە هیچ شێوەیەک، پەنا نابەن بۆ هێز، لە پێناو گۆڕینی ئەو سنوورانەی وڵاتەکانیان، کە ئێستا هەیانە.

دوەم: دان بەوەدا بنێن، کە ناوچەی وڵاتانی دیکە، بە هیچ شێوەیەک نەکەنە ئامانج، بۆ هیچ کارێکی داگیرکارانە، یاخود هێرشکردنە سەر، یاخود داگیرکردنی سەربازی، یاخود هەر کارێکی دیکەی بەکارهێنانی هێزی ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ، کە لە لایەن وڵاتانەوە دەگیرێتەبەر، بەهەر پاساوێکی سیاسی، یان ئابوری، یان ستراتیجی، یان سنووری، یان هەر پرسێکی دیکە بێت.

سێیەم: ڕاگەیاندنێکی ڕاشکاوانە، بەوەی کە هیچ جیاوازییەک،

نە لە سیستمی کۆمەڵایەتی، نە لە سیستمی ڕامیاریدا، نە بەفەرمی ناسین، نە بەفەرمی نەناسین، بوون یان نەبوونی پێوەندی دیپلۆماتی، نە هیچ پاساوێکی دیکە، نەبێتە بیانو، بۆ بەزاندنی سەروەری خاکی دەوڵەتێک، لە لایەن دەوڵەتێکی دیکەوە.

چوارەم: بەڵێندان بە چارەسەرکردنی هەموو کێشە ناوچەییەکان، تەنها بە ڕێگەچارەی ئاشتیانە، وەک دانوستان، ناوبژیوانی، ڕازیبوونی دوولایەنە، یاخود هەر چارەسەرێکی ئاشتیانەی دیکە، کە هەر دوو لایەنی پێوەندیدار پێیان باشە و دەگونجێت لەگەڵ پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتوەکان (UN)دا.

پێویستە ئاماژە بەوەش بکرێت، کە ڕێککەوتننامەیەکی نێودەوڵەتی لەم جۆرە، پێویستە هەموو کێشە سنوورییەکان بگرێتەوە، کە لە سەر ئەو سنوورانە بەرپابوون، کە ئێستا لە ئارادان..

**دڵسۆزتان**

**ن. خروشچێڤ**

**سەرۆک وەزیرانی (USSR)**

## دۆکیۆمێنتی (١١)

## لە (CCP)ەوە بۆ (CPSU)

(هەڵبـــژاردەیەک لە "نـــامەکەی (٢٩ی فەبریـــوەری ١٩٦٤)ی کۆمیتەی ناوەندی پارتی کۆمۆنیستی چینی، بۆ کۆمیتەی ناوەندی پارتی کۆمۆنیستی یەکێتی سۆڤیەت"، پەکین ڕیڤیو، ژمارە ١٩، لە ٨ی مەی ١٩٦٤دا).

**١. پرسی سنوورەکانی سینۆ – سۆڤیەتی:**

حکوومەتی کۆماری میللی چین، بەردەوام بڕوای وابوە، کە دەکرێت کێشە سنوورییەکانی نێوان چین و یەکێتی سۆڤیەت، کە میراتێکی کۆنە بۆمان ماوەتەوە، لە ڕێگەی دانوستان و گفتوگۆوە چارەسەربکرێن. هەروەها بڕواشی بەوە هەبوە، کە تا گەیشتن بەو چارەسەرە چاوەڕوانکراوە، پێویستە ئەو دۆخی ئێستای سنوورەکان، وەک خۆی ڕابگرێت. ئێمە بەدرێژایی زیاتر لە دە ساڵی ڕابردوو، ئاوەهامان کردوە، ئەگەر حکوومەتی سۆڤیەتیش وەهای بکردایە، ئێستا هەر دوولامان، بە درێژایی سنوورەکانمان، بە خۆشی و ئارامی دەژیاین.

سەرانی (CPSU)، لەم ساڵانەی دواییدا، بە تەشەنەدان بە چالاکییە دژە - چینییەکان، داگیرکردنی ناوچە چینییەکان، هاندانی پشێوی لە سەر سنوورەکان، چەندین پێشێلکاریان لە هێشتنەوەی دۆخی ئێستای سنوورەکاندا کردوە، لەوەش مەترسیدارتر، لایەنی سۆڤیەتی بە ئاشکرا کاری تێکدەرانەی بەرفراوان لە ناو ناوچە سنوورییەکانی چیندا ئەنجام دەدات، هەوڵ دەدات لە ڕێگەی بڵاوکراوە و ئامێری بێتەلەوە، تۆوی دووبەرەکی لە نێوان نەتەوەکانی ناو چیندا بچێنێت، هانی هاوڵاتییانی چین، لە کەمینە نەتەوەییەکان، دەدات، کە نیشتمانەکەیان بە جێ بهێڵن، وایان لە دەیان هەزار هاوڵاتی چینی کردوە، بەزۆر بێت یان بەهاندان، ڕووبکەنە یەکێتیی سۆڤیەت. ئەم کارانە نەک تەنها پێشێلکارییە بۆ ئەو بنەمایانەی کە

پێوەندییەکانی نێوان وڵاتە سۆسیالیستێکانی لە سەر بنیادنراوە، بەڵکوو ئەمە لە پێوەندیی نێوان دوو دەوڵەتی ئاساییشدا بە جێ نییە.

لە نێوان هەموو ئەو وڵاتانەدا کە هاوسنوورین پێکەوە، تەنها سەرانی (CPSU)، ڕەگەزپەرستە کۆنەپەرستەکانی هیند، لەخۆڕاو بە ئەنقەست، کێشەی سنووری لەگەڵ چیندا دروست دەکەن.

حکوومەتی چین، زۆر بە قەناعەتەوە، هەر چی ئەو کێشە سنوورییانەی کە لە کۆنەوە بۆی مابوونەوە، لەگەڵ برا سۆسیالیستەکانی دراوسێیدا، هەمووی چارەسەرکردن، تەنها یەکێتیی سۆڤیەت نەبێت، هەروەها لەگەڵ دراوسێ ناسیۆنالیستەکانیشیدا، وەک بۆرما، نیپاڵ، پاکستان و ئەفغانستان، تەنها هیند نەبێت.

وەفدی هەر دوو وڵات دانوستانەکانیان، سەبارەت بە پرسە سنوورییەکان، لە (٢٥ی فەبریوەری ١٩٦٤)ەوە دەستی پێ کردوە. هەر چەندە ئەو ڕێککەوتننامە سنوورییانەی نێوان چین و ڕووسیا، ڕێککەوتننامەی نابەرابەرن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، حکوومەتی چین دەیەوێت ڕێزیان لێ بگرێت، بیانکات بە بنەما بۆ چارەسەرێکی پەسەندی کێشە سنوورییەکانی سینۆ - سۆڤیەتی. لەبەر ڕۆشنایی پرۆلیتاریای جیهانی، بنەماکانی پێوەندیی نێوان دەوڵەتە سۆسیالیستییەکان، حکوومەتی چینی گفتوگۆیەکی دۆستانە لەگەڵ حکوومەتی سۆڤیەتدا دەبەستێت، بە گیانی ڕاوێژکردن، لە سەر بنەمای یەکسانی پێگە، تێگەیشتنی هاوبەش، پێکەوە گونجانی دوولایەنە. ئەگەر لایەنی سۆڤیەتیش هەمان هەڵوێستی هەبێت، ئەوا ئێمە پێمان وایە کە چارەسەری کێشەی سنووریی سینۆ - سۆڤیەتی شتێکی گران نابێت، سنوورەکانی سینۆ - سۆڤیەتیش بە

ڕاستی دەبنە مایەی دۆستایەتییەکی درێژخایەن.

## دۆکیۆمێنتی (١٢)

## کونسوڵی گشتی سۆڤیەت لە نیودەلهی، چین بە بەزاندنی سنوورەکان تاوانباردەکات

(هەڵبژاردەیەک لە نامەیەکی دەزگای زانیاری لە نیودەلهی، هند، (٨ی ئەپریلی ١٩٦٤)، لە (D. J. Dooling, op. cit) ل ٣٨ەوە وەرگیراوە).

ڤۆینۆڤ (Voinov)ی کونسوڵی گشتی سۆڤیەت لە کەلکەتە، سەرانی چینی بەوە تاوانبار کرد، کە دەستیانداوەتە سەرکەشیو هاندانی ڕووداوە سنوورییەکان لەگەڵ وڵاتە دراوسێکانیاندا. ڤۆینۆڤ لە (٧)ی ئەپرەڵدا، لە بۆنەیەکی فەرمیدا وتی، کە بەزاندنی سنوورەکانی سۆڤیەت لە لایەن چینییەکانەوە، لە (١٩٦٢–١٩٦٣)دا، بە بەردەوامی ڕووی داوە، کە هەندێک جار بە ئاشکرا بۆ هەراسانکردن بوە.

# دۆکیۆمێنتی (١٣)

## بۆچوونەکانی یاساناسی سۆڤیەتی ڤیدۆر کۆژیڤنیکۆڤ

(Fedor Kozhevnikov) سەبارەت بە کێشەکە، (٨ی ئەپرەڵی ١٩٦٤)، (بڵاو کراوەیەک لە دەزگای تاسی نێودەوڵەتییەوە، مۆسکۆ، ٨ی ئەپرەڵ، ١٩٦٤).

مۆسکۆ/ "ڕووداوەکان وا دەردەخەن، سەرکردەکانی چین، کە دوای کڵاوی بابردوو کەوتوون، هەوڵ دەدەن بۆ لەقکردنی

بنەماکانی کامپی سۆسیالیستی". ئەمە وتەی یاساناسی سۆڤیەتی، لە جیهاندا ناسراو، فیدۆر کۆژیڤنیکۆڤە، کە لە ڕاگەیاندنێکدا دەڵێت: "سەرانی چین، بە گرتنەبەری سیاسەتی سەرکێشی وردە بۆرژوابیانە، شۆڤێنیزمی زلهێزەکان، هەر چی سنوور هەیە بەزاندوویانە، نەک هەر بەئاشکرا هەموو بنەماکانی سۆسیالیستی نێودەوڵەتی دەخەنە ژێر پێوە، بەڵکوو هەموو بنەما سەرەتاییەکانی یاسای جیهانی، ئەخلاقیی نێودەوڵەتیش پێشێل دەکەن".

بۆ نموونە، یەک لەو بنەماو ستانداردانەی، کە بە گشتی لەم یاسایانەدا پەیڕەودەکرێن، ڕەچاوکردنو پابەندبوونی خۆبەخۆی ئەرکە نێودەوڵەتێکانە، لە بە ئاشتیانە چارەسەرکردنی کێشەکان، بە کێشە سنووریەکانیشەوە، هەروەها ڕێزگرتنە لە سەرەوەی وڵاتانی دیکە، بە هیچ شێوەیەک دەستوەرنەدان لە کاروباری ناوخۆیان، (کە سەرانی PRC بە ئاشکرا ئەمانەیان پشتگوێ خستوە). کۆژیڤنیکۆڤ دەڵێت:

"لە (١٩٢٨)ەوە، حکوومەتی (PRC) ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر لە هەوڵدایە، بۆ بنکۆڵکردن و لاوازکردنی دۆستایەتی نێوان چین و سۆڤیەت، ئەویش بە پشتبەستن بە ڕێککەوتننامەکەی ساڵی (١٩٥٠)، (واتا، ڕێککەوتننامەکەی سینۆ - سۆڤیەتی تایبەت بە دۆستایەتی، هاوپەیمانی و هاریکاریی یەکتری)".

پاشان کۆژیڤنیکۆڤ دەڵێت، "هەموو دەزانن کە هیچ کێشەیەکی ناوچەیی لە نێوان (USSRو PRC)دا بوونی نییە، هەر چی هێڵی سنووریی سینۆ - سۆڤیەتی هەیە، زۆر لەمێژە کێشراون، کۆتاییان هاتوە. تاکە کێشەیەک کە ڕەنگە لە ئارادا هەبێت، ڕوونکردنەوەی جیا بە جیای سنوورەکانە، کە پێویستە بکرێت، بەڵام لایەنی چینی، ماوەیەکە بە بەردەوامی، بە شێوەیەکی سیستماتیکیانە، سنوورەکان

دەبەزێنێــت، هەر بەوەشــەوە ناوەســتێت، بەڵکــوو زۆر جــار بە شێوازێکی ناشیرین و هەراسانکارانە دەیکات". پاشـان یاساناسـەکە جەخت لە سەر ئەوە دەکاتەوە، کە "ئەمە بە ئاشکرا دژی ئەو بنەما یاساییانەن، کە لە لای هەموان بە گشتی پەسەندن".

"هەڵوێســتی ســەرانی (PRC)دان بەوەدا دەنــێن، کە ڕەنــگە نیوەی مرۆڤایەتی (لە جەنگێکی ئەتۆمیدا) لە ناو بچن، کە ڕەنگە بە نــاوی خەبــات بــۆ پاشــەڕۆژێکی باشتریشــەوە ڕوو بــدات، تەواو پرســێکی ئەخلاقیــانەیە ". کۆژیڤنیکــۆڤ دەڵێــت، "ڕازینەبــوونی حکوومەتەکەی (PRC) لە سەر بەشداریکردن لە ڕێککەوتننامەکەی مۆسکۆی تایبەت بە ڕاگرتنی تاقیکردنەوەکان (Test – Ban Treaty)، هیچ پاساوێکی نییە".

هەروەها کۆژیڤنیکۆڤ وتی کەوا خەڵکی سۆڤیەت "تەواو دڵنیان لەوەی، کە بیروباوەڕەکەیــــان بەرز و ڕەوایە، بــــاوەڕێکی تەواو چەسپاویان هەیە بەوەی، کە بزووتنەوەی کۆمۆنیستی جیهانی بە سەر ئەو کۆسپانەدا زاڵب دەبێت، کە ئێستا لە بەردەمیدان، ئەرکە مێـژووییەکەی دێنێـتەدی، بنیادنـانی کۆمـۆنیزم بە سـەرکەوتوویی دەگەیەنێتە ئەنجام".

# دۆکیۆمێنتی (١٤)

## یاخیبوونەکەی سینکیانگ

(کـورتەیەک لە بـڵاو کراوەیەکـی ئاژانسـی دەنگوباسـی چینـی نێودەوڵەتی، پەکین، ٢٨ی ئەپرەڵی ١٩٦٤).

ئـورومچی (Urumchi)، 28ی ئەپـرەڵ، یەکەمـین دانیشـتنی کۆنگرەی میللی سێیەمی هەرێمی ئۆتۆنۆمی سینکیانگ ویغور، کە بەم دواییـانە لە ئـورومچی بەسـترا، بە کارەکـانی سـاڵانی پێشـویدا چووەوە، پلانی ئابوریی هەرێمەکەی بۆ ساڵی (١٩٦٤) پەسەند کرد.

له هەمانکاتیشدا ئیدانەی کۆنەپەرستە نوێیەکانی کرد، لە سەر کار و چالاکییە تێکدەر و ژێربەژێرەکانیان، کە لە دژی ئەنجامی دەدەن.

*****

لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا، کاربەدەستانی یەکێتی سۆڤیەت چەندین جار ئەو بنەمایانەیان پێشێل کردوە، کە پێوەندیی نێوان دەوڵەتە سۆسیالیستێکانی لە سەر بنیادنراوە، چەندین کاری تێکدەرانەیان دژی سینکیانگ ئەنجامداوە، دەیان هەزار هاوڵاتی چینیان هانداوە و پاڵپێوەناوە، کە بچن بۆ یەکێتی سۆڤیەت، لە سەر سنوورەکان پشێوی بنێنەوە.

کاربەدەستانی سۆڤیەت کەوتونەتە بەکارهێنانی ماکینەی پڕوپاگەندەکەیان، لە ڕێی چاپەمەنی و ڕادیۆکانیشیانەوە، کە لە ئاڵما ئاتا (Alma Ata)و تاشقەند (Tashkent)و فرونزێ (Frunze)ی نێزیکی سینکیانگەوە دایاننناون، بۆ بڵاوکردنەوەی درۆودەلەسە، ناشیرینکردنی سەرکردەکانی پارتی کۆمۆنیستی چینی، گۆڕین و شێواندنی مێژووی سینکیانگ، لە پێناو بێهێزکردنی یەکێتی نێوان گەلی چین، کە لە چەندین نەتەوە پێک هاتوە. سەرۆک سەیفەدین (Saifudin)ی سەرۆکی هەرێمی ئۆتۆنۆمی سینکیانگ ویغور، بەردەوام جەخت لە سەر ئەوە دەکاتەوە، کە دەبێت ئاگاداری ئەو کۆنەپەرستە نوێیانە بین و بەرەنگاریان ببینەوە.

*****

ئەو نوێنەرانەی ئامادەبوون لە کۆبوونەوەکەدا، سەبارەت بە باشی بارودۆخی سینکیانگ دوان، باسییان لەو دەسکەوتە گەورانە کرد، کە لە ساڵی ڕابردودا بەدەستهاتوون. تووڕەیی و ناڕەزایی خۆشیان دەربڕی، بەرامبەر بە کارە تێکدەرانەکانی کاربەدەستانی سۆڤیەت، لە ڕوانگەی ئەزموونی خۆشیانەوە، ئەو درۆودەلەسانەی

سۆڤیەتیان ڕەت کردەوە. هەموو نوێنەرەکانیش سوربوونی خۆیان دووپات کردەوە لە سەر بەهێزکردنی یەکێتیکەیان و بەرەنگاربوونەوەی زیاتری پیلانەکانی ئەو کۆنەپەرستە نوێیانە.

# دۆکیۆمێنتی (١٥)

## پراڤدا سەبارەت بە بارودۆخی هۆنگ کۆنگ

(کورتەی هەواڵێکی تاسی نێودەوڵەتی، مۆسکۆ، ٢٧ی مەی، ١٩٦٤).

مۆسکۆ/ کۆلۆنیالیزمی بەریتانی، سیاسەتی دەرەوەی پەکین، زۆر باش پێکەوە هەڵدەکەن لە هۆنگ کۆنگدا. ئەمە هەر هەمان ئەو سیاسەتە (دەرەکیە)یە، کە لافی ئەوە لێ دەدات کە نموونەی شۆڕشگێرییە. .. ئەوە گەڕان بەدوای وشەیەکی ڕەق، یاخود هەر ناڕەزاییەک لە چاپەمەنییەکانی پەکیندا، لە دژی حوکمی ئەو کۆلۆنیالیستەی، کە چەندین ملیۆن چینیی لە هۆنگ کۆنگدا دەچەوسێنێتەوە، شتێکی بێسوود و بێهودەیە، بەڵام ئەگەر پرسەکە

باس له چەوساندنەوەی خەڵکانی وڵاتانی دیکە بێت، ئەوا چاپەمەنییەکانی پەکین هیچ (چاوپۆشییەک) ناکەن: کەچی بە شێوەیەکی سەیر بێدەنگن، بەرامبەر ئەو هەموو خەڵکە زۆرە، بێ چارە، بەدبەختەی، کە لە هۆنگ کۆنگ، لە تەنەکە شڕ و خانوە ڕووخاودا دەژین.

پەیامنێرەکانی پراڤدا لە ڕاپۆرتەکانیاندا دەڵێن کە، (بە وتەی ڕۆژنامەکانی هۆنگ کۆنگ)... پەکین ساڵانە بڕی (٣٠٠,٠٠٠,٠٠٠) $ لە هۆنگ کۆنگ وەردەگرێت. لەم چەند ساڵەی دواییشدا، ساڵانە نزیکەی (٧٥,٠٠٠) تەن برنج، بڕێکی زۆر گۆشت، میوە، شەکر، ڕۆن، لە چینەوە هەناردەکراوە بۆ هۆنگ کۆنگ. هەروەها چین سوود و قازانجێکی زۆر دەکات لە فرۆشتنی ئاوی خواردنەوە بە هۆنگ کۆنگ، چونکە ئاوی خواردنەوە، لە بەشی چینی کارکەری ئەو وڵاتەدا، بە کەمی دەست دەکەوێت. پەیامنێرەکانی پراڤدا باس لەوەش دەکەن، کە لەم ساڵانەی دواییدا، سەرمایە لە کۆماری میللی چینەوە، بە شێوەیەکی بەرفراوان بەکارهێنراوە، بۆ چونە ناو کۆمپانیا جیاجیاکان، پڕۆژەکان، بانکەکان، چێشتخانەکانی هۆنگ کۆنگەوە، ئێستا زۆربەیان تەواو بە دەستی ئەوانەوەن. "چۆن مرۆڤ دەتوانێت باس لە خەباتی چینایەتیو ئەرکی شۆڕشگێڕانە بکات، ئەگەر سەرمایە لە کۆماری میللی چینەوە، زۆر دۆستانە، هاریکاریی سەرمایەی ئەمەریکی و بەریتانی بکات، لە هۆنگ کۆنگدا، تا پێکەوە چینی کرێکار لەوێ بچەوسێننەوە؟"

# دۆکیۆمێنتی (١٦)

## لێدوانی یابانییەکان لە بارەی وتەکانی ماو

(کورتەیەک لە "پشتگیرییەکەی ماو تسی تۆنگ بۆ گەڕاندنەوەی دوورگەکانی کۆریلزی باشوور" ڕۆژنامەی یۆمیئوری شیمبون ((Yomiuri Shimbun، 13ی جولای، ١٩٦٤، ( D. J. Doolin, op. cit)، ل٤٤).

هەواڵەکان وا ڕادەگەیەنن، کە سەرۆکی پارتی کۆمۆنیستی چینی، ماو تسی تۆنگ، بەو وەفدەی پارتی سۆسیالیستی یابانی ڕاگەیاندوە، کە ئێستا سەردانی چینی کۆمۆنیستی دەکەن، گوایە ئەو پشتگیری داواکەی یابان دەکات، بۆ گەڕانەوەی کۆریلزی

باشـوور. هەروەهـا بـاس لە کێشـە ناوچەییەکانی سـۆڤیەت دەکات، وەک، مەنگۆلیـــای دەرەوە، ئەو ناوچـــانەی دەکەونە بـــاکووری ڕووبـــاری ئـــاموور، بەشـــێک لە ئەورووپـــای خـــۆرهەڵات، ئەو جێگایانەی کە دەکرێت بڵێین زۆر گرینگن لە ڕەچاوکردنی پێشـهاتی کێشەی سینۆ - سۆڤیەتیدا.

لە ڕوانـگەی پێوەنـدییە نێودەوڵەتێکـانەوە، نـاکۆکی نـاوچەیی مەترسـیدارترین فـاکتەرە، چـونکە ئەگەر ئەو ناکۆکیـانە بە تونـدی وەربگیرێن، دەبنە هۆی بەرپابوونی دۆخێکی زۆر خراپ، لە نێوان وڵاتە پێوەندیدارەکاندا. ئێمە بە ڕەچاوکردنی ئەو ڕاستییەی، کە ئەم جارەیان سەرۆک ماو بۆخۆی ئەو پرسـەی وروژاندوە، ئەگەرچـی پێشتریش ئەم بۆچوونانەی، چەندین جاری دیکەش، لە ڕۆژنامەو ڕێککەوتننامەکانـــدا خـــراونەتەڕوو، بەڵام ئەم جارەیـــان ئـــێمە هەستدەکەین کە (بە هۆی ئەم وتانەی ئەوەوە) پێوەندییەکانی سینۆ - سۆڤیەتی زۆر بەرەو خراپتر چوە. ..

ســەرۆک مــاو، نمــوونەی مەنگۆلیـای دەرەکـی و ناوچەکـانی دیکەی هێناوەتەوە، بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت کە یەکێتی سۆڤیەت زۆر تەماحکـاربوە لە بەدەسـتهێنانو دەستبەسـەرداگرتنی ناوچەکانـدا. دەڵـێن گوایە چینیی کۆمۆنیستی، ژێربەژێر وەهـا هیوا دەخوازێت ئەو ناوچـانەی بـاکووری ڕووبـاری ئـامور بەدەسـتبهێنێتەوە، کە بە هـۆی ڕێککەوتننـامەی ئـایگونی (١٨٥٨) لە دەسـتیداون، تەنـانەت هەرێمی ماریتایمی سیبریاش، کە بە هـۆی ڕێککەوتننامەی پایپینگ (Peiping)ی ساڵی (١٨٦٠)ەوە، لە دەستی داوە.

لەوەش زیـاتر، هەواڵەکان لە ئەورووپای خۆرهەڵاتەوە، دەڵـێن گـوایە ڕۆمانیـاش، کە (هێڵێکـی سـەربەخۆی) گرتـوە، داوای لە (USSR) کردوە کە ناوچەی بیسارابیا (Bessarabian Area)ی بۆ

بگەڕێنێـــتەوە. هەروەهـــا دەڵـــێن ئەگەر ئەمە ڕاســـت بێـــت، ئەوا (USSR) تووشـــی کێشـــەیەکی گەورە دەبێـــت، چـــونکە پۆڵەنـــدا و چیکۆسلۆڤاکیاش هەمـان کێشـەیان هەیە لەگەڵیـدا. ئەوەی کە ئێسـتا گرینگەو شایانی تێبینییە، ئەوەیە کە سەرۆک مـاو، وەک هەواڵەکـان دەڵێن، باسی لەوە کردوە کە ڕۆمانیـا، لەو کـاتەوەی، کە چینییەکـان تەواوی پشتگیریی خۆیان ڕاگەیاندوە بۆ ئەو وەفدە ڕۆمـانییەی، کە بە سەرۆکایەتی سەرۆک وەزیران، ماورەر (Maurer) هاتبوون بۆ پاپینـــگ، بـــۆ نـــاوبژیوانیکردن لە کێشـــەکەی ســـینۆ - ســـۆڤیەتیدا، ئەوانیش وا ڕووبەڕوی مۆسکۆ بوونەتەوە. بەم شـێوەیە، دەکرێـت بوترێـت کە ئەم وتەیە، ئەو ڕاســتییە دەســـەلمێنێت، کە پاپینـــگ بە ئاشکرا ئەو ناکۆکییەی گەورەتر کردوەتەوە، کە لە نێوان (USSR)و ئەوروپای خۆرئاوادا هەیە، لە سەر پرسی ناوچەیی.

بەم شێوەیە، کێشەکەی سینۆ - سۆڤیەتی، وەک پێشبڕکێیەکی شـــەڕە قســـەو ناوزڕانـــدنی لێهـــاتوە، لە نێـــوان دوو نەتەوەدا، کە دەیانەوێـت وەهـا پەرە بە بـارودۆخەکە بـدەن، کە لە بەرژەوەنـدی هەر دوولا بشـــکێتەوە. بەوەی کە نەک تەنهـــا هەر ســـوود لەو بارودۆخ و کێشە ناوچەییانە وەربگرن، کە لە نێوان هەر دووکیانـدا هەیە، بەڵکوو لە سەر حسابی کێشە ناوچەییەکانی وڵاتانی دیکەش. بە هەر حاڵ، هەر دوو مۆسکۆ و پاپینگیش، لە هەوڵـی ئەوەدان کە تا کۆتایی، هەڵوێستی خۆیان بەهێزتـر بکەن، بەرامبەر بە یەکتـری. ئەو وڵاتـــانەش کە بە نمـــوونە هێنـــراونەتەوە لەم پرســـەدا، دەبێـت بـزانن کە ئەوان لە خـۆڕاو بـێ مەبەسـت ڕانەکێشـراونەتە نـاو ئەم کێشەیەی سینۆ - سۆڤیەتییەوە.

# دۆکیۆمێنتی (١٧)

## پراڤدا سەبارەت بە وتەکانی ماو لە (١٠)ی جوڵایدا

(سەروتاری "سەبارەت بە قسەکانی ماو تسی تۆنگ لەگەڵ کۆمەڵێک لە سۆسیالیستە یابانییەکاندا". پراڤدا، ٢ی سێپتەمبەری ١٩٦٤، هەروەها تاسی نێودەوڵەتی، مۆسکۆ، ١ی سێپتەمبەری ١٩٦٤).

لێدوانەکەی ماو تسی تۆنگ، بۆ کۆمەڵێک لە سۆسیالیستەکانی یابان، کە سەردانی پەکینیان کردبوو، بەم دواییانە لە یابان

بڵاوکرانەوە. ئەم پیاوەی ڕۆژنامە بۆرژواکان، تەواو دەنگی لێ هەڵبڕیوە، ئەمانیش ئەو قسانەیان پێخۆشە کە سەرۆکی (CCP) کردوویەتی. ناوەڕۆکی وتەکان بە شێوەیەک بوون، کە ئاسان نییە یەکەم جار بڕوابکەیت، کە ئەمە ڕاستە، وەهای وتوە، چونکە بە ڕاستی ئەو ڕۆژنامە بۆرژوازیانە، دەشێت هەموو شتێک بنووسن، بۆ ژەهراویکردنو تێکدانی ڕەوشی جیهان، هاندانی ناکۆکی لە نێوان وڵاتە سۆسیالیستییەکاندا.

وەها چاوەڕواندەکرا، کە پەکین ئەو ڕاپۆرتە هەواڵە بەدرۆ بخاتەوە، کەچی هیچ نکوڵییەک لە ئارادا نەبوو، بەڵکوو بە پێچەوانەوە، سەرانی چین ڕایانگەیاند کە ئەو چاوپێکەوتنەی ماو تسی – تونگ، کە لە چاپەمەنیەکانی یاباندا بڵاو کراوەتەوە، ڕاستەو ڕووی داوە. نوێنەری سۆڤیەتیش لە پەکین، داوای لە جێگری وەزیری کاروباری دەرەوە، وانگ پینگ – نان (Wang Ping – Nan) کرد، کە ڕوونکردنەوەیەکی بداتێ لە سەر ئەو پرسە، ئەویش پێی وتبوو "ئەگەر ماو تسی تۆنگ ئەوەی وتبێت، ئەوا ئێمەش لەگەڵ قسەکانی ئەوداین".

لە (١)ی ئۆگەستدا، ڕۆژنامەی ئاساهی (Asahi)ی یابانی، وتەیەکی چو ئین ـ لای بڵاو کردەوە. ئەم وتەیەش هەر هەمان ئەو بیروبۆچونانەی لە خۆگرتبوو، کە لە چاوپێکەوتنەکەی ماوتسی – تۆنگدا هاتبوون. هەر بۆیە، هیچ گومانێک لەوەدا نەما، کە چاپەمەنییەکانی یابان، ڕاستودروست، وتەکانی سەرۆکی (CCP)یان گواستوەتەوە.

ئەم چاوپێکەوتنە، ئامانجو هەڵوێستی سەرانی چین ئاشکرا دەکات، کە تا ئێستا نەیاندەتوانی ئاوها دەنگی لێهەڵبڕن و ئاشکرای بکەن. هەر بۆیە باش بوو، کە ئەو وتانە بڵاوکرانەوە، تا خەڵکی

سـۆڤیەت بـزانن کە سـەرانی (CCP) تـا چەنـد ڕۆچـوون لە دوژمنایەتیـان بـۆ میللەتەکەمـان، میللەتـی دەوڵەتـانی دیـکەی سۆسیالیستی، بزووتنەوەی کۆمۆنیستی جیهانی بە گشتی.

ئاشـکرایە سـەرانی چـین، کە کەوتـنە دژایەتـی (CPSU)و پارتەکانی دیکەی مارکسیی - لینینی، ویستیان وەها خۆیان پیشان بـدەن، کە گـوایە ئەمـانە بەرگری لە مارکسـی - لینینـی دەکەن، لە بەرژەوەنـدی بـزووتنەوە شۆڕشـگێڕی و ئازادیخوازەکانـدا ئەمە دەکەن. لەوەش زیـاتر، سـەرانی (CCP)، بێسـڵەمینەوە، بانگەشـەی ئەوەیـان دەکـرد کە گـوایە، کاتێـک ئەوان زەمـی پارتەکەمـان و وڵاتەکەمان دەکەن، باس لە "هەڵوەشاندنەوەی بۆرژوازیانەی گەلی سـۆڤیەت" دەکەن، خەمـی بەرژەوەنـدی وڵاتەکەمـان، وڵاتە سۆسیالیستییەکانی دیکەیانە.

کاتێک کە لە (١٩٦٠)دا سـەرانی (CCP) کەوتنە دژایەتیکردنی ڕێبـازە پێشـکەوتوەکەمان، ئەگەری خۆپارسـتن لە هەڵـگیرسانی جەنگێکـی جیهـانی، گواسـتنەوەیەکی ئاشـتیانە و نائاشـتیانە بەرەو سۆسیالیزمی، پرسەکانی دیکە مرۆڤ وەهای بۆ دەچوو، کە ئەوانە تەنها لە کێشە ئایدیۆلۆجیکاندا ناگونجێن لەگەڵ (CPSU) و حیزبە مارکسی - لینینییەکانی دیکەدا، بەڵام کە ئەوان هەر بەردەوامبوون لە سەر دژایەتییەکەیان، گومانی زیاتر سـەری هەڵدا، لەوەی کە تۆ بڵێی سـەرانی (CCP) بە ڕاسـتی باوەڕیـان بەو شـتانە هەبێت کە دەیاننوسـن؟ دوایـی ئەو ئامـانجە سیاسـییە نابەجێیـانەی سـەرانی (CCP) زیـاتر ڕوونبـوەوە، کە لە پشـت ئەو نـاکۆکییە تیـۆرییەوە بوو. ئەم وتانەی ماو تسی تۆنگ یش زیاتر ئەمەی سەلماند.

لەم چاوپێکەوتنەی سەرۆکی (CCP)ییەوە، دەکرێت بە ئاشکرا ئەوە بەدی بکرێت، کە سەرانی چین تەنانەت چیتر هەوڵی ئەوەش

نـــادەن، کە نیـــازە فراوانخوازییەکانیـــان بشـــارنەوە. بە پێـــی ئەو شتانەش کە لە چاپەمەنییەکانی یاباندا هاتوە، ماوتسی تۆنگ باسی پرسە ئایدیۆلۆجییەکانی هەر نەشکردوە، ئەو لە قسەکانیدا تەنانەت یەک ئاماژەشـــی نەداوە، نە بە مارکســـیزم، نە بە لینینیـــزم، نە بە سۆسیالیزم، نە بەیەکگرتنی چینی کارکەر، نە بە تێکۆشان لە پێناو بەرژەوەنـــدییەکانی کرێکـــارانی جیهـــان، بزووتنەوەکـــانی ڕزگارییخوازی نەتەوەیی. لە وتەکەیدا هیچ ئاماژەیەکی تێدا نییە بۆ شـــیکاری چینـــایەتی جیهـــانی ئێســـتا، یـــاخود ســـەبارەت بە ڕیزبەنـــدییکردنی هـــاوڕێو دۆســـتەکانمان لە تێکۆشـــانماندا دژی ئیمپریالیست. تەنها خەمی ماو تسی تۆنگ هاندانی دژایەتیکردنی ســـۆڤیەت بـــوو، یـــاریکردن بـــوو بە هەســـتی نەتەوەیـــی هێـــزە کۆنەپەرستەکان.

ماوتســی تۆنــگ، ئەو جەنــگەی کە ســەرانی (CCP) بەرپایـان کردوە لە دژی یەکێتی سۆڤیەت و دەوڵەتە سۆسیالیستێکانی دیکە، بە (جەنگی سـەر کـاغەز) وەسـف دەکـات، دەڵێت ئەم جەنگە، لەبەر ئەوەی کەسی تێدا ناکوژرێت، بێ زیانە. ئەم وتەیە، لە پێش هەموو شـــتێکدا، دان بەو ڕاســـتییەدا دەنێـــت، کە ســـەرانی چـــین ئەم مشتومڕەیان لەگەڵ (CPSU) و پارتە براکانی دیکەیدا، بە (جۆرێک لە جەنگ) لە قەڵەم دەدەن. دوەمیش، زۆر بە ئاشکرا ئەو لوتبەرزی و بەکەم سـەیرکردنەی سـەرانی (CCP) دەردەخـات، بەرامبەر بە بەرژەوەنـدییەکانی یەکگرتنـی کۆمۆنیســتی جیهــانی، بــزووتنەوە ڕزگاریخوازە نەتەوەییەکان.

کۆمۆنیسـتی جیهـانی بە پەرۆشـەوە لەو بـارودۆخە دەڕوانێت، کە بە هۆی هەڵەکانی سـەرانی چینەوە، بـزووتنەوەی کۆمۆنیسـتیی جیهانیی تێکەوتوە. ئەو زەرەر و زیانەی کە ئەوان گەیاندوویانە بە

خەبـــاتی گەلان لە پێنـــاو ئاشـــتی، ســـەربەخۆیی نەتەوەیـــی و پێشـــکەوتنی کۆمەڵایەتیـــدا، لای هەمـــوو کەس ڕوون و ئاشـــکرایە، کەچی ماو تسی تۆنگ دەڵێت "هیچ پێویست بەدوودڵی و دڵەڕاوکێ ناکات، ئەمە جەنگێکە کەسی تێدا ناکوژرێت، کەسیشی تێدا بریندار نابێـت". نەخێـر، ئـێمە هـیچ لەگەڵ ئەم بە بـاش هەڵسـەنگاندنەی سـەرانی چینـدا نـین بـۆ کارەکـانی خۆیـان، پێـی ڕازینـین. ئەم دژایەتیکـردنەی ئەوان بـۆ C (PSU)، بـزووتنەوەی کۆمۆنیسـتی جیهـانی، (USSR)، وڵاتـانی دیکەی سۆسیالیسـتی، تەنهـا (جەنگی سـەر کـاغەز) نیـیە. بە پێـی ئەو تونـدوتیژی و ڕێگانەبێـت، کە گیـراونەتە بەر تێیـدا، ئەمە هـیچ جیـاوازییەکی نیـیە لەو جەنـگە سـاردەی کە ئیمپریالیسـت بەرپـای کـردوە لە دژی وڵاتە کۆمۆنیستییەکان.

ئەم وتانەی مـاو تسـی تۆنـگ سـەبارەت بە کێشـە ناوچەییەکان بە ئاشکرا دەریدەخات، کە سەرانی چین چەند ڕۆچـوونەتە نـاو ئەو (جەنـگە سـارد)ەوە، کە لە دژی یەکێتـی سـۆڤیەت بەرپایـان کـردوە. ئەو تەنهـا داوای ئەم بەشـە یـان ئەو بەشـەی ناوچەکـانی یەکێتیی سۆڤیەت ناکات، بەڵکوو ئەو داواکانی خۆی وەک بەشێک لە (کێشـە نـاوچەییە گشـتییەکە) وێنـا دەکـات. ئـێمە لێـرەدا ڕووبەڕوی بەرنـامەیەکی فراوانخـوازیی بەربـڵاو دەبینـەوە، کە ئامـانجێکی درێژخایەنی هەیە.

ئەم بەرنامەیە زادەی ئەمڕۆ و دوێنێ نییە، لە ساڵی (١٩٥٤)دا، کتێبێـک لە (PRC) بـڵاو بـوەوە، سـەبارەت بە مێـژووی نـوێ، نەخشەیەکی چینی تێدابوو، کە بە پێی ڕای دانەرەکەی بێت، چینی گێڕابوەوە بۆ سنوورەکانی پێش جەنگی ئەفیونی یەکەم ( First Opium War)ی (١٨٣٩–١٨٤٢). ئەم نەخشـەیە، لە بـاکوورەوە

بۆرمـا، ڤێتنـام، کۆریـا، تایلانـد، مالایـا، نیپـاڵ، بۆتـان و سـیکیم (Sikkim)ی وەک بەشـێک لە چـین دانـابوو، لەگەڵ هێڵێکـی سنووریيدا، کە بەدرێژایی زنجیرە چیاکانی ستانۆڤیک (Stanovik) درێژدەبێتەوە، ناوچەی ماریتایمی (USSR) دەکات بەدوو بەشـەوە. لە خۆرئاواشـەوە، بەشێک لە قیرغیزیا، تاجیکستان، کازاخستان و تا دەگات بە دەریاچەی باڵخاش (Lake Balkhash)ی خستبوە سەر چین. تەنانەت ساخالین (Sakhalin)یشی وەک ناوچەیەکی چینی نەخشەکێشابوو. بە پێی ئەو نەخشەیە بێت، هەموو ئەو ناوچەو وڵاتانە (موڵکی حکوومەتی چین)ن و لێی زەوتکراون.

لەوکاتەدا وا دەزانـرا کە چـاپکردنی ئەو جـۆرە نامیلکـانە لە ئەنجامی بێ سەرەوبەرەیی، یاخود هەوڵێکی گێرەشێوێنانە بێت، لە لایەن نەتەوەپەرسـتەکانەوە، بەڵام ڕووداوەکـانی دوای ئەوە سەلماندیان، کە ئەمە وا نییە، چونکە دوای ئەوە، چەندین نەخشـەی دیکەش لە (PRC) لەچاپدران، کە چەندین بەشی یەکێتی سۆڤیەت و وڵاتانی دیکەی دراوسێی چینیان، بە بەشێک لە چین لە قەڵەم دەدا. بەم دواییانەشدا، نوێنەرەکانی چین هەر تاو نا تاوێک، باسیان لە هەزاران کیلۆمەتر خاکی یەکێتی سۆڤیەت دەکرد، بە شێوەیەک کە گوایە (ماف)ی چینن.

لە دوایین ژمارەی گۆڤاری لی - شین یێن - چیو ( Li – Shin Yen – Chiu)، واتا (لێکۆڵینەوەی مێژوویی)ی، ژمارە (٤)ی ساڵی (١٩٦٤)دا، باسی ئەوە کراوە، کە گوایە ڕووسیا "زەوییەکی زۆری لە باکووری ڕووباری ئاموور، لە خۆرهەڵاتی ڕووباری ئوسوری داگیر کردوە و لکاندوویەتی بە ڕووسیاوە، بە درێژایی قۆناغە جیا جاکانی مێژووش، ناوچەیەکی فراوانی سینکیانگی لە باکوورەوە بۆخۆی پچڕیوە".

ئێستاش وا ماو تسی تۆنگ لەو چاوپێکەوتنەیدا دەڵێت: "سەد ساڵێک لەمەوبەر، ئەو ناوچەیەی کە دەکەوێتە خۆرهەڵاتی دەریاچەی بایکاڵ (Baikal)ەوە، بوو بە ناوچەیەکی ڕووسی، ئیتر لەوکاتەوە، ڤلادیڤۆستۆک، خەبەرۆڤیسک و کامچاتکا (Kamchatka)و چەند ناوچەیەکی دیکەش، بوون بە ناوچەی یەکێتی سۆڤیەت. ئێمە هێشتا لیستێکیشمان لەوبارەیەوە نەخستوەتەڕوو".

بەڵام بە چ حەقێک، سەرانی چین داوای زەوییەک دەکەنەوە، کە هی چین نییە؟ ئەوان ئاماژە بەو ڕاستییە دەکەن، کە چەند سەد ساڵێک لەمەوبەر، هێزەکانی چین هاتوون بۆ ئەم ناوچانە، ئیمپراتۆریەتی چینیش جارێکیان سەرانەی لە خەڵکەکەی سەندوە. بە ڕاستی ئەو پرسە هێندە گەورە و مەترسیدار نییە، ئەم جۆرە (ناکۆکییە مێژووییانەش) لە شتێکی مناڵانە زیاتر هیچی دیکە نین.

مێژووی مرۆڤایەتی پڕێتی لە نموونەی سەر هەڵدان و کەوتنی دەوڵەتان، کۆچ و باری خەڵکی، کە بە هۆیانەوە سنووری دەوڵەتەکانیش زیاد لە جارێک گۆڕاون. پشتبەستن بە ڕێبازی (سەرچاوەی مێژوویی) لە پرسە سنوورییەکاندا، ناتگەیەنێت بە هیچ ئاکارێک. بۆ نموونە، تۆ دەتوانیت بیسەلمێنیت کە ئینگلتەرە ناوچەیەکی فەرەنسییە، چونکە کاتی خۆی لە ژێر دەسەڵاتی دۆقی نۆرماندی (Duke of Normandy)دا بوە. بە پێچەوانەشەوە، دەتوانیت بیسەلمێنیت کە فەرەنساش هی ئینگلتەرایە، چونکە لە جەنگی سەد ساڵەکەدا (The Hundred Years War) بە تەواوی کەوتە ژێردەستی ئینگلیزەکانەوە. هەربەم پێیەش، دەتوانین بیسەلمێنین کە سنوورەکانی (PRC) نابێت لە شورا گەورەکەی چین (Great Wall of China) تێپەڕبکات، کە ئەوپەڕی سەد کیلۆمەتر لە پەکینەوە دوورە. دیارە کە چین ئەو سنوورەی

بەزاندوە کە جاران هەیبوە، دیوارەکەش شایەتە لە سەر ئەوە.

تەنانەت ئەگەر ئەو پرسی سەرچاوەی (مافی مێژینە)یەش بە هەند وەربگیرێت، هێشتا هەر دەردەکەوێت کە ئەمان بە هیچ شێوەیەک پشت بە ڕاستێکان نابەستن، چونکە ئاشکرایە کە لە ناوەڕاستی سەدەی حەڤەیەمدا، دەسەڵاتی چین تەنها تا زنجیرە چیاکانی خینگان (Khingan) بڕی دەکرد. واتا، ڕێک تا باشووری ڕووباری ئاموور. ئەڤەنکس (Evenks)و دوورس (Daurs) و ئەو شوێنانەی دیکە، کە جار بەجارێک لەلایەن مانچو (Manchu)ەکانەوە هێرشیان دەکرایە سەر، سەرانەیان دەدا پێیان. لەو شوێنانەدا، لە دۆڵی ئامووردا، هیچ دانیشتوانێکی چینی یاخود مانچویی ئاسایی لێ نەبوە. ئەو کاتەی کە سنوور جیا کرایەوە، ڕووسیا بەشی باکووری حەوزی ئامووری برد بۆ خۆی، چینیش بەشی باشوورەکەی. سەد ساڵێک لەمەوبەریش، ئەو سنوورانە بە هۆی ڕێککەوتننامەکانی ئایگون و پەکینەوە چەسپێنران.

کەس نکوڵی لەوە ناکات، کە حکوومەتی قەیسەری سیاسەتێکی تالانکاریی گرتبوەبەر، هەر وەک چۆن ئیمپراتۆرەکانی چینیش هەمان شتیان دەکرد، بۆ فراوانکردنی قەڵەمڕەوی خۆیان. هەندێک جار ئەملا سەردەکەوت و بەهێزتر دەبوو، هەندێک جاریش ئەویتر باڵادەست دەبوو بە سەر بەرامبەرەکەیدا. ئەمەش دەبوەهۆی چەند گۆڕانکارییەک لە نیشتەجێبوونی دانیشتواندا، بەڵام خەڵکی ئاسایی هیچ باکی بە دەستکەوتی ناوچەیی نییە. ئەوان کار لەو زەوییەدا دەکەن، کە لە سەری دەژین، بە ئارەقی خۆیان ئاوی دەدەن. زۆر سەیرە خەڵکانێک هەن دەیانەوێت گومان بخەنەسەر مافی ئەو کرێکار و جووتیارانەی، کە هەر لە کۆنەوە لەو زەوییانەدا کاریان کردوە، تەنها لەبەر ئەوەی ڕۆژێک لە ڕۆژان، لە مێژوویەکی کۆنی

دێریندا، یەکێک لە ئیمپراتۆرەکان، ئەوی دیکەی بەزاندوە، خۆیشی دوایی هەر شکستی هێناوە.

ئایا ئەوانەی کە دەڵێن گوایە یەکێتی سۆڤیەت ئەو زەوییانەی داگیر کردوە، کە پانتاییەکەی زیاتر لە ملیۆن‌و نیوێک کیلۆمەتر چوارگۆشە دەبێت، ڕەچاوی ئەوەیان کردوە، کە ئەم بانگەشانە چ کاردانەوەیەکی دەبێت لە سەر ئەو خەڵکە سۆڤیەتییەی، کە چەندین نەوەیە لە سەر ئەو زەویانە ڕەنج دەدەن، بە نیشتمانی خۆیان‌و باب و باپیرانیانی دەزانن؟ لەبەر ئەوەیە کە ئێمە دەڵێین ئەم سنوورانەی ئێستا بەدرێژایی مێژوو دروستبوون، ڕۆژگار بۆخۆی سەپاندوونی و چەسپاندوونی، ئەو ڕێککەوتننامە (کۆن)انەشی کە لەوبارەیەوە مۆرکراون، ناشێت فەرامۆش بکرێن.

ئاشکرایە کە (CPSU) بوە پێشەوای خەباتی چینی کرێکار، جەماوەری ڕووسیای هاندا لە دژی حکومی قەیسەری، لە کۆتاییشدا ڕیشەکێشی کرد. حکوومەتی سۆڤیەتی هەر لە سەرەتای دروستبوونییەوە هەموو ئەو ڕێککەوتننامە نابەرابەرانەی هەڵوەشاندەوە، کە لەگەڵ چیندا ئیمزا کرابوون. وەک بەردەوامبوونێکیش لە سەر پیادەکردنی سیاسەتی لینینیستی، حکوومەتی سۆڤیەت دەستبەرداری بنکە دەریاییەکەشی بوو لە پۆرت ئارپهر، هەروا بە خۆڕایی و بێبەرامبەر، دایەوە بە حکوومەتی (PRC)، هەروەها دەستبەرداری مافەکانی خۆیشی بوو لە بەڕێوەبردنی هاوبەشی هێڵە ئاسنینەکەی چانگچونی چینی (Chinese Changechun Railway)، بە هەموو ئەو کەلوپەل و کەرەستانەشەوە، کە تایبەتبوون بە هێڵە ئاسنینەکە. کاتی خۆی ڤ. ئـ لینین، زۆر بە توندی ئیدانەی داگیرکردنی پۆرت ئارپهری لە لایەن حکوومەتی قەیسەری، چوونە ناو مەنشوریای کرد، بەڵام

هەر لینینە وتوویەتی: "ڤلادیڤۆستۆک زۆر دوورەدەستە، بەڵام ئەو شارە، شاری خۆمانە".

یەکێتی سۆڤیەت دەوڵەتێکی تەواو نوێیە، کە بە هۆی یەکگرتنی خۆویستانەی کۆمارەکانی سۆڤیەتەوە سەری هەڵداوە، لە سەر شوێنەواری ئیمپراتۆریەتی قەیسەری دروستبوە. لە کاتێکدا سنوورەکانی ڕووسیای قەیسەری لە سەر سیاسەتی تالانخوازی ئیمپریالیستی بنیادنرابوون. سنوورەکانی یەکێتی سۆڤیەت لە ئەنجامی ویستی خۆبەخشانەی خەڵکی، لە سەر بنەمای میللەتانی ئازاد و خۆ بەڕێوەبەر بنیادنراوە. ئەو خەڵکەی کە یەکێتی سۆڤیەتی پێکەوەناوە، هەرگیز ڕازینابێت، هیچ کەسێک مافەکانی لە دیاریکردنی چارەنووسی خۆیان، پێشێل بکات.

ماو تسی تۆنگ لە وتەکانیدا بۆ چارەنووسی مەنگۆلیا دەگری، کە گوایە لە لایەن یەکێتی سۆڤیەتەوە "دەستی بەسەردا گیراوە". ئا ئەمە بەڕاستی بێمانایە، چونکە هەمووکەس دەزانێت، کە کۆماری میللی مەنگۆلیا، چل ساڵ زیاترە دەوڵەتێکی سەربەخۆی سۆسیالیستییە، هەموو مافێکی دەوڵەتانی سەربەخۆی هەیە.

باشە بۆچی ماو تسی تۆنگ ئەم قسە بێ سەرەوبەرانە دەکات؟ ڕاستێکەی ئەوەیە بوونی دەوڵەتی مەنگۆلیای سەربەخۆ، کە پێوەندییەکی دۆستانەی هەبێت لەگەڵ (USSR) و وڵاتە سۆسیالیستییەکانی دیکەدا، بە دڵی سەرانی چین نییە. ئەوان حەزدەکەن ئەو ئازادییە لە مەنگۆلیا زەوت بکەن و بیکەن بە ناوچەیەکی چینی. هەر ئەم پرسەش بوو، کە سەرانی (PRC) پێشنیاریان کرد "تا بگەنە ڕێککەوتنێک" لەگەڵ ن. س. خروشۆڤو هاوڕێکانی دیکەی سۆڤیەتیدا، لەکاتی سەردانەکەیاندا بۆ پەکین، لە (١٩٥٤)دا. بێ گومان (ن. س. خروشۆڤ) هەر ڕازیشنەبوو قسە

لەو پرسـەدا بکـات، بە سـەرانی چینـی ڕاگەیانـد، کە چارەنووسـی خەڵکـی مەنگۆلیـا، نە لە پەکـین دیـاری دەکرێـت، نە لە مۆسـکۆ، بەڵکوو لە ئولان باتۆر (Ulan Bator)، پرسـی بوون بە دەوڵەتـی مەنگۆلیـاش، تەنهـا لە لایەن خەڵکـی ڕەنجدەری وڵاتەکەوە بڕیـاری لێ دەدرێت، کەسی تر نا.

هەر وەک لە سـەرەوە ئامـاژەی پـێ کـراوە، سـەرانی چـین دەیانەوێـت ئەو کێشـە ناوچەییـانە، بەرزبـکەنەوە بـۆ جۆرێـک لە بنەمای گشتی، بەڵام ئەمە کاردەکاتە سەر چەند خـاڵێکی گرینگ لە پێوەندییە نێودەوڵەتێکاندا. چـی دەقەومێت ئەگەر هەمـوو دەوڵەتـان شـوێن ئەم شـێوازەی پەکـین بـکەون، دەسـتبکەن بە داواکردنـی چـاکردنی سـنووورە مێژووییەکانیـان لە یەکتـری؟ وەڵامەکەشـی ئاسـانە، ئەمە گرژی لە نێوان وڵاتـانی جیهاندا بەرزدەکاتەوە، دنیـا پڕدەکـات لە شەڕوشـۆڕ و ئەو هەمـوو مـاڵوێرانییەش، کە بەدوایـدا دێت.

بە ڕاسـتی پرسـی کێشـەی نـاوچەیی و سـنووری زۆر ئـاڵۆزە. پێویسـتە سروشـتی ئەو کێشـە سـنوورییە هەڵبسـەنگێندرێت. ئەمە کاتێـک دروسـتە، ئەگەر کێشـەکە بریتـی بێـت لە خەبـاتی گەلانـی چەوساوە، بۆ نەهێشتنی پاشماوە قێزەونەکانی سیستمی کۆڵۆنیالی، گێـڕانەوەی ئەو نـاوچە دێرینانەی کە نەتەوەیەکـی هاوشـێوەی تێدا دەژی، لە لایەن ئیمپریالیسـتەوە داگیرکـراوە. بـۆ نمـوونە، مـافی خەڵکی هیند بۆ گێڕانەوەی گۆئـا (Goa) بۆ سـەر نیشـتمانەکەیان هـیچ جێگەی مشتومڕ نییە. هەر وەک چۆن مـافی ئەندۆنیزیایە کە ئیریانی خۆرئاوا (West Irian) بگێڕێتەوە بۆخۆی. ئێمە بەردەوام وتوومـانە، کە گەلـی چـین، هەمـوو مـافێکی هەیە کە فشـاربکات، لە پێنـاو ئـازادکردن و گێـڕانەوەی تـایوان و هۆنـگ کۆنگـدا، چـونکە

ئەمـــانە بەشـــێکن لەو وڵاتە، زۆربەی دانیشتوانەکانیشـــیان چینـــین. نموونەی دیکەی لەم جۆرەش زۆرن.

ئەو داوا ناوچەییـانەی کە لە هەوڵـی گـۆڕینی سـنووری نێـوان دەوڵەتـانەوە سـەرچاوە دەگـرن - بـۆ سـەپاندنی هەر جۆرێـک لە گـۆڕان، بە سـەر ئەو ڕێککەوتننـامە و پەیماننامـانەدا، کە لە دوای جەنگـی جیهـانیی دوەمەوە، وەک دەرئەنجـامی دۆڕانـی فاشـیزمی هیـتلەر و عەسـکەرتارییەتی یابـانی، هـاتنەگۆڕێ - ئەمـانە شـتێکی جیاوازن. ئەو خەڵکانەی کە سەرکەوتنیان بە خوێنی ملیۆنەها کەس تۆمار کردوە، هەرگیز ڕازینابن بەو گۆڕانکارییانە.

لە وتەکانیدا لەگەڵ سۆسیالیستەکانی یاباندا، مـاو تسـی تۆنگ زۆر بە ئاسـانی هەمـوو ئەو ڕێککەوتننـامە نێودەوڵەتیـانە ڕەت دەکـاتەوە، کە لە دوای جەنگـی جیهـانیی دوەمەوە مـۆرکراون، کە هەموی لە بەرژەوەندی سـەقامگیرکردنی ئاشتیو ئارامی خەڵکییە، دەڵێت: "ئەو شوێنانەی کە لە لایەن یەکێتی سۆڤیەتەوە داگیرکراون، زۆرن"، تەنـانەت نـاوی هەنـدێک جێگەش دەهێنێت، بەو نیـازەی کە هەستوسۆزی نەتەوەییان جۆش بدات.

باوەڕناکرێـــت ئەو ســـەرکردەیەی چـــین، لە هۆکـــاری ئەو بـــارودۆخە مێژووییـــانە تێنەگەیشـــتبێت، کە بـــوونەتە هـــۆی دروستبوونی سنوورەکانی ئێستای نێوان ئەورووپاو ئاسیا. جگە لەوەش، کەس لەو بـاوەڕەدا نیـیە، کە ئەو هێنـدە بێئاگـا بێـت لەو دەرئەنجـامە مەترسـیدارانەی، کە ڕەنـگە بە هـۆی هەوڵـدان بـۆ دووبارە داڕشتنەوەی ئەو سنوورانە، لە هەلـومەرجی ئێسـتادا، بێتە ئاراوە.

مـاو تسـی تۆنگ خـۆی وەهـا پیشـان دەدات، کە تەنـها هێرشـی کردبێتە سـەر بەرژەوەندییەکانی وڵاتەکەی ئێمە، بەڵام لای هەموو

کەس ئاشکرایە، کە ئەم جۆرە داواکارییە بێزارکەرانە، بۆ گۆڕینی سنوورەکان، ئەگەر بە هەند وەربگیرێن، ئەوا دەبنە مایەی زنجیرەیەک داواکاری، پێداگری، کێشەی گەورە، لە نێوان وڵاتانی ئاسیاو ئەورووپادا. ئەمانە هەمووی ڕاستی حاشاهەڵنەگرن، تەنها ئەوانە دەیگرنەبەر، کە بە شێوەیەک لە شێوەکان سوود لەوە دەبینن، کە تۆوی دووبەرەکی و بێمتمانەیی لە نێوان گەلانی وڵاتانی سۆسیالیستیدا بنێنەوە.

هەر ئەمەشە مەبەستەکەی ماو تسی تۆنگ لە دروستکردنی کێشەی ناوچەیی لە نێوان ژمارەیەک لە وڵاتە سۆسیالیستییەکاندا. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو هەوڵانە هەر لە سەرەتاوە شکستیانهێناوە، چونکە هیچ کەس ناتوانێت دۆستایەتیو هاریکاریی نێوان گەلانی وڵاتانی سۆسیالیستی تێک بدات.

سەرانی دنیای سەرمایەداری، زۆر لەمێژە چاودێری ڕەگەزپەرستێتی سەرانی چین، هەڵسوکەوتە خۆ بەزلزانەکانیان دەکەن. لەبەر ئەوە ڕێکەوت نەبوو، کە نوێنەرەکانی باڵی ڕاستڕەوی سۆسیالیستەکانی یابان، بە تایبەتی باسی پرسەکەی دوورگەکانی کوریل (Kurile Islands)یان لە ماو تسی تۆنگ پرسیوە، سەرۆکی (CCP)یش، تەواو ئەو وەڵامەی داونەتەوە، کە ئەوان چاوەڕێیان دەکرد. هەموو کەس ئەوە دەزانێت، کە گواستنەوەی موڵکایەتی ئەو دوورگانە بۆ ژێر دەسەڵاتی یەکێتی سۆڤیەت، بە هیچ شێوەیەک لە دەرئەنجامی هەستێکی فراوانخوازی سۆڤیەتییەوە نەهاتوە، وەک ئەوەی کە ماو تسی تۆنگ دەیەوێت بیسەلمێنێت، بەڵکوو ئەو کارە، بۆ ئەوە کرا، تا ڕێگە لەو سیاسەتە دوژمنکارانەی ئیمپریالیزمی یابانی بگرێت، کە هەر لە سەرەتای (١٩١٨)ەوە، پلانی داڕشتبوو بۆ داگیرکردنی ناوچە سۆڤیەتییەکانی

خـــۆرهەڵاتی دوور، چەنـــدجارێکیش هەوڵیـــدابوو ئەو پیلانـــانەی جێبەجێ بکات.

دوورگەکـــانی کوریـــل ڕۆڵێکـــی تایبەتییـــان هەبـــوو لە پـــلانە دوژمنکـــارێکەی ســـــەرکردە ســـــەربازییەکانی یابانـــــدا - ئەوان دەیانویست وەک بنکەیەکی گرینگ بە کاریان بهێنن، بۆ هێرشکردنە سەر ناوچە سۆڤیەتییەکانی خۆرهەڵاتی دوور. بێ گومان شتێکی ئاساییە کە ئەو دەرفەتە نەدرێتە دەست سوپای یابانی. پرسەکە بەوشێوەیە بوو. لە کاتی خۆشیدا نوێنەرەکانی چین چەندین جار ئەم ڕێوشـــوێنە ئەمنییەیـــان پەســـەند کـــرد. ئەوەتـــا لە وتەیەکـــی حکوومەتی (PRC)، لە (١٥ی ئۆگەستی ١٩٥١)دا، هاتوە: "پێویستە دوورگەکانی کوریڵ تەسلیم بکرێنەوە، بەشی باشووری ساخالین (Sakhalin)یـــش، هەمـــوو ئەو دورگـــانەش کە لێـــوەی نـــزیکین، بگەڕێنرێنەوە بۆ یەکێتی سۆڤیەت".

ئایا دەتوانین بڵێین بارودۆخی ناوچەکە لەوکاتەوە گۆڕانکاری بنەڕەتی بەسەردا هاتوە، هەڕەشەی دوژمنکاری لە دژی (USSR)و وڵاتە سۆسیالیســـتییەکانی دیـــکە، بە تەواوی بـــوونی نەمـــاوە؟ بـــێ گومـــان نەخێـــر، چـــونکە ئەو ڕەوتـــی عەسکەرتارییەتەی، کە پێیـــان خۆشە وڵات بەڕێگە کۆنەکەی سەرکەشییە سەربازییەکاندا ببەن، هێشـــتا لە یابـــان هەر وا چـــالاکە، ئەمەش بە پـــێچەوانەی ویســـتی میللەتەکەیانەوەیە.

چەندین بنکەی سەربازی ئەمەریکی لە یاباندا هەیە، کە پنتاگۆن بـــۆ مەبەســـتێکی دیـــاریکراو لە نزیـــک ســـۆڤیەت و وڵاتە سۆسیالیســـتییەکانی دیـــکەی ئاســـیا هێشـــتوونیەتەوە. هەر چەنـــد ڕۆژێـــک لەمەوبەر، حکـــوومەتی یابـــان ملـــی کەچ کـــرد بـــۆ فشـــاری ئەمەریکیێکـــان، مـــافی ئەوەی دا بە (ویـــلایەتە یەکگرتوەکـــان)، کە

ژێردەریاییە ئەتۆمییەکانی بهێنێت بۆ بەندەرەکانی یابان. واتا، ڕێگەیدا بە ویلایەتە یەکگرتوەکان، کە ئەو بەندەرانە وەک بنکەی سەربازی بە کار بهێنێت. بەم شێوەیە ئەوەی، کە دەڵێت پێویستە (USSR) دوورگەکانی کوریل بدات بە یابان، تەنها لە بەرژەوەندی و قازانجی یابان قسە ناکات، بەڵکوو لە بەرژەوەندی عەسکەرتارییەتی ئەمریکیش قسە دەکات.

ئەگەر بە پێی بۆچوونەکانی ماو تسی تۆنگیش کار بکەین بەو شێوازەی، کە پێی دەڵێت بنەما مێژووییەکان، ئەوساش هەموو مافەکانی ئەو ناوچەیە هەر دەگەڕێتەوە بۆ یەکێتی سۆڤیەت، بەڵام سەرۆک ماو بە ئارەزوی خۆی مامەڵە لەگەڵ ئەو بنەمایانەدا دەکات، کە هەر خۆی داینا‌ون. هەر کاتێک لە بەرژەوەندی خۆی بوو، ئەوا کار و ئاماژەیان پێ دەکات، هەر کاتێکیش لەگەڵ پلانە سیاسییەکانیدا نەهاتەوە، پشتگوێیان دەخات.

هیچ بنەمایەکی یاسایی یان ئەخلاقی نییە و ناشبێت، بۆ داواکردنی (یابانییەکان) بۆ دوورگەکانی کوریل، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە، کە لەم بارودۆخە گۆڕاوەدا، گەڕان بەدوای چارەسەرێکدا، کە لە دژی بەرژەوەندییەکانی (USSR) نەبێت، لەگەڵ داواکانی خەڵکی یابانیشدا یەکبگرێتەوە، ڕەچاونەکرێت.

پێویستە ماو تسی تۆنگ ئەوە بزانێت، کە هەڵوێستی سەرانی چین سەبارەت بە کێشە ناوچەییەکان، زۆر لە (ئینتەرناسیۆنالیزم)ەوە دوورە. بۆ ئەوەی ئەم تێڕوانینەش نەهێڵێت، پەنا نەک هەر دەباتە بەر مێژوو، بەڵکوو بۆ (داد)یش. گریمانەکەی پشت بەو ڕاستییە دەبەستێت، کە خەڵکی جیهان بە شێوەیەکی یەکسان دابەشنەکراون، هەر بۆیە، بە بڕوای ئەوان، دادپەروەری وەها پێویست دەکات، کە ناوچەکان سەرلەنوێ دابەش بکرێنەوە.

سەرلێشێواوی و دیماگۆجێتی ئەم گریمانەیە، لای هەموو کەس ئاشکرایە. چۆنێتی دابەشبوونی خەڵکی جیهان، لە ئەنجامی چەند ڕووداو و پەرەسەندنێکی دووروودرێژ و دژوارەوە سەرچاوەی گرتوە، بەم شێوەیەش، خەڵکی لە بارودۆخی جیاوازدا دەژین. خەباتی کۆمۆنیستی، تەواو لە پێناو ئەوەدایە، کە ژیانێکی باشتر بۆ هەموو خەڵکی دەستەبەربکات. هەر کاتێک، سۆسیالیزم لە جیهاندا سەرکەوتنی بەدەستهێنا، هێزە بەرهەمهێنەکان لە هەموو لایەکدا گەیشتنە بەرزترین ئاست، پرۆسەی لێکنزیکبوونەوەی میللەتان، دەبێتە هۆی نەمان و لە ناوچوونی وردە وردەی ئەو جیاوازییانەی کە لە نێوان ئاستی ژیانی خەڵکی وڵاتە جیاوازەکاندا هەیە، ئەوکات سنووری نێوان وڵاتەکانیش ئەو گرینگییەیان نامێنێت. ئەوکات، چارەسەری کێشەی دابەشکردنێکی یەکسانانەتری دانیشتوانی جیهانیش ڕێی تێدەچێت.

هەر چۆنێکبێت، ئەمەیان پرسێکە پێوەندی بە داهاتووەوە هەیە. وروژاندنی پرسێکی لەوجۆرە، لە ئێستادا، کە سیستەمەکان هەموو پێچەوانەی ئەمەن، پرۆسە پڕ بایەخەکەی پتەوکردنی بە دەوڵەتکردن و باڵادەستی، هێشتا هەروا بەڕێوەیە و شتێکی زیانبەخشە.

دیارە، دەبێت ئەوە لە یادنەکەین، کە مێژوو چەندین پرسی لەوجۆرەی تێدایە، کە زۆربەی جەنگە کۆنەپەرستێکان بە هۆی بۆچوونێکی فراوانخوازیی لەوجۆرەوە بەرپابوون. هەر بۆیە ئەو دەستەواژەیەی ماوتسی تۆنگ سەبارەت بە "دابەشکردنێکی نادادپەروەرانەی ناوچەکان" شتێکی نوێ نییە، بەڵکوو ئەو خۆی کردوە بە میراتگری خەڵکانێک، کە جێگەی شانازی نین.

بە هەمان شێوە ئەوەی، کە جێگەی سەرنجە لە وتەکانی

ماوتسی تۆنگدا، سەبارەت بە (گەورەیی) یابان ئەوەیە، کە سەیرەکە لەوەدایە، ئەو وتانە لە دەمی کۆمۆنیستێکەوە دەردەچێت. ئەو بۆچوونە زلهێزئاسایانەی سەرانی (CCP)و کاربەدەستەکانیان، سەبارەت بە فاکتەر و کاریگەریی هێزێکی دڕندەی ستەمکار، لە نێو پێوەندییە نێودەوڵەتێکاندا، تەواو بە بۆچوون و لێدوانەکانیانەوە دیارە.

ئایا ماو تسی تۆنگ گەورەیی و مەزنایەتی یابان لە چیدا دەبینێتەوە؟ لە پیشەسازییەکەیاندا، لەو ڕاستیەدا کە ئەوان سەرکەوتووبوون لەوەی وڵاتەکەیان بە ماوەیەکی زۆر کورت بگەیەننە ڕیزی بەهێزترین دەوڵەتەکانی جیهان، لە هەمانکاتیشدا کەلتوور و ڕۆشنبیرییەکی مادی و ڕووحانی ناوازەی جوانیش دروستبکەن؟ نەخێر، ئەمان ئەو ڕاستییانەیان بە لاوە گرینگ نییە. ئەوەی کە ئەوان بە لایانەوە گرینگە، زۆر سەرنجی ڕاکێشاون، باسی ئەو تاوانانەیە کە سوپای یابانی ئەنجامیداون، ئەو کاتەی کە لە سەرەتای چلەکاندا، کەوتە فراوانکردنی زەوییەکانی، بەرەو باشووری ئاسیا و زەریای ئارام. بە کورتی، سەرۆک ماو باس لەو کارە دوژمنکارییانە دەکات، کە خەڵکی یابان خۆیان بە شەرمەزارییەکی نەتەوەیی لە قەڵەمی دەدەن.

مێژوو فێرمان دەکات، کە هیچ وڵاتێک لە ڕێگەی سەرکەشی سەربازی، کاری دوژمنکارانەوە، نەگەیشتوە بە گەورەیی، بەڵکوو گەورەیی ڕاستەقینە لە ڕێگەی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی، دۆستایەتی، هاوکاریکردنی یەکترییەوە بەدەست دێت. ئێمە دڵنیاین کە بەرژەوەندییە سەرەکییەکانی خەڵکی چینیش، هەر لەو ڕێگەیەوە بەدەست دێت.

هەموو ئەوانەی کە بەرژەوەندی سۆسیالیزم، بەرقەراربوونی

ئاشـــتی، ئاسایشـــی نەتەوەکانیـــان بەلاوە گـــرینگە، ئیـــدانەی ئەو بۆچوونە فراوانخوازیانەی سـەرانی چین، هەوڵەکانیـان دەکەن، بۆ گەمەکردن بەو پرسانە، کە کارگەرییان هەیە لە سـەر چارەنووسی خەڵکی.

ئێســـتا پـــیلانە ڕاســـتەقینەکانی ســـەرانی چـــین تەواو ڕوون‌و ئاشـــکران. ئەم پیلانـــانە هـــیچ پێوەنـــدییان بە خەبـــات لە پێنـــاو سەرکەوتنی پرسەکانی ئاشتی و سۆسیالیزمەوە نییە، بەڵکوو ئەمە لە قـولایی شـۆڤێنیزم و پاوانخوازییەوە سـەرچاوەدەگرن. وتەکـانی ماو تسی تۆنگیش لەگەڵ سۆسیالیستەکانی یاباندا، بەڵـگەی ڕوون‌و ئاشکرای ئەمەن.

# دۆکیۆمێنتی (١٨)

## لێدوانەکانی ئادژوبی (Adzhubei) لە سەر کێشەکان

(هەڵبژاردەیەک لە چاوپێکەوتنەکەی ئالێکسی ئادژوبی ( Alexei Adzhubei)، زاوای خروشـــۆڤ و سەرنووســـەری ڕۆژنـــامەی ئیزڤێستیا (Izvestia)، کە بۆتۆ کیرچ (Botho Kirsch)و جۆرج وۆڵـف (George Wolff)، بـۆ دێـر شـپیگڵ (Der Speigel) ئەنجامیانداوە، هامبۆرگ، ٢ی ئۆگەستی ١٩٦٤).

*** چینی سۆسیالیستیش دەیەوێت پێوەندییەکی کارو بازرگانی لەگەڵ کۆمـاری فیدراڵیـدا (واتـا، ئەڵمانیـای خۆرئـاوا) ببەسـتێت.**

**ئەمەش پرسـيـّكە، يەكێتـی سـۆڤيەت، لە ڕووی ئايـديۆلۆجييەوە، ناكۆكە لەگەڵ پەكيندا. ئايا ئەم ناكۆكييە هيچ كاريگەرييەكی دەبێت لە سەر سياسەتەكانی ئەڵمانيا بەرامبەر بە يەكێتی سۆڤيەت؟**

– يەكەم شـت، ئـێمە هـيچ ناكۆكييەكمـان لەگەڵ كۆمـاری چينـی ميللييـدا نيـيە، نـاكۆكی ئـێمە لەگەڵ سـەرانی پـارتی كۆمۆنيسـتی چينيدايە.

*** بەڵام ئەمە هەر يەك شتە، وا نييە؟**

– ڕەنـگە بەلای ئێـوەوە وەهـا دەركەوێـت، بەڵام لای ئـێمە جياوازە. ئێمەش سوورين لە سەر بۆچوونەكانی خۆمان.

*** ئاشـكرايە كە چـين داوايەكـی نـاوچەيی بەرزكـردۆتەوە لە دژی يەكێتی سۆڤيەت، ئەمە چ پێوەندييەكی هەيە بە ئايديۆلۆجياوە؟**

– مـن حەزدەكەم وتەيەكـی سـەرۆك وەزيـران لەوبـارەيەوە بهێنمەوە، كە دەڵێت: هەمـوو سـنوورەكانی وڵات، لە خـۆرهەڵاتەوە بـۆ خۆرئـاوا، لە بـاكوورەوە بـۆ باشـوور، هەر هەمـووی لای ئـێمە پيرۆزە. ئێمە ئامادەين چارەسەری هەمـوو كێشـە سـنوورييەكان بە شـێوەيەكی ئـارامو لە سـەرخۆ بكەيـن، بەڵام پێويسـتە بشـزانن كە ئـێمە لە سـەر سـنوورەكانی يەكێتـی سـۆڤيەت، نەك هەمـوو هێـزو توانـای سـوپاكەمان، بەڵكـوو دڵـی ميللەتەكەشـمان دەكەيـن بە پاسـەوان. هەر لە خـۆرهەڵاتەوە تـا خۆرئـاوا، كەس ناتوانێـت ئەو سنوورانەی ئێمە ببەزێنێت.

# دۆكیۆمێنتی (١٩)

## ئیزڤێستیا دەربارەی سنوورەكانی ئەوروپای خۆرهەڵات

(كـورتەیەک لە هەواڵێكـی تاسـی نێـودەوڵەتی، مۆسـكۆ، ١٠ی ئۆگەستی ١٩٦٤).

مۆسكۆ – لە (١٠)ی ئۆگەستدا، ئیزڤێسـتیا نووسـینێكی دیكەی نـاوازەی ڕۆژنامەنووسـان ئـادژوبی و پۆلیـانۆڤ (Polyanov)و پرالینكـۆڤ (Pralnikov)ی لە چاپـدا، كە لە لایەن سـێ ڕۆژنـامەی ئەڵمانیـای خۆرئـاواوە بانگهێشـتكرابوون بـۆ سـەردانی كۆمـاری ئەڵمانیای فیدراڵ.

ئەوان نووسـیوویانە دەڵـێن: "لە زۆربەی وتووێژەکانمانـدا لە ئەڵمانیـای خۆرئـاوا، چەنـدین جـار باسـمان لەو سـنوورانەی دەوڵەتـانی ئەوروپـا کـردوە، کە لە دوای جەنـگەکەوە هـاتوونەتە ئاراوە. ئاشکراشـە کە پرسـی سنوور پرسـێکی دژوار و ئاڵۆزە...". پاشان ئەم نووسەرانە باس لەوە دەکەن، کە ئەوە هەر حکوومەتی سـۆڤیەتییە، بەردەوام هەوڵـی ئەوە دەدات ئەو کێشـانە لە سـەر بنەمایەکی واقیعبینانە چارەسەربکرێن، هەر چیشی لە تواناداا بوە کردوویەتـی، تـا کێشـە سـنوورییەکانی نێـوان دەوڵەتـان، بە چارەسـەری ئاشـتییانە یەکلایـی بکـرێنەوە. پاشـان نووسـەرەکان دەڵـێن "بەڵام هەنـدێک کێشـەی سنووریی وەهـا هەیە، کە ناکرێـت بکرێتە بابەتی گفتوگۆیەکی سیاسی، یاخود ڕێککەوتنێکی سیاسی. ئەمەش زیـاتر ئەو سـنوورانە دەگـرێتەوە، کە لە دوای جەنگـی جیهانیی دوەمەوە لە ئەوروپادا دروستبوون. هەر وەک چۆن ئەمە هەر هەمـوو سـنوورەکانی ئـێمەش دەگـرێتەوە. ئەم بـابەتە هـیچ بواری سۆزوعاتیفەی تێدا نییە. ئا لێرەدایە کە دادپەروەریی سـەر دەکەوێت، کە لای ئێمە تەنها بە یەک وشـە گوزارشتی لێکراوە، کە بە درێژایـی ژیانمـان لە یادمانـدا دەمێنێـتەوە، کە ئەویـش (سەرکەوتن)ە".

## دۆكیۆمێنتی (٢٠)

## ڕادیۆی مۆسكۆی ئاڕاستەی ئەڵمانیا

(كورتەیەک لە وتاری "پارتی كۆمۆنیستی چینی پەلاماری ئاشتیی جیهانی دەدات و دووبەرەكییەک دەنێتەوە"، كە لە ڕادیۆی مۆسكۆی ئاڕاستەی ئەڵمانیا، لە لایەن بۆریس ستۆڵپۆڤسكییەوە، بە زمانی ئەڵمانی خوێندرایەوە، لە ٣ی سێپتەمبەری ١٩٤٦دا).

ئەو پەرەسەندنە مەترسیدارەی كە لە بۆچوونو سیاسەتە پراكتیكەكانی سەرانی پەكیندا ڕووی داوە، لە قسەكانی ماو تسی تۆنگ لەگەڵ كۆمەڵێک لە سۆسیالیستە یابانییەكاندا تەواو ڕەنگی داوەتەوە. ئەو قسانە بەرجەستەكردنێكی تەواوی ئەو حەزە

نائەقڵانییەی نەتەوەپەرست و شۆڤێنیزمەکانە بۆ جەنگ.
سەرۆکی پارتی کۆمۆنیستی چین داوای زەوی وڵاتانی دیکە دەکات. بەمەش دەیەوێت کێشەیەکی ناوچەیی لە نێوان دەوڵەتە سۆسیالیستیەکاندا بنێتەوە. ئەم داوای سنوور گۆڕینە بێزارکەرە، تەنها دڵی هێزە کۆنەپەرستەکانی جیهان خۆش دەکات. ئەوەبوو، هەر دەمودەست، چەند کەسێکی بواری سەربازی لە بۆن (Bonn)و یابان کەوتنەخۆ، چەند کەسێک لەوانەی دەمێک بوو چاوەڕوانی ئەوەیان دەکرد گۆڕانکاری لەو ڕێککەوتننامەو پەیماننامانەدا بکرێت، کە لە دوای کۆتایی جەنگەکەوە مۆر کراون، لە دوای تێکشکانی فاشیزمەکەی هیتلەر و عەسکەرتاریەتەکەی یابان.

# دۆکیۆمێنتی (٢١)

## سەرنجێکی دیکەی سۆڤیەت سەبارەت بە چاوپێکەوتنەکەی ماو

(کورتەیەک لە گفتوگۆیەکی کراوە سەبارەت بە پێوەندییەکانی سینۆ - سۆڤیەتی، ڕادیۆی مۆسکۆ، بەشی ناوخۆ لە ڕووسیا، ٦ی سێپتەمبەری ١٩٦٤).
ئەو شتانە چین، کە بەلای منەوە گرینگن، (لە چاوپێکەوتنەکەی ماودا)؟ یەکەم، ئەو دانپیانانە ڕوون و ئاشکرایەی سەرانی (CCP)یە، کە ئەوان بە ڕاستی هەڕەشەی جەنگێکی سارد دەکەن

لە دژی یەکێتی سۆڤیەت و پارتەکەمان. ئەوان نەک هەر هەڕەشە دەکەن، بەڵکوو ئامادەشن، هەر وەک چۆن ماوتسی تۆنگ ڕاشکاوانە دەیڵێت، کە ئەم جەنگە بۆ (٢٥) ساڵی دیکەش درێژە پێ بدەن. دووەم، داننان بە ڕێتێچوونی، یاخود ڕاستتر، بە حەزکردن لە ئەنجامدانی گۆڕانکاریی گەورە، لە سنووری دەوڵەتە سۆسیالیستییەکاندا. ئەو تۆمەتەی کە لە دزێوترین پڕوپاگەندەی ئیمپریالیستییەوە سەرچاوەدەگرێت، ئەوەیە کە دەڵێت گوایە یەکێتی سۆڤیەت چەند ناوچەیەکی داگیرکردوە. چەند داوایەکی دیاریکراو لە دژی یەکێتی سۆڤیەت بەرزکراونەتەوە (لە لایەن چینەوە)، کە داوای ناوچەیەکی فراوان دەکات، کە نزیکەی هەموو ئەو ناوچانەی وڵاتەکەمان دەگرێتەوە کە دەکەونە خۆرهەڵاتی دەریاچەی بایکاڵەوە.

*****

مانای چییە ئەو پرسە بوروژێنیت، کە پێویستە (USSR) دەستبەرداری کوراڵیش ببێت بۆ یابان؟ ئەمە ماستاوکردنێکی ئاشکرایە بۆ عەسکەرتارییەتی یابانی، لە ناوەڕۆکیشدا، پێشنیارێکە.. بۆ پشتگیرییەکی سیاسیانەو سەربازیانەی ئاشکرای ئەو پرسە. پێشتر باسمان لەو ڕاستییە کرد، کە لە وتەکانی ماوتسی تۆنگدا باس لە ژمارەیەک ناوچە کراوە، کە گوایە لە لایەن یەکێتی سۆڤیەتەوە (داگیرکراون)، ئەوەتا ئێستاش ئەو پرسە دەوروژێنێت، کە چاوبخشێنرێتەوە بەو سنوورانەدا، کە بە پێی بڕیارەکانی کۆنگرەکانی یاڵتا (Yalta) و پۆتسدام (Potsdam) کێشراون. بە واتایەکی دیکە، ئەمە پێشکەشکردنی، یاخود پشتگیریکردنی چەند داوایەکی ناوچەییانەی قین لە دڵەکانی ئەڵمانیای خۆرئاوایە. تەنها هەر ئەو کۆمەڵە کەسەن کە ئەو جۆرە لێدوانانە دەدەن، سەبارەت

به پێویستی گۆڕین و چاککردنی سنوورەکان و ئەم جۆرە شتانە. کەواتە ئێستا دیارە کە ماوتسی تۆنگ بوە بە هاودەمی کێ؟ بوە بە هاودەمی تاقمی فەرمانڕەوای یابان، عەسکەرتاریەتچییەکانی یابان، قین لە دڵەکانی ئەڵمانیای خۆرئاوا.

*****

پاش ئەوەی بۆچوون و تێگەیشتنە هەڵەکانی ناو وتەکانی ماو تسی تۆنگ، بە خێرایی و کارامانە ڕوونکرانەوە، زۆربەی چاودێران‌و ڕەخنەگران کەوتنە وروژاندنی ئەو پرسیارەی کە: باشە مەبەست لە بەستنی ئەم وتوێژانە لە نێوان ماو تسی تۆنگ و ئەو تاقمە یابانییە، لەم کاتەدا، چییە؟ بۆچی بە تایبەتی لەم کاتەدا، ئەم لێدوانانە دران؟ ئەو لێدوانانەی کە بێ گومان، وەک پراڤدا دەڵێت، ڕووی ڕاستەقینەی بۆچوونەکانی ماو تسی تۆنگ خۆیمان بۆ دەردەخات. بۆ ئەم لێدوانانە لەم کاتەدا هات؟

لێرەدا مرۆڤ ناچارە شوێن بۆچوونی ئەو چاودێرانە بکەوێت، کە پێیان وایە ئەمە لۆژیکێکی تایبەتی تێدایە، لۆژیکی بەربەرەکانی لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت، لەگەڵ هەڵوێستی ڕاستەقینەی پارتە مارکسی - لینینیستەکاندا، کە دەپرسن، ئایا ڕەوایە جەنگێکی سارد لەدژی یەکێتی سۆڤیەت بەرپا بکرێت؟ شتێکی ئاسایی و لۆجیکیشە، کە مرۆڤ لە پشتیوانیکردنی بەرامبەرەکەی دڵنیابێتەوە. لەبەر ئەوەی پەکین ناتوانێت ئەوجۆرە پشتیوانییە لە ناو پارتە مارکسی - لینینیستییەکاندا بەدەست بێنێت، کە پێیخۆش دەبوو ئەگەر هەبوایە، بۆیە ناچارە لە نێو دەوڵەتە ڕاستڕەو و هێزە قین لە دڵەکاندا بە دوای ئەو پشتیوانییەدا بگەڕێت.

# دۆكيۆمێنتی (٢٢)

## ڕادیۆی مۆسكۆی ئاڕاستەی ئیتالیا

(كورتەیەک لە وتارێكی ڕادیۆی مۆسكۆی ئاڕاستەی ئیتالیا، بە ناونیشانی "بەرنامە فراوانخوازییەكەی سەرانی چین" بە زمانی ئیتالی، لە نووسینی ڤلادیمێر كۆزیاكۆڤ، لە ٦ی سێپتەمبەری ١٩٦٤دا).

وا چەند ساڵێكە، لێدوان و بابەت لە چینەوە دەردەچن، سەبارەت بە چەند ناوچەیەک، كە گوایە ئەوەتای هەیە هەر هی چین بوە، بەڵام ئێستا بوون بە پارچەیەک، یان بەشێک، لە وڵاتانی دراوسێی. بۆ نموونە، لە (١٩٥٤)دا، كتێبێكی قوتابخانە لە سەر

مێـژووی هـاوچەرخ لە چـین چـاپکرا، کە نەخشـەیەکی جـوگرافی تێدابوو، ئەم نەخشەیە وەهای پیشاندەدا، کە بۆرما، ڤێتنام، کۆریا، تایلانـد، مالایـا، نیپـاڵ، بوتـان، سـیکیم و هەروەهـا نـاوچە سۆڤیەتییەکانی خۆرهەڵاتی دوور، بەشێک لە قیرغیزیا، تاجیکستان، کازاخستان، دوورگەی ساخالینیش، هەمووی هی چین بوون و لێی جیا کراونەتەوە.

ئێمە ئەوکـات لە یەکێتـی سـۆڤیەت گوتمـان ڕەنگە ئەمە تەنهـا بۆچوونی خەڵکانێکی نەتەوەپەرستی توندڕەو بێ و هیچیتر. کەچی لە سـاڵانی دواتـردا، پڕوپاگەنـدەی چـین سـەبارەت بە داواکـاریی نـاوچەیی لە دژی وڵاتـانی دراوسـێی، هەر لە زیادبوونـدابوو. بەم دواییانەش، وتەبێژە فەرمییەکانی چین کەوتوونەتە باسی سەدان هەزار میلـی چوارگۆشـە لە زەوییەکـانی سـۆڤیەت، کە گـوایە هـی چینن. ئێستاش، وا ماو تسی تۆنگی سکرتێری پارتی کۆمۆنیستی چین، چەندین سەرکردەی دیکەی چینی، بە ئاشکرا داوای ناوچەو زەوی دەوڵەتـانی تـر و خەڵکـانی تـر دەکەن. لە کۆبوونەوەکەیـدا لەگەڵ کۆمۆنیسـتەکانی یابـان، مـاو تسـی تۆنـگ زۆر ڕاشـکاوانە دەڵێت: "سەد ساڵێک لەمەوبەر، ناوچەکانی خۆرهەڵاتی دەریاچەی بایکـاڵ بـوون بە هـی ڕووسـیا، ئیتـر لەو کـاتەوە ڤلادیڤۆسـتۆک، خەبەرۆڤسک، کامچەتکاو چەند جێگەیەکی دیکەش بوون بە خاکی سۆڤیەت. ئێمە هێشتا لیستێکمان پێشکەش نەکردوە بەو ناوچانە".

هەر بـۆیە ئەمـڕۆ تەواو بۆمـان ئاشـکرا بـوە، کە ئەم داوا ناوچەییـانە دژی وڵاتـانی دیـکە، بەشـێکە لە سیاسـەتی فەرمیـی سـەرانی چین، بنەمایەکیشـە بۆ بەرنامەیەکی فراوانخوازی گەورە. بەڵـگەش لە سـەر ئەمە دیـارینەکردنی، یـاخود پێشکەشـنەکردنی لیستێکی دیارینەکراوە، بەو ناوچانەی کە چین داوایان دەکاتەوە لە

سۆڤیەت، لە لایەن ماوتسی تۆنگەوە. ماو لەوتەکانیدا لەگەڵ سۆسیالیستەکانی یابان، تیۆرییەکی دارشتوە سەبارەت بە کێشە ناوچەییەکان بە گشتی. ئەو چەندین شوێنی لە ئەورووپا و ئاسیا دەستنیشان کردوە، کە گوایە بەڕای ئەو، دەبێت هی وڵاتانی دیکە بن. ماو تسی تۆنگ هیچ گرینگیی نادات، نە بەو سنوورە دەوڵەتیانەی، کە بە درێژایی مێژوو دروستبوون، نە بەو ڕێککەوتننامانەش، کە لە دوای جەنگەکەوە لە پێناو پاراستنی ئاشتی و ئارامی خەڵکدا، مۆرکراوون. ماو تسی تۆنگ ئەو داوا ناوچەییانەی وەک دەوڵەتێک لە دژی دەوڵەتێکی دیکە بەرزکردوەتەوە، تا بیگەیەنێت بە بنەمایەکی گشتی، دیارە دەیەوێت وڵاتانی دیکەش چاو لەو بکەن، پێکەوە هەڵمەتێک بەرپا بکەن بۆ گۆڕینی نەخشەی جوگرافیای جیهان. ئینجا بۆ ئەوەی ئەم سیاسەتەش لە ڕووی تیۆرییەوە بسەلمێنێت، ماو تسی تۆنگ پەنا دەباتە بەر پاساوە کۆنەکەی، نایەکسانی لە دابەشکردنی ناوچەکان بەسەر خەڵکی وڵاتاندا.

فیدۆر پیترۆڤ (Fedor Petrov)ی گەورە کۆمۆنیست، کە لە ساڵی (١٨٩٦)ەوە ئەندامی حیزبە، ئەم وتانەی سەرانی چین، بە شەڕەنگێز، دژە مارکسیزم، دژە لینینیزم وەسف دەکات. فیدۆر پێترۆڤ دەڵێت: "منو هەڤاڵانی دیکەی حیزب، کە شەست ساڵ دەبێت خەریکی حیزبایەتین، زۆرباش دەزانین کەیو لە کوێدا پێویستە پیاوی کۆمۆنیست قسە بکات، دەشزانین کەی یەکێک خۆی وەک کۆمۆنیستێک پیشان دەدات".

لە ڕاستیدا، ئەو قسانەی ماو تسی تۆنگ سەبارەت بە ڕاستکردنەوەی ئەو سنوورانەی کە بەدرێژایی مێژوو دروستبوون، هیچ لەگەڵ بیروڕای کۆمۆنیستیدا یەک ناگرنەوە. ئەم بیانوەی

نایەکسانی دابەشکردنی ناوچەکانیش، تەنها شێوازێکی دیکەیە لە تیۆریەکەی لێبنسراوم (Lebensraum).

ئەوەتا ئێستاش، گەورەترین لایەنگرانی ئیمپریالیزم، هەڵمەتێکی دژە - سۆڤیەتیی فراوانیان دەستپێ کردوە، تێیدا یەکێتی سۆڤیەت بەوە تاوانباردەکەن، کە دەوڵەتانی دیکەی سۆسیالیستی خستوەتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە، بەڵام بێمانایی ئەم تۆمەتانە هێندە زەقن، کە تەنانەت هەندێک لە لایەنگرانی بۆرژوازییەتیش، پێیان باشترە لەو هەڵمەتە چەپەڵە بکشێنەوە. کەچی سەرانی چین بە هەموو شێوەیەک ئەو هەڵسوکەوتە دژە - سۆڤیەتیانەی ئیمپریالیستەکانی قەبووڵە.

تا ڕۆژی ئەمڕۆش، تاکە وڵاتێکی ئەورووپی کە داوایەکی ناوچەیی لە سەر وڵاتانی هاوسێی بەرزکردبێتەوە، ئەڵمانیا خۆرئاوایە، هەر بۆیەشە سەرانی بۆن، ناوبانگی (تینوی تۆڵە – Revenge-mongers)یان لێنراوە، کە بوونەتە هەڕەشە بۆ سەر ئاشتیو ئارامی هەموو خەڵکی ئەورووپا. ئێستا وا سەرانی چینیش بە ئاشکرا هێرشدەکەنە سەر ئەو سنوورانەی، کە بەدرێژایی مێژوو لە ئەورووپادا دروستبوون، بە مەش هانی گیانی تۆڵەسێنی دەدەن لە یابانییەکاندا.

ئاشکرایە کە وڵاتە ئیمپریالیستییەکان بەردەوام هەوڵ دەدەن، کە دووبەرەکی بخەنە نێوان وڵاتە سۆسیالیستیەکانەوە، گیانی ناتەبایی و بێمتمانەیی لە نێویاندا دروستبکەن. لەمەشدا، ئەمان زیاتر پشتدەبەستن بە ئەگەری زیندووکردنەوەی گیانی نەتەوەخوازی و شۆڤێنی. وا ئێستاش سەرانی چین (لەم کارەیاندا) یارمەتییان دەدەن، بەوەی کە بەردەوام بەشدارن لە خوولقاندنی کەشوهەوایەکی گوماناوی و بێمتمانەیی و گرژی، لە جیهاندا. هەر

لەبەر ئەوەشـــە کە ماوتســـی تۆنـــگ هەوڵ دەدات کێشـــەیەکی ناوچەگەری بخولقێنێت.

لەگەڵ ئەوەشـدا، بانگەشـەکردن بۆ ئەم شـێوە ڕێبـازە، لە لایەن سـەرانی چیـنەوە، وەک ئەوە وایە سـەرانی چـین ئەو لـقە دارە ببڕنەوە، کە خۆیان لە سەری دانیشتوون. دوای ئەو چاوپێکەوتنەی مـاو تسـی تـۆنگیش لەگەڵ کۆمەڵێک لە سۆسیالیسـتەکانی یابانـدا، هیچ گومانی تێدا نەماوە کە سەرانی چین چەند ئامـانجێکی سیاسی ڕەشییان هەیە، کە حەزی فراوانخوازی زاڵە بە سەریدا.

پراڤدا لە یەکێک لە سەروتارەکانی ئەم دواییانەیدا دەڵێت، پیلانە ڕاستەقینەکەی سەرانی چین ئاشکرا بـوو، ئەو نەخشـەو پیلانـانەش هیچ لە بەرژەوەندی خەباتەکەمـان بۆ سەرخستنی دۆزی ئاشتیو سۆســیالیزمدا نیــیە، بەڵکــوو پڕێتــی لە ئامـــانجی شــۆڤێنیو دەســەلاتخوازیی زلهێزەکـان. قســەکانی ماوتســی تـۆنگیش لەگەڵ سۆسیالیســتەکانی یابانـدا، گەورەتـرین و ئاشـکراترین بەڵــگەن لە سەر ئەوە.

# دۆکیۆمێنتی (٢٣)

## کــاردانەوەی حکــوومەتی مەنگۆلیــا ســـەبارەت بەچاوپێکەوتنەکەی ماو

(چەند برگەیەک لە وتارێکی ڕادیۆی مۆنتسام (Montsam)ی نێـودەولەتی، لە لایەن ئـولان بـاتۆر، بە زمـانی ڕووســی، لە ١٠ی سێپتەمبەری ١٩٦٤دا).

ئولان باتۆر، (٩)ی سێپتەمبەر:

لە (٩)ی سـێپتەمبەردا، ئاژانسـی هەواڵـی مەنگۆلیـا (مۆنتســام)، لێدوانێکی بڵاو کردەوە بۆ ڕادیۆ و ڕۆژنامەکانی ئولان باتۆر، کە ئەمە دەقەکەیەتی:

"سەبارەت بە وتەكانی ماو تسی تۆنگی سەرۆكی كۆمیتەی ناوەندیی حیزبی كۆمۆنیستی چینی، لەگەڵ گروپێک لە سۆسیالیستەكانی یاباندا، كە لە (١٠ی جولای ١٩٦٤)دا لە پەكین بەسترا، ئاژانسی هەواڵی مەنگۆلیا ڕاسپێردرا كە ئەم لێدوانەی خوارەوە بدات:

لە ڕێگەی چاپەمەنییەكانی یابانەوە، هەموو دنیا ئەو لێدوانانەی ماو تسی تۆنگی كەوتە بەرچاو، كە زۆر بە ڕوونی چەند لایەنێكی جەوهەریی نییەتی ڕاستەقینەی سەرانی چین ئاشكرا دەكات، كە خەریكی پیادەكردنی سیاسەت و چالاكیی وێرانكەر و دووبەرەكی نانەوەیە لە نێو بزووتنەوەی كۆمۆنیستیدا.

سەرۆكی كۆمیتەی ناوەندیی (CCP) ڕێگەیەكی نوێی هێناوەتە ئاراوە لە دژایەتیكردنی ماركسییەت، كە ئەویش (تیۆری ناوچەی نێوەند – theory of intermediate zone)ە، كە ئامانج لێی، بەدەر لە هەموو نیاز و هۆكارەكانی دیكە، دەست تێكەڵاوكردنە لەگەڵ دوژمنەكانی سۆسیالیزمی هاوشانی خۆیدا، بەو ئومێدەی كە نەخشەو پلانە نەتەوەپەرستییە درێژخایەنەكانی سەرانی چین قەبووڵ بكەن.

لە وتەكانیدا، ماو تسی تۆنگ بە ئاشكرا و ڕووقاییمانە، نیازە فراوانخوازییەكانی دەخاتەڕوو. بێبنەماش، داوای ناوچەیی لە دژی وڵاتە سۆسیالیستییەكانی هاوسێی بەرزدەكاتەوە. لەو وتانەوە دەردەكەوێت كە ئەو جموجۆڵە دژە – سۆڤیەتی و دژە سۆسیالیستییە تێكدەرانانەی سەرانی چین، بۆتە هۆی دووركەوتنەوە و پاشەكشەكردنێكی گەورەیان لە ماركسیزم – لینینیزم، نزیكبوونەوەیان لە هێزە هەرە كۆنەپەرستە دژە شۆڕشگێڕییەكان.

بەگرتنەبەری ئەم ڕێگە پڕ مەترسییەش، ئاساییە کە سەرانی چین پێیان باش نەبێت چینی پرۆلیتار بکەن بە ڕێکخستنێکی کۆمەڵایەتی، جێگەی بیروبۆچوونە نەتەوەپەرستییەکان، کۆلکە بۆرژواکانیان بگرێتەوە. هەر لەم بارەیەشەوە، لە زۆرێک لە پرسە جەوهەرییەکاندا، ئەوان لەمێژە بۆڕی کەللەڕەقترین کۆنەپەرستیان داوەتەوە، کە تا ئێستا لە بزووتنەوەی کۆمۆنیستی جیهانیدا ناسرابێت. لە هەوڵەکانیاندا بۆ دووبارە کێشانەوەی نەخشەی یەک بە یەکی وڵاتەکان، سەرانی چین هەوڵی بەدەستهێنانی پشتگیریی دەوڵەتە پاوانخوازە ئیمپریالیستەکان دەدات، پەنایان بۆ دەبات. نموونەی ئەمەش، بەرز نرخاندنی کارە داگیرکارییەکانی عەسکەرتارییەتی یابانییە، لە جەنگی جیهانیی دوەمدا.

لەو وتانەیدا، سەرۆکی کۆمیتەی ناوەندیی (CCP)، گرینگیی تایبەتی داوە بە کۆماری مەنگۆلیای میللی (MPR)، ئەگەرچی هیچ کات، بوونی ئەم دەوڵەتە سەربەخۆیە، جێگەی خۆشحاڵی نەتەوەپەرستەکانی چین نەبوە. سەرانی چین زۆر لەمێژە هیوای ئەوەیان هەیە کە (MPR) بکەن بە یەکێک لە ناوچەکانی خۆیان، ئەوەتا لە سەرەتای ساڵی (١٩٣٦)دا، ماو تسی تۆنگ، لە لیدوانێکیدا لەگەڵ نووسەری ئەمەریکی، ئێدگار سنۆ (Edgar Snow)، دەڵێت: هەر لەگەڵ سەرکەوتنی شۆڕشی گەلی چین، (MPR)یش "بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی دەبێتە بەشێک لە چین". ئەم وتەیەی ماو تسی تۆنگ بەڵگەیە لە سەر بێڕێزی و بێنرخی چارەنووسی گەلان لە لای سەرانی چین. هەر وەک دەبینین، ئەو هەر ئەوکات، لە لای خۆیەوە چارەنووسی دەوڵەتی مەنگۆلیای (دیاری) کردوە، بێ ڕەزامەندی گەلی مەنگۆلیا. هەر لە پاش دروستبوونی کۆماری میللی چینیش، ماوتسی تۆنگ و سەرکردەکانی دیکەی چین، هەر

بەردەوامبوون لە هەوڵە نەبڕاوەکانیان بۆ دیاریکردنی چارەنووسی گەلەکەمان، ژێر بە ژێر، دەیانویست (MPR) بکەن بە بەشێک لە چین.

گومانی تێدا نییە، کە هەوڵەکانی لەباربردنی ئەو کیانە سیاسییە سەربەخۆیەی (MPR)، بۆ ئەوە دانراون، کە یەکبگرێتەوە لەگەڵ بۆچوونە ڕەگەزپەرست و فراوانخوازییەکانی پەکیندا، کە لە دەستەواژەی "باهۆزی خۆرهەڵات سەردەکەوێت بە سەر باهۆزی خۆرئاوادا" خۆی دەبینێتەوە. لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی لەمەوپێش باسکرا، مرۆڤ دەپرسێت، ئایا دەکرێت متمانە بەڕاستگۆیی دڵنیاکردنەوە تاکە کەسییەکانی سەرانی چین بکرێت، سەبارەت بە ڕێزگرتنی مافو بەرژەوەندییەکانی گەلانی دیکە.

هەوڵەکانی سەرانی چین بۆ ئەوەی (MPR) بکەن بە بەشێک لە چین، بە هەر پاساو و بیانویەک بێت، هیچ جیاوازییەکی نییە لەگەڵ سیاسەتە فراوانخوازییەکانی موڵکدار و عەسکەرتارییەتە کۆنەپەرستەکانی کومینتانگ (Kuomintang)، کە دوژمنی سەرسەختی سەربەخۆیی گەلی مەنگۆلیا بوون. داواکردنی مەنگۆلیا لە لایەن سەرانی چینەوە، کە بنچینەکەی دەگەڕێتەوە بۆ مێژوویەکی زۆر دێرین، دەرەنجامی سیاسەتێکی زلهێزانەیە، کە لە سەردەمی بنەماڵەی مانچو (Manchu)ەوە بۆیان ماوەتەوە. ئەو پیلانە ڕەشانەی کە نەتەوەپەرستەکانی چین دایانڕشتوە بۆ لەبار بردنی ئەم سەربەخۆییە سیاسییەی (MPR)، شتێکی بێمانایە و هەرگیز بۆیان نایەتەدی.

هەموو کەس دەزانێت گەلی مەنگۆلیا پاش ئەوەی، کە لە ساڵی (١٩٢١)دا شۆڕشە جەماوەرییەکەیان ئەنجامدا، لەڕێگەی خەباتێکی پڕقوربانییەوە گەیشت بە ئازادی خۆی، ئیتر لە سەر بنەمایەکی

نوێ، ئەو سەربەخۆییەیان گەڕاندەوە بۆ وڵاتەکەیان، کە لە کۆتایی سەدەی حەڤەیەمەوە، لە ئەنجامی هەڵمەتە فراوانخوازێکانی مانچو، هێزە داگیرکەرەکانی دیکەی چینەوە، لە دەستیاندا بوو.

کۆماری میللی مەنگۆلیا (MPR)، کە چل ساڵە وەک دەوڵەتێکی دیموکراتی میللی سەربەخۆ، لە بەرەوپێشچووندایە، لە سەر گۆڕەپانی نێودەوڵەتیش بە شێوەیەکی بەرفراوان پێشوازی لێ کرا، لە هەموو جیهاندا دانیپێدانرا. ئێستا، لە سەرانسەری جیهاندا، پێوەندی دۆستانەی بەرفراوانی لەگەڵ دەیان دەوڵەتدا هەیە. میللەتەکەشمان، کە چەندین سەرکەوتنی بەرچاوی لە بواری بونیادی سۆسیالیستیدا بە دەستهێناوە، ئێستا وا خەریکە بەروبوومی ئەو ئازادی و سەربەخۆییە دەچنێتەوە، ڕێگەش بە هیچ کەسێک نادات دەستدرێژی بکاتە سەر سەروەرییەکانی.

لە وتەکانیدا، ماو تسی تۆنگ بە توندی هێرشدەکاتە سەر ئەو پێوەندییە دۆستانەیەی، کە لە نێوان (MPR)و یەکێتی سۆڤیەتدا هەیە، هەوڵ دەدات ئەو دڵسۆزییەی بخاتە ژێر پرسیارو گومانەوە، کە لە پێوەندییەکانماندا هەیە. ئەو دەڵێت گوایە: "یەکێتی سۆڤیەت، بە بیانوی پارێزگاریکردن لە سەربەخۆیی مەنگۆلیا، وڵاتەکەی خستوەتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە".

بۆچی دەبێت ماو تسی تۆنگ پەنابەرێت بۆ ئەم درۆودەلەسە بێ شەرمانانە؟ دیارە ئەو لەو ڕاستییە تووڕە بوە، کە ئەو دەستکەوتانەی گەلی مەنگۆلیا بەدەستیهێناون، ئەو پێوەندییە برایەتییەی کە لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەتدا هەیەتی، بوون بە لەمپەرێکی گەورە لە بەردەم بەدیهێنانی خەونە گڵاوەکانی سەرانی پەکیندا، بەوەی کە مەنگۆلیا بکەن بە بەشێک لە چین.

یەکێتی سۆڤیەتی مەزن، بەردەوام هاوڕێیەکی ڕاستەقینە،

خۆنەویست، پشتوپەنایەکی بەهێز، جێ متمانە بوە بۆ ئێمە، هەروەهاش دەمێنێتەوە. هەر بە هۆی سیاسەتە نێودەوڵەتی و کۆمەکە هەمەلایەنەکانی یەکێتی سۆڤیەتەوە بوە، کە گەلی مەنگۆلیا توانیویێتی پارێزگاری لە ئازادی و سەربەخۆیی خۆی بکات، لە بەرامبەر دەستدرێژی و هێرشی ئیمپریالیستەکان، توانیویێتی ئەو هەموو سەرکەوتنە مێژووییانە بەدەست بهێنێت، لە بواری گەشە کردن و بەرەوپێشبردنی وڵاتەکەیاندا... هەموو کرێکارێکی مەنگۆلی لای ئاشکرایە کە ئەگەر گەلەکەمان چارەنووسی خۆی نەبەستایەتەوە بە چارەنووسی یەکێتی سۆڤیەتەوە، مەنگۆلیا نە ئازاد و سەربەخۆ دەبوو، نە ئەو دەستکەوتانەشی بەدیدەهێنا، کە ئێستا هەیەتی. ئاشکرایە، ئەگەر ئەو نەخشەو پیلانەی سەرانی چین بۆیان بچوایەتە سەر، ئێستا چارەنووسی میللەتەکەمان وەک چارەنووسی مەنگۆلیای ناوەوە، کەمایەتییە نەتەوەییەکانی دیکەی ناو چین دەبوو، کە لە سەر بنەمای سیاسەتی شۆڤێنی (هانی مەزن) (Great – Han) مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت.

ئەم هێرشە بێبنەماو ناشیرینانەی، کە سەرانی کۆمۆنیستی چینی دەیکەنە سەر پێوەندییە دۆستانەکانی نێوان گەلانی (مەنگۆلیا و سۆڤیەت)، لە بەرژەوەندی مەرامە گڵاوەکانی خۆیانە، کە بریتییە لە تێکدانی ئەو تەبایی و یەکێتییەی کە لە نێوان دەوڵەتە سۆسیالیستە دۆستەکاندا هەیە، دوور خستنەوەی دەوڵەتە سۆسیالیستییەکانی دیکەش لە یەکێتی سۆڤیەت.

ئەم سیاسەتە سەرکەش و چاوچنۆکانە و فراوانخوازیانەی سەرانی چین، زیانێکی زۆر گەورە دەدات لە بەرژەوەندییەکانی گەلی چین، گیانی تەبایی و دۆستایەتییان ناهێڵێت لەگەڵ گەلانی وڵاتە سۆسیالیستییەکانی دیکەدا، بە گەلی مەنگۆلیشەوە.

ئەم بۆچوون و هەڵسوکەوتە زلهێزئاساییانەی سەرانی چین، کە تەواو پێچەوانەی بیروباوەڕی مارکسی - لینینییە، جەوهەری ڕاستەقینەی ئەوان دەردەخات، ناڕاستی، دووڕویی، قسەزلەکانیان ئاشکرادەکات، کە گوایە ئەمان ڕێز لە مافی یەکسانیو سەروەری میللەتانی دیکە دەگرن، باوەڕیان بە بنەماکانی پرۆلیتاریای جیهانی هەیە.

شۆڤێنیزمە شەڕەنگێزییەکەی ماو تسی تۆنگ، هێرشە ناڕەواکانی بۆ سەر (MPR)و دەوڵەتە سۆسیالیستییەکانی دیکە، جێگەی تووڕەبوون و ناڕەزاییەکی زۆری خەڵکی مەنگۆلیایە. کرێکارانی (MPR)یش زۆر بە توندی ئیدانەی ئەو بۆچوون و سیاسەتە نەتەوەپەرستییە زلهێزئاساییانەی سەرانی چین دەکەن، کە شوێن ئامانجی سەرکەشیو فراوانخوازی و پاوانخوازی کەوتوون.

## دۆکیۆمێنتی (٢٤)

## یاخبوونی زیاتر لە سینکیانگ

(گوڵبژێرێک لە نوسینێکی پەکین ڕیڤیو، ژمارە ٣٧ی ڕۆژی ١١ی سێپتەمبەری ١٩٦٤، ل ٥ – ٢٦، بە ناوی "دە ساڵە پڕ بڕشتەکەی ئیلی - Ilis Ten Fruitful Years").

بەروبوومی زیاتر، ئاژەڵ و پەلەوەری زیاتر و نوێتر، ئامێر و کەرەستەی پیشەسازی، کانی کانزایی مۆدێرن، ئەمانە کەمێکن لەو هەموو دەستکەوتەی کە لە یادی ١٠ ساڵەی دروستبوونی ناوچەی ئیلی کازاخی ئۆتۆنۆمی (Ili Kazakh Autonomus Chou)، لە

سینکیانگ، بەرچاو دەکەون، کە سنووری بە یەکێتی سۆڤیەتو کۆماری میللی مەنگۆلیاوەیە. تان تونگ (Tan Tung)ی جێگری سەرۆکی کۆمیسیۆنی کاروباری نەتەوەکانی سەر بە ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی حکوومەت دەڵێت: یەکێک لە لایەنە گرینگەکانی ئەو دەستکەوتە گەورانەی هەرێمە ئۆتۆنۆمێکە، ئەوەیە کە خەڵکەکەی، بە هەموو نەتەوەکانییەوە، بە توندی ڕووبەڕووی هەڵسوکەوت و چالاکییە ڕووخێنەرو تێکدەرانەکانی تاقم و گروپە کۆنەپەرستەکەی خروشۆڤ بوونەوە. هەروەها ئەو ئەم دەسکەوتانەی بە سەرکەوتنی مارکسیزم – لینینزم و بیرو بۆچوونەکانی ماوتسی تۆنگ وەسف کرد.

ئەم کارو چالاکییە تێکدەرانانەی تاقمەکەی خروشۆڤ بە توندی ئیدانە کران. لە بەرواری نێوان (٢٦و٢٩)ی ئۆگەستیشدا، چوارەم کۆنگرەی میللی هەرێمی ئۆتۆنۆمی ئیلی کازاخ، دوەم دانیشتنی خۆی لە ئینینگ (Ining) بەست، کە تێیدا ڕاپۆرتێک لە لایەن ئیرهالی (Irhali) سەرۆکە کازاخیەکەی (ئیلی)یەوە خوێندرایەوە، سەبارەت بە کاروچالاکییەکانی ئەنجومەنی گەلی چو (Chou) – واتا هەرێمەکە. پاش ئەوەی کە باسی ئەو سەرکەوتنە بەرچاوانەی کرد کە گەلی ناوچەکە بەدەستیانهێناون، لە بوارەکانی سیاسی، ئایدیۆلۆجی و هەموو لقەکانی ئابووریدا، باسی ئەوەشی کرد، کە ئەو دەستکەوتانە بە خەبات لە دژی وێرانکارییەکانی تاقمە کۆنەپەرستەکەی خروشۆڤەوە بەدەست هاتوون...

ئیرالی ئەوەشی وت کە ئەم تاقمە تێکدەرەی خروشۆڤ، بە دۆڕان ڕازی نابن، بەردەوام هەوڵی نوێ دەدەن بۆ وێرانکاری و تێکدان. پاشان دەڵێت "بە تایبەتی لەمانگی ئەپرەڵی ڕابردووەوە، کەوتوونەتە بە کارهێنانی ڕادیۆ، ڕۆژنامە، گۆڤار و هۆکارەکانی

دیکەی ڕاگەیاندن‌و پڕوپاگەندە بڵاوکردنەوە، لەهەوڵێکی بەرفراواندا بـۆ بڵاوکـردنەوەی درۆی لەکەدارکەر، سـەبارەت بە پێشـەوایانی پارتی کۆمۆنیستی چینی. کەوتوونەتە هێرشکردنە سـەر سـەرۆک ماو، کە پێشـەوای گەورەی گەلەکەمانە، بە هەمـوو نەتەوەکانییەوە، شـێواندنی مێـژووی نـاوچە ئۆتۆنـۆمییەکەی ئیلـی کـازاخ، هەوڵـی نـــانەوەی دووبەرەکـــی لە نێـــوان نەتەوە جۆراوجۆرەکـــانی ئەم ناوچەیەدا، بە نیازی تێکدانی یەکێتییە نیشتمانییەکەمان".

"لە هەمووشـی ناخۆشـتر ئەوەیە، کە ئەم تـاقمە دواکەوتـوەی خروشـۆڤ، بە بەردەوامـی کێشــەی سـنووری دەخـوڵقێنن، هەوڵ دەدەن بەرهەم لەو ناوچە سنووریانەدا پەک بخەن".

ئیرالـــی دەڵێــت کە، لە بەجێهێنـــانی ئەو چـــالاکی و کـــردەوە دزێـوانەدا، تـاقمە کۆنەپەرسـتەکەی خروشـۆڤ، چەنـد تەمـاحێکی سەرشێتانەیان هەیە. پاشان دەڵێت: "پێویستە ئێمە زیاتر بەئاگابین، هەر چی پیلانە تێکدەرانەکانیان هەیە بە توندی تێکیبشکێنین".

لە گفتوگۆکانیانـــدا، وەفـــدە ئامادەبوەکـــانی نـــاو کـــۆنگرە، کە نــوێنەری هەمــوو نەتەوەکــانی نــاو هەرێــمەکەی گرتبــوە خــۆ، ڕەزامەنـدی خۆیــان پیشــاندا بەرامــبەر بەو کاروچالاکیـانەی، کە ئەنجــومەن لە میــانەی ئەو ســاڵەی کارکردنیــدا پێیهەڵســتاوە. لە هەمانکاتیشـدا ئیـدانەی ئەو کـارە تێکـدەرانانەیان کـرد، کە تـاقم و گروپە کۆنەپەرستەکەی خروشۆڤ ئەنجامی دەدەن.

ئورومهـــان (Urumhan)، کە نـــوێنەری نـــاوچەی یـــومین (Yumin)ە، لە هەرێمــی تاهچێنــگ (Tahcheng)، باسـی ئەوەی کـرد، کە لە سـاڵی (١٩٦٢)دا، تـاقمە کۆنەپەرسـتەکەی خروشـۆڤ کەوتنە هاندانی ئەو خەڵکەی کە لە نـاوچە سنوورییەکاندا دەژیان، تـا نـاوچە سـنوورییەکان بە جێ بهێڵن، ئەمەش تـا مـاوەیەک بـوە

هـــۆی پەکخســـتنی بەرهەمـــی نـــاوخۆیی لەو ناوچـــانەدا. لەم دواییانەشدا، بە تایبەتیش لە سەرەتای ئەمساڵەوە، چەند نامەیەک لەو کەسانەوە گەیشتوون، کە ناوچەکەیان جێهێشتبوو تێیدا دەڵێن، کە خروشۆڤ دەسخەڕۆی کردووون..

لە دوایـیـدا کـۆنگرەکە بە زۆریـنەی دەنـگ پـڕۆژە بڕیـارێکی پەسەند کرد، تێیدا ئەوە ڕادەگەیەنێت، کە گەلی ئیلی بەردەوامە لە هەوڵدان و تێکۆشان لە پێناو بەدەستهێنانی دەستکەوتی باشتر و گەورەتـر. بە هەمـوو تواناشـییەوە هەوڵ دەدات بـۆ تێکشـکاندنی تەواوی هەوڵە تێکـــدەر و ڕووخێنەرەکـــانی تـــاقم و گـــروپە کۆنەپەرستەکەی خروشۆڤ.

# دۆکیۆمێنتی (٢٥)

## ڕادیۆی مۆسکۆی ئاڕاستەکراوی یوگۆسلاڤیا

(بـــژاردەیەک لە وتـــارێکی ڕادیـــۆی مۆســـکۆی ئاڕاســـتەی یوگۆســـلاڤیا، بە زمـــانی ســـرب - کرواتـــی، لە نوســـینی ڤیکتـــۆر گلازونۆڤ، ١٥ی سێپتەمبەری ١٩٦٤).

پێش ئەوەی بێینە سەر جەوهەری پرسەکە، دەمەوێت کەمێک لە بـابەتەکە لابدەم، چـونکە مـن پـێم وایە ئەمە زیـاتر یارمەتیمـان دەدات لە بابەتە سەرەکییەکە تێ بگەین.

ڕۆژنـامەیەکی ئەڵمانیـای خۆرئـاوا هەیە بە نـاوی (ناشـیۆنال

زێیتونگ ئوند سۆلداتن زێیتونگ – National Zeitung und Soldaten Zeitung). ئەم ڕۆژنـــامەیە، بە ئاشـکرا لایەنگـری بیروباوەڕی فاشیستیی، بۆچوون و داواکارییە شـەڕەنگێزییەکانێتی، تەنانەت کاربەدەستانی (بۆن)یشی شـەرمەزار کردوە. ئەوان هەوڵ دەدەن بە هەموو شێوەیەک نکوڵی لەو ڕۆژنامەیە بکەن، بەڵام هیچ ڕێوشـوێنێکیش لە دژی نـاگرنەبەر. بەم دواییـانە، ئەم ڕۆژنـامەیە زۆر بە شانوباڵی سەرانی پەکیندا هەڵی دەدا. زۆر دڵخۆشبوو بەو وتـانەی مـاو تسـی تۆنـگ لەگەڵ سۆسیالیسـتەکانی یابانـدا، کەوتە نووسین سەبارەت بە پێویستی دۆستایەتیکردن لەگەڵ چیندا، ئینجا بۆ ئەوەی بۆ هەموو لایەکیشی ڕوون بکاتەوە کە "ئەم دۆستایەتییە دەبێـت لە سـەر چ بنەمـایەک بێـت"، ڕۆژنـامەکە لە لاپەڕەیەکـدا نەخشـەیەکی گەورەی بـڵاو کـردوەتەوە، کە داوا ناوچەییەکـانی کۆمـاری فیـدراڵی ئەڵمانیـای تێدا خسـتوەتە بەرچـاو، لە لاپەڕەکەی بەرامبەریشـیدا، داوا ناوچەییەکـانی چینـی خسـتوەتەڕوو. بەم شێوەیە، لە سەر بنەمای فراوانخوازی ناوچەیی، ئەم دوانەبوون بە دۆست.

گوێگرانی خۆشەویست: ڕەنگە تێبینی ئەوەتان کردبێت، کە ئەو خەڵکـانەی کە هەمـان ئامانجییـان هەیە، هەمـان دەربـڕین، هەمـان دەستەواژەش بەکاردەهێنن. ئەمە تەواو ئەو شتەیە، کە لێرەدا ڕوو دەدات. لە تـاوتوێکردنی بەرنـامە فراوانخوازییەکەیانـدا، سـەرانی پەکـین بـاس لە نـادادپەروەریی دابەشـکردنی ناوچەکـان دەکەن. ڕۆژنـامەی (ناشـیونال زێیتونـگ ئونـد سـۆلداتن زێیتونـگ)یـش بە هەمـان شـێوە، بـاس لە نـاعەدالەتی نـاوچەیی دەکـات، لە بەرامـبەر ئەڵمانیـادا. دیـارە مەبەسـتی ئەم ڕۆژنـامەیە ئاشـکرایە. ئەم، ئەنجامەکـانی جەنگـی جیهـانیی دوەمـی پـێ قەبـووڵ نییە، بەدوای

تـــۆڵەدا دەگەڕێـــت، بەڵام لە ژێـــر پەردە و پاســـاوی نـــاعەدالەتی بەرامبەر ئەڵمانیای دۆڕاو، بەڵام ئەی سەرانی پەکین مەبەستییان چییە، چییـان لە خەیاڵـدایە، کە بـاس لە نـاعەدالەتی دابەشـکردنی ناوچەکـان دەکەن، دەبێـت بە لای ئەوانەوە عەدالەت چـی بێـت؟ سەرانی پەکین دەڵێن گوایە خەڵکی جیهان بە شێوەیەکی نایەکسـان دابەشـــکراون. لەبەر ئەوە پێویســـتە خەڵـــکەکە دووبـــارە دابەش بکرێنەوە، بەڵام چۆن؟

لە گفتوگۆکانیدا لەگەڵ سۆسیالیستەکانی یابان، ماو تسی تۆنگ بە ئاشـکرا ئەوە ڕادەگەیێنێـت کە، دەکرێـت ئەمە ئەنجـام بـدرێت بەوەی، کە چەند ناوچەیەکی دیاریکراو لە وڵاتێک ببڕدرێت، بخرێنە سەر وڵاتێکی دیکە. ئێمە ئەگەر وەهاشی دابنێین، کە ئەم پرسە بێ کێشە، بە ئاشتیانە بەڕێوەدەچێت، بەڵام هێشتا هەر کۆمەڵێک کێشـە دێنەڕێـت. ئەو خەڵکـانەی کە لەم ناوچـانەدا دەژیـن، ئەمە زەوی ئەوانە، پێوەی ماندوبوون، ئاوەدانیان کردوەتەوە. ئەی ئەو خەڵکە بۆ کوێ دەبەن؟ ئەی بەرهەمی ماندوبوونەکانیان چی بە سەر دێت ئەگەر وەک ئەوەی، کە ماو تسی تۆنگ دەڵێت، خاکەکەیان بدرێت بە دەوڵەتێکی دیکە. ئەمە مانای ئەوەیە، دەبێت ئەوانیش ببرێن بۆ شوێنێکی دیکە، بەڵام بۆ کوێ؟ ئەی گوایە ئەوان بەمە ڕازی دەبن؟ چـونکە ئەگەر ڕازی نەبـن، دەبێـت بەزۆر لە زێـدی خۆیـان دوور بخـرێنەوە، بەڵام چ میللەتێـک هەیە ڕازی ببێـت خـاکەکەی پـارچە پـارچە بکرێـت؟ پاشـان، ئەو کەسـەی کە دەبێـتە دادوەری بـاڵا و بڕیاری ئەوە دەدات، کێیە، کە کام میللەت زەوی لـێ زیادە، کامیان زەوی کەمـی هەیە؟ یـاخود دەبێـت زەوی لە کامیـان بسـتێندرێت، بدرێت بە کامیان؟ یاخود دەبێت چەندێک زەوی بستێندرێت، چەند زیاد بکرێت؟

له بــارودۆخی ئێســتادا، کە لە جیهانــدا هەر وڵاتە سیســتمی کۆمەڵایەتی جیاوازی خۆی هەیە، توندوتیژی زاڵە بە سەر پێوەندی نێوان هەندێک لە وڵاتەکاندا، لە سەروو هەموو ئەمانەشەوە، ئێستا بلـۆکی سـەربازیی هاوبەشـی دەوڵەتـان هەیە، لە دژی دەوڵەتـانی دیـکە، قسـەکردن لە سـەر نـادادپەروەری لە دابەشـکردنی زەوی ناوچەکانــدا، تەنهــا دەبێــتە پاســاو بــۆ ئەو کــۆمەڵە خەڵــکە دوژمنکارانەی، کە خەون بەوەوە دەبینن لە سەر حسابی خەڵکانی دیکە خۆیان دەوڵەمەند بکەن.

پرسی داواکردنی دادپەروەریی نـاوچەیی، دەکرێت تەنها وەک پەردەیەک تەماشـا بکرێـت، بـۆ داپۆشـینی کـارە دوژمنکارییەکـانی ئیمپریالیستەکان. ئەوەشی کە پاڵی بە ماو تسی تۆنگەوە ناوە باس لە نـادادپەروەریی دابەشـکردنی ناوچەکـان بکـات، خوێـندنەوەیەکی دیـکەی چینییەکـانە بـۆ تیـۆرییە پـڕ مەترسـییەکەی (لێبینسـروم – Lebensrum). سەبارەت بە پرسە ناوچەییەکانیش، هەڕەشەکە لە پەکیــنەوە دەســت پــێ دەکــات و بە فاشیســتە نوێیەکــانی (Neofascists) ناو (ناشیونال زێیتۆنگ ئوند سۆڵداتن زێیتونگ)دا تێدەپەڕێت، لەگەڵ پیاوە بەرزەکانی ڕایخی سێیەم (Third Reich)دا یەک دەگرنەوە. ئەمەش دۆستایەتییەکە هیچ جێگەی شانازی نییە بۆ سەرانی چین.

ئەم پرسە ناوچەییەی، کە پەکین گرتویەتییە بەر، ڕۆڵی هەیە لە بەرزکردنەوەی ڕادەی گرژیی نێودەوڵەتیدا. ئەمە دەبێتە پاڵنەر بۆ هێزە دوژمنکارەکان، لە نێویشیاندا، هێزە تۆڵەسێنەکانی ئەڵمانیای خۆرئاوا، کە خەون بەو ڕۆژەوە ببینن، کە تێیدا ناوچەکان دووبارە دابەش دەکرێنەوە. ڕۆژنامەی (هاندلزبلات – Handlesblatt) واتا (ڕۆژنـامەی بازرگـانی)، لە ئەڵمانیـای خۆرئـاوا، وەک پێشـوازییەک

لەو پیلانە فراوانخوازییەی سەرۆکی چین، بانگەشەی ئەوەی کرد، کە سنووری (ئۆدەر - نیسە) (Oder – Neisse) نایاسایییە، بە ئاشکرا داوای ئەوەی کرد کە ئەو هێڵە سنوورییە لاببرێت. بەم شێوەیە، ئەم تیۆرییانەی سەرۆکی چین، ڕێگە خۆش دەکەن بۆ خەڵکە ڤین لە دڵە نوێیەکان، کە حەزیان بە سەرکەشی و شەڕەنگێزی هەیە.

# دۆکیۆمێنتی (٢٥ أ)

## ڕادیۆی مۆسکۆی ئاڕاستەی ئینگلاند

(هەڵبژاردەیەک لە مێزگردێک سەبارەت بە وتەکانی ماو تسی تۆنگ بۆ وەفدی سۆسیالیستی یابانی، کە لە ڕادیۆی مۆسکۆی ئاڕاستەی شانشینی یەکگرتوو بەڕێوەچوو، ٢٢ی سێپتەمبەری ١٩٦٤).

هاوینی ڕابردوو، ماوتسی تۆنگ لە گفتوگۆکانیدا لەگەڵ وەفدی سۆسیالیستی یابانی، بە ڕاشکاوی داوا ناوچەییەکانی چینی بەرامبەر بە یەکێتی سۆڤیەت، ئاشکراکرد. هەروەها باسی لەو

شتەش کرد، کە ناوی ناوە (تیۆری دابەشکردنەوەی دانیشتوانی وڵاتان، کەمی شوێنی نیشتەجێبوون). سەرۆک وەزیران، خروشۆڤ، ڕەخنەی لەم تیۆرە گرت و بە ترسناک لە قەڵەمیدا.

*****

لەمەودوا، بە هۆی چەک و موشەکی ئەتۆمییەوە، هەرگیز ئەو ئامانجانە بەدەستنایەن، کە جاران جەنگی لە سەر دەکرا. جاران، مەبەست لە جەنگ، تێکشکاندنی سوپای دوژمن، داگیرکردنی زەوییەکانی وڵاتێک یان چەند وڵاتێک، بۆ خستنە ژێر ڕکێفی وڵاتی سەرکەوتوو. ئێستا، بە هۆی چەکی ناوکییەوە، هیچ کام لەم ئامانجانە بەدەستنایەن. بۆمبی ناوکی هەموو شتێک وێران دەکات، شار، کارگەو کارخانە، خەڵکو میللەت، هەموو شتێک. سەرۆک وەزیران، خروشۆڤ، دەڵێت، کاتی ئەوە نەما داگیرکەر بتوانێت بێسڵەمینەوە خەڵکی تالان بکات، دەستکەوت لە جەنگ بە دەست بێنێت. جەنگی هاوچەرخ، نە سەرکەوتن نە دەوڵەمەندی بۆ دەوڵەتی دەستپێشخەر ناهێنێت، بەڵکوو ئەوەی دەستدرێژی بکات، توشی ماڵوێرانیو زیانێکی لە ڕادەبەدەر دەبێت. هەڵگیرساندنی جەنگێکی ناوکییش شێتییە.

ئاشکرایە، تیۆری فراوانکردنی جێگەی نیشتەجێبوون، لە سەردەمی هیتلەردا بوە هۆی وێرانکردنی ئەڵمانیاو یابان، چەرمەسەرییەکی زۆر گەورەشی بە سەر هەموو مرۆڤایەتیدا هێنا، بەڵام ئەوەی ئەمڕۆ جەنگێک هەڵ بگیرسێنێت، توشی شکستێکی جەرگبڕ، وێرانکارییەکی سەرتاسەری دەبێت.

*****

ئامانجی کۆمۆنیستی، بەرزترین ئاستی ژیان، پاشەڕۆژێکی ڕۆشنە. هەر لەبەر ئەوەشە، کە یەکێتی سۆڤیەت جەنگ ڕەت

دەکـــاتەوە، وەک ڕێگەچـــارەیەک بـــۆ کێشـــە نێودەوڵەتییەکـــان، بەوانەشـــەوە کە لە ســـەر پرســـی نـــاوچەیی‌و ســـنوورین. هەر کێشـــەیەک ڕوو بـــدات، پێویســـتە بە ڕێگەچـــارەی ئاشـــتیانە چارەسەربکرێت، نەک جەنگ.

## دۆکیۆمێنتی (٢٦)

## وتەکەی خروشۆڤ لە بەردەم وەفدی پەرلەمانی یابانیدا

(بژاردەیەک لە هەواڵێکی (تاس)ی نێودەوڵەتی، مۆسکۆ، ١٩ی سێپتەمبەری ١٩٦٤).

بەداخەوە، هەندێک کاربەدەستانی باڵای دەوڵەتـان، کە چاویـان بە نوێنەرانی وڵاتانی دیکە دەکەوێت، لەبری ئەوەی تۆوی ئاشتی‌و ئارامی بچێنن، تۆوی دووبەرەکی‌و دوژمنایەتی دەوەشێنن. یەکێک لەو تـۆو وەشـێنانە، بەم دواییـانە کە چـاوی بە سۆسیالیسـتەکانی

یابـان کەوتبـوو، لە قسـەکانیدا ئەو جۆرە تۆوەی وەشـاندبوو. هەر لەوبارەیەوە، من پێم خۆشـە ئەو کۆبوونەوەیە لەگەڵ ئێوەدا، وەک ئەندام پەرلەمـان و نوێنەری خەڵکی یابـان، بە هەل وەربگرم، ڕای خۆمتان سەبارەت بە وتەکانی ماو تسی تۆنگ بۆ ئاشکرا بکەم.

بە ڕاستی مرۆڤ کە ئەم جۆرە لێدوانانە دەخوێنێتەوە، هەست بە ئـــازار دەکـــات. نەک تەنهـــا لەبەر ئەوەی، کە دژی یەکێتیـــی سۆڤیەتن، دژی گەلەکەمانو وڵاتەکەمانن، بەڵکوو لەبەر ئەوەش کە مـــاو تســـی تۆنـــگ خـــۆی بە کۆمۆنیســـت دەزانێـــت، بەڵام ئەو فەلســـەفەیەی، کە ئەو لە وتەکانیـــدا گرتـــوویەتییەبەر، تەواو دژی خەڵکـــی کـــارکەرە. ئەمە ناکرێـــت فەلســـەفەی پێشـــکەوتووترین و شۆڕشگێڕترین ڕێبازی کۆمۆنیزمی بێت. مـن ئەمەتـان بۆ ئەوە پێ ناڵێم تا ڕای خۆم بە سەر ئێوەدا بسەپێنم، چونکە ئێوە دەزانـن کە حیزبەکەی ئێمە بە توندی پابەندی بنەماکانی مارکسی – لینینییە، خۆی تەواو تەرخانکردوە بۆ ئەو ڕێبازە.

لە ڕابـــردوودا، یابـــان و ڕووســـیا، چەنـــدین جـــار هەڕەشـــەی جەنگییـــان لە یەکتـــر کـــردوە. یابـــان تـــوانی بە ســـەر ڕووســـیای قەیسـەریدا سـەر بکەوێت. ئەمە جەنگێک بـوو لە نێوان دوو هێـزی ئیمپریالیستیدا. لە کاتی جەنگی جیهانیی دوەمدا، یەکێتی سۆڤیەتو هێزە هاوپەیمانەکان، سـەرکەوتن بە سـەر ئەو تاقمە شـەڕەنگێزەدا، کە ئەو کات حوکمی یابانیان دەکرد.

ئەمانە هەموو لە ڕابردودا ڕوویانداوە، بەڵام ئەی لە داهـاتوودا پێویستە چی بکەین؟ ئێمە دراوسێینو سنوورمان بە یەکەوەیە. ئایا دەبێت پێوەندی نێوان وڵاتەکانمان و میللەتەکانمان چۆن بێت؟ ئایا هەر لە ســەر (ڕێبــازە) کــۆنەکە بــڕۆین، کە تێیــدا وڵات، هەر کە لە جەنگێک ڕزگاری دەبوو، خۆی ئامادە دەکرد بۆ جەنگێکی تـر؟ لە

ڕاستیدا ماو تسی تۆنگ دەیەوێت پاڵ بە یابانەوە بنێت بەرەو ئەو ڕێگە چەوتە، کە (ڕێگە)یەکە هیچ خۆشی و چاکەیەکی تێدا نییە بۆ گەلی یابان.

هەر کە سۆسیالیستەکانی یابان پرسی دوورگەکانی کوراڵییان هێنایەگۆڕێ، ماو تسی تۆنگ خێرا هەلەکەی قۆستەوە، کەوتە باسکردنی ئەوەی کە یابان ئەمەندە ناوچەی هەیە، ئەوەندە دانیشتوانی هەیە، لە کاتێکدا یەکێتی سۆڤیەت، خاکو ئاوێکی زۆری هەیە، بە بەراورد لەگەڵ میللەتەکەیدا، کە زۆر لە هی یابان و دەوڵەتانی دیکە زیاترە. هەموو دنیا ئەم وتانەی ئەمیان بە شەڕەنگێز لە قەڵەمدا. تەنانەت حکوومەتی یابانیش بەوە ناسراوە، کە ئەم لۆژیکەی ماوتسی تۆنگییان پێ قەبووڵ نییە. ئەم جۆرە لێدوانانە نابنە هۆی دروستبوونی پێوەندییەکی دروست و باش لە نێوان خەڵکدا، هیچ خێر و چاکەیەکیشی تێدا نییە بۆ گەلان.

(تیۆری) ژمارەی زیادی دانیشتوانی وڵاتان، کەمی شوێنی نیشتەجێبوون، (ئەگەر بە (تیۆر) لە قەڵەم بدرێت)، وەک لە داهاتوو دا بۆمان ڕووندەبێتەوە، لە لایەن زۆرێک لە داگیرکارانەوە باسی کراوە، گرتویانەتە خۆ، بە باشترین شێوەش لە وتارە حەماسییەکانی هیتلەردا ڕەنگیداوەتەوە. هەر لە ژێر پاساوی ئەو (تیۆری)یەشدا بوو، کە جەنگی جیهانیی دوەمی بەرپاکرد. لەوکاتەدا کە خەڵکی ئەڵمانیای هاندەدا بۆ جەنگ، هیتلەر بەردەوام ئەوەی دووبارە دەکردەوە، کە خەڵکی ئەڵمانیا ڕێژەیان زۆرە، بە بەراورد بەو خاکەی کە لە سەری دەژین، بۆیە پێویستە جێنیشتەجێی زیاتر (Lebensraum) داگیربکەن و بەدەست بێنن، کە مەبەست لێی خۆرهەڵات بوو. ئەو بەردەوام جەختی لە سەر ئەوە دەکردەوە، کە پێویستە تا چیاکانی ئۆراڵ بکەوێتە ژێر دەستی سەرانی

فاشیستەوە، چونکە ئەمە پێویستە بۆ خەڵکی ئەڵمانیا، وەک شوێنی نیشتەجێبوون (Lebensraum). بە لە بەرچاو گرتنی ئەو چەکە کۆکوژانەی کە ئێستا لە ئارادان، ئێستا، گەڕان بە دوای سەروەت و دەوڵەمەندبوون، لە ڕێگەی فراوانکردنی شوێنی نیشتەجێ بوونەوە، شتێکی مەترسیدارە، بەڵکوو، بەڕای من، تاوانیشە.

لە نامەکەی (٣١ی دیسەمبەری ١٩٦٣)ی حکوومەتی سۆڤیەتیدا، ئێمە پێشنیاری ئەوەمان کرد، کە نابێت وڵاتان سنووری یەکتری ببەزێنن، هەروەها ناشبێت ڕێگەی هێز بگرنەبەر بۆ یەکلاییکردنەوەی کێشە ناوچەییەکانیان. نابێت بە هیچ شێوەیەک جەنگ بکرێتە وەسیلەیەک بۆ گۆڕینی سنوورەکان. هەر بەم شێوەیەش دەکرێت پارێزگاری لە ئاشتی بکەین. تەنها ڕێگەی پەسەندیش بۆ ئەنجامدانی هەر گۆڕانکارییەک لە سنوورەکاندا، دانوستانە. هەر ڕێگەیەکی دیکە بگیرێتەبەر، دەبێتە هۆی جەنگ. ئەمە ڕاستییەکە و دروستکراوی خۆم نییە. ئەمە مێژوو سەلماندوویەتی. بە گشتی من ناڵێم بووم بەو پێغەمبەرەی، کە لە ڕاستی زیاتر هیچی دیکە ناڵێم، هەر وەک چۆن هەندێک خۆیان وەها پیشان دەدەن.

ماو تسی تۆنگ دەڵێت یەکێتیی سۆڤیەت وڵاتێکی گەورەیە. ئەوان لە پەکین، بەردەوام پێیان خۆشە جەخت لەوە بکەنەوە، کە حکوومەتی قەیسەریی ڕووسیا، ناوچەیەکی زۆری داگیر کردوە، کردوونی بە هی خۆی. ئێمە نامانەوێت بەرگری لە قەیسەرەکانی ڕووسیا بکەین. ئەوانیش، وەک هەموو قەیسەرەکانی دیکە، هەر خەریکی تالانی، شەڕ، داگیرکاری، دەستبەسەرداگرتنی موڵکو ماڵی خەڵکی، فراوانکردنی دەستکەوتەکانی خۆیان بوون، بەڵام خۆ دەبێت باسێکی هەموو ملهوڕ و دەستدرێژیکارەکانی دیکەش

بکەین، جا قەیسەرەکانی ڕووس بووبن، یاخود قەڕاڵەکانی چین.

قەیسەرەکانی ڕووس جەنگی فراوانخوازییان بەرپا دەکرد، بەڵام ئەی ئیمپراتۆرەکانی چین چییان دەکرد؟ ئەوانیش، بە هەمان شێوەی قەیسەرەکانی ڕووس، جەنگی فراوانخوازی و تاڵانییان بەرپا دەکرد. ئیمپراتۆرەکانی چین ویستیان کۆریا داگیربکەن، مەنگۆلیا، تبت و سینکیانگیان داگیر کرد.

با بۆ نموونە باسی سینکیانگ بکەین. ئایا چینییەکان هەر لە سەرەتای بوونەوە لەوێ بوون؟ خەڵکی بنەڕەتی سینکیانگ زۆر جیاوازییان هەیە لەگەڵ خەڵکی چیندا، لە ڕووی نەژاد، زمان و چەندین لایەنی دیکەشەوە. ئەمانە ویغور، کازاخ، قیرغیز و نەتەوەی دیکەن. ئەوەبوو لە ڕابردوودا ئیمپراتۆرەکانی چین داگیریان کرد و سەربەخۆییان لێ زەوت کردن.

بەم شێوەیە، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژوو باس لەوە بکەین چۆن دەوڵەتان دروستبوون، دەبینین هەموو دەوڵەتان، گەورەو بچووک، قەیسەرەکانیان خەریکی ڕاوڕووت بوون، تەنها جیاوازی نێوانیان ئەوە بوە کە گەورەکان زیاتریان دەستکەوتوە و بچووکەکان کەمتر.

ئێمە چیمان دەوێت؟ ئێمە جەنگمان ناوێت، ئێمە لە پشتیوانانی ئاشتین، بەڵام ئەگەر هێرشمان بکرێتە سەر، بە هەموو توانامانەوە بەرگری لە سنوورەکانمان دەکەین. سنوورەکانی یەکێتی سۆڤیەت پیرۆزن، هەر کەسێک زاتی ئەوە بکات بیانبەزێنێت، ڕووبەڕووی شورای پۆڵایینی گەلی یەکێتی سۆڤیەت دەبێتەوە.

ناوچەکانی یەکێتی سۆڤیەت لە ئەنجامی پرۆسەیەکی مێژوویی دوورودرێژدا دروستبوون. شۆڕشی ئۆکتۆبەر مافی ئەوەی دا بە هەموو گەلی ڕووسیا، کە چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن، بە

جیابوونەوەشـــەوە. ئەوانـیش ئەو مافەیـان بەکارهێنـا. هەنـدێک لە ڕووسـیا جیـابوونەوە، هەنـدێکیش خۆبەخشـانە پێکەوەژیانیـان هەڵبژارد، تـا پێکەوە یەکێتی کۆمارەکانی سۆڤیەتی سۆسیالیستی پێک بهێنین. خەڵکی یەکێتی سۆڤیەت زەوی هیچ کەسێکی ناوێت، ڕێگە بە هیچ کەسێکیش نادات سەروەریی خاکەکەی پێشێل بکات.

وڵاتـی چینـیش فـرەنەتەوەیە، ئەویـش بە هەمـان شـێوە لە ئەنجـامی پرۆسـەیەکی مێژوویـی دوورودرێـژدا دروسـتبوە. ئیمپراتۆرەکـانی چینـیش لە دزیو ڕاوڕووتـدا هیچیـان لە قەیسەرەکانی ڕووس کەمتر نەبوە. ئەوانیش لە ڕێگای تاڵانییەوە سەروەتێکی زۆریان بەدەستهێنا.

کۆمـاری مەنگۆلیـای میللـی سـەربەخۆ، لە ڕێـگەی خەبـاتێکی نەتەوەیی ڕزگاریخوازییەوە سەری هەڵداو گەشەی کرد. لە کاتێکدا بەشـێکی دیـکەی ئەم نـاوچەیە، کە هەر خەڵکـی مەنگۆلیشـی تێدا دەژی، ئێستا بەشێکە لە وڵاتی چین.

زۆربەی خەڵکی کازاخ لە نـاو (USSR)دا دەژین. زۆربەی ئەو ناوچانەش کە گەلی کازاخی لە سەر دەژین، کۆماری سۆسیالیستی کازاخی سۆڤیەتی پێک دەهێنن. کە دەوڵەتێکی سـەربەخۆی خاوەن سەروەری کازاخییە، بە پێی دەستووریش، گەلی کازاخ بۆی هەیە، مافی خۆیەتی، هەر کاتێک بیەوێت لە یەکێتی سۆڤیەت جیا ببێتەوە. لەگەڵ ئەوەشـدا، هەنـدێک لە کازاخەکـان و ئەو زەویـیەش کە لە سەری دەژین، ئێستا بەشێکە لە وڵاتی چین.

بە هەمان شێوە، کۆماری سۆسیالیستی قیرغیزی سۆڤیەتیش، بەشـێکە لە یەکێتـی سـۆڤیەت، لە هەمانکاتیشـدا دەوڵەتێکـی سـەربەخۆی خاوەن سـەروەری گەلی قیرغیزە. بە پێی دەستوری (USSR)یـش، هەر کاتێـک گەلـی قیرغیـزی بیەوێـت، دەتوانێت لە

یەکێتــی ســۆڤیەت جیــا ببێــتەوە. لەگەڵ ئەوەشــدا، هەنــدێک لە قیرغیزەکانو ئەو ناوچەیەش کە لە سەری دەژین، ئێستا بەشێکن لە چین.

کێشــەی نــاوچەییو نەتەوەیــی لە یەکێتــی ســۆڤیەتدا، بە پێـی ویست و خواستی نەتەوەکان چارەسەر کراوە. ئێمە هەر باس لە خۆمان دەکەین و هیچ دەستوەرنادەینە کاروباری وڵاتانی دیکەوە. بە دەستەواژەیەکی دیکە، ئەو کێشانەی دەکەونە نێوان وڵاتانەوە، سەبارەت بە سنوورەکان، تەنها لە ڕێگەی لێکگەیشتنو ڕێککەوتنی ئەو دوو وڵاتەوە چارەسەر دەکرێت.

هەر بۆیە دەڵێینەوە: با یەکتری زوویر نەکەین. با خەڵکی بۆ خـۆی چارەنووسـی خـۆی دیـاری بکـات. پێویسـتە بەم گیـانەوە کێشەکانمان چارەسەر بکەین. پێویستە ڕێز لەو سنوورانە بگرین کە هەن. ئــێمە لەگەڵ مــافی بڕیــاردانی خەڵکــیو گەلانــین، بــۆ دیاریکردنی مافی چارەنووسی خۆیان.

# دۆکیۆمێنتی (٢٧)

## پێشـــنیاری سـۆڤیەت بــۆ (UN) ســـەبارەت بە چارەسەری ئاشتیانەی کێشە سنوورییەکان

(هەڵبژاردەیەک لە هەواڵێکی تاسی نێودەوڵەتی، مۆسکۆ، ٢٣ی سێپتەمبەری ١٩٦٤).

لە (٢٢)ی ســـێپتەمبەردا، نـــوێنەری هەمیشـــەیی (USSR) لە نەتەوە یەکگرتوەکان، لە نیویۆرک، پ. د. مۆرۆزۆڤ (P.D. Morozov)، نامەیەکی وەزیری دەرەوەی (USSR)، أ. أ. گرۆمیکۆ (A.A. Gromyko)ی گەیاندە دەست یو تانت (U Thant)ی سکرتێری گشتیی (UN)،

که ئەمە ناوەڕۆکەکەیەتی:

"بەڕێز سکرتێری گشتی...

لە نـوێنەرایەتی حکـوومەتی (USSR)ەوە، مـن داوا دەکەم، کە بـــابەتی "دەســـتبەرداربوونی وڵاتـــان بـــۆ بەکارهێنـــانی هێـــز لە یەکلاییکردنەوەی کێشە سنووری و ناوچەییەکانی نێوانیاندا"، وەک بـــابەتێکی جیـــاوازی گرینـــگ، بخـــرێتە ئەجێنـــدای دانیشـــتنەکانی نۆزدەیەمین کۆبوونەوەی گشتی (UN)ەوە.

مێـژووی مرۆڤـایەتی پڕێتـی لە نمـوونەی نـاخۆش و دزێـو، لە سـەر چۆنێتی تەشەنەسـەندنی داواکردنـی یەکلایەنە و دوولایەنەی وڵاتـان بۆ ناوچەکانی یەکتـری، بۆ پێکدادانی سـەربازی و جەنگی وێرانکەر، کە زەرەر و زیانێکی زۆر گەورەی داوە لە خەڵکی، بەڵام لەبەر ئەوەی چەک چارەسـەر نییە بۆ کێشـە ناوچەییەکـان، هێنـدە نابـات کێشـەکە سـەرلەنوێ و بە هێزێکـی نـوێترەوە سـەر هەڵ دەداتەوە. بەدەر لەو کێشە ناوچەییە زۆرانەی کە لە کۆنەوە بۆ ئەم نەوەیەی ئـێمە مـاوەتەوە، لە ڕۆژگـاری ئەمڕۆمانـدا، کێشـەو داواکاریی زیاتریش سەری هەڵداوە.

*****

ڕۆژگـــــار ســـــەلماندوویەتی، زۆربەی ئەو داواو کێشـــــە ناوچەییـانەی لە سـەر سـنوورێکی چەسـپاوی وڵاتێکـی سـەربەخۆ دێـنە ئـاراوە، هێنـدە مەترسـیدارن، ڕەنـگە جەنگێکـی گەورەی لـێ بکەوێـتەوە. لەبەر ئەوەی سیسـتمی سـەربازیی ئەمـڕۆش تەواو پەلوپـۆی هاویشـتوە، هاوپەیمـانێتییەکی زۆری پەیـدا کـردوە، بچـووکترین پێکـدادان لە نێـوان ئەو دوو لایەنەدا کە خـاوەنی کێشـەکەن، دەبێـتە هـۆی ئەوەی چەنـدین دەوڵەتـی دیکەشـی تێوەبگلێت، بە دەوڵەتە زلهێزەکانیشـەوە. لەوەش زیاتر، ئەو هێزانە

تـا چەنـد بە چەکـی هـاوچەرخ و مـۆدێرن پـڕچەک کـرابن، ئەوکـات دەردەکەوێـت قـوولـی ئەو مەترسـییانە چەنـدە، کە لە کێشـەیەکی ناوچەیی وەهاوە پەیدا دەبن.

هەر لەگەڵ پزیسـکی ئەم کێشـەیە، لە سـەر دەمەقـاڵێ و ناڕەزاییەکی ناوچەیی، هەڵگیرسا، ئیتر مەترسی ئەوەی لێ دەکرێت تەشەنەبکات بۆ چەندین ناوچەی بەرفراوانی جیهان، کە ڕەنگە زۆر دووریـش بـن لەو جێگەیەوەی کە کێشـەکەی لـێ هەڵـگیرساوە. لە کۆتاییشـدا لەوانەیە ببێـتە مـایەی جەنگێکـی موشـەکی ئەتـۆمیی جیهـانی. تەنهـا یەک ڕێـگە هەیە بـۆ بەرگـرتن لەوجـۆرە تەشەنەسـەندنە نەگریسـە: پێویسـتە وڵاتـان دەسـتبەرداری بەکارهێنـانی هێـز بـن لە یەکلاییکـردنەوەی کێشـە سـنووریو ناوچەییەکانیانـدا ددان بەو بنەمـایەدا بنـێن، کە دەبێـت ئەم جـۆرە کێشانە تەنها لە ڕێگەی ئاشتییانەوە چارەسەر بکرێن.

*****

ئەو هۆکـارانەی وای لە حکـوومەتی سـۆڤیەتی کـردوە، دەستپێشخەری بکات لە خستنەڕووی پێشنیارێک، بۆ ئیمزاکردنی ڕێککەوتننـامەیەکی نێـودەوڵەتی، سـەبارەت بە دەسـتبەرداربوونی وڵاتان، بۆ بەکارهێنانی هێز، لە چارەسـەرکردنی کێشە سنووریو ناوچەییەکانیاندا، لە نامەکەی سەرۆک وەزیرانی (USSR)، نیکیتا خروشۆڤدا، کە لە (٣١ی دیسەمبەری ١٩٦٣)دا ئاڕاستەی سەرۆکی حکوومەتەکانی دنیای کردوە، بە دوورودرێژی ڕوون کراوەتەوە.

جێگەی خۆشحاڵییە کە حکوومەتەکانی زۆربەی وڵاتـانی دونیا، بە شـێوەیەکی ئەرێنـی پێشـوازییان لەو دەستپێشـخەرییەی حکوومەتی سۆڤیەتی کرد بەوەی، کە بەکارهێنانی هێز ڕەتبکەنەوە، لە یەکلاییکـردنەوەی کێشـە سنووری و ناوچەییەکانیانـدا. ئەمە ئەو

هیوایه دەژێنێتەوە، کە بتوانرێت ئەرکی وەلانانی بەکارهێنانی هێز بۆ یەکلاییکردنەوەی کێشە نێودەوڵەتێکانی نێوان وڵاتان، لە جیهاندا، بە سەرکەوتوویی ئەنجام بدرێت.

لە هەمانکاتیشدا، نەمانی هەڕەشەی جەنگ، بە هۆی کێشەی ناوچەیی و سنوورییەوە، دەرفەتێکی زیاتر دەڕەخسێنێت بۆ وڵاتان، تا لا بکەنەوە بە لای چارەسەرکردنی کێشە ناوخۆییەکانیان، پێشخستنی ئابوریی نیشتمان، بەرزکردنەوەی ئاستی ژیانی هاوڵاتییان، خەباتکردن لە دژی کۆنەپەرستی، برسێتی و نەخۆشی.

*****

نەتەوە یەکگرتوەکان ناتوانێت خۆی دوورەپەرێز بگرێت لەو ئەرکە گرینگەی، کە هەر بە دانپێدانانی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان پێدەنێتە قۆناغێکی نوێوە.

حکوومەتی (USSR) وەها چاوەڕوان دەکات، کە دانیشتنی نۆزدەیەمینی کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان، گرینگییەکی تایبەتی بدات بە پرسی "ڕەتکردنەوەی دەوڵەتان بۆ بەکارهێنانی هێز لە یەکلاییکردنەوەی کێشە سنووری و ناوچەییەکاندا".

من لێرەوە داوا لە بەڕێز سکرتێری گشتی دەکەم، ئەم نامەیە وەک نووسراوێکی فەرمی تەماشابکات، بە پێی ماددەی بیستی یاساکانی هەڵسوکەوتی کۆمەڵەی گشتی، مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، وەک دۆکیومێنتێکی فەرمیی (UN) بەسەر ئەندامەکاندا دابەش بکرێت.

**ئیمزا**

**ئـ گرۆمیکۆ**

**وەزیری دەرەوەی USSR**

٢١ی سێپتەمبەر، ١٩٦٤

# دۆکیۆمێنتی (٢٨)

## وتەیەکی بە هێز لە (سینکیانگ)ەوە

(کـــورتەیەک لە وتەیەکـــی ســـەیفەدین، ســـەرۆکی هەرێمـــی ئۆتۆنـۆمی سـینکیانگ ویغـور، بە بـۆنەی ڕاڵـی ڕۆژی نەتەوەیـی لە ئـورومچی (Urumchi)، کە لە ڕۆژی ١ی ئۆکتـۆبەری ١٩٦٤دا، لە ڕادیۆی ئورومچییەوە بڵاو کرایەوە).

بەم دواییـــانە، خروشـــۆف بـــۆ خـــۆی هـــاتە ســـەر شـــانۆی ڕووداوەکـــان، هیســـتریانە کـــردییە هەڵا، کەوتە ڕژانـــدنی ژەهـــری بووختـان هەڵبەسـتن بە دەم مـاو تسـی تۆنگی گەورە، سـەرکردەی حیزبـی کۆمۆنیسـتی چینـی، سـەرکردەی خۆشەویسـتی هەمـوو

نەتەوەکانی ناو چین. خروشۆڤ، کە هەڵگری گیانی ڕووسیای قەیسەری، کۆکەرەوەی بەرماوەی ئیمپریالیستەکانە دەمدرێژیی ئەوەی کردوە، کە گوایە (ئیلی)، کە (ناوچەیەکی سینکیانگە)، کاتی خۆی زەوی سۆڤیەت بوە، گوایە سینکیانگ خاکی چین نییە.

بەڵام سینکیانگ هەر دەم بەشێک و پارچەیەکی دانەبڕاو بوە لە نیشتمانە پیرۆزەکەی باب و باپیرانمان، یەکپارچەیی خاکەکەشی وەک گیانی خۆمان دەپارێزین. ئەگەر گومڕاکانی خروشۆڤیش زاتی ئەوەیان کرد دەستی چەپەڵیان بۆی درێژ بکەن، ویستیان ناوچەکەمان داگیربکەن، بە دڵنیاییەوە زۆر بە توندی، لە لایەن نەتەوە جۆراوجۆرەکانی سینکیانگەوە، کە (٦٥٠) ملیۆن کەس دانیشتوانی هەیە، بەرپەرچی دەدرێتەوە. دەستە چەپەڵەکانیشیان، بێ هیچ بەزەییەک، بە شێوەی ئەوەی کۆنەپەرستەکانی هند، کە هێرشیان کردە سەر چین، دەبڕینەوە.

نەتەوە جۆراوجۆرەکانی ناو سینکیانگ، گەلی چین بە گشتی، کە هەموو شانازی بەوەوە دەکەین، کە زۆر چاو کراوە و وریان، میللەتێکی یەکگرتوو، پتەون، هیچ شتێک نایانترسێنێت.

# دۆکیۆمێنتی (٢٩)

## کەسێکی ئەکادیمیایی سۆڤیەتی، بەرگری لە (ڕێککەوتننامە نابەرابەرەکان) دەکات

(کورتەیەک لە نووسینێکی ئەکادیمیی ڤ. م. خڤۆستۆڤ V. M. Khvostov بە ناونیشانی "بۆچوونی چینییەکانو ڕاستیی مێژوویی" لە گۆڤاری (مێژدونارۆدنایا ژیزن – Mezhdunarodnaya Zhizn)، ژمارە (١٠ی مانگی ئۆکتۆبەری ١٩٦٤)، کە سەرچاوەکەی کتێبێکی (جۆن گیتینگز – Gittings, John)ە بە ناوی "ڕووپێوکردنی کێشەی سینۆ - سۆڤیەتی ساڵانی ١٩٦٣ - ١٩٦٧"، لە بڵاوکراوەکانی چاپخانەی زانکۆی ئۆکسفۆرد،

١٩٦٨، ل١٦٤ - ١٦٦).

... ئەو بنەمایەی کە پەکین بیانوەکانی لە سەر بنیادناوە، بریتییە لە جەختکردنەوە لە سەر لایەنی نابەرابەریتی ئەو ڕێککەوتننامانەی، کە لە سەدەکانی پێشوودا مۆر کراون، سنوورەکانی ئێستای سۆڤیەتی - چینییان لە سەر دیاری کراوە، (جگە لە یەک دانەیان)، کە مەبەست لێیان، ئەو ڕێکەتنناماەنیە، کەلە سەردەمە جیاجیاکاندا، لە نێوان حکوومەتی ئیمپراتۆریەتی تزاری ڕووسی، حکوومەتی ئیمپراتۆریەتی قەڕاڵەکانی چیندا مۆر کراون.

حکوومەتی (CPR)، خاوەنداریێتی یەکێتی سۆڤیەت بۆ ناوچەیەکی بەرفراوان، کە زیاد لە ملیۆن و نیوێک کیلۆمەتری چوارگۆشە دەبێت، دەخاتە ژێر پرسیارەوە. هەروەها داوا لە (USSR) دەکات، بە ئاشکرا دان بە نابەرابەریێتیی سروشتی ئەو ڕێککەوتننامە سنووریانەدا بنێت، کە ئێستا وان لە کاردا. ..

با یەکەم جار لە خۆرهەڵاتی دوورەوە دەست پێ بکەین، یەکەم ڕێککەوتننامە، کە سنووری ڕووسیا - چین دیاری دەکات لە ناوچەکانی خۆرهەڵاتی دووردا، ڕێککەوتننامەکەی نێرچینسک (Nerchinsk)ی ساڵی (١٦٨٩)یە. بۆ ئەوەی بە باشی لەمە بگەین، پێویستە لە مێژوودا زیاتر بگەڕێینەوە دواوە.

لە سەرەتای سەدەی حەڤدەیەمدا، ناوچەکانی پریئامور (Priamur)، ناوچەی ماریتایم، تەنانەت لە بەشی باکووری ئەو ناوچەیەش کە ئێستا پێیدەوترێت تونگ پێی (Tung Pei)، (بە واتایەکی تر، مەنشووریا)، هیچ کەسێکی چینی، تەنانەت مەنشوریشیان تێدا نەدەژیا، بگرە هیچ دەسەڵاتێکی چینیشی تێدا نەبوو. ئەم ناوچانە هەر لە بنەڕەتەوە هی چین نەبوون. ئەوەندە نەبێت، کە جاروبار چەتە چەکدارە مەشنورییەکان دەهاتن، کەمێک

سـەرانەیان لە خەڵکـی نـاوچەکە دەسـەند، بەدەر لەمە، نـاوچەکە هەروا پارێزگاری لە سەربەخۆیی خۆی کردبوو، لە مەنشـورییەکان و لە چینییەکانیش. بە کورتییەکەی، مەنشورییەکان جاروبار خەڵکی نـاوچەی بـاکووری تونـگ پێیـان تـاڵان دەکـرد. ئەو ناوچـانە ئەو خێڵانەیان تێدا دەژیا، کە لە ڕووی نەژادییەوە هیچ پێوەندییەکیان بە چینییەکانەوە نییە، لەوانە خێڵەکانی داورس (Daurs) و ئیڤەنکی (Evenkis)و ئۆلونچـون (Olunchuns) و هـی تـریش. خەڵکـی نـاوچەکە زۆر کەمبـوون. ئەو ناوچـانەش کە ئێسـتا خـۆرهەڵاتی دووری سۆڤیەتی پێک دەهێنن، زۆر بە کەمـی خەڵکیان تێدا دەژیا. ناوچەیەکی چۆڵەوانی بوون، هەر بەشـێوەی ناوچەکانی باکووری مەنشوریا.

لە سـەرەتادا، بە تـایبەتی لە ناوەڕاسـتی سـەدەی حەڤەیەمـدا، ڕووسـەکان دەسـتیان کـرد بەهـاتنە نـاوەوە. ئەمە بە زۆری جێنشینگەیەکی ئازادی کشتیار و قۆزاقەکان (Cossack)(*) بوو.

(*) قۆزاخەکان جیاواز لە کازاخەکان (کە خەڵکی کازاخستانن). (وەرگێڕ).

ئەم قۆزاقانەش، ئەوکـات، زۆربەیـان لەو جوتیـارانە بـوون، کە کـاتی خـۆی لە دەسـت زوڵـم و سـتەمی ڕەنجبەریـی بێگـار هەڵهاتبوون، ڕوویان کردبوە ناوچە ئازادەکان. ئەوە زۆر دواتـر، پـاش نیشـتەجێکردنی جووتیـارە قۆزاقەکـان بـوو، کە دەسـەڵاتی تزارەکان لە ناوچەی پریئامور سەریهەڵدا.

لە نیـوەی دوەمـی سـەدەی حەڤەیەمدا، ژمـارەیەک پێکدادان لە نێوان ڕووسەکان و چینییەکانی مەنشـوریا، لە کەنـاری خواروو، لە پریئامور، دواتریش لە کەنـاری بـاکووری ڕووبـارەکە، ڕوویانـدا. بە شـێوەیەکی گشـتی، باڵادەسـتی سـەربازیی بەلای مەنشـورێکاندا دەشکایەوە، بەڵام شەڕەکە توند و درێژخـایەن بـوو. یەک ڕووداوی

بچووک، بە شێوەیەکی سەیر ئەوەمان بە ئاشکرا بۆ دەسەلمێنێت، کە ناوچەکە پێشتر لە ژێر دەستی ڕووسەکاندا بوە، مەنشورییە چینییەکان هێرشیان کردوەتە سەری، یەکێک لەو شارە ڕووسیانەی، کە لەپریئامووردا دروستکرابوون، شاری ئەلبازین (Albazin)، هەمووی وێرانکراو خەڵکە ڕووسییەکەشیان بەزۆر ڕاگواست بۆ پەکین، لەوێش بەدرێژایی چەندین نەوە، ئەم قۆزاقە ڕووسانە، هەر پارێزگارییان لە تایبەتمەندییە نەتەوەییەکانی خۆیان کرد.

پاش چەند ساڵێک لە شەڕو پێکدادان، دەستکرا بە دانوستان‌و وتووێژ لە نێرچینسک (Nerchinsk)، لە نێوان نێردراوی تزارەکان، بۆیار گۆڵۆڤین (Boyar Golovin)و نوێنەری چینگ (Ching)دا. لە ژێر فشاری سوپای مەنشوریای چینی، کە چەندین جار ئەوەندەی ئەو هێزە کەمەی ئەو دەبوو، کە لە نێرچینسکدا گەمارۆ درابوون، گۆڵۆڤین ڕێککەوتننامەیەکی ئیمزا کرد. بە پێی ئەم ڕێککەوتننامەیە، ڕووسیا دەستبەرداری پریئامور دەبێت، کە جوتیارە ڕووسەکانی تێدا نیشتەجێبوون، بۆ چین. بەم شێوەیە، ڕێککەوتننامەی نێرچینسک دان بە داگیرکردنی پریئاموردا دەنێت، لە لایەن ئیمپراتۆریەتی چینەوە.

ئێستا مێژوونووسەکانی چین و دیبلۆماتەکانی (CPR)، ئەم ڕێککەوتننامەیەی نێرچینسک، کە بە هۆیەوە ناوچەیەکی گەورەو بەرفراوان تەسلیم بە ئیمپراتۆریەتی چینی کرا، کە پێشتر هیچ کات هی ئەو نەبوە، بەڵکوو دەستی بە سەردا گرتوە، بە تاکە ڕێککەوتننامەی یەکسان و بەرابەر لە قەڵەم دەدەن، کە لەگەڵ ڕووسیادا مۆر کرابێت. ڕاستییەکەی ئەوەیە، ئەم ڕێککەوتننامەیە لە لایەن نوێنەرێکی حکوومەتی ڕووسییەوە، لە ژێر هەڕەشەو

بالادەستی هێزە مەنشورییە چینییەکاندا ئیمزا کراوە، بە هیچ شێوەیەک بەرابەر و یەکسان نییە، بەڵکوو شتێکە بەزۆر سەپێنراوە، تێیدا ئیمپراتۆریەتی چینی ڕۆڵی داگیرکەر و زۆردار دەبینێت.

ئەو دوو ڕێککەوتننامەیەی دیکە، کە سنوورەکانی ئێستای چینیان لە سەر بنیادنراوە، ڕێککەوتنامەکەی ئایگون (Aigun)ی ساڵی (١٨٥٨)، ڕێککەوتننامەی پەکینی ساڵی (١٨٦٠)ە.

تەنها لە ڕێگەی گێڕانەوەی ڕووداوەکانی سەدەی حەڤەیەمەوە دەتوانین ناوەڕۆکی ئەو دوو ڕێککەوتننامەیە ڕوونبکەینەوە، کە لە نێوان حکوومەتی تزاری و حکوومەتی (چینگ)ی چیندا بەستراون. بە پێی ڕێککەوتننامەکەی ئایگون، وا پێدەچێت ڕووسیا کەناری لای چەپی پریئامور(ەکەی) (وەرگرتبێتەوە)، بەڵام کەناری لای ڕاست هەر بە چینێتی ماوەتەوە. بە واتایەکی دیکە، ڕووسیا تەنها یەک لای (یەک بەشی) ئەو ناوچەیەی بەدەستهێنایەوە، کە بە پێی ڕێککەوتننامەی نێرچینسک لە دەستی دابوو.

چ نابەرابەرییەک لەمەدا هەیە؟ تاکە یەک بەندی تایبەت بە ناوچەکان، لەم ڕێککەوتننامەیەی ئایگوندا، نابەرابەریی تێدا نییە. ڕاستە کە حکوومەتی چینی ئەم ڕێککەوتننامەیەی لە کاتێکدا ئیمزا کردوە، کە لە تەنگژەدا بوە، هێزەکانی سەرقاڵی کێشەکەیان بوون لەگەڵ بەریتانیا و فەرەنسادا.

بەڵام لەگەڵ ئەو بارودۆخەشدا، بەندەکانی ڕێککەوتننامەکەی ئایگون، هیچ نادادپەروەرییەکی تێدا نییە، سەبارەت بە سنوورەکان، تەنها ئەو ڕاستییە نەبێت کە ئەگەر ئەو کێشەیە نەبوایە، لەگەڵ بەریتانیاو فەرەنسادا، شانشینی چینگ بە هیچ شێوەیەک ئەو ناوچانەی نەدەگێڕایەوە بۆ ڕووسیا، کە پێشتر داگیریکردبوون.

هەر بەو بـۆنەیەوە، ئەو نـاوچەیەی کە چـین لە (١٨٥٨)دا، بە پێـی ڕێککەوتننامەی نێرچینسک، پاش (١٥٠) سـاڵ لەدەستبەسـەرداگرتنی، گێـڕایەوە، لە ڕووی ئـابورییەوە هـیچ پێشـکەوتنێکی بەخـۆیەوە نەبینیبوو، کە چین بۆی فەراهەم کردبێت، دانیشتوانەکەشی تەواو کەم ببوونەوە. لە سـاڵی (١٨٥٨)دا تەنهـا چەنـد هەزار چینییەک لە سـەر کەنـاری چەپـی ئـامور مـابوون، بە شـێوەیەکی گشـتیش دانیشـتوانی نـاوچەکە، بە بەراورد بە سـەدەی حەڤەیەم تەواو کەم ببوونەوە..

بە پێـی ڕێککەوتننـامەی پەکینـی (١٨٦٠)یـش، ڕووسـیا تـوانی ناوچەی ماریتایم بپارێزێت، کە ناوچەیەکە دەکەوێتە نێوان زمـانەی خـواروی ڕووبـاری ئـاموور، بە درێژایـی کەنـاری لای ڕاسـتی، ڕووبـاری ئوسوری، دەریـاچەی خانکـا (Khanka) و ئۆقیانووسی ئـارامەوە. لە ڕێککەوتننـامەکەی نێرچینسـکدا وەهـا ڕێکەوتبوون، کە نـاوچەی ماریتـایم هەروا، بێ سـنوور دیـاریکردن، بمێنێتەوە، تـا لە داهاتوودا لە سـەر سـنوورێک ڕێکدەکەون بۆی. لە ڕێککەوتننامەی ئایگونـدا، وەهـا لە سـەری ڕێککەوتـن کە بە شـێوەیەکی کـاتی، هەر دوولا دەسـەلاتێکی هاوبەشـی تێـدا پیـادەبکەن، تـا ئەو کـاتەی سـنوورەکەی دیـاری دەکرێت. بە پێـی ڕێککەوتننـامەکەی پەکینیش (......؟)، دیـاریکردنی سـنووری ئەو ناوچـانەی کە لە ڕێککەوتننامەکەی نێرچینسکەوە، بێ سنوور دیاریکردن مـاونەتەوە، بەڵام دانـراون بـۆ ئەوەی دواتـر سـنووریان بـۆ دیـاری بکرێـت، دابەشکران. بێ گومـان ئەمەش ناکرێت پێـی بووترێت داگیرکـردن یان دەستبەسەرداگرتن.

هەمـوو ڕێککەوتننـامە یەک لە دوای یەکەکـانی ڕووس – چـین، سـەبارەت بە سـنوورەکانی خـۆرهەڵاتی دوور، لە سـەر ئەم سـێ

ڕێککەوتننامەیە بنیادنراون، (نێرچینسک، ئایگون، پەکین)، مەرجیشە هەر هێڵێکی سنووری، کە دەکێشرێت پشتببەستێت بەو سێ ڕێککەوتننامەیە...!

... دروستکەرانی دووبەرەکییەکانی ناو چین، باس لە هەندێک مافی مێژوویی چین دەکەن، لە ناوچەی کۆمارەکانی (ئاسیای ناوەڕاست)ی سۆڤیەتیدا. ئەگەر پرسەکان لە ڕوانگەی مێژووییەوە تەماشا بکرێن، بە هەند وەربگیردرێن، ئەوا ئەو ناوچانەی (CPR)یش، کە ئەمڕۆ سنووریان بە ئاسیای ناوەڕاستی سۆڤیەتی و کازاخستانەوە هەیە، لە ڕێگەی داگیرکاری و زەوتکردنەوە خراونەتە سەر چین، کە لە لایەن ئیمپراتۆری چین، کردەوە داگیرکاری و تالانکارییەکانیانەوە بەدەستیانهێناون. بۆ نموونە، لە ناوەڕاستی سەدەی هەژدەیەمدا، جونگاریا (Djungaria) لە لایەن چینەوە داگیرکرا. ئەو شێوازەی کە خانەکانی (Khanate) جونگاریای پێ لە ناوبرا و ڕەچەڵەکیان نەهێشتن، زۆر توندوتیژو تۆقێنەر بوو. لە ئەنجامی ئەو قەتڵوعامەشدا، کە داگیرکەرە مەنشورییە چینییەکان لەوێ بەرپایان کرد، زیاد لە ملیۆنێک کەس، کە دەکاتە بەشی زۆری دانیشتوانەکەی جونگاریا، لە ناوچوون. تەنانەت لە هەموو مێژووی مرۆڤایەتیدا وەحشیگەری لەو جۆرە نموونەی زۆرکەمە. کەواتە ئایا هێشتا جێی سەرسوڕمانە، کە خەڵکی قیرغیزیا، بەشێک لە کازاخ، ژوزەکان (Zhuzes)، بە ویستی خۆیان هاتبنە پاڵ ڕووسیا؟

هەموو ناوچەی سینکیانگ، لە ئەنجامی دوژمنکاری و دەستدرێژی قەڕاڵەکانی چین، کەوتە ژێر دەسەڵاتی چینەوە. هەر بۆیە، تەنانەت لە نیوەی دوەمی سەدەی نۆزدەیەمیشدا، ئەم ناوچانەی خۆرئاوای ئیمپراتۆریەتی چین، جێگەی ڕاپەڕین و

یــاخیبوونێکی زۆری خەڵکــی نــاوچەکە بــوون، لە دژی حــوکمی چینییەکـان و ئەو سـەرکوتکردن و تاڵانکارییە بەرپایـان دەکـرد، کە لە ژێر سایەی ئەواندا دەیانچەشت.

یەکێک لەو ڕاپەڕینانە، کە لە قەشـگاریا (Kashgaria) ڕوویدا، بە سەرۆکایەتی یاقوب بەگ (Yakub Bek)، حکوومەتی چین، بە یـارمەتی تزارەکـانی ڕووس دایانمرکانـدەوە، بەم شـێوەیەش چـین دەسەڵاتی خۆی سەپاندەوە بەسەر قەشگاریادا، کە لێی جیاببوەوە.

لە کاتی ئەو هەڵمەتەدا، لە دژی یاقوب بەگ، هێزەکانی ڕووسیا دەســتیانگرت بە ســەر شــاری کوڵجــا (Kulja)و ناوچەکــانی دەوروپشــتی ئیلیــدا. بەم شــێوەیەش ڕێــگە شــاخاویەکانیان لە هێزەکانی یاقوب بەگ گرت و ڕێگەی باکووریان بۆ نەهێشتەوە.

پــاش سـەرکوتکردن و دامرکانـدنەوەی ڕاپەڕیـنەکەی یـاقوب بەگ، پـاش وتـوێژێکی دوورودرێـژ، ڕێککەوتننـامەی پیتەرسـبۆرگ (Petersburg)ی سـاڵی (١٨٨١)ی نێـوان حکـوومەتی تزارەکـان و چین ئیمزا کرا. کە بە هـۆیەوە سنووری ئەو نـاوچەیە دیاریکرا، کە دەکەوێــتە نێــوان یەکگرتنــی سـنوورەکانی (USSR)و (MPR)و (CPR)ەوە، تـا دەگـاتە پـامیرز (Pamirs). زۆر گـرینگە ئامـاژە بە یەکێک لە بەنـدەکانی ڕێککەوتننـامەکەی پیترسـبۆرگ بکرێت، کە بە هـۆیەوە حکـوومەتی تـزاری ئەو هێـزانەی دەکێشـێتەوە، کە لەکـاتی ڕاپەڕیــنەکەی یــاقوب بەگــدا چوبــوونە نــاوچەی ئیلیــیەوە. لە هەمانکاتدا، ڕووسیا ناوچەیەکی بچوکی لە خۆرئاوای ئیلی بۆ خۆی هێشتەوە، بۆ نیشتەجێکردنی خەڵکی ئەو ناوچـانەی (کە دەدرێنەوە بە چـین)، ئامـادەن ڕەگەزنـامەی ڕووسـی قەبـووڵبکەن. لە ڕاسـتیدا پرســەکە ویغورەکــان (Uighurs)بــوون، ئەو خەڵــکە بێچــارە و بەسـتەزمانانەی دیـکە، کە نەیاندەویسـت بگەڕێـنەوە ژێـر حـوکمی

پاشـایەتی چـین چـونکە دەترسـان، کە دەسـەڵاتی چینـی گەڕایەوە ناوچەکە، سەرکوتیان بکات.

# دۆکیۆمێنتی (٣٠)

## نارەزایینامەکەی سۆڤیەت، (٢)ی مارت

(دەزگای تاسی نێودەوڵەتی، بە ئینگلیزی، ٣ی مارتی ١٩٦٩)

حکـوومەتی سـۆڤیەت ئەم لێـدوانەی هەیە بـۆ حکـوومەتی کۆماری میللی چین:

ڕۆژی دووی مـارت، سـەعات چـوار و دە دەقـیقە بە کـاتی مۆسکۆ، کاربەدەستانی چین، گێرەشێوێنییەکی چەکدارییان لە سـەر سـنوورەکانی چینـی – سـۆڤیەتی، لە نـاوچەی سـنووریی نیـژنە – میخاییلۆڤکا (دوورگەی دامانسکی) (Nizhne – Mikhailovka)ی سـەر ڕووبـاری ئوسـوری، نـایەوە. ئەوەبوو فیرقەیەکی سـەربازیی

چین، سنووری دەوڵەتی سۆڤیەتی بەزاند، پێشڕەویی کرد بەرەو دوورگەی دامانسکی. لایەنی چینی بە ڕەشاشو چەکی ئۆتۆماتیکی کەوتنە تەقەکردن لەو پاساوانی سنوورە سۆڤیەتیانەی پارێزگارییان لە ناوچەکە دەکرد.

کۆمەڵێکی دیکەش لە کەنارەکەی ئەوبەری بەشە چینیەکەی ڕووباری ئوسورییەوە، بە تەقەکردن پاڵپشتییان لەم کارە سنووربەزێنییەی چین دەکرد. زیاد لە (٢٠٠) سەربازی چینی لەم هێرشە شەڕەنگێزییەدا بۆ سەر پاسەوانە سنوورییەکانی سۆڤیەت بەشداربوون. لە ئەنجامی ئەم چەتەگەرییەدا، ژمارەیەک لە پاسەوانانی سنووری سۆڤیەتی کوژرانو برینداربوون. ئەم هێرشە نابەجێو ناشیرینە بۆ سەر ناوچە سۆڤیەتییەکان، شەڕەنگێزییەکی داڕێژراو بوو، لە لایەن کاربەدەستانی چینەوە نەخشەی بۆ کێشراوە، مەبەست لێی ئاڵۆزکردنی بارودۆخی سنوورەکانی سۆڤیەتی - چینییە.

حکوومەتی سۆڤیەت زۆر بە توندی ناڕەزایی دەردەبڕێت، بەرامبەر حکوومەتی کۆماری میللی چین، سەبارەت بەو کارە شەڕەنگێزییە مەترسیدارانەی کە کاربەدەستانی چینی دەینوێنن لە سەر سنوورەکانی سۆڤیەتی - چینی.

حکوومەتی سۆڤیەت داوای لێکۆڵینەوەی دەستبەجێ، سزادانی توندی ئەو کەسانە دەکات، کە بەرپرسن لە ڕێکخستنی ئەو گێرەشێوێنییە. پێداگریش دەکات لە سەر ئەوەی کە ڕێوشوێنی خێرا بگیرێتەبەر، بۆ نەهێشتنو بەرگرتن لە بەزاندنی سنوورەکانی سۆڤیەتی - چینی.

حکوومەتی سۆڤیەت هەموو مافێک دەدات بە خۆی، کە هەرچی پێویستە بی کات، بۆ بنەبڕکردنی ئەو کارە شەڕەنگێزانەی سەر

سنووری سۆڤیەتی - چینی، حکوومەتی کۆماری میللی چین ئاگاداردەکاتەوە، تەواوی بەرپرسیارێتی دەرئەنجامی ئەم سیاسەتە سەرکەشیانەی، کە دارێژراوە بۆ تێکدانی بارودۆخی سنوورەکانی نێوان چین و یەکێتی سۆڤیەت، دەکەوێتە سەر شانی حکوومەتی کۆماری میللی چین.

سەبارەت بەگەلی چینیش، حکوومەتی سۆڤیەتی بە گیانی دۆستانەوە هەڵسوکەوت دەکات، لە داهاتووشدا هەر بەردەوام دەبێت لە سەر ئەم ڕێبازەی خۆی، بەڵام ئێمە ئەوکارە شەڕنگێز و هەڵەشانەی کاربەدەستانی چین، بە تەواوی ڕەت دەکەینەوە، زۆر بە توندی مەحکومی دەکەین.

**مۆسکۆ**

**(٢ی مارت، ١٩٦٩)**

# دۆکیۆمێنتی (٣١)

## ناڕەزایینامەی چینییەکان، (٢)ی مارت

((NCNA) بە ئینگلیزی، ٣ی مارت، ١٩٦٩)

سەرنجی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی کۆماری چینی میللی، بۆ باڵیۆزی سۆڤیەتی لە چین، ٢ی مارت، ١٩٦٩.

لە بەرەبەیانی (٢ی مارتی ١٩٦٩)دا، پاسەوانانی سنووری سۆڤیەتی، پێشڕەوییانکردوە بەرەو دوورگەی چین پاو (Chen Pao)، لە ناوچەی هێیلونگکیانگ (Heilungkiang)ی چین، تەقەیان لە پاسەوانە سنوورییەکانی چین کردوە، ژمارەیەکیان لێ کوشتوون‌و بریندار کردوون. بەمەش کێشەیەکی سنووریی مەترسیداری

چەکدارییان خولّقاند. لەم بارەیەشەوە وەزارەتی کاروباری دەرەوەی کۆماری چینی میللی، ڕاسپێردراوە کە توندترین نارەزایی ئاڕاستەی حکوومەتی سۆڤیەتی بکات.

لە کاتژمێر (٩:١٧) دەقیقەی ڕۆژی (٢)ی مارت، ژمارەیەکی زۆر لە سەربازی پڕچەک، بە هاوڕێیەتی چوار زرێپۆش، کە لە لایەن کاربەدەستانی سنووری سۆڤیەتییەوە نێردرابوون، بێسڵەمینەوە، خۆیان کرد بە ناوچەی دوورگەی چین پاودا، کە بێ چەندوچوون، ناوچەیەکی چینییە. بە ئاشکرا کەوتنە بێزارکردنی ئەو پاسەوانە سنوورییە چینیانەی خەریکی جێبەجێکردنی ئەرکەکانی ڕۆژانەی خۆیان بوون. دەستیان کرد بە تەقەکردن لێیان و ژمارەیەکی زۆر لە پاسەوانە سنوورییانەی چینیان کوشت و بریندار کرد.

پاسەوانە سنوورییە چینییەکان ناچاربوون، بۆ بەرگریکردن لە خۆیان، لەگەڵیاندا بەشەڕ بێن، پاش ئەوەی کە ئەوپەڕی ئارامی و دانبەخۆداگرتنی خۆیانیان لەگەڵدا تاقیکردنەوە، چەندین جار ئاگاداریان کردنەوە، بەڵام لەگەڵ ئەو پاسەوانە سنوورییانەی سۆڤیەتدا هیچ سوودێکی نەبوو.

ئەم ڕووداوە مەترسیدارەی خوێنڕشتن، بە گشتی و بە تەنها، پیلانی کاربەدەستانی سۆڤیەتی بوو. ئەمەش یەکێکی دیکەیە لەو تاوانە نوێیە پڕ مەترسییانەی کاربەدەستانی سۆڤیەت، کە زۆر لەمێژە بەدەستی ئەنقەست سنووری ناوچەکانی چین دەبەزێنن، گێرەشێوێنی چەکدارانە دەنێنەوە، خوێنێکی زۆر دەڕێژن.

حکوومەتی چین زۆر بە توندی داوادەکات، کە حکوومەتی سۆڤیەتی سزای ئەو تاوانبارانە بدات، کە بەم کارە هەستاون، دەمودەستیش ئەو دەستدرێژیانە ڕاگرێت، کە دەکرێنە سەر ناوچە

چینییەکـان، دەسـتدرێژییە چەکدارێکانیشـی بوەسـتێنێت. هەروەهـا چین ئەو مافەش بەخۆی دەدات، کە داوای قەرەبووی ئەو هەموو زەرەرە و زیانـانە بکـاتەوە، کە لێـی کەوتـوون. حکـوومەتی چینـی، جارێکی دیکەش، بە توندی حکوومەتی سۆڤیەتی ئاگاداردەکاتەوە، کە خاکی پیرۆزی چین، هیچ پێشێلکارییەک قەبووڵ ناکات. ئەگەر هەر سووریش بن لە سەر ئەم ڕێبازە چەوتە، هەر بەردەوام بن لە سەر نانەوەی پشێووی چەکداری لە سەر سنوورەکانی سینۆ - سۆڤیەتی، ئەوا دڵنیـابن، کە وەڵام و بەرپەرچدانەوەیەکی توونـد وەردەگرنەوە لە گەلی چین. ئەوکات بە تەنها حکوومەتی سۆڤیەتی بەرپرسیار دەبێت لەو دەرئەنجامە ترسناکانەی، کە لە مەودوا دێنە ئاراوە.

# دۆکیۆمێنتی (٣٢)

## بڕووخێ تزارە نوێیەکان

(سەر وتارێکی یەکگرتووی ڕۆژنامەکانی پەکین، (جێن - مین جـی - پـاو)و (چـێ - فانـگ چـون - پـاو) لە ٤ی مـارتی ١٩٦٩دا، هەروەها پەکین ڕیڤیوی ژمارە ١٠ی مانگی مارتی ١٩٦٩).

لە (٢)ی مارتدا، تاقمە سەرلێشێواوە ناپاکەکەی سۆڤیەت، هێزە چەکـدارەکانی نـارد، بـۆ ئەوەی بە ئاشـکرا بچـنە نـاو دوورگەی چینپـاوەوە، لە سـەر ڕووبـاری وسـولی (Wusuli)، لە نـاوچەی هێیلۆنگکیانگی چینی، کەوتنە تەقەکردنو تۆپبارانکردنی پاسەوانانی سنووری سوپای ڕزگـاری گەلـی چین، ژمـارەیەکی زۆریـان لـێ کوشـتن و بریـنـدارکردن. ئەمە بەڕاسـتی گێرەشـێوێنییەکی

چەکـــدارانەی مەترســـیدارە، کە گومڕاکـــانی ســـۆڤیەت لە ســـەر سنوورەکان بەرپایـان کـردوە، ئەمە ڕووداوێکی دژە - چینی زۆر بێـــزارکەرە، ئەوان ناویـــانەتەوە، نیشـــانەیەکی گەورەی دیـــکەی سروشـــتە تەماحکارێکـــانی سەرلێشـــێواوەکانی ســـۆڤیەتە، وەک سۆشیال - ئیمپریالیزمێک.

گەلی چین، سوپای ڕزگاری گەلی چینیش، ئەوپەڕی تـوڕەیی خۆیـان دەردەبـڕن بەرامـبەر ئەو تـاوانە قێـزەونەی، تـاقمە سـەر لێشـێواوە ناپـاکەکەی سـۆڤیەت ئەنجامیانـداوە، ئەوپەڕی نـاڕەزایی دەردەبڕن دەربارەی.

داڕێـژەر و نەخشەسـازی ئەو ڕووداوە سـنوورییە ئەنقەسـتە مەترســـیدارە شـــەڕنگێزە چەکـــدارانەیە، تـــاقمە سەرلێشـــێواوە ناپاکەکەی سۆڤیەت خۆیان بوون. چونکە دوورگەی چینپاوی سـەر ڕووباری وسولّی، زەوی و خاکی چینە. کەواتە خەتای کاربەدەستە سەرلێشـێواوەکانی سۆڤیەتە، کە ژمـارەیەکی زۆر هێـزی چەکدارو زرێپۆشیان ناردوە، تـا دزە بکەنە نـاو ناوچەکانی چینەوە، هێرش بـکەنە سـەر یەکە ئێشـکگرەکانمان. پاسـەوانە سـنوورییەکانی ئێمە چەنـد جارێـک ئەو هێـزە سـنوورییانەی سـەر لێشـێواوەکانی سـۆڤیەتیان ئاگـادار کردبـوەوە، بەڵام بـێ سـوود بـوو. ئیتـر کە گەیشـتبوە تینیـان، پاسـەوانە سـنوورییەکانمان ناچـاربوون، بـۆ بەرگریکـردن لە خۆیـان، وەڵامـی تەقەکردنەکانیـان بـدەنەوە، ئەو دەستدرێژیکارانە بە سزای ڕەوای خۆیان بگەیەنن، سـەرکەوتوانە پارێزگاری لە خاکی پیرۆزی چین بکەن. هێزی چەکدار، خەڵکی مەدەنی، لە سەرانسـەری چیندا، پشتگیریی تەواوی خۆیان بۆ ئەو کارە ڕەوا پاڵەوانئاسایەی هێزەکانی پاسەوانانی سنوور دەردەبڕن، لە بەرگریکردن لە یەکپاچەیی و سەروەریتی خاکی نیشتمان.

پــاش ئەوەی کە ئەو ڕووداوە ســنوورییە مەترسیدارەشــیان قەوماند، تاقمە سەرلێشێواوە ناپاکەکەی سۆڤیەت، زۆر بێشـەرمانە، وێڕای ئەوەی بەدرۆ تۆمەت دەخـاتە پـاڵ چـین، (ناڕەزاییـنامەیەک) دەنێرێت بۆ چین، تێیدا زۆر بێشەرمانە دوورگەی چینپاو بە خـاکی خـۆی دەزانێـت، بانگەشــەی ئەوە دەکـات کە گـوایە پاســەوانانی سنووری چینی "سنووری وڵاتی سۆڤیەتیان بەزاندوە"و "هێرشـێکی شەڕەنگێزانەیان" کردوەتە سـەر ئەو هێزە سنووریانەی سۆڤیەت، کە گـوایە (پارێزگـاری) لە ناوچەکـانی دوورگەی چینپـاو دەکەن. ئـا ئەمە تەواو بێمانـایە، چـونکە ڕاسـتییەکی پـۆڵایین و حاشـاهەڵنەگر ئەوەیە، کە دوورگەی چینپـــاو، خـــاکی چیـــنە. تەنـــانەت بە پێـــی ڕێککەوتننـــامەی پەکینـــی ســـینۆ - ڕووســـی، کە یەکـــێکە لەو ڕێککەوتننـــامە نـــابەرابەرانەی کە لە ســـاڵی (١٨٦٠)دا، هێـــزی ئیمپریالیزمی تزارەکانی ڕووسیا سەپاندیان بە سـەر خەڵکی چیندا، نـاوچەی دوورگەی چینپاو، خاکی چینە. بەردەوامیش هەر لە ژێر دەســەڵاتی چینـدا بـوە، هەر لە دەمێکیشــەوە لە ژێـر چـاودێری و پارێزگاری پاسەوانانی سنووری چیندا بوە. کەواتە چۆن لە پڕێکدا ئەم نـاوچەیەی دوورگەی چینپـاو، بـوو بە بەشـێک لە (سـنووری دەوڵەتی سۆڤیەت)، ئەم بەشەی خاکی چین، بوو بە نـاوچەیەک کە لە ژێــر (پارێزگــاریکردنی) هێــزە ســنوورییەکانی تــاقمە ســەر لێشـێواوەکەی سـۆڤیەتدا بێـت؟ ڕاسـتییەکەی ئەوەیە، کە هێزەکـانی سـۆڤیەت، ئەم نـاوچە چینییەی دوورگەی چینپاویـان داگیـر کردوە، کەوتـوونەتە هێرشـکردن بـۆ سـەر پاسـەوانە سـنوورییەکانی چـین، ئینجـا کەوتـوونەتە درۆ هەڵبەسـتن، گـوایە پاسـەوانە سـنوورییە چینییەکـان، (هێرشـی شـەڕەنگێزانەیان) کـردوەتە سـەر ئەوان. ئێـوە هەرگیـز سـەرکەوتوونابن لەوەی، کە تـاوانەکەی خۆتـان، بەو فـێڵە

کۆنە بشارنەوە، کە ڕاستییەکان ئاوەژوو بکەنەوە، دزییەکەش بکەن، هاواریش بکەن (دز بگرن).

ئەم تاقمە سەرلێشێواوە ناپاکەی سۆڤیەت، بەردەوام دژایەتی خەڵکی چینی کردوە. بە دڵێکی پڕ لە ڕق، کینە و ترسەوە، هەوڵەکانی خۆی چڕکردوەتەوە، بۆ نواندنی چالاکی دژ بە چین، بە تایبەتیش لەوکاتەوەی، کە چین شۆڕشە ڕۆشنبیرییە مەزنە پرۆلیتاریایەکەی بەرپا کردوە، سەرکەوتنی گەورە و سەرتاسەری بەدەستهێناوە. ئەو تاقمە سەرلێشێواوە ناپاکەی سۆڤیەت، نەک هەر بێوچان خەریکی ناوزڕاندنی چینە، بێسڵەمینەوە خەریکی کاری ئاژاوەنانەوە و خراپەکارییە لە دژی چین، هێزیشی کۆکردوەتەوە لە سەر سنوورەکانی سینۆ – مەنگۆلی، سینۆ - سۆڤیەتی، ئەم هێزانە بەردەوام دزە دەکەنە ناو خاک و ئاسمانی چینەوە، لە سەر سنوورەکان ئاژاوەدەنێنەوە، هەڕەشە لە وڵاتەکەمان دەکەن. ئەم تاقمە سەرلێشێواوە ناپاکەی سۆڤیەت، بەوپەڕی توانای خۆیەوە، یارمەتی ئیمپریالیزمی ئەمریکی، هێزە کۆنەپەرستەکانی دیکەی جیهان دەدات، لە هەوڵەکانیاندا بۆ گەمارۆدانی چین. ئەم پێشڕەویکردنەی دواییشیان، لە دوورگەی چینپاوەوە بۆ ناو خاکی چین، بە پیلانی تاقمە سەرلێشێواوە ناپاکەکەی سۆڤیەت بوە، بە مەبەستی گێرەشێوێنی چەکدارانە، کە دیارە ئەمەش هەنگاوێکی نوێیە بەرەو زیاترکردنی چالاکیکانی لە دژی چین.

ئەو ڕاستییەی، کە ئەو تاقمە سەر لێشێواوە ناپاکەی سۆڤیەت، بە بەردەوامی پێشڕەوی چەکدارانەیان ئەنجامداوە بۆ ناو خاکی چین، بە مەبەستی نانەوەی پشێوی لە سەر سنوورەکان، جارێکی دیکەش وای لە خەڵکی جیهان کرد، کە بە ئاشکرا ببینن، چۆن ئەم چەند کەسە خیانەتکارە، لە کۆمەڵێک سۆسیال – ئیمپریالیست،

کۆمەڵێک تزاری نوێ زیاتر، هیچی دیکە نین. هەر ئەوان بوون کە زۆر بێویژدانانە، کۆمەڵێک دەوڵەتی ئەوروپای خۆرهەڵاتییان بە تالانبرد، زۆر دڵڕەقانە، خەڵکەکەیان چەوساندەوە، تەنانەت چەند سەد هەزار سەربازێکیشیان نارد بۆ داگیرکردنی چیکۆسلۆڤاکیا، زەویوزارێکی زۆری ئەورووپای خۆرهەڵاتیان خستە ژێردەسەڵاتی خۆیانەوە بەو نیازەی، کە ئیمپراتۆریەتێکی کۆلۆنیالی هاوشێوەی ئەوەی تزارەکان دابمەزرێنن. لە هەمانکاتدا، هەمان ڕێچکەشیان لە ئاسیادا گرتوەتەبەر و بەوەوە نەوەستاون، کە کۆماری مەنگۆلیای میللییان کرد بە کۆلۆنیالی خۆیان، بەڵکوو بەردەوام لە هەوڵی پێشڕەوییکردندان بۆ داگیرکردنی ناوچە چینییەکانیش. ئەوان ئەو زەوییانەی کە کاتی خۆی تزارەکان داگیریانکردبوون، بەهی خۆیان دەزانن، ئێستا دەستدرێژی دەکەنە سەر ئەو زەوییانەش، کە تزارەکان نەیانتوانیوە داگیریان بکەن، ئەمان زۆر بەتەماحترن لە تزارەکان. جا باشە، جیاوازیی ئەم شەقاوەخانەیەی تاقمە سەرلێشێواوە ناپاکەکەی سۆڤیەت چییە، لەگەڵ ئیمپریالیزمی ئەمەریکیدا، کە هەر خەریکی داگیرکردنی زەوی وڵاتانی دیکەیە، هەر کاتێک بیەوێت دەستدرێژی دەکاتە سەر سەروەرییان، بە هەموو لایەکدا توندوتیژی بڵاو دەکاتەوە؟

لە ساڵی (١٩٠٠)دا، لینین، لەو نووسینەیدا کە بە ناونیشانی "جەنگی چین"ە، بە توڕەییەوە سەرکۆنەی تاوانەکانی تزارەکان دەکات، لە داگیرکردنی چیندا، بە دەستەواژەی "وەک سەگی هار" وەسفیان دەکات. پاشان دەڵێت: "سیاسەتی حکوومەتی تزاری بەرامبەر بە چین، سیاسەتێکی تاوانکارانە بوو". "هەر لەم ڕوەشەوە، وەک هەمیشە، حکوومەتە دیکتاتۆرییەکەی تزارەکان، خۆیان وەک حکوومەتێکی بیرۆکراتی نابەرپرس نیشانداوە، کە

بەردەوام ملــی کەچ کــردوە و نوشـــتاوەتەوە لە بەردەم گەورە و سـەرکردەکانی سـەرمایەداریدا". دەکرێت ئەمڕۆ، سـەرلەبەری ئەم وتەیەی لینــین، بە کــار بهێنرێــت بــۆ وەســفکردنی ئەو وێــنە پــڕ شـەرمەی، کە تـاقمە سەرلێشێواوە ناپاکەکەی سۆڤیەتی تێدایە، کە ئێستا ڕۆڵی تزارەکان دەبینن.

ئەم بێزارکردنە چەکدارانانەی ئەم تاقمە سەرلێشێواوە ناپاکەی ســـۆڤیەت، لە دژی وڵاتەکەمــــان، کــــارێکی هەڵەشــــانەیە، وەک پێویسـتییەکی سیاسـەتەکانی نـاوخۆیی و دەرەکـی پێیهەسـتاوە، لە کاتێکدا ڕووبەڕووی چەند گرفتێکی ناوخۆیی و دەرەکی بـوەتەوە و گەیشتوە بە بنبەست تێیاندا. کە ئەمەش دەکات، بۆ ئەوەیە هەسـتی دژە - چینی جۆش بدات، تـاوەکوو سـەرنجی خەڵکی سۆڤیەت، کە تورەبوونو نـارەزاییەتییەکەی بەرامـبەر بە حـاکمە فاشـییە بۆرژوا کۆنەپەرسـتەکانی، ڕۆژ بە ڕۆژ لە زیادبوونـدایە، بە لایەکـی دیـکەدا ڕابکێشێت، لە هەمانکاتیشـدا، ئیمپریـالیزمی ئەمریکی لە خۆی ڕازی بکــات، چــاکەیەکیش لەگەڵ ئیــدارە نــوێیەکەی نیکســن (Nixon)دا بکــات بەو هیــوایەی، بەڵکــوو ویــلایەتە یەکگرتوەکــان و یەکێتــی سۆڤیەت، لە سـەر ئاستێکی جیهانی ڕێککەوتنی دژە - شۆڕشگێڕیی زیاتر ئەنجام بدەن.

ئەم تـاقمە سەرلێشـێواوە ناپـاکەی سـۆڤیەت، پێیـان وابـوو بە نــانەوەی ئەم ڕووداوە نــوێیە، دژی چــین، لەو قەیــرانەی خــۆی دەربــازی دەبێــت، بەڵام ئەنجــامەکەی تەواو بە پــێچەوانەوە بــوو، چونکە دۆستایەتییەکی شۆڕشگێڕانەی دێرین هەیە لە نێوان گەلانی چـین و یەکێتـی سـۆڤیەتدا، هەمـوو پیلانێکـی دژە - چینـی لە لایەن ئەو تـاقمە گـومڕا ناپـاکەی سـۆڤیەتەوە، لە کۆتاییـدا هەر مـایەپووچ دەردەچێت. ئەو کردەوە نابەجێیەی ئەم تاقمە گومڕاو خیانەتکارەی

سۆڤیەت، تەنها ڕوە دژە - شۆڕشگێڕییەکەیان زیاتر و زیاتر ئاشکرادەکات، نارەزایی خەڵکی سۆڤیەت و هەموو جیهانیش، زیاتر دەکات بەرامبەریان. تاوێری گەورە هەڵبگریت، تەنها بە قاچی خۆتیدا دەدەیت، تاقمە گومڕاو ناپاکەکەی سۆڤیەتیش بەم کارەیان، تەنها پەلە لە ڕووخانی خۆیان دەکەن.

پێشەوای مەزنمان، سەرۆک ماو، دەڵێت: "بە درێژایی مێژوو، هەروا بوە، هەر هێزێکی کۆنەپەرستی، کە نزیکە ڕووخان و لە ناوچوون بوەتەوە، دوایین پەلاماری نائومێدانەی خۆی داوە، لە دژی هێزە شۆڕشگێڕەکان". ئەوەی کە ئەم تاقمە گومڕاو ناپاکەی سۆڤیەتیش دەیکەن، هەر ئەمەیە. ئەم پەلامارە چەکدارییە بێزار کەرەی ئەم دواییانەشیان، لە دژی چین، دەربڕینێکی تەواوی بێهێزی و بێتواناییانە.

ئێمە ئەو تاقمە گومڕاو ناپاکەی سۆڤیەت ئاگاداردەکەینەوە: کە هەرگیز ڕێگە بە هیچ کەسێک نادەین دەستدرێژی بکاتە سەر یەکپارچەیی و سەروەری خاکی چین. ئێمە ئەگەر هێرشمان نەکرێتە سەر، هێرش ناکەینە سەر کەس، بەڵام ئەگەر هێرشمان بکرێتە سەر، بە دڵنیاییەوە وەڵام دەدەینەوە. ئەو ڕۆژانە بە سەر چوون، کە خەڵکی خۆیان بە سەر خەڵکی چیندا ڕادەوەشاند. خەیاڵتان خاوە، ئەگەر وا بزانن بەو فیڵو تەڵەکە کۆنانەی، کە تزارەکانی ڕووسیا بە کاریان دەهێنا، دەتوانن جارێکی دیکە هەڵسوکەوت لەگەڵ گەلی چینی مەزندا بکەن. ئەگەر هەر بەردەوامیش بن لە سەر ئەو شەڕەنگێزییە سەربازییانە، بە دڵنیاییەوە باجێکی قورس دەدەن. گرینگ نییە بە چ هێزێکەوە دێن، لەگەڵ کێدا دێن، ئێمە بەتەواوی، زۆر بە توندی، بۆ هەتاهەتایە ڕاتان دەماڵین. (٧٠٠) ملیۆن کەس لە گەلی چین، سوپای ڕزگاریی

گەلی چین، کە هەموو بە بیروباوەڕەکانی ماو تسی تۆنگ گۆش و تەیارکراون، لە بۆتەقەی شۆڕشی ڕۆشنبیری پرۆلیتاریدا جۆشدراون، ئێستا لە هەموو کات بەهێزترن. هەر کەس زاتی ئەوە بکات هێرش بێنێتە سەر ئەم نیشتمانە مەزنەی سۆسیالیستیمان، بە دڵنیاییەوە تێکدەشکێنرێت و لە ناو دەبرێت!

بڕووخێ تزارە نوێیەکان! بڕووخێ سۆسیال - ئیمپریالیزمی گومڕاکانی سۆڤیەت!

# دۆکیۆمێنتی (٣٣)

## خۆپیشاندانێکی دژە - چینی لە مۆسکۆ

(بەشێک لە ڕاپۆرتێکی ڤ. پاسینچوک (V. Pasenchuk)، بۆ پراڤدا، ٨ی مارتی ١٩٦٩).

(با بڕووخێت تاقمەکەی ماوتسی تۆنگ)، (شەرمەزاری بۆ ماو و تاقمەکەی، خیانەتکارانی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی جیهانی)، (گەلی سۆڤیەت قەرزدارباری داهێنەرانی شۆڕشی سۆسیالیستین)، (گەلی سۆڤیەت و پارتەکەی یەکن)، (هەر بژین پاسەوانانی سنووری سۆڤیەتی)، (سنوورەکانی سۆڤیەت پۆڵایینن)، ئەمە ئەو دروشمانە بوون، کە دوێنێ بەتوندی لە بەردەم باڵیۆزخانەی چین

له مۆسکۆدا دەنگیان دەدایەوە.

دەیـان هەزار لە خەڵکـی مۆسـکۆ، لە کرێکـاران، فەرمـانبەران، زانستکاران، ڕۆشنبیران و قوتابیان، هەموو ڕوویان کردبوە ئەوێ، تـا نـاڕەزایی و تـووڕەیی خۆیـان دەربـڕن، بەرامـبەر بەو سیاسـەتە هەڵەشانە، گێرەشێوێنییە سەربازییەکەی تاقمەکەی ماو تسی تۆنگ. شەپۆلێکی نەپساوەی جەمـاوەر، بەو شـەقامەدا دەهـاتە خـوارێ، کە نـاوە بەرزەکەی (دۆسـتایەتی – Friendship)ی هەڵـگرتوە. ئەم تـاقمە سەرکێشـیکارەی مـاو تسـی تۆنـگ، کە ڕێـگەی پشـتکردنە ڕێبازی مارکسی – لینینی، داهێنەرانی سۆسیالیزمیان گرتـوەتەبەر، هەوڵی ئەوە دەدەن دۆستایەتییە مەزنەکەی نێوان گەلی سۆڤیەت و گەلی چین، بیرۆکەی پرۆلیتاریای جیهانی، لە گۆڕ بنێن.

*****

دیپلۆمـاتە چینییەکـان پەردەی پەنجەرەکـانی سـەفارەتەکەیان دا دابوەوە، لە پشتی پەردەکانەوە کۆمەڵ ببوون، تەماشـایان دەکرد. جەمـــاوەری خۆپیشـــاندەریش پەنجەیـــان لـــێڕادەوەشاندن، ئەو دروشـمانەیان بەڕوودا بەرزدەکـردنەوە، کە تـاقمەکەی مـاو تسـی تۆنـــگ بە سەرکەشـــیکاری سیاســـی لە قەڵەم دەدەن، بەڵکـــوو ئەمجارەش هەوڵبدەن ئەم هەواڵانە بگەیەنین بە سەرکردەکانی (ئەم شـەقاوە و چەقۆکێشـانە)، هەر وەک چـۆن جـاران دەیـان کـرد. لە هەمـوو دۆخێکـدا، ئەو سیاسـەتمەدارە سـاختانەی پەکینـیش، هەر زانیاری ساختەیان قابیلە، بەڵام خەڵکەکەیان هەر چەندێک بێت، ئەم دەنگی ڕاستی و حەقیقەتە، زوو بێت یـان درەنـگ، هەر دەگـات بە یەک بە یەکی گەلی چین. ئەوان ئەمڕۆ دەیانەوێت وا لە گەلی چین بـکەن کە هەمـوو شـتێک بـخەنە پێنـاو (کەشـتییەوانە مەزنەکە – Great Helmsman)، برایەتـی و پاڵپشـتیکردنی گەلـی سۆڤیەت،

دەوڵەتە سۆسیالیستییەکانی دیکە، وەلا بنێن. ئەوان دەیانەوێت بیانکەن بە (گامێشێکی گوێڕایەڵ و دەستەمۆ – Obedient Buffalo) لە بەرژەوەندی خەونە پاوانخوازییە شۆڤێنیستییەکانی ماوتسی تۆنگدا.

*****

خۆپیشاندانەکەی خەڵکی مۆسکۆ، لە بەردەم باڵیۆزخانەی چیندا، چەند سەعاتێکی خایاند، زیاد لە (٥٠,٠٠٠) کەس بەشدارییان تێدا کرد.

کرێکارانی پایتەخت، لەگەڵ تەواوی خەڵکی سۆڤیەتدا، پێکەوە پشتگیرییەکی گەورەیان دەربڕی، بۆ سیاسەتەکانی پارتی کۆمۆنیستی، کۆمیتە ناوەندییە لینینیێکەی. بە توندییش ئەوەیان دووپات کردەوە، کە خەڵکی سۆڤیەت، پێی قەبووڵ ناکرێت هیچ گێرەشێوێنی و بێزارکردنێک لە سەر سنوورەکانی ڕوو بدات، ڕێگەش نادات هیچ دەستدرێژییەک بکرێتە سەر نوێنەرەکانی (USSR) لە پەکین. خۆپیشاندەران ڕەزامەندیو پشتگیری خۆشیان دەربڕی، بۆ لێدوانەکانی حکوومەتی سۆڤیەتی، کە دەڵێت، ئێمە بە هەموو شێوەیەک ئەم کارە بێزارکەرانەی کاربەدەستانی چین ڕەتدەکەینەوە، بە توندی لە دژی دەوەستینەوە.

(بڕووخێت سیاسەتی گێرەشێوێنیو شەڕەنگێزی، درۆودەلەسەکانی تاقمەکەی ماوتسی تۆنگ)، (ئەم سیاسەتانەی ماو چارەنووسی هەر نوشووستییە)، ئەمانە بوون داواو ئیدانە کردنەکانی گەلی سۆڤیەت، ئەو گەلەی کە هەڵگری بیروباوەڕی سۆسیالیزمی، ئاشتی، دۆستایەتی و برایەتییە لە نێو گەلاندا.

# دۆكيۆمێنتی (٣٤)

## لێـــدوانێکی ڕۆژنـــامەوانی وەزارەتـــی دەرەوەی سۆڤیەت، (٧)ی مارت

(کورتەیەک لە لێدوانێکی ل. م. زامیاتین (L. M. Zamyatin) سـەرۆکی بەشـی ڕۆژنـامەوانی لە وەزارەتـی کاروبـاری دەرەوەی سـۆڤیەت، لە کۆنفرانسـێکی ڕۆژنامەوانیـدا کە لە (٧)ی مارتـدا بەستبووی، پراڤداو ئیزڤێستیا، ٨ی مارت، ١٩٦٩).

ئەو شەڕفرۆشتنە چەکدارانەیەی کە کاربەدەستانی چین پێی هەستان لە سەر سنوورەکانی چینی - سۆڤیەتی، بوە مایەی تووڕە بوون و بێزارییەکی زۆری گەلی سۆڤیەت. ئەو هێرشە چەتەئاسا

بێئابڕوانەیەی کرایە سەر پاسەوانە سنوورییەکانی سۆڤیەت، لە هەموو جیهاندا، وەک بەرجەستەکردنێکی دیکەی سەرکەشییەکانی سەرانی چینی ئێستا، یاریکردنێکی نابەرپرسانە بە ژیانی خەڵکی، لێی دەڕوانرێت، کە لە پێناو پیلانو حساباتە کەسییەکانی خۆیاندا دەیکەن.

وەک شوێنکەوتنو پەیڕەوکردنی ڕێگە تاقیکراوەو سەلمێندراوەکانی دنیا لە بێزارکردندا، کاربەدەستانی چینی ئێستا هەوڵی ئاوەژووکردنەوە و شێواندنی ڕاستییەکان دەدەن، بۆ ئەوەی خۆیان بدزنەوە لە بەرپرسیاریێتی ئەو بێزارکردنە، گواستنەوەی بەرپرسیاریێتییەکەی بۆ یەکێتی سۆڤیەت. ئەوان دەیانەوێت ئەو بۆچوونە لای میللەتەکەی خۆیان دروست بکەن، کە ئەم خوێنڕشتنەی سەر ڕووباری ئوسوری، تاوانی لایەنی چینی تێدا نەبوە، بەڵام ڕاستی هەر ڕاستییە، هەر چەند پەکین هەوڵ بدات بیشارێتەوە. ڕاستی پرسەکەش بەم شێوەیە بوو.

*****

... ڕاستییەکان وامان پیشان دەدەن، کە شەڕنگێزیەکانی چین لە ناوچەی دوورگەی دامانسکی، بە ئەنقەستو پێشتر داڕێژراو بوە. لە لایەن چەند یەکەیەکی سەربازیشەوە ئەنجامدراوە، کە بە تایبەتی بۆ ئەم مەبەستە مەشقیان پێکراوە.

بە تەماشاکردنی شەڕگەکە، لە ناوچەی ڕووسیادا، گوللە هاوەن، ستاندی هاوەن، قاوانی گوللە، ساچمە نارنجۆک، چەندین پارچە چەکی دیکە، کەلوپەلی سەربازی چینیت بەرچاو دەکەوێت، کە هێرشبەرە هەڵاتوەکان لە دوای خۆیان بەجێیان هێشتوە.

سەربازانی چین بەوە تاوانبارن، کە لە کاتی پشێووی نانەوەکە دا، زۆر دڕندانە مامەڵەیان لەگەڵ پاسەوانە سنوورییە سۆڤیەتییە

بریندارەکاندا کردوە. ئەو لیژنە پزیشکییەی، کە چوونە ناوچەکە، لاشـەی پاسـەوانە سـنوورییە سـۆڤیەتییە کوژراوەکانیـان پشـکنی، جەختیان لە سەر ئەوە کردەوە، کە چینییەکان لە نزیکەوە تەقەیان لە بریـندارەکان کـردوە، یـان بە قەمە کوشـتوویانن. دەموچـاوی هەندێک لەو سەربازە کوژراوانەی سۆڤیەت بە شێوەیەک شێوێنرا بوون، نەدەناسرانەوە. ئەو ڕەفتارەی کە چینییەکان ئەنجامیانداوە لەگەڵ ئەو پاسەوانە سنوورییە سۆڤیەتیانەدا، تەنها مەگەر بەراورد بکرێـت بەو تـاوانە هەرە دڕنـدانانەی، کە کـاتی خـۆی سـەربازە چینییەکان و چەکدارەکانی چیانگ کـای - شێک ( Chiang Kaai –Shekites) ئەنجامیانداوە، لە کێشـە چەکدارێکانی (١٩٢٠)ەکانو (١٩٣٠)ەکانـــدا. ئەم چەتەگەریـــیەی کە کاربەدەســـتانی چـــین ڕێکیانخســـت، بــوە مـــایەی گیـــان لە دەســـتدانی (٣١) پاســـەوانی ســـنووریی ســـۆڤیەتی، بریـنـداربوونی (١٤)ی دیـکەش. پاســـەوانە ســـــنوورییەکانی ســـــۆڤیەت، ئازایـــــانە و خۆنەویســــتانە، ئەرکە سەربازییەکانی سەرشـانیان ئەنجامدا، لە بەرگریکردن لە سنوورە پۆڵایینەکەی خاکی سۆڤیەتی سۆسیالیستییان.

ئەم دەستدرێژیکردنە سـەربازییە، بۆ سـەر نـاوچە سۆڤیەتییەکان، شـەپۆلێکی نوێی لە هیستیریا و شـێتیی نەتەوەپەرستیشـی بەدوادا هـــات، کە بە فەرمانێـــک لە چیـــنەوە دەســـتی پـــێ کـــرد. خەڵـــک کۆکردنەوە بە شێوەیەکی ڕێکخراو، بە بەشداریی پیاوانی دەوڵەت، کە هەمـــوو دروشــــمی دژە - ســـــۆڤیەتییان بەرز کردبـــوەوە، هەڕەشـەیان دەکرد. ئەوەبوو هەر لە (٣)ی مـارتەوە، باڵیۆزخـانەی سۆڤیەتی لە پەکین کەوتە ژێر گەمارۆی کۆمەڵێک، بە مانـای وشـە، چەقۆکێشەوە.

ئایـا تـاقمەکەی مـاو تسـی تۆنـگ چ پێویسـتییەکیان بەم شـەڕ

فرۆشتنە چەکدارییە، ئەو هەڕەشەو گوڕەشە سیاسیانەیە هەیە، کە بەدوایدا هات؟

ئەم ڕەفتارە تاوانکارانەی تاقمەکەی ماوتسی تۆنگ، ئامانجی دوورخایەنی هەیە. ئەم (ماویانە) دەیانەوێت کەشێکی وەها لە وڵاتەکەیاندا بنێنەوە، کە وابکات سەرنجی گەلی چین نەچێت بەلای ئەو شکستە سیاسی و ئابورییە گەورانەدا، کە وڵاتەکەیانی تێکەوتوە، هەروەها بۆ پشتگیریکردنی ئەو ڕێبازی سەرکەشییەی کە هێزە گەورەکەی ماو تسی تۆنگ گرتویێتییە بەر، بە هیوای تێکدانی زیاتری پێوەندییەکانیان لەگەڵ وڵاتە سۆسیالیست و ئاشتیخوازەکانی دیکەدا.

بێ گومان بەڕێکەوتیش نییە، کە ئەم ئاژاوەنانەوانەی سەر سنوورەکانی سۆڤیەتی - چینی، کەوتوونەتە ئەو ماوەیەوە کە ئامادەکاریی تێدا دەکرێت بۆ کۆنگرەی نۆیەمی (CCP). ئاشکرایە، کە لە کەشێکی هیستیری دژە – سۆڤیەتیدا، دەتوانن ئاسانتر پلاتفۆرمێکی وەها بسەپێنن بە سەر کۆنگرەکەدا، کە دژی یەکێتی سۆڤیەت و (CPSU) بێت، ڕەوایەتی بدات بە ئەنتی - سۆڤیەتیزمییەکەیان، وەک سیاسەتێکی دەوڵەت.

بێ گومان چەندین لایەن هەن لە جیهاندا، دەیانەوێت ئەم پشێوویانە بە قازانجی خۆیان بشکێننەوە. ناکرێت وا بزانین، ئەم هێرشە چەکدارییە چەتەئاسایانە، بۆ سەر ناوچەی دوورگەی دامانسکی، هەر بە ڕێکەوتە، هیچ کاردانەوەیەکی ئەوتۆی دروست نەکردوە لای هێزە کۆنەپەرستەکانی ویلایەتە یەکگرتوەکان و ئەڵمانیای خۆرئاوا، کە هەر لە ئێستاوە بەئاشکرا خەریکی ئەژمارکردنی ئەوەن، کە دەبێت چی بەدەستبێنن لەم گرژییەی سەر سنوورەکانی سۆڤیەتی - چینیدا.

هیچ کات گەلی سۆڤیەت تاقمەکەی ماو تسی تۆنگ و گەلی چین بە یەکچاو تەماشا ناکات و نەی کردوە. وڵاتەکەمان بەردەوام، لە سۆنگەی پێوەندی دۆستانەیەوە لەگەڵ گەلی چیندا هەڵسوکەوتی کردوە و دەیکات، بەڵام لە هەمانکاتیشدا، هەر وەک چۆن لە نامەکەی حکوومەتی سۆڤیەتی بۆ حکوومەتی (CPR)دا، ئەم کردەوە بێزارکەرە نابەجێیانەی کاربەدەستانی چین، بە شێوەی گونجاوی خۆی، بەرپەرچ دەدەینەوە، بە توندی بنەبڕ دەکرێن. بەرپرسیارێتی تەواوی ئەوەی، کە ڕەنگە لە ئەنجامی ئەم سیاسەتە سەرکەشیکارانەی سەرانی چینەوە ڕوو بدات، کە مەبەست لێی شێواندنی بارودۆخی سنوورەکانی نێوان چین و یەکێتی سۆڤیەتە، تێکدانی پێوەندییەکانی نێوان ئەم دوو وڵاتەیە، دەکەوێتە سەرشانی حکوومەتی کۆماری میللی چین.

# دۆکیۆمێنتی (٣٥)

## ناڕەزایینامەکەی سۆڤیەت، (١٥)ی مارت

(تاسی نێودەوڵەتی، بە زمانی ئینگلیزی، ١٥ی مارت، ١٩٦٩)

لێدوانەکەی حکوومەتی یەکێتی سۆڤیەت، کە ئاڕاستەی حکوومەتی کۆماری میللی چینی کردوە، سەبارەت بە شەڕ فرۆشتنێکی چەکداریی هەڵەشانەی دیکەی کاربەدەستانی چین، لە ناوچەی دوورگەی دامانسکی، لە (١٤و ١٥)ی مارتدا، وا لێرەدا بڵاو دەکرێتەوە:

لە (١٤)ی مارتدا، کاتژمێر (١١و ١٥) دەقیقە، بە کاتی مۆسکۆ، کۆمەڵێک سەربازی پڕچەکی چینی، جارێکی دیکەش خۆیان

تاقیکردەوە، کە دوورگەی دامانسکی سۆڤیەتی، لە سەر ڕووباری ئوسوری، داگیربکەن. بۆ ڕۆژی دوایی، (١٥)ی مارت، ژمارەیەکی زۆر سەربازی چینی، بە پشتیوانی تۆپو هاوەن، کە لە کەنارەکانەوە بۆردوومانیان دەکرد، هێرشیان کردە سەر ئەو پاسەوانە سنووریانەی سۆڤیەت، کە پارێزگارییان لە دوورگەکە دەکرد، ئەمە کوژراو و برینداریێکی زۆری لێکەوتەوە.

بە گرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویست، ئەنجامدەرانی هێرشەکە لە دوورگەکە وەدەرنران. ئەم ئاژاوەگێڕییە بێشەرمانەیەی دواییان، کە کاربەدەستانی چین نایانەوە، دەرئەنجامی خراپی لێ دەکەوێتەوە.

هەر لە هەمانکاتدا، دەزگا حکومییەکانی چین، کەوتنە نانەوەی هیستیریایەکی دژە - سۆڤیەتیانە، سەبارەت بە چەند داوایەکی ناوچەییانەی بێ بنەمای دوژمنکارانە، بە مەبەستی دروستکردنی بنەمایەک بۆ گرژینانەوەیەکی دیکە، لە پێوەندییە دووقۆڵییەکانی سۆڤیەتی - چینیدا. بە شێواندنی بەردەوامی ڕاستێکانیش، دەیانەوێت خۆیان بدزنەوە لە بەرپرسیارێتی ئەو سەرکەشی و مەترسینانەوانەی، کە پێشتر پلانیان بۆ داناوە، ئامادەکارییان بۆ کردوە، لە سەر سنوورەکانی سۆڤیەتی - چینی.

ڕووداوەکان وا دەردەخەن، کە حکوومەتی کۆماری میللی چین، بە باشی لەو ئاگادارکردنەوەیە نەگەیشتبێت، کە حکوومەتی سۆڤیەتی، لە سەر ئاژاوەگێڕییەکانی (٢)ی مارتی هەمان ساڵ، ئاڕاستەی کردن، کە کاربەدەستانی چین لە دوورگەی دامانسکی نایانەوە، بۆیە هەروا بەردەوامە لە ئاژاوەگێڕییەکانی خۆی.

لە کۆبوونەوەیەکی نوێنەرەکانی ئەو هێزانەی کە لە سەر سنوورەکانی چینو سۆڤیەت کۆکراونەتەوە، کە لە (١٢)ی مارتی ئەمساڵدا بەسترا، ئەفسەرێکی چینی، کە ئەرکەکەی لە سەر

سنووری هوتو (Hutou)ی چین بوو، بە پشتبەستن بە ئامۆژگارییەکانی ماوتسی تۆنگ هەڕەشەی ئەوەی کرد، کە هێزی چەکداری بە کار دەهێنن، لە دژی ئەو پاسەوانە سنووریانەی سۆڤیەت، کە پارێزگاری لە دوورگەی دامانسکی دەکەن.

حکوومەتی سۆڤیەتی بەتوندی ئەم داوا ناوچەییە بێبنەمایانەی کاربەدەستانی چین ڕەت دەکاتەوە. دوورگەی دامانسکی بەشێکی دانەبڕاوی خاکی سۆڤیەتە، ئەم جەختکردنەوانەی کاربەدەستانی چینیش لەم بارەیەوە، لە خۆڵکردنە چاوی گەلی چین و وڵاتانی دیکە زیاتر، هیچی تر نییە.

حکوومەتی سۆڤیەتی بە پێویستی دەزانێت، کە بەتوندی جەخت لەوە بکاتەوە، کە سنوورەکانی یەکێتی سۆڤیەت پیرۆزو پۆڵاینن. حکوومەتی سۆڤیەتی بۆ جارێکی دیکەش دووپاتی دەکاتەوە، کە بە توندی لەدژی پێکدادانی سەربازییە لە سەر سنوورەکانی سۆڤیەتی – چینی.

هەر هەموو ئەو پڕوپاگەندانەی پەکین، دەربارەی دوژمنایەتی یەکێتی سۆڤیەت و (CPSU) بەرامبەر بە گەلی چین و حکوومەتی میللی چین، هەر هەمووی بێبنەمان و لە ڕاستییەوە دوورن.

یەکێتی سۆڤیەت شەڕوپێکدادانی ناوێت، بەڵکوو بە پێچەوانەوە، هەر چی لە توانایدا بووبێت کردوویەتی، بۆئەوەی ئەمە ڕوونەدات، بەڵام لە هەمانکاتیشدا، حکوومەتی سۆڤیەتی ڕایدەگەیەنێت، ئەگەر هەر مافێکی یاسایی (USSR) سووکایەتی پێ بکرێت، ئەگەر هەر هەوڵێکی دیکە بدرێت بۆ بەزاندنی سنوورە پۆڵایینەکانی خاکی سۆڤیەت، ئەوا کۆمارە سۆسیالیستییەکانی یەکێتی سۆڤیەت، هەموو میللەتەکەی، بە توندی دەکەونە بەرگریکردن لێی، ئەو پێشێلکاریانە تێک دەشکێنن.

دوای ئەوەی کە ناڕەزایی توندی خۆی ئاڕاستەی حکوومەتی کۆماری میللی چین دەکات، سەبارەت بەم ئاژاوەگێڕییەی دواییان لە ناوچەی دوورگەی دامانسکی، کە بە ئەنقەست نرابووەوە، بە مەبەستی دروستکردنی کەشێکی دوژمنکاری لە نێوان هەر دوو میللەتی کۆماری چینی میللی و (USSR)دا. حکوومەتی سۆڤیەتی لەوەش ئاگاداری دەکاتەوە، کە تەواوی بەرپرسیاریێتی هەر دەرئەنجامێکی مەترسیدار، کە ڕەنگە لەو کارە نابەرپرسانەی کاربەدەستانی چین بکەوێتەوە، بە تەواوی دەکەوێتە ئەستۆی لایەنی چینی.

# دۆکیۆمێنتی (٣٦)

## لێدوانەکەی وەزارەتی دەرەوەی چین

("دوورگەی چینپاو لە وەتای هەیە خاکی چین بوە"، بەشی زانیارییەکانی وەزارەتی دەرەوەی چین، NCNA، 10ی مارتی ١٩٦٩، لە ڕێنمین ڕیباو (Renmin Ribao)دا بڵاو کراوەتەوە، لە ١١ی مارتی ١٩٦٩دا).

لە (٢ی مارتی ١٩٦٩)دا، تاقمە گومڕا ناپاکەکەی سۆڤیەت، ژمارەیەکی زۆر سەربازی چەکداری نارد، بۆ چوونە ناو دوورگەی چینپاوەوە، لە سەر ڕووباری وسولی، ناوچەی هولین (Hulin)ی هەرێمی هێیلۆنگکیانگ (Heilungkiang)ی چین.

ئەمـــانە هێرشـــێکی لە ناکاویـــان کـــردە ســـەر ئەو پاســـەوانە سنوورییانەمان، کە لەو ناوچەیە ئێشکگر بوون، ژمارەیەکی زۆریان لـــێ کوشـــتن و برینـــدارکردن. بەم شـــێوەیەش تـــاوانێکی دیـــکەی ترسناکیان لەدژی گەلی چین ئەنجامدا، خوێنێکی دیکەشیان هێنایە ملی خۆیـان. بە سـەدان ملیۆن کەس، لە مـیللەت، هێـزی چەکداری وڵاتەکەمان، نارەزایی توندی خۆیان سەبارەت بەم کارە دەربڕی.

بەڵام لە دوای ڕووداوەکە، تـاقمە گومڕاو ناپاکەکەی سـۆڤیەت، بە ڕەشـیان وت سـپی، ڕاسـتی و هەڵەی پرسـەکەیان تێکەڵاوکـرد. دوورگەی چینپاوی چینییان بە بەشێک لە خاکی سۆڤیەتی لە قەڵەم دا، هاتنە نـاوەوەی هێـزە چەکدارەکانی تـاقمە گومڕاکەی سـۆڤیەت، بۆ نـاو خـاکی چین، هێرشکردنیان بـۆ سـەر پاسـەوانە سنوورییە چینییەکانیـــان وەهـــا پیشـــاندا، کە گـــوایە پاســـەوانە ســـنوورییە چینییەکـان سـنوورەکانی وڵاتـی سـۆڤیەتیان بەزانـدوە، هێرشـیان کردوەتە سەر هێزە سنوورییەکانی سۆڤیەت. ئەمە زۆر بێمانایە!

دوورگەی چینپـــاو، لە وەتـــای هەیە، خـــاکی چـــین بـــوە. ڕێککەوتننـــامەی ســـینۆ - ڕووســـی نیپچـــو (Nipchu)ی (٨ی سـێپتەمبەری ١٦٨٩)، باسـی ئەوە دەکـات، کە ڕووبـاری ئەرخونـا (Erkhuna)، گـۆربیتزا (Gorbitza) و چیاکـانی خینگـانی دوور (Outer Khingan)، کە دەکەوێتە بەشـی خـۆرهەڵاتی سـنووری سـینۆ - ڕووسـییەوە، نـاوچە فراوانەکـانی بـاکووری ڕووبـاری هێیلۆنـگ، کە دەکەوێـتە باشـووری چیاکـانی خینگـانی دوورەوە، خۆرهەڵاتی ڕووبـاری وسـولی (Wusuli)، ئەمـانە هەمـووی خـاکی چیـنن. ئەو ڕووبـاری وسـولییەی کە دوورگەی چینپـاو دەکەوێـتە ناوییەوە، ئەو کات ڕووبارێکی ناوەوەی خاکی چین بـوە. کاتێک کە هێـــزە ئیمپریالیســـتییە بەریتـــانی و فەرەنســـییەکان، لە میـــانەی

دەستدرێژیەکانیاندا بۆ سەر خاکی چین، هێرشیان هێنایە سەر تییێنتسین (Tientsin)، بوون بە هەڕەشە بۆ سەر پەکین، ئیمپریالیزمی ڕووسیای تزاری، هەلەکەی قۆستەوە، بە هەڕەشەی هێزی چەکداری، دەسەڵاتدارانی بنەماڵەی پاشایەتی چینیان ناچار کرد، کە ڕێککەوتننامە نابەرابەرەکەی (ئایگونی) سینۆ - ڕووسی لە (٢٨ی مەی ١٨٥٨)دا مۆربکات. کە بە هۆیەوە زیاتر لە (٦٠٠,٠٠٠) کیلۆمەتری چوارگۆشە، لە خاکی چین، لە باکووری ڕووباری هێیلۆنگ، زەوت کرد بۆ خۆی، نزیکەی (٤٠٠,٠٠٠) کیلۆمەتر چوار گۆشەش، لە زەوییە چینییەکانی خۆرهەڵاتی ڕووباری وسولی، خستە ژێر حوکمڕانێتییەکی هاوبەشی چین و ڕووسیاوە. جارێکی دیکەش، بە قۆستنەوەی هەلی ئەو فشارە سەربازییەی، کە بەریتانیا و فەرەنسا هێنابوویان بۆ چین، بە هۆی شەڕە دوژمنکارییەکەیان لە دژی چین، دوای داگیرکردنی پەکین لە لایەن هێزە داگیرکەرەکانی بەریتانیا و فەرەنساوە، تزارەکانی ئیمپریالیزمی ڕووسیا، حکوومەتەکەی بنەماڵەی چینگ ( Ching Dynasty)یان ناچار کرد، کە ڕێککەوتننامەیەکی نابەرابەری دیکەش مۆر بکات، کە ڕێککەوتننامەی سینۆ - ڕووسی (پەکین)ی (١٤ی نۆڤەمبەری ساڵی ١٩٦٠) بوو. کە بە پێی ئەم ڕێککەوتننامەیە، هەموو ناوچە چینییەکانی خۆرهەڵاتی ڕووباری وسولی، بە ناچاری کەوتنە ژێردەستی ڕووسەکانەوە.

هەر وەک مارکس لە (١٨٥٧–١٨٥٨)دا وتویەتی، جەنگی ئەفیونی ساڵی ١٨٤٠ (Opium War)، پێشڕەوییە سەرکەوتوەکەی ڕووسی لێکەوتەوە لە باکوورەوە بەرەو چین، کە بە هۆیەوە ڕووسیا توانی بگاتە کەنارەکانی ڕووباری ئاموور (هێیلونگ)، جێی لەدایکبوونی (مانچوەکان)، ئەو نەژادەی کە ئێستا لە سەر حوکمن

له چیندا. ئەنگڵس، له پاش ئیمزاکردنی (ڕێککەوتننامەی ئایگونی سینۆ - ڕووسی)، زیرەکانه بۆی چوبوو که وتی "له کۆتاییدا بەریتانیا توانی جەنگەکه بخاته ناو پەکینەوە، که فەرەنساش، به ئومێدی ئەوەی شتێک بۆ خۆی بپچڕێت، چوە پاڵی، ڕووسیا وڵاتێکی له چین دابڕی، که ڕووبەرەکەی له ڕووبەری فەرەنساو ئەڵمانیا پێکەوە گەورەترە، ڕووبارێکیشی لێپچڕی، که ئەوەندەی دانوب (Danube) دەبێت". تەنانەت لینینیش ئەوەی ئاشکرا کرد، که ئامانجی سیاسەتەکانی ئیمپریالیستی ڕووسی له ئاسیادا، ئەوە بوە که "هەموو وڵاتی فارس داگیربکات، پارچه پارچەکردنی چینیش تەواو بکات". به هۆی ئەم دەرئەنجامه زیرەکانانەوە که مارکس، ئەنگڵس و لینین پێیگەیشتوون، سروشته نابەرابەرەکەی هەر دوو ڕێککەوتننامەکەی (ئایگون‌و پەکین)ی سینۆ - ڕووسیمان تەواو بۆ ئاشکرا دەبێت.

تەنانەت به پێی ڕێککەوتننامه نابەرابەرەکەی (پەکین)ی سینۆ - ڕووسیش بێت، دوورگەی چینپاو، بێ چەندوچوون، هێشتا هەر خاکی چینه، چونکه له ڕێککەوتننامەکەی (پەکین)ی سینۆ - ڕووسیدا هاتوە: "هەر له سەرچاوەی ڕووباری وسوڵییەوە، تا دەریاچەی هسینگکای (Hsingkai Lake)، هێڵه سنوورێکه به درێژایی ڕووباری وسوڵی‌و سونگاچا (Sungacha) دەڕوات. ئەو ناوچانەی که دەکەونه خۆرهەڵاتی ئەم ڕووبارانەوە هی ڕووسیان، ئەوانەشی که دەکەونه خۆرئاوای ڕووبارەکانەوە هی چینن. (به پێی بنەما سەرەکییەکانی یاسای نێودەوڵەتیش، ئەو ڕووبارە سنوورییانەی که کەشتیرانییان تێدا دەکرێت، هێڵی ناوەڕاستی کەناڵه سەرەکییەکه دەبێته سنوور، هەر ئەمەش خاوەنداریێتی دوورگەکانی ناویان دیاری دەکات). دوورگەی چینپاو،

دوورگەکــانی دیــکەی دەوروبەری، وەک کــاپۆتزو (Kapotzu)و چیڵیچـین (Chilichin)، هەمـوو دەکەونە بەشـە چینـێکەی ئەودیـو هێڵی ناوەندی کەناڵی سەرەکی ڕووباری وسولییەوە، بەردەوامیش هەر لە ژێـر دەسـەڵاتی چینـدا بـوە. هەر پاسـەوانە سـنوورییەکانی چینـیش بە بەردەوامـی پاراسـتوویانە، هەر دانیشـتوانی چینـیش خەریکی بەرهەمهێنان بوون تێیاندا. لە کاتی دانوستانەکانی سینۆ - سۆڤیەتی تـایبەت بە سـنووری (١٩٦٤)یشـدا، لایەنـی سۆڤیەتی بۆ خۆیان دانیان بەوەدا ناوە، کە ئەم دوورگانە خاکی چینن.

لە (٢٧ی ســـێپتەمبەری ١٩٢٠)دا، حکـــوومەتی ســـۆڤیەتی، بە ڕابەرایەتـی لینـین، ڕایگەیانـد، کە "هەر چـی ڕێککەوتننـامەیەک، کە حکـوومەتەکەی پێشـوی ڕووسـیا، لەگەڵ چینـدا مـۆری کـردوە، هەمـووی بەتـاڵن، هەر چـی نـاوچەی چینـیش هەیە، کە ڕووسـیا داگیری کردوون، هەر چی مافێکیشی هەیە لە چیندا، دەگەڕێنرێنەوە بۆ چین، بێ هـیچ بەرانبەرێـک و بۆ هەتـا هەتـایە، بە هەمـوو ئەو شتانەشـەوە کە حکـوومەتی تـزاری و بۆرژواکـانی ڕووسـیا پێشـتر زەوتیـان کـردوە لێیـان". ئەم لێدوانە مەزنەی لینـین نەهێنـرایە دی، چونکە چین ئەوکاتە لە ژێر دەسەڵاتی حکوومەتێکی کۆنەپەرستیدا بوو.

دەکـرا پـاش ئەوەی کە کۆمـاری میللـی چـین دامەزرا، پرسـە سـنوورییەکانی نێـوان چـین و یەکێتـی سـۆڤیەت بە شـێوەیەکی گونجـاو چارەسـەر بکرانـایە. حکـوومەتی چینـی بەردەوام داوای ئەوەی کــردوە، کە ئەو کێشـــە ســـنووریانەی لە کـــۆنەوە بۆیـــان ماوەتەوە، لە ڕێگەی گفتوگۆ و دانوستانەوە چارەسـەر بکرێن، تـا کــاتی ئەو چارەســـەرکردنەش دێــت، پێویســـتە دۆخـــی ئێســـتای سنوورەکان (Status Quo) وەک خۆیـان بهێڵرێنەوە. حکوومەتی

چین زۆر سەرکەوتوانە، بە شێوەیەکی گونجاو، توانیویێتی هەموو ئەو کێشە سنوورییانە چارەسەربکات، کە لەمێژبوو لەگەڵ دراوسێکانیدا هەیبوو، لەوانە بۆرما، نیپاڵ، پاکستان، کۆماری میللی مەنگۆلیا و ئەڤغانستان، بەڵام کێشە سنوورییەکانی لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت و هیند دا، هەر بە چارەسەرنەکراوی مانەوە. حکوومەتی چینی چەندجارێک دانوستانی لەگەڵ حکوومەتی هینددا ئەنجامداوە، سەبارەت بە پرسە سنوورییەکانی سینۆ - هندی، بەڵام بەردەوام، بە هۆی هندییە کۆنەپەرستەکانەوە، دانوستانەکان هەڵوەشاونەتەوە. لە ساڵی (١٩٦٤)دا، حکوومەتی چین کەوتە دانوستان لەگەڵ حکوومەتی سۆڤیەتدا، لەو دانوستانانەدا، لایەنی چینی ئەوەی ڕوون کردەوە، کە (ڕێککەوتننامەی سنووریی سینۆ - ڕووسی ئایگۆن) و (ڕێککەوتننامەی سنووری سینۆ - ڕووسی پەکینگ)، هەر ڕێککەوتننامەیەکی دیکە، کە پێوەندییان بە سنوورەکانی ئێستای سینۆ - سۆڤیەتییەوە هەیە، هەمووی نابەرابەرن، حکوومەتی ئیمپریالیزمی تزارەکانی ڕووسیا، لەو کاتەدا کە حوکم لە ڕووسیا و لە چینیش بە دەستی میللەتەوە نەبوە، بە زۆر سەپاندوونی بە سەر چیندا، بەڵام ئێستاش، لە سۆنگەی پتەوکردنی زیاتری دۆستایەتییە شۆڕشگێڕیەکەی نێوان گەلی چین و گەلی سۆڤیەت، لایەنی چینی پێی باشە، کە هەر ئەو ڕێککەوتننامانە بکرێنەوە بە بنەما، بۆ دەستنیشانکردنەوەی هەموو هێڵە سنوورییەکانی نێوان ئەم دوو وڵاتە، لە چارەسەرکردنی هەموو ئەو پرسە سنوورییانەشدا، کە ئێستا لە ئارادان. هەر لایەنێکیش پێشێلکاری ئەو ڕێککەوتننامانەی کردوە، زەوی لایەنەکەی دیکەی داگیر کردوە، پێویستە، وەک سەرەتایەک، بە تەواوی، بێ هیچ کۆتوبەندێک، بیگێڕێتەوە بۆی، بەڵام ئەمە ڕێگە

لە هەنـدێک دەسـتکاری پێویسـت ناگرێـت، لە هەنـدێک جـێگەی تایبەتیـدا، لە سـەر سـنوورەکان، لە لایەن هەر دوو لاوە، لە سـەر بنەمـای ڕێککەوتننامەکـان، لە سـەر بنەمـای ڕاوێـژ، پێگەیەکـی یەکسـان، لێکگەیشـتن و ڕەزامەنـدی هەر دوولا، بکرێـت، بەڵام، لایەنی سۆڤیەتی ڕازینەبوو ئەو پێشنیارە بەجێیەی لایەنی چینی قەبـووڵ بکـات. ڕازینەبـوو ددان بەوەشـدا بنێـت، کە ئەو ڕێککەوتننامانەی ئێستای سینۆ - سۆڤیەتی تایبەت بە سنوورەکان، نابەرابەرن، بەتوندیش ئەوەی ڕەت کردەوە، کە ئەو ڕێککەوتننامانە ببنە بنەما بۆ چارەسەرکردنی پرسە سنوورییەکانی نێوان ئەم دوو وڵاتە، ئەمەش لە هەوڵێکی نەزۆکانەدا بۆ فشار خستنە سەر چین، تـا ڕێککەوتنێکـی نـوێی نـابەرابەر قەبـووڵ بکـات، بەم شـێوەیەش تاوانی داگیرکردنی ئەو ناوچە چینیانە بخاتە قاڵبێکی یاساییەوە، کە بە هـۆی پێشـێلکردنو بەزانـدنی ئەو هـێڵە سـنووریانەوە داگیـری کـردوون، کە لە ڕێککەوتننـامە نابەرابەرەکانـدا دیـاریکراون. ئەم هەڵوێسـتە شـۆڤێنییە لـوتبەرز و فراوانخـوازەی تـاقمە گـومڕاو ناپاکەکەی سۆڤیەت، لایەنی چینی زۆر بە توندی ڕەتی دەکاتەوە و ئیدانەی دەکات. لایەنی چینی ئەوە ئاشکرا دەکات، کە ئەگەر لایەنی سۆڤیەتی هەر سووربێت لە سەر ئەو هەڵوێستەی خۆی، شێوازی خـۆی نەگۆڕێـت، ئەوا لایەنـی چینـیش ناچاردەبێـت بە هەڵوێسـتی خۆیدا بچێتەوە، سەبارەت بە تەواوی پرسە سنوورییەکانی سینۆ - سۆڤیەتی بە گشتی.

ئەم تاقمە گومڕاو ناپاکەی سۆڤیەت هەر بەوەوە نەوەستان کە ڕازینەبوون لە ڕێی دانوستانەوە چارەسەری کێشە سنوورییەکانی سـینۆ - سـۆڤیەتی بـکەن، بەڵکـوو بەردەوام دۆخـی ئێسـتای سـنوورەکان پێشـێلدەکەن، ڕووداوی سـنووریی دەنێـنەوە. دوای

ئەوەی، کە دانوســـــتانەکانی ســــینۆ - ســــۆڤیەتی تــــایبەت بە ســــنوورەکان، لە لایەن گومڕاکــــانی ســــۆڤیەتەوە پەکخــــران، بە تایبەتیش لەو کاتەوەی کە بریجنێڤ و کۆسیگین هاتوونەتە سەر حکوم، ئەم تاقمە گومڕاو ناپاکەی سۆڤیەت، بە هۆی پێداویستییە دژە - شۆڕشگێڕییەکانیانەوە، کە دەیانەوێت لەگەڵ ئیمپریالیزمی ئەمریکیدا لە دژی چین دەست تێکەڵ بکەن، بۆ بەلادابردنی خەڵکەکەی خۆشی لە ناوەوە، هێزێکی زۆری ناردوە بۆ سەر سنوورەکانی سینۆ - سۆڤیەتی، بە مەبەستی پێشێلکردنی دۆخی ئێستای سنوورەکان، داگیرکردنی زیاتری ناوچە چینییەکان، نانەوەی ئاژاوە و پشێویی چەکدارانە، ڕووداوی خوێناوی. ئەگەر دوورگەی چینپاو بە نموونە وەربگرین، تەنها لە ماوەی زیاتر لە دوو ساڵدا، لە وەرزی سەهۆڵبەنداندا، واتا لە ماوەی نێوان (٢٣ی جەنیوەری ١٩٦٧)ەوە بۆ (٢)ی مارتی هەمان ساڵ، هێزە سنوورییەکانی سۆڤیەت (١٦) جار پێشڕەوییان کردوە بۆ ناوچە چینییەکانی دوورگەی چینپاو، لە زۆربەی ئەم پێشڕەویانەشیاندا، چەندین کەسیان لەو پاسەوانە سنوورییە چینیانە بریندار کردوە، کە لەوێ ئێشکگر بوون، چەکوتەقەمەنییەکانیان فڕاندوون.

لە دواییین ڕووداودا، کە هێزی تاقمە سەرلێشێواوەکەی سۆڤیەت، بە مەبەستی ئاژاوەنانەوەی چەکدارانە، پێشڕەوییان تێدا کرد بۆ ناوچە چینییەکانی دوورگەی چینپاو، ڕووی ناشیرینی ئەو تاقمە گومڕاو ناپاکەی سۆڤیەت زیاتر ئاشکرا بوو، کە چۆن جێگەی ئیمپریالیزمی ڕووسیای تزارییان گرتوەتەوە، سیاسەتە دوژمنکاریە سۆسیال - ئیمپریالیزمییەکانی ئەوان پیادە دەکەن. ئەوان چاویان بڕیوەتە ئەو شوێنانەی کە کاتی خۆی ئیمپریالیزمی ڕووسیای تزاری داگیریکردوون، داوای ئەو شوێنانەش دەکەن، کە

ئیمپریالیزمی ڕووسیای تزاری سەرکەوتوو نەبوە لە داگیرکردنیان. ئێستا ئەمان تزارە نوێیەکانن.

ئێمە بە هیچ شێوەیەک ڕێگەنادەین هیچ کەسێک سەروەری و یەکپارچەیی خاکی چین پێشێل بکات. ئێمە تا هێرشمان نەکرێتە سەر، هێرش ناکەینە سەر کەس، بەڵام بە دڵنیاییەوە بەرپەرچی هەموو هێرشێک دەدەینەوە. ئەگەر ئەم تاقمە سەرلێشێواوە ناپاکەی سۆڤیەت هەر بەردەوامبن لە سەر ئەو ڕێبازە هەڵەشەیەیان، بەردەوامبن لە سەر بەرپاکردن و دروستکردنی کێشەی چەکداری لە سەر سنوورەکان، ئەوا گەلی چین، لە ژێر ڕێنماییەکانی سەرکردەی مەزن، ماو تسی تۆنگ دا، ئەو هێزە داگیرکەرە ڕادەماڵێت، بە تەواوی و بۆ هەتاهەتایە ناوچەکەیان لێ پاک دەکاتەوە.

# دۆکیۆمێنتی (٣٦ أ)

## گیانی جەنگی سارد لای چینییەکان

(هەڵبژاردەیەک لە وتاری "سیاسەتی تاقمەکەی ماو تسی تۆنگ لە سەر گۆڕەپانی نێودەوڵەتی"، گۆڤاری کۆمیونیست، ژمارە ٥ ی ساڵی ١٩٦٩. لە کەڕێنت دایجێستی چاپەمەنییەکانی سۆڤیەتی ( Current Digest of the Soviet Press CDSP, Vol. XXI No. 15)ەوە وەرگێڕدراوە).

ماو و دەستوپێوەندەکەی دەیانەوێت لە مێشکی گەلی چیندا بچەسپێنن، کە جەنگی نێوان (USSR)و (CPR) نزیکە. جاران ئەمە زیاتر لە سەر ئاستێکی بەرز و لە نێو دۆکیۆمێنتە زۆر

نهێنییەکاندا دەکرا، بەڵام ئێستا تۆمەتی ناشیرین و لەکەدارکەر، لە دژی یەکێتی سۆڤیەت، بە ئاشکرا لە ناو چاپەمەنی، لێدوانی کاربەدەستەکانیشیاندا دەبینرێت. سەرانی چینیش ڕۆڵی ڕاستەوخۆ و سەرەکی دەبینن لە هاندانی ئەم گیانی دژە - سۆڤیەتییەدا. لە سەروبەندی نۆزدەیەمین ساڵیادی دامەزراندنی (CPR)دا، سەرۆک وەزیران، چو ئین ـ لای، لە ئاهەنگێکی فەرمیدا وتی: "هەموو شتێک لە یەکێتی سۆڤیەت چاوەڕوان دەکرێت، بە هێرشکردنە سەر چینیشەوە"، (ڕۆژنامەکانی چین مین‌و چین پاو، ١ی ئۆکتۆبەری ١٩٦٨). ئەم گیانی (جەنگی سارد)ەش، لە دوانزەیەمین (کۆبوونەوە گشتی)یە بەدناوەکەی کۆمیتەی ناوەندی (CCP)دا، بەهێزتر کرا.

ئەو ئاژاوەگێڕییە بێشەرمانانەی، کە تاقمەکەی ماو تسی تۆنگ لە ڕۆژانی (٢و ١٤و ١٥ی مارتی ١٩٦٩)دا، لە سەر سنوورەکانی سۆڤیەتی - چینی، ڕێکیان خست، بەشێکی گرینگن لەو هێڵی دژایەتیکردنەی سۆڤیەت. ئەم هیستیریای دژە سۆڤیەتییەی چین، کە لە دوای ئەو ئاژاوەگێڕیانەوە دەستی پێ کرد، پێکهاتەیەکی گرینگن لە حساباتی ماویەکاندا، بۆ دووپاتکردنەوەی ئەو زەمینەی دژە - سۆڤیەتییە، لە هێڵی گشتی حیزبەکەیاندا، پێش بەستنی کۆنگرەی نۆیەمی (CCP)، ئەمەش بۆ دوورخستنەوەی سەرنجی خەڵکە کارکەرەکەی چینە، لەو شکستانەی کە سیاسەتەکانی ماو، لە دەرەوە و ناوەوە، بەدەستیهێناون، جۆشدانی هەستی شۆڤێنیستی لە وڵاتدا، هەر لە سەر ئەم بنەمایەش، یەکخستنی توانای پشتگیرییکارەکانیان. لە سەر ئاستی نێودەوڵەتیش، ئامانجی ئەم ئاژاوەگێڕییە، لەمپەرخستنە بەردەمی بەستنی کۆنگرەی نێودەوڵەتی پارتە کۆمۆنیستی و کرێکارییەکان، هاندان و پشتگیریکردنی ئەو سەودا سیاسییە بێ بنەمایەیە، کە تاقمەکەی

ماو تسی تۆنگ لەگەڵ وڵاتە ئیمپریالیستیەکاندا دەیکەن، لە سەروو هەموشیانەوە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا و کۆماری ئەڵمانیای فیدراڵ.

ئەم ئاژاوەگێڕییە خوێناوییانەی سەر سنوورەکانی سۆڤیەتی - چینی، کە قوربانییەکی زۆری لە هەر دوولا لێکەوتەوە، بەرجەستەکردنێکی ڕاستەقینەی سیاسەتە عەسکەرتاریەتە سەرکەشیکارەکانی ماویەکانە. ئەمە لە پێناو کێدایە. ماوتسی تۆنگ، هەر بۆ خۆی چەندین جار ئەوەی دووپات کردوەتەوە، کە ئەو ئامادەیە قوربانی بە نیوەی خەڵکی چین، بگرە بە زۆربەی خەڵکی جیهانیش بدات.

# دۆکیۆمێنتی (٣٧ أ)

## (ڕێبازە دژە-سۆڤیەتییەکەی دەستەوتاقمەکەی ماو تسی تۆنگ)

(کورتەیەک لە نووسینێکی ۆ. بۆریسۆڤ (O. Borisov)و، ب. کۆلۆسکۆڤ (B. Koloskov). گۆڤاری کۆمیونیستی ژمارە ٧ی ساڵی ١٩٦٩، لە (CDSP, Vol. XXI No. 22)ەوە وەرگێڕدراوە).

پێشکەشکردنی داوایەکی ناوچەیی، لە لایەن تاقمەکەی ماو تسی تۆنگەوە، لە دژی یەکێتی سۆڤیەت، تۆمەتبارکردنی بە شێواندنی بارودۆخی سەر سنوورەکان، هەر لەمێژە بوون بە یەکێک لە ئامرازەکانی تێکدانی پێوەندییەکانی سۆڤیەتی - چینی.

چەنـــدین جـــار بەزانـــدنی ســـنوورەکانی ســـۆڤیەتیش لە لایەن سەربازەکانی چینەوە، ساڵ بە ساڵ زیاتر دەکات.

هەر لە سەرەتای ڕووداوەکانەوە، لایەنی سۆڤیەتی ویستی لە ڕێگەی دانوستانەوە کێشەکە چارەسەر بکات، لەو پرسەشدا، ئەو پێی وایە سنوورەکانی نێوان چین و سۆڤیەت، بە پێی ڕۆژگار و مێژوو دروستبوون، لە ڕێگەی یاساشەوە چەسپێنراون. پرسەکە تەنها بریتییە لە چاککردنو ڕاستکردنەوەی هەندێک جێگەی تایبەت لە هێڵە سنوورییەکەدا.

لە سەر پێشنیاری یەکێتی سۆڤیەت، ڕاوێژکردن لە سەر ئەم پرسانە لە مانگی فەبریوەری (١٩٦٤)دا دەستی پێ کرد. کەچی وەفدی (CPR)، کە زۆر دەمێک بوو ئەو وتوێژانەی پەک خستبوو، هەر بە ئەنقەست هەر چی بڕیارێک شیاوبوایە، تەگەرەی تێ دەخست. هەر لە کاتی بەڕێوەچونی وتوێژەکانیشدابوو کە ماو تسی تۆنگ، لە بەردەم نوێنەرەکانی یاباندا، داواکانی خۆی بۆ ناوچەیەکی بەرفراوانی یەکێتی سۆڤیەت دووپات کردبوەوە، بە زمانێکی هەڕەشەئامێزیشەوە وتبووی "هێشتا داوای ئەمانەشمان نەکردوەتەوە". لە کۆتاییشدا ڕاوێژکردن لە سەر پرسی سنوورەکان، بێئەوەی هیچ ئەنجامێکی باشی لێبکەوێتەوە، وەستێنرا. ئیتر چەندین هەوڵی دیکەی یەکێتی سۆڤیەت، بۆ دەستپێکردنەوەی ڕاوێژکردنەکان لەگەڵ (CPR) سەبارەت بە پرسە سنوورییەکان، لە لایەن چینەوە لە گۆڕ نرا.

ئەم ڕووداوانەی دوایی دەری دەخەن، کە ئەو تاکتیکانەی ئەو کاتە، لە خۆڕاو بەڕێکەوت نەبوون. لە دوای دروستکردنو نانەوەی (کێشەیەکی سنووری)ی درۆیینە، لە نێوان (CPR)و (USSR)دا. تاقمەکەی ماو تسی تۆنگ چاوەڕێی کاتێکی گونجاویان دەکرد، تا

به کاری بهێنن بۆ مەرامە گڵاوەکانی خۆیان. ئەم (بۆمبە تەوقیت کراوە) مانگی مارتی ڕابردوو لە دوورگەی دامانسکی، سەر ڕووباری ئوسوری، تەقییەوە. ئەو ئاژاوە گەورە چەکدارییەی کە لەوێ قەوماندیان، بۆ تاقمەکەی ماو تسی تۆنگ زۆر گرینگ و پێویست بوو، نەک هەر تەنها بۆ شڵەقاندنی بارودۆخەکە، لە سەروبەندی بە ناو کۆنگرەی نۆهەمی (CCP)دا، بەڵکوو ئەمە حساباتێکی فێڵبازانەی دیکەی لە پشتەوە بوو. ماویەکان ویستیان بەم خوێنڕشتن و قوربانیدانە مرۆییە، دووبەرەکی، ڕق و کینە بنێنەوە، هەر دوو گەلی چین و سۆڤیەت بکەن بەگژ یەکتردا.

هەر وەک دەزانین، ئەم شەڕەنگێزی و ئاژاوەنانەوە چەکدارییەی ماویەکان لە سەر سنووری سۆڤیەتی - چینی، کە تووڕەبوونێکی زۆری لە لای هەموو گەل دروست کرد، زۆر بە توندی بەرپەرچدرایەوە و تێکشێنکرا. لە کاتێکدا کۆمیتەی ناوەندی (CPSU)، حکوومەتی سۆڤیەتی، ڕێوشوێنی توند دەگرێتەبەر بۆ بەرگریکردن لە سنوورە پیرۆزەکانی نیشتمانەکەمان، لە هەمانکاتدا دان بەخۆڕاگری و هێمنییەکی بێئەندازە، بە تەنگەوەهاتنێکی ژیرانەش دەنوێنێت، بۆ پەرەدان بەو پێوەندییە گەشەسەندوەی نێوان سۆڤیەت و چین، لەبەر بەرژەوەندی گەلو میللەتی هەر دوو وڵات. حکوومەتی (USSR) لە (٢٩)ی مارتدا لێدوانێکی دەرکرد، تێیدا باس لە زەرورەتی هەنگاونانی خێرا دەکات بۆ ئاساییکردنەوەی بارودۆخەکە لە سەر سنوورەکانی سۆڤیەتی - چینی. بە تایبەتیش هانی ئەوەیدا، کە لە داهاتوویەکی زۆر نزیکدا، نوێنەرە فەرمییەکانی سۆڤیەت و چین دەستبکەنەوە بە کۆبوونەوە ڕاوێژکاریەکانیان، کە ساڵی (١٩٦٤) لە پەکین دەستیان پێ کرد بوو. ئەم لێدوانەی حکوومەتی سۆڤیەتی، کە لە سۆنگەی

بەرژەوەنــدییەکانی دۆزی سۆســیالیزمی، ئاشــتی و بەرژەوەنــدی خەباتی هاوسەنگەریی دژە - ئیمپریالیستییەوە سەرچاوە دەگرێت، بە شــێوەیەکی بێــوێنە لە نــاو وڵات و هێــزە پێشــکەوتنخوازەکانی دونیادا پێشوازی و پشتگیری کرا.

## دۆکیۆمێنتی (٣٧)

## لێدوانەکەی حکوومەتی سۆڤیەتی (٢٩ ی مارتی ١٩٦٩)

(ئاژانســی تاســی نێــودەوڵەتی، ٣٠ مــارت، ١٩٦٩، پراڤــداو ئیزڤێســتیا، ٣٠ی مارت، ١٩٦٩، لە ( CDSP, Vol. XXI, No. 13)ەوە وەرگێڕدراوە).

ســەبارەت بەو ڕووداوە چەکدارییەی، کە بەم دواییــانە لایەنــی چینی، لە ناوچەی دوورگەی دامانسکی، سەر ڕووباری ئوسوری نــایەوە. کاربەدەســتانی چــین هــیچ پاســاوێکییان بەدەســتەوە نیــیە، ناشکرێت هەیانبێت، بۆ نانەوەی ڕووداوی پێکدادان و خوێنڕشتنی

لەوجۆرە. ئەم جۆرە ڕووداوانە تەنها ئەو کەسانە پێی شاد دەبن، کە حەزدەکەن دووبەرەکی و دوژمنایەتی بکەوێتە نێوان یەکێتی سۆڤیەت و کۆماری میللی چینەوە. ئەم جۆرە ڕووداوانە بە هیچ شێوەیەک لە بەرژەوەندی گەلی سۆڤیەت و گەلی چیندا نییە.

١. هەلومەرجی هێرشەکانی سەر پاسەوانە سنوورییەکانی سۆڤیەت لە سەر ڕووباری ئوسوری ئاشکرایە، ئەمانە هێرشێک بوون، کە پێشتر ئامادەکارییان بۆ کراوە و نەخشەیان بۆ داڕێژراوە.

لە بەرەبەیانی (٢ی مارتی ١٩٦٩)دا، بنکەیەکی چاودێری، تێبینیی ئەوەی کرد کە نزیکەی (٣٠)ی سەربازی چینی، لە ناوچەی دوورگەی دامانسکییەوە، سنووری سۆڤیەتیان بەزاندوە. ئیتر کۆمەڵێک پاسەوانی سنوور، بە فەرماندەیی ئەفسەرێک، دەچن بۆ بەرگرتن لە سنووربەزێنەکان بەو نیازەی، کە نارەزایی خۆیان دەربڕن و داوایان لێ بکەن خاکی سۆڤیەت بە جێ بهێڵن، هەر وەک چەندین جاری دیکەش ئەمە ڕووی داوە. سەربازە چینییەکان لێگەڕاون تا پاسەوانە سنوورییەکانی سۆڤیەت تەواو نزیک بوونەتەوە و چەند مەترێکیان ماوە بگەنە لایان، ئەوسا بێ هیچ ئاگاداركردنەوەیەک، لە ناکاودا، لە دوورییەکی زۆر کەمەوە، داویاننەتە بەر دەسڕێژی گوللە. هەر لە هەمانکاتدا، کۆمەڵێکی دیکەیان، کە پێشتر و بە تاریکی، پێشڕەوییان کردوە بۆ ناو دوورگەکە، خۆیان حەشارداوە تێیدا، بە هەمان شێوە لە کەنارەکانی ئەوبەرەوەی بەشە چینییەکەشەوە، بە تۆپ و هاوەن و چەکی قورس، تەقەیان لە کۆمەڵێک پاسەوانی سنووریی سۆڤیەتی دیکەی نزیک کەنارەکانی سۆڤیەت کرد. ئەمانیش بە ناچاری وەڵامی تەقەکانیان دایەوە، بە پشتیوانی بنکە سنوورییەکانی ئەو

نزیکانه، توانییان هێرشبەرەکان لە خاکی سۆڤیەت بکەنە دەرەوە. ئەم هێرشــە غەدارانەیە، کــوژراو و بریــنداری لە هەر دوولا لــێ کەوتەوە.

لەگەڵ ئەو هەمــوو ئاگــادارکردنەوانەی حکــوومەتی ســۆڤیەت، داواکردنی بۆ دەستهەڵگرتن لەم ئاژاوەنانەوانە، کەچی لە ڕۆژانی (١٤و ١٥)ی مارتــدا، لایەنــی چینــی هەوڵــی هێرشــێکی لە ناکــاوی دیکەی بۆ سەر یەکێتی سۆڤیەتدا، هەر لە هەمان جێگەوە. ئەوەبوو هێزێکــی ســەربازی ئاســایی چینــی، بە پشــتیوانی تــۆپ و هــاوەن، هێرشــیان کــردە ســەر ئەو پاســەوانە ســنوورانەی ســۆڤیەت، کە پاســەوانێتی دوورگەی دامانســکییان دەکــرد. هێرشــەکە بەتونــدی بەرپەرچــدرایەوە، هێــزە هێرشــبەرەکەش لە ناوچەکــانی ســۆڤیەتی وەدەرنران. ئەم ئاژاوەگێڕییەی لایەنی چینی، قوربانی زیاتری لێ کەوتەوە.

ئێســتا کاربەدەســتە چینییەکــان لە لێدوانەکانیانــدا هەوڵ دەدەن خۆیان لە بەرپرسیارێتی ئەم پێکدادانە چەکدارییانە بدزنەوە. ئەوان بانگەشــەی ئەوە دەکەن، کە ئەوە ســەربازە چینییەکــان نەبــوون، بەڵکــوو پاســەوانە ســنوورییە ســۆڤیەتییەکان بــوون، کە ســنوورە دەوڵەتییەکەیــان بەزانــدوە، گــوایە ئەو دوورگەیە هــی یەکێتــی سۆڤیەت نییە. لایەنی چینی نکوڵی لەوە ناکات، کە سەربازەکانی، بە پێی پلانێک هەڵسوکەوتییان کردوە. ئەگەرچی دەیانەوێت لە ڕێگەی درۆهەڵبەســتنەوە، ئەم کــاری پێشــڕەوییکردنە چەکــدارانانەی چینییەکان، وەک (ڕێوشوێنی پێویست) پیشان بدەن.

لێــدوانەکانی چــین وا دەردەخەن، کە کێشــەکەی دوورگەی دامانسکی تەنها بەشێکە لەو کێشە - هێشتا چارەسەرنەکراوە - ناوچەییانەی، کە گوایە لە کۆنەوە بۆیان ماوەتەوە، پێوەندی بە

دیـــاریکردنی ســـنووره دەوڵەتیـــیەکەوە هەیە. لە هەمانکاتیشـــدا، حکوومەتی چینی دان بەو ڕێککەوتننامانەدا نانێت، کە لە نێوان چین و (USSR)دا هەن، ئەو پێوەنـــدییە نێـــودەوڵەتییە دوورودرێـــژەی نێـوان سـۆڤیەت و چـین پشـتگوێ دەخەن، مێـژوو بە شـێوەیەک دەشێوێنن، کە لەگەڵ داواکارییە ناوچەییەکانی خۆیاندا بگونجێت.

هەمـوو ئەمـانە لەو گۆڕانکارییـانەوە سـەرچاوە دەگرن، کە لەم ســاڵانەی دواییـدا کەوتە سیاسـەتەکانی (CPR)ەوە، بەرامـبەر بە یەکێتی سۆڤیەت و گەلی سۆڤیەتی.

ئاشکرایە کە پڕوپاگەندە فەرمییەکانی چین، بە گشتی گومـان لە سنوورەکانی ئێسـتای چـین دەکەن لەگەڵ وڵاتـانی دراوسـێیدا، ئەو سـنوورانەی کە زۆر لەمێـژە خەڵـکەکەی نـاوی، کۆمەڵـگەیەک و شێوازێکی دیاریکراوی خۆیان وەرگرتـوە تێیدا. داواکردنـی لکاندنی ئەو نـاوچە سـنووریانە، تەنهـا بەو بیـانوەیە، کە ڕۆژێـک لە ڕۆژان، جـێگەی مشـتومڕ بـوە لە نێـوان هەنـدێک لە دەرەبەگەکـان، یـان ئیمپراتۆرەکـــانی چـــین و تزارەکانـــدا یـــاخود لەبەر ئەوەی، کە لە ســـەردەمانێکدا، داگیرکەرانـــی چـــین، یـــاخود بازرگانەکـــانی، لەوێ بوون.

مێـژوو پـڕە لە نمـوونەی ئەوانەی کە داوای نـاوچەی خەڵکـانی دیــکە دەکەن، کــارە داگیرکارییەکــانی هەنــدێک لە دەرەبەگەکــانی ڕابردوو بە (ڕەوا) دەزانن، هی هەندێکی دیکەشیان بە (نـاڕەوا). ئەم شێوازی داگیرکاری و چەوساندنەوەی خەڵکە، دژی سیاسـەتەکانی لینینیستین.

٢. چەنـــدین نەوەیە، ســـنوورەکانی ســـۆڤیەتی - چینـــی، لە خۆرهەڵاتی دوور هەر بەو شـێوەیە بوە، کە ئێسـتا هەیە و بـریتییە

له سنووریکی سروشتی، که ناوچەکانی یەکێتی سۆڤیەت لە هی چین جیا دەکاتەوە. ئەم سنوورانەش بە هۆی ڕێککەوتننامەکانی ئایگونی ساڵی (١٨٥٨)، تیانتسین (Tientsin)ی ساڵی (١٨٥٨) و پەکینی ساڵی (١٨٦٠)ەوە، شێوەی یاسایی خۆیان وەرگرتوە.

لە ساڵی (١٨٦١)یشدا، هەر دوو وڵات ئەو نەخشەیەیان ئیمزاو مۆر کرد، کە هێڵی سنووریی ناوچەی ئوسوری نزیک دوورگەی دامانسکی دەچەسپێنێت. ئەم هێڵە ڕاستەوخۆ دەپەڕێتەوە بۆ کەنارەکانی چین، بە درێژایی کەنارەکانی ئەوبەری لای چینی ڕووباری ئوسوری دەڕوات. هەر دوولاش نوسخەی ڕەسەنی ئەو بەڵگەنامەیەمان لە لایە.

ئەو بەندانەی کە ئەم کێشە ناوچەییانە چارەسەردەکەن، ئەو پرۆتۆکۆل، نەخشە و وردەکارییانەی کە هەن، هەتا ئەمڕۆش بەکارن، تەواو دروستن. حکوومەتی سۆڤیەتی داوای پابەندبوونی تەواو نەشێوێنراوی هەر دوولا دەکات بەم بەندانەوە. ئەگەر حکوومەتی (CPR)یش هەمان هەڵوێستی هەیە، سەبارەت بەم پرسە، کەواتە هیچ بنەمایەک نییە بۆ ئەو کێشەو پێکدادانانەی سەر سنوورەکانی سۆڤیەتی - چینی.

لە پاش سەرکەوتنە مەزنەکەی شۆڕشی ئۆکتۆبەری کۆمۆنیستی لە ڕووسیا، کۆماری سۆڤیەت، بۆخۆی، ئەو ڕێککەوتننامە نابەرابەر و نهێنیانەی هەڵوەشاندەوە لەگەڵ چیندا، کە پایەو دەسەڵاتی تزارەکانی ڕووسیای، لە چیندا فراوانکردبوو، تێیدا، مافی یاسایی و ناوچەییشی پێدابوون. ئەو بڕە پارەیەی کە لە لایەن دەوڵەتە ئیمپریالیستییەکانەوە لە چین دەسەندرا، لە دوای دامرکاندنەوەی ئەو بزووتنەوەیەی، کە پێی دەوترا یاخیبوونەکەی بۆکسەر (Boxer)، حکوومەتی سۆڤیەتی بەشەکەی ڕووسیای

تەرخان کرد بۆ پێداویستییەکانی فێرکاریی لە چیندا. هیچ مافێکی کۆنی ڕووسەکانی لە چیندا نەهێشت، هەمووی گێڕایەوە بۆ چینییەکان. ئەو مافانەشی کە لە (هێڵی ئاسنینی خۆرهەڵاتی چین)دا هەیبوو، هەمووی گێڕایەوە بۆ چینییەکان. هەڵوەشاندنەوەی ئەم ڕێککەوتننامانەی، کە لە سەرەوە باسکران، هەموو بە پێی ڕێککەوتننامەکەی (٣١ی مەی ١٩٢٤)ی تایبەت بە بنەما گشتییەکانی چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان یەکێتی سۆڤیەت و چین، شێوازی یاسایی خۆیان وەرگرت. لەم ڕێککەوتننامەیەشدا نەهاتوە، کە ئەو ڕێککەوتننامانەی سنوورەکانی نێوان ڕووس‌و چین دیاریدەکەن، نابەرابەر، یان نهێنی بن. هیچ باسی ئەوەشی تێدا نەکراوە، کە ئەمانە هەڵدەوەشێنرێنەوە، یاخود گۆڕانکارییان تێدا دەکرێت.

شۆڕشگێڕی گەورەی دیموکراتخوازی چین، سەن یات - سین (Sun Yat – Sen)، چەند جارێک جەختی لە سەر ئەوە کردوەتەوە، کە یەکێتیی سۆڤیەت "هەر بۆ خۆی و خۆبەخشانە"، هەموو ئەو ڕێککەوتننامانەی هەڵوەشاندەوە، کە نابەرابەر بوون، دەستبەرداری هەموو ئەو ماف و داوا نادادپەروەرانانەش بوو، کە حکوومەتی تزاری هەیبوو لە چیندا. لە وتارە سیاسییەکەی ڕۆژی (١٢ی مارتی ١٩٢٥)دا، سەبارەت بە گەلی سۆڤیەت و چین، سەن یات - سین هیوای خواست، کە لە داهاتودا، (USSR) و چینێکی ئازاد لە هاوپەیمانێتییەکی بەهێزدا یەکبگرن، دەستبخەنە ناو دەستی یەکتری، بەرەو سەرکەوتن لە خەباتە گەورەکەیاندا بۆ ئازادکردنی میللەتانی چەوساوە و ژێردەستەی دونیا.

شایانی وەبیرهێنانەوەیە، کە پێشەوایانی پارتی کۆمۆنیستی چین، دوای ئەوانیش، حکوومەتی (CPR)، چەندجارێک ئەوەیان

دووپات کردوەتەوە، کە لە شۆڕشی ئۆکتۆبەرەوە، وڵاتی سۆڤیەت پێوەندییەکانی لەگەڵ چیندا لە سەر بنەمای یەکسانی و ڕێزگرتنی سەروەری خەڵکی چین بنیادناوە. لە کۆنگرەی حەوتەمی (CPR)ی ١٩٤٥دا، ماوتسی تۆنگ باسی ئەوەی کرد، کە "یەکێتی سۆڤیەت یەکەم وڵاتە بۆخۆی ڕێککەوتننامە نابەرابەرەکان هەڵبوەشێنێتەوە، ڕێککەوتننامەی دیکەی، نوێی یەکسان لەگەڵ چیندا ئیمزا بکات". لە (١٦ی دیسەمبەری ساڵی ١٩٤٩)شدا، ماوتسی تۆنگ هەمانشتی لە مۆسکۆ دووبارە کردەوە.

بەم شێوەیە، پرسی بوونی جۆرێک لە ڕێککەوتننامەی نابەرابەر، لە پێوەندییەکانی سۆڤیەتی - چینیدا، ئەو پرسەی کە بەردەوام دەزگاکانی پڕوپاگەندەی چینی دەیجوونەوە، سەرتاپای هەڵبەستراوە. ئەم پڕوپاگەندەیەش کە چین دروستی کردوە، یەک ئامانجی هەیە، چاندنی تۆوی دوژمنایەتی، ڕق و کینە لە ناو گەلی چیندا، دژی وڵاتەکەمان و گەلی سۆڤیەتی.

ئەم وێنە مێژووییە، ناتەواو دەردەچێت، ئەگەر باس لەو خەباتە ئازایانەیەی گەلی سۆڤیەتیشی تێدا نەکرێت، بە ڕابەرایەتی پارتی کۆمۆنیست و کەسی ڤ. ئـ لینین بۆخۆی، بۆ ڕزگارکردنی خۆرهەڵاتی دووری سۆڤیەتی، لە دەستێوەردانی دەرەکی، لە (١٩١٨–١٩٢٢)دا، ئەوکاتەی کە دەیانویست ناوچەکانی ماریتایم و خەبەرۆرڤیسک و خۆرهەڵاتی سیبریا، لە کۆمارە سۆڤیەتییە نوێیەکە دابڕن. گەلی سۆڤیەت، بە هەوڵ و قوربانیدانێکی زۆر توانیویێتی پارێزگاری لە ناوچەکانی خۆرهەڵاتی دووری خۆی بکات.

لە ساڵانی دواتریشدا، عەسکەرتارییەتی یابانیو هاوکارەکانی، چەند جارێک ویستیان پێتەوی سنوورەکانی سۆڤیەت، لە

خـۆرهەڵاتی دوور تـاقیبکەنەوە. لە دوای داگیرکردنـی مەنشـوریا، ویستیان هەندێک لەو دورگانەش داگیربکەن، لە سەر ڕووبارەکانی ئـامور و ئوسـوری، کە هـی یەکێتیـی سـۆڤیەتن. لەو کـاتەدا ئەم دورگـانە بـوونە جـێگەی پێکـدادانی سـەربازی زۆر ترسـناک، وەڵامێکی لوتشکێنی دەستدرێژییەکانی یابانیش درایەوە.

ئاشـکرایە کە ئامانجیـان تەنهـا دوورگەکـان نەبـوو، بەڵکـوو داواکاریی ئیمپریالیستی یابانی، زیاتر بەزاندنی سنوورە پیرۆز و پـۆڵایینەکەی یەکێتیـی سـۆڤیەت، وڵاتە هاوپەیمـانەکەی دراوسـێی، کۆماری میللی مەنگۆلیا، بوو. ئەنجامی کۆتایی ئەم پرسەش هەموو کەس دەیزانێـت، یەکەم جـار لە نزیـک خاسـان (Khasan)ەوە، دواتـریش لە نزیـک خـاڵخین-گـۆل (Khalkhin–Gol)ەوە، دەستدرێژییکارەکان لە ڕەگوڕیشەوە هەڵکێشران، فڕێدرانە دەرەوە.

لە دوای شکستەکەی عەسکەرتارییەتی یابانی، لە سـەر دەستی سوپای سۆڤیەتی، بۆ یەکەمین جار دوای چەندین ساڵ، ناوچەکانی ڕووباری ئوسوری و ئاموور، کەشێکی ئارامیان بەخۆوە بینی.

سەرکەوتنی شۆڕشی چین، دامەزراندنی کۆماری میللی چین، هەمـوو هەلومەرجێکیـان خولقانـد، بـۆ دروسـتبوونی پێوەنـدییەکی دۆسـتانە، ئاشتییەکی بەردەوام، لە سـەر سنوورەکانی سۆڤیەتی – چینی. لە سـەر بنەمـای ڕێککەوتننامەکەی دۆسـتایەتی، پشـتگیری و هاوکاری ( Treaty of Friendship, Alliance and Mutual Aid) لە نێـوان (USSR)و (CPR)دا، کە لە (١٩٥٠)دا مـۆر کـرا. هەر دوولا پێوەندییەکانیان لە سەر بنەمای ڕێزگرتن لە سـەروەری و یەکپارچەیی خاکی یەکتری بنیادنا. لە سەر داوای لایەنی چینیش، لە سـەرەتای پەنجاکـانەوە، یەکێتیـی سـۆڤیەت کۆمەڵێک نەخشـەی تۆپـۆگرافی تەواویـدا بە چـین، کە هەمـوو هـێڵە سـنوورییەکانی لە

سەر دیاریکرابوون. لەوکاتەدا دەسەڵاتدارانی چین هیچ ناڕەزاییەکیان دەرنەبڕی، لە سەر ئەو هێڵە سنوورییانەی کە لەو نەخشانەدا کێشرابوون، هەر بۆیەش خرانە بواری کارپێکردنەوە.

بە ڕەچاوکردنی پێداویستییە ئابووری و نەتەوەییەکانی هەر دوو وڵات، لە (١٩٥١)شدا ڕێککەوتنێک لە نێوان سۆڤیەت و چیندا مۆر کرا، سەبارەت بە ڕێوشوێنەکانی کەشتیرانی، یاساکانی کەشتیوانی لە ناو ڕووبارە سنوورییەکانی ئاموور، ئوسوری، ئارگون، سونگاچاو دەریاچەی خانکا (Khanka Lake)دا. لێککەیشتن سەبارەت بەم پرسە ئابوورییە دیاریکراوە، تەواو لە سەر بنەمای ئەو ڕێککەوتننامانەی سەرەوە ڕووی داوە، کە لە نێوان هەر دوو وڵاتدا ئیمزاکراون. کەشتیرانیش لە نێو ئەم ڕێگە ئاوییانەدا، بە شێوەیەکی ئاسایی، بە گیانی هاریکاریکردنی یەکترییەوە دەستی پێ کرد.

دانیشتوانی سەر هەر دوو بەشی سنوورەکە، پێوەندییەکی توندوتۆڵیان پێکەوە گرێدا، پێوەندی بازرگانی و ڕۆشنبیری لە نێوانیاندا دروستبوو. هەر کێشەیەکیش ڕووی بدایە، پاسەوانە سنوورییەکانی هەر دوولا، بەشێوەیەکی کارامەو لێزانانە، بۆخۆیان چارەسەریان دەکرد. هیچ ناحاڵیبوونێکی وەهاش ڕووی نەدەدا، کە پێویست بکات خەڵکانی سەرووتر بێنە ناو پرسەکەوە.

کاربەدەستانی چین داوایان کرد، کە هەندێک لە دوورگەکانی ناو ڕووبارەکانی ئوسوری و ئاموور بە کاربهێنن، لە بواری ئابووری و پیشەسازیدا، (پوش و پەڵاش، تەختە و دار کۆکردنەوە، شتی لەم جۆرە)، هەروەها ڕێگەیان بدرێت کە ڕاوچییە چینییەکان لە بەشە سۆڤیەتییەکەی ئەو ڕووبارانەشدا ڕاوەماسی بکەن. لەم بارەیەشەوە داواکارییان پێشکەش بە لایەنە پێوەندیدارەکانی

سۆڤیەت کرد. لایەنە سۆڤیەتییەکانیش زۆر بەڕێزەوە ڕەچاوی ئەو داواکارییانەیان کرد، لە سەری ڕازیبوون. ئەم ڕێوشوێنانەی داواکردنی مۆڵەتی بەکارهێنانی دوورگە سۆڤیەتییەکان، بەشی سۆڤیەتی لە ڕووبارەکان، ئەو ڕێوشوێنانەی کە کاربەدەستانی چین بەدرێژایی چەندین ساڵ گرتبوویانەبەر، ئێستا بەشێکن لەو بەڵگەنامانەی، کە دەیسەلمێنن لایەنی چینی هیچ کاتێک گومانیان نەخستوەتە سەر ئەو ڕاستییەی، کە ئەو دوورگانە، بە دوورگەی (دامانسکی)شەوە، هی یەکێتی سۆڤیەتن.

٣. یەکێتی سۆڤیەت، وەک بەئەمەکییەک بۆ ڕێنماییەکانی لینین، هەر چی لە توانایدا بوو کردی، بۆ بەهێزکردنی دۆستایەتیو هاوکاری لە نێوان چینو سۆڤیەتدا.

بنچینەی ئەم دۆستایەتییە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ساڵانەی کە یەکێتی سۆڤیەت بە هەموو شێوەیەک دەستگیرۆیی میللەتی چینی دەکرد، لە خەباتەکەیاندا لە پێناو ئازادیی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتیدا. ئەو یارمەتییانەی کە کۆماری سۆڤیەت لە (١٩٢٣–١٩٢٧)دا پێشکەشی دەکرد بەهێزە شۆڕشگێڕەکانی چین، ئەو پشتگیرییە سیاسی، دارایيو سەربازییانەی، کە یەکێتی سۆڤیەت لە ساڵانی (١٩٣٧–١٩٤٢)دا پێشکەشی چینی کرد، بۆ بەرەنگاربوونەوەی دەستدرێژییەکانی ئیمپریالیزمی یابانی، ئەو پێوەندییە برایانەیەی، کە لە نێوان گەلی کارکەری هەر دوو وڵاتدا هەیە، هەموو لاپەڕەی درەوشاوەن لە مێژووی پێوەندییەکانی سۆڤیەتی – چینی. هەر سوپای سۆڤیەتیش بوو کە سوپای یابانی بەزاند، کۆمەڵەکەی کوانتونگ (Kwantung Grouping)ی لە بەریەک هەڵوەشاندەوە، بەم شێوەیەش بەشدارییەکی گەورەی کرد لە ڕزگارکردنی چین لە

ژێردەستەیی یابانییەکان.

یارمەتییە گەورە و هەمەلایەنەکانی یەکێتی سۆڤیەت، بۆ خەڵکی چین، کۆمۆنیستەکانی چین، لە پێناو سەرکەوتنی شۆڕشی گەلی چیندا، کە بوە هۆی دروستبوونی کۆماری چینی میللی، بەرجەستەکردنێکی ڕاستەقینەی بەجیهانیکردنی پرۆلیتاریا بوو. لە مانگی دیسەمبەری ساڵی (١٩٤٩)دا، ماوتسی تۆنگ وتی: "بە درێژایی نزیکەی (٣٠) ساڵ، گەلی سۆڤیەتیو حکوومەتی سۆڤیەتی، بە بەردەوامی کۆمەکی پرسی ئازادبوونی گەلی چینیان کردوە. ئەم کۆمەکو دەستگیرۆییە برایانانەی گەلی سۆڤیەتیو حکوومەتی سۆڤیەتی، لە ڕۆژە ڕەشەکاندا پێشکەش بە گەلی چینیان کرد، کە هەرگیز لە یاد ناکرێت."

دەتوانم، بێ زیادەڕەوی بڵێم، کە یەکێتی سۆڤیەت، بە قەرزەکانی، ناردنی نوێترین کەرەستەی پیشەسازی، ناردنی ژمارەیەکی زۆر لە زاناو شارەزا تەکنیکییەکانی، بەخۆڕایی و بێبەرامبەر، لە سەر داوای چین خۆی، یارمەتییەکی زۆر گەورەی چینی دا، لە بنیادنانی بنەمایەکی پیشەسازیی مۆدێرن، لە پێناو دانانی بنەمایەکی ئابووریی پتەو بۆ سۆسیالیزم.

بە هەزاران خەڵکی پسپۆڕ و تایبەتمەندی سۆڤیەتی، لە ناو چین خۆیدا، دەستلەناودەستی کرێکار و ئەندازیارە چینییەکان، کاریان کرد بۆ بنیادنانی چەند پیشەسازییەک بۆیان، کە بەلای چینییەکانەوە بوارێکی تەواو نوێبوو، وەک دروستکردنی فڕۆکە، ئامێرسازی، ئۆتۆمبیل، ئەندازیاری ڕادیۆیی، چەندینی تر. بە هەزاران خەڵکی چینی، لە پەیمانگە فێرکارییەکانی یەکێتی سۆڤیەت، لە کێڵگە و تاقیگەکانی سۆڤیەتیدا کۆرسی ڕاهێنانی پیشەییان بۆ کرایەوە. جێن مین جیهپاو (Jen Min Jihpao)ی ڕۆژنامە

فەرمـیەکەی کـۆمیتەی ناوەنـدیی (CPC)، تـا ئەو کـاتەی هێشـتا ڕاسـتییەکانی دەنووسـی سـەبارەت بە وڵاتەکەی ئـێمە، لە مـانگی فەبریــــوەری (١٩٥٩)دا جەختــــی لە ســــەر ئەوە کــــردەوە، کە هاوکارییەکـانی سـۆڤیەت بـۆ چـین، لە گەورەیـی و بەرفراوانیـدا بێهاوتان. میللەتی چین بەردەوام ئەوەی لە بەرچاو دەبێت کە ئەو یارمەتییـانەی سـۆڤیەت، یەکـێکە لە گرینگتـرین فاکتەرەکـانی ئەو پێشکەوتنە بەرچاو و خێرایەی وڵاتەکەمان.

هەر لەو سەردەمانەشدا، بازرگـانیی نێوان سۆڤیەت‌و چین بە شێوەیەکی زۆر فراوان پەرەیسەند. لە ساڵی (١٩٥٩)دا، ئاڵوگۆڕی سـالانەی هەر دوو وڵات گەیشـتە نـزیکەی (٢،٠٠٠) ملیـۆن ڕۆبـڵ. ئەمە هاریکـارییەکی سوودبەخش بـوو بۆ هەر دوولا. بێ گومـان، ئەگەر هەڵسـوکەوتی چینییەکـان پرسـەکەی نەشـێواندایە، ئێسـتا هاریکاریی بازرگانی، دارایی، تەکنەلۆجیا و زانستی نێوان ئەم دوو وڵاتە زۆر پێشکەوتبوو. ئەمە تا ڕۆژی ئەمڕۆشمان ڕاستە.

لە سـەر گۆڕەپـانی نێـودەوڵەتیش، یەکێتـی سـۆڤیەت و چـین، خەبـــاتێکی هاوبەشـــیان ڕاگەیانـــدوە لە دژی ئیمپریـــالیزم، پشـتگیریکردنی ئاسایشـی جیهـانی. هەر کاتێـک ئاسایشـی (CPR) کەوتبێـتە بەر هەڕەشـە، یەکێتـی سـۆڤیەت، وەک پابەنـدبوونێکی ڕاستگۆیانە بە ڕێککەوتننامەی دۆستایەتی، پشتگیری و هاریکاری یەکترییەوە، بێ هیچ دواکەوتن و دوودڵییەک، پشتگیری گەلی چینی کــردوە، پــێکەوە پیلانــی دوژمنکــارانەی ئیمپریالیزمیــان هەڵوەشاندوەتەوە.

٤. ئەم هاریکاریو دۆستایەتییە، کە لە بنەماکانی سۆسیالیستی جیهــانییە، بە هــۆی گــۆڕانی سیاســەتی دەرەوە و نــاوەوەی حکــومەتی چــین، لە ســەرەتای شەســتەکاندا، شــێوا. بــاری

سنوورەکانیش هەر لەوکاتەوە پشێوییان تێکەوت. لە سەرەتادا وردە ڕووداوی بچووک هەبوو، پێشێلکردنێکی کەم بۆ یاساوڕێسا سنوورییەکان لە ئارادابوون، کە بەردەوام خەڵکی مەدەنی دەیان کرد، یاخود هەندێک جار خەڵکانێک کە جلوبەرگی سەربازییان لە بەردا (نە)بوو. لە هەندێک شوێندا، سەربازەکانی چین هەوڵییاندەدا، هەر بۆ خۆدەرخستن، سنووری نێودەوڵەتی یەکێتی سۆڤیەت ببەزێنن. هاوکات دەستیان کرد بە بنیادنانی فرۆکەخانەیەکی سەربازیی لە سەر سنوورەکانی (USSR)، کەوتنە ڕێگەلێدان و هەڵکەندنی سەنگەر و دروستکردنی گەنجینەی سەربازی.

پڕوپاگەندە فەرمییەکانی چینیش، بە ئاشکرا دەستیان کرد بە پێداهەڵدانی ئەو هەڵمەتە فراوانخوازییانەی کاتی خۆی جەنگیزخان لە دژی میللەتانی ئاسیا و ئەورووپا بەرپای کردبوو، لەگەڵ دامەزراندنی ئیمپراتۆریەتێکی چینی. هەروەها هەڵمەتەکانی ئیمراتۆری مانچو (Manchu)یی، کانگ هسی (Kang Hsi)و، ئیمپراتۆرەکانی دیکەی چین، سەرکردە دەرەبەگەکانی، کە سیاسەتێکی دوژمنکارانەیان گرتبووەبەر. هەر لەم میانەشدا، کتێبەکانی قوتابخانە و بڵاوکراوەکانی دیکەی (CPR) داڕێژرانەوە، چەندین نەخشە لە چاپدران، کە تێیدا ناوچەیەکی بەرفراوانی یەکێتی سۆڤیەت، وەک هی چین لە قەڵەمدرابوون. هەر لەهەمان ئەو نەخشانەشدا، چین وەها وێناکرابوو، وەک ئەوەی گەڕابێتەوە بۆ سەردەمی بەهێزییەکەی، سنوورەکانی بە شێوەیەک نەخشە کێشرابوون، وەک ئەوەی کە زۆربەی زەوییەکانی ئاسیا، بگرە بەشێکی زۆری ئەورووپاشی گرتبێتەخۆ.

لەو ماوەیەدا، حکوومەتی سۆڤیەتی چەندین هەنگاوی باش‌و بنیادنەرانەی نا، بۆ نەهێشتنی بڵاوبوونەوە و لێکدابڕانی بەشەکانی

سنوور، دیاریکردنیان بە شێوەیەکی ئاسان. هەر لەم بارەیەشەوە، لە (١٧ی مەی ١٩٦٣)دا، حکوومەتی سۆڤیەتی پێشنیارێکی خستە بەردەم حکوومەتی (CPR)، تا ئەو دوو وڵاتە ڕاوێژ بە یەکتری بکەن. ئەم ڕاوێژکردنانە لە مانگی فەبریوەری (١٩٦٤)دا، لە پەکین دەستی پێ کرد. وەفدی سۆڤیەتی بە سەرۆکایەتی پ. ی. زریانۆڤ (P. I. Zyryanov) بوو، کە کەسێک بوو دەسەڵاتی تەواوی پێدرابوو، پلەی بریکاری وەزیری هەبوو. وەفدی چینیش بە سەرۆکایەتی بریکاری وەزیری دەرەوە، تسینگ یونگ - چوان (Tseng Yung – Chuan)، بوو.

لایەنی سۆڤیەتی چەند پێشنیارێکی پێشکەش کرد، کە ئەگەر کاری پێ بکرایە، لە هەندێک شوێندا هەر زوو دەگەیشتن بە یەکلاییکردنەوەی هێڵە سنوورییەکانی نێوانیان. وەفدی سۆڤیەتی لەو ڕوانگەیەوە هەڵسوکەوتی دەکرد، کە سەرکەوتنی ئەم ڕاوێژکارییانە، دەورێکی باڵای دەبێت لە پرسی پاراستنی پێوەندییە دۆستانەکانی نێوان هەر دوو میللەت و هەر دوو وڵاتدا.

بەڵام هەڵسوکەوتی نوێنەرەکانی چین، لە کۆبوونەوە ڕاوێژکارییەکانی ساڵی (١٩٦٤)دا، ئەوەی دەردەخست کە لایەنی چینی، بەلایەوە گرینگ نییە بگات بە هیچ ڕێککەوتنێک. وەفدی (CPR) دەیویست باس لەو سنوورانە بکات کە زۆر لەمێژە دروستبوون، بە پێی چەندین ڕێککەوتننامەش چەسپێنراون. لایەنی چینی پێیانوابوو، کە مەبەست لەم ڕاوێژکارییە، دروستکردنی (کێشەیەکی ناوچەییە)، بۆ دژوارکردنی پێوەندییەکانی نێوان هەر دوو گەل و وڵات، بۆ چەندین ساڵی داهاتوو.

کۆبوونەوەکانی ڕاوێژکاری لە پەکین، بێ ئەوەی بگات بە هیچ ئەنجامێک، کۆتاییهات، بەڵام وەک بنەمایەک لە سەر ئەوە

ڕێککەوتـن، کە لە (١٥ی ئۆکتـۆبەری ١٩٦٤)دا، لە مۆسـکۆ، درێـژە بەو کۆبـــوونەوانە بـــدرێت، بەڵام ســـەرەڕای بیرخســـتنەوەی بەردەوامیـــان، لە لایەن ســـۆڤیەتەوە، لەو کـــاتەدا و لە ســـاڵانی دواتریشـــدا، حکـــوومەتی (CPR) لەوە خـــۆی دزیـــیەوە کە ئەو کۆبوونەوە ڕاوێژکارییانە بگەیەنێت بە ئەنجام.

بەڵام هێشتا گران نییە لە داهاتوودا بگەن بە ڕێککەوتنێک، ئەو بەدحاڵیبوون و لێکنەگەیشتنەی نێوانیان بڕەوێننەوە. تەنها هێندە بەسە کە لایەنی چینی نیازپاکی خۆی پیشان بدات، نوێنەرەکانی چـــین بەو ڕووحـــیەتەوە هەڵســـوکەوت بـــکەن، کە ســـەرۆک وەزیرانەکەیـــان، چـــو ئـــین - لای، بـــۆ نمـــوونە، لە وتەکانیـــدا لە کۆنفرانســـــە ڕۆژنـــامەوانیەکەی (٢٨ی ئەپرەڵـــــی ١٩٦٠)دا، لە کاتمانـدوی پـایتەختی نیپـاڵ، نوانـدی. کە لە وەڵامـی پرسـیاری ڕۆژنامەنووسـێکدا، ئایا هـیچ نـاوچەیەک هەیە لە سـەر سـنووری نێوان (USSR)و (CPR) کە هێشتا نەچەسپێنرابێت؟. ئەو جەختی لە سـەر ئەوە کـردەوە: کە "هەنـدێک وردە نـاکۆکی هەیە لە سـەر نەخشـەکان، بەڵام چـارەکردنی بە شـێوەیەکی ئاشـتییانە، شـتێکی ئاسانە". بەڵام ئەم هەڵوێستە بە کردەوە پشتگیری نەکرا. ئەوەبوو لایەنـــی چینـــی، نەک هەر بەردەوام بـــوو لە ســـەر بەزانـــدنی سنوورەکان، بەڵکوو ژمارەی سنووربەزاندنەکانیشیان زیادیکرد.

٦. بەم شـێوەیە، شـەڕەنگێزییە چەکدارییەکانی دەسـەڵاتدارانی چین، لە نـاوچەی دوورگەی دامانسکی سـەر ڕووبـاری ئوسـوری، بەرێـکەوت نەبـوە. ئەم کـردەوانەش، هەر وەک هەمـوو گـرژی نانەوەکـانی دیـکەی سـەر سـنووری سـۆڤیەتی - چینـی، زیـانێکی گەورە دەدات لە پرســی سۆســیالیزمو ئاشــتی، بەرەی هاوبەشــی تێکۆشان دژی ئیمپریالیزم، دۆستایەتی نێوان هەر دوو گەلی چینی

و سۆڤیەتی.

لە سۆنگەی حەزێکی ڕاستەقینەوە بۆ ئاشتی و ئارامییەکی چەسپاو و جێگیر، لە پێناو درێژەدان و هێشتنەوەی ئەو دۆستایەتی و هاوکارییەی کە لەگەڵ گەلی چیندا هەمانە، حکوومەتی سۆڤیەتی بە پێویستی دەزانێت، کە ڕێوشوێنی خێراو کرداری بگرێتەبەر، بۆ ئاساییکردنەوەی بارودۆخەکە لە سەر سنوورەکانی چینی - سۆڤیەتی. داواش لە حکوومەتی (CPR) دەکات، کە دەستهەڵگرێت لەو کردەوانەی سەر سنوور، ڕەنگە ببنە مایەی ئاڵۆزبوون، هانی چارەسەری ئەو کێشانەش کە دروستدەبن، لە کەشێکی ئارام و لە ڕێگەی دانوستانەوە بدات.

هەروەها حکوومەتی سۆڤیەتی هانی نوێنەرە فەرمییەکانی چین و سۆڤیەت دەدات، کە بەزوترین کات دەستبکەنەوە بەو کۆبوونەوە ڕاوێژکارییانەی، کە لە (١٩٦٤)دا لە پەکین، دەستی پێ کرد.

حکوومەتی سۆڤیەتی زۆر لەو بڕوایەدایە، کە لە کۆتاییدا بەرژەوەندییەکانی گەلانی چین و سۆڤیەت زاڵدەبن بە سەر هەموو ئەو گرژی و ناکۆکیانەدا، کە کەوتوونەتە پێوەندییەکانی نێوان سۆڤیەتو چینەوە.

حکوومەتی (USSR) پێشتریش ڕایگەیاندوە، بە پێویستی دەزانێت دووبارەشی بکاتەوە، کە بە هیچ شێوەیەک دەستدرێژی لە هیچ کەسێک قەبووڵ ناکات بۆ سەر خاک و ناوچەکانی سۆڤیەت. هەر کەسێکیش بیەوێت بەزمانی چەک قسە لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەت و گەلی سۆڤیەتیدا بکات، زۆر بە توندی وەڵامی دەدرێتەوە.

گەلی سۆڤیەت بە یەک دەنگ پشتگیری لە سیاسەتەکانی دەرەوەی لینینیستی، یەکێتیی سۆڤیەت، حکوومەتی (USSR) دەکەن، لەو ڕێوشوێنانەی کە گرتویەتییەبەر، بۆ زامنکردنی

ئاسایش و توندوتۆڵی سنووره پیرۆزەکانی نیشتمانی سۆسیالیستیمان.

# دۆکیۆمێنتی (٣٨)

## لێدوانەکەی حکوومەتی کۆماری چینی میللی (٢٤ی مەی ١٩٦٩)

(دەقی تەواوی لێدوانەکە لە پەکین ڕیڤیودا، Vol. 12, No. 22, p.p. 3–9).

لە (٢٩ی مارتی ١٩٦٩)دا، حکوومەتی سۆڤیەتی لێدوانێکی دەرکرد سەبارەت بە کێشە سنوورییەکەی سینۆ - سۆڤیەتی.

لە (١ی ئەپریلی ١٩٦٩)دا، لین پیاو (Lin - Piao)ی جێگری سەرۆکی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی کۆمۆنیستی چین، لە ڕاپۆرتەکەیدا بۆ نۆیەمین کۆنگرەی نیشتمانی پارتی کۆمۆنیستی چینی، ئەوەی ئاشکرا کرد، کە حکوومەتی سۆڤیەتی، تا ئێستاش

هەر بەردەوامە لە سـەر هەڵوێسـتە دوژمنکـارییە تونـدەکەی، لە کاتێکـدا ئـارەزوی خـۆی دەردەبڕێـت بـۆ دەسـتپێکردنەوەی کۆبـوونەوە ڕاوێژکارییەکـان. حکوومەتەکەشـمان خەریکـی هەڵسەنگاندنی وەڵامێکی گونجاوە بۆ ئەم پرسە.

پـارتی کۆمۆنیسـتی چـین و حکـوومەتی چینـی، بەردەوام لەو باوەڕەدا بوە، کە پێویستە پرسە سنوورییەکان لە ڕێگەی دانوستان و کەناڵە دیپلۆماسییەکانەوە چارەسەر بکرێت. تا ئەو چارەسەرەش دێتەدی، پێویسـتە دۆخـی ئێسـتای سـنوورەکان (Status Que) بپارێزرێت و کێشەی بۆ دروست نەکرێت.

ئەمە هەڵوێستی ئێمە بوە لە ڕابردوودا، هەروەهاش دەمێنێتەوە لە داهاتودا.

تەشەنەسـەندنو گەورەبـوونی کێشـە سـنوورییەکانی سـینۆ - سۆڤیەتی، تـا گەیشـت بەم دۆخەی ئێسـتای، هەمـووی لە ئەسـتۆی لایەنـی سـۆڤیەتیدایە. حکـوومەتی چـین، لێـرەدا ڕاسـتی کێشـە سـنوورییەکانی سـینۆ - سـۆڤیەتی دەخـاتەڕوو، کە بەم شـێوەیەی خوارەوەیە:

- دوورگەی چینپاو (دامانسکی)، خاکی چینە، ئەو ڕووداوەش کە لە دوورگەی چینپاو ڕوویدا، حکوومەتی سۆڤیەتی بە ئەنقەست نایەوە.

دوورگەی چینپـاو ئەوەتەی هەیە هەر خـاکی چـین بـوە. هەتـا پـێش سـاڵی (١٨٦٠)یـش، ڕووبـاری وسـوڵی (ئوسـوری)، کە دوورگەی چینپـاو دەکەوێـتە سـەری، بە یەکێـک لە ڕووبـارە ناوخۆییەکـانی چـین لەقەڵەم دەدرا. تەنهـا لە دوای جەنگی ئەفیـون (Opium War)ی سـەدەی نـۆزدەیەمەوە، ئەو کـاتەی کە هێـزە سەرمایەدارەکان، یەک لە دوای یەک، ڕێککەوتننامەی نابەرابەریـان

دەسـەپاند بە سـەر چیندا، ئەوکـات ڕووبـاری وسـولّی، بە پێـی ڕێککەوتننامەی سینۆ - ڕووسی پەکینی (١٨٦٠)، بوو بە بەشێک لە سنوورەکانی نێوان چین و ڕووسیا.

بە پێی بنەما سەرەکییەکانی یاسای نێودەوڵەتیش، لەو ڕووبارە سنووریانەدا کە کەشتیڕانییان تێدا دەکرێت، هێڵی ناوەڕاستی ناو ڕووبـارەکە دەبێت بە هێڵـی سـنووری، خاوەنـداریێتی دوورگەکـانی ناویشـی، بەوپێـیە دیـاری دەکرێـت. بەم پێـودانگەش، لەبەر ئەوەی دوورگەی چینپـاو، دەکەوێـتە بەشـە چینـێکەی ئەمـدیو هـێڵە ناوەنـدێکەی ڕێچـکە سـەرەکییەکەی ڕووبـاری وسـولّییەوە، کەواتە، بـێ چەنـدوچون، دوورگەیەکـی چینیـیە، بەردەوامـیش هەر لە ژێـر دەسەڵاتی چیندا بوە.

حکوومەتی سۆڤیەتی باس لەو نەخشـەیە دەکات، کە هـاوپێچی ڕێککەوتننامەکەی پەکینی سینۆ - ڕووسـی کراوە، بانگەشـەی ئەوە دەکـات کە بە پێـی ئەم نەخشـەیە، هـێڵە سـنوورییەکە لە نـاوچەی دوورگەکەی چینپاودا، بە قەراغی کەنـارەکەی لای چینی ڕووبـاری وسولّیدا دەڕوات، بەمەش هەوڵێکی بێهودە دەدات ئەوە بسـەلمێنێت، کە دوورگەی چینپاو هی یەکێتی سۆڤیەتە.

بەڵام ئەم نەخشـەیە هیچ دادی نـادات، چونکە ئەو نەخشـەیەی، کە کراوە بە ڕێککەوتنـامەکەی پەکینـی سـینۆ - ڕووسـییەوە، کـاتی خـۆی تزارەکـانی ڕووسـیا بـۆ خۆیـان، بە تەنهـا پـێش ئەوەی، کە ڕووپێـویەکەی سـاڵی (١٨٦١) بـۆ سـنوورەکانی ئەنجـام بـدرێت، کێشـاویانە. تەنـانەت ڕووپێـوییەکەی سـاڵی (١٨٦١)یش تەنهـا بـۆ سـنوورەکانی ئەو زەوییـانە بـوون، کە دەکەونە باشـووری دەریـاچەکەی هسـینگکای (Hsingkai)ەوە نەک ئەو سـنوورانەی دەکەونە سـەر ڕووبارەکـانی وسـولّی و هایلۆنـگ (Heilung). ئەو

هـێڵە سوورەشـی لە سـەر نەخشـە هـاوپێچەکە کێشـراوە، کە پێوەرەکەی (١ : ١,٠٠٠,٠٠٠)ە، تەنها بۆ ئەوەیە، نیشانی بدات، ئەو دوو ڕووبارە بوونەتە سنوور لە نێوان ئەم دوو وڵاتەدا.

ئەم هـێڵە سـووره هـیچ کـات ناتوانێت بەوردی جـێگەی هـێڵە سنوورێکەی سەر ڕووبارەکە دیاری بکات، جا چجای دیاریکردنی خاوەندارێتی دوورگەکانی. بەم شـێوەیەش ئەمە بە هیچ شـێوەیەک ناتوانێت بیسەلمێنێت کە دوورگەی چینپاو موڵکی یەکێتی سۆڤیەتە.

لە ڕاسـتیدا، لە دوای ئیمزاکردنـی ڕێککەوتننـامەکەی پەکینـی سـینۆ - ڕووسـیش، هەر دوولا بەردەوام هەر ڕەچـاوی هـێڵە ناوەنـدیکەی ڕێچـکە سـەرەکێکەیان کـردوە، بـۆ دیـاریکردنی خاوەندارێتی دوورگەکان، هەر بەم پێیەش دەسەڵاتەکانیان دابەش کردوە بەسەر دوورگەکاندا.

ئەمەش ئەو نامانە دەیسەلمێنن، کە کاربەدەستە سنوورییەکانی ڕووسیای تزاری بۆ لایەنی چینییان ناردوە. بۆ نموونە، کوزمین (Kuzmin)ی کۆمیسـاری سـنووریی نـاوچەی ئـاموری ڕووسـیای تـزاری، لە نامەیەکیـدا، لە (٨ی مەی ١٩٠٨)دا، بـۆ کاربەدەسـتە چینییەکـان، ئەوەی دووپـات کـردوەتەوە، کە ئەگەر ئەم دوو وڵاتە، بە پێی ڕووبارەکان لێک جیا بکرێنەوە ئەوسا دەبێت ئەو هێڵەی، کە بە ناوەڕاستی ڕووبـارەکەدا دەڕوات، بکرێت بە هێڵـی سـنووری نێوانیان. لەو ڕووبارانەشدا، کە کەشتیرانی تێدادەکرێت، دەبێت ئەو هێڵە بە ناوەڕاستی ڕێچکە سەرەکییەکەی کەشتییەوانێکەدا بڕوات.

جارێکی دیکەش، لە نامەکەی (٦)ی سێپتەمبەری هەمـان سـاڵدا، بـۆ کاربەدەسـتانی چـین، کـوزمین دەڵێـت: "دوورگەکـانی نـاو ڕووبارەکان بە پێی ڕێچکە سەرەکییەکانیان دابەش دەکرێن".

لە کـاتی دانوسـتانەکانی تـایبەت بە سـنووری سـاڵی (١٩٦٤)دا،

نوێنەرەکەی سۆڤیەت دانی بەوەدا نا، کە ئەو هێڵە سوورەی لە سەر نەخشە هاوپێچەکەی ڕێککەوتننامەی پەکینی سینۆ – ڕووسی کێشراوە، ناتوانێت بە وردی هێڵە سنوورییەکەی ناو ڕووبارەکان دیاری بکات. نە دەشتوانێت خاوەندارێتی دوورگەکان دیاری بکات.

پێویستە ئەوەش بزانرێت کە دوورگەی چینپاو، لە ئەسڵدا دوورگە نەبوە، بەڵکوو بەشێک بوو لەو کەنارەی، کە سەر بە لایەنی چینە، لە ڕووباری وسولی، کە دواتر لە ئەنجامی داخورانو ڕووتبوونەوە، بە هۆی ئاوی ڕووبارەکەوە، بوە بە دوورگە. هەتا ئەمڕۆش، کە ئاوەکە کەم دەکات، دوورگەی چینپاو دەبێتەوە بە بەشێک لە کەناری چین، ئەو لایەی ڕووبارەکەش، کە دەکەوێتە خۆرئاوای دوورگەکەوە، هیچ کات هاموشۆی دەریایی تێدا ئەنجام نادرێت.

ئەم ڕووداوەی دوورگەکەی چینپاو، لایەنی سۆڤیەتی هەر بە ئەنقەست نایەوە. لەوسالانەی دواییدا، چەندین جار هێزەکانی سۆڤیەت بە هەلیکۆپتەر، زرێپۆشو ئۆتۆمبیلی سەربازییەوە، لە ناوچەی دوورگەی چینپاوەوە، بۆ ئاژاوەگێڕی، پێشڕەوییان کردوەتە ناو خاکی چینەوە. تەنها لە دوو مانگی سەرەتای ئەمساڵدا، هەشت جار زیاتر هاتوونەتە ناو دوورگەکەوە. خەڵکە چینییەکانیان فڕاندوە، دەستدرێژییان کردوەتە سەر پاسەوانە سنووریەکانی چین، برینداریانکردوون، چەکو تەقەمەنییەکانیان زەوتکردوون. سەبارەت بەم شەڕەنگێزیانەی لایەنی سۆڤیەتیش، لایەنی چینی بەردەوام ئارامیو هێمنی نواندوە، سوور بوە لە سەر ئەوەی کە شتەکان لە سەر بناغەی ڕاستییەکان هەڵبسەنگێندرێن، داوای کردوە، کە لایەنی سۆڤیەتی دەستهەڵگرێت لەو پێشڕەویی کردن و شەڕەنگێزیانەی.

بەڵام، لەبەر ئەوەی کە پێیان وایە چین بێهێزە، دەکرێت زوڵمی لێ بکەن، لایەنی سۆڤیەتی هەتا دەهات شەڕەنگێزتر دەبوو. کە لە (١٦)ی فەبریوەردا پێشڕەوییان کرد بۆ ناو دوورگەی چینپاو، هێزەکانی سۆڤیەت بە ئاشکرا ئەوەیان ڕاگەیاند، کە ئەگەر بێت و پاسەوانە سنوورییەکانی چین جارێکی دیکە دەورییە بنێرن بۆ ئەوێ، هێزیان لەگەڵدا بەکاردەهێنرێت.

لە دوای ئەوە، هێزە سۆڤیەتییەکانی سەر سنوورەکانی خۆرهەڵاتی دوور، خرانە دۆخی ئامادەباشی ئاستی یەکەمەوە. لە (٢)ی مارتدا، ژمارەیەکی زۆر لەهێزە سۆڤیەتییەکان بە زرێپۆش و ئۆتۆمبیلی سەربازییەوە، لە ناوچەی دوورگەی چینپاوەوە چوونە ناو ناوچە چینییەکانەوە. هەر لە هەمانکاتیشدا، لە نیژنە - میخائیلۆڤکا (Nizhne – Mikhailovka)و کوڵەبیا کینیا (Kulebya Kinya)، هێرشێکی لە ناکاویان کردە سەر پاسەوانە سنوورییە چینییەکان، کە لە دەورییەیەکی ئاسایی خۆیاندابوون، ئیتر بە تۆپ و ڕەشاش کەوتنە تەقەکردن لێیان، ژمارەیەکی زۆریان لە پاسەوانە سنوورییە چینییەکان کوشت و بریندار کرد.

پاش ئەوەی کە زۆریان بۆ دێت، پاسەوانە سنوورییە چینییەکان ناچاردەبن، بۆ پارێزگاری لە ژیانی خۆیان، وەڵامیان بدەنەوە. لە (١٥)ی مارتدا، جارێکی دیکەش هێزە سۆڤیەتییەکان پێشڕەویی دەکەنەوە بۆ ناو دوورگەی چینپاو، دەکەونە بۆمبارانکردنی قووڵایی ناوچەکانی ناوەوەی چین، لە سەر کەنارە چینیەکەی ڕووبارەکە. بەمەش ڕووداوێکی خوێناوی دیکەیان قەوماند. ئەمەیە ڕاستی ڕووداوەکەی دوورگەی چینپاو. چیدی درۆودەلەسە دادی حکوومەتی سۆڤیەتی نادات، بۆ خۆدزینەوە لە بەرپرسیارێتی تاوانەکانی.

- ئەو ڕێككەوتننامانەی كە پێوەندییان بە سنوورەكانی سینۆ – سۆڤیەتی ئێستاوە هەیە، هەر هەمووی نابەرابەرن، لە لایەن ئیمپریالیزمی ڕووسیای تزارییەوە، بەزۆر، سەپێنراون بە سەر چیندا.

ڕووسیای تزاری، كە دەوڵەتێكی ئەوروپی بوو، لە سەرەتاوە هاوسنووری چین نەبوو، بەڵام لە سەدەی شانزەیەمدا دەستی كرد بە فراوانبوون ڕوە و خۆرهەڵات، تا بەشی دوەمی سەدەی حەڤەیەمیش هیچ كێشەیەكی سنووری لەگەڵ چیندا نەبوو.

لە ساڵی (١٦٨٩)دا، چین و ڕووسیا یەكەم ڕێككەوتننامەی سنووریی نێوانیان ئیمزا كرد، كە ڕێككەوتننامەی نیپچو (Nipchu)ە، بەهۆیەوە سنووری خۆرهەڵاتی سینۆ – ڕووسی دەستنیشان كرا.

لە ساڵی (١٧٢٧)دا، چین و ڕووسیا ڕێككەوتننامەی بورینسكی (Burinsky)یان مۆركرد، كە بە هۆیەوە بەشی ناوەڕاستی سنوورەكانی سینۆ – ڕووسی دەستنیشان كرا. كە بەشێكی گەورەی ئەم بەشەی سنوورەكە، ئێستا بوە بە سنووری نێوان مەنگۆلیاو سۆڤیەت.

سنوورەكانی خۆرئاوای چینیش، ئەوكات دەریاچەی باڵخاش (Balkhash) بوو، كە زۆر دووربوو لە سنوورەكانی ڕووسیای تزارییەوە. لە دوای شەڕی (ئەفیون)ی ساڵی (١٨٤٠)، چین وا بچووك بوەوە، وەك نیمچە كۆڵۆنیالێكی لێهات، لە كاتێكدا ڕووسیا بەرە بەرە خەریكبوو دەبوو بە وڵاتێكی ئیمپریالیستی فیوداڵ – سەربازی (Military – Feudal).

هەر لە سەرەتای پەنجاكانی سەدەی نۆزدەیەمەوە، ڕووسیای تزاری، لە ژێرەوە لەگەڵ دەوڵەتە ئیمپریالیستییەكانی خۆرئاوادا

ڕێککەوت، کە سیاسەتێکی دوژمنکارانەی داتاشینی چین پەیڕەو بکات. لە ماوەیەکی کورتی نیوسەدەدا، چینی ناچارکرد زنجیرەیەک ڕێککەوتننامەی نابەرابەر ئیمزا بکات، کە بە هۆیانەوە توانی زیاتر لە (١,٥٠٠,٠٠٠) کیلۆمەتری چوارگۆشە لە خاکی چین بخاتە ژێر دەستی خۆیەوە، کە ڕووبەرکەی سێ ئەوەندەی ڕووبەری فەرەنسا، (١٢) ئەوەندەی ڕووبەری چیکۆسلۆڤاکیا دەبێت.

لەوکاتەدا کە هێزەکانی ئیمپریالیستی ئەنگلۆ - فەرەنسی، لە دەستدرێژێکەیاندا بۆ سەر چین، هێرشیان هێنابوە سەر تیانتسین (Tientsin) و بووبوونە هەڕەشە بۆ سەر پەکین، ئیمپریالیستی ڕووسیای تزاری هەلەکەی قۆستەوە، بە زۆری چەک، کاربەدەستانی شانشینی چینگ (Ching)یان ناچارکرد، کە ڕێککەوتننامەی ئایگون (Aigun)ی سینۆ - ڕووسی، لە (٢٨ی مەی ١٨٥٨)دا، ئیمزابکات. کە بە هۆیەوە زیاتر لە (٦٠٠,٠٠٠) کیلۆمەتر چوارگۆشەیان لە خاکی چین، لە باکووری ڕووباری هایلونگ (Heilung River) و باشووری چیاکانی خینگانی دەرەوە ( Outer Khingan Mountains) زەوت کرد. ناوچە چینییەکانی خۆرهەڵاتی ڕووباری وسولی (Wusuli)یشیان خستە ژێر دەسەڵاتێکی هاوبەشی چین و ڕووسەوە.

بە سوودوەرگرتن لەو فشارە سەربازییەی، کە کەوتبوە سەری، بە هۆی داگیرکردنی پەکین لە لایەن هێزە هاوپەیمانەکانی ئەنگلۆ - فەرەنسییەوە، کە چینیان داگیرکردبوو، بە بیانوی ئەوەش، کە بەشداری کردوە لە (ناوبژیەکاندا)، بە هەڕەشەکردن بەوەی کە (زۆر ئاسانە جەنگەکە هەڵبگیرسێنێتەوە)، تزارەکانی ڕووسیا زۆریان لە حکوومەتی بنەماڵەی شاهانەی چینگ کرد، کە ڕێککەوتننامەی سینۆ - ڕووسی پەکین (Peking)یش، لە (١٤ی

نۆڤەمبەری ١٨٦٠)دا ئیمزابکات، کە بە هۆیەوە، هەر بەزۆر، نزیکەی (٤٠٠,٠٠٠) کیلۆمەتر چوارگۆشەیان لە خاکی چین، لە خۆرهەڵاتی ڕووباری وسولییەوە، خستە ژێر حوکمی ڕووسیاوە.

بە هۆی ڕێککەوتننامەکەی پەکینی سینۆ - ڕووسی، بە پێی پرۆتۆکۆلی تا - چینگ (Ta – Cheng Protocol)، سەبارەت بە دیاریکردنی سنوورەکانی سینۆ - ڕووسیا، کە تزارەکانی ڕووسیا لە (٧ی ئۆکتۆبەری ١٨٦٤)دا، بەزۆر بە حکوومەتەکەی بنەماڵەی شاهانەی چینگیان ئیمزاکرد، تزارەکانی ڕووسیا زیاتر لە (٤٤٠,٠٠٠) کیلۆمەتر چوارگۆشەیان لە ناوچەکانی خۆرئاوای چین لکاند بە ڕووسیاوە.

لە ساڵی (١٨٧١)دا، تزارەکانی ڕووسیا هێزی سەربازییان نارد بۆ ناوچەی ئیلی (Ili)ی چین‌و داگیریانکرد، ئیتر بۆ ماوەی (١٠) ساڵ لەوێ مانەوە. لە (٢٤ی فەبریوەری ١٨٨١)دا، بنەماڵەی شاهانەی چینگیان ناچار کرد، کە ڕێککەوتننامەی سینۆ - ڕووسی ئیلی (Ili)ی ئیمزابکات. لە ڕێگەی ئەم ڕێککەوتننامەیەشەوە، لەگەڵ ئەو پرۆتۆکۆلی دیاریکردنی سنوورانەی کە بەدوایدا هاتن، ڕووسیای تزاری زیاتر لە (٧٠,٠٠٠) کیلۆمەتر چوارگۆشەی دیکەی لە زەوییەکانی چینی، کردە خاکی ڕووسیای تزاری.

مامۆستا مەزنەکانی پرۆلیتاریای جیهانی، مارکس، ئەنگلس‌و لینین، هەر زوو گەیشتنە ئەو دەرئەنجامە ژیرانەیەی، کە ئەم ڕێککەوتننامانە نابەرابەرن. لە لێدوانێکیدا سەبارەت بە ڕێککەوتننامەکەی ئایگونی ساڵی (١٨٥٨)ی سینۆ - ڕووسی، مارکس وتی: "بەم جەنگەی دوەمی (ئەفیون)، جۆن بوڵ (John Bull) یارمەتییەکی گەورەی ڕووسیای دا، لە بەدەستهێنانی زەوییەکی بە نرخ، کە دەکەوێتە نێوان کەنداوی تارتاری (Golf of Tartary)و

دەریاچەی بایکاڵەوە. کە ناوچەیەکە، ڕووسیا زۆر لەمێژە هەوڵی بۆ دەدات، هەر لە تزار ئەلێکسی میخائیلۆڤیچەوە (Alexi Mikhailovich) هەتا نیکۆلاس (Nicholas)، بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدابوون بە دەستی بهێنن."

ئەنگلسیش هەر لە هەمان ساڵدا دەڵێت: "ڕووسیا ناوچەیەکی لە چین زەوت کردوە، کە هێندەی پانتایی فەرەنساو ئەڵمانیا دەبێت پێکەوە، ڕووبارێکیشی لێ زەوت کردوە، کە هێندەی ڕووباری دانوب دەبێت. هەر بەوەشەوە نەوەستا، لیژنەیەکی ڕووسی - چینی پێکهێنا بۆ چەسپاندنی سنوورەکانیان. ئێمە هەموو دەزانین ئەو لیژنەیە لە ژێر ڕکێفی ڕووسیادایە بینیشمان، کە لە سەر سنوورە ئاسیاییەکانی تورکیا چۆن کاریان دەکرد، بۆ ماوەی زیاتر لە (٢٠) ساڵ کەوتنە داتاشینی پارچە لە دوای پارچەی ئەو وڵاتە."

شتەکان هەر بەو شێوەیە بوون، کە ئەنگلس ژیرانە بۆی چوبوو. لە دوای ساڵی (١٨٥٨)، ڕووسیای تزاری کەوتە داتاشینی پارچە لە دوای پارچەی خاکی چین، بە هۆی ئیمزاکردنی هەر ڕێککەوتننامەیەک، لەگەڵ هەموو ڕووپێوکردنێکی سنوورەکاندا.

لینینیش بە هەمان شێوە چەند جارێک بەتوندی سەرزەنشتی تزارەکانی ڕووسیای کردوە، لە سەر ئەو کارە دوژمنکاریانەی کە بەرامبەر بە چین ئەنجامیانداوە. ئەو دەڵێت: "وڵاتە ئەورووپییەکان، لە پێش هەموویانەوە، حکوومەتی ڕووسیا، دەستیان کرد بە پارچە پارچەکردنی چین، بەڵام سیاسەتەکانی حکوومەتی تزاری لە چیندا، سیاسەتێکی تاوانکارانە بوو."

ئەمانە لەکاتێکدا بەگوفتار خۆیان وا پیشاندەدەن، کە بە ئەمەکن بۆ وتەکانی لینینی ڕۆژی (٢٩)ی مارت، بەڵام حکوومەتی سۆڤیەتی لەم لێدوانەیدا، ڕاستەوخۆ پێچەوانەی ئەو بۆچوونە ژیرانانەی

مـاركس، ئەنگڵس و لینین کاریـان کـردوه، بە تەواوی لە ڕێنمـاییو ئامۆژگارییەکانی ئەوان لایانداوە.

حکـــوومەتی ســـۆڤیەتی، بـــۆ ئەوەی پێداویســـتی سیاســـەتە ئیمپریالیســـتییەکانی خـــۆی فەراهەم بکـات، تەنـانەت دوژمنکـارییە ئیمپریالیســتییەکانی ڕووســیای تـزاری، کە لە دژی چینـی نـیمچە کۆلۆنیالی، پاش نیوەی دوەمی سەدەی نۆزدەیەم ئەنجامیداوە، نـاو نـاوە (ناکۆکییەکـانی نێـوان ئیمپراتۆرەکـانی چـین و تزارەکـان)، کە کەس نازانێـت لە مـانەدا کـێ دەســتدرێژیکار بـوە و کـێ قوربـانی یـاخود ئایـا ئەو ڕێککەوتننامـانەی، کە لە نێوانیانـدا مـۆرکراوون، دادپەروەر بوون یان نا. ئەمە لۆجیکێکی شەقاوانەیە لەبەرگریکردن لە دەستدرێژی و دوژمنکارییەکانی ئیمپریالیستی ڕووسیای تزاری.

لە کاتی خۆیدا، لینینی مەزن زۆر بە گەرمی پشتیوانی لە چینو هەمـو وڵاتە چەوسـاوەکانی دیـکە دەکـرد، لە بەرەنگـاربوونەوەی دەســـتدرێژییەکانی ئیمپریـــالیزمی ڕووســـیای تـــزاری، هەمـــوو ئیمپریالیزمەکـانی دیکەش. ئەو دەیـوت: "ئەگەر سـبەینێ مەغـریببیش جەنگ ڕابگەیەنێت لە بەرامبەر فەرەنسادا، یاخود هیند بەرامبەر بە بەریتانیـا، یـاخود ئێـران یـان چـین، بەرامـبەر بە ڕووسـیا یـان هەر شـوێنێکی دیـکە، ئەوا ئەو جەنـگە ڕەوایە، جەنگێـکی بەرگریکـارییە. گرینـگ نییە کێ لە پێشـدا هێرشـی کـردوەتە سـەر ئەویتر. هەمـوو کەسێکی سۆسیالیستی پێی خۆشە سەرکەوتنی دەوڵەتە چەوساوە، ژێردەســـتە، نابەرابەرەکـــان ببینێـــت، بەســـەر دەوڵەتە زلهێـــزە، چەوسێنەرە، داگیرکارە، تاڵانکارەکاندا".

ئەمـڕۆ کە مـرۆڤ دەگەڕێتەوە بـۆ ئەو ڕاوبۆچوونـانەی لینـین، تەنها یەک شـتی بـۆ ڕووندەبێتەوە، ئەم هەمـوو ڕاگەیاندنە گەرم و گـــوڕانەی، کە بە لـــۆجیکی شـــەقاوەکانی ئیمپریالیســـتیی، لە لایەن

حکـــوومەتی ســـۆڤیەتییەوە دەدرێـــت، نەک هەر تەنهـــا لە دژی سیاســـەتەکانی لینیـــنن، بەڵکـــوو ناشـــیرینترین و ڕســـواترین هەڵگەڕانەوەیە لە لینینیزم.

ئەو ڕاستییەی کە کێشـەی سـنووری هەیە لە نێـوان چـین و یەکێتی سۆڤیەتیدا، کەس ناتوانێت بیشارێتەوە.

کێشـەی سنووری لە نێوان چین و یەکێتی سۆڤیەتیدا بـوونی هەیە، نەک تەنهـا لەبەر ئەوەی، کە ڕووسـیای تـزاری زیـاتر لە (١,٥٠٠,٠٠٠) کیلـۆمەتر چوارگۆشـە زەوی چینـی زەوت کـردوە و لکانـدوونی بە خـۆیەوە، لە ڕێـگەی چەنـد ڕێککەوتننـامەیەکی نابەرابەرەوە، کە بە زۆر سەپاندوێتی بە سەر چیندا، بەڵکوو لەبەر ئەوەش کە لە زۆر شـوێندا، ئەو هـێڵە سنووریانەشـی بەزانـدوە، کە لە ڕێگەی ئەو ڕێککەوتننامە نـابەرابەرانەوە دیاریکراون، زەوییەکـی زۆر فراوانتری لە خاکی چین داگیرکردوە.

تەنـانەت ئەو نـاوچە ئاوییانەی، کە ئەوەتـای هەن هەر لە ژێـر دەسەڵاتی چیندا بوون، ئێستا وەهـا نەخشـە کێشـراون، کە نـاوچەی سۆڤیەتین. بۆ نموونە، لە نـاوچەی پامیردا، ڕووسیای تزاری زیاد لە (٢٠,٠٠٠) کیلـــۆمەتر چوارگۆشـــەی لە خـــاکی چـــین، وەک پێشـێلکارییەک بـۆ بەنـدەکانی (پرۆتۆکـۆلی سـنووریی سـینۆ - ڕووسی ناوچەی کاشگار (Kashgar)ی سـاڵی ١٨٨٤)، داگیرکرد. هەروەها، لە ناوچەی ڕووبارەکانی وسولی‌و هێیلۆنگدا، حکوومەتی سـۆڤیەتی، وەک پێشـێلکارییەک بـۆ ڕێککەوتنامەکـانی ئـایگون و پەکینـی سـینۆ - ڕووسـی، بنەماکـانی یاسـای نێـودەوڵەتی، هێنـدە زیادەڕەوی کردوە، کە هـێڵە سنوورییەکەی بە شـێوەیەک کێشـاوە، کە بە تەواوی لە سـەر بەشـە چینـیەکەی کەنـاری ڕووبارەکـانە، بەڵکـوو لە هەنـدێک شـوێندا هـاتوەتە سـەر ڕووبـار و دوورگە

ناوخۆییەکـــانیش، زیـــاد لە (٦٠٠) دوورگەی، لەو (٧٠٠) دوورگە چینییەی، کە دەکەونە بەشـی چینی ئەو هـێڵە سنوورییەوە، کە بە ناوەندی ڕووبارەکەدا دەڕوات، کە زیاتر لە هەزار کیلۆمەتر دەبێت، بە هی سۆڤیەتی لە قەڵەم داوە.

ســەبارەت بەو ڕێککەوتننــامە نــابەرابەرانەش، کە ڕووســیای تزاری سـەپاندبوونی بە سـەر چیندا، لینینی مەزن بەردەوام لەگەڵ هەڵوەشاندنەوەیاندا بوو. ئەوەبوو لە (٢٧ی سێپتەمبەری ١٩٢٠)دا، حکوومەتی سۆڤیەتی، بە ڕابەرایەتی لینین بە ئاشکرا ڕایگەیاند، کە "هەر چی ڕێککەوتننامەیەک لە نێوان حکوومەتی ڕووسیای پێشو و حکــوومەتی چـــین دا ئیمزاکــراون، هەمــووی بەتـــاڵن. هەر چـــی زەویوزاری چین، هەر چی ئیمتیازاتێکی ڕووسی هەیە لە ناو چیندا، هەمووی دەگەڕێنرێنەوە بۆ چینییەکان، بێ هیچ قەرەبوویەک و بۆ هەتاهەتـایە. بە هەمـوو ئەو شتانەشـەوە، کە حکـوومەتی تـزاری و بۆرژوا ڕووسییەکان زەوتیان کردوە لێیان".

لەوەش زیـاتر، لە ڕێکەتننـامەکەی (٣١ی مەی ١٩٢٤)ی تـایبەت بە (بنەمـا گشـتییەکانی چارەسـەرکردنی کێشـەکانی نێـوان چـین و یەکێتی سۆڤیەت)دا هاتوە، کە "لیژنەیەک، بە ڕەزامەندی هەر دوولا، هەڵدەســتێت بە هەڵوەشــاندنەوە و دەســتکاریکردنی هەمــوو ئەو ڕێککەوتننــامە، پرۆتۆکـۆل، بەڵێننــامەو... هتــدانەدا، کە لە نێــوان حکـــوومەتی چـــین و حکـــوومەتی تزارەکانـــدا مـــۆرکراون، بە ڕێککەوتننامە و پەیماننامە و... هتدی نوێ جێگەیان دەگرێتەوە، لە سـەر بنەمـای یەکسـانی، بەرژەوەنـدی هەر دوولا، دادپەروەری، بە گیــانی ڕاگەیانــدنەکەی حکــوومەتی ســۆڤیەتی ســاڵانی (١٩١٩–١٩٢٠)ەوە". هەروەهـــا بـــۆ "دووبـــارە کێشـــانەوەی ســـنوورە نیشتمانیەکانیان، پارێزگاریکردن لە دۆخی ئێستای سنوورەکان، تا

ئەم کاری دووبارە دیاریکردنەوەیە ئەنجام دەدرێت."

لە دوای ڕێککەوتننامەکەی (١٩٢٤)ەوە، چین و یەکێتی سۆڤیەت لە (١٩٢٦)دا کەوتنە دانوستان، بۆ گفتوگۆکردن لە سەر دووبارە کێشانەوەی سنوورەکان، بەستنی ڕێککەوتننامەیەکی نوێ.

بەڵام لەبەر بارودۆخی مێژوویی ئەو کاتە، نەگەیشتن بە هیچ ڕێککەوتنێک سەبارەت بە سنوورەکان. نە دووبارە دەستنیشانکردنەوەی سنوورەکان ڕوویدا، نە هیچ ڕێککەوتنێکی نوێی (یەکسان)یش لە نێوانیان ئیمزاکرا. بەم شێوەیە، ئەم سیاسەتە پرۆلیتارییاییەی لینین نەهاتەدی.

ئەم ڕاستییانەی سەرەوە، بە تەواوی دەریدەخەن، کە ئەو ڕێککەوتننامانەی کە لە ئارادان سەبارەت بە سنوورەکانی سینۆ – سۆڤیەت، هەر هەموویان نابەرابەرن، هەر هەموویان پێویستە هەڵبوەشێنرێنەوە، پرسی کێشە سنوورییەکانی سینۆ – سۆڤیەتیش کێشەیەکی گەورەیە.

حکوومەتی سۆڤیەتی لە وتەکەیدا، تەنانەت بە یەک وشەش، باسی لەو ڕاستییە نەکردوە، کە بە پێی ئەم ڕاگەیاندنو ڕێککەوتننامەیەی سەرەوە بێت، (هەموو) ئەو ڕێککەوتننامانەی کە لەگەڵ چیندا مۆرکراون دەبێت هەڵبوەشێنرێنەوە، هەر چی ناوچەی دەستبەسەراگیراوی چین هەیە، بگەڕێنرێنەوە بۆی، بەڵام باسی لەو ڕاگەیاندنە بێماناو بێبەهایەی ڕێککەوتننامەکەی (١٩٢٤) کردوە، کە گوایە نەیوتوە ئەم ڕێککەوتننامە سنوورییانە نابەرابەرن، هیچ باس و خواسێک لە ئارادا نەبوە بۆ بەتاڵکردنەوەیان. بە ڕاستی ئامەیە "یاریکردن بە مێژوو، بەکارهێنانی لە بەرژەوەندیی داوا ناوچەییەکانی خۆتدا".

سەرۆک ماو، پووچەڵکردنەوەی ڕێککەوتننامە نابەرابەرەکانی

نێوان چین و ڕووسیای، له لایەن حکوومەتی سۆڤیەتییەوە، بە ڕابەرایەتی لینین، زۆر بەرزنرخاند، بەڵام لە قسەکانی ماودا، هیچ ئاماژەیەک نییە بۆ ئەوەی کە کێشەی سنووریمان نییە لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەتدا.

هەمان شتیش سەبارەت بە وتەکانی د. سەن یات - سین، ڕاستە، چونکە ڕێککەوتننامەکانی (دۆستایەتی‌و هاوپەیمانی‌و هاریکاری)ی، ڕێککەوتننامەی (کەشتیرانی لە ئاوە سنوورییەکاندا)ی نێوان چین و سۆڤیەت، ئەمانە هیچیان ڕێککەوتننامە، یاخود پەیماننامەیەک نین، بۆ چارەسەرکردنی کێشە سنوورییەکان بەسترابن، هەر وەک چۆن ئەوەش ناسەلمێنن، کە کێشەی سنووری نییە لە نێوان چین و سۆڤیەتدا.

- یەکێتی سۆڤیەت پێشێلکاری دۆخی ئێستای سنوورەکان دەکات‌و کێشەی سنووری دروست دەکات.

دیارە ئەو کاتەی، کە چین لە ژێر حوکمی حکوومەتە کۆنەپەرستییەکەیدا بوو، ئەو کێشە سنووریانەی نێوان چین و یەکێتی سۆڤیەت چارەسەرنەکران.

دروستبوونی کۆماری چینی میللی، هەموو هەلومەرجێکی خوڵقاند، بۆ چارەسەرێکی ژیرانەی کێشە سنوورییەکانی سینۆ - سۆڤیەتی، بەڵام لەبەر چەندین هۆکار، ئەم چارەسەرەی کێشەکان، لە کاتی خۆیدا دەستی پێ نەکرد. لەگەڵ ئەوەشدا سنوورەکانی سینۆ - سۆڤیەتی، بە شێوەیەکی گشتی ئارام بوون.

لە (١٩٦٠)ەوە، حکوومەتی سۆڤیەتی زیاتر و زیاتر ڕێگەی پشتکردنە بنەماکانی مارکسیزم - لینینزمی گرتەبەر، لە ناوەوە دەستی کردەوە بە بنیادنانی ڕژێمێکی سەرمایەداری، لە دەریشەوە کەوتە پیادەکردنی سیاسەتێکی سۆسیال - ئیمپریالیستی. دەستی

لەگەڵ ئیمپریالیزمی ئەمەریکیدا تێکەڵ کرد، کەوتە دژایەتیکردنی چینی سۆسیالیستی، بەردەوام دۆخی ئێستای سنوورەکانی پێشێل دەکرد، هەوڵیدەدا ئەو ناوچانەی چین داگیربکات، کە هەر لە ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی چیندا بوون. بەم شێوەیەش کێشە سنوورییەکانی سینۆ - سۆڤیەتی دژوارتر کرد.

حکوومەتی سۆڤیەتی، هێزە سنوورییەکانی ڕادەسپارد، کە دەورییەکانیان بنێرنە ناو خاکی چینەوە، بنکەی سەربازی لە سەر خاکی چین لێ بدەن، دەستدرێژی بکەنە سەر دانیشتوانە سنوورییە چینییەکان، بیانرفێنن، دەست بە سەر بەروبوومەکانیاندا بگرن، هەرچی کاری دیکەی ئاژاوەنانەوە و گێرەشێوێنی هەیە بیکەن.

لە ساڵی (١٩٦٢)دا، حکوومەتی سۆڤیەتی، بە زۆر هانی زیاتر لە (٦٠,٠٠٠) هاولاتی چینیی ناوچەی ئیلی و تاچینگ (Tacheng)ی سەر بە سینکیانگی چینی دا، کە بچن بۆ ناو یەکێتی سۆڤیەت، ئەوەتا تا ئێستاش ئامادە نییە بیانگێڕێتەوە.

لە ساڵی (١٩٦٤)ەوە، حکوومەتی سۆڤیەتی هێزێکی پشتیوانیی گەورەی نارد بۆ سەر سنوورەکانی سینۆ - سۆڤیەت، بۆ زیاتر پێشێلکردنی دۆخی ئێستای سنوورەکان، نانەوەی ئاژاوەی چەکداری، خوڵقاندنی ڕووداوی خوێناوی.

لە (١٥ی ئۆکتۆبەری ١٩٦٤)ەوە، تا (١٥)ی مارتی ئەمساڵ، لایەنی سۆڤیەتی زیاد لە (٤١٨٩) ڕووداوی سنووریی خوڵقاندوە، کە دوو ئەوەندەو نیوی ئەوانەی ساڵی (١٩٦٠ بۆ ١٩٦٤)، زیاترە. بە هۆی تاکتیکەکانیشیانەوە، حاڵەتەکە و هەڵسوکەوتەکەیان، تا دێت توندوتیژتر دەبێت.

هێزە سۆڤیەتییەکان کە پێشڕەوییان دەکرد بۆ ناوچە چینییەکان، دەکەوتنە کوشتوبڕ و سووتاندن. ماسیگری بێچەک و

جووتیاری بەستەزمانیان دەگرت، بە لێدان دەیانکوشتن، یاخود بە ئۆتۆمبیل بە سەریاندا دەڕۆیشتن، یاخود بە زیندوویی فڕێیان دەدانە ناو ڕووبارەکەوە.

لینین زۆر بە تووڕەییەوە ئیدانەی ئەو کارە قێزەونانەی حکوومەتی ڕووسیای پێشوو دەکات، لە کوشتنی دانیشتوانە بێتاوانەکانی چیندا، دەڵێت: "کە دەیاندا بە سەر چیندا، وەک ئاژەڵێکی دڕندە، دەکەوتنە سووتاندنی دێیەکان، کوشتنی دانیشتوانە بێ چەک و بێوەییەکانیان، بە گوللە و قەمە و بە نقومکردنیان لە ڕووباری ئاموردا، بە خۆیانو ماڵو منداڵییانەوە".

ئەمڕۆ چ جیاوازییەک هەیە لە نێوان ئەو نەهامەتیانەی کە حکوومەتی سۆڤیەتی ئێستا دەیکات بەرامبەر بە دانیشتوانە چینییەکانی سەر ڕووباری وسولیو هێیلۆنگ، لەگەڵ ئەو نەهامەتیانەدا کە حکوومەتی تزارەکانی ڕووسیای ئەوکات دەیان کرد، ئەوانەی کە لینین ئەمڕۆ بە توندی ئیدانەیان دەکات.

ئەو ڕووداوەی دوورگەی چینپاو، دەرئەنجامێکی چاوەڕوانکراو بوو بۆ ئەو پێشێلکارییانەی، کە حکوومەتی سۆڤیەتی دەیکات بۆ ئەو دۆخەی ئێستای سنوورەکانی سینۆ - سۆڤیەتی، بەردەوامبوونی لە شوێنکەوتنی سیاسەتی سۆشیال ئیمپریالیستی بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ. ئەو کێشانەی، کە لە دوورگەی چینپاو دەنرێنەوە، حکوومەتی سۆڤیەتی بە ئەنقەست دروستیاندەکات، بۆ داپۆشینی خۆبەدەستەوەدانەکەی لە کێشەکەی بەرلیندا، بۆ ئەوەی سوودێکیش بگەیەنێت بە ئیمپریالزمی ئەمەریکی، تا بتوانێت هاوپەیمانێتییەکی بەهێزتر ببەستێت لەگەڵ ئیمپریالیزمی ئەمەریکیدا، لە دژی چین. بەم کارەشی، حکوومەتی سۆڤیەتی بەئەمریکا دەڵێت، کە چین دوژمنی هاوبەشی هەر دوولامانە.

- ئەوە حکوومەتی سۆڤیەتییە کە هەر خەریکی فراوانکردنی ناوچەکانێتی، لە هەموو لایەکەوە.

حکوومەتی سۆڤیەتی، لە وتەکەیدا دەڵێت، گوایە چین "هەموو سنوورەکانی ئێستای لەگەڵ دراوسێکانیدا، خستوەتە ژێر پرسیارەوە"و "داواکردنیشی بۆ ناوچەکانی وڵاتانی دراوسێی، هەوڵێکی بێهودە و بێئەنجامە نیشانەی ئەوەیە، کە حکوومەتی چینی سیاسەتێکی فراوانخوازی گرتوەتەبەر."

ئەم تاکتیکە ئاست نزمە، بەڕاستی بێماناترین و بێبەهاترین تاکتیکە، چونکە هەموو دنیا دەزانێت، لەوەتای کۆماری میللی چین دروستبوە، حکوومەتی چینی چەندین کێشەی سنووریی دژواری، بە ڕێکوپێکی چارەسەر کردوە، کە لە کۆنەوە بێ چارەسەر مابوونەوە. هەروەها چەندین ڕێککەوتننامەی سنووریی لەگەڵ دەوڵەتەکانی دراوسێیدا ئیمزاکردوە، لەوانە، بورما، نیپاڵ، پاکستان، کۆماری میللی مەنگۆلیا و ئەفغانستان، تەنها یەکێتی سۆڤیەت و هیند ماون. چین تاکە یەک سەربازیشی لە وڵاتانی دیکەدا بڵاونەکردوەتەوە. چین هیچ داوایەکی ناوچەیی نییە لە دژی هیچ یەکێک لە دراوسێکانی. بە هیچ شێوەیەکیش یەک بست خاکی هیچ وڵاتێکی دیکەی داگیرنەکردوە.

ئەمڕۆ، حکوومەتی سۆڤیەتی، نەک هەر بە زۆر ناوچەی دەوڵەتانی دیکەی داگیرکردوە، ڕازیش نییە بیگەڕێنێتەوە بۆیان، بەڵکوو ئێستا، لەم بارودۆخە نوێیەدا، تیۆریی نوێش هەیە، بۆ دەستدرێژی و کاری دوژمنکاری. تیۆری (دەسەڵاتی سنووردار)ی (دیکتاتۆرییەتی جیهانی)و (کۆمەڵگەی سۆسیالیستی). هەر بەم پاساوانەش، تا ئێستا چەندین وڵاتی ئەورووپای خۆرئاوا، کۆماری میللی مەنگۆلیاشی کردوەتە کۆلۆنیال بۆ خۆی، بنکە بۆ سوپاکەی.

ئەو، زۆر بە ئاشكراو بێشەرمانە، سەدان هەزار سەربازی نارد بۆ داگیركردنی چیكۆسلۆڤاكیا، زۆر دڕندانە گەلی چیكۆسلۆڤاكی سەركوت كرد. ئەو، ئەلبانیای پاڵەوان بە چقڵی چاوی خۆی دەزانێت. ئەو، هەڕەشە لە ڕۆمانیاو یۆگۆسلاڤیا دەكات. ئەو، ئوستوڵە جەنگێكەی ناردوە بۆ دەریای ناوەڕاست، وەک هەوڵێک بۆ كۆنترۆڵكردنی وڵاتە عەرەبییەكان، سوودوەرگرتن لە ناكۆكییەكانی نێوانیان. نەخشە دوژمنكارییەكانی ئەمان، زۆر لە هی تزارەكان تەماحكارانەترە، نینۆكەكانیان، زۆر لە هی ئەوان تیژترن.

– بۆ مەبەستێكی تایبەت، حكوومەتی سۆڤیەتی لە وتارەكەیدا، بە زمانێكی لوسەوە باس لە "یارمەتییەكانی سۆڤیەت بۆ چین" دەكات.

ڕاستە لە كاتی ڕابەرایەتی لینینی مەزن و ستالیندا، گەلی سۆڤیەتی دەستی یارمەتی بۆ گەلی چین درێژ كرد، كە ئەمە شتێكە میللەتی چین هەرگیز لە یادی ناكات.

لە بەرامبەردا، گەلی چینیش، بە ڕابەرایەتی سەركردەی مەزن، سەرۆک ماو، دەستی یارمەتی بۆ گەلی سۆڤیەتی درێژكرد، كە بە دڵنیاییەوە میللەتی سۆڤیەتیش هەرگیز ئەمە لە یاد ناكات.

ئەم پشتگیریكردنەی یەكتری هەر دوو گەلی چین و سۆڤیەت، لە تێكۆشانە شۆڕشگێڕیەكەیاندا، بە دڵنیاییەوە لە داهاتوشدا هەر بەردەوام دەبێت، بەڵام دەبێت ئەوەمان لە یادنەچێت، كە حكوومەتی سۆڤیەتی لە دە ساڵی ڕابردوودا، بە تەواوی پشتی كردوەتە سیاسەتە نێودەوڵەتییەكانی لینین و ستالین، هەر چی خراپە هەیە، بەرامبەر چین كردوویەتی، تاوانی زۆر گەورەشی دەرهەق بە گەلی چین ئەنجامداوە.

ئەوان مافی ئەوەیان نییە باسی (یارمەتییەک بكەن، كە لە

سەردەمی لینین و ستالیندا پێشکەش بە گەلی چین کراوە). لە ئێستادا، حکوومەتی سۆڤیەتی، لە ژێر ناوی (یارمەتی)دا، لە هەموو لایەکەوە خەریکی دەستدرێژی و ڕاوڕووتە، بەرامبەر بە میللەتانی دیکە. ئەم کارانەی حکوومەتی سۆڤیەتی، هیچ جیاوازییەکییان نییە لەگەڵ ئەوانەی ئیمپریالیزمی ئەمریکیدا.

- حکوومەتی چینی بەردەوام لەگەڵ دانوستان و چارەسەری ئاشتیانەدا بوە، دژی پەنابردنە بۆ بەکارهێنانی هێز.

حکوومەتی چینی بە بەردەوامی کاریکردوە و هەوڵیداوە، بۆ چارەسەری کێشە سنوورییەکانی لەگەڵ دراوسێکانیدا، لە ڕێگەی دانوستان، هێشتنەوەی دۆخی ئێستای سنوورەکان وەک خۆی، هەتا دەگەن بە چارەسەرێک.

هەر لە (٢٢ی ئۆگەست و ٢١ی سێپتەمبەری ١٩٦٠)ەوە، حکوومەتی چینی دووجار پێشنیاری بۆ حکوومەتی سۆڤیەتی کردوە، دانوستان بکەن. لەوەش زیاتر، لە (٢٣ی ئۆگەستی ١٩٦٣)دا، حکوومەتی چینی پێشنیارێکی شەش خاڵی خستە بەردەم حکوومەتی سۆڤیەتی، بۆ هێشتنەوەی دۆخی ئێستای سنوورەکان، دوور کەوتنەوە لە کێشە.

ئەوەبوو لە کۆتاییدا، دانوستانی تایبەت بەکێشە سنوورییەکانی سینۆ - سۆڤیەتی، لە (١٩٦٤)دا، لە پەکین بەسترا. لە کاتی دانوستانەکاندا، لایەنی چینی هەڵوێستێکی بە جێی نواند، بەوەی کە ڕازیبوو ئەو ڕێککەوتننامانەی کە ئێستا لە ئارادان، سەبارەت بە سنوورەکانی سینۆ - سۆڤیەتی، بکرێن بە بنەما بۆ چارەسەری کێشە سنوورییەکان، ئەوپەڕی هەوڵیشیدا، ئەوپەڕی ئامادەییشی دەربڕی، بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانە.

ئەگەر حکوومەتی سۆڤیەتی کەمترین بەتەنگەوەهاتنی بنواندایە،

ئەوا کێشــە ســنوورییەکانی ســینۆ - ســۆڤیەتی، چارەســەرکردنیان زۆر ئاسان بوو. ئەوەی کە سەرۆک وەزیران، چو ئین ـ لای وتی، لە وەڵامــی ئەو پرســیارە بێــزارکەرەی پەیــامنێرێکی ئەمریکیــدا، لە کۆنگرە ڕۆژنامەنووسییەکەی کاتمانـدوی (٢٨ی ئەپرەڵـی ١٩٦٠)دا، بە تەواوی گوزارشتی لەبیروبۆچونەکانی حکوومەتی چینی دەکرد. کەچی حکوومەتی سۆڤیەتی، هەر بەردەوامبوو لە پابەندبوونی بە بنەما شۆڤینیستییەکانی زلهێزەکانەوە، بە هەڵوێستی فراوانخوازی خــۆیەوە. ئەو هەر بەوەوە نەدەوەســتا، کە دەیویســت ئەو نــاوچە چینیانە بەزۆر لە ژێر دەســەڵاتی خۆیدا بهێڵێتەوە، کە تزارەکانی ڕووسیا بە هۆی ڕێککەوتننامە نابەرابەرەکانەوە زەوتیانکردبوون، بەڵکوو سوریشبوون لە سەر ئەوەی کە چین ددان بەوەدا بنێت، کە هەر چی ئەو ناوچانەی چین هەیە، کە یەکێتی سۆڤیەت، بە هۆی پێشــێلکردنی ئەو ڕێککەوتننامــانەوە، یــاخود بە زۆر، ویســتویەتی داگیریان بکات، یاخود داگیریکردوون، هی سۆڤیەتن. ئەوەبوو لە ئەنجامیشدا دانوستانەکان گەیشتن بە بنبەست، وەستان.

بەم شــێوەیە، چــین هەر چی کێشــەی سنووری هەبوە لەگەڵ وڵاتــانی دراوســێیدا، ئێســتا هەمــوی چارەســەرکراوە، تەنهــا کێشــە ســنوورییەکانی لەگەڵ ســۆڤیەتو هینـددا مــاوە، کە بــێ چارەســەر ماونەتەوە.

لە کاتێکدا حکوومەتی سۆڤیەتی خۆی وا پیشــان دەدات، کە ئامــادەیە کــارە ڕاوێژکارییەکــان دەســت پــێ بکــاتەوە، کەچی لە لێدوانەکەی (٢٩)ی مارتدا، تەواو هەوڵی ئەوە دەدات، نکوڵی بکات لە بوونی هەر جۆرە کێشەیەکی سنووری لە نێوان چین و یەکێتی سۆڤیەتدا. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە هیچ شتێک لە ئارادا نییە تا دانیشین گفتوگۆی لە سەر بکەین.

له کاتێکدا له وتارەکەیدا وادەردەخات که "پێویسته هەنگاوی به پەله بنرێت، بۆ ئارامکردنەوه و ئاساییکردنەوەی بارودۆخی سەر سنوورەکانی سینۆ - سۆڤیەتی"، کەچی حکوومەتی سۆڤیەتی هەر بەردەوامه له ڕێگەدان بەهێزه سۆڤیەتییەکان، به چەکه قورس، سوک، تۆپ و هاوەنەکانیان، تەقه له دوورگەی چینپاو و ئەو ناوچانەی دیکه بکەن، که کەوتوونەته قوڵایی خاکی چینەوه. هەتا ئێستاش ئەو تەقەکردنانه هەر بەردەوامن.

له هەمانکاتدا، له شوێنەکانی دیکەی سەر سنووری سینۆ - سۆڤیەتیش، هەر خەریکی ئاژاوەنانەوەن.

له (٣)ی ئەپرەڵدا، نوێنەری سنوورەکانی سۆڤیەت، زۆر بێباکانه ئەم نووسینەی خوێندەوه:

"تا حکوومەتی چینی نەکەوێته دانوستانو گفتوگۆ لەگەڵ حکوومەتی سۆڤیەتیدا، یەکێتی سۆڤیەت ئاگربڕ ڕاناگەیەنێت، تەقەش ناوەستێت هەتا چین نەکشێتەوه له دوورگەی دامانسکی (که مەبەست لێی دوورگەی چینپاوی چینییه)."

لەوەش زیاتر، یەکێتی سۆڤیەت به سەر دەوڵەته ئیمپریالیستییەکاندا گەڕاوه، له پێش هەمووشیانەوه ئەمریکا، لێیان پاڕاوەتەوه پشتگیری بکەن. له هەمانکاتدا، ماکینەی پڕوپاگەندەکەشی خستوەتەکار، هەتا بۆیکرابێت درۆودەلەسەی بڵاو کردوەتەوه، هەوڵی ئەوەی داوه هەستی شۆڤێنیستی نەتەوەیی بوروژێنێت، هەڕەشەی شەڕو چەکی ئەتۆمی له چین دەکات.

ئەو ڕاستییانەی سەرەوه دەریدەخەن، که چەند جێی گومانه یەکێتی سۆڤیەت به ڕاستی پەرۆشی دانوستان بێت.

هۆکاری پەرەسەندن و دژواربوونی کێشه سنوورییەکەی سینۆ - سۆڤیەتی، که بەو ئاکامه گەیشت، هەڵەی لایەنی چینی

نەبوە. لەگەڵ ئەوەشدا، حکوومەتی چین هێشتا هەر ئامادەیە چارەسەریکی سەرانسەری بۆ کێشە سنوورییەکانی سینۆ - سۆڤیەتی بدۆزێتەوە، لە ڕێگەی (دانوستانی ئاشتیانەوە)، تەواو لە دژی پەنابردنەبەر بەکارهێنانی هێزە.

حکوومەتی چینی سوورە لە سەر ئەوەی ددان بەوەدا بنرێت، کە ئەو ڕێککەوتننامانەی تایبەتن بە سنوورەکانی سینۆ - سۆڤیەتی، ئێستا لە ئارادان، هەموویان ڕێککەوتننامەی نابەرابەرن، کاتی خۆی ئیمپریالیزمی ڕووسیای تزاری بەزۆر سەپاندوونی بە سەر چیندا، بەڵام بە ڕەچاوکردنی ئەو ڕاستییەی، کە ئەوە ئیمپریالیزمی ڕووسیای تزاری بوە، کە چینی ناچار کردوە ئەو ڕێککەوتننامانە ئیمزابکات، لە کاتێکدا کە دەسەڵات نە بەدەست گەلی چین، نە بەدەست گەلی ڕووسییاوە نەبوە، گەلی سۆڤیەتیش لەم پرسەدا هیچ بەرپرسیاریەتییەک ناکەوێتە سەرشانی، هەروەها لەبەر ئەوەی ژمارەیەکی زۆر لە چینی کرێکاری سۆڤیەتی، بۆ ماوەیەکی دورودرێژ لە سەر ئەو خاکە ژیاون، حکوومەتی چینی، لە پێناو هێشتنەوەی ئەو دۆستایەتییە شۆڕشگێڕانەیەی، کە لە نێوان هەر دوو گەلی چین و سۆڤیەتیدا هەیە، ئامادەیە ئەو ڕێککەوتننامە نابەرابەرانە بکات بە بنەما، بۆ دیاریکردنی هەموو هێڵە سنوورییەکانی نێوان هەر دوو وڵات، لە پێناو چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی، کە ئێستا لە ئارادان، سەبارەت بە سنوورەکان.

هەر لایەنێکیش پێشێلکاری ئەو ڕێککەوتننامانەی کردوە، خاکی لایەنەکەی دیکەی داگیر کردوە، دەبێت، وەک بنەمایەک، بە تەواوی و بێ کۆتومەرج، بیگێڕێتەوە بۆ لایەنەکەی تر. ئەمەش هیچ ناڕوونییەکی تێدا نییە.

حکوومەتی چینی سوورە لە سەر ئەوەی، کە پێویستە

دانوستان ئەنجام بدریت، نەک (کۆبوونەوەی ڕاوێژکاری)، بۆ چارەسەریکی سەرتاسەری کیشە سنوورییەکانی سینۆ – سۆڤیەتی بێت، نەک بۆ (ڕوونکردنەوەی چەند بەشێکی جیاجیای هێڵە سنوورییەکە)، ڕێککەوتنێکی نوێی یەکسان و دادپەروەرانەی لێبکەوێتەوە، جێگەی ئەو ڕێککەوتننامە نابەرابەرانە بگرێتەوە، کە ئێستا لە ئارادان.

بێ گومان، لەو کاتەدا کە ئەم ڕێککەوتننامانەی ئێستا وەک بنەمایەک وەردەگیرێت، دەکرێت دەستکاری پێویستی هێڵە سنووریەکانیش، لە هەندێک جێگەی تایبەتدا، بکرێت. ئەویش لە سەر بنەمای ڕاوێژکردن بە یەکتری، لە پێگەیەکی یەکسان، لێکگەیشتنێکی هاوبەش، ڕەزامەندی هەر دوولا، بەڵام بە هیچ شێوەیەک قەبووڵ ناکرێت ئەو ڕێبازە بگیرێتەبەر کە: "هەر چی تزارەکان داگیریان کردوە بۆ خۆمان، ئەوەی خۆشمان داگیرمان کردوە هەر بۆخۆمان."

تا بتوانرێت چارەسەرێکی ئاشتیانە بۆ کێشە سنوورییەکانی سینۆ - سۆڤیەتی بدۆزرێتەوە، پێویستە حکوومەتی سۆڤیەتی هەموو شەڕەنگێزی و هەڕەشە چەکدارێکانی لە سەر سنوورەکانی سینۆ - سۆڤیەتی، ڕابگرێت. چونکە نە جەنگێکی بچووک، نە جەنگێکی گەورە، نە جەنگێکی ئەتۆمیش، گەلی چین ناترسێنێت.

بۆ جارێکی دیکەش، حکوومەتی چینی پێشنیاری ئەوە دەکات، کە هەر دوولا پابەندبن بە پاراستنی دۆخی سنوورەکان، هیچ لایەک، بە هیچ شێوە و پاساوێک، پێشڕەوینەکات بۆ ناو هێڵی سنووریی لایەکەی دیکە. لەو شوێنانەشدا کە ڕووبارەکان دەبنە سنوور، پێویستە پاسەوانە سنوورییەکانی هیچ لایەک، هێڵی ناوەڕاستی ڕێچکە سەرەکیەکەی ڕووبارەکە نەبەزێنن. هەر دوولا

بەڵێنی ئەوە بدەن، کە کێشە دروستنەکەن، لە هیچ بارودۆخێکدا نابێت پاسەوانە سنوورییەکانی هیچ لایەک تەقە لە لایەکەی تر بکات.

نابێت بە هیچ شێوەیەک دەستبخرێتە کاروباری ئاسایی ڕۆژانەی دانیشتوانی سەر سنوورەکانی هەر دوولا، هەر وەک چۆن جاران بەڕێوەچووە.

حکوومەتی چین ڕایدەگەیەنێت، کە پێویستە گفتوگۆو دانوستانەکان بۆ چارەسەری کێشەکان بێت، نەک بۆ خەڵک هەڵخەڵەتاندن.

بۆ ئەوەی گفتوگۆیەکی جیدیش بێتەئاراوە، پێویستە ڕاستگۆیانە بێنە پێشەوە، نەک بۆ خۆڵکردنە چاو.

لە نامەکەی (١١)ی ئەپرەڵی حکوومەتی سۆڤیەتیدا، بۆ حکوومەتی چین، پێشنیاری ئەوە کراوە کە: "با لە (١٥)ی ئەپرەڵەوە دەستبکەینەوە بە کۆبوونەوە ڕاوێژکارییەکان لە مۆسکۆ". بێئەوەی هیچ چاوەڕێی وەڵامی حکوومەتی چینی بکات، هەر بۆ ڕۆژی دوایی نامەکەیان لە چاپەمەنیەکاندا بڵاو کردەوە. ئەم هەڵسوکەوتەی حکوومەتی سۆڤیەتی، هەر وەک سەرەتایەک، هیچ جیدییەتێکی پێوە دیار نییە.

حکوومەتی چینی پێشنیاردەکات، کە کات و شوێنی دانوستانەکانی تایبەت بە سنوورەکانی سینۆ - سۆڤیەتی، لە لایەن هەر دوولاوە، لە ڕێگەی کەناڵە دیپلۆماسێکانەوە، گفتوگۆی لە سەر بکرێت و بڕیاری لە سەر بدرێت.

حکوومەتی چینی هیوادارە کە حکوومەتی سۆڤیەتی وەڵامێکی ئەرێنیانەی ئەو پێشنیارەی سەرەوە بداتەوە.

حکوومەتی سۆڤیەتی بە هەڵەدا دەچێت ئەگەر ئەم

هەڵوێستانەی حکوومەتی چینی، بۆ بە ئاشتی چارەسەرکردنی کێشە سنوورییەکان، بە بێهێزی بۆ چین لێکبداتەوە، وابزانێت دەتوانێت خۆی بە سەردا بنوێنێت، دەتوانێت گەلی چین بە هەڕەشەی سیاسەتی ئەتۆمی بترسێنێت، دەتوانێت بە شەڕ و ئاژاوەنانەوە مەرامە ناوچەییەکانی لە دژی چین بە دەست بهێنێت.

بە پشتبەستن بە بیروبۆچوونەکانی ماو تسی تۆنگ، جۆشدراو بە شۆڕشە ڕۆشنبیرییەکەی گەلی چین، کەس ناتوانێت خۆی بابدات بە سەر (٧٠٠) ملیۆن کەسی گەلی چیندا.

ڕابەری گەورەی گەلی چین، سەرۆک ماو، فێری کردووین ئێمە هیچ کات، تا هێرشمان نەکرێتە سەر، دەستنەکەینەوە، ئەگەر هێرشیشمان کرایەسەر، بە دڵنیاییەوە وەڵام دەدەینەوە. ئێمە پێمانخۆشە تەنانەت یەک ڕۆژیش شەڕنەکەین، بەڵام ئەگەر ڕۆژگاریش شەڕی سەپاند بە سەرماندا، تا کۆتایی بەردەوام دەبین.

ئەمەیە وەڵامی حکوومەت و گەلی چینە، بۆ سیاسەتەکانی هەڕەشەی جەنگ و تۆقاندنی ئەتۆمیی حکوومەتی سۆڤیەتی.

# دۆکیۆمێنتی (٣٩)

## لێدوانەکەی ١٣ی جونی ١٩٦٩ی سۆڤیەت

(دەقی لێدوانەکە، تاسی نێودەوڵەتی، بە ئینگلیزی، ١٤ی جون، ١٩٦٩).

لە (٢٩ی مارتی ١٩٦٩)دا، حکوومەتی سۆڤیەتی پێشنیاری کرد بۆ حکوومەتی کۆماری میللی چین (CPR)، کە ڕێوشوێنی خێرا بگرێتەبەر بۆ ئاساییکردنەوەی بارودۆخی سنوورەکانی سۆڤیەتی - چینی. لەو لێدوانەیدا، حکوومەتی سۆڤیەتی، هانی حکوومەتەکەی (CPR)ی دا، کە دەست لەو کار و چالاکیانە هەڵبگرێت کە ڕەنگە ببنە هۆی زیاتر دژوارکردنی بارودۆخەکە، وەک ئەوەی ناوچەی

دوورگەی دامانسکی، پێویستە، لە کەش و هەوایەکی ئارام، لە ڕێگەی گفتوگۆوە، چارەسەری ناکۆکییەکان بکرێت.

حکوومەتی سۆڤیەتی پێشنیاری دەست پێ کردنەوەی کارە ڕاوێژکارییەکانی کرد، بۆ وردتر دیاریکردنی سنوورەکانی هەندێک ناوچەی دیاریکراو. ئەو کارە ڕاوێژکارییانەی کە کاتی خۆی، لە (١٩٦٤)دا، لە پەکین دەستی پێ کرد، لایەنی چینی وەستاندی.

لێدوانەکە پێشنیاری بەروارێکی گونجاوی کردوە بۆ یەکەم دانیشتنەوەی نوێنەرەکانی (USSR)و (CPR)، کە (١٥)ی ئەپرەڵە، یاخود هەر کاتێکی دیکەی نزیک، کە لایەنی چینی بە گونجاوی بزانێت.

لە (٢)ی مەیدا، حکوومەتی چینی وەڵامیدایەوە، تێیدا دەردەکەوێت ئەوان ڕازین بە پێشنیارەکەی بەستنی گفتوگۆ، ئامادەن لە ڕێگەی کەناڵە دیپلۆماسییەکانەوە، کات و شوێنی دەست پێ کردنەوەی ئەو گفتوگۆیانە دیاری بکرێت، گوتیان کە ئەمان دژی بەکارهێنانی هێزی سەربازیین. بەم شێوەیەش پێدەچێت ڕێگەی گفتوگۆ کراوە بێت.

ئەم گرژییەی ئێستا، کە کەوتوەتە پێوەندییەکانی نێوان (USSR) و (CPR)ەوە، بە تەواوی خەتای هەڵسوکەوتەکانی لایەنی چینی بوو. ئەگەر حکوومەتی چینیش، وەک حکوومەتی سۆڤیەتی، لە سۆنگەی پێویستی بە بەستنی پێوەندییەکی ئاسایی لە نێوان (USSR) و (CPR)دا، بەوەی کە بنەماکانی دەستنەخستنە کاروباری یەکتری، ڕێزگرتن لە سەروەری، نەبەزاندنی خاکی یەکتری، بپاراستایە، ئەوا بارودۆخی سنوورەکانیش ئاسایی دەبوونەوە. ئەمە، لە بەرژەوەندییە سەرەکییەکانی گەلی سۆڤیەتە، لەو باوەڕەداین، هی گەلی چینیش بێت.

ئەگەرچـــی حکـــوومەتی ســـۆڤیەتی لەو بـــاوەڕەدایە، کە ئەو لێـــدوانانەی حکـــوومەتی (CPR)، چەنـــد داوایەکـــی تێـــدایە لە (USSR)، کە هی ئەوە نین کەشوهەوایەکی لەبار دروستبکەن بۆ گفتوگـۆ، چـونکە ئەم داوایـانە هەر هەموویـان بێبنەمـان، پێـدەچێت تەنها یەک ئامانجیان لە پشتەوە بێت، کە ئەویش زیاتر دژوارکردنی ئەو حاڵەتەیە کە لایەنی چینی ناویەتییەوە.

دیارە کە لایەنی چینی دەیەوێت، لە سـەر پێوەندییەکانی نێوان ڕووسیاو چین، هەندێک ڕاستی مێژوویی بهێنێتەوە، بەو هیوایەی کە بتوانێت لە ڕێگەی شێواندن و بە هەڵە لێکدانەوەی بە ئەنقەستی ئەو ڕاستیانە، وا پیشان بدات کە چۆن سنوورەکانی نێوان ئەم دوو وڵاتە، کاتی خۆی کە دروستبوون، تەواو گونجاو بوون بۆ لایەنی چینی، بەڵام ئەمە هیچ ڕاستییەکی تێدا نییە.

بۆ جارێکی دیکەش لایەنـی چینی پێ لە سـەر ئەوە دادەگرێت، کە پێی دەڵێت (ڕێککەوتننـامە نابەرابەرەکـان). ئەمە ئەو شـێوازەیە، کە حکوومەتی چینـی وەسفی ئەو ڕێککەوتننامـانەی پێ دەکات، بە هۆیـــانەوە ســـنوورەکانی ئێســـتای نێـــوان (USSR)و (CPR) دیـــاریکراون، بەو بیـــانوەی گـــوایە (نـــادادپەروەری) ســـەدەکانی ڕابردوو ڕاست دەکاتەوە، کە هەرگیز بۆی ناچێتە سەر. حکوومەتی چینـی دەیەوێـت داوای (١,٥٠٠,٠٠٠) کیلـۆمەتر چوارگۆشـە زەوی بکـات، کە لە واقیعـدا مـوڵکی یەکێتـی سـۆڤیەتن. حکـوومەتی چینـی ئامادە نییە لەگەڵ یەکێتی سۆڤیەتدا باسی دیاریکردنێکی وردتری هێڵە سنوورییەکان بکات، کە لە کۆبوونەوە ڕاوێژکارییەکانی ساڵی (١٩٦٤)دا باســـکراون، بەڵکـــوو دەیەوێـــت باســـی داڕشـــتنەوەی سـنوورەکانی چینـی - سـۆڤیەتی بکـات، لەو ڕوانـگە تـازەیەوە کە لایەنی چینی هەیەتی سەبارەت بە مێژوو، بەو ڕێککەوتننامانە.

ناکرێــت چاوپۆشــی لەو ڕاســتیە بکەیــن، کە داواکــارییە ناوچەییەکــانی چــین، دژی وڵاتــانی دیــکە، زۆر بە زەقــی لە سیاســەتەکانی دەرەوەی ئێســتای چــین، پڕوپاگەندەکانیــدا ڕەنگــی داوەتەوە. سەرانی ئەمڕۆی چین، داوای ئەو زەوییانە دەکەنەوە، کە کــاتی خــۆی داگیــرکەرە چینییەکــان، لە ڕابردویەکــی زۆر دووردا، داگیریان کردوە، یاخود ویستویانە داگیری بکەن. ئەم پڕوپاگەندەیە هی ئەمڕۆ و دوێنێ نییە، بەڵکوو ئەمە وردە وردە پەرەیسەند، لەو ڕۆژەوەی کەوتنە پیاهەڵدانی سیاسەتە داگیرکارییەکانی فیوداڵەکان، بڵاوکردنەوەی نووسین، کتێب و نەخشــە، لە دوای (١٩٤٩)ەوە، کە تێیانــدا زەوی وڵاتــانی دیــکە وەهــا وێنــاکرابوون، کە گــوایە خــاکی چینن. ئەوجا (CPR) بە فەرمیش کەوتە داواکردنی ئەو ناوچانە.

لە شەستەکانەوە، یەکێتی سۆڤیەت بۆتە جێی سەرنجی هەوڵە فراوانخوازێکــانی چــین. ئیتــر کەوتە بەکارهێنــانی زانیــارییە مێژووییەکان، یاخود نەبوونی زانیارییە مێژووییەکان، تا وایلێهات لایەنی چینی کەوتە دروستکردنی ئەو شتەی، کە پێیدەڵێن، کێشەی سنووریی لە نێوان (USSR)و (CPR)دا، ئەویش بە مەبەستی گومانکردن لەو سنوورانەی کە لە نێوانیاندایە. هەر بۆیە ئێمە بە پێویســتی دەزانــین، کە ڕاســتی و دروســتی ئەم کێشــەیە ڕوون بکەینەوە.

هەر وەک چــۆن لە لێــدوانەکەی (٢٩)ی مــارتی حکــوومەتی سۆڤیەتیدا هاتوە، سنوورەکانی نێوان سۆڤیەت و چین لە ئەنجامی پەرەســەندنێکی مێــژووییەوە دروســتبوون، کە مــاوەیەکی زۆری خایاندوە. ئەو کاتەی کە پێوەندی نێوان دەوڵەتی ڕووسیا و چین دەستی پێ کرد، پانتاییەکی گەورە لە زەوییەکی نیمچە بیابانی و تایگــا (Taiga)ی کەم دانیشــتوان، یــاخود ڕاســتتر، بێ دانیشــتوان،

لێکـی جیـادەکردنەوە. بـۆ نمـوونە، لەو سـەردەمەدا، سـنووری باکووری چـین، شـورا مەزنەکەی چـین بـوو، دەوری دابـوو، کە (٤٠٠٠) کیلـۆمەتر درێژبـوو. شـورای مەزنـی چینـیش، وەک هەمـوو کەس دەیزانێـت، (١٠٠٠) کیلـۆمەتر لە باشـووری خۆرئـاوای هەر دوو ڕووباری ئاموور و ئوسوریییەوە، دوورە.

ئەو کاتە، لە نیوەی یەکەمی سەدەی حەڤەیەمدا، ڕووسـەکان لە سـەر کەنارەکـانی ئـاموور نیشـتەجێبوون، مەنشـووریا دەوڵەتێکـی سـەربەخۆ بـوو لە چـین، دانیشتوانەکەشـی لە ڕووی نەژادەوە جیاواز بوو لە چینییەکان، لە گەلی هـان (Han)یش. بەدەر لەوەش، هەر لەو سەردەمەدا بوو کە چین خۆیشی، سـەربەخۆیی لە دەست دا، بوو بە بەشێک لەدەوڵەتەکەی مەنشوریا. ئەوە ئەو کاتە ڕوویدا کە مانچوەکـان (Manchu)، لە (١٦٤٤)دا، پەکینیـان گـرت، حـوکمی شانشینی چینگ (Ching)یان سەپاند بە سـەر خەڵکی چیندا. هەتا کۆتایی سـەدەی نۆزدەیەمیش، مەنشـوریا کیانێکی سـەربەخۆ بـوو. ئەو زەویانەش کە هی باب و باپیرانی ئیمپراتۆرەکانیانی چین بـوو، چینییەکان بۆیان نەبوو لێی نیشتەجێ ببن، یاخود هـیچ چـالاکییەکی ئابوری تێدا ئەنجام بدەن.

لە کۆتـایی سـەدەی حەڤەیەمدا، ئیمپراتـۆری مانچوەکـان، کانـگ هسـی (Kang Hsi)، چەنـد هەڵمەتێکـی سـەربازی لە دژی دانیشـتوانە ڕووسـەکانی نـاوچەی ئەلبازینسـکی ڤۆیکۆدشـیپ (Albazinsky Voycodship)، لە سـەر ڕووبـاری ئـاموور، دەسـتی پـێ کـرد. ڕاپـۆرتی سـەرکردە سـەربازییەکانی مـانچو، بـۆ ئیمپراتۆرەکەیان، لەم بارەیەوە دەڵێت:

"ئەو زەوییـانەی کە دەکەونە بـاکووری خـۆرهەڵاتەوە، چەنـدین هەزار (لی – Li) پانتاییەتی، کە هیچ کاتێک پێشـتر هـی چـین نەبـوە،

ئێستا بوون بە بەشێک لە زەوییەکانی ژێر دەسەڵاتیان". بۆ ماوەیەک ئەم زەوییانەی ڕووسیا لە ژێر دەستی داگیرکەرە مانچوەکاندا مانەوە. لە کۆتایی سەدەی حەڤەیەمو سەرەتای سەدەی هەژدەیەمدا، سەرکردەکانی مانچو هێرشیان کردە سەر مەنگۆلیا، خانەکانی دزونگاریای ئۆیرات ( Dzungaria Khanate of Oirates)یان ڕامالّی. زیاتر لە ملیۆنێک کەسیان لێ کوشتن، کە زۆربەی زۆری میللەتەکەی دەکرد، لە خۆرهەلاتی تورکمانستانیشەوە (کاشگاریا – Kashgaria) حکومی خۆیان سەپاند بە سەر دەولّەتی ویغورەکاندا (Uighurs). بەم شێوەیە، ئیمپراتۆرەکانی چینگ (Ching) حکومی خۆیان سەپاند بەسەر ئەو ناوچە فراوانەدا، کە ئەمڕۆ پێیدەوترێت سینکیانگ (Sinkiang)، کە مانای (سنوورە تازەکە)یە، کە دانیشتوانەکەی بریتین لە ڕەگەزی ویغوری، کازاخی، قیرغیزی، دونگانی و چەندین نەتەوەی دیکە. ئەم فراوانبوونەی چینی مانچوەکان، بەرەو باشوور و باشووری خۆرئاواش پەلیکێشا.

ڕاستی پرسەکە بەم شێوەیەیە، ئەگەر بەدوای ڕاستی پرسەکاندا بگەڕێین، نەمانەوێت بە ئارەزووی خۆمان هەڵیانگێڕینەوە. چین لە سەردەمی شانشینی چینگدا، نەک هەر ڕووبەڕووی هیچ هێرش و پەلامارێکی دەرەکی نەبوەتەوە، بەڵکوو ئەوە ئیمپراتۆرەکانی چینی سەردەمی مانچوەکان بوو، کە خەڵکی چینی دەچەوساندەوە، سیاسەتێکی کۆلۆنیالیستی تالانکاریانەی داگیرکردنی زەویوزاری خەڵک، وڵاتانی دیکەی گرتبوەبەر. دروستبوونی وڵاتی چین، بەم سنوورانەی کە ئێستا هەیەتی، بە هۆی تواندنەوە، لە ناوبردن و سەرکوتکردنی چەندین نەتەوەی دیکەوە هاتوەتە بوون، بەڵام مێژوونووسە هاوچەرخەکانی چین،

ئێستا هەوڵی ئەوە دەدەن، کە لەو کوردەوانەی ئیمپراتۆر و قەڕاڵەکاندا (بیانویەک) بدۆزنەوە، بۆ ئەو پیلانی فراوانخوازییەیان.

هەر وەک چۆن لە چەندین نەوە لەمەوبەرەوە پێیڕاگەیەنراوە، سنوورەکانی نێوان یەکێتی سۆڤیەت و چین، ڕەنگدانەوەی ئەو خەڵکەیە کە بە واقیع لە سەر ئەو خاکە دەژین. لە داهاتووشدا هەر وا دەبێت، کە بریتییە لە سنوورێکی سروشتی، کە چیا و ڕووبار پێکیانهێناوە، ئەم سنوورانە زۆر بە ڕوون و ئاشکرایی، لە ڕێگەی ڕێککەوتننامە، پرۆتۆکۆلو نەخشەوە، بە وردی دیاریکراون.

ڕێککەوتننامەی ئایگون، کە بە هۆیەوە بەشە سنوورییەکەی سەر ڕووباری ئامور دیاریکراوە، لە (١٦ی مەی ١٨٥٨)دا، لە لایەن نوێنەری باڵای حکوومەتی ڕووسی، موراڤیۆڤ (Muravyov)ی حاکمی گشتی، نوێنەری باڵای دەوڵەتی دایچینگ (واتا چینی مەزن) (Daiching)، یی - شان (Yi – Shan)ی فەرماندەی گشتی ناوچەی هێیلۆنگ کیانگ (Heilung Kiang)، لە ئایگون، ئیمزا کراوە. پێویستە باس لەوە بکرێت، کە هەر وەک لە دیباچەی ڕێککەوتننامەکەدا هاتوە، ئەم ڕێککەوتننامەیە بە ڕێککەوتنی هەر دوولا ئیمزاکراوە، لەبەر هێشتنەوەی ئەو دۆستایەتییە ئەزەلییەی، کە لە نێوان هەر دوو وڵاتدا هەیە، لەبەر چاکەو بەرژەوەندی گەلو میللەتی هەر دوولا. ئەم ڕێککەوتننامەیەش لە لایەن ئیمپراتۆری چینەوە، لە (٢ی جونی ١٨٥٨)دا، بە مەڕسومێک پەسەندکراوە، لە (٨ی جولای ١٨٥٨)یشدا حکوومەتی ڕووسیا مۆریکردوە.

ڕێککەوتننامەی تیانتسین (Tientsin)یش، لە (١ی جونی ١٨٥٨)دا، لە لایەن کۆمیسیاری ئمیپراتۆریانەی ڕووسیا لە چین، پوتیاتین (Putyatin)، نوێنەری باڵای چین، هوا شان (Hua Shan)ەوە، لە شارۆچکەی تیانتسین مۆرکراوە. ڕێککەوتننامەکە باس لەوە

دەکات، کە ئەو بەشانەی سنووری نێوان چین و ڕووسیا، کە تا ئێستا دەستنیشان و دیاری نەکراوون، بەزووترین کات لە لایەن بەرپرسانی فەرمی هەر دوو حکوومەتەوە، پشکنینی فەرمییان بۆ بکرێت "لەوبارەیەوە بگەنە ڕێککەوتنێک لە سەر هێڵە سنوورییەکە". پاشان ڕێککەوتننامەکەی تیانتسین دەڵێت: "هەر کە سنوورەکانیش دەستنیشانکران، پێویستە بە وردی بنووسرێن و نەخشەی شوێنە پێکەوە لکاوەکان دیاری بکرێت، کە ئەمە لە داهاتوودا، وەک بەڵگەنامەیەکی حاشاهەڵنەگر سەبارەت بە سنوورەکان، خزمەت بە هەر دوو حکوومەتەکە دەکات."

بۆ جێبەجێکردنی ئەم ڕێککەوتننامەیەش، لە (٢ی نۆڤەمبەری ١٨٦٠)دا، پەیماننامەیەک لە پەکین مۆرکرا، کە پشتگیریی ئەو ڕێککەوتننامانە دەکات، کە پێشتر لە ئایگون و تیانتسین ئیمزا کراوون، هەروەها هێڵە سنوورییەکەی سەر ڕووباری ئوسوریش دەستنیشان دەکات. ئەم پەیماننامەیەی پەکین، لە لایەن نێردراوی دەسەڵاتپێدراوی دەوڵەتی ڕووسی، ن. ئیگناتییڤ (N. Ignatyev) و نێردراوی دەسەڵاتپێدراوی دەوڵەتی دایچینگ، شازادە گون (Prince Gun)، کە لە جێگەی (Yi Shin) هاتبوو، ئیمزا کراوە.

لە پەیماننامەی پەکیندا، هەر دوولا ئەوە دەسەلمێنن، کە ئەم ڕێککەوتننامەیە لە پێناو "زیاتر پتەوکردنی دۆستایەتی دوولایەنەی نێوان هەر دوو ئیمپراتۆرییەت ئیمزاکراوە، بۆ پەرەسەندنی پێوەندییە بازرگانییەکان، نەهێشتنی هەر بەدحاڵیبوونێک...".

لە ساڵی (١٨٦١)دا، ئەم ڕێککەوتننامەیە، پرۆتۆکۆلییەکی نەخشە گۆڕینەوە، وەسفی هێلکاری سنوورەکانی ناوچەی ئوسوری، وەک بەشێکی دانەبڕاو لە پەیماننامەکە، بۆ زیاد کرا.

هەموو ئەم ڕێککەوتننامانەی کە لە سەرەوە باسکران، هەر

وەک هەموو ئەو ڕێککەوتننامانەی دیکەش، کە باس لە دیاریکردنی سنوورەکانی نێوان یەکێتی سۆڤیەت و چین دەکەن، هەموو وەک هەر بەڵگەنامەیەکی نێودەوڵەتی ئەم دوو وڵاتە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت، تا ڕۆژی ئەمڕۆش هەمان هێز و کاریگەرییان هەیە. لەبەر ئەوەی لایەنی چینی ناتوانێت نکوڵی لەم پرسە بکات، ئێستا هەوڵی ئەوە دەدات گومان بخاتە سەر یاسایی ئەو ڕێککەوتننامە یاساییانەی، کە لە سەرەوە باسکران، لەم میانەشدا ڕێگە بە خۆی دەدات کە هەموو ڕاستییەکان لەو پێناوەدا ئاوەژووبکاتەوە.

لێدوانەکەی حکوومەتی (CPR)، باس لەوە دەکات، کە ئەو نەخشەیەی زیاد کراوە بۆ پەیماننامەکەی پەکینی (١٨٦٠)، ئەوەی کە ڕێچکەی هێڵە سنوورییەکە دیاری دەکات، "یەکلایەنە لە لایەن ڕووسیای تزارییەوە کێشراوە". ئەمە سەرلەبەری ناڕاستە. ڕاستیەکەی ئەوەیە کە پرۆتۆکۆلەکەی گۆڕینەوەی نەخشەکان، لە لایەن هەر دوو کۆمیسیاری دەسەڵاتپێدراوی دەوڵەتی ڕووسی، پ. کۆزاکڤیچ (P.Kozakevich)، ک. بودۆگۆسکی (K. Budogosskiy)، لەگەڵ هەر دوو نوێنەری دەوڵەتی دایچینگ، کە هەمان دەسەڵاتیان پێدرابوو، چێن چی (Chen Chi)و چینگ چون (Ching Chun)، لە (١٦ی جونی ١٨٦١)دا ئیمزاکراوە، مۆری فەرمی هەر دوو حکوومەتی ڕووسیو چینیشی لە سەرە.

پرۆتۆکۆلەکە دەڵێت، "پاش ئەوەی کە پێداچوونەوەی کۆتایی بۆ هەموو کۆپیەکانی نەخشە و وەسفی سنوورەکان کرا، دوو نەخشەی هێڵە سنوورییەکە، بە هەر دوو زمانی ڕووسیو مەنشوری، دەکرێن بە پاشکۆ بۆ پەیماننامەکەی پەکین"، لەگەڵ "چوار نەخشەو وەسفی شێوەی سنوورەکان، هەر لە ڕووباری ئوسورییەوە تا دەگات بە دەریا" دەرکەوت، کە ئەمانە هەموو

"تەواو چونیەکن". هەروەها لە پرۆتۆکۆلەکەدا هاتوە، "کۆمیسیاری یەکەمی دەوڵەتی سۆڤیەتی، کۆپی نەخشەیەکی تەنهای وردەکاریی هێڵە سنوورییەکانیدا بە کۆمیسیاری یەکەمی دەوڵەتی دایچینگ، کە بە هەر دوو زمانی ڕووسیو مەنشوری لە سەری نووسرابوو، لە کاتی وەرگرتنی نەخشەکە لە لایەن کۆمیسیاری یەکەمی دەوڵەتی دایچینگەوە، ئەویش نەخشەیەکی هاوشێوەی پێشکەش بە کۆمیسیارە ڕووسەکە کرد، کە بە هەمان شێوە، بە هەر دوو زمان لە سەری نووسرابوو. بە هەمان دەستوور، گۆڕینەوەی ئەو چوار نەخشەیەی دیکەش ڕوویدا، کە وردەکاری سنوورەکانی تێدایە، لە ئوسورییەوە تا دەریا. لە سەر هەموو ئەو نەخشانە، مۆر و ئیمزای نوێنەرانی هەر دوو وڵاتی، ڕووسیاو چین، هەیە. کەچی حکوومەتی (CPR)، بە پێچەوانەی ئەو ڕاستیانەی کە لە دۆکیۆمێنتەکاندا تۆمارکراون، باس لە هەندێک تەواوکاریی "یەکلایەنە" دەکات لە نەخشەکاندا.

لە لێدوانەکەی حکوومەتی چیندا، باس لەوە دەکرێت کە گوایە دوورگەی دامانسکی، "ئەوەتەی هەیە خاکی چین بوە"، ڕووباری ئوسوریش، پێش (١٨٦٠) "ڕووبارێکی ناوخۆیی چین بوە"، بەڵام لێرەشدا مێژوو پێچەوانەی ئەمە باس دەکات. وەک لە سەرەوە باس کرا، هەتا چین لە لایەن مانچوەکانەوە داگیرنەکرابوو، سنووری باکووری دەوڵەتی چین، ڕێک قەراغی شورا گەورەکەی چین بوو، کە زۆر دوورە لە ڕووباری ئوسورییەوە. تەنانەت مانچوەکان بۆخۆشیان، لەو سەردەمەدا، لە ناوچەی نیمچە دوورگەی لیاوتونگ (Liaotung Peninsula)و نزیک ڕووباری لیاوهێ (River Liaohe) دەژیان، کە زیاد لە (٨٠٠) کیلۆمەتر لە باشوور و باشووری خۆرئاوای هەر دوو ڕووباری ئامورو

ئوسورییەوە دوورە.

لە کۆتایی (١٦٧٠)کانو سەرەتای (١٦٨٠)کاندا، مانچوەکان سنووری ژووررووی ئیمپراتۆرییەتەکەیان بە شورایەک دیاریکرد، کە پێی دەوترێت (شورای سپیار – Willow Palisade)، لەگەڵ قایمکردنی دیوارەکانی، دانانی قوللەی پاسەوانی لە سەریان، کە بە تەنیشت موکدین (Mukden)دا تێدەپەڕی. ئەم هێڵە سنوورییە، پاسەوانی سنوور پارێزگارییان لێ دەکرد. دەرچوون لەو شورا دارینەش، مانای دەرچوون بوو لە وڵاتەکە، وەک ئەوەی کە زۆر بە وردی لە کتێبی (باچی تونچی چوتسی – Bachi Tunchi Chutsi)دا باسکراوە - کە کتێبێکی مێژوویی بە ناوبانگە، لە وەسفی هێزە چەکدارەکانی ئیمپراتۆرییەتی مانچودا. شوێنەواری ئەو شورا دارینە، هەتا ئێستاش هەر ماوە. بەم شێوەیە، تەنانەت بە لای مانچوەکانیشەوە، ڕووباری ئوسوری هیچ کاتێک "ڕووبارێکی ناوخۆیی" نەبوە و ناشبێت.

دیاریکردنی سنووری نێودەوڵەتیی هەرێمی ماریتایم، لە لایەن تزارەکانی ڕووسیا و ئیمپراتۆریەتی چینگی سەردەمی مانچۆکانی چینەوە، لە نیوەی دوەمی سەدەی نۆزدەیەمدا کراوە. ڕێککەوتننامەی پەکینی ساڵی (١٨٦٠)، ڕووباری ئوسوری کرد بە سنوور لە نێوان ڕووسیا و چیندا. کە لەگەڵیشیدا، بە پێی ئەو پرۆتۆکۆلانەی کە لە (١٨٦١)دا زیادکران بۆ ڕێککەوتننامەکە، هێڵە سنوورییەکە، کە بە درێژایی ڕووبارەکە درێژدەبێتەوە، لە سەر نەخشەکان بە هێڵێکی سوور دیاریکراوە. لە ناوچەی دوورگەی دامانسکیدا، ڕێک بە سەر کەنارەکەی لای چیندا کێشراوە، بە شێوەیەک کە ئەم دوورگەیە، دەکەوێتە ئەودیوی (هێڵە سنوورییەکەوە)، بە لای سۆڤیەتدا. بەم شێوەیەش ئەو دوورگەیە

دەبێت بە هی سۆڤیەت، نەک هی چین.

بە شـێوەیەکی گشـتی، لە یاسـای نێودەوڵەتیـدا وابـاوە، کە لە کاتی سنوورکێشاندا، هێڵە سنوورییەکە، بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی، بە ناوەڕاسـتی ڕێچـکەی سـەرەکی ئەو ڕووبـارانەدا بـڕوات، کە دەکەونە سەر سنوورەکان، بەڵام ئەگەر بە ڕێککەوتن ئەنجامیبدەن، ئەوکات دەوڵەتان ئەو هێڵە سنوورییە بەوشێوەیە دەکێشـن، کە بە باشترین شێوە لەگەڵ بارودۆخەکەدا دەگونجێت. چەندین نموونە هەیە لە پێوەنـدییە نێودەوڵەتییەکانـدا، کە سـنوورەکان بە قەراغـی ڕووبـارە سـنوورییەکاندا ڕۆیشـتوون، نەک بە ناوەڕاسـتی ڕێچـکە سەرەکیەکەیدا. ئەوەتا لە ڕێککەوتننامەکەی ساڵی (١٨٥٨)ی نێوان کۆستەریکا و نیکاراگوادا، ڕێککەوتننامەکە دەڵێت، پێویستە هـێڵە سـنوورییەکە بە قەراغـی لای ڕاسـتی ڕووبـاری (سـان جوانـدا – San Juan) بڕواتو "تەنها کۆماری نیکاراگوا مافی دەسـەڵاتو خاوەنـداریێتی ئـاوی ڕووبـارەکەی هەبێـت". چەنـدین سـنوور دیاریکردنی لەمچەشنەی، تایبەت بە سنووری سەر ڕووبارەکان، لە ڕێککەوتننامەی نێوان وڵاتاندا بەدی دەکرێت.

ڕێککەوتننـامەی پەکینـی نێـوان ڕووسـیاو چینـی سـاڵی (١٨٦٠)یـش، نمـوونەیەکی دیـکەی ئەو دۆخەیە. داننـان بەوەدا کە ئاسـاییە ئەگەر هـێڵە سـنوورییەکە بە ناوەڕاسـتی جـۆگە سەرەکیەکەدا نەڕوات، لە ڕێککەوتننامەکەی ساڵی (١٩٥١)ی نێوان سـۆڤیەتو چینیشـدا، کە تـایبەتە بە ڕێکخسـتنی کەشـتیرانی لە ڕووبـارە سـنوورییەکاندا، ڕەنگیـداوەتەوە. مـاددەی (١)ی ئەو ڕێککەوتننـامەیە دەڵێـت، تێپەڕینـی کەشـتیەکانی هەر دوولا بە ڕێچـکەی سـەرەکی ڕووبـارە سـنوورییەکاندا، ڕێگەپێـدراوە، "بـێ گوێدانە ئەوەی کە ئایا هێڵە سنوورییەکە بە کوێدا دەڕوات".

لە کـاتی کۆبـوونەوە ڕاوێژکاریەکـانی سـاڵی (١٩٦٤)دا، لایەنـی سـۆڤیەتی ڕایگەیانـد، ئامـادەیە لە ناوەڕاسـتی ڕێـگەکەدا، لەگەڵ داواکـانی لایەنـی چینیـدا یەکبگـرێتەوە. ئەمەی لەبەر بەرژەوەنـدی دانیشتوانە چینیەکەی کەناری ڕووبارەکە بوو، هەروەها بۆ ئەوەی بگـات بە ڕێککەوتنێـک، لە سـەر دیـاریکردنی هـێڵە سـنوورییەکانی نێـوان (USSR)و (CPR)، بەدرێژایـی ڕووبارەکـانی ئـاموور و ئوسـوری، لە سـەربنەمای مافـدان بە یەکتـری، بەو مەرجەی کە لایەنـی چینـیش، لە لای خـۆیەوە، ئامـادەیی پیشـانبدات، کە لە بەرامبەردا ئەویش، لە جێگە جیاوازەکانی سەر سنوورەکەدا، ئاگای لە بەرژەوەنـدییەکانی گەلـی سـۆڤیەت دەبێـت. ئەمە ڕێککەوتنێکـی زۆر گونجـاو بـوو، کە لە سـەر حەز و خواسـتی هەر دوولا، بـۆ ڕەواندنەوەی گرژیی نێوانیان، پاراستنی ئارامی سەر سنوورەکان، بنیادنرابوو.

بەڵام ئەم ڕێککەوتـنە لەو کـاتەدا جێبەجێنەکـرا، چـونکە نوێنەرەکانی لایەنی چینی، کۆبوونەوە ڕاوێژکارێکانیـان بەداواکاری نـاوچەیی بێبنەمـا، شـتی دیکەی لەو جۆرە، ئـاڵۆزکرد، کە گومـانی دەخستە سەر ئەو هـێڵە سنوورییانەی کە ئێستا لە ئارادان، هەمـوو ئەو ڕێککەوتننامـانەش، کە بە هۆیـانەوە ئەو هـێڵە سـنوورییانە دیاریکراون.

لێـدوانەکەی حکـوومەتی (CPR)ی (٢٥)ی مەی، بـاس لەوە دەکـات کە گـوایە وەک پێشـێلکردنێکی "دیـاریکردنی هـێڵە سـنوورییەکانی نێـوان چـین و ڕووسـیا، لە نـاوچەی کاشـگار (Kashgar)"، لە سـاڵی (١٨٨٤)دا، ڕووسـیا زیـاد لە ٢٠,٠٠٠ کیلـۆمەتر چوارگۆشـەی لە خـاکی چـین داگیـر کـردوە، بەڵام پرۆتۆکـۆلەکەی (٢٢ی مەی ١٨٨٤)، ئەوەی کە لایەنـی چینـی

ئاماژەی پێ دەکات، هیچ پێوەندی بە ناوچەی پامیر (Pamir)ەوە نییە، ئەمەش لای هەموو ئەو کەسانە ئاشکرایە کە پرۆتۆکۆلەکەیان خوێندوەتەوە.

کۆمیسیارەکانی ڕووسیاو چین خەریکی دیاریکردنی سنووری ناوچە شاخاویەکانی تیانشان (Tienshan) بوون، کە دەکەوێتە نێوان ناوچەی فێرغانا (Ferghana)، کە جاران هی ڕووسیا بوو، لەگەڵ ناوچەی کاشگاری چینی، لە بەشی (بێدل پاس – Bedel Pass)ەوە تا (ئوز- بێل پاس – Uz-Bel Pass)، کە کارەکەیان تەواو بوو، ئەو پرۆتۆکۆلەی (٢٢ی مەی ١٨٨٤)یان ئیمزا کرد، کە لە سەرەوە ئاماژەی پێکراوە. دیاریکردنی سنوورەکانی ناوچەی پامیر، لە ساڵی (١٨٩٤)دا، بە ڕاوێژ گۆڕینەوە کرا. کە تێیدا هەر دوو لا ڕازیبوون لە سەر ئەوەی، کە "لەو جێگەیانەی خۆیانەوە پێشڕەویی زیاتر نەکەن" بۆ ناوچەی پامیر، بە درێژایی زنجیرە شاخی ساریکۆڵ (Sarykol). هەر ئەو هێڵە سنووریەشە کە تا ئەمڕۆش هەر ماوە، نەک هێڵێکی دیکە.

بە هەمان شێوە، ئەو لێدوانەی کە گوایە سنووری چین لە بەشی خۆرئاواوە "بە دەریاچەی باڵخاش (Balkhash)دا تێدەپەڕێت" شتێکی بێمانایە، هەر نەبێت لەبەر ڕووناکی ئەو ڕاستیانەدا، کە لە ئارادان. شوێنی سنوور قایمکردنەکانی ڕووس، شوێنی نیشتەجێبوونەکانیان، لە قەراغی سەرەوەی ئێرتیش (Irtysh) دۆزراوەتەوە، کە دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی سەدەی هەژدەیەم. هەر لە (١٧٣١و ١٧٤٠)ەوە، هۆزە کازاخییەکان (Kazakh Zhuz)، لە باکوور و خۆرهەڵاتی کازاخستانەوە، داوایان دەکرد کە ببن بە یەکێک لە ڕەعییەتەکانی ڕووسیا. لەو سەردەمەدا ئیمپراتۆریەتی مانچو چینگ، خەریکی داگیرکردنی

ئاسیای ناوەند، واتە ناوچەی (سینکیانگ)ی ئێستا و خەفەکردنی بەرگریی گەلانی ئۆیرات (Oirats)و ویغور (Uighurs)و کازاخ، ئەو میللەتانەی دیکە بوو، کە لە ناوچەی دزونگاریا (Dzungaria) و تورکستانی خۆرهەلات دەژیان. هێڵی خۆرئاوای ئەو ناوچانەی کە چینگ داگیریکردبوون، چەند سەد کیلۆمەترێک دوور بوو لە دەریاچەی باڵخاشەوە. دوای داگیرکردنی زونگاریا، لە (١٧٥٨)دا، مانچوەکان، بە مەبەستی تالانی، جاروبار هێرشێکییان دەکردە سەر خێوەتگای کازاخ و قیرغیزەکان. ئیمپراتۆریەتی چین هیچ جۆرە پێکهاتەیەکی کارگێڕی، نە هی سەربازیو نە هی مەدەنی، نە لە کازاخستان، نە لە هیچ ناوچەیەکی دیکەی ئاسیای ناوەنددا نەبوە، کە ئێستا سەر بە کۆماری سۆسیالیستی یەکێتی سۆڤیەتین. ئەوە جگە لەو ڕاستییەی کە هیچ خەڵکێکی مەدەنی، نە لە مانچوەکان، نە لە خەڵکی چینیش، هیچ کاتێک لەم ناوچانەدا نەژیاون.

بەم شێوەیە، ڕاستییە مێژووییەکان بۆمان دەردەخەن، کە سنووری چین، لە خۆرئاواوە، هیچ کاتێک لە ناوچەکانی کانسو (Kansu)و سزیچوان (Szechwan) تێپەڕینەکردوە، هیچ کاتێکیش نەگەیشتوەتە دەریاچەی باڵخاش.

لە لێدوانەکەی ڕۆژی (٢٩ی مارتی ١٩٦٩)شدا، حکوومەتی سۆڤیەتی ڕای خۆی دەربڕیوە بەرامبەر بە ڕێککەوتننامە نابەرابەرەکان، بەرامبەر بەو هەوڵانەی کە لایەنی چینی دەیدات بۆ چەواشەکردنی ڕای گشتی، لە سەر ئەم پرسە ڕوونو ئاشکرایە.

هەر ڕاستەوخۆ لە دوای شۆڕشە مەزنەکەی ئۆکتۆبەری سۆسیالیستییەوە، لینین بڕیاریدا هەموو ئەو ڕێککەوتننامە نهێنیو نابەرابەرانە هەڵوەشێنێتەوە، کە لە نێوان ڕووسیای تزاری و

دەوڵەتـــانی دیـــکەدا مۆرکرابـــوون، بە چینیشـــەوە. ئەم هەنگـــاوەی دەوڵەتی سۆڤیەتی، سوربوونی ئەو دەردەخات لە سەر بەستن و پەرەپێدانی پێوەندی دۆستانە، یەکسانی، ڕێزگرتنی یەکتری، لەگەڵ هەموو وڵاتاندا، بە چینیشەوە.

لە (٢٥ی جـــوڵای ١٩١٩)دا، کۆمـــاری فیـــدراڵیی ڕووســـیای سۆڤیەتی سۆسیالیستی (RSFSR) پێوەندی کرد بە گەلی چین و حکوومەتی باشوور و باکووری چینەوە پێیڕاگەیاندن، کە چەند ڕێککەوتننـــامەیەک هەن لە نێـــوان ڕووســـیاو چینـــدا ئیمزاکـــراون، حکـــــوومەتی ســــــۆڤیەتی بە نابەرابەریـــــان دەزانێـــــت. ئەو ڕێککەوتننامانەی کە پوچەڵکرانەوە، ئەوانە بوون کە باس لە بواری دەســـەڵات دەکەن لە چینـــدا، هەروەهـــا مـــافی نـــاوچەی زیـــاتر، دەســـەڵاتی قونســـوڵی، مـــافی گەڕان و دەرهێنـــانی کـــانزا لە نـــاوچە چینییەکانـــدا، پێـــدانی بەش بە ڕووســـیا لەو قەرەبـــووەی، کە وڵاتە ئیمپریالیســـتییەکان ســـەپاندبوویان بە ســـەر چینـــدا، لە دوای دامرکانـــدنەوەی (شۆڕشـــەکەی بۆکســـەر – Boxer Rising). ڕووسیای سۆڤیەتی هەموو ئەم ڕێککەوتننامانەی ڕەت کردەوە، جا لەگەڵ چیندا ئیمزا کرابێتن، یاخود لەگەڵ هەر دەوڵەتێکی دیکەی سێیەمدا، سەبارەت بە چین.

ئەم پێشـــنیارانە، لە نـــامەکەی (٢٧ی ســـێپتەمبەری ١٩٢٠)ی، کۆمیســـیاریای میللـــی کاروبارەکـــانی دەرەوەی (RSFSR)یشـــدا دووپـــات کـــراونەتەوە، کە جەخـــت لە ســـەر ئەوە دەکـــاتەوە کە حکوومەتی سۆڤیەتی پابەند دەبێت بەو بنەمایانەوە، کە پێشتر لە داواکارییەکەی (٢٥ی جوڵای ١٩١٩)دا هاتوون، ڕێککەوتننامەیەکی دۆستانەیان لە سەر بنیاد دەنێت، لە نێوان چین و ڕووسیادا. ئەم هەڵوەشـــــاندنەوەی ڕێککەوتننـــــامە نـــــابەرابەرانە، بە هـــــۆی

ڕێککەوتننـامەیەکەوە کـاریگەریی یاسـایی پێدرا، کە لە (٣١ی مەی ١٩٢٤)دا، سـەبارەت بە بنەمـا هاوبەشـەکان بـۆ چارەسـەری کێشەکان، لە نێوان (USSR)و کۆماری چیندا ئیمزا کرا.

نە داواکەی (١٩١٩)، نە ڕێککەوتننـامەکەی سـاڵی (١٩٢٤)ی نێوان یەکێتی سۆڤیەت و کۆمـاری چـین، هـیچ ئاماژەیەکییان تێدا نییە بـۆ ئەوەی کە ئەو ڕێککەوتننامـانەی سـنوورەکانی ئێسـتای نێوان سۆڤیەت و چینی لە سەر دیاریکراوە، نایاسایی، یاخود نهێنی بن. هەر لەبەر ئەوەش، هیچ باس و خواسی پوچەڵکردنەوە، یاخود دەسـتکاریکردنییان لەئـارادانەبوە. تـا ئەم دواییـانەش، سـەرانی (CPR) بـۆ خۆیـان، جەختیـان لەوە دەکـردەوە، کە دەوڵەتـی سـۆڤیەتی بـۆ خـۆی ڕێککەوتننـامە نابەرابەرەکـانی لەگەڵ چینـدا هەڵوەشاندوەتەوە.

لە کۆنگرەی حەوتەمی حیزبی کۆمۆنیستی چینی، لە (١٩٤٥)دا، جـارێکی دیـکەش لە (١٦ی دیسـەمبەری ١٩٤٩)دا، ماوتسـی تۆنـگ وتـی: "یەکێتـی سـۆڤیەت، یەکەم دەوڵەت بـوە ڕاییگەیەنێـت ڕێککەوتننـامە نابەرابەرەکـانی لەگەڵ چینـدا هەڵدەوەشـێنێتەوە، لە جێگەیان، ڕێککەوتننامەی دادپەروەرانە ئیمزادەکات." کەچی ئێستا، بەپێـی لێـدوانەکانی چـین بێـت، ئەوانەی ئێسـتا سیاسـەتی چـین دادەڕێـژن، ئەوەنـدەی گرینگـی دەدەن بە کـارە داگیرکارییەکـانی جەنگیزخان و کانگ - هسی، سەرکردە فیوداڵەکانی دیکە، کە هەر خەریکی پیاهەڵدانن پیایانـدا وەک "جەنگـاوەر و پیـاوانی دەوڵەتـی چینـی مەزن"، هێنـدە گرینگـی نـادەن بەو بڕیـارانەی لینـین، کە کۆتاییهێنا بەو ڕێککەوتننامە نابەرابەرانە.

بـۆئەوەی ئەم بانگەشـەی (نـابەرابەریتی) ڕێککەوتننامەکـانی تایبەت بە سنوورەکانی نێوان چین و ڕووسیا وەک بانگەشەیەکی

به جیّ دەربکەون، حکوومەتی چینی تەنانەت پەنای بردە بەر شێواندنی چەند وتەیەکی ناو بەرهەمە کۆنەکانی مارکسیزم - لینینیزمیش. لێرەولەویّ وتەیەکی دەهێنا، لەو دەقە کۆنانەیانەوە دەریان دەهێنا، کە لە دژی سیاسەتەکانی ڕووسیای تزاری نووسرابوون. بۆ نموونە، بەشێک لە نووسینێکی لینین، سەبارەت بە شەڕی چین، کە لۆمەی تزارەکان دەکات بۆ بەشداریکردنیان، شان بە شانی هێزە ئیمپریالیستییەکان، لە دامرکاندنەوە و سەرکوتکردنی ڕاپەڕینەکەی بۆکسەری ساڵی (١٩٠٠)دا، ئەمە وا لێکدرایەوە و وەها هێنرایەوە، کە (بەڵگە)یەک بێت لە سەر پرسی (نابەرابەریّتی) ڕێککەوتننامەکانی ئایگون و پەکین، کە چل ساڵ لەوەوبەر ئیمزاکراون، نووسینەکەی لینین تەنانەت یەک وشەشی تێدا نییە سەبارەت بەو پرسە.

ئاشکرایە، کە پاش سەرکەوتنیان لە شۆڕشە مەزنە سۆسیالیستییەکەی ئۆکتۆبەری ساڵی (١٩١٧)، گەلی یەکێتی سۆڤیەتو حکوومەتی سۆڤیەتی، نەک هەر کۆتاییان بەو سیاسەتی چەوساندنەوەیەی هێنا، کە حکوومەتی ڕووسیای تزاری بەرامبەر بە میللەتانی خۆرهەڵات پیادەی دەکرد، بەڵکوو لە ڕێگەی کردەوە و ڕەفتارەکانیانەوە، نموونەی سیاسەتێکی تەواو نوێیان پێشکەش بە مرۆڤایەتی کرد، کە لە بەرژەوەندی چینی کرێکارانی هەموو جیهان دایە.

تەنانەت یەک دۆکیۆمێنتی حکوومەتی سۆڤیەتی، یەک لێدوانی ڤ. ئـ لینین، باس لەوە ناکەن کە ئەم ڕێککەوتننامە سنووریانەی لەگەڵ چیندا ئیمزاکراون، نابەرابەرن، یاخود پێویستیان بە گۆڕینە. ڤ. ئـ لینین، هیچ کاتێک و لە هیچ شوێنێکدا، باسی پرسی سنوورەکانی نێوان (USSR) و چینی نەکردوە.

ئەوەی کە کارە ئازایانەکانی میللەتەکەی ئێمەی بۆ هەتاهەتایە خستە تۆمارەکانی مێژووەوە، ئەو خەباتە بوو کە بە ڕابەرایەتی ڤ. ئ. لینین بەرپای کرد، بۆ ئازادکردنی زەوییەکانی خۆرهەڵاتی دوری سۆڤیەتی، لە چنگی یابانو داگیرکەرە دەرەکییەکانی دیکە. یەکێتی سۆڤیەت هەر زوو هەوڵەکانی سەرانی سەربازی چینی لە مەنشوریا، پوچەڵ کردەوە، کە دەیویست دەستدرێژی بکاتە سەر سنوورەکانمان. ئەوانەی داگیرکەرە یابانییەکانیش، کە دەیانویست هێزو توانامان تاقی بکەنەوە لە بەرگریکردن لە خاکی سۆڤیەتی سۆسیالیستی.

دیارە بەڕێکەوت نییە لێدوانەکەی (٢٤)ی مەی حکوومەتی (CPR)، بە وریاییەوە خۆی دەپارێزێت لە باسکردنی هەموو ئەو شتانەی، کە پێوەندییان هەیە بە سیاسەتە فراوانخوازییە نابەجێکەی ئیمپراتۆرەکانی چینەوە. حکوومەتی (CPR) لێکدانەوە چینایەتییەکانی فەرامۆش کردوە لە هەڵسەنگاندنی دیاردە کۆمەڵایەتییەکاندا، لە جیاتی ئەوە هەوڵ دەدات ئەوە بسەلمێنێت، کە کۆمەڵێک فیودالی داگیرکەری سەرکوتکەری گەلان، کە چینی بوون، ئەوان لە سەر هەق بوونو خەڵکانی دی نا. بۆ ئەوەی قەناعەتێک دروست بکات، کە ئەو سنوورانەی دەوڵەتی ڕووسیا، دەبوو لەگەڵ ڕووخانی حکوومەتە دیکتاتۆرییەکەی تزارەکاندا، ئەویش هەڵوەشایەتەوە.

قەبوولکردنی ئەو بنەمایانەی لە لێدوانەکەی حکوومەتی (CPR)دا هاتوە، کە گوایە دەسەڵاتی حکوومەت بە سەر ناوچەکاندا، بە پێی ئەو خەڵکە دیاریناکرێت کە لە سەری دەژین، بەڵکوو دەبێت بە پێی یادەوەری (Memory)ی داگیرکەرەکانی پێشوویان بێت. ئەوە دەگەیەنێت کە دەبێت ئەمریکای لاتین

بگەڕێتەوە ژێر حکومی تاجی ئیسپانی، ویلایەتە یەکگرتوەکان بگەڕێتەوە بۆ ژێر دەسەڵاتی بەریتانیای عوزما، یۆنانیش، وەک نەوەی ئەسکەندەری گەورە، داوای وڵاتەکانی ئەمڕۆی تورکیا، سوریا، ئێران، هیند، پاکستان و کۆماری عەرەبیی یەکگرتوو (UAR) و. ..هتد، بکەن.

تا ئەم دواییانەش، حکوومەتەکەی (CPR) دەیزانی، ئەگەر پرسەکان لەو ڕوانگەیەوە تەماشابکرێن، کۆتاییەکەی بە چی دەگات. بۆ نموونە، لە مانگی ئۆکتۆبەری (١٩٦٠)دا، چو ئین - لای، سەرۆک وەزیرانی (CPR)، وتی: "ئەگەر خەڵکی پشت بە مێژوو ببەستن بۆ یەکلاییکردنەوەی کێشەکانیان، دنیا دەشێوێت بە سەر یەکدا". کەچی ئەمڕۆ، لەو پرسەدا، بۆچوونێکی تەواو پێچەوانەیان گرتوەتەبەر.

لە ڕاستیدا هیچ کێشەیەکی سنووری لە نێوان (USSR)و (CPR)دا نییە. هیچ سنوور پێشێلکردنێکیش ڕووینەداوە، هیچ ناوچەیەکی چینیش لە لایەن سۆڤیەتەوە زەوتنەکراوە و نەلکێنراوە. هیچ کاتێکیش شتی وا ڕوونادات. بە درێژایی پەنجا ساڵ، خەڵکی سۆڤیەتو هێزە چەکدارەکانی، هەر هەمان سنووری وڵاتەکەمانیان پاراستوە، کە دەکەوێتە سەر ڕووبارەکانی ئاموور و ئوسوری، ناوچەی پامیر و تیانشان (Tienshan)ەوە. ئەم سنوورانە وەک چۆن لە ڕابردوودا پارێزگارییان لێ کراوە، کەس نەیتوانیوە بیانبەزێنێت، ئەمڕۆش هەروەهان. هەر هەوڵێکیش بۆ بەزاندنی سنوورەکانی سۆڤیەت، وەڵامێکی تێکشکێنانە دەدرێتەوە.

حکوومەتی سۆڤیەتی ناتوانێت ئەو لێدوانانەی (٢٤)ی مەی ڕابردووی حکوومەتی (CPR)، ئەو چەندین دۆکیومێنتە حکومییەی (CPR)، پشتگوێ بخات، کە چەندین ڕاگەیاندنی درۆ و

هەڵبەستراو، سووکایەتی پێکردنیان تێدایە، بەرامبەر بە دەوڵەتی سۆڤیەتی و گەلی سۆڤیەت. حکوومەتی سۆڤیەتی بێدەنگ نابێت لە ئاست ئەو قسە بێمانایانەدا. سووکایەتی پێ کردن و قسەی سووک پێ کردن، بەو شێوەیەی کە لە لێدوانەکانی حکوومەتی (CPR)دا بەکاردەهێنرێن، بەڵگەی ئەوەن کە لایەنی چینی خوازیاری ئەوە نییە چارەسەرێکی بنیادنەرانە بۆ کێشەکانی بدۆزێتەوە.

هەر لەم میانەشدا، حکوومەتی سۆڤیەتی ناتوانێت ئەو ڕاستیانە پشتگوێ بخات، کە کاربەدەستانی چین، بەردەوام خەریکی ئاژاوەنانەوەن لە سەر سنوورەکانی سۆڤیەت. سەرانی چین و ڕێکخراوەکانی ناو (CPR)، هەڵمەتێکی توندی دژە - سۆڤیەتیان بەرپا کردوە، کە سەرانسەری چینی گرتووەتەوە، بە شار و دێهاتییەوە. چین کەوتە بڵاوکردنەوەی هەڵمەتێکی پڕوپاگەندە، بە مەبەستی جۆشدانی هەستی دژە - سۆڤیەتی، چاندنی ئەو بیرۆکەیە لە ناو گەلی چیندا، کە گوایە یەکێتی سۆڤیەت خەریکی پیلاندانانە بۆ هێرشکردنە سەر چین. بێمانایی ئەم هەراوزەنایە، ڕوون و ئاشکرایە. هەموو خەڵکێکی بە شەرەفو ڕاستگۆ و هەقپەروەر، دەزانێت کە گەلی سۆڤیەت خەریکی کارێکی ئاشتیانەی بنیادنەرانەیە، کە ئەویش بنیادنانی کۆمۆنیزمە، بە هیچ شێوەیەک هێرشیان نەکردوەتە سەر کەس، نایشی کەن.

سیاسەتی یەکێتی سۆڤیەت بەرامبەر بە گەلی چین، بە نەگۆڕی دەمێنێتەوە. ئەمە لە سەر گەشەسەندنێکی درێژخایەن بنیادنراوە. ئێمە دەزانین کە بەرژەوەندییە سەرەکییەکانی هەر دوو گەلی سۆڤیەت و چین، پێکەوە گرێدراون. یەکێتی سۆڤیەت حەزی بە هاوسێیەتییەکی باش، پێوەندی دۆستانە هەیە، لەگەڵ چیندا، هەوڵ دەدات بۆ لابردنی هەر ئاستەنگێک، کە دێتەڕێی پێوەندی

دۆستانەی هەر دوو وڵات، بە پێچەوانەی ئەوانەوە کە تۆوی دووبەرەکی دەچێنن لە نێوان هەر دوو گەلی سۆڤیەت و چیندا، حکوومەتی سۆڤیەتی سیاسەتی لینینیستی نێودەوڵەتی پەیڕەو دەکات، لە بواری دۆستایەتی، یەکێتی، هاوکاریدا. یەکێتی و یەکگرتنی هێزەکانی ئاشتی، لە پێناو ئازادیی کۆمەڵایەتی و نەتەوەییدا، پێویست و خوازراوە، بۆ سەرکەوتن لە بەرامبەر هەڕەشە و هێرشی ئیمپریالیزمیدا.

حکوومەتی سۆڤیەتی چەندین جار پێشنیاری بۆ حکوومەتی (CPR) کردوە، کە پێویستە پێوەندی نێوان هەر دوو وڵات ئاسایی بکرێتەوە. لە مانگی فەبریوەری (١٩٦٥)، مانگی مارتی (١٩٦٦)یشدا، پێشنیارێک پێشکەش بە لایەنی چینی کرا، بۆ بەستنی کۆبوونەوەیەکی باڵا لە نێوان هەر دوو وڵاتدا، بۆ تاوتوێکردنی هەموو پرسە جێ ناکۆکەکان.

لە لێدوانەکەی (٢٩)ی مارتدا، حکوومەتی (USSR) پێشنیاری دەستپێکردنەوەی کارە ڕاوێژکارییەکانی نێوان نوێنەرەکانی (USSR)و (CPR)ی کرد، بۆ تاوتوێکردنی پرسی یەکلایی کردنەوەی هەندێک درێژکراوەی سنوورەکان، لە هەندێک شوێنی تایبەتیدا، بە پێی ئەو ڕێککەوتننامە سنووریانەی کە ئێستا کاریان پێدەکرێت. ئێستاش هەر داواکەی دووپات دەکاتەوە، بۆ دەست پێ کردنەوەی کۆبوونەوە ڕاوێژکارییەکان، بێ گومان بێ هیچ مەرجێک.

یەکێتی سۆڤیەت دەیویست ئەو درێژکراوە (Stretches) سنوورییە بێکێشانەی کە هەن، لەگەڵ لایەنی چینیدا بچەسپێنێت، بەو هیوایەی لە ڕێگەی ڕاوێژ گۆڕینەوەشەوە، لە سەر بنەمای دۆکیۆمێنتی ڕێککەوتننامەکان، بگەن بە ڕێککەوتنێکیش لە سەر هێڵە

سنوورییەکان، لەو شوێنە تایبەتانەدا کە درێژکراوە جێناکۆکەکانی لێیە، ئەویش بە دەستپێکردن لەو ڕێککەوتننامانەوە کە ئێستا لە کاردان، لە سەر بنەمای ڕەزامەندی هەر دوولا، بە ڕەچاوکردنی بەرژەوەندیی ئابوری دانیشتوانی ئەو ناوچانەی کە درێژکراوە سنوورییەکانیان، بە هۆی کاریگەرییە سروشتییەکانەوە، گۆڕانکارییان بە سەردا هاتوە، لە کاتی دیاریکردنی هێڵە سنوورییەکاندا، هەروەها بە تۆمارکردنی ئەو ڕێککەوتننامەیەی، کە پێیدەگەن، لە ڕێگەی ئیمزاکردنی بەڵگەنامەی پێویست لە لایەن هەر دوولا.

حکوومەتی سۆڤیەت ڕازییە بەو ڕایەی حکوومەتی (CPR) کە دەڵێت "ئەو ڕێککەوتننامە سنووریانەی ئێستا لە ئارادان بکرێن بە بنەما"، چونکە ئەوکات دەکرێت گۆڕانکاری پێویست لە هەندێک لەو جێگایانەی سنووردا بکرێت، لە سەر بنەمای ڕاوێژکاری، لە سەر بنچینەی هاوتایی، لێکتێگەیشتن، ڕەزامەندیی هەر دوولا.

حکوومەتی سۆڤیەتی هەر لە سەرەتاوە پێیوایە، کە لە پێناو دروستکردنی کەشێکی گونجاو و لەبار بۆ گفتوگۆیەکی بنیادنەرانە لە سەر کێشەکان، پێویستە لە سەر ئەو لیژنە ڕاوێژکارییە چاوەڕوان کراوە، هەموو ئەو ڕێگریانە وەلاوەنێت، کە دەبنە لەمپەر لە بەردەم گەیشتن بەم ئامانجە. هەر لەو بارەیەشەوە، بە تێگەیشتنەوە بە پیر ئەو بۆچوونانەوە دەچێت، کە لە لێدوانەکەی حکوومەتی (CPR)دا هاتوە، کە دەڵێت پێویستە هەر دوولا خۆیان بپارێزن لە نانەوەی کێشە لە سەر سنوورەکان، پاسەوانە سنوورییەکانیان پەنا نەبەنە بەر چەک، لەکاتی ڕاپەڕاندنی کارەکانیاندا، تەقە لە یەک نەکەن، بەڵکوو هەر کێشەیەک کە دێتە ڕێیان تەنها لەڕێگەی ئاشتیانەوە چارەسەری بکەن.

پێویسته له سەر هەر دوولا، پێکەوە، دەستهەڵگرن لەو پرسی سنووربەزاندنانە، بەهەر بیانویەک هەیە. پاسەوانە سنوورییە سۆڤیەتییەکان، دانیشتوانە مەدەنیەکەشی، زۆر بە توندی پابەندی ئەم خاڵە دەبن، حکوومەتی (USSR)یش، ئومێدەوارە چینیش، فەرمانی پێویست لەوبارەیەوە دەربکات، بۆ پاسەوانە سنوورییەکانی، بۆخەڵکە مەدەنییەکەشی.

حکوومەتی سۆڤیەتی پێشنیاری ئەوەش دەکات، ئەو کۆبوونەوە ڕاوێژکارییانەی کە لە ساڵی (١٩٦٤)دا پچڕێنرا، لەم دوو سێ مانگەی داهاتودا لە مۆسکۆ دەستپێبکاتەوە. حکوومەتی سۆڤیەتی پ. ی. زیریانۆڤ (P. I. Zyryanov) دەستنیشان دەکات، کە پلەی بریکاری وەزیری هەیە، تا ببێت بە نوێنەری پردەسەلاتی (USSR)، بۆ سەرۆکایەتیکردنی وەفدی سۆڤیەتی لەم کۆبوونەوە ڕاوێژکارییانەدا.

حکوومەتی سۆڤیەتی وەها لە حکوومەتی (CPR) چاوەڕوان دەکات، کە لە ماوەیەکی کورتدا وەڵامی ئەوە بداتەوە، ئایا ئەو کات و جێگە پێشنیارکراوەکانی پەسەندە، بۆ دەستکردنەوە بە کۆبوونەوە ڕاوێژکارییەکان.

ئەگەر حکوومەتی (CPR) ئامادەیە بۆ گێڕانەوەی بارێکی ئاسایی بۆ سنوورەکانی سۆڤیەتی - چینی، ئەوا ئێستا ڕێگە کراوەیە بۆ ئەو پرسە.

# دۆکیۆمێنتی (٤٠)

## لێدوانەکەی گرۆمیکۆ سەبارەت بەو کێشانەی کە کەوتوونەتە پێوەندییەکانی سینۆ - سۆڤیەتییەوە، (١٠ی جولای ١٩٦٩)

(هەڵبژاردەیەک لە وتەکەی گرۆمیکۆ لە بەردەم سۆڤیەتی باڵادا، لە ١٠ی جولای ١٩٦٩دا، پراڤدا، ١١ی جولای ١٩٦٩).

ئەو سنوورانەی کە جاران بە پێوەندی گەرموگوڕی نێوان خەڵکی سنوورەکانی هەر دوولا، بە هاوکاری بەرفراوانی نێوانیان، لە دۆزینەوەی سەرچاوە سروشتییەکانی حەوزی ڕووبارە سنوورییەکان، بە پێوەندی دۆستانەی نێوان خەڵکەکەی ناسرابوو، ئێستا ئەمانە هیچی نەماون، لە جێگایاندا گرژی، لێک دوور

کەوتنەوە، کێشە، پەیدا بوە.

تەنانەت گەورەترین دوژمنەکانیشمان، هەرگیز پەنایان نەبردوە بۆ ئەو شێوازە نابەجێیە بەو ڕادە زۆرەی، کە سەرانی چین ئێستا دەستیان داوەتێ، بۆ سووککردنو ناشیرینکردنی کارەکانی یەکێتی سۆڤیەت، دەوڵەتە سۆسیالیستییەکانی دیکە، سیاسەتە ئاشتیخوازەکانیان. ئێستا وایلێهاتوە، پەکین بە یەکێتی سۆڤیەت بڵێت، هەوڵ دەدات بۆ دەستتێکەڵاوکردن لەگەڵ ئیمپریالیزمدا، ئەو یەکێتیی سۆڤیەتەی کە بەردەوام لە خەباتدا بوە لە پێناو ئاشتیو ڕێگرتن لە دەستدرێژییەکانی ئیمپریالیزم.

*****

هەقوایە، ئەوەی کە لە مانگی مارتی ڕابردوودا لە دوورگەی دامانسکی ڕوویدا، وا لە هەر دوولا بکات باشتر بیر لە دەرئەنجامی هەڵسوکەوتەکانیان بکەنەوە.

جگە لەو شوێنانەی کە لە ڕابردوودا داگیریان کردوە، ئێستا سەرانی چین داوای زەوی زیاتریش لە یەکێتی سۆڤیەت دەکەن. ئەوان دەڵێن گوایە ئەو ڕێککەوتننامانەی لە ڕابردوودا لە نێوان چین و ڕووسیادا مۆرکراون، کە بە هۆیەوە سنوورەکانی نێوان هەردوو وڵات بەوردی دیاریکراون، نابەرابەرن! ئەمەش هەڵەیە، هەر وەک چۆن بە وردی لە لێدوانەکانی حکوومەتی سۆڤیەتیدا ڕوونکراونەتەوە. ڕێککەوتننامەکانی ئایگونو تیێنتسین و پەکین، بە هەموو ئەو پرۆتۆکۆڵ، پەیماننامە و نەخشانەشەوە کە سنوورەکانی نێوان هەر دوو وڵات دەستنیشان دەکەنو دەیچەسپێنن، هەموویان تا ئێستاش بەکارن. ئەمانە ئەو یاسایانەن کە پێویستە هەر دوولا ڕێزی لێ بگرن. سنوورەکانی یەکێتی سۆڤیەت بەدوورودرێژی پارێزراو و نەبەزێنراون، بە سنوورەکانی

ئاسیای ناوەند و خۆرهەڵاتی دووریشەوە. ئازایەتیو پاڵەوانێتی یەک بە یەکی پیاوانو ئەفسەرانی دوورگەی دامانسکی، گوزارشت لە ئیرادەی تەواوی گەل دەکەن، بۆ بەرگریکردن لەو سنوورانە.

یەکێتی سۆڤیەت هیچ داوایەکی ناوچەیی نییە، لە هیچ دراوسێیەکی. ئەو باوەڕی وایە کە نابێت سنوورەکان بە ڕقو کینە بتەنرێن. پەڕینەوە و ئاڵوگۆڕی سەر سنوورەکان، نابێت ببنە ئاڵوگۆڕی هەڕەشەو فیشەک پێکەوەنان، بەڵکوو پێویستە ئاڵوگۆڕی ئابووری، ڕۆشنبیری و ئەو بەهایانەی تر بن، کە دەبنە مایەی بەهێزکردنی دۆستایەتی نێوان میللەتانی دراوسێی یەکتری. هەر لەم ڕوانگەیەشەوە، یەکێتی سۆڤیەت مامەڵە لەگەڵ سنوورەکانیدا دەکات، لەگەڵ هەموو هاوسێکانیدا. پێویستە پرسەکانیش لەگەڵ چیندا هەر بەم شێوەیە، تەنها بەم شێوەیە، بەڕێوەبچن.

حکوومەتی سۆڤیەتی، داوادەکات حکوومەتی (CPR)، ڕێوشوێنی پێویست بگرێتەبەر، بۆ ئاساییکردنەوەی بارودۆخی سەر سنوورەکانی سۆڤیەتی – چینی، نەهێڵێت هیچ ڕووداوێکی دیکە ڕوو بداتەوە، بە تایبەتی ئەوانەی کە خوێنی تێدا دەڕژێت.

یەکێتی سۆڤیەت پێشنیاری کرد، کۆبوونەوە ڕاوێژکارییەکانی ساڵی (١٩٦٤)ی نێوان نوێنەرە دەسەڵاتپێدراوەکانی هەر دوولا دەستپێبکاتەوە، بە مەبەستی وردتر دیاریکردنی هەندێک جێگەی هێڵە سنوورییەکانی نێوان کۆماری میللی چینو یەکێتی سۆڤیەت. ئەو هەڵوێستەی حکوومەتی سۆڤیەتی تەواو هاوکۆکە لەگەڵ سیاسەتەکانیاندا، سەبارەت بە چارەسەری ناکۆکێکان بە ڕێگەی ئاشتیانە و دانوستان. ئێمە هیوادارین سەرکردەکانی چینیش بگەن بەو تاکە دەرئەنجامە ڕاستەی کە: پێویستە کێشەنانەوە وەلاوە بنرێت، تێبگەن لەوەی کە لە پێوەندیی نێوان وڵاتاندا، زمانی هێزو

شەڕەنگێزی، گونجاو و پەسەندنییە.

وا ئێستا کۆبوونەوەیەکی نێوان نوێنەرانی هەر دوو وڵات، لە خەبەرۆڤیسک، بەڕێوەدەچێت، لە سەر پرسێکی لاوەکی، کە چارەسەری کێشەی کەشتیرانییە، لە هەندێک جێگەی ڕووبارە سنوورییەکاندا. لایەنی سۆڤیەتی بە شتێکی پۆزەتیڤانەی دەزانێت، کە دەبینێت کۆبوونەوەیەکی لەوجۆرە دەبەسترێت، بەڵام هێشتا نازانین سەرئەنجامی ئەم کۆبوونەوانە چۆن دەبێت، بە تایبەتیش بە ڕەچاوکردنی هەندێک لێدوان، کە لە سەرەتای کۆبوونەوەکان، دواتریش، بڵاویانکردوەتەوە. لەگەڵ ڕەچاوکردنی ئەم شەرەنگێزی و ئاژاوەیەش، کە بەم دواییانە لایەنی چینی لە سەر ڕووباری ئاموور نایانەوە.

# دۆکیۆمێنتی (٤١)

## لێدوانەکەی حکوومەتی (PRC)، لە (٧ی ئۆکتۆبەری ١٩٦٩)دا

(دەقی لێدوانەکە لە پەکین ڕیڤیودا، ژمارە ٤١ی ١٠ ئۆکتۆبەری ١٩٦٩).

حکوومەتی چین بەردەوام لەگەڵ ئەوەدا بوە، کێشە سنوورییەکانی سینۆ – سۆڤیەتی، لە ڕێگەی دانوستانو چارەسەری ئاشتیانەوە چارەسەربکرێت. لە (٢٤ی مەی ١٩٦٩)دا، حکوومەتی چین لێدوانێکی دەرکرد، کە هەمان ئەم هەڵوێستە دووپات دەکاتەوە. لەو لێدوانەدا، حکوومەتی چین دەڵێت، ئەگەرچی ئەو ڕێککەوتننامانەی ئێستا کاریان پێدەکرێت، سەبارەت بە سنوورەکانی سینۆ - سۆڤیەتی، نابەرابەرن، لە نیوەی دوەمی

سەدەی نۆزدەیەم، سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا، بەزۆر، لە لایەن ڕووسیای تزارییەوە، سەپێنراون بە سەر چیندا، لە سەردەمێکدا، دەسەڵات نە بەدەست گەلی چین، نە بەدەست گەلی ڕووسیاوە نەبوە، بەڵام هێشتا حکوومەتی چین ڕازییە، کە ئەو ڕێککەوتننامانە بکاتە بنەما، بۆ چارەسەرێکی سەرتاسەری هەموو کێشە سنوورییەکانی سینۆ - سۆڤیەتی. پێشنیاریش دەکات، تا ئەو چارەسەرە بەدی دێت، دۆخی ئێستای سنوورەکان وەک خۆیان بمێننەوە، خۆ بپارێزرێت لە کێشەی چەکدارانە.

جێگەی نیگەرانییە کە ئەم هەڵوێستەی حکوومەتی چین، هەڵوێستێکی هاوشێوەی، لە لایەن حکوومەتی سۆڤیەتییەوە، بەرامبەر نانوێنرێت. حکوومەتی سۆڤیەتی لە (١٣ی جونی ١٩٦٩)دا لێدوانێکی داوە، بەرگری لە ئیمپریالیزمەکانی ڕووسیای تزاری دەکات، لە خۆڕا لۆمەی چین دەکات، بەردەوامیش بە درێژایی سنوورەکانی سینۆ - سۆڤیەتی، کێشەی چەکدارانە دەنێتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، حکوومەتی چینی، لە هەڵوێستی نەگۆڕی خۆیەوە، بۆ چارەسەری کێشەکانی نێوان چینو سۆڤیەت بە دانوستان و ڕێگەچارەی ئاشتییانە، هێشتا هەر وەفدی خۆی نارد بۆ پۆلی (Poli) (خەبەرۆڤیسک)، بۆ دانیشتنی پانزەهەمینی کۆبوونەوە دەوریەکانی لیژنەی هاوبەشی سینۆ - سۆڤیەتی، تایبەت بە گفتوگۆکردن لە سەر ڕووبارە سنوورییەکان، کە لە (١٨)ی مانگی جونەوە دەستی پێ کردوەتەوە، تێیدا لایەنی چینی هەوڵێکی زۆری داوە، بۆ زاڵبوون بە سەر چەندین کۆسپ و تەگەرەدا، تا وای لێهات کۆبوونەوەکان لەم دواییانەدا گەیشت بە چەند ڕێککەوتنێک.

لە دوای کۆبوونەوەکانی پۆلییەوە، لایەنی سۆڤیەتی ڕووداوێکی خوێناوی دیکەشی لە سەر سنوورەکان وروژاند، بە

ئاشکراش وا پیشاندەدات، گوایە چین دەیەوێت هێرشێکی ئەتۆمی بکاتە سەر یەکێتی سۆڤیەت.

چین بۆیە چەکی ئەتۆمی دروست کردوە، تا بەرگری لە خۆی پێ بکات، ئەو پاوانکردنەش بشکێنێت کە لەو بوارەدا هەیە. حکوومەتی چین چەندین جار ئەوەی ڕوونکردوەتەوە، کە هیچ کاتێک، لە ژێر هیچ بارودۆخێکدا، دەسپێشخەری ناکات لە بەکارهێنانی چەکی ئەتۆمیدا. ئەمە شتێکی بێماناو نابەجێیە، کە لە خۆڕا بوختان بە چین بکرێت، گوایە بەتەمایە جەنگێکی ناوکی بەرپا بکات، بەڵام لەهەمانکاتیشدا، چین هی ئەوە نییە هەڕەشەی جەنگی لێ بکرێت، بە هەڕەشەی جەنگی ناوکییشەوە. ئێمە چۆن ڕێگە دەدەین کۆمەڵێک شەڕفرۆشی، شێتی جەنگ، وەک بەربەرەکانییەکی ئیدانە نێودەوڵەتییەکان، بوێرن هێرش بێننە سەر شوێنە ستراتیجیەکانمان، ئەمەیە جەنگ، ئەمەیە دەستدرێژی، ئەمەیە وا لە (٧٠٠) ملیۆن چینی دەکات، ڕاپەڕن، بەرەنگاری بکەن، جەنگی شۆڕشگێڕانە بەرپا بکەن، بۆ نەهێشتنی جەنگی داگیرکارانە. گوایە بەرپرسیارێتی تەشەنەسەندنی کێشەی سنووری سینۆ - سۆڤیەتی، هەمووی دەکەوێتە سەرشانی لایەنی چینی، ئەمە شتێکی ڕاست نییە. حکوومەتی چین هیچ کاتێک داوای ئەو زەوییانەی نەکردوەتەوە کە کاتی خۆی ڕووسیای تزاری، بە هۆی ڕێککەوتننامە نابەرابەرەکانییەوە، زەوتی کردوون. بە پێچەوانەوە، ئەوە حکوومەتی سۆڤیەتییە، لە ڕێی پێشێلکردنی بەندەکانی ئەو ڕێککەوتننامانە، سوورە لە سەر داگیرکردنی خاکی زیاتری چین. لەوەش زیاتر، سوورە لە سەر ئەوەی حکوومەتی چینی، ئەو داگیر کردنانە بە شتێکی یاسایی بناسێت. هەر ئەم سووربوونەی حکوومەتی سۆڤیەتییە، لە سەر هەڵوێستە فراوانخوازییەکانی، کە

چەنــدین نــاوچەی جێنــاکۆکی، لە ســەر ســنوورەکانی ســینۆ - ســۆڤیەتی خوڵقانــدوە. هەر ئەمەشــە هۆکــاری ســەرەکی ئەو گرژیانەی لە سەر سنوورەکان ڕوو دەدەن.

حکـوومەتی چـین نایشـارێتەوە، کە هەنـدێک نـاکۆکی گەورەی مەبـدەئی لە نێـوان چـین و یەکێتـی سۆڤیەتیدا هەیە، ئەم نـاکۆکییە مەبـدەئیانەش هەر بەردەوام دەبێت، تـا کـاتێکی دووورودرێـژ، بەڵام نابێت ئەمە وا لە چـینو یەکێتـی سۆڤیەت بکـات پێوەنـدی ئاسـایی نێـودەوڵەتی لە نێوانیانـدا دروسـت نەبێـت، لە سـەر بنەمـای پێـنج خاڵەکەی پێکەوەژیانی ئاشتیانە (Five Principles of Peaceful Coexistance).

حکـــوومەتی چـــین بەردەوام وتـــویەتی، پێویســـتە کێشـــە ســـنوورییەکانی ســـینۆ - ســـۆڤیەتی بە چارەســـەری ئاشـــتییانە چارەســـەربکرێن، ئەگەر ئەو چارەســـەرە لەم کاتەشـدا بەدینەهـات، ئەوا پێویستە دۆخی ئێستای سنوورەکان وەک خۆیـان بهێڵـرێنەوە، بە هیچ شێوەیەک پەنا نەبرێت بۆ هێز. هیچ پێویسـت ناکات چین و یەکێتی سۆڤیەت بکەونە جەنگەوە لە سەر کێشەی سنوور.

لە (١١ی سێپتەمبەری ١٩٦٩)دا، سـەرۆک وەزیران، چو ئین - لای، لە پەکـین چـاوی کەوت بە کۆسـیگینی سـەرۆکی ئەنجـومەنی وەزیرانــی (USSR)، چەنــد بیروڕایەکیــان ســەبارەت بە کێشــە سنوورییەکان، بازرگانی، چەند پرسـێکی دیکەی پێوەندیدار بە هەر دوو وڵات، گـۆڕییەوە. لەبەر ئەو هەمــوو کێشــە چەکـداریانەی لە ناوچە سنوورییەکانی سینۆ - سۆڤیەتیدا بەردەوام ڕوو دەدەن، بۆ ئەوەی بەڕاســتی و بەتونــدی، دۆخــی ئێســتای ســنوورەکان بپارێزرێت، خۆ بەدوور بگیرێت لە کێشەی چەکداری، لایەنی چینی پێشنیارێکی زیاتریشی کرد، کە هێزە چەکدارەکانی هەر دوولا لێک جیـا بکـرێنەوە، بەوەی هەر دوولا لەو ناوچـانە بکشـێنەوە، یـاخود

نەهێڵرێت بچنە ناو هەموو ئەو ناوچانەوە، کە جێی ناکۆکین، یاخود هەر دوولا ڕازینین لەدیاریکردنی هێڵە سنوورەکانیان، لە سەر ئەو نەخشانەی، کە لەمیانەی ڕێککەوتننامەکانی تایبەت بە سنوورەکانی نێوان سینۆ - سۆڤیەتی ساڵی (١٩٦٤)دا گۆڕاونەتەوە. بۆ ئارامکردنەوەی بارودۆخی سنوورەکانی نێوان هەر دوو وڵاتیش، بۆ ئەوەی بتوانرێت دانوستانەکانی تایبەت بە سنوور، دوور لە هەر کێشەو هەڕەشەیەک بەڕێوەبچێت، لایەنی چینی پێشنیاری ئەوە دەکات، چین و سۆڤیەت، پێش هەموو شتێک، بگەنە ڕێککەوتنێک لە سەر ئەو ڕێوشوێنە کاتییانەی، کە پێویستە بگیرێنەبەر، بۆ پارێزگاریکردن لە دۆخی ئێستای سنوورەکان، بۆ بەرگرتن، خۆپاراستن، لە کێشە چەکدارییەکان، بۆ جیاکردنەوەی هێزەکان. لەوبارەیەوە، حکوومەتی چینی لە (١٨ی سێپتەمبەری ١٩٦٩)دا، نامەیەکی فەرمی نارد بۆ حکوومەتی سۆڤیەتی. لە (٦)ی ئۆکتۆبەریشدا، بە نامەیەکی فەرمی دیکە، هەمان پێشنیاری بۆ حکوومەتی سۆڤیەتی دووپات کردەوە.

حکوومەتی چینی بەردەوام لەو باوەڕەدا بوە، کە پێویستە ئەو کێشانەی کە هەن، سەبارەت بە سنوورەکانی سینۆ - سۆڤیەتی، پشتگوێنەخرێن، خۆی لێنەدزرێتەوە، تا بتوانرێت چارەسەرێکی بنەڕەتیشیان بۆ بدۆزرێتەوە، پێویستە هەموو جۆرە دانوستانێک بگیرێتەبەر. حکوومەتی چینی و سۆڤیەتی، لە ڕێگەی گفتوگۆکانیانەوە، ئێستا بڕیاریانداوە دانوستانەکانیان، سەبارەت بە پرسە سنوورییەکانی سینۆ - سۆڤیەتی، لە سەر ئاستی بریکاری وەزیری دەرەوە، لە پەکین دەستپێبکەنەوە. ڕۆژی دەستپێکردنەوەی ئەو دانوستانانە، ئێستا لە تاوتوێکردندایە.

کێشە سنوورییەکانی سینۆ - سۆڤیەتی، جێی گرینگی هەر دوو

گەلی چین‌و سۆڤیەت، هەموو خەڵکی جیهانیشە. حکوومەتی چینی هیوای وایە حکوومەتی سۆڤیەتی، سەبارەت بەم کێشەیە، بەڕاستی هەنگاوێکی جدی و بەرپرسانە هەڵبنێت.

## دۆکیۆمێنتی (٤٢)

### بەڵگەنامەیەکی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی (PRC)،

### لە (٨ی ئۆکتۆبەری ١٩٦٩)دا

(وەڵامدانەوەی لێدوانەکەی حکوومەتی سۆڤیەتی، ١٣ی جونی ١٩٦٩، لە پەکین ڕیڤیودا، ژمارەی ٤١ی ١٠ی ئۆکتۆبەری ١٩٦٩).

لە (٧ی ئۆکتۆبەری ١٩٦٩)دا، حکوومەتی چینی لێدوانێکیدا سەبارەت بە کێشە سنوورییەکانی سینۆ- سۆڤیەتی. لەو لێدوانەیدا، حکوومەتی چینی باسی ناوەرۆکی لێدوانەکەی حکوومەتی سۆڤیەتی (١٣)ی جونی هەمان ساڵ دەکات، کە سووربوونی خۆی دووپات دەکاتەوە، لە سەر چارەسەری سەرتاسەری کێشە سنوورییەکانی سینۆ - سۆڤیەتی، لە ڕێگەی دانوستان و گفتوگۆی ئاشتیانە، پێشنیاری ئەوە دەکات، کە پێش هەموو شتێک، پێویستە

له سه‌ر چه‌ند ڕێوشوێنێکی کاتی ڕێکبکه‌ون، بۆ پاراستنی دۆخی ئێستای سنووره‌کان، خۆپاراستن له پێکدادانی چه‌کداری‌و لێکجیا کردنه‌وه‌ی هێزه چه‌کداره‌کانی هه‌ر دوولا، له هه‌موو ناوچه جێناکۆکه‌کانی سه‌ر سنووری سینۆ - سۆڤیه‌تی، به‌ئاشکرا ڕای بگه‌یێنن که حکوومه‌تی چین و سۆڤیه‌ت، له ڕێگه‌ی گفتوگۆوه، گه‌یشتوونه‌ته ئه‌و بڕیاره‌ی، که دانوستانه‌کانی تایبه‌ت به سنوور، له په‌کین ده‌ستپێبکه‌نه‌وه. هه‌ڵوێست و پێشنیاره‌کانی حکوومه‌تی چینی، ڕێگه‌ی خۆشکرد بۆ ئارامبوونه‌وه‌ی بارودۆخه‌که، له سه‌ر سنووره‌کانی سینۆ - سۆڤیه‌تی، هاندانی چاره‌سه‌رێکی گونجاو بۆ کێشه سنوورییه‌که‌ی سینۆ - سۆڤیه‌تی.

له لێدوانه‌که‌ی (١٣)ی جوندا، حکوومه‌تی سۆڤیه‌تی به‌رده‌وام بوو له به‌رگریکردن له تاوان و ده‌ستدرێژییه‌کانی ئیمپریالیستی ڕووسیای تزاری، له خۆڕا حکوومه‌تی چینی به‌وه تاوانبار ده‌کرد، که گوایه سیاسه‌تێکی فراوانخوازییانه‌ی گرتوه‌ته‌به‌ر، به‌وه‌ی که چه‌ندین جۆر کێشه‌ی ناسۆسیالیستی‌و نابه‌جێ دێنێته ئاراوه. وه‌زاره‌تی کاروباری ده‌ره‌وه‌ی کۆماری میللی چین، به پێویستی ده‌زانێت وه‌ڵامی ئه‌و قسه بێمانایانه بداته‌وه و ڕه‌تیان بکاته‌وه.

١. له ڕووی مێژووییه‌وه، ئایا ئه‌وه چین بوه ده‌ستدرێژی کردوه‌ته سه‌ر ڕووسیا، یاخود ڕووسیا بوه ده‌ستدرێژی کردوه‌ته سه‌ر چین؟

له لێدوانه‌که‌یدا، حکوومه‌تی سۆڤیه‌تی ئه‌وه دووپات ده‌کاته‌وه، که ئه‌و (١,٥) ملیۆن کیلۆمه‌تر چوارگۆشه‌یه‌ی کاتی خۆی تزاره‌کانی ڕووسیا داگیریان کردوه، هی چین نه‌بوه، گوایه ئیمپراتۆره‌کانی چینیش، به شێوه‌ی تزاره‌کانی ڕووسیا، کاری داگیرکارانه‌یان به‌رامبه‌ر به وڵاتانی دیکه ئه‌نجامداوه، بۆیه پێویست

ناکات کەس باسی دەستدرێژی و قوربانیانی دەستدرێژی بکات، لە پرسی پێوەندییەکانی نێوان چینو ڕووسیادا. ئەمە شێواندنی مێژوە، لە پێناو بەرگریکردن لە دەستدرێژییە کۆنەکانی تزارەکان.

لینینی مەزن فێرمان دەکات، کە "لە مەرجە پێویستەکانی تیۆری مارکسیزم، بۆ لێکۆڵینەوە لە هەر پرسێکی کۆمەڵایەتی، ئەوەیە کە لە سنووری مێژوویی دیاریکراوی خۆیەوە لێی بڕوانرێت".

پارتی کۆمۆنیستی چین، حکوومەتی کۆماری میللی چینیش، هەرگیز نکوڵی لەو ڕاستییە ناکەن، کە لە مێژووی دروستبوون و پەرەسەندنی چیندا، وەک دەوڵەتێکی فرەنەتەوە، کاربەدەستە فیوداڵەکانی چینیش، وەک هەر حاکمێکی فیوداڵی هەر دەوڵەتێکی دیکە، دەستیان داوەتە فراوانخوازی، پەلیان هاویشتوە بۆ دەوڵەتەکانی دەوروبەر، بەڵام لە دوای جەنگی ئەفیونیساڵی (١٨٤٠)ەوە، چین بۆخۆی بچووک بوەوە، وەک نیمچە کۆلۆنیالێکی لێهات، بۆخۆی بوو بە یەکێک لە قوربانییەکانی دەستدرێژی، پەلهاویشتنەکانی هێزە ئیمپریالیستییەکان. سەبارەت بە پێوەندییەکانی سینۆ - ڕووسیش، چین هیچ کاتێک دەستدرێژی نەکردوەتە سەر ڕووسیای تزاری، بەڵکوو ئەوە ئیمپریالیستی فیوداڵ - سەربازیی ڕووسیای تزاری بوە، دەستدرێژی کردوەتە سەر چینی نیمچە کۆلۆنیال. ئەو کێشە سنووریانەی سینۆ - سۆڤیەتیش، کە تا ئێستاش وەک خۆیان ماون، دەرئەنجامی ئەو دەستدرێژیانەی ئیمپریالیستی ڕووسیای تزاریی بوە بۆ سەر چین.

لینین لە مانگی ئەپرەلی (١٩١٧)دا وتوویەتی: "نیکۆلاسی دوەم و ڤیلهێلمی دوەم (Nicholas II and Wilhelm II) نموونەی کۆنەپەرستی و سەرمایەداری وڵاتەکانی خۆیان بوون، (واتا: ڕووسیا و ئەڵمانیا)، کە هەر دووکیان لە چەند دەیەی ڕابردوودا،

سیاسەتی تالانکردنی ولاتانی دیکەیان گرتبوەبەر، تالانکردنی چین، چەوساندنەوەی ئێران، بنکۆڵکردن و دابەشکردنی تورکیا، کە ئەمانە هەمووی ڕاستی حاشا هەڵنەگرن. ئەگەر مستەر پلیخانۆڤ (Mr. Plekhanov) چاوێکی بە مێژووی دیپلۆماسیو سیاسەتی دەرەکی ئەم چەند دەیەی دواییدا بخشاندایە، ئەگەر بە خێراییش بوایە، ئەو ڕاستییەی دەبینی، ئەوسا نەیدەتوانی نکوڵی لێ بکات."

ئەگەرچی حکوومەتی سۆڤیەتی ئێستا، زۆر هەوڵ دەدات نکوڵی لەو پرسە بکات، لە ڕێگەی هێنانە پێشەوەی هەر چی بەڵگەی ناماقووڵ و ڕێتێنەچوو هەیە.

حکوومەتی سۆڤیەتی لە وتەکەیدا واپیشان دەدات، کە تەنها (هان)ەکان (Hans) چینین. نە مانچۆکان و نە کەمایەتییە نەتەوەییەکانی دیکەی ناو چین، بە چینی لە قەڵەم نادات. هیچ کام لەو ناوچانەش کە ئەو کەمایەتییە نەتەوەییە چینییانەی لە سەر دەژین، بە خاکی چین لە قەڵەم نادات. ئەمە چۆن دەبێت؟!

زۆربەی زۆری ولاتانی دنیا فرەنەتەوەن، بەڵکوو هەندێک جار یەک نەتەوە لە چەند دەوڵەتێکی جیاوازدا بوونی هەیە. وەک ئەنگلس (Engels)یش دەڵێت: "... هیچ سنووری دەوڵەتێک، هێندەی زمان، لەگەڵ سنوورە سروشتییەکەی نەتەوەدا، یەکناگرنەوە". دوو هەزار ساڵ دەبێت چین بوە بە دەوڵەتێکی یەکگرتووی فرەنەتەوەی، فیودالی. ئەوەتای هەیە، هەر دەوڵەتێکی فرەنەتەوە بوە، بەدەر لەو بنەماڵە فیودالیانەی کە حوکمڕان بوون و ئەو نەتەوەیەش کە بالادەست بوە تێیدا. بە درێژایی مێژوو، گۆڕانکارییەکی زۆر لە سنوورەکانی چیندا ڕوویان داوە، لەگەڵ ئەوەشدا، هیچ کات خاکی چین تەنها بریتی نەبوە لەو ناوچانەی کە هان تێیدا نیشتەجێبوون. پێش ئەوەی کە چین، لە ناوەڕاستی

سەدەی نۆزدەیەمدا، لە لایەن هێزە ئیمپریالیستەکانی خۆرئاواوە داگیربکرێت، سنوورەکانی تەواو ئاشکرابوون.

ئەو وتەیەی حکوومەتی سۆڤیەتی، کە گوایە دەبێت سنووری وڵاتەکان بە پێی نەتەوەکان دیاری بکرێن، کۆنەپەرستانەترین (ڕێبازە). زیاد لە سەدەیەک لەمەوبەر، ئەنگڵس زۆر ژیرانە وتوویەتی "ئەو شتەی کە پێی دەڵێن (بنەمای نەتەوەیی)، تەنها شتێک بوو ڕووس دایهێنابوو، بۆ لە ناوبردنی پۆڵەندا". کەواتە ڕاستتر وایە بڵێین، ئامانجی حکوومەتی سۆڤیەتی لە زیندووکردنەوە و هێنانەئارای ئەو شتەی کە پێی دەوترێت (بنەمای نەتەوەیی – principle of nationalities)، تەنها بۆ دابەشکردنی میللەتی چین، داگیرکردنی ئەو ناوچە سنوورییانەیەتی، کە کەمایەتییەک لە نەتەوەکەی خۆی تێدا دەژی.

سەبارەت بە بەشی خۆرهەڵاتی سنووری سینۆ – سۆڤیەتی، حکوومەتی سۆڤیەتی لە لێدوانەکەیدا باس لەوە دەکات، کە حەوزی ڕووباری هێیلۆنگ، لە سەرەتادا کۆچبەرە ڕووسەکانی لێ نیشتەجێبوە، ئەوەتای هەیە خاکی ڕووسی بوە، هەرگیز هان و مانچۆکانی چین لەم ناوەدا نەبوون. بە ڕاستی ئەمە چیرۆکێکی خۆشە.

هەر کەسێک کەمێک شارەزایی لە مێژوودا هەبێت، دەزانێت کە هەتا کۆتایی سەدەی پانزەیەم و سەرەتای سەدەی شانزەیەم، ڕووسیا هەر دەوڵەتێکی یەکگرتوش نەبوە. لە نیوەی کۆتایی سەدەی شانزەیەمدا ڕووسیای تزاری لە چیای ئورال پەڕییەوە، پەلیانکێشا بەرەو سیبریا. لە ناوەڕاستی سەدەی حەڤەیەمدا، کۆمەڵێکی بچووک لە ڕووسە تزارییە داگیرکەرەکان، حەوزی ڕووباری هێیلۆنگیان داگیرکرد، لە کاتێکدا کە چین بە چەندین

سـەدە بەرلەوەی ڕووسـیا ببێـت بە وڵاتێكـی یەكگرتـوو، دەسـەڵاتی لەم ناوچانەدا هەبوە.

لە نیوەی یەكەمـی سـەدەی هەشـتەمدا، ئەوە باسـی پێشـتر هەر ناكەین، بنەماڵەی تانگ (Tang)ی چین، دامودەزگای بەڕێوەبردنی هەبـوە لە حەوزی ڕووبـاری هێیلۆنگـدا. لە سـەرەتای سـەدەی پانزەیەمدا، بنەماڵەی مینگ (Ming)ی چینی، چەند سـەد ئۆرگانێكی بەڕێوەبردنی، لە سـەر ئاستی جیاجیا هەبـوە، وەك توچیهویشـی - سـزو (Tuchihhuishi – Szu)، وی (Wei) و سـو (Suo)، لە نـاوچە بەرفراوانەكـانی ڕووبـاری ئۆنـۆن (Onon River)، لە خۆرئـاوای دوورگەی كـویە (Kuyeh)، (واتـا، سـاخالین – Sakhalin)، لە خۆرهەڵاتەوە، هەروەهـا ڕووباری ئودی (Oudi)، لە باكووری دەریای یابانەوە (Sea of Japan)، لە باشوور.

نوركان توچیهوشـی - سزو (Nurkan Tuchihhushi – Szu)ی بە ناوبانـگ، لە (١٤٠٩)دا، لە تیـرین (Tirin)، لە نزیـك كۆتـایی ڕووبـاری هێیلۆنـگ دروسـتكرا. كاربەدەسـتو ئەفسـەرەكانی ئەم ئیـدارەیە، خەڵكـی تیـابوە لە هانەكـانو نوچنەكـان (مانچوەكـان)و نەتەوەكانی دیكەی چینیش.

لە نیـوەی یەكەمـی سـەدەی حەڤەیەمـدا، ئەو كـاتەی كە مانچوەكـان بـوونە نەتەوەی سەردەسـتەو حـوكمڕان لە چینـدا، بنەماڵەی چینگ (Ching)ی چینی، لەم ناوچەیەدا دەسـەڵاتییان هەر هەبـوە، كاربەدەسـتو ئەفسـەرانی تێدا دادەنـا، بۆ بەرگریلێكـردن، بەڕێوەبردن، سەربازی لـێ دەگـرتنو باجی لـێ كۆ دەكردەوە. ئەو شەڕانەی كە لە نیوەی دوەمی سەدەی حەڤەیەمدا، لە نێوان چین و ڕووسیای تزاریدا ڕوویدا، شـەڕی بەرگریكردن بوو، چین بەرپـای كـرد لەدژی داگیـركەران، نەك هەڵمەتـی سـەربازی بـوبن، وەك

ئەوەی کە لێدوانەکەی حکوومەتی سۆڤیەتی وەسفی دەکات. لە ڕاستیدا ئەوە قۆزاقەکانی (Cossacks) ڕووسیای تزاری بوون، هەڵمەتیان دەکرد بەرەو ئەودیوی چیاکانی ئورال، کە بە هەزاران میل دووربوو لە حەوزی ڕووباری هێیلۆنگەوە. ڕێککەوتننامەی نیپچو (Nipchu)ی ساڵی (١٦٨٩)ی سینۆ - ڕووسی، بە شێوەیەکی یاسایی ئەوە دەسەلمێنێت، کە ناوچە فراوانەکانی حەوزی ڕووبارەکانی هێیلۆنگو وسولی، هەمووی خاکی چینن.

لەوەش زیاتر، حکوومەتی سۆڤیەتی دەڵێت، گوایە ئەو (شورا دارچنارەی) کە بنەماڵەی چینگ دروستیان کردبوو، ئەوکات هێڵی سنووریی باکووری خۆرهەڵاتی چین بوە، ئەمەش لە هەوڵێکی نەزۆکدا بۆ سەلماندنی ئەوەی کە گوایە حەوزی ڕووبارەکانی هێیلۆنگو وسولی خاکی چین نەبوون.

ئایا ئەم (شورا دارچنارە) چی بوو؟ ئەمە دیوارێکی دارین بوو، کاربەدەستانی بنەماڵەی چینگ، لە حەوزی ڕووباری لیاوهۆ (Liaoho) دایانکوتابوو، بۆ نیشانەکردنی سنووری زەوییە قەدەغەکراوەکان (Forbidden Areas)، بە مەش نەیاندەهێشت خەڵکی ئاسایی، ئەو دیوارە تێپەڕێنن، بە نیازی ڕاوکردنو ئاژەڵ لە وەڕاندن، یاخود کۆکردنەوە جینسینگ (Ginseng). ئەو ناوچەیەی کە (شورا دارینەکە) دەورەی دابوو، بەشێکی زۆر بچووکی ناوچەی باکووری خۆرهەڵاتی چینە، کە حەوزی ڕووبارەکانی هێیلۆنگو وسولی گرتبوەخۆ، لەژێر حوکمڕانی جەنەراڵ ئایهوی (Aihwei)، حاکمی ناوچەی هێیلۆنگکیانگ (Heilungkiang)، جەنەراڵ نینگکوتا (Ningkuta)ی حاکمی کیرین (Kirin)، جەنەراڵ شێنگچینگ (Shengching)ی حاکمی لیاونینگ (Liaoning). ئەو بانگەشەیەی حکوومەتی سۆڤیەتی، کە گوایە ئەم (شورا دارینە)

سنووری پێشوی وڵاتی چین بوه لەوە بێماناترە، کە بڵێین دیوارەکانی کریملین (Kremlin) سنووری وڵاتی ڕووسیا بوە.

سەبارەت بە بەشی خۆرئاوای سنووری سینۆ - سۆڤیەتیش، حکوومەتی سۆڤیەتی لە لێدوانەکەیدا بانگەشەی ئەوە دەکات، گوایە لە چلەکانی سەدەی هەژدەیەمدا، ئەو کەمایەتییە نەتەوەییە چینییەی لە خوارووی دەریاچەی باڵخاش (Balkhash) دەژیان، وەک ڕەعییەتی تزارەکان لە قەڵەم دراون. ئەمەش مانای وایە ئەم ناوچەیە، هەر لە زۆر زووەوە هی ڕووسیای تزاری بوە. هەروەها بانگەشەی ئەوەش دەکەن، گوایە هەتا پەنجاکانی سەدەی هەژدەیەمیش، ئەو کاتەی کە سەرکردە چینییەکان (دەستیانگرت) بەسەر دزونگاریا (Dzungaria)دا، ناوچەی سینکیانگ هی چین نەبوە. ئەمە شێواندنێکی ئاشکرای مێژوە.

پێوەندی، وابەستەیی سیاسی، ئابوری و ڕۆشنبیری نێوان هەرێمی سینکیانگ و ناوچەکانی دیکەی چین، زیاد لە (٢٠٠٠) ساڵە بوونی هەیە. هەر لە سەردەمەکانی پێش لەدایکبوونی مەسیحەوە، بنەماڵەی هان دەزگای کارگێڕی لە ناوچە فراوانەکانی خۆرهەڵات و باشووری دەریاچەی باڵخاشدا هەبوە.

لە سەدەی هەشتەمدا، شاعیری گەورەی چین، لی پۆ (Li Po)، لە سەردەمی بنەماڵەی تانگدا، لە شارۆچکەی چو (Chu)ی سەر ڕووباری (چو)ی، خوار دەریاچەی باڵخاش، لەدایکبوە. دزونگاریا، کە دەکەوێتە ناوچەی خۆرهەڵات، خوارووی دەریاچەی باڵخاشەوە، لە خێڵە کۆچەرییەکانی مەنگۆلەکانی ئۆیرات ( Oirat Mongols)، چینییەکان پێکهاتبوو. ئارامکردنەوەی دزونگاریا لە لایەن بنەماڵەی چینگەوە، پرسێکی ناوخۆیی چین بوو، هیچ پێوەندییەکی بە سنووری سینۆ - ڕووسییەوە نەبوو.

ئەو ڕاستییەی کە سنووری خۆرئاوای چین، لە سەردەمی بنەماڵەی چینگدا، لە سەرەتاوە لە سەر دەریاچەی باڵخاش بوە، نەک هەر لە ژمارەیەکی زۆر دۆکیۆمێنتی فەرمیی حکوومەتی چیندا تۆمار کراوە، بەڵکوو ئەمە چەندین نوسین و نەخشەی مێژوویی ڕووسیای تزاری، یەکێتی سۆڤیەتیش پشتگیری لێ دەکەن.

بۆ نموونە، بابکۆڤ (Babkov)ی نوێنەری ڕووسیا، کە پرۆتۆکۆلەکەی ساڵی (١٨٦٤)ی تاهچینگ (Tahcheng)ی تایبەت بە دیاریکردنی سنوورەکانی نێوان سینۆ - ڕووسی ئیمزاکردوە، لە نووسینەکانیدا زۆر بە ئاشکرا باس لەوە دەکات، کە سنووری چین، لە سەر کەناری باکووری دەریاچەی باڵخاش بوە. لە (ئەتڵەسی مێژوو)یی (USSR)دا (Atlas of History)، کە حکوومەتی سۆڤیەتی (١٩٥٨)دا ڕێگەی پێداوە بڵاو بکرێتەوە، بە ڕوونی وەها وێنە کێشراوە، کە تا سەدەی نۆزدەیەمیش، سنووری چین هەر لە سەر دەریاچەی باڵخاش بوە. ئەو کەمایەتییە چینیانەش کە لە خۆرهەڵاتو باشووری دەریاچەی باڵخاش دەژیان، هیچ کاتێک، پێش ناوەڕاستەکانی سەدەی نۆزدەیەم، ڕەعییەتی ڕووسی نەبوون. حکوومەتی سۆڤیەتی بانگەشەی ئەوەش دەکات، کە گوایە لە نیوەی یەکەمی سەدەی هەژدەیەمەوە، کازاخەکانی خۆرهەڵات و باکووری کازاخستان، کە نزیکی دەریاچەی باڵخاش بوون، لە ڕەعییەتی تزارەکان بوون. ئا لێرەدا، شوێنەکان تێکەڵاو کراون. ئەو خێڵانەی کە لەو سەردەمەدا ئارەزووی خۆیان نیشاندا بۆ ئەوەی ببنە ڕەعییەتی ڕووسیای تزاری، هەندێک خێڵی خۆرئاوای کازاخستان بوون، نەک کازاخەکانی ڕووباری قەزوینو دەریای ئاراڵ (Aral Sea)، ئەوانەی ناوچەی باکووری کازاخستان بن، نە کازاخەکانی خۆرهەڵاتی کازاخستانیش بوون. لەگەڵ هەموو

ئەمانەشدا، ئەمانە هیچ پێوەندییەکیان بەو کەمایەتییە نەتەوەییە چینییەوە نییە، کە لە خۆرهەڵات و خوارووی دەریاچەکەی باڵخاش دەژیان.

حکوومەتی سۆڤیەتی بانگەشەی ئەوەش دەکات، کە سنووری باکووری چین، بە شوورا گەورەکە دیاریکرابوو. ئەمەیان لە داهێنانەکانی حکوومەتی سۆڤیەتی نییە، بەڵکوو ئەم داهێنانەیان لە (تیۆریەکانی) نیکۆلاسی دوەم (Nicholas II)ە، کە دوایین تزار بوو. چەند بەشێکی ئەم شورا مەزنە، لە سەدەکانی چوارەمی پێش زاییندا دروست کراوە، لێکدان و لکاندنی ئەم بەشانەش، لە سەدەی سێیەمی پێش زایین، لە لایەن بنەماڵەی چینگەوە کراوە، بەڵام تەنانەت ئەو کاتەش، ئەم شورا مەزنە سنووری چین نەبوە. هەر کە باس لە پرسی سنوورەکانی سینۆ - سۆڤیەتی دەکرێت، حکوومەتی سۆڤیەتی ئاماژە بەو شورا مەزنە دەکات، کە دوو هەزار ساڵ زیاترە بنیادنراوە، بە خۆشییەوە باسی دەکات، ئێمە دەپرسین ئەی باشە لەو کاتەدا کوێ سنووری ڕووسیا بوە؟

٢. ئەوە کێیە کە سیاسەتێکی فراوانخوازییانەی گرتوەتەبەر؟

ئەنگڵس دەڵێت: "... ئەو ڕووسانەی شۆڤێنیستین، زوبێت یان درەنگ، لە بەردەمی تزاردا دێن بەچۆکدا...". بەرگرییکردن لە تزارەکان، بەرگرییکردنە لە دەستدرێژی، ئەوانەی کە دەیانەوێت دەستدرێژی بکەنە سەر خەڵکی، خەڵکی تاوانباردەکەن پێی. ئەمە خوو ڕەفتاری هەموو دەستدرێژیکارێکە.

حکوومەتی سۆڤیەتی، بە ناڕەوا، لە لێدوانەکەیدا دەڵێت داوا ناوچەییەکانی چین لە دژی وڵاتانی دیکە، بەشێکی زۆر گەورە لە سیاسەتی دەرەوە، پڕوپاگەندەکانی ئێستای چین داگیردەکات،

گـوایه سـەرکردە چینییەکـان، ئێسـتا داوای خـاک و زەویـیەک دەکەنەوە، کە لە ڕابـردوودا داگیـرکەرە چینییەکـان دەسـتیانگرتوە بەسەریاندا، یاخود ویستویانە داگیری بکەن.

ئەگەرچـی ناکرێـت نـاوی فراوانخـواز لە چـین بنرێـت، چـونکە هەموو جیهان دەزانێت کە چینی نوێ، هیچ داوایەکی ناوچەیی نییە، بەرامـبەر بە هـیچ دەوڵەتێک. هـیچ هێزێکـی سەربازیشـی، لە هـیچ دەوڵەتێکـی دیـکەدا جێگیـر نەکـردوە. سـەبارەت بەو کێشـە سنوورییانەش کە لە کۆنەوە مـاونەتەوە، لە نێـوان چـین و وڵاتـانی دراوسێیدا، حکوومەتی کۆماری میللی چین، بەردەوام لەو بـاوەڕەدا بـوە، کە پێویسـتە چارەسـەری شـیاویان بۆ بـدۆزرێتەوە، لە سـەر بنەمای لێکگەیشتن و ڕێککەوتنی دوولایەنە، ڕەچاوکردنی پێشینەی مێژوویـی و واقیعـی بـارودۆخەکە. هەر لە (١٩٦٠)ەوە، چـین سـەرکەوتوانە، بە شـێوەیەکی شـیاو، ئەو کێشـە سـنوورییانەی چارەسـەر کردوە، ڕێککەوتننـامەی سنووریی نوێی لەگەڵ وڵاتـانی دراوسـێیدا ئیمزاکـردوە، لەوانە: بۆرمـا، نیپـاڵ، کۆمـاری میللـی مەنگۆلیـا، پاکسـتان و ئەفغانسـتان. هەر دوولا، چـین و وڵاتە هاوسێکانیشـی، ڕێککەوتننـامە نوێکانیـان پـێ شـیاو و پەسـەند بـوە. تەنانەت سەرکردەکانی کۆماری میللی مەنگۆلیا، تـا ئەم دواییـانەش، دانیان بەوەدا دەنا کە هێمنی و ئارامی گەڕاوەتەوە بۆ سنوورەکانی نێوان چینو کۆماری میللی مەنگۆلیا.

ئەوە یەکێتـی سـۆڤیەت بـوو، نەک چـین، کە ژمـارەیەکی زۆر هێـزی سـەربازی نـارد بـۆ ئەوەی لە کۆمـاری میللـی مەنگۆلیـادا جێگیریان بکات. ئەوە یەکێتی سۆڤیەت بوو، نەک چین، کە سەدان هەزار سەربازی نارد بۆ داگیرکردنی چیکۆسلۆڤاکیا. ئەم جارەش، ئەوە یەکێتی سۆڤیەتە، نەک چین، کە لە هەموو شـوێنێک خەریکی

خۆدەرخستنی سەربازییە، لە ئەوروپای خۆرهەڵات، لە دەریای ناوەڕاست، لە زەریای هیندی، لە ئۆقیانوسی ئارامدا. واقیع ڕاستگۆترە لە قسەو پڕوپاگەندە، گوایە ئاشکرا نییە کێ خەریکی فراوانخوازییە، دەستدرێژیکارە، ئێستا داوای خاکو زەوییەک دەکات کە لە ڕابردوودا، سەرکردە داگیرەکەرەکانیان زەوتیان کردوە، یاخود ویستویانە داگیری بکەن؟

خوێندنەوەی ئەو بەڵگە نابەجێیانەی کە حکوومەتی سۆڤیەتی لە وتەکەیدا ئاماژەی پێ کردوون، تەنها ئەو پیلانە سەر لێشێواوانەمان دەهێنێتەوە یاد، کە تزارە کۆنەکان خەونیان پێوە دەبینی، بۆ پارچە پارچەکردنی چین.

ڕۆژی (١٦ی فەبریوەری ١٩٠٣)، وەزیری جەنگیی ڕووسیا، کورۆپاتکین (Kuropatkin) لە بیرەوەرییەکانیدا نووسیوویەتی: "... خاوەن شکۆمان پیلانێکی لە مێشکدایە: مەنشوریا داگیربکات و بیخاتە سەر ڕووسیا، کۆریاش بلکێنێت بە ڕووسیاوە، پێی باشە تبتیش بخاتە ژێردەستی خۆیەوە".

لەو نووسراوە نهێنییەدا، کە لە (١٩١٦)دا بۆ تسار نیکۆلاسی دوەمی نووسیوە، هەر هەمان کوروپاتکین دەڵێت، کە گۆڕانکاری لە سنوورەکانی سینۆ - ڕووسیدا پرسێکی زۆر هەنوکەییە، پێشنیاری ئەوە دەکات کە هێڵێکی ڕاست، لە لوتکەی خان تانگری ( Khan Tangri Peak)ی چیای تیانشان (Tienshan Mountain)ەوە، بکێشرێت تا ڤلادیڤۆستۆک (Vladivostok)، واتا هایشینوی (Haishenwei)، وەک هێڵێکی سنووری، بە شێوەیەک کە کولجا (Kulja)، واتا ئیلی (Ili)، بەشی باکووری مەنگۆلیا و مەنشوریاش، بکەونە ناو خاکی ئیمپراتۆریەتی ڕووسییەوە.

لینینیش لە (١٩١٦)دا، لە (تێبینییەکان لە سەر ئیمپریالیزم -

Notebooks on Imperialism)دا، ئاماژەیەکی لەو شێوەیەی داوە، کە دەڵێت: ڕووسیای تزاری "بەردەوام لە خۆرهەڵاتی ئاسیادا خەریکی فراوانبوون بوو، ئەمەش بە پێی پیلانێکی پێشتر دارێژراو بەڕێوەدەچـوو، کە دەکـرا بە پێـی بـارودۆخەکە گۆڕانکـاری تێدابکرێت، تەنها لە بەشە گرینگ و سەرەکییەکانیدا نەبێت، کە هەر وەک خـۆی دەمێنێـتەوە، ئامـانج لێـی داگیرکردنێکـی ڕاسـتەوخۆی نـاوچەیەکی فراوانـی سـەروی شـورا مەزنەکەوە، گەیشـتن بـوو بە باڵادەستی لە خۆرهەڵاتی ئاسیادا". ئێستاش حکوومەتی سۆڤیەتی، بێشـەرمانە، ئەوە لە لێدوانەکەیـدا دووپـاتی دەکـاتەوە، کە پـێش بنەماڵەی چینگ، سنووری باکووری چین شورا مەزنەکە بوە، لە خۆرئاواش، سنووری چین، نەگەیشتوەتە ئەودیو ناوچەی کانسو (Kansu)و سـزیچوان (Szechuan). ئەمەش وامـان لـێ دەکـات، گومان بکەین، کە ئەو سیاسەتەی حکوومەتی سۆڤیەتی دایڕشتوە، بۆنی (پیلانێکی گەورەی) لێدێت بۆ پارچە پارچەکردنی چین، کە هەر هەمان ئەو پیلانەیە کە تزارەکان لە مێشکیاندا بوو.

لە ڕابـردوودا، تزارەکـان لەگەڵ هێـزە ئیمپریالیسـتییەکانی خۆرئـاوادا ڕێککەوتبوون، بۆ پارچە پارچەکردنی چین. ئەمڕۆش، حکـوومەتی سـۆڤیەتی، هەوڵ دەدات، کە لەگەڵ ئیمپریـالیزمی ئەمریکی، یابانیو کۆنەپەرستەکانی هنددا ڕێکبکەوێت، بۆ گەیشتن بەو نەخشـە تەماحکـارانەیەی پـارچە پـارچەکردنی چـین، یـاخود دابەشکردنی ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی چین. ئیمپریالیستی ئەمریکی و کۆنەپەرستەکانی یابان دەڵێن، گوایە تایوان بەشێک نییە لە چین، کۆنەپەرسـتەکانی هینـدیش دەڵـێن، تبـت نـاوچەیەکی چینـی نییە، حکوومەتی سۆڤیەتیش دەڵێت، هیچ کـام لەو زەوییـانەی سـەرووی شورا مەزنەکە، خۆرئاوای ناوچەی سزوچوان و کانسو، هی چین

نین. یەکێکیان باشووری خۆرهەڵاتی چینی کردوەتە ئامانج، ئەوی تریان باشووری خۆرئاوا، سێیەمیشیان باکوور و باکووری خۆرهەڵاتی چین. ئایا ئەمە ڕێککەوتنێکی سەرنجڕاکێش نییە!؟

بەم دواییانە، هەموو هاشوهوشێکی دژە - چینی لە مۆسکۆوە دەردەچوو. گوایە ئەم چینییانە چەند دڵڕەق‌و دڕندەن، چۆن دەیانەوێت بەزەبری چەک سنوورەکانیان بگۆڕن، کۆماری میللی مەنگۆلیا قووت بدەن، هێرشێکی بەرفراوانی ئەتۆمی بکەنە سەر یەکێتی سۆڤیەت، ئیمپراتۆریەتێکی زەبەلاح دروست بکەن، کە لە ئۆقیانووسی ئارامەوە درێژدەبێتەوە بۆ دەریای ڕەش، چەندین شتی دیکەی لەم جۆرە. ئا ئەمە ئەو وتەیەی لینینی مانگی دیسەمبەری ساڵی (١٩٠٠)مان بە بیر دێنێتەوە، کە دەڵێت: "لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا، چاپەمەنییەکان هەڵمەتێکیان بەرپا کردوە دژی چین، کە باس لە دڕندەیتی ئەم نەژادە زەردە (Yellow Race) دەکەن، ڕقلێبوونەوە و دژایەتیکردنیان بۆ شارستانێتی، بۆ ئەو ئەرکەی کە ڕووسیا خستوویەتییە سەر شانی خۆی، لە ڕۆشنبیر کردن و بە ئاگاهێنانەوەی میللەتاندا لە دژی ئەو حەماسەتەی، کە سەربازە ڕووسییەکان پێیدەچن بۆ جەنگ،... هتد و... هتد. ئەو ڕۆژنامەنووسانەی کە لە سەر چۆک دەڕۆن لە بەردەم حکوومەت و جانتا پارەکانیدا، هەموو دەمارەکان گرژ دەکەن، تا ڕقی خەڵکی لە دژی چین زیاد بکەن". ئەو دوو هەڵمەتە دژە چینییەی، حکوومەتی سۆڤیەتی ئەمڕۆ، تزارەکانی جاران، چەند لێکدەچن!!

دەبێت ئەوەش بوترێت، ئەم لێدوانەی حکوومەتی سۆڤیەت، کە هانی دوژمنایەتیکردن و قینلێبوونەوەی چین دەدات، لە دوای پێشنیارەکەی بریجنێڤ (Brezhnev)ی سکرتێری گشتی کۆمیتەی ناوەندیی (CPSU)ەوە دێت، بۆ دامەزراندنی ئەوشتەی کە

پێیدەوترێت (سیستمی ئاسایشی هاوبەش لە ئاسیا). بەداهێنانی ئەم سیستمە، حکوومەتی سۆڤیەتی، نەک هەر دەیەوێت بازنەیەکی دژە - چینی بە دەوری چیندا بکێشێت، بە هۆیەوە دەستدرێژییەکانی بۆ سەر چین زیاتر بکات، بەڵکوو ئامانجی گەورەتر و کردەییتری ئەوەیە بە بیانوی ئەم (ئاساییشی هاوبەش) و (هاریکاریی ناوچەیی)ەوە، دەستبگرێت بە سەر دەوڵەتانی ئاسیاشدا، هەر وەک چۆن (ڕێکخراوی هاوپەیمانێتی وارسۆ)ی بەکارهێنا، بۆ دەستگرتن بە سەر وڵاتەکانی ئەوروپای خۆرهەڵاتدا.

ئێمە ئامۆژگاری حکوومەتی سۆڤیەتی دەکەین، کەمێک بێتەوە هۆش خۆی، میللەتی چین دەمێکە هەستاوەتە سەرپێی خۆی. ئەو کاتەش بەسەرچوو، کەس بتوانێت بە ئارەزوی خۆی پێبنێت بە سەر سەری میللەتانی ئاسیادا. میللەتانی ئاسیا تا دێت زیاتر لە مەبەستەکانی تۆ دەگەن، ئەگەر هەر بەردەوامیش بیت لە سەر گرتنەبەری ڕێچکەی تزارەکان، پاشەڕۆژت لە هی تزارەکان باشتر نابێت.

٣. ئایا ئێمە مارکسیزم - لینینیزممان شێواندوە، یاخود ئێوە پشتتانکردوەتە مارکسیزم - لینینیزم؟

ئەو ڕێککەوتننامانەی کە پێوەندییان بە سنوورەکانی ئێستای سینۆ - سۆڤیەتییەوە هەیە، هەموویان نابەرابەرن‌و ڕووسیای تزاری، لە نیوەی دوەمی سەدەی نۆزدەیەم‌و سەرەتای سەدەی بیستەمدا، بەزۆر سەپاندونی بە سەر چیندا، ئەو کاتەی دەسەڵات نە بەدەست گەلی چینەوە بوە، نە بەدەست گەلی ڕووسیشەوە. لە دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەری مەزنەوە، حکوومەتی سۆڤیەتی، بە ڕابەرایەتی لینین، پوچەڵکردنەوەی هەموو ئەو ڕێککەوتننامە

نابەرابەرانەی ڕاگەیاند، بەڵام لەبەر بارودۆخی مێژوویی ئەو کاتە، ئەو سیاسەتە پرۆلیتارییەی لینین جێبەجێنەکرا. ئەمانە ڕاستییەکی بابەتییانەن، هیچ شێواندنێک هەڵناگرن.

حکوومەتی سۆڤیەتی دەڵێت، ئەم ڕێککەوتننامانە، لە لایەن هەر دوولاوە ئیمزاکراون، بە ڕێککەوتن و ڕەزامەندی هەر دوولاش ئیمزاکراون. ئینجا بە شێوەیەکی دوورووانە، چەند بڕگەیەکی دووردرێژی بێمانا، لە ڕێککەوتننامەکان دەهێنێتەوە، بەو هیوایەی بیسەلمێنێت، ڕێککەوتننامەکان دادپەروەرانەو بەرابەرن. ئەمە زیاتر دەیسەلمێنێت، کە حکوومەتی سۆڤیەتی لۆژیکی خۆی لە دەست داوە، لەو هەولانەیدا کە دەیدات بۆ پاساوهێنانەوە بۆ تاوانی تزارەکان، لە دەستدرێژیکردنە سەر چین. ئێمە دەکرێت بپرسین، جا باشە هیچ ڕێککەوتنێک هەیە بە ڕێککەوتن و ڕەزامەندی هەر دوولای ڕێککەوتننامەکە ئیمزا نەکرابێت؟ ئایا هەر ڕێککەوتننامەیەک بە ڕەزامەندی هەر دوولا ئیمزاکرا، بە ڕێککەوتنێکی دادپەروەرانە دادەنرێت؟ ئەگەر وا بێت، کەواتە هیچ ڕێککەوتنێکی نابەرابەر لە سەر زەویدا نییە!

حکوومەتی سۆڤیەتی هێندە بە شانوباڵی ئەم ڕێککەوتننامانەدا هەڵ دەدات، وەک ئەوەی هێندە پیرۆز بن، نەکرێت دەستکاری بکرێن، چونکە بە ڕەزامەندی هەر دوولا ئیمزا کراون! بەڵام باس لەوە ناکات، کە ڕێککەوتننامەی سینۆ - سۆڤیەتی نیپچو (Nipchu)، ڕێککەوتننامەی سینۆ - ڕووسی بورینسکی (Burinsky)، چییان بە سەرهات، مەگەر ئەوانیش بە ڕێککەوتن و ڕەزامەندی هەر دوولا ئیمزا نەکرابوون.

حکوومەتی سۆڤیەتی باس لەوە دەکات، کە یەکەم ڕاگەیاندنی حکوومەتی سۆڤیەتی بۆ چین، لە (١٩١٩)دا، ئەوەی ڕوونکردوەتەوە

کە چ ڕێککەوتننامەیەکی نێوان ڕووسیاو چین نابەرابەر بوون، ڕاگەیاندنی دوەمی حکوومەتی سۆڤیەتی بۆ چین، لە (١٩٢٠)دا تەنها بۆ جەختکردنەوە بوە، لە سەر ئەو بنەمایانەی کە لە ڕاگەیاندنی یەکەمدا هاتوون. ئەمە شێواندنێکە، مەبەستێکی شاراوەی لە پشتەوەیە.

ڕاگەیاندنی دوەمی حکوومەتی سۆڤیەتی بۆ چین، بە ڕوونی باس لە "پەرەسەندنی" ئەو بەندانە دەکات کە لە ڕاگەیاندنی یەکەمدا هاتوون. چۆن دەکرێت ئەمە پێی بوترێت "دووپاتکردنەوە"؟ لە کاتێکدا ڕاگەیاندنێکی ڕوونوئاشکرا هەیە سەبارەت بە پووچەڵکردنەوەی "سەرجەم ئەو ڕێککەوتننامانەی کە لە نێوان چین و حکوومەتی ڕووسی پێشودا مۆرکراون"، "گێڕانەوەی هەموو ناوچە چینییەکان"، چۆن دەکرێت بوترێت ڕێککەوتننامەکانی سینۆ - ڕووسی "ئایگون، تیانتسین، پەکین، ئیلی و... هتد. کە بە هۆیانەوە زەوییەکی زۆرو بەرفراوان لە خاکی چین دابڕاون، هەر چی جۆری ئیمتیاز هەیە بەدەستهێنران، قەرەبوویەکی زۆری پێوەرگیرا، بەر ئەو بڕگەیە ناکەون کە دەڵێت "هەموو ئەو ڕێککەوتننامانە" دەبێت پووچەڵ بکرێنەوە؟

بەندی حەوتەمی (پەیماننامەی بنەما گشتییەکان بۆ چارەسەری کێشەی نێوان چین و یەکێتی سۆڤیەت)ی ساڵی (١٩٢٤)، زۆر بە ڕوونی ئەوە ئاشکرادەکات، کە ئەم دوو وڵاتە "پێویستە هێڵە سنوورییەکانی نێوانیان دووبارە دیاریبکەنەوە، تا کاتی ئەو (دووبارە) دیاریکردنەوەیەش دێت، پارێزگاری لە سنوورەکانی ئێستایان بکرێت". ئەگەر بەڕاستی، وەک لە لایەن حکوومەتی سۆڤیەتییەوە جەختی لە سەر دەکرێتەوە، ئەو ڕێککەوتننامانەی کە تایبەتن بە سنوورەکانی سینۆ - سۆڤیەتی ئێستاوە،

ڕێککەوتننــــامەیەکی یەکســــان و دادپەروەرانە بوونــــایە، هــــیچ کێشـــەیەکیان تێـــدا نەبـــوایە، ئەی کەواتە بـــۆچی دووبـــارە دیاریکردنەوەی سنوورەکانی نێوانیان بە پێویست دەزانرێت؟

ڕاستی دەستدرێژییەکانی ئیمپریالیستی ڕووسیای تزاری بۆ سەر چین، زۆر لەمێژە لە لایەن نووسینە نەمرەکانی مارکس، ئەنگڵــس، لینــین و ســتالینەوە، تۆمــارکراون، کەس ناتوانێــت دەستکارییان بکات.

ئەوەتا لە مانگی ئۆکتۆبەری ساڵی (١٨٥٨)دا، ئەنگڵس ئاماژە بەو سوود و قازانجانە دەکات، کە ڕووسیای تزاری لە جەنگی ئەفیونی دوەمدا بەدەستیهێناوە، دەڵێت: "بەدەر لە بەشداریکردن لە هەموو ئەو دەستکەوتە بەرچاوانەی، کە بۆ بەریتانیا و فەرەنسا دابینکران، جا هەر چییەک بووبن، ڕووسیا دەستیشیگرت بە سەر هەموو ئەو ناوچانەشدا کە لە سەر ڕووباری ئاموورە، هەر بە بێدەنگیو ژێربەژێر داگیریکردن".

لە مانگی سێپتەمبەری (١٨٥٩)شدا، مارکس وتوویەتی: "کە ڕووسیا داوای کرد دەستبگرێت بە سەر ناوچەی ئاموردا، ئەو (واتا، پاڵمەرستۆن (Palmerston)ی سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا) بە هۆی جەنگی دوەمی چینەوە، بۆی دابین کرد. ئێستاش، کە ڕووسیا دەیەوێت دەسەڵاتو نفوزی لە پەکیندا زیادبکات، جەنگێکی سێیەمی لە دژی چین بۆ هەڵدەکوڵێنێت"، ڕێککەوتننامەی سینۆ - ڕووســــی پەکینــــی ســــاڵی (١٨٦٠)، ئەو ڕێککەوتننــــامەیەبوو کە ڕووسیای تزاری سەپاندی بە سەر چیندا، بە سوودوەرگرتن لەو جەنگە.

لینینیش لە مانگی فەبریوەری (١٩١٦)شدا وتی: "بەڵام هەموو دنیا دەزانێت کە تزاریزم، بۆ دەیەها ساڵ، زیاتر لە سەد ملیۆن

کەسی دەچەوساندەوە، لەوانەی کە لە نەتەوەی جیاواز بوونو لە ناو ڕووسیادا دەژیان، هەروەها بۆ دەیەها ساڵیش ڕووسیا سیاسەتێکی تالانکاریانەی گرتبوەبەر، بەرامبەر بە چین، ئێران، ئەرمینیاو گالیشیا (Galicia)".

لە مانگی ئەپرەڵی (١٩٢٤)یشدا ستالین وتی: "ڕووسیای تزاری، وڵاتی هەموو جۆرە شێوازەکانی سەرکوتکاری بوو – سەرمایەداری، کۆلۆنیالی، میلیتاری – بە هەموو شێوازە نامرۆڤایەتیو بەربەریەکانییەوە. کێ هەیە نەزانێت، کە لە ڕووسیادا، دەسەڵاتی سەرمایە بەند بوە بە زوڵم و زۆری تزاریزمەوە. دڕندەییی نەتەوەپەرستی ڕووسی، لەگەڵ ئەو ڕۆڵە کوشندەیەی کە تزاریزم هەیبوە لەگەڵ خەڵکە غەیرە ڕووسەکاندا، دەستگرتن بە سەر هەموو ناوچەکانی تورکیا، ئێران و چین، داگیرکردنی ئەو ناوچانە لە لایەن تزارەکانەوە، لە ڕێگەی جەنگی داگیرکارانەوە، لینین ڕاستی کردوە کە وتوویەتی، تزاریزم "ئیمپریالیزمێکی فیوداڵ – سەربازی" بوە. تزاریزم کۆکراوەی خراپترین شێوازەکانی ئیمپریالیزم بوە، کە گەیشتوە بە ئاستێکی بەرز".

ئیمپریالیزمی ڕووسیای تزاری ناوچەیەکی فراوانی لە خاکی چین داگیرکردوە، ڕازیشنابێت دان بەوەدا بنێت، کە ئەو ڕێککەوتننامە سنوورییانەی کە بە هۆیانەوە ئەو ناوچانەی پێدابڕیون، نابەرابەرن. ڕەنگە لەنوسینە سەرەتاییەکانی حکوومەتی سۆڤیەتدا هاتبێت، کە ئەو ڕێککەوتننامانەی سینۆ – ڕووسی (ئایگون)، سینۆ – ڕووسی (تیانتسین) و سینۆ – ڕووسی (پەکین)و سینۆ – ڕووسی (ئیلی)، ڕێککەوتننامەی نابەرابەرن. بۆ نموونە، لەو فەرهەنگە دیپلۆماسییەدا، کە لە ساڵی (١٩٦١)دا، بە سەرپەرشتی

گرۆمیکـۆی وەزیـری دەرەوەی ئەو کـاتەی سـۆڤیەت و چەنـد کەسـێکی دیـکە چـاپکرا، زۆر بەڕوونـی هـاتوە، کە ڕێککەوتننـامەی سـینۆ - ڕووسـی (پەکـین)، ڕێککەوتننـامەیەکی نـابەرابەرە، بەڵام ئێستا هەر هەمان ئەو گرۆمیکۆیە، بەو قسـەیە دەڵێت "هەڵبەسـتراو و ناڕاسـت". هەروەک لینـین لە سـەرەتاکانی (١٩١٥)دا وتـوویەتی "ئەمە، لەم سـەردەمی لە بیرچـوونەوەی گوفتـار، نەمـانی بنەمـا، فەلسـەفەی ئـاوەژوو، پێشـێلکردنی بەڵـێنو بڕیـارە پیرۆزەکانـدا، شتێکی هێندە سەیروسەمەرە نییە".

لەبەر ئەوەی کە حکـوومەتی سـۆڤیەتی، ئـێمە بە شـێواندنی نووسـینە کۆنەکـانی مارکسـیزم - لینینیـزم تاوانبـار دەکـات، ئـێمە داواتان لێدەکەین، کە لە چاپەمەنییەکانی سۆڤیەتدا، دەقی هەر دوو لێـدوانەکەی ئەم دواییـانەی حکـوومەتی چینـی، ئەم دۆکیـومێنتەی ئێستا، لەگەڵ ئەو نووسینانەی مـارکس، ئەنگلس، لینـین و سـتالیندا، کە لەم نووسـینەدا ئاماژەیـان پـێ کـراوە، بـڵاو بکەنەوە، بۆ ئەوەی خەڵک و کۆمۆنیستەکانی یەکێتی سۆڤیەت بۆخۆیـان حوکم بدەن، کە ئایا ئەوە ئێمەین کە مارکسیزم - لینینیزممان شێواندوە، یـاخود ئێوەن کە پشتانکردوەتە مارکسیزم - لینینیزم.

٤. ئایا حکوومەتی سۆڤیەتی، بەڕاسـتی ئامـادەیە، بۆ چارەسـەر کردنـی کێشـەی سـنووری سـینۆ – سـۆڤیەتی، ئەو ڕێککەوتننامـانە وەک بنەما قەبووڵ بکات؟

حکوومەتی سۆڤیەتی، لە لێدوانەکەیدا، بە شـێوەیەکی نـاڕوون، ئامادەیی خۆی نیشانداوە، کە ئەو ڕێککەوتننامانە بکات بە بنەما بۆ چارەسـەری کێشـە سـنوورییەکانی سـینۆ - سـۆڤیەتی، هەر وەک ئەوەی هەڵوێسـتەکانی پێشـووی پـێچەوانەی هەڵوێسـتەکانی

حکوومەتی چینی نەبووبێت، بەڵام لە ڕاستیدا ئەمە وا نییە، تکایە تێبینیی ئەم نموونانەی خوارەوە بکەن:

لە (پرۆتۆکۆلی سنووریی سینۆ – ڕووسی، ناوچەی کاشگار)ی ساڵی (١٨٨٤)دا، بەڕوونی ئاماژە بەوەکراوە، کە لە ناوچەی پامیردا، هەر لە بناری شاخی ئوز - بێل (Uz – Bel)ەوە "هێڵە سنوورییەکەی ڕووسیا شۆڕدەبێتەوە بەرەو باشووری خۆرئاوا، هێڵە سنوورییەکەی چینیش بەرەو باشوور". ئەمە تاکە بەندە، کە پێوەندی هەبێت بە سنوورەکانی سینۆ – ڕووسیی ناوچەی پامیرەوە، کەچی حکوومەتی سۆڤیەتی دەڵێت ئەم پرۆتۆکۆلە سنوورییە "هیچ پێوەندی نییە" بە خاوەنداریێتی ناوچەی پامیرەوە، بەڵکوو ئەوە ئەو تێبینیانەبوون، کە لە ساڵی (١٨٩٤)دا، لە نێوان ئەو دوو وڵاتەدا گۆڕدرانەوە، بوون بە بەڵگەو دۆکیۆمێنت لە سەر (سنوور دیاریکردن)ەکە.

ڕاستییەکان کامانەن؟ ڕاستییەکان ئەوانەن کە: لە ساڵی (١٨٩٢)دا، ئیمپریالیستی ڕووسیای تزاری، وەک پێشێلکارییەک بۆ بەندەکانی پرۆتۆکۆلی سنووری (١٨٨٤)، هێزەکانی نارد بۆ ناوچەی پامیر، زیاد لە (٢٠,٠٠٠) کیلۆمەتر چوارگۆشەی دیکەی لە خاکی چین، لە خۆرئاوای زنجیرە چیای ساریکۆل (Sarykol) داگیرکرد. ئەوکات سوپای هەر دوولا، بەدرێژایی زنجیرە چیاکە، ڕووبەڕووی یەک بوونەوە.

لە ئەپرەڵی (١٨٩٤)دا، چین و ڕووسیا چەند تێبینی و نامەیەکیان گۆڕییەوە، حکوومەتی چینی ناچارکرا ڕازیبێت لە سەر پێشنیارەکەی حکوومەتی تزاری، کە هێزەکانی هەر دوولا، بە شێوەیەکی کاتی، لە شوێنەکانی خۆیاندا بمێننەوە، تا دەگەن بە چارەسەرێکی کۆتایی، بۆ پرسی پامیر. ئەگەرچی حکوومەتی چینی

له کـاتی خۆیـدا، بە ئاشـکرا نـاڕەزایی خـۆی نیشـانداو وتـی، "ئەگەر چین بەو ڕێوشوێنەی سەرەوە ڕازیش ببێت، ئەمە بەهیچ شێوەیەک مانای ئەوە نییە، کە حکوومەتی چینی دەستبەرداری مافەکانی چین دەبێت، لە خاوەنداریێتی ناوچەکانی پامیردا، کە دەکەوێتە پشـتی ئەو ناوچانەوە، کە ئێستا لە ژێـر دەسـتی هێزەکـانی چینـدان. هەروەهـا، داواش دەکات، ئەو مافانەی بپارێزرێت، کە لە پرۆتۆکۆلەکەی ساڵی (١٨٨٤)دا هاتوە، تا ئەو کاتەی دەگەنە لێکگەیشتنێکی گونجاو".

ئیمپریـالیزمی ڕووسـیای تـزاری، کە بینـی هـیچ بیـانویەکی بە دەسـتەوە نیـیە، نەیتـوانی سـووربێت لە سـەر ئەوەی کە زنجیـرە شاخی ساریکۆل ببێت بە سنوور.

ئێسـتا حکـوومەتی سـۆڤیەتی لە تزارەکـان زیـاتر زیـادەڕەوی دەکەن. ئەو دەیەوێت هەمان ئەو هێڵە سنوورییە بسەپێنێت بە سەر چیندا، کە کاتی خۆی سوپا داگیری کردوە. ئایا دەکرێت ئەمە بە وەرگرتنـی ڕێککەوتننـامە پێوەندیـدارەکان لە قەڵەم بـدرێت، وەک بنەما بۆ دیاریکردنی هێڵە سنوورییەکانی ئەم بەشەی سنوورەکە؟

ڕێککەوتننـامەی سـینۆ - ڕووسـی پەکینـی (١٨٦٠)، بە ڕوونـی بـاس لەوە دەکـات، کە لە بەشـی ڕووبارەکـانی هێیلۆنگو وسـولێدا، ڕووبارەکــان دەبــنە ســنوور لە نێــوان چــینو ڕووســیادا، ئەو زەوییـانەی دەکەونە لای چەپـی ڕووبـاری هێیلۆنـگو لای ڕاسـتی ڕووبـاری وسـولیەوە، هـی ڕووسـیان، ئەو زەوییـانەی کە دەکەونە لای ڕاستی ڕووباری هێیلۆنگو لای چەپی ڕووباری وسولییەوە، هی چینن. ئەو نەخشەیەی کە زیادکرا بۆ ڕێککەوتننامەکەی سینۆ - ڕووسـی پەکین، ئەو هـێڵە سـوورەی کە بەسـەر ئەو نەخشـە زیـاد کراوەوەیە، سـاڵێک پێش ئیمزاکردنی ڕێککەوتننـامەکە، یەکلایەنـانە، لە لایەن تزارەکـانی ڕووسـیاوە سـەپێنراوە بە سـەر چینـدا. ئەو

نەخشە زیادکراوە بە قەبارەی (١:١,٥٠٠,٠٠٠) دروست کراوە، ئەو هێڵە سوورەش کە لە سەریێتی ئەو ڕووبارانە دیاری دەکات، کە بوون بە سنوور. ئەو هێڵە ناتوانێت، ناشکرێت، بە وردی جێگەی هێڵە سنوورییەکەی ناو ڕووبارەکان دیاری بکات.

کە دەڵێین ڕووبارەکان بوون بە هێڵی سنووری، مانای وایە هێڵی ناوەڕاستی ڕێچکەی سەرەکی ڕووبارەکە دەبێتە هێڵی سنووری. ئەمە نەک هەر تەنها ئیمپریالیزمی ڕووسیای تزاری دەیزانێت و بە فەرمیش دەیناسێت، بەڵکوو حکوومەتی سۆڤیەتیش ئەمە دەزانێت و ددانی پێداناوە.

بەندی پێنجەمی (ڕێنماییەکانی پاراستنی سنووری نێودەوڵەتی کۆمارەکانی یەکێتی سۆڤیەت) کە لە (١٩٦٠)دا، لە لایەن سۆڤیەتی باڵا (USSR)ەوە ئیمزاکراوە، زۆر بە ڕوونی دەڵێت: "هێڵە سنوورییە نێودەوڵەتیەکانی (USSR)، لەو ڕووبارە سنوورییانەدا کە کەشتیرانیان تێدا دەکرێت، بە ناوەڕاستی ڕێچکەی سەرەکی ڕووبارەکەدا تێدەپەڕێت". لە (ئینسکلۆپیدیای بەڵشەڤیکی سۆڤیەتی The Bolshaya Sovietskaya Encyclopaedia –)دا، کە لە ساڵی (١٩٢٦)دا چاپکراوە، لە باسی وشەی (ئاموور، لە ڕووباری هێیلۆنگ)دا دەڵێت: "ئاموور ڕووبارێکی سنوورییە، کەوتوەتە باکووری خەبەرۆڤسک (پۆلی)ەوە". لەوەش زیاتر، دەڵێت: "سنووری چین، لە هێڵی ناوەندی جۆگەی سەرەکی ئەم ڕووبارەوە دەست پێ دەکات".

بەڵام ئێستا، حکوومەتی سۆڤیەتی دەڵێت، گوایە بە پێی ڕێککەوتننامەی سینۆ – ڕووسی پەکین، هێڵە سنوورییەکەی نێوان ئەم دوو وڵاتە، لە ئاستی ڕووبارەکانی هێیلۆنگو وسولێدا، لە بەری کەناری چینەوە دەڕوات. ئا ئەمە داواکارییە ناوچەییە

نوێیەکـانە، لەڕێـگەی پێشـێلکردنی بەنـدەکانی ڕێککەوتننـامەکەوە ئەنجام دەدرێت، کە تەنانەت تزارەکانیش نەیانتوانیوە بیکەن.

بۆ نکوڵیکردن لە بنەماکانی ئەو یاسا نێودەوڵەتییەی کە دەڵێت: پێویستە لەو ڕووبارە سنوورییانەدا کە کەشتیرانییان تێدا دەکرێت، هێڵی ناوەندی ڕێچکەی سەرەکی ڕووبارەکان ببنە هێڵی سنووری، حکوومەتی سۆڤیەتی ئەو ڕێککەوتننامەیەی بە نموونە هێناوەتەوە، کە لە ساڵی (١٨٥٨)دا لە نێوان کۆستەریکاو نیکاراگوادا مۆرکراوە، دەڵێت کە بە پێی ئەم ڕێککەوتننـامەیە، (هـێڵە سـنوورێکە)ی نێـوان کۆسـتەریکاو نیکـاراگوا، "بە کەنارەکـانی لای ڕاسـتی ڕووبـارەکەی سـان خوانـدا دەڕوات" بە مەش "کۆمـاری نیکـاراگوا بەتەنهـا مـافی خاوەنداریێتیو باڵادەستی هەیە بەسەر ئاوی هەموو ڕووبـارەکەدا". لەوەش زیاتر، ئەو زۆر بێشەرمانە دەڵێت، گوایە ڕێککەوتننـامەکەی سینۆ - ڕووسی (پەکین)یش، هەر هەمان بـابەتە. ڕاسـتە کە هەمـوو یاســـایەکی نێـــودەوڵەتی (شـــەواز)ی هەیە، ئەمە ســـەبارەت بەم یاســـایەی ئـــێمەش ڕاســـتە، بەڵام لە ڕێککەوتننامەکانـــدا، هەر جیاوازیو لادانێک لە بنەما زانراو و باوەکاندا ڕوودەدات، دەبێت بە ڕوونو ئاشـکرایی ئامـاژەی پـێ بـدرێت. بەنـدی دوەمو شەشـەمی ڕێککەوتننـامەکەی سـاڵی (١٨٥٨)ی نێـوان کۆسـتەریکاو نیکـاراگوا، ئەو مەرجەی بەڕوونـــی تێـــدا دیـــاریکراوە. ئێســـتا دەمانەوێـــت لە حکوومەتی سۆڤیەت بپرسین:

ئایا لە کوێی ڕێککەوتننامەکەی پەکینی سینۆ-ڕووسـیدا هـاتوە، کە "هێڵە سنوورییەکەی نێوان چینو ڕووسیا، بە کەنارەکانی لای چینی هەر دوو ڕووبـاری هێیلۆنگو وسـولیدا دەڕوات؟" یـاخود لە کوێـدا باسـی ئەوە کـراوە، کە "بە تەنهـا تزارەکـانی ڕووسـیا مـافی ئەوەیـان هەیە دەسـەڵاتو خاوەنـداریێتی ڕووبارەکـانی هێیلۆنـگو

وسولّییان هەبێت؟"

ئەم دوو نموونەیەی سەرەوە وا دەکەن گومان لەوە بکەین، ئایا حکوومەتی سۆڤیەتی، بەڕاستی ئامادەیە بۆ ئەوەی ئەو ڕێککەوتننامانە وەک بنەما وەربگرێت، بۆ چارەسەرکردنی کێشە سنوورییەکانی سینۆ - سۆڤیەتی؟

٥. هەڵوێستی حکوومەتی چین هیچ شێواندنێک هەڵناگرێت.

هەڵوێستی حکوومەتی چین سەبارەت بە چارەسەری سەرتاسەریی کێشە سنوورییەکانی سینۆ - سۆڤیەتی، بە کورتی، بریتییە لە:

١. جیاوازیکردن لە نێوان ڕاست و هەڵە لە مێژوودا، داننان بەوەدا کە ئەو ڕێککەوتننامانەی پێوەندیدارن بە سنوورەکانی ئێستای سینۆ - سۆڤیەتییەوە، نابەرابەرن، لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا، بەزۆر لە لایەن ئیمپریالیزمی ڕووسیای تزارییەوە سەپێنراون بە سەر چیندا، ئەو کاتەی کە دەسەڵات، نە بە دەست گەلی چینەوە بوە، نە بەدەست گەلی ڕووسیاوە.

٢. بە ڕەچاوکردنی ئەو واقیعەی کە لە ئارادایە، هەر هەمان ئەو ڕێککەوتننامانە بکرێن بە بنەما، بۆ چارەسەرێکی سەرتاسەری کێشە سنوورییەکانی سینۆ - سۆڤیەتی، دەستنیشانکردنی تەواوی هێڵە سنوورییەکان، لەڕێگەی دانوستان و گفتوگۆی ئاشتیانەوە. چین داوای گەڕانەوەی ئەو ناوچە چینیانە ناکاتەوە، کە تزارەکانی ڕووسیا، لە ڕێگەی ئەو ڕێککەوتننامانەوە زەوتیان کردوە.

٣. پێویستە هەر لایەک، وەک پێشێلکارییەک بۆ ئەم ڕێککەوتننامانە، خاکی لایەکەی دیکەی داگیر کردوە، وەک

بنەمـــایەک، بــێ کۆتــومەرج بیگێــڕێتەوە بــۆ لایەکەی دیــکە، بەڵام دەکرێت دەستکاری و چاککردنی پێویست لە و ناوچە سنووریانەدا بکرێت، کە پێویستن، ئەویش لە سـەر بنەمـای ڕاوێژ گۆڕینەوە، لە ڕێگەیەکـی یەکسـانەوە، بە لێکگەیشـتن و ڕەزامەنـدی هەر دوولا، بە ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی دانیشتوانی ناوچەکە.

٤. ئیمزاکردنـی ڕێککەوتننامەیەکی نـوێی، یەکسـان و بەرابەری، سـینۆ – سـۆڤیەتی، بـۆ جێگـرتنەوەی ئەو ڕێککەوتننـامە کـۆنە، نـابەرابەرانەی، سـینۆ – ڕووسـی، ڕووپێـوکردنی سـنوورەکان، ڕاستکردنەوەی نیشانە سنوورییەکان (Boundery Markers).

٥. تــا گەیشــتنیش بەو چارەســەرە سەرتاســەرییەی کێشــە سەرەکییەکانی سینۆ – سۆڤیەتی، لە ڕێگەی دانوستان و گفتوگۆی ئاشتیانەوە، پێویستە دۆخی ئێستای سنوورەکان بپارێزرێت، خۆ بە دوور بگیرێـت لە پێکـدادانی چەکـداری، هێـزە چەکـدارەکانی هەر دوولا لێکجیا بکرێنەوە، ئەویش بە کێشانەوە، یاخود نەناردنی هێز، بۆ ئەو جێگایـانەی کە بەدرێژایـی سـنوورەکانی سـینۆ – سـۆڤیەتی کێشــەیان لە ســەرە، ئەمەش ئەو ناوچــانە دەگـرێتەوە، کە دەکەونە سـەر ئەو هـێڵە سنوورییەی، کە لەو نەخشـانەدا دیـاریکراون، کە لە میانەی دانوستانە سنوورییەکانی سینۆ – سۆڤیەتی ساڵی (١٩٦٤)دا ئاڵوگۆڕکراون، یەکێک لە لاکان ڕازی نییە لە سەری.

هەمــوو کەســێکی بــێلایەن دەزانێــت کە ئەم هەڵوێســتەی حکوومەتی چین، زۆر بەجێ، پەسەند و ڕەوایە، نیشـانەی ئەوپەڕی ئامادەییو خەمخۆرییەتی بۆ گەیشتن بە چارەسـەرێکی ئاشـتیانەی کێشـە سـنوورییەکانی سـینۆ – سـۆڤیەتی. ئێسـتاش کە بڕیـار وایە حکوومەتی چینو حکوومەتی سۆڤیەتی، بەم زوانە لە سـەر ئاسـتی بریکـاری وەزیـری دەرەوە، لە پەکـین کـۆببنەوە، بـۆ تـاوتوێکردنی

پرســه ســنوورییەکانی نێوانیــان، ئومێــدمان وایە کە حکــوومەتی سۆڤیەتی ئەم هەڵوێسـتو پێشـنیارانەی حکوومەتی چینـی بەهەنـد وەربگرێــت، بــۆ گەیشــتن بە چارەســەرێکی سەرتاســەری کێشــە سنوورییەکانی سینۆ - سۆڤیەتی، تا بتوانرێت ئەنجامی ئەرێنی و باش بەدەستبهێنرێت لەم دانوستانانە.

## دۆکیۆمێنتی (٤٣)

## ناڕەزایینامەکەی چین، (١٦ی سێپتەمبەری ١٩٦٨)

(دەقی ناڕەزایینامەیەکی وەزارەتی دەرەوەی چین، NCNA بە ئینگلیزی، پەکین، ١٦ی سێپتەمبەری ١٩٦٨).

وەزارەتــی کاروبــاری دەرەوەی کۆمــاری میللــی چــین، ئەم تێبینییانە ئاڕاستەی باڵیۆزخانەی سۆڤیەتی دەکات، سەبارەت بەو ڕووداوە مەترسـیدارەی، کە تێیــدا فـڕۆکە جەنگیەکـانی سـوپای سۆڤیەتی، ئاسمانی چینیان بەزاندوە.

لە نێــوان (٩و ٢٩ی ئۆگەســتی ١٩٦٨)دا، فــڕۆکە جەنگییەکـانی سـوپای سـۆڤیەتی، لە جـۆری جیـاواز، لە زنجیـرەیەک فڕینـدا، بە

مەبەستی پشکنینی ناوچەکە، هەراسانکردنو بێزارکردنی خەڵکەکەی، (٢٩) جار ئاسمانی چینیان، لە ناوچەی تونگهوا (Tunghua)ی سەر بە هەرێمی هێیلۆنگ کیانگ (Heilung Kiang)، بەزاندووە. (١٠) فڕینیان لە (٩)ی ئۆگەستدا بوە، پێنجیشیان لە (١٠)ی ئۆگەستدا، پێنجی دیکەش لە (١٢)ی ئۆگەستدا، یەک دانەش لە (١٥)ی ئۆگەستدا، یەک دانەی دیکەش لە (٢٠)ی ئۆگەستدا، سێ دانەش لە (٢٤)ی ئۆگەستدا، چوار دانەش لە (٢٩)ی ئۆگەستدا. ئەم فڕۆکە جەنگیانەی سۆڤیەت، هەموو بە نزمی، بە ئاسمانی چیندا فڕیوون، کە نزمترینیان (٣٠) مەتر بوە. ئەمانە بە قووڵایی سێ کیلۆمەتر، بە درێژایی پێنج کیلۆمەتر، هاتوونەتە ناوەوە.

پێویستە بوترێت کە لەم ساڵانەی دواییدا، لایەنی سۆڤیەتی بەردەوام فڕۆکە جەنگیەکانی ناردوە بۆ بەزاندنی ئاسمانی چین. تەنها لە ساڵی ڕابردودا، (لە کۆی ١٣١ فڕین)، (١١٩) دۆخی هاتنەناوەوە ڕووی داوە، بەڵام ئەمە یەکەم جارە لە ماوەیەکی کورتی (٢١) ڕۆژیدا، لایەنی سۆڤیەتی ئەمەندە بە چڕی، لە سەر یەک، بێشەرمانە، بە ئاشکرا، ئاوا هەراسانکردنی سەربازی لە یەک ناوچەوە بنێرێتە سەر ئاسمانی چین. بە تایبەتیش، پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت، کە ئەم هاتنە ناوەوانەی فڕۆکە جەنگێکانی سوپای سۆڤیەتی، لە دەوروبەری (٢٠)ی ئۆگەستدا ڕوویانداوە، ئەو کاتەی کە یەکێتی سۆڤیەت سوپای نارد بۆ دەستدرێژیکردنە سەر چیکۆسلۆڤاکیا. ئەمەش بە هیچ شێوەیەک بە ڕێکەوت نەبوە.

ئەم بەزاندنە بەردەوامانەی ئاسمانی چین، لە ناوچەی تونگهوا (Tunghua)، لە لایەن جۆری جیاوازی فڕۆکەی جەنگی سۆڤیەتییەوە، بە مەبەستی زیاتر گرژکردنی بارودۆخی سنوورەکان، دەستدرێژییەکی ئاشکرا، پێشێلکردنی سەروەری

خـاکی چـین، دەسـەڵاتی کۆمـاری میللـی چینـە، شـەڕەنگێزییەکی سەربازیی نوێیە، لە دژی دەکرێت. هەمـوو ئەم ئاسمان بەزاندنانە، لە داڕشتنی حکوومەتی سۆڤیەتی، بە سەرپەرشتی ئەو کراوە، بە پێی پیلانێکی داڕێژراو بوە، بۆ پشتگیریکردنی دەستدرێژییەکانی بۆ سـەر چیکۆسـلۆڤاکیا، بـۆ بەردەوامبـوونی لە سـتراتیژیەتە نێودەوڵەتیکەیدا، لە دەستتێکەڵاوکردن لەگەڵ ئەمریکا، لە دژی چین، لە هەوڵەکانیدا بۆ دەستگرتن بەسەر جیهاندا، بە پیلان‌و ڕێککەوتن لەگەڵ ئەمریکادا.

لەم بارەیەشـەوە، حکـوومەتی چـین بەتونـدی نـاڕەزایی خـۆی دەردەبڕێـت بەرامـبەر بە حکـوومەتی سـۆڤیەتی. هەروەهـا ئاگـادارکردنەوەیەکی تونـدیش ئاڕاسـتەی حکـوومەتی سـۆڤیەتی دەکـات، کە (٧٠٠) ملیـۆن چینـی، چەکـدار بە بیروباوەڕەکـانی مارکسـیزم – لینینیـزم، بیروباوەڕەکـانی مـاو تسـی تۆنـگ، کەس ناتوانێت خۆی بە سەردا بسەپێنێت، یەک پارچەیی و سەروەریی خـاکی چـین و دەسـەڵاتەکەی، کەس ناتوانێـت بیانبەزێنێـت. بەم ڕەفتارانەتـان زیـاتر لای گەلـی چـین دەبێـزرێن. پێویسـتە لە سـەر حکـوومەتی سـۆڤیەتی، ڕێوشـوێنی خێـرا بگـرێتەبەر، بـۆ دووبارەنەبوونەوەی ئەم جۆرە کارانە، ئەگەر نا، ئەوا حکوومەتی سۆڤیەتی بەرپرسیار دەبێت لە هەر شتێک کە لەو بارەیەوە ڕوو بدات.

# دۆكیۆمێنتی (٤٤)

## وتەکەی چو ئین - لای لە ئاهەنگە فەرمیەکەی ئەلبانیادا

(هەڵبژاردەیەک لە وتەکانی سەرۆک وەزیران، چو ئین - لای، لەوئاهەنگە فەرمییەدا کە لە ٢٩ی سێپتەمبەری ١٩٦٨دا، لە پەکین بۆ میوانە ئەلبانییەکان سازکرا، NCNA بە ئینگلیزی، سێپتەمبەری ٣٠ی ١٩٦٨).

"... لە کاتێکدا هەر خەریکی چڕکردنەوەی دەستدرێژییەکانی، توندکردنی هەڕەشەکانێتی بەرامبەر بە چین، سۆسیال ئیمپریالیزمی سۆڤیەتی زیاتر پەرەی بە گێرەشێوێنییە چەکدارییەکانیشی لە دژی چین داوە. بە ڕێککەوتن لەگەڵ ئیمپریالیزمی ئەمەریکیشدا، خەریکن بازنەیەک لە دژایەتیکردن بە

دەوری چیندا دەکێشن، بەوەی کە هێزێکی سەربازیی زۆریان لە سەر سنوورەکانی سینۆ – سۆڤیەتی و سینۆ - مەنگۆلی کۆ کردوەتەوە، لە هەمانکاتیشدا، بە بەردەوامی لە سەر سنوورەکان گرژی دەنێنەوە، بەوەی کە هەر تاوە نا تاوێک، فڕۆکەکانیان دەنێرن بۆ ئەوەی ئاسمانی چین ببەزێنن. بێ گومان ئەمە نیشانەی بەهێزی ئەو ناگەیەنێت، بەڵکوو ئەمە ئیفلاسی ئەخلاقی، بێدەسەڵاتی و ترسنۆکی ئەو دەگەیەنێت."

# دۆکیۆمێنتی (٤٥)

## چاوپێکەوتنەکەی جەنەراڵ زیریانۆڤ (Zyrianov)

(هەڵبژاردەیەک لە چاوپێکەوتنەکەی کۆلۆنێل - جەنەراڵ پ. ڕ. زیریانۆڤ، سەرۆکی دەزگای باڵای (KGB) لە هێزەکانی پێشەوە، لەگەڵ ڕۆژنامەی لیتێراتورنایا گازێتا (Literaturnaya Gazetta)، لە ٢٩ی مەی ١٩٦٨دا، لە CDSP، vol. XX، ژمارە ٢٢، ١٩ی جون ١٩٦٨).

هەتا ئێستاش خەڵکانێک هەن دەیانەوێت بە درۆ، داواکاری ناوچەیی لە دژی وڵاتەکەمان بەرزبکەنەوە، ئەویش بە پشتبەستن بەدەنگی دلێریان. ئەم جۆرە خەڵکانە، نایانەوێت هیچ حسابێک بکەن بۆ هیچ ڕێککەوتننامەیەکی نێودەوڵەتی، یاخود بۆ هیچ سنوورێکی نێودەوڵەتی نێوانمان، کە لە زۆر دەمێکەوە چەسپاوە،

یاخود بۆ ئەو یاسا سنوورییانەی کە لە ئارادان.

# دۆکیۆمێنتی (٤٦)

## کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکەی کۆسیگین لە لەندەن

(هەڵبـــژاردەیەک لەو کـــۆنگرە ڕۆژنـــامەوانییەی کە ســـەرۆک وەزیـــران أ. ن. کۆســـیگین لە ڕۆژی ٩ ی فەبریـــوەری ١٩٦٧، لە کۆمەڵەی ڕۆژنامەوانی دەرەکی (Foreign Press Assosiation)، لە لەندەن بەستی. پراڤدا ١١ی فەبریوەری ١٩٦٧، لە CDSP، vol. XIX، ژمارە ٦، لە ١ی مارتی ١٩٦٧دا).

*** پەیامنێری تەلەفزیۆنی سەربەخۆی بەریتانی: بەڕای ئێوە، ئەو ڕووداوانەی چین چەند گرینگن، کاریگەرییان چی دەبێت لە سەر سیاسەتی سۆڤیەت؟**

- ئێوە زۆر باش دەزانن، کە پێوەندییەکانی چینی - سۆڤیەتی، بارگرژییەکی بەخۆوە بینیوە، بە تایبەتی ئەو ڕووداوانەی کە لەم

دواییانەدا ڕوویاندا، بەڵگەیەکی دیارن لە سەر ئەوە. پێویستە ئەوە بڵێم کە ئێمە زۆر ڕێز لە گەلی چینی مەزن، پارتی کۆمۆنیستی چین دەگرین. ئێمە پێمانخۆشە پێوەندی نێوانمان زۆر باش بێت. لە لای خۆشمانەوە هەر چیمان لە دەستهاتبێت کردوومانە، بۆگەیشتن بەو ئامانجە. ئەوەی کە ئێستا ڕوو دەدات، کێشەیەکی ناوخۆیی چینە، پێوەندی هەیە بە شکستهێنانی سیاسەتەکانی ناوەوەو دەرەوەی، هەوڵدانە بۆ دۆزینەوەی ڕێگەیەک بۆ دەربازبوون لەو بارودۆخەی، کە دژواری سیاسەتەکانی دەرەوەی‌و پێوەندییەکانی، خولقاندوویەتی. ئەگەر باس لە پاشەڕۆژی پێوەندیەکانیشمان بکەین، پێویستە جارێکی دیکەش ئەوە بڵێینەوە، کە ئێمە خوازیاری بەرەوپێشبردنی ئەو پێوەندییانەین.

*** پەیامنێری هەواڵەکانی دەرەوەی ڕۆژنامەی سپرینگەری ئەڵمانی: ئایا ئێوە پێشبینی دەکەن پێوەندییە دیپلۆماسییەکانتان لەگەڵ چیندا لێکترازانێکی تەواوی تێبکەوێت، یاخود لەوەش زیاتر، پێکدادانی چەکداری بکەوێتە نێوانتانەوە؟**

– سەبارەت بە ئەگەری پێکدادانی سەربازی، من هیچ هۆکارێک نابینم بۆ ئەو جۆرە پێکدادانە. بۆ پرسی پێوەندییە دیپلۆماسیێکانیشمان لەگەڵ چیندا، پێویستە بڵێم کە ئێمە حەز بە گێڕانەوە و پاراستنی دەکەین، لای خۆشمانەوە هەوڵی بۆدەدەین. بێ گومان بەو مەرجەی کە لایەنی بەرامبەر پابەندی یاساو ڕێسا نێودەوڵەتییەکان بێت، مافی نوێنەرایەتییە دیپلۆماتێکان زامن بکات. ئەگەر ئەوان زامنی بارودۆخێکی ئاسایی بۆ چالاکییەکانی کاربەدەستە دیپلۆماتەکانمان بکەن، بێ گومان ئێمەش بواری هیچ زەمینەیەک نادەین بۆ لێکترازانی پێوەندییە دیپلۆماسیەکانمان.

## دۆکیۆمێنتی (٤٧)

## وتەکەی چین یی (Chen Yi) لە ڕاڵی پەکیندا

(هەڵبژاردەیەک لە وتەکەی وەزیری دەرەوە، چین یی، لە ڕاڵی پەکین، لە ١١ی فەبریوەری ١٩٦٧دا. ACNA ئینگلیزی، پەکین ١١ی فەبریوەری ١٩٦٧، لە گەڕان بەناو بڵاو کراوە ناوخۆییەکانی چیندا، ژمارە ٣٨٨١، ١٦ی فەبریوەری ١٩٦٧).

تاقمە فەرمانڕەوا گومڕاکەی سۆڤیەت، کە بریتین لە مشتێک لە لادەران لە ڕێبازی مارکسیزم - لینینیزم، بوونەتە هاوکاری پلە یەکی ئیمپریالیزمی ئەمەریکی. بە پێی ڕەفتارەکانیان بێت، ئەمانە بە هیچ شێوەیەک ناکرێت نوێنەری بەشی زۆری میللەتی سۆڤیەت بن. گەلی سۆڤیەت میللەتێکی زۆر مەزنن، دابونەریتێکی شۆڕشگێڕانەی شکۆمەندییان هەیە. ئەوان حەزیان بە شۆڕش و هاوڕێیەتی گەلی

چینه. ئەم تاقمە گومڕایەی سەرانی سۆڤیەت، لە هەوڵی بێهودەو بەردەوامدان، بۆ تێکدانی ئەو دۆستایەتییە شۆڕشگێڕانەیەی نێوان هەر دوو گەلی چین و سۆڤیەت. لە کۆتاییشدا ئەوبەردە گەورەیەی کە هەڵیانگرتوە، هەر دەکەوێت بە قاچی خۆیاندا.

ئەم تاقمە گومڕایەی سەرانی سۆڤیەت، لە هەوڵێکی بێهودەدا بۆ نانەوەی تۆوی دووبەرەکی لە نێوان خەڵکی چین و میللەتانی دیکەی دونیادا، هەر خەریکی بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندەو درۆودەلەسەو ئاوەژوکردنەوەی ڕاستیەکانن، بەڵام هەق و ڕاستی هەر لەگەڵ ئێمەدایە، خەڵکی جیهانیش چاوکراوەن. ئەم پیلانەی تاقمە سەرلێشێواوەکەی سەرانی سۆڤیەتیش، هەر شکستدێنێت.

. .. ئەوەتا حکوومەتی سۆڤیەتی بەم دواییانە دەستی داوەتە پیادەکردنی چەندین جۆر لە دژایەتیکردنی چین، بە بەرپاکردنی ئاژاوەگێڕی لە دژی میللەتی چین، هەڕەشەکردن لەوەی کە هەنگاوی زیاتر دەنێت بەرەو تێکدانی پێوەندییەکانی نێوان هەر دوو وڵات. گەلی چین لە نزیکەوە چاودێری بەرەوپێشچوونی ڕووداوەکان دەکات. پێویستە جارێکی دیکەش، بەتوندی ئاگاداری حکوومەتی سۆڤیەتی بکەینەوە، کە توانای ئارامگرتن و دانبەخۆداگرتنی گەلی چینیش سنووری هەیە. بە دڵنیاییەوە بەردەوامبوون لە شۆڕبوونەوە بە ڕێچکەی دژە چیندا، ئاکامێکی باشی لێناکەوێتەوە.

## دۆکیۆمێنتی (٤٨)

## ئیزڤێستیا (Izvestia)، سەبارەت بە چەوساندنەوە لە چین

(دەقی وتاری "شۆڤێنیستەکانی پەکین"، بە پێنوسی أ. دیمکۆڤ (A. Dymkov، لە ئیزڤێستیادا، ٢ی ئەپریلی ١٩٦٧، لە CDSP دا وەرگێڕدراوە، بەرگی ١٩، ژمارە ١٣، لە ١٩ی ئەپرەڵی ١٩٦٧دا).

بەڵگەی زەق هەیە لە سەر دارمانی ئایدیۆلۆجیانەی گروپەکەی ماو تسی تۆنگ. ئەمەش زیاتر لەو ناوچانەدا دەردەکەون، کە دانیشتوانەکەی لە کەمە نەتەوەی جیاواز پێکهاتوون، نامیلکەو تاتز پاۆ (Tatze Pao)، تەنانەت ڕۆژنامەکانیش، کە ماوییەکان (دەستیان بە سەردا گرتوە) لەم ناوچانەدا، بە هەموو شێوەیەک تانە لەو سەرکردە دەرکراوانەی حیزب دەدەن. لەبەر ئەوەی ئەمانە

بوونەتە شوێنکەوتووی (بۆرژوازیەت) و سیاسەتێکی نەتەوەیی (گومڕا). ئەمانە شەڕ لە سەر خوێندنی زمانو ئەدەبی مەنگۆلی دەکەن، (بێشەرمانە داوای) ڕێزگرتن لە دابونەریتی خەڵکی تبت دەکەن، داوای ژووری نانخواردنێک دەکەن کە خواردنی مسوڵمانەکانی تێدا پێشکەش بکرێت. تەنانەت "جەنگاوەرە سەربەرزەکانی سەرۆک ماو بەوە تاوانبارەدەکەن، کە گوایە شوێنکەوتووی (شۆڤێنیزمی هانی مەزنن - great-Han chauvinism)".

بە پێی ئەو هەواڵانە بێت کە لە ئاژانسە جیاوازەکانی دەنگوباسەوە بڵاودەکرێنەوە، هەر لەو شوێنانەشدا کە کەمەنەتەوەکانی تێدا دەژین، توندترین بەرەنگاربوونەوەی جەماوەریی سەری هەڵداوە، هەر لە سەرەتای دەستپێکردنی (شۆڕشە ڕۆشنبیرییە) بەدناوەکەوە، تا ئەمڕۆ.

هاندانی ڕق و کینەی ڕەگەزپەرستانە بەرامبەر (سپێکان - whites)، کە پەکین پیادەی دەکات، بەرامبەر بە خەڵکە ئەفرۆ - ئاسیاییەکەی، وای لە ماوێکان نەکرد دەستهەڵگرن لە سیاسەتی جیاکاری نەژادی توند، بەرامبەر بەو زیاد لە (٥٠) جۆر خەڵکە نا (سپییەی)، کە لە چیندا دەژین. مەبەستەکە لێرەدا دەستەواژەی (چونگکوجین - Chungkuo jen)ە، کە بە مانای (چینی - Chinese) یاخود خەڵکی چین دێت.

دیارە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا چین چەند جۆرێک لە هاوڵاتی هەیە، نەک نەتەوە. ئەگەرچی لە ڕووی مێژووییەوە ئەم دەستەواژەیە، یان ئەم بۆچوونە، لەگەڵ دەستەواژەی (هان - Han)دا دەگونجێت، کە ئێستا تەنها بۆ ناوی چین بەکاردەهێنرێت.

پڕوپاگەندە فەرمییەکان، بێوچان، هەوڵی ئەوە دەدەن ئەو مانا فراوانە بدەن بە وشەی (چینگکوجین). شکۆی نەتەوەیی میللەتی

هان، کە (٩٠%)ی دانیشتوانی وڵاتەکە پێک دەهێنن، ئەم کێشـەیەی نیـیە، بـێ گومـان، لەبەر ئەوەی (هـان جـین - Han Jen) و جونگکوجین هەر هەمان مانا دەبەخشن، هەموو بە چینی دەدوێن.

مەنگۆلەکانی کۆماری میللی مەنگۆلیا، بە چینی پێیان دەوترێت (مینگکو جـین - Mengku Jen) بەڵام مەنگۆلەکـانی مەنگۆلیـای نـاوەوە، ڕێگەیانپێدراوە تەنها نـاوی (مینگکو تسو - Mengku Tsu) لە خۆیان بنێن، چونکە وشـەی (تسـو)، لە زمـانی ڕۆژانەدا، تەنها بۆ (نەتەوە) بەکارنایەت، بەڵکوو بۆ (خێڵ - Tribe)و (گەل - People)یش بەکاردێت.

بێ گومـان ئەم فێڵە زمـانەوانییە هەر لە سـەرەتاوە مەغزایەکی سیاسـی هەڵـگرتوە، ئەگەرچـی بەشـێوەیەکی فەرمیـی ڕەنـگە وا دەربکەوێت کە ئەم جیاوازییە زمـانەوانییە تەنها بۆ گونجاندنە. لە ڕاسـتیدا ماوییەکـان، لەمیـانەی هەوڵەکانیانـدا بـۆ بەچینیکردنـی (Sinicize) هەمـوو (خـێڵە) جیاوازەکـان، هەر بەردەوامبـوون لەو سیاسـەتی تواندنەوە و نەهێشـتنەدا، کە کومینتانگ (Kuomintang) (*)گرتبوویەبەر.

---------------

(*) کومینتانگ (Kuomintang): ئەو پارتە سیاسییە کە لە سـاڵی (١٩١١)دا کۆمـاری چین دایمەزراند.

بە گشتی، نـزیکەی (٤٣) ملیۆن کەسـی (نـا - هـان)ی لە چینـدا دەژین. لەگەڵ ئەوەشـدا، ئەگەر پڕوپاگەندەکانی پەکین بخـوێنیتەوە، کە تەنهـا بـۆ چاوبەسـتی مـیللەتەکەی دانـراون، وا تێـدەگەیت کە گرفتی گەورەی بەردەم چارەسەری کێشەی نەتەوەیی لەم وڵاتەدا، ناسیۆنالیزمە نـاوخۆییەکەیەتی. دەسـتەواژەی (شـۆڤێنیزمی هـانی - مەزن)، کە لە ڕابـردوودا لە ئەدەبیـاتی مارکسـیزمی چینیدا سـەری

هەڵــدابوو، لە بڵاوکراوەکانــدا بــوونی نەمــا، ئەگەر ســەریش هەڵبـداتەوە، تەنهـا بـۆ ئەوە دەبێـت جەخـت لەوە بکـاتەوە، کە ئەم دیـاردەیە لە چینـی ئەمـڕۆدا، بـوونی نەمـاوە، بـۆ (دەرخسـتنی) ئەو دوژمنانە بەکاردەهێنرێت، کە بانگەشەی ئەوە دەکەن کە تا ئێستاش بوونی ماوە.

بە هەمان شێوە، لە ڕابردووشدا، مارکسیێتی سەرنجی بۆ ئەو ڕاستییە ڕادەکێشا کە، بە پێچەوانەی یەکێتی سۆڤیەتەوە، کە تێیدا پرسی نەتەوەیی، لە سەر بنەمای یەکسانی تەواو، لە نێوان هەموو ئەنـدامانی ئەو مـیللەتەی کە لەو وڵاتەدا دەژیـن، چارەسـەری بـۆ کـراوە، هەروەهــا لە ســەر بنەمــای داننــان بە مافەکانیانــدا، لە ســـەربەخۆیی تەواو، تـــا ڕادەی جیـــابوونەوەش. لە چـــین، دروسـتکردنی یەکێتییەکـی نەتەوەیـی ئۆتۆنـۆمی هەمەچەشـنە، بە شتێک، یان هەنگاوێکی، لاوەکی دادەنرێت.

هەرێمە ئۆتۆنۆمییەکان بوون بە گەورەترین یەکەی نەتەوەیی، (لە حــاڵی حــازردا، پێــنج هەرێمــی لەو شــێوەیە، لە ئــارادا هەیە)، نەتەوەکانی دیکە تەنها مافی (ناوچەیی)یان هەیە، کە بە چینی پێی دەوترێــت چــو (Chou)، لەگەڵ دەڤەر (Country)، کە بە چینــی پێیدەوترێت هسین (Hsien). لەوەش زیـاتر، دیـاریکردنی هەرێـمو ناوچەکـــان، تەنهـــا لەبەر ئەوە ئەنجامـــدراون، تـــا کەمـــایەتییە نەتەوەییەکـان لێکجیـا بکـاتەوە، کـاریگەریی سیاسـی و ئـابووریی ناوچەکانیان دیاری بکرێت. بۆ نموونە، هەندێک لە مەنگۆلەکان، بە شێوەیەکی سـەرەکی ئەوانەی کە لە هەرێمـی ئۆتۆنـۆمی مەنگۆلیـای نــاوەوەدا دەژیــن، لە دوو شــوێنی ئۆتۆنــۆمی بچــووکی وەهــادا (نیشتەجێکراون) کە هیچ پێوەندییەکی بە هەرێمەکەی ئەوانەوە نییە. تبتێکــان ژمــارەیەک نــاوچەی ئۆتۆنۆمییــان هەیە، لە نزیــک ئەو

ناوچەیەوە کە هاوسنووری هەرێمە ئۆتۆنۆمییەکەی تبتە.

زۆربەی زۆری پۆستە کارگێڕییەکان، پلە حیزبیەکان، لە ناوچە نەتەوەییەکاندا، بە دەست هانەکانەوەیە. نووسراوە فەرمییەکانیش تەنها بە زمانی چینی دەکرێت. لە قوتابخانەکانیشدا، زمانی نەتەوەکە، تەنها لە ساڵەکانی سەرەتای خوێندندا بەکاردەهێنرێت. تەنانەت ئەو زانکۆیەی کە بانگەشەیەکی زۆری بۆ دەکرا، (زانکۆی کەمینە نەتەوەییەکان – University of National Minorities)، کە لە پەکین دامەزرێنرا، کادری نەتەوە دواکەوتوەکانی دیکەی پێ نەدەگەیاند، تا لە ڕووی ڕۆشنبیرییەوە خەڵکی هۆشیاربکەنەوە، وەک نێردراوێکی پەکین بۆ بەچینیکردنی کەلتووری نەتەوەکان، بانگەشەکاری سیاسەتە شۆڤێنیزمییەکانی هانی مەزن، لە ناوچە دوورەدەستەکاندا.

دژایەتیکردنی نەریتی نەتەوەکان، بە بیانووی بەرەنگاربوونەوەی (کەلتووری فیودالی)، هەر بەردەوام بوو، بەڵام لە (١٩٦٤)ەوە، ڕۆژنامەی هانگ چی (Hang Chi) زیاد لە جارێک باسی لەوە کردوە، کە ئامانجی سەرەکی سیاسەتی نیشتمانیی چین "نەهێشتن و تواندنەوەی تەواوی ماهییەت و خاسییەتی نەتەوەکانە". واتا، ماویەکان لەم بوارەشدا بە ئاشکرا بەربەرەکانی مارکسیزم – لینینیزم دەکەن، چونکە ڕایانگەیاندوە کە ئامانجی ئەوان تواندنەوەی میللەتە (نا – هان)ییەکانە.

## دۆکیۆمێنتی (٤٩)

## جین–مین جیی - پاو (Jen–Min Jih–Pao)
## وەڵامی نوسینەکەی ئیزڤیستیا دەداتەوە، سەبارەت بە سیاسەتی نەتەوەیی چین

(هەڵبژاردەیەک لە نوسینێکی جین - مین جی - پاو، لە ١٢ی جولاّی ١٩٦٧دا، NCNA - ئینگلیزی، پەکین ١٢ی جولاّی ١٩٦٧، لە ڕووماڵکردنی چاپەمەنییە سەرەکییەکانی چیندا survey of the China Mainland Press، ژمارە ٣٩٨٠، ١٤ی جولاّی ١٩٦٧دا).

ئیمپریالیستەکان لە یەکگرتنی نەتەوەکانی ناو چین زەندەقیانچوە، بە هەمان شێوە کۆنەپەرستەکانیش. ئەم یەکگرتنە مەزنە، ئەم سەرکەوتنە مەزنەی خەڵکی هەموو نەتەوەکانی ناو چین، هێندە تۆقاندوونی، کە خەڵکە گومڕاکانی وەک بریجنێڤ و

کۆسیگین والیێکات، تیری ژەهراوی بەدوای یەکدا بهاوێژن، وەک هەوڵێکی بێهودە بۆ نانەوەی تۆوی دووبەرەکی لە نێو خەڵکی نەتەوە جیاوازەکانی ناو چیندا، بەم شێوەیەش کەلێنێک بخەنە نێوانیانەوە و یەکێتییەکەیان تێک بدەن.

ڕۆژنامەی ئیزڤیستیای گومڕاکانی سۆڤیەت، بەم دواییانە نوسینێکی بڵاو کردوەتەوە، کە زۆر قین لە دڵانە، سیاسەتی نەتەوەیی پارتی کۆمۆنیستی چینی لەکەداردەکات، بە "درێژکراوەی سیاسەتی تواندنەوەی کومینتانگ" لە قەڵەمی دەدات، کە "شۆڤێنیزمی نەتەوەیی هانی مەزن" پیادەی دەکرد،. ..هتد. هەموو ئەم ڕاوبۆچوونانە بێمانا و پڕوپووچن.

ئەم تاقمە گومڕایەی سۆڤیەت، دەیانەوێت کێشە نەتەوەییەکانی چین بکەن بەو چڵەپووشەی کە دەیانەوێت دەستی پێوەبگرن، تا نقوم نەبن، بەڵام ئەو ڕاستییەی کە هەموو نەتەوەکانی ناو چین، لە یەکگرتنێکی تەواوی (بێخەوشدان)، خەونە حوشترییەکانی ئەم گومڕایانەی سۆڤیەت، وردووخاش دەکات.

ئێمە هەموو سەرۆک و گەورەی وڵاتەکەین، کەمینە نەتەوەکانی ناو یەکێتی سۆڤیەتی ئەمڕۆ، هیچ مافێکی دیموکراسیانەی ئاساییان نییە، وەک ئەوەی کە لای ئێمە هەیە. ئەو خەڵکە زۆرەی ئەم وڵاتە، بە هیچ شێوەیەک مافی یەکسانیان نییە. لە یەکێتی سۆڤیەتی ئەمڕۆدا، خەڵکی ناتوانن بیروڕای خۆیان بە ئاشکرا دەربڕن، یاخود هەر کەسێک گومانی ئەوەی لێ بکرێت، کە بۆنی ناڕەزایی لە قسەکانی دێت، سەبارەت بە سەرکردایەتییە گومڕاکەی یەکێتی سۆڤیەت، دەخرێتە زیندان، یان شێتخانەوە.

واقیع سەلماندوویەتی کە ئەوتاقمە سەرلێشێواوەی سەرانی سۆڤیەت، نەک هەر تەنها پێچەوانەی سیاسەتەکانی لینینن، لە

یەکسـانی، سـەربەخۆیی، باڵادەسـتی، هەسـتی برایەتـی لە نێـوان هەموو میللەتاندا، بەڵکوو سیاسـەتێکی فاشیستی دیکتاتۆرییانەیان گرتوەتەبەر، لە سەرانسەری وڵاتدا.

## دۆکیۆمێنتی (٥٠)

## ڕاپۆرتەهەواڵەکانی سیمۆنۆڤ، سەبارەت بە پێکدادانە سنووریەکان

(چەند بژاردەیەک لە ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەنووسی کۆنستانتین سـیمۆنۆڤ (Konstantin Simonov)، پراڤـدا، ١٩ی جـوڵای ١٩٦٧، وەرگێـڕدراوە لە CDSPدا، بەشـی XIX، ژمـارە ٢٩، ٩ی ئۆگەسـتی ١٩٦٧).

لە یـانەی پاسـەوانانی سـنوور، لە سـەر دیوارێـک، وێـنەی باشترین پاسـەوانەکانی سنوور هەڵواسراوە. هەندێکیان نیشانەی ئازایەتیشیان وەرگرتوە، لە سـەر ئەو ئازایەتیو جەربەزەییەی کە بەم دواییـانە نوانـدیان، لە بەرگریکـردن لە خـاکو سـنوورەکانی وڵات، لەم ناوچەیەدا. خۆی لە ڕاستیدا، پێکدادانێکی سەربازی وەها

گەورە ڕووینەدا، بەڵام ئەمانە، بەڕاستی ئازایەتییەک و ورەیەکی پۆلاییینیان نواند. بە مەدالیای سنگیان، بە جەسارەتی ڕووخساریان، ئەم لاوە تەمەن بیست ساڵیانە ئاستێکی زۆر بەرزو بێوێنەیان نواند، لە هەستکردن بە بەرپرسیارێتی، لە هەموو هەنگاوێک و کردەوەیەکیاندا، کە لەو بارودۆخە ناهەموار و تەواو دژوارەدا پێی هەستاون.

چاندنی ئەو هەست بە بەرپرسیارێتیکردنە دەوڵەتییە، لە ناو خەڵکدا، یاخود ڕاستتر، ئەو هەستکردنە کەسییە، بە کارێک، کە گرینگیی دەوڵەتی هەیە، لە زۆر دەمێکەوە بوە بە شتێکی چەسپاو و باو، لە ناو یەکە سنوورییەکانماندا. با بیربکەینەوە، بزانین چەند کێشە هەبوە خۆمان لێ لاداوە، چەند شەڕەنگێزی، هەر لێرە، لەم خۆرهەڵاتی دووردا، کۆتاییان پێهێنراوە، بە هۆی ئەم هەستکردن بە بەرپرسیارێتییە دەوڵەتییەوە، کە لە ناخی خەڵکەکەدا چێنراوە، فێربوون چۆن ئارام بن، حەماس نەیانگرێت، هەڵەشەنەبن، کە فێربن چۆن هێزی کەسێکی دی هەڵبسەنگێنن، بێئەوەی پەنا بەرنە بەر چەک، هەموو ئەمانە پێکەوە، ئەو هونەرە دژوارەی کاری سنوورپارێزی پێکدەهێنن. بەم دواییانەش، ئەم هونەرە، بۆ جارێکی دیکەش، لەم ناوەدا تاقیکرایەوە و نوێنرا. شایەتحاڵو بەشداربوانی ڕووداوەکەی ئەم دواییانەی ئەم ناوچە سنوورییە، دەگێڕنەوە ئەمە چۆن ڕووی دا، چۆن بۆ چەند ڕۆژێک، بە سوودوەرگرتن لەو بارودۆخەی کە هێشتا زوقمی سەر ئوسوری نەتواوەتەوە، زۆر بێشەرمانە سنوورەکانیان بەزاند، بە کۆمەڵ بەدەم هاتوهاوارەوە، ڕوویان کردە کەنارەکانمان، بە خۆیانو ئۆتۆمبیلە سەربازییەکانیانەوە، خۆیانکرد بە ناو ڕیزی ئەو پاسەوانە سنوورییانەدا، کە لە ڕێیاندا وەستابوون.

من پرسیم، ژمارەیان چەند دەبوو، وتیان چەند سەد کەسێک دەبوون، نزیکەی هەزار کەس دەبوون.

هیچ شتێک ناتوانێت خۆی بکات بەم سنوورەدا، هیچ کەسیش ناتوانێت ئەم سنوورە، لەم خۆرهەڵاتی دووردا، ببەزێنێت. زامنی ئەوەش، ئەم دابونەریتە کۆنەی ئێرەیە، لە یەکگرتوویی‌و توندی نواندن لەو پرسانەدا، کە کەس ئامادەنییە دەستبەرداریان بێت. ئەم (سەمای جادووگەرانە)، دژە - سۆڤیەتییەش، کە لە چینی هاوسێوە دەکرێت، لێرە، لە خۆرهەڵاتی دوور، زۆر هێمنانە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت. خەڵکی ئێرە دەمێکە ڕاهاتوون لە سەر ئەو شتەی، کە پێی دەوترێت (گرژیی سەر سنوورەکان)، لێرە ئەمە ئاساییە.

# دۆکیۆمێنتی (٥١)

## سەروتاری (NCNA) سەبارەت بە دامەزراندنی کۆمیتەی شۆڕشگێڕانی مەنگۆلیای ناوەوە

(کورتەیەک لە سەروتارەکەی NCNA، هو هی هۆت ( Hu He Hot)، 2ی نۆڤەمبەر ١٩٦٧، لە SCMP، ژمارە ٤٠٥٥، لە ٦ی نۆڤەمبەری ١٩٦٧دا).

لە (١)ی نۆڤەمبەردا، لەو بارودۆخە گونجاو و لەبارە ناوازەیەدا، کە ئێستا لە سایەی شۆڕشە ڕۆشنبیرییە پرۆلیتارییە مەزنەکەدا فەراهەم بووە، کۆمیتەی شۆڕشگێڕان لە هەرێمی ئۆتۆنۆمی مەنگۆلیای ناوەوە بە فەرمی دامەزرێنرا.

بەلای هەموو نەتەوەکانی چینەوە، ئەمە بۆنەیەکی زۆر خۆش بوو. مشتەکۆڵەیەکی توندی دیکەش بوو، بۆ ئەو تاقمە کەمەی

سـەرانی حیـزب، کە لە دەسـەڵاتدان، ڕێـگەی سـەرمایەدارییان گرتوەتەبەر، بە سەرۆکایەتی خروشچۆڤی چین (Chinas Khrushchov). هەروەک چـۆن مشـتەکۆڵەیەکی تونـدیش بـوو، بـۆ ئیمپریـالیزمی ئەمریکـی، کۆنەپەرسـتە نوێیەکـانی سـۆڤیەت و مەنگۆلیـا، هەمـوو کۆنەپەرستەکانی دیکە.

دامەزرانـدنی کـۆمیتەی شۆڕشـگێڕانی هەرێمـی مەنگۆلیـای ناوەوە، ڕووخاندنی تەواوی بەکرێگیراوەکانی خروشۆڤی چینی لە مەنگۆلیـای نـاوەوە ڕاگەیاند. ئەمە ڕاگەیانـدنی مـایەپوچیی تەواوی پیلانە دوژمنکارییە، دژە-شۆڕشە، کۆنەپەرستییەکانی ئەو تـاقمەیە، کە دەیانەوێـت نەتەوەکەمـان کەرت بـکەن، بەو مەبەسـەتەی، کە سـەرمایەداری بگێـڕنەوە بـۆ مەنگۆلیـای نـاوەوە، یەکێتـی خـاکو وڵاتمان بشێوێنن.

ئەو مشـــتە کۆنەپەرســـتە، دژە - شۆڕشـــە، دووبەرەکـــی دروسـتکەرە، کۆمەڵێـک بـوون لە نـوێنەرانی شـازادە فیودالەکـان، دەرەبەگەکان، خاوەن زەویوزارە زۆرەکان، بۆرژواکـان، کە دزەیـان کردبـوە نـاو حیـزبەوە. ئەمـانە "ئـاڵای سـووریان هەڵکردبـوو، بـۆ دژایەتیکردنی ئاڵای سـوور". ئەمـانە زۆر بەتوندی دژایەتی حیزب، سۆسیالیزم و بیروباوەڕەکانی ماو تسی تۆنگییان دەکرد. ئەوان بە بیـانوی ئەوەی کە گـوایە "پرسـی نەتەوەیی لە پێشـەوە دێـت"، بـۆ تێکدان و شێواندنی ئەو بەپیرەوەچـوونە جەمـاوەرییەی، کە لە نـاو خەڵـک و میللەتـانی هەمـوو دونیـادا هەبـوو، بـۆ لێکـۆڵینەوە و پەیڕەویکردنی کارەکانی سەرۆک ماو.

هەوڵێکـی زۆریانـدا بـۆ بەرگریکـردن لە "هاریکـاری نێـوان چینەکان"، تیۆریی "نەمانی کێشەی چینایەتی"، بۆ دژایەتیکردنی وتە مەزنەکانی سەرۆک ماو، سەبارەت بە چینەکانو کێشەی چینایەتی،

بـــۆ دژایەتیکردنـــی شۆڕشـــی سۆسیالیســـتیو دیکتـــاتۆرییەتی پرۆلیتاریـا. ئەوان بە ئەنقەسـت سیاسـەتەکانی سـەرۆک ماویـان شێواندوە سەبارەت بە ئۆتۆنۆمی نەتەوەیی. بەناوی ئەو شتەشەوە کە پێیـــدەڵێن "بە نەتەوەییکردنـــی ڕێکخـــراوە حکومییەکـــان"، "بە نەتەوەییکردنی کادرەکان"، هەر چی کۆنەپەرست، نەتەوەپەرست و خەڵکـــانی دژە - شـــۆڕش هەیە، هێنایـــاننە پێشـــەوە، جـــێگە ســـەرەکییەکانیان دانـــێ، تـــا لەوێـــوە هەوڵـــی گـــۆڕینی سروشـــتی ئۆتۆنۆمی نەتەوەیی دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریا بدەن.

ئەمانە کەوتنە بڵاوکردنەوەی ژەهری فیودالیزم، سەرمایەداری، کۆنەپەرســـتی، بانگەشـــەی جیـــاوازیی نەتەوەیـــی، لە پێنـــاو دروســـتکردنی ڕایەکـــی جەمـــاوەری، کە لە بەرژەوەنـــدی پـــیلانە نەگریسەکەیاندا بێت، بۆ گێڕانەوەی سەرمایەداری، تێکدانی یەکێتی خاکی نیشتمان.

بەڵام لە شۆڕشـێکی ڕۆشـنبیریی پرۆلیتـاریی بـێ وێـنەدا، کە سـەرۆک مـاو هەڵیگیرسـاندوە و ڕابەرایەتـی دەکـات، شۆڕشـگێڕە پرۆلیتارەکـــانی مەنگۆلیـــای نـــاوەوە، گیـــانێکی شۆڕشـــگێڕانەی دلێرانەیان نیشاندا، هێرشـێکی فراوانیان کردە سـەر پیاوە ئەڵقە لە گوێکانی خروشۆڤی چین.

# دۆکیۆمێنتی (٥٢)

## راپۆرتی سنوورەکانی خۆرهەڵاتی دوور

(کورتەیەک لەنوسینێکی یوری ئەپێنچینکۆ (Yuri Apenchenko)، یوری مۆکییێڤ (Yuri Mokeyev)، لە پراڤدادا، ١٢ی مارتی ١٩٦٧، لە CDSP، بەرگی ٢١، ژمارە ١١، ٢ی ئەپریلی ١٩٦٩).

کابرایەکی ماسیگر هات، دارێکی چەقاند بە زەویەکەدا، وێنەیەکی ماوی بە سەرەوە بوو، ئینجا دەستی کرد بە هەڵکەندنی چاڵێک لە بەفرەکەدا. ئێمە چووین بۆ لای و تێمانگەیاند کە قەدەغەیە سنوور ببەزێنێت، بێتە ئەمدیوەوە. ئینجا لەگەڵ خۆماندا هێنامانو کردمانەوە بەودیو سنوورەکەدا. بۆ بەیانی، (٢٠) لەو ماسیگرانە پێکەوە هاتن، سیانیان بە تورەییەوە، هەر یەکەشیان نامیلکەیەکی دووعای پێبوو بە هێواشی ڕایاندەوەشاند، بەڵکوو

ڕاوێکـــی باشـــیان چنـــگ بکەوێـــت. ئەمـــانیش، بە هەمـــان شـــێوە بردمـــاننەوە ســـەر ســـنوور، کردمـــاننەوە بەودیـــو ســـنوورەکەدا. ئەمجارەیـان (٥٠٠) دانە هـاتن بـۆ سـەر سـنوورەکە، ڕێپێوانێکیـان سـاز کـرد، بە تەپڵ لێدانەوە هـاتن، هەمـوو لە لـۆری بـارکرابوون، ڕوویـان کـردە کەنارەکـانی سـۆڤیەت. هاوڕێکانمـان هەمـوو دەسـتی یەکیـان گـرت، بەڕیـز، وەک زنجیـر ڕاوەسـتان، لۆریەکـان ڕوویـان تێکردن، پێیان پیانا، بۆ ئەوەی بیانترسێنن، بەڵام ئەمـان لە شـوێنی خۆیـان نەجـووڵان، ناچـار ئەوانـیش ڕۆیشـتنەوە. ئەم جارەیـان بە لافیتەوە هاتنەوە: کە نووسراوێک بوو، کردبوویان بە سـەر دارێکی درێـژەوە، سـەری ئەو دارانەش بـۆڕی ئاسـنی پێوەکرابـوو. هەر قەیناکە، ئەم جارەش دوورمانخستنەوە. سەرباز لاڤرۆڤ نێردرا بۆ خەستەخانە...

# دۆکیۆمێنتی (٥٣)

## وەزیری دەرەوە، چێن یی (Chen Yi)، یەکێتی سۆڤیەت تاوانبار دەکات

(ڕاپۆرتێک سەبارەت بە چاوپێکەوتنێک لەگەڵ (چێن یی)ی وەزیری دەرەوە، ئاژانسی دەنگوباسی دانیمارکی، ٢٤ی مەی، ١٩٦٦، لە گیتینگز (Gittings)، ل١٦٠).

مارشاڵ چێن یی، لە وتەیەکیدا بۆ کۆمەڵێک ڕۆژنامەنووسی ئەسکەندەناڤی، یەکێتی سۆڤیەتی بەوە تاوانبارکرد کە تا ئێستا، لە نێوان مانگی جولای (١٩٦٠)ەوە، تا کۆتایی (١٩٦٧)، زیاتر لە (٥٠٠٠) ڕووداوی سنووریی ناوەتەوە، چەندین "کاری توندوتیژیی و تێکدەرانەی" لە ناو سنوورەکانی چیندا ئەنجامداوە. هەروەها دەڵێت: "ئەمانە بەردەوام هێزەکانی سەر سنووری سینۆ -

سۆڤیەتی بەکاردەهێنن، بۆ ئەنجامدانی مانۆری سەربازی لە سەر سنوورەکان، کە تێیدا (چین) وەک دوژمنە (چاوەڕوانکراوەکەیان) وێنادەکەن. هەروەها وتی، کە جگە لەو زیاتر لە (١.٥) ملیۆن کیلۆمەتر چوارگۆشەیەی خاکی چین، کە ڕووسیای تزاری، لە ڕێگەی "ڕێککەوتننامە نابەرابەرەکانەوە" زەوتیکردبوون، ئێستا یەکێتی سۆڤیەتیش، وەک "پێشێلکارییەک بۆ ئەو ڕێککەوتننامانە"، چەندین ناوچەی دیکەی داگیر کردوە.

## دۆکیۆمێنتی (٥٤)

## پۆدگۆڕنی (Podgorny) سەبارەت بە خەبەرۆڤیسک

(کورتەیەک لە وتەکەی سەرۆک پۆدگۆڕنی لە خەبەرۆڤیسک، .UPI، 2ی جون، ١٩٦٦).

خەبەرۆڤیسک شارێکی سنوورییە، بەشێوەیەکی پتەویش لە لایەن هێزەکانی سوپای ناوچەی خۆرهەلاتی دوورەوە، کەشتیگەلی جەنگی دەریای ئارام، پاسەوانە سنوورییە جەربەزەکانمانەوە، بەرگری لێکراوە. ئەم ناوچەیە، کە باب و باپیرانمان پەرەیانپێداوە، بە خوێن و ئارەقی گەلەکەمان ئاودراوە.

# دۆکیۆمێنتی (٥٥)

## وتەکەی توان لۆ - فو (Tuan Lo – Fu)

(کـورتەیەک لە وتەیەکـی بریکـاری وەزیـری فێرکردنـی چـین، توان لۆ - فو، لەو ڕێپێوانەدا کە سازکرابوو بۆ پێشـوازیکردن لەو قوتابیانەی کە لە مـانگی نۆڤەمبەری (١٩٦٦)دا، لە یەکێتـی سـۆڤیەت دەرکـران، لۆمۆنـد، (٨ی نـۆڤەمبەری ١٩٦٦، لە بێـرتن (Berton)، ل١٣٧).

سەرۆک مـاو وەهـای فێرکـردووین، کە تـا دوا دڵۆپی خوێنمـان لەگەڵ دوژمنـدا بجەنگـین، سـوورربوونمان لە سـەر سـەندنەوەی ناوچە زەوتکراوەکانمان، بە هەوڵو کۆششی خۆمان دەبێت.

# دۆکیۆمێنتی (٥٦)

## وتویێژەکانی (چێن یی) لەگەڵ سەرکردەی لیبراڵ - دیموکراتەکانی یاباندا

(کورتەیەک لە ڕاپۆرتێک سەبارەت بە وتووێژەکانی وەزیری دەرەوە (چێن یی –Chen Yi )، لەگەڵ سەرکردەی (محافزەکاری) لیبراڵ – دیموکراتەکانی یابان، ئوتسونۆمیا (Utsunomiya)، لە ١٧ی جەنیوەری ١٩٦٥دا، سەرچاوە، کرۆچنین (Kruchinin)و ئۆلگین (Olgin)، ل.٣٨).

چێن یی، یەکێتی سۆڤیەتی بە (دز) ناوزەد کرد، کە یەک ملیۆنو نیو کیلۆمەتر چوارگۆشەی لە خاکی چین زەوت کردوە، بە شێوەیەکی نایاسایش دەستیگرتوە بە سەر چەندین ناوچەی دیکەدا و ددانیان پێدانانێت. پاشان دەڵێت: "ئەگەرچی چین داوای

گەڕانەوەی ئەو زەوییانە ناکات، بەڵام ئەم داگیرکردنانەش بە ناڕەواو بێپاساو دەزانین".

# دۆکیۆمێنتی (٥٧)

## وتەیەکی سەیفەدین لە سنکیانگ

(کورتەیەک لە وتەیەکی سەیفەدین، بە بۆنەی یادی دە ساڵەی دامەزراندنی هەرێمی سینکیانگ - ویغوری ئۆتۆنۆمی، لە پیپڵز دەیلیدا (Peoples Daily)، ژمارەی ٣٠ی سێپتەمبەری ١٩٦٥).

کۆنەپەرستەکانی خروشۆڤ، بۆ دوبەرەکی خستنە نێوان خێزانە فرەنەتەوە یەکگرتووەکەی وڵاتەکەمان و لە بەریەک هەڵوەشاندنەوەی، خەریکی بڵاوکردنەوەی قسەیەکی زۆر بێمانان، گوایە سینکیانگ کۆلۆنیالێکی چینە، سیاسەتی فرتوفێڵ، هەڵخەڵەتاندن و جیاکاری پەیڕەودەکرێت لە ناوچەکەدا... ئەم جۆرە قسانە. تەواوی ئەم کارانەی کۆنەپەرستەکانی خروشۆڤ، بۆ لە بەریەک هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی وڵاتەکەمان، جیاکردنەوەی

سـینکیانگه لە نیشـتمانە مەزنەکەمـان. ئەمـڕۆ، کۆنەپەرسـتەکانی خروشـۆڤ هەوڵـی ئەوە دەدەن هەمـان ئەو ڕێبـازە بگـرنەبەر، کە ئیمپریالیستەکان گرتوویانەتەبەر.

## دۆکیۆمێنتی (٥٨)

### وتارێکی جێگری سەرۆک وەزیران، وانگ ئون – ماو (Wang En – Mao)

(کـورتەیەک لە وتـارێکی وانـگ ئـون – مـاو، لە میـانەی سـەردانێکیدا بـۆ سـینکیانگ، لە دەیەمـین سـاڵیادی دامەزرانـدنی هەرێمـی ئۆتۆنـۆمی سـینکیانگ - ویغـوردا، NCNA، ئـورومچی (Urumchi)، 7ی ئۆکتۆبەر، ١٩٦٥).

تـاقمە سەرلێشـێواوەکەی خروشـۆڤ، هەرچییـان لە دەسـتهات کردیـان بـۆ جیـاکردنەوەی سـینکیانگ. لەو بارەیەشـەوە کۆمەڵێـک کـاری تاوانکـارانەی تێکـدەرانەی نهێنییـان ئەنجامـداوە. پێویسـتە بە تونـدی بەرەنگـاری دوژمنەکـانی دەرەوە و نـاوەوەش ببیـنەوە. سـینکیانگ کەوتـوەتە سـەر سـنوورەکانی نیشـتمان. لە لایەک

ڕووبەڕووی کاری تێکدەرانەی، دوژمنئاسای، ناوخۆ دەبێتەوە، لە لایەکی دیکەشەوە بەرەنگاری دەستدرێژی دوژمنەکانی دەرەوە دەبێتەوە. پێویستە ئەم شۆڕشە سۆسیالیستییە سەرخەین، زاڵبین بە سەر دوژمنەکانی ناوەوەدا، لە هەمانکاتیشدا پێویستە هێڵە بەرگرییەکانی سەر سنوورەکانیشمان بەهێز بکەین.

## دۆکیۆمێنتی (٥٩)

### وتارێکی لیۆنید ئیلیچێڤ (Leonid Ilichev)

(ڕاپۆرتێک لە سەر وتەکەی سکرتێری کۆمیتەی مەرکەزی CPSU، لە (کۆنفرانسی ڕۆشنبیران)، لە مانگی جونی ١٩٦٤دا. لە (کۆمیونیستەوە)، ژمارەی ئۆگەستی ١٩٦٤).

ئیلیچێڤ بەوە دەستیپێکرد کە وتی، چینی کۆمۆنیستی هەڵمەتێکی سیستماتیکی گرتوەتەبەر، بۆ دەستکاریکردنی مێژووی ناوچە سنوورییەکان. پاشان دەپرسێت، "بۆچی پەکین بەم دواییانە، وا سوورە لە سەر یەکێتی نەتەوەیی و نەژادیی میللەتانی مەنگۆلیا و مەنشوریا؟ بۆچی هەڵمەت، هێرشە خوێناوی و کاولکارییەکانی جەنگیزخان، ئێستا وا ڕێزی لێ دەگیرێت؟". (پاشان هەر خۆی وەڵام دەداتەوە)، هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕاستییەی کە

چینییەکان "لە ژێرەوە، بەنهێنی، ئامانجێکی درێژخایەنی ناوچەییان هەیە، چونکە چاویان لە سەر مەنگۆلیای دەرەوە، ناوچەکانی ڤلادیڤۆستۆکە".

## دۆکیۆمێنتی (٦٠)

## وتارێک لە ڕێد فلاگدا (Red Flag)

(کورتەی وتارێکی لیو چون (Liu Chun)، بە ناوی "پرسە نەتەوەییو کێشە چینایەتیکانی ئێستای وڵاتەکەمان". لە ڕێد فلاگی ژمارە ١٢ی ٣٠ جونی ١٩٦٤دا).

کۆنەپەرستە نوێیەکان، کێشەی زۆریان بۆ پێوەندییە نیشتمانییەکان دروست کردوە، خەریکی ئاژاوە نانەوەن "لە نێوان گروپەکانی" ناو وڵاتەکەماندا، زۆر لە خەڵک دەکەن، هانی ئەو کەمە نەتەوانە دەدەن، کە لە ناوچە سنوورییەکاندا دەژین، تا وڵات بە جێ بهێڵن.

## دۆکیۆمێنتی (٦١)

### چەوساندنەوەی ویغور و کازاخەکان لە چین

(کورتەی ڕاپۆرتێکی نیویۆرک تایمز، ١٤ی سێپتەمبەری ١٩٦٤).

لە مانگی جوندا، بە بۆنەی یادی سەد ساڵەی (بوون بە بەشێک لە ڕووسیا)، کۆماری قیرغیزی سۆڤیەتی خەڵاتی لینینی پێبەخشرا. لە سێپتەمبەردا، ڕژێمی سۆڤیەتی چینییەکانی تاوانبارکرد بەچالاکی دژە - سۆڤیەتی لە ناو (USSR)دا، کە پارەکەی بە بازرگانی ئەفیون دابین دەکرێت. چەوساندنەوەی بەردەوامی کەمایەتییە تورکەکان لە لایەن چینەوە، لە سینکیانگ، وای لە ڕۆژنامەی سۆتسیالیستیک کازاخستان (Sotsialistik Kazakhstan) کرد، کە ڕۆژنامەیەکە لە ئالما - ئاتا (Alma – Ata)، بە زمانی کازاخی

دەردەچێت، بڵێت، ئەم سیاسەتەی چین بەرامبەر ویغور و کازاخەکان، لە "شۆڤێنیزمێتی زلهێزەکان دەچێت".

لەوەش زیاتر، ڕۆژنامەکە داگیرکردنی سینکیانگی لە لایەن چینییەکانەوە، لە سەدەی هەژدەیەمدا، (بەزۆر خەڵک کردن بە کۆیلە)و (ملدان بۆ توندوتیژترین بیری کۆلۆنیالی نەتەوەیی) وەسفکرد. نیویۆرک تایمز دەڵێت، بەلای مارکسییەکانەوە، کە دەڵێن خەڵکانێک لە ژێر حوکمی (کۆلۆنیالی)دان، وەک ئەوە وایە بیانپاڵێون بۆ ئازادی نەتەوەیی.

# دۆکیۆمێنتی (٦٢)

## خۆپیشاندان لە سینکیانگ

(کورتەیەک لە گێڕانەوەکەی زونوم تایپۆڤ (Zunum Taipov)ی، کۆنە جەنەراڵی چینی، لە بارەی خۆپیشاندانەکانی کولدجا – سینکیانگ (Kuldja – Sinkiang)، دوای ئەوەی کە هەڵدێت بۆ یەکێتی سۆڤیەت، لە کازاخستانسکایا پراڤدا (Kazakhstanskaya Pravda)دا، ٢٩ی ئۆگەستی ١٩٦٣).

خۆپیشاندانەکە ئەو کاتە دەستی پێ کرد، کە ڕازینەبوون ڤیزای چوونەدەرەوە، بۆ یەکێتی سۆڤیەت، بۆ چل کەس بکرێت. کۆمەڵێک خەڵک، کە سێسەد کەسێک دەبوون، لە بەردەم بینای بارەگای حیزبدا کۆبوونەوە، لە پەنجەرەکانەوە بە ڕەشاش پێشوازییان لێکرا. لە دواشەوە، لە بنکەی فەرمانده‌یی سوپای ناوچەکەوە، کە

بەرامبەری بیناکەی حیزب بوو، تەقە لە خۆپیشاندەرەکان کرا. ئەو خەڵکە هەژار و ئاساییە، شوان و جووتیار، کەللەپاچە کران، هەموو نەفرەتیان لەو کەسانە دەکرد کە شێتی دەسەڵاتن. خەڵکەکە بڵاوەیان پێ کرا. بە دەیان لاشەی پیاو، ژن، پیر و منداڵ، وەک بەڵگەیەک لە سەر شکستی سیاسەتی نەتەوەکان، کە سەرانی چین پەیڕەوی دەکەن، لە بەردەم پەنجەرەکانی نووسینگەی کۆمیتەی حیزبدا کەوتبوون.

## دۆکیۆمێنتی (٦٣)

### لێدوانێکی چی یێن لانگ (Chi Yen Lang)

(کورتەیەک لە لێدوانێکی چی یێن لانگ، وتەبێژی چینی، لە پیشانگای نێودەوڵەتی چیکۆم (Chicom International Affairs)دا، لە هۆنگ کۆنگ، لە ٢٦ی ئەپریلی ١٩٦٣دا. ج. ن. پاترسن ( G. N. Patterson)، "سنوورە نائارامەکان، کێشەی گرژی سەر سنوورەکانی سینۆ – سۆڤیەتی"، گرووپی لێکۆڵینەوە جیهانێکان (International Studies Group)، هۆنگ کۆنگ، جونی ١٩٦٦، ل١٠٦).

ئەو ڕێککەوتننامانەی کە لە لایەن ڕووسیای تزارییەوە سەپێنران بە سەر چیندا، بوونە مایەی لە دەستدانی نیو ملیۆن میل چوارگۆشە لە خاکی چین، لە سینکیانگ و مەنشوریا.

## دۆکیۆمێنتی (٦٤)

## وتارێکی سۆتسیالیستیک کازاخستان (Sotsialistik Kazakhstan)

## سەبارەت بە دروستکردنی هێزەکانی سنوور

(کورتەیەک لە ڕاپۆرتێکی سۆتسیالیستیک کازاخستان، سەبارەت بە دروستکردنی (هێزە چەکدارییە میللییە خۆبەخشەکان، لە ناوچە سنووریەکاندا)، ٩ی ئەپریل، ١٩٦١، سەرچاوە، G. N. patterson، ل.٦-٧).

بە پێی ئەم ڕاپۆرتە، ئەم خۆبەخشانە بۆ ئەوە دروستکراون، کە هاوکاری کۆمیتەی ئاسایشی دەوڵەتیی سەر بە وەزارەتی کاروباری ناوخۆ (KGB)و پاسەوانەکانی سنوور بکەن، لە مامەڵەکردن و هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ سنووربەزاندنەکاندا.

وتارەکە دەڵێت، کە لە یەکەم کۆبوونەوەدا، خۆبەخشەکان باسیان لە "چەندین نموونە" کرد، سەبارەت بە "یارمەتیدانی ئازایانەی خەڵکی، بۆ پاسەوانەکانی سنوور، لە دەستگیرکردنی سنووربەزێنەکاندا".

## دۆکیۆمێنتی (٦٥)

## لێدوانی چینییەکان، سەبارەت بە سنوورەکانی سینۆ - سۆڤیەتی

(کورتەیەک لە لێدوانی چینییەکان، لە کۆتایی ١٩٥٩دا، سەبارەت بە سنوورەکانی سینۆ - سۆڤیەتی. نیڤیل ماکسوێڵ (Neville Maxwell)، "هەڕەشەیەک لە چینەوە"، کاروباری نێودەوڵەتی، لەندەن، vol. 47، ژمارە ١، جەنیوەری ١٩٧١، ل. ١٣٧).

سەبارەت بە پرسی سنوورەکان، چین بە هیچ شێوەیەک تەماحی لە یەک ئینج خاکی کەسدا نییە. چەندین جێگەی سنووری هەن، لە نێوان چین‌و وڵاتانی دراوسێیدا، کە هێشتا سنوورەکانیان دیارینەکراوە، بەڵام چین هیچ کات ئەوەی بە هەل نەزانیوە، ئەو پرسەی نەقۆستوەتەوە بۆ گۆڕینی دۆخی ئێستای سنوورەکان، بە

شـێوەیەکی یەکلایەنـانە. سـنوورەکان، دیـاریکرابن یـان نـا، چـین بەردەوام ئامادەیە لە نزیکەوە هاریکاری دراوسێکانی بکات. .. بۆ ئەوەی هـیچ گومانێـک بەرامـبەر یەکتـری نەمێنێـت، یـاخود هـیچ پێکدادانێک ڕوونەدات لە سەر پرسی سنوور.

## دۆکیۆمێنتی (٦٦)

### وتەکەی چو ئین - لای، لە کۆنگرەی باندۆنگ (Bandung Conference)دا

(کورتەیەک لە وتەیەکی سـەرۆک وەزیـران چـو ئـین - لای، لە کۆنفرانسـی بانـدۆنگی سـاڵی ١٩٥٥دا. سـەرچاوە، نیڤیـل ماکسـوێڵ (Neville Maxwell)، ل.٣٦).

... هەنـدێک وڵاتـی دراوسـێمان هەیە، تـا ئێسـتا سـنوورەکانی نێوانمان دیارینەکراوە، ئێمە ئامادەین ئەو کارە بکەیـن.،. بەڵام پێش ئەوە، ئێمە پێمان باشە ئەو بەشە سنووریانە دیاری بکەیـن کە هـی خۆمـــانە، هێشـــتا دیـــارینەکراون. ئـــێمە ئامـــادەین کە ڕێـــگە لە حکـوومەتو گەلـی خۆمـان بگـرین، کە تەنهـا یەک هەنگـاویش، لەو سنوورانە نەچـنە ئەودیـوەوە. .. بـۆ دیـاریکردنی ئەو سـنوورانەش

لەگەڵ دراوسێکانماندا، ئێمە تەنها ڕێگەی ئاشتیانە دەگرینەبەر، هیچ جۆرە شێوازێکی دیکەش ڕێگە پێنادەین.

## دۆکیۆمێنتی (٦٧)

(کورتەیەک لە "هیستیریای جەنگ لە چین"، لە نووسینی ڤ. شێلێپین (V. Shelepin)، نیویۆرک تایمز، ژمارە ٣، ٢٠ی جەنیوەری ١٩٧٠، ل. ١٤).

... پڕوپاگەندەیەکی جەنگیی بەهێز، هاوکات لەگەڵ بە سەربازکردنی ژیانی خەڵکی، بەرهەم بەگشتی. .. مێشکشۆردنەوەی خەڵک، هاندانو چڕکردنەوەی ئامادەکارییەکان بۆ جەنگ، ماوییەکان خەریکی پاکسازی و ڕێکخستنەوەی (کۆمیتەکانی شۆڕش)ن. .. پرسەکە لێرەدا (ئەگەری جەنگ) نییە، کە جاران (بەکاردەهێنرا)، بەڵکوو سەرکردە چینییەکان بە ئەنقەست خەریکی جۆشدانی هیستیریای جەنگن، بۆ چەواشەکردنی خەڵکی، بە لاڕێدابردنی ئەو تورەییو نارازیبوونە گەورە و فراوانەی خەڵک،

که چەندین ساڵە پەنگدەخواتەوە لە وڵاتەکەدا.

ڕەنگە ئەم کارانە بچنە خانەی کاروباری ناوخۆی چینەوە، ئەگەر ئەو تەیارکردنە، ئامادەکارییەکی فراوانی لەگەڵدا نەبوایە بۆ جەنگ و خۆ پڕچەککردن.

ڕای گشتی جیهان بە نیگەرانییەوە چاودێری ئەم بەرەو پێشچوونانەی ناو چین دەکات، ئەم هیستیریای جەنگەی ئەویش، بارودۆخی نێودەوڵەتی ئاڵۆزدەکات، بە گشتی وا هەستدەکرێت، کە ڕەنگە کارەساتێک بخوڵقێنێت، بە تایبەتیش بۆ گەلی چینی بەدبەخت، خۆیان.

# دۆکیۆمێنتی (٦٨)

## پەتای عەسکەرتاریەت لە پەکین

(کورتەیەک لە وتاری "پێشخواردنەوەی عەسکەرتاریەت لە پەکین"، لە نووسینی ڤ. ئەندرییێڤ (V. Andreyev)، لە ڕێد ستاردا (Red Star) 21ی جەنیوەری ١٩٧٠، لە CDSP، 22 .vol، ژمارە ١٠، ٧ی ئەپرەڵ، ١٩٧٠، لا١٣ – ١٤).

پڕوپاگەندە نارەواکان سەبارەت بەهەڕەشەی "دەستدرێژییەکی سۆڤیەتی"، کە بەردەوام دەدرێت بە گوێی چینی کرێکاری چیندا. وایکردوە کە ئێستا چینییەکان لەو "هەڕەشەیە بترسن، کە لە باکووریانەوەیە"، هەر وەک چۆن لە ساڵەکانی (١٩٥٨–١٩٦٤)دا، لە دێوەزمەی دەستدرێژییەکی چیانگ کای – شێک (Chiang Kai – Shek) لە خۆرهەڵاتەوە، لە ساڵەکانی (١٩٦٢و ١٩٦٥)دا، لە گێرەشێوێنی (کۆنەپەرستەکانی هند) لە خۆرئاواوە، لە (١٩٦٥–١٩٦٦)دا، لە

هێرشەکانی ئەمریکا لە باشوورەوە، تۆقیبوون. ..

ڕەنگە بوترێت ئەمانە هەمووی بۆ هەڵخەڵەتاندنی ناوخۆیە، بەڵام لایەنی ستراتیجی دەرەکی، لە ئامادەکاری بەرفراوانی سەربازی، دەبێت بەتوندی جەختی لە سەر بکرێتەوە. خۆی ماویزم، وەک ئایدیۆلۆجیایەک، لە گۆڕەپانی نێودەوڵەتیدا چوەتە ڕیزی هێزە کۆنەپەرستە گەورەکان، شوێنکەوتوەکانی ئیمپریالیزمەوە. ئامانجی گشتی سیاسەتەکانی ئێستای سەرانی پەکین، دروستکردنی بنکەیەکە بۆ هەوڵدان بۆ باڵادەستییەکی جیهانی، گرتنەبەری ڕێبازی فراوانخوازی، سەرکەشی لە بەرامبەر دراوسێکانی چیندا، لە کۆتاییشدا ئەرکە مێژووییەکەی بێنێتە دی، لە "گۆڕینی جیهان، لەڕێگەی بیروبۆچوونەکانی ماو تسی تۆنگ"ەوە. ئەو ڕاستییەش، ئەو هەڵپەکردنەی چین دەیسەلمێنێت، بۆ کڕینی بڕی زۆری کەلوپەلی ستراتیژی، پاشەکەوتکردنی پێداویستی زیادە، وەک ئەوەی لە جەنگدا بێت.

## دۆكیۆمێنتی (٦٩)

## پراڤدا (دژایەتییە بەرچاوەكانی سۆڤیەتیزم)ی پەكین ئەژمار دەكات

(كـــورتەیەک لە وتـــاری "دوژمنـــایەتی گەورە"ی تۆمـــاس كۆلیسنیچینكۆ (Thomas Kolesnichenko)، پراڤدا، ١١ی جەنیوەری ١٩٧٠، لە CDSP، vol. XXII، ژمارە ٢، ١١ی فێبریوەری ١٩٧٠، ل٢١).

ئەم ڕێبازە سەركەشیكارە، زلهێزئاسا، دژە - سۆڤیەتییەی، كە سـەرانی ئێسـتای كۆمـاری چینـی میللـی گرتویـانەتەبەر، زیـانێكی گەورەی گەیاندوە بە بزووتنەوەی كۆمۆنیستیی جیهانی، سیستمی سۆسیالیستی لە جیهانـدا. بەم دواییـانە، ئەم سـەركردانە، خەریكی خۆكـۆكردنەوە و ئامادەباشـی سـەربازی بـوون، كە بە ئاشـكرا شـێوازێكی شـەڕەنگێزانەی هەبـوو، كەوتـنە زیـادكردنی هێرشـە لە

ناکاوەکانیان بۆ سەر بزووتنەوەی کۆمۆنیستی جیهانی، وروژاندنی شەپۆلێکی نوێ لە هیستیریای دژە - سۆڤیەتی.

سەرانی ئێستای پەکین، کە خۆیان خستۆتە بەرامبەری هێزە ڕاستەقینەکانی گۆڕانی شۆڕشگێڕانە، لە ڕاستیدا، بیانوو دەدەنە دەست لایەنگرانی ئیمپریالیستی، بۆ بەهێزکردنی ئاگری پڕوپاگەندە دژە کۆمۆنیستێکانیان. دەستدرێژیکردنە سەر خەڵکی، نزمبوونەوەی ئاستی ژیان لە چین، ئیمپریالیستەکان بە شتێکی (ئاسایی) لەقەڵەمی دەدەن لە وڵاتە سۆسیالیستێکاندا، بە کار دەهێنرێت بۆ هەڵخەڵەتاندن‌و ترساندنی خەڵکی کرێکار، بە تایبەتیش چینی ناوەڕاستی میللەتانی وڵاتانی جیهانی سێیەم.

بە عەسکەرکردنی تەواوی ژیان لە وڵاتێکدا، وەک ئەوەی کە ئێستا لە چین ڕوو دەدات، بە بیانوی "هەڕەشەی سۆڤیەتی"، شتێکی سەرنجڕاکێشە. بانگەشەکردن و داواکردنی "خۆئامادەکردن بۆ جەنگ و کارەسات" بە سەر تەواوی لاپەڕەکانی چاپەمەنییەکانی (CPR)ەوە دیارن. بۆ نموونە، هەموو ڕۆژنامەکانی پەکین، بەم دواییانە، ئەو نووسینەیان دووبارە دەکردەوە، کە لە یەکەم ژمارەی گۆڤاری هونگ چی (Hung Chi)ی ساڵی (١٩٧٠)دا، بڵاو کرایەوە، کە بریتیبوو لە داواکردن لە گەلی چین، کە "لە دۆخی ئامادەباشی سەربازی تەواودا بن".

بەڵام ئەم ڕێبازەی سەرانی چین، لە دژایەتیکردنی ئاشکرای سۆڤیەت، بە هیچ شێوەیەک خزمەت بە گەلی چین ناکات.

ژیان فێرماندەکات، کە خیانەتکردن لە بنەماکانی مارکسیزم - لینینیزم، پرۆلیتاریای جیهانی، ئەنجامی پێچەوانەی دەبێت بۆ خاوەنەکەی.

# دۆکیۆمێنتی (٧٠)

## چاوخشاندنێک بە کتێبەکەی سالسبێری (Salisbury) دا

(کورتەیەک لە "فاڵگرتنەوەیەکی جیۆپۆلەتیکیانە"، خوێندنەوەیەک بۆ کتێبەکەی ه. ی. سالسبێری (H. E. Salisbury)، "جەنگی داهاتووی نێوان ڕووسیاو چین"، لە نوسینی س. تیخڤینسکی (S. Tikhvinsky)، پراڤدا، ١٥ی فەبریوەری ١٩٧٠، لە CDSP، vol. XXII، ژمارە ٧، لە ١٧ی مارتی ١٩٧٠دا، ل. ٧).

سالسبێری، بە پەلە قەڵەمەکەی گرت بەدەستەوە، وەک دەڵێن، بە یەک دانیشتن، کتێبێکی "هەڵکوڵاند"، ئەویش لە ژێر کاریگەریی ئەو خەڵکانەدا، کە ترسی ئەوەیان هەیە گرژیی نێوان یەکێتی سۆڤیەت و کۆماری چینی میللی بڕەوێتەوە. هەر وەک لەناونیشانی

کتێبەکەوە دیارە، ئامانجی نووسەر ئەوەبوو قەناعەت بەخوێنەر بکات، کە پێکدادانی سەربازی نێوان (USSR)و (CPR)، حەتمییە.

*****

لە لایەکی ترەوە، ئەم کتێبەی سالسبێری، ڕوودەکاتە کەمایەتییە نەتەوەخوازەکەی ناو سەرکردەکانی ئێستای (CPR) و هەر چی پێداویستی هەیە، لە چیرۆک و حیکایەتی هەڵبەستراوی دژە - سۆڤیەتی، شاکارەکانی تایبەت بە هەڕەشەی هێرشێکی ناوکیی خۆپارێزی (وقائی) (USSR) بۆ سەر چین و بۆشی دابین دەکات.

سالسبێری مێژووی دیاریکردنی سنوورەکانی ڕووسی - چینی بەدرۆدەخاتەوە، درۆ و قسە هەڵبەستراوەکان، پڕوپاگەندەکانی نەتەوەپەرستەکانی چین دووپاتدەکاتەوە، سەبارەت بە (ئیستیغلال) کردنێکی خەیاڵیانەی چین، لە لایەن یەکێتی سۆڤیەتەوە، داگیرکردنی ناوچەکانی چین لە لایەن (USSR)ەوە، داوا خەیاڵییەکانی سۆڤیەت بۆ خاکی چین. لەوەش زیاتر، دەیەوێت پاساو بۆ سیاسەتە نەتەوەپەرستییە شۆڤێنیستی و دەسەڵاتخوازەکانی چین بهێنێتەوە، لە داوا ناوچەییەکانیدا لەدژی یەکێتی سۆڤیەت (M. P. R).

هەوڵەکانی شێواندنی سیاسەتە ئاشتیخوازانەکەی یەکێتی سۆڤیەت، نیشاندانی وەک (شەڕەنگێز)، بێسودە. بەلای وڵاتانی دیکەشەوە، ئەم سیاسەتە لە سەر بنەمای ڕێزی سەروەری، یەکپارچەیی خاک، دەستبەرداربوونی هێز، دامەزراوە. هەموو دونیا دەزانێت کە (USSR)، هەر چی لە توانایدا بێت دەیکات بۆ بەدیهێنانی پێوەندییەکی هاوسێیانەی باش لەگەڵ (CPR)دا، لە سەر ئەو بنەمایانەی سەرەوە. ئەمەش لەبەرژەوەندی هەر دوو وڵات، تەواوی کامپی سۆسیالیستیدایە.

## دۆکیۆمێنتی (٧١)

## تاس ئامادەکاری بۆ هێرشکردنە سەر (CPR) بە درۆدەخاتەوە

(گولٚبژێرێکی پراڤدای ١٤ی مارتی ١٩٧٠، لە CDSP، vol. 22، ژمارە ١١، لە ١٤ی ئەپرەلٚی ١٩٧٠دا، ل. ١٩).

بەم دواییيانە، چەند ئاماژەیەک لە بلاٚو کراوە بۆرژواکان، سەر کردەکانی چەند ولاٚتێکی ئیمپریالیستی دیاری کراوەوە، بلاٚو بوەتەوە، سەبارەت بە بارودۆخی سەر سنوورەکانی سۆڤیەتی - چینی. پڕوپاگەندەی ئەوەیان بلاٚو کردوەتەوە کە گوایە یەکێتی سۆڤیەت، خۆی ئامادەدەکات بۆ "هێرشکردنە سەر کۆماری میللی چین"، بۆ ئەو مەبەستەش خەریکی "چالاکییەکی بەرفراوانی سەربازییە". ئەم لێدوانو قسەو قسەلۆکە گێرەشێوێنانە، دەزگای

پڕوپاگەنــدەی چینــی قۆســتیانەوە، بــۆ بەرپــاکردنی هەڵمەتێکــی "خۆئامادەکردن بۆ جەنگ" لەو وڵاتەدا.

تاس ڕێگەی پێدراوە کە ڕایبگەیەنێت، ئەو قسەوقسەلۆکانە هیچ بنەمایەکی ڕاستییان نییە. دەزگای پڕوپاگەندەکانی دژە کۆمۆنیستی هەوڵ دەدەن لەوڕێگەیەوە تەگەرە بخەنە بەردەم ئەو دانوستانانەی کە ئێستا لە پەکین بەڕێوەدەچێت، بۆ زیادکردنی ئەو گرژییەیە، کە لە پێوەنـــدییەکانی (USSR)و (CPR)دا هەیە. ئەوەی کە هێـــزە چەکـدارەکانی سـۆڤیەت دەیکـات، بەجێهێنـانی ئەرکە ئاسـاییەکانی خۆیەتی، بۆ زیادکردنی لێهاتویی سەربازی خۆیان، لە چوارچێوەی نەخشــەو پرۆگرامــی ئاســایی خۆیانــدا، بــۆ بەهێزکردنــی توانــای بەرەنگاری یەکێتی سۆڤیەت، لە هەموو ناوچەکاندا.

سیاســەتی نەگـۆڕی (USSR)و حکـوومەتەکەی، هەوڵـدانە بـۆ ئاساییکردنەوەی پێوەندییەکانی نێوان سـۆڤیەتو چین، پەرەدانە بە هاریکاری، گێڕانەوە و بەهێزکردنی ئەو دۆستایەتییەی کە لە نێوان گەلو میللەتــی هەردو وڵاتــدا هەیە. ئەم سیاســەتەش، بەم شـێوازە گێرەشـێوێنانەی دەزگـای پڕوپاگەنـدەی ئیمپریالیسـتی، دوژمنـانی پرسی ئاشتیو هاریکاری جیهانی، گۆڕانی بەسەردا نایەت.

# دۆکیۆمێنتی (٧٢)

## بریجنێڤ سەبارەت بە کاروباری دەرەوە

(کـــورتەیەک لە وتەیەکـــی ل. ی. بریژنێـــڤ، لە خـــارکۆڤ (Kharkov)، سەبارەت بە کاروباری دەرەوە. پراڤداو ئیزڤێستیا، ١٥ی ئەپرەڵی ١٩٧٠، لە CDSP، vol. 22، ژمارە ١٥، ١٢ی مەی ١٩٧٠، ل. ٤).

وەک دەزانـــن، پرســـی ئاســـاییکردنەوەی بـــارودۆخ لە ســـەر سنوورەکانی سۆڤیەتی - چینی، بوە بە بابەتی ئەو گفتوگۆیانەی، کە لەگەڵ حکـوومەتی (CPR)دا سـاز کـراوە. هەڵوێسـتی یەکێتـی سۆڤیەت لەم پرسەدا، ڕوون و ئاشکرایە. ئێمە بە پێویستی دەزانـین بگەیـن بە ڕێککەوتنێکی وەهـا، کە سـنوورەکانی نێـوان سـۆڤیەت و چین بکات بەهێڵێک بۆپێوەندی دۆستانە، نەک گرژیو دوژمنایەتی.

لەگەڵ پابەندبوونمان بە پێگەی یاسایی‌و مەبدەئی خۆمانەوە، بە ڕەچاوکردنی بەرژەوەندییەکانی خاکی سۆڤیەت، توندوتۆڵی‌و نەبەزێنراوی سنوورەکانمان، هەر چیمان لە دەستبێت، دەیکەین بۆ ئاساییکردنەوەی پێوەندییە نێودەوڵەتێکانمان لەگەڵ (CPR)دا. بێ گومان، وەک هەموو دەزانن، ئەمە بە تەنها بە ئێمە نایەتەدی.

ئێمە دەبێت لەو بنەمایەوە کاربکەین، کە بەرژەوەندی درێژخایەنی هەر دوو گەلی سۆڤیەتی‌و چینی، نەک هەر پێچەوانەی یەکتری نین، بەڵکوو یەکتریش تەواودەکەن. لە هەمانکاتیشدا، چاوی خۆمان نانوقێنین لە ئاست ئەو ڕاستییەدا، کە ئەو بارودۆخەی دروستکرا لە دەوری ئەو گفتوگۆیانەی کە ئێستا لە چین بەڕێوەدەچن، کە ئەمە هیچ یارمەتی سەرکەوتنی گفتوگۆکان نادات. هەر بە ڕاستیش، کێ لەو باوەڕەدایە هاندانی دەرونیانەی جەنگ لە دژی سۆڤیەت، داواکردن لە گەلی چین خۆیان ئامادەبکەن بۆ "جەنگو قاتوقڕی"، یارمەتی سەرکەوتنی گفتوگۆکان دەدات؟ ئەگەر ئەمە بۆ ئەوە پیادە دەکرێت کە فشار بخاتە سەر یەکێتی سۆڤیەت، ئەوا با هەر لە سەرەتاوە بزانن، ئەو هەوڵانەیان بێسوودە، چونکە ئارامی و خۆڕاگری میللەتەکەی ئێمە زۆر بەهێزە، با ڕێکخەرانی ئەم هیستیریای جەنگەی ناو چین باش ئەمە بزانن. لە کۆتاییشدا، چین چەند سوود دەبینێت لە چارەسەرێکی ئاشتیانەی کێشە سنوورییەکان، یەکێتی سۆڤیەتیش ئەوەندە. هەر چی کەرەستەی پێویستیش هەیە، بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی گەلی سۆڤیەتی - بنیادنەری کۆمۆنیزم، لەبەردەستیدایە.

# دۆکیۆمێنتی (٧٣)

## وتەیەکی کۆسیگین

(هەڵبـژاردەیەک لە وتەیەکـی سـەرۆک وەزیـران، کۆسـیگین، لە دیداری هەڵمەتێکی هەڵبژاردنی کریکاراندا، پراڤداو ئیزڤێستیا، ١١ی جونی ١٩٧٠، CDSP، vol. 22، ژمارە ٢٥، ٢١ی جولای ١٩٧٠، ل. ٣).

سەبارەت بە پێوەندییەکان لەگەڵ کۆماری میللی چین دا، أ. ن. کۆسیگین (A. N. Kosygin) باسی لەوە کرد، کە بە درێژایی ئەم هەموو ساڵە، کۆمیتەی ناوەندیی حیزب، لە حکوومەتی سۆڤیەتیدا هەوڵی ئەوەی داوە، ئەم پێوەندییانە ئاساییبکاتەوە، هەر نەبێت لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی. ئەم کارەی ئێمە لەو قەناعەتە چەسپاوەوە سەرچاوەی گرتوە، کە بەرژەوەندی گەلی سۆڤیەتو گەلی چین، نەک هەر لێکجیانابنەوە، بەڵکوو یەکیشدەگرنەوە. ئەگەرچی لایەنی

چینــی ڕێچکەیەکــی گرتــوە، کە ناهێڵێــت هــیچ پێشــکەوتنێک لەم بارەیەوە بەدەست بێت، نە لە ئاستی ئاساییکردنەوەی پێوەندییەکان بە گشتی، نە لەو گفتوگۆیانەشدا کە ئێستا لە پەکین بەڕێوەدەچن، لە نێــوان وەفــدی حکــوومەتی هەر دوو وڵات، بە مەبەســتی چارەسەرکردنی کێشە سنوورییەکان.

## دۆکیۆمێنتی (٧٤)

### سەر وتارێکی هاوبەشی ڕۆژنامەکانی پەکین

(کورتەیەک لە سـەر وتـارێکی هاوبەشـی ڕۆژنامەکانی پەکین، NCNA، 1ی ئۆگەستی ١٩٧٠).

ئیمپریـالیزمی - سۆسیالیسـتی، بە چـاوی تەمـاحەوە دەڕوانێتە خاکی چین. تەنانەت بۆ یەک ڕۆژیش ئامادەکاریەکانی خۆی کەم نەکردوەتەوە بۆ هێرشکردنە سەر چین. بە قسەو گوفتار، خۆیان وەهـا دەردەخەن کە هـیچ هەڕەشـەیەک نـانوێنن بـۆ سـەر چـین. کەواتە ئەی بۆچی هەر خەریکی کۆکردنەوەی هێزەکانیانن لە نزیک سنوورەکانی چینەوە؟ بۆچی هێزێکی گەورەی ناردوە بۆ وڵاتێکی دیـکەی هاوسـنووری چـین (واتــا، مەنگۆلیـا)؟ بـۆچی بەردەوام سوپاکەیان بە شێوەیەک بڵاودەکەنەوە کە بە ئاڕاستەی چین بێت؟

## دۆکیۆمێنتی (٧٥)

### وتەیەکی بریجنێڤ لە کازاخستان

(کورتەیەک لە وتەیەکی بریجنێڤ، لە کۆبوونەوەی سالأنەی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی کۆمۆنیستی کازاخستان، سۆڤیەتی بالأی کۆماری کازاخ. پراڤدا، ٢٩ی ئۆگەست، ١٩٧٠، لە CDSP، vol. XXII، ژمارە ٣٥، ٢٩ی سێپتەمبەری ١٩٧٠، ل٧).

چاپەمەنییەکانی دەوڵەتە ئیمپریالیستییەکان، چەندین درۆودەلەسە و قسەی هەڵبەستراویان بلاو کردوەتەوە، سەبارەت بە ئیمزاکردنی ڕێککەوتننامەیەک لە نێوان (USSR)و(*) (FRG)دا.

---

(*) (FRG): کۆماری ئەڵمانیای فیدڕاڵ. (وەرگێڕ).

بانگەشەی ئەوەش دەکەن، بۆ نموونە، کە بە ئیمزاکردنی ئەم

ڕێککەوتننامەیە، یەکێتی سۆڤیەت "دەستی والآ بوە لە خۆرهەڵاتدا، بۆ زیاتر فشار خستنە سەر چین".

چی بڵێین دەربارەی ئەمە؟

بێ گومان ئاشکرایە کە خەڵکانێکی زۆر هەن لە خۆرئاوادا، کە پێیانخۆشە یەکێتی سۆڤیەت ببینن، بەردەوام لە ناکۆکیدا بێت لەگەڵ کۆماری میللی چین، سوود لەو پرسە وەربگرن، بەڵام ئەو برادەرانە خەیاڵیانخاوە. ئەمان حساباتەکانیان لە سەر تێنەگەیشتن، یاخود، ڕاستتر لە سەر شێواندنی بە ئەنقەستی، ئامانج و بنەما ڕاستیەکانی سیاسەتی دەوڵەتە سۆسیالیستێکەمان، بنیادناوە.

سیاسەتی ئێمە، سەبارەت بە پرسی پێوەندیمان لەگەڵ چیندا، ڕوون و ئاشکرایە و زانراوە. من لە زۆر بۆنەدا باسم کردوە. ئێمە دەزانین کە ئاساییکردنەوەی پێوەندییەکانی نێوان یەکێتی سۆڤیەت و کۆماری میللی چین، لە بەرژەوەندی هەر دوو وڵات، سیستمی سۆسیالیستیی جیهانی، بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ئازادیخوازی هەموو گەلانی چەوساوەدایە، لە بەرژەوەندیی بەهێزکردنی ئاشتی جیهانیشدایە.

ئێمە هەرگیز دەستبەرداری بەرژەوەندی نیشتمانەکەمان، ئاسایشی گەلی سۆڤیەت، نابین. ئێمە هەر بەردەوام دەبین لە خەباتی بێوچانمان بۆ پشتگیریکردنی دەوڵەتە سۆسیالیستییەکان، بزووتنەوەی کۆمۆنیستیی جیهانی، لە سەر بنەمایەکی چەسپاوی مارکسیزم - لینینیزم. بە گرتنەبەری ئەم ڕێچکەو بنەمایانەش، کۆمیتەی ناوەندیی (CPSU)، حکوومەتی سۆڤیەتی، ئامادەن بە هەموو شێوەیەک برەو بدەن، نەک هەر بە ئاساییکردنەوەی پێوەندییە حکومیەکانی نێوان (USSR)و (PRC)، بەڵکوو بە پێوەندییەکانی هاوسێییەتی و دۆستایەتی نێوان گەلی سۆڤیەتو

چینیش، یەکخستنی هەوڵەکانیان لە خەباتیاندا دژی ئیمپریالیزمو کۆنەپەرستی.

وەک دەزانن، لە ئێستادا دانوستان لە نێوان هەر دوو وەفدی حکومی (USSR)و (PRC)دا بەردەوامە، لە سەر کێشە گرینگەکانی هەر دوو وڵات. گفتوگۆکان بە هێواشی بەرەوپێش دەچن، بەڵام هیوا بڕاو نین، پشوو درێژییەکی بنیادنەرانەمان نواندوە، دەینوێنین، لە پێناو دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەکی گونجاو، پەسەند بەلای هەر دوو لاوە، بۆ ئەو کێشانەی کە گفتوگۆیان لە سەر دەکرێت. ئێمە هیوادارین لایەنی چینیش هەمان هەڵوێست بنوێنێت، چونکە ئێمە لەو باوەڕەداین سەرکەوتنی دانوستانەکان هێندەی لە بەرژەوەندی (USSR)دایە، ئەوەندەش لە بەرژەوەندی چین دایە.

# سەرچاوەکان

## کتێب:


١. و. أ. دۆگلاس جاکسن (W. A. Douglas Jackson)، "ناوچە سنوورییەکانی ڕۆسۆ – چینی، ناوچەی پێکگەیشتنی ئاشتیانە یان کێشەیەکی شاردراوە". چاپی دوەم، دەزگای د. ڤان نۆستراند کۆمپانی، پرینستن، ١٩٦٨.

٢. تۆماس و. ڕۆبنسن (Thomas W. Robinson)، "کێشە سنوورییەکەی سینۆ – سۆڤیەتی: پێشینە و پەرەسەندنو پێکدادانەکانی مانگی مارتی ١٩٦٩"، سانتا مۆنیکا، RM-6171-PR، ئۆگەستی ١٩٧٠.

٣. جۆرج ن. پاترسن (George N. Patterson)، "سنووره نائارامەکان، گرژییەکانی سەر سنوور لە کێشەی سینۆ – سۆڤیەتدا"، کۆمپانیای چاپەمەنی شام شینگ، هۆنگ کۆنگ، ١٩٦٦.

٤. هاریسن ی. سالیسبێری (Harrison E. Salisbury)، "جەنگی چاوەڕوانکراوی نێوان ڕووسیاو چین"، pan Books Ltd، لەندەن، ١٩٦٩.

٥. ڕاپـۆرتە لێکـۆڵینەوەییێکەی کیسـینگز، "نـاکۆکی سـینۆ - سـۆڤیەتی"، Keesings Publications، بریستلا، ١٩٧٠.
٦. أ. کروچنین، ڤ. ئۆڵگین، "داوا ناوچەییەکانی ماو تسی تۆنگ: مێژوو، سەردەمی نویێ"، خانەی چاپو بڵاوکردنەوەی نۆڤۆستی، مۆسکۆ، بێ بەروار.
٧. دێنـیس ج. دووڵـین (Dennis J. Doolin)، "داوا ناوچەییەکـان لە کێشـەکەی سـینۆ – سـۆڤیەتیدا – بەڵـگەنامەو شـیکار"، دیراسـاتی پەیمانگـای هـوڤەر: ٧، پەیمانگـای هـوڤەری تـایبەت بە جەنـگ، شـۆڕش و ئاشـتی، زانکۆی ستانفۆرد، ١٩٦٥.
٨. Daniel Ellegiers؛ "سـنووری نێـوان ڕووسـیاو چـین"؛ Courrier De LExtreme-Orient, Centre DEtude Du Sud-Est Asiatique E De LExtreme-Orient, Institut de Sociologie de LUniversité Libre de Bruxelles, 4e année, No. 39, 15.10.1970.
٩. ج. ڤ. دەیڤیدسن – هوستن، "روسیاو چین، لە هانەکانەوە بۆ ماوتسی تۆنگ"، ڕۆبێرت هەیڵ لتد. لەندەن، ١٩٦٠.
١٠. Horst Pommerening; Der Chinesisch-Sowjetische Grenzkonflikt, Watter-Verlag AG Olten, 1968.
١١. فرانسز واتسن (Francis Watson)، "سنوورەکانی چین"، چاتو & ویندەس (Chatto & Windus)، لەندەن، ١٩٦٦.
١٢. ی. سـتیوارت کیربـی (E. Stuart Kirby)، "خـۆرهەڵاتی دوری سۆڤیەتی"، مەکمیلان، لەندەن، ١٩٧١.
١٣. ولیام ی. گریفپ (William E. Griffith):
- "نـــاکۆکی ســـینۆ - ســـۆڤیەتی"، چـــاپەمەنی M.I.T.، کـــامبریج، ماساچوسێتس، ١٩٦٥، سێکند پەیپەرباک پرینتینگ.
- "پێوەندیەکانی سینۆ - سۆڤیەتی ١٩٦٤ – ١٩٦٥"، سـەنتەری دیراسـاتی نێودەوڵەتی، M.I.T.، کامبریج، ماسا چوسێتس، 19-c65، 1965.
١٤. جـۆن گیتینگـز (John Gittings)، "ڕوومـاڵی کێشـەکەی سـینۆ – سۆڤیەتی ١٩٦٣ – ١٩٦٧"، چاپخانەی زانکۆی ئۆکسفۆرد، لەندەن، ١٩٦٨.
١٥. ستیوارت ڕ. شرام (Stuart R. Schram)، "بیری سیاسی ماوتسی تۆنگ"، پێنگوین بووکس لتد.، لەندەن، ١٩٦٩.
١٦. ئێدوارد کرانکشـۆو (Edward Crankshow)، "جەنگێکی ساردی

دیکەی مۆسکۆ لە بەرامبەر پەکیندا"، پێنگوین بووکس لتد.، لەندەن، ١٩٦٣.

١٧. فرانز شـورمانو ئۆرڤیڵ شـێل ( Franz Schurman & Orville Schell):

– "چینی کۆماری، خوێندنەوەیەک بۆ چین، بەشی دوەم"، پێنگوین بووکس لتد.، لەندەن، ١٩٦٧.

– "چینی کۆمۆنیستی، خوێندنەوەیەک بۆ چین، بەشی سێیەم، پێنگوین بووکس لتد.، لەندەن، ١٩٦٧.

١٨. وۆڵتەر س. کلێمینس جەی ئارِ (Walter C. Clemens Jr.)، "کێبڕکێی خۆپڕچەککردنو پێوەندیەکانی سنیۆ – سۆڤیەتی"، لە چاپەمەنیەکانی پەیمانگای هوڤەر، ستانفۆرد، ١٩٦٨.

١٩. مۆرتن ه. هاڵپەرین (Morton H. Halperin)، "پێوەندییەکانی سینۆ – سۆڤیەتیو کۆنترۆڵکردنی خۆپڕچەککردن". لێکدانەوە، بەرگی او II، ڕاپۆرتی دەزگای ئەمەریکی بۆ کۆنترۆڵکردنی خۆپڕچەککردنو چەکداماڵین، سەنتەری لێکۆڵینەوەکانی خۆرهەلاتی ئاسیا، سەنتەری کاروباری نێودەوڵەتی، زانکۆی هارڤەرد، ١٩٦٦.

٢٠. Gunnar Mordenstam; Den Sino-Sovjetiska Konflikten: Ideologifactorn, En Kvantitativ innehållsanalys; Psykologiskt Försvar, No. 39, Stockholm, 1968.

٢١. Werner Levis؛ "سێگۆشەی چینی – سۆڤیەتی"؛ Courier De LExtreme-Orient, 3e année, No. 33, 19.5.1962, Bruxelles.

٢٢. Trygve Lötveit; Rysk-Kinesiska Gränskonflikter; Världspolitikens Dagsfrågor, Utrikespolitiska Institutet, Stockholm, No. 12, 1967.

٢٣. Erik Sander; Graensestriden Kina-Sovjet, Det Udenrigspolitiske Selskab, Udenrigspolitiske Skrifter, Serie 9, Nr. 1/1970, De Danske Förlag.

٢٤. ه. س. هینتن (H. C. Hnton):

– "چینی کۆمۆنیستی لە دنیای سیاسەتدا"، نیویۆرک، ١٩٦٦.

– "چینو گەڕان بە دوای ئاژاوەدا"، لەندەن، ١٩٧٠.

٢٥. ی. برون & ج. هێرش (E. Brun & J. Hersh): (Kina–Sovjet, Fra Ideologisk Konflikt till Graensestrid)، کۆبنهاگن، ١٩٧٠.
٢٦. ڕ. ل. گارپۆڤ (R. L. Garthoff)، "پێوەندییە سەربازییەکانی سینۆ – سۆڤییێی"، لەندەن، ١٩٦٧.
٢٧. د. فلۆید (D. Floyd)، "ماو لە بەرامبەر خروشۆڤدا. کورتەمێژووی ناکۆکی سینۆ – سۆڤیەتی"، لەندەن، ١٩٦٤.
٢٨. ڕ. س. نۆرپ (R. C. North)، ۆ. ڕ. هۆڵستی (O. R. Holsti)، م. گ. زانینۆڤیچ (M. G. Zanninovich)، "شیکردنەوەی تەواو"، کتێبێکی ڕێنمایی، بە نمونەوە، لە سەر چۆنێتی لێکۆڵینەوە لە قەیرانە نێودەوڵەتییەکان، چاپخانەی زانکۆی نۆرس وێسترن، ١٩٦٣.
٢٩. أ. د. مکنایەر (A. D. McNair)، "یاسای پەیماننامەکان"، ئۆکسفۆرد، ١٩٦١.
٣٠. ۆ. لاتیمۆر (O. Latimore)، "لێکۆڵینەوەیەک لە مێژووی سنوورەکان (١٩٢٨ – ١٩٥٨)"، نیویۆرک، ١٩٦٣.
٣١. ج. ل. برایەرلی (J. L. Brierly)، "یاسای نەتەوەکان"، ئۆکسفۆرد، ١٩٦١.
٣٢) ه. و. بریگز (H. W. Briggs)، "یاسای نەتەوەکان"، نیویۆرک، ١٩٥٢.
٣٣. أ. دالین (A. Dallin)، "جیاوازیکان لە کۆمۆنیزمی جیهانیدا"، نیویۆرک، ١٩٦٣.
٣٤. أ. ۆ. کوکورا (A. O. Cukwrah)، "چارەسەری کێشە سنوورییەکان لە یاسای نێودەوڵەتیدا"، چاپخانەی زانکۆی مانچستەر، ١٩٦٧.
٣٥. ی. لوارد (E. Luard)، "یاسای نێودەوڵەتی تایبەت بە کێشە سنوورییەکان"، لەندەن، ١٩٧٠.

**چاپکراوە وەرزییەکان:**

١. ڕ. لۆوینتال (R. Lowenthal)، "ڕووسیاو چین، کێشەیەکی کۆنترۆڵکراو"، فۆرین ئەفێرز ((Forign Affairs، (1971) 49، 3، ل٥٠٧–٥١٨.
٢. س. ت. پۆسۆنی (S. T. Possony)، "گرژی نێوان ڕووسیاو چین"،

Politiche Studien، 1971، 196، ل١٦٩-١٨٢.

٣. ه. گ. سەمەرز (H. G. Summers)، "هێز، بەوتەقەی ناکۆکییەکان لە کێشـەی سینۆ - سۆڤیەتیدا"، میلیتەری ڕیڤیو (Military Review)، سوپای ئەمریکا، ٥١ (١٩٧١)، ٣، ل٥٦-٦٦.

٤. ه. س. هینـتن (H. C. Hinton)، "کێشـەیەک لە سـەر ئوسـوری، پێکدادانی ناسیۆنالیزم، کێشەکانی کۆمیۆنیزم"، بەرگی ٢٠، ١-٢ (١٩٧١)، ل٤٥-٥٩.

٥. پ. مـایەر (P. Mayer)، "بۆچی ئوسـوری؟" میلیتەری ڕیڤیو، سوپای ئەمریکا، ٥٠ (١٩٧٠): ٦، ل٢٢-٣٢.

٦. س. بێندیچ (C. Bennedich)

Den Kinesisk – Ryska "Gränskonflikten"; Kungliga – Krigsvetenskaps Akademiens Handlingar Och Tidskrift, 174 (1970): 3, pp. 109-129.

Den Kinesisk – Sovjetryska Gränskonflikten; Ibid., – 173 (1969): 5, pp. 333-340.

٧. "بنبەسـتی سـینۆ - سـۆڤیەتی"، ئێنتەرپـریتەر (The Interpreter، 2 1970)، ل٥-٩.

٨. "کێشـەی سـنووریی سـینۆ – سـۆڤیەتی"، میلیـتەری ڕیڤـیو، سـوپای ئەمەریکی، ٥٠ (١٩٧٠): ١، ل٧٧-٨٣.

٩. ت. س. ڕی (T. C. Rhee)، "کێشـەی سـەربازیی سینۆ - سۆڤیەتیو تەرازوی هێزەکان لە جیهاندا"، ورڵد تودەی ((World Today، 26 (1970): 1، ل ٢٩-٣٧.

١٠. "سنووری گفتوگۆکانی سینۆ – سۆڤیەتی"، ئینتەرپریتەر، (١٩٦٩): ١١، ل٥-٩.

١١. "کێشـەی سـنووریی USSR – چـین"، ( Current Notes on International reffairs)، 9 :(1969) 40، ل٤٨٨-٥٠٧.

١٢. ی. فیارلی ((E. Fjaerli، Hriskrig China/ USSR?; Norsk Militaert Tidskrift, 139 (1969), pp. 435-441..

١٣. "چینو USSR لە سەر لێوار"، نیو ڕیپەبلێک ((New Republic، 161 (1969): 6-7، ل١٧-١٩.
١٤. "دیراسات لە سەر کۆمۆنیزمی بەراوردکاری"، ٢ (١٩٦٩)، ٣-٤:
- "کێشەی سینۆ – سۆڤیەتی"، بەڵگەنامەکان، ل١٤٩-٣٨٢.
- ل. شاپیرۆ (L. Schapiro)، "کۆمۆنیستی لە دووبەرەکیدان"، ل١٢١-١٢٩.
- پ. بێرتن (P. Berton)، "باکگراوندێک لە سەر پرس ناوچەییەکان"، ل١٣١-١٤٨.
١٥. گ. هەدسن (G. Hudson)، "پڵنگە کاغەزینەکانو کەڵبەی ئەتۆمی"، چاینا کوارتەرلی، (١٩٦٩): ٣٩، ل٦٤-٧٥.
١٦. گ. ویلەر (G. Weeler)، "گرژی سەر سنوورەکانی سینۆ – سۆڤیەتی"، ((World Today، 5 (1969): 25، ل١٩١-١٩٣. هەروەها (World Today)، مارتی ١٩٦٧.
١٧. ک. پاڤلۆڤ (K. Pavlov)، "ناکۆکییە ناوچەییەکانی سینۆ – ڕووسی، ئێستاو ڕابردو"، Bulletin of the Institute for the Study of the USSR، 5 (1969): 16، ل٣٦-٣٩.
١٨. "دەنگدانەوەی کێشە سنوورییەکان"، ئاسیان ئەنالیست ( Asian Analyst)، 4 (1969)، ل٩-٢٠.
١٩. س. تێکینەر (S. Tekiner)، "سینکیانگو کێشە سنوورییەکەی سینۆ - سۆڤیەتی"، Bulleten of the Institute for the Study of the USSR، 8 (1967): 14، ل٩-١٦.
٢٠. س. پ. فیتزجیرالد (C. P. Fitzgerald)، "گرژی سەر سنوورەکانی سینۆ – سۆڤیەتی"، فۆرین ئەفێرز ((Forign Affairs، 4 (1967): 45، ل٦٨٣-٦٩٣.
٢١. أ. کاشین (A. Kashin)، "لایەنی جیۆپۆلیتیکی لە کێشە سنوورییەکەی سینۆ – سۆڤیەتیدا"، Bulleten of the Institute for the Study of the USSR، 1 (1966): 13، ل٣٧-٤٩.
٢٢. "پێوەندییە سینۆ – سۆڤیەتییەکان: ناکۆکییە ناوچەییەکان"، Current Notes on International Affairs، بەرگی ٣٤، ژمارە ٩، سێپتەمبەری

١٩٦٣.

٢٣. گ. تونكين (G. Tunkin)، "سنووره نێودەوڵەتییەکانو پێکەوەژیانی ئاشتیانە، هەواڵو بۆچوون لە یەکێتیی سۆڤیەتەوە"، ٢٢ (٦٥)، سێپتەمبەری ١٩٦٣، ل٦-٨.

٢٤. أ. یریمینکۆ (A. Yeremenko)، "ستراتیژییەتی نویّو کێشە سنوورییەکان"، ئینتەرناشناڵ ئەفێرز (International Affairs)، مۆسکۆ، ٣ (١٩٦٤)، ل٦-٨.

٢٥. زۆرین ڤ. أ. & ڤ. ل. ئیزرایلیان ( Zorin, V. A. & V. L. Israelyan)، "چارەسەری مارکسی – لینینیانەی کێشە ناوچەییەکان، هەواڵو بۆچوون لە یەکێتیی سۆڤیەتەوە"، ٢٣ (١٧)، مارت ١٩٦٤، ل١-١١، هەروەها کۆمیۆنیست (Kommunist)، ژمارە ٢، جەنیوەری ١٩٦٤.

٢٦. ف. ی. کۆڤیفینکۆڤ & أ. س. پیردۆڤ ( F. I. Kozhevnikov & A. S. Pirdov)، "یاسای نێودەوڵەتیو کێشە سنوورییەکان"، کۆمیۆنیست، ژمارە ٢، جەنیوەری ١٩٦٤، ل٣٢.

٢٧. س. ڤ. مۆلۆدسۆڤ (S. V. Molodtsov)، "سنوورەکانو یاسای نێودەوڵەتی"، ئینتەرناشناڵ ئەفێرز، مۆسکۆ، ژمارە ٤، ئەپریلی ١٩٦٤، ل٩.

٢٨. ی. ی. لوکاچوک (I. I. Lukachuk)، "یەکێتیی سۆڤیەتو پەیماننامە نێودەوڵەتێکان"، کتێبی ساڵ لە سەر یاسای نێودەوڵەتی (SYIL 1959)، مۆسکۆ، ١٩٦٠.

٢٩. أ. ن. تەلالاییڤ (A. N. Talalayev) & ڤ. گ. بۆیارشینۆڤ ( V. G. Boyarshinov)، "ڕێککەوتننامە نابەرابەرەکان وەک شێوازێکی درێژەپێدانی شوێنکەوتویی (تەبەعیە)ی کۆلۆنیالی دەوڵەتە تازە دروستبوەکانی ئاسیاو ئەفریقا"، (SYIL 1961)، مۆسکۆ، ١٩٦٢.

٣٠. ن. ڤ. ساخارۆڤا، "ڕەتکردنەوەی دەوڵەتی سۆڤیەتی بۆ ئەو ڕێککەوتنامانەی ڕووسیای تزاری، کە مافی میللەتانی وڵاتەکانی خۆرهەڵاتی تێدا پێشێلکراون"، (SYIL 1962)، مۆسکۆ ١٩٦٣.

٣١. چیو هونگدا (Chiu Hungdah)، "هەڵسوکەوتی چینی کۆمۆنیستی بەرامبەر بە یاسای نێودەوڵەتی"، گۆڤاری ئەمریکی تایبەت بە یاسا نێودەوڵەتییەکان ((AJIL، 1966) 60).

٣٢. هسين وو (Hsin Wu)، "رەخنە لە پرسی ناوچەیی لە یاسا نێودەوڵەتییە بۆرژوازییەکاندا"، گۆڤاری چاینا مەینلاند، ژمارە ٢٢٢، ١٩٦٠/٨/١٥.

٣٣. ک. ئیڤانۆڤ (K. Ivanov)، "ئازادی نەتەوەییو کێشەی ناوچەیی"، کاروباری نێودەوڵەتی (International Affairs)، مۆسکۆ، ژمارە ٥، ١٩٦٤، ل.٨

٣٤. نێڤیل ماکسوێڵ (Neville Maxwell)، "مەترسییەک لە چینەوە"، کاروباری نێودەوڵەتی، لەندەن، ٤٧، ١٩٧١.

٣٥. یەکێتیی سۆڤیەتو "شۆڕشە پرۆلیتارییە مەزنە ڕۆشنبیرییەکەی چین"، سێرڤای (Survey)، لەندەن، ٦٣ (١٩٦٧).

٣٦. "چینی کۆمۆنیستی، ١٩٧١"، کەرێنت هیستری (Current History)، بەرگی ٦١، ژمارە ٣٦١، سێپتەمبەری ١٩٧١.